
نووسراوە و وەرگێڕاوەکانی
هاوڕێ حەمە ڕەسووڵ کەریمی
کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:

-------------------------------------

* ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر حەمەڕەسووڵ کەریمی ............. هەیاس کاردۆ ................ ٨

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٥ ........... لاپەڕەی ...... ١٢

١- وتووێژی نهێنی و دیپلۆماتیکی نێوان تاران و بێرلین

٢- گەرانێک بە دوای محەممەد جەعفەر سەحراڕوودی بەرێوەبەری ئەسڵی تیرۆری دوکتور قاسملو

٣- سەددام حوسێن سەرۆک و دیکتاتۆری پێشوو عێراقی لە سێدارە درا

٤- ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بریاری سزای بە سەر ئێران دا پەسەند کرد

٥- زرێباری: ئێران با ڕاستەوخۆ یارمەتی بە ڕێژیمی عێراق بکات

٦- یەکەم پاچ لێدان لە گوڵزاری خاوەران ( بیرەورییەک لە خاوەران)

٧- پەریزاد مەحموودزادە ژنە ڕووخۆشەکەی شاری سەردەشت

٨- کارەساتی ٧ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی

٩- ڕۆژمێری کێشەی ئەتۆمی ئێران

١٠- مەحکووم کردنی فرۆشیاری دارەکانی ئێعدام لە لایەن ڕێکخراوی عەفووی نێونەتەوەییەوە.

١١- داهێنانی کەرستەیەک کە یارمەتی دەدا بە ڕێگا ڕۆیشتنی ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی "ام اس" بوون

١٢- کەوشەکانی مستەفا

١٣- گیرۆدە بوون بە ئینترنێت

١٤- بالیۆزی ئێران لە تورکیە سەبارەت بە پێکهاتنی "کوردستانی گەورە" نیگەرانی خۆی ڕاگەیاند

١٥- گەنج و لاوانی ئەمریکایی و ئینترنێت

١٦- ئەحمەدی‌نژاد و ڕۆیشتن بە سەر مینی ئەتۆمی دا
١٧- پەروەندەی ئێران دەدرێتە بنكەی ئاساشی نەتەوەیەكگرتووەكان

## بابەتەكانی ساڵی: ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ ............ لاپەڕەی ...... ٨٥

١٨- فرۆكەی هەڵگری فەرمانده و بەرپرسانی سوپای پاسداران كەوتە خوارەوە
١٩- چاوەڕوانی كۆتایی دادگای تاوانبار فرانس ڤان ئەنرات دەكەین.
٢٠- نەدانی دەنگی متمانەی بە سێهەمین وەزیری پێشنیاری بۆ وەزارەتی نەوتی ئێران
٢١- گازەندەی هاشمی ڕەفسەنجانی لە گۆڕینی بەربڵاوی بەرێوەبەر و بەرپرسان لە ئێران دا
٢٢- چوار ڕۆژ كات بە ئەحمەدی‌نژاد بۆ ناساندنی كەسێك بۆ پۆستی وەزارەتی نەوت
٢٣- خۆكشانەوەی وەزیری پێشنیاری نەوت لە دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد دا
٢٤- دان پێدانانی ڕێیسی نوێی زانكۆی ئیسفەهان
٢٥- دەربرینی نارزایەتی دیپلۆماتیك لە سەر قسەكانی سەركۆماری ئێران
٢٦- قوربانی‌یەكانی هێرشی شیمیایی لە یەكێك لە گوندەكانی كوردستانی ئێران
٢٧- ئەحمەدی نژادیش بریتانیای تاوانبار كرد
٢٨- دیسان مان گرتنی پەنابەرانی كورد لە وڵاتی توركیە
٢٩- دەستێكی دەستكردی بە توانا و هۆشمەند
٣٠- داگیركردنی مڵك و زەوی خەڵك لە كوردستان و بە تایبەت شاری سەردەشت لە لایەن ڕێژیمەوە
٣١- كابینەی ئەحمەدی‌نژاد ڕاگەیاندرا.
٣٢- زەبرو زەنگی كاربەدەستانی كۆماری ئیسلامی ئێران و بەرگری خەڵكی قارەمان و شۆرشگێری كوردستان
٣٣- لاوانی بە هەست و شۆرشگێری كرمانشان بۆ یارمەتی لاوانی شاری مەهاباد گەیشتوونە شاری شەهید پێشەوا
٣٤- هێرشی بەكرێگیراونی ڕێژیم بۆ سەر لاوانی شاری مەهابادی لانكی شۆرش
٣٥- كۆماری ئیسلامی دەیهەوێت بە نەمانی خۆی ئێرانیش لە ناو بەرێت
٣٦- وتووێژی " پرتو سخن" لە گەڵ فەرماندەی بنكەی ئاشقانی شەهادەت
٣٧- نارەزایەتی بلژیك سەبارەت بە كردەوەی وەڤدی مەجلیسی كۆماری ئیسلامی ئێران
٣٨- یەكێەتی ئوروپا لە سەر هاتنە ناوەی توركیە بۆ ناو ئەو یەكێەتی‌یە كۆبوونەوە پێك دێنێ

٣٩- ئاگادری ڕێوڕەسمی ساڵوەگەری بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت

٤٠- بەشداری نەکردنی خەڵکی تێکۆشەر و چاونەترسی شاری سەردەشت لە هەڵبژاردن و دەنگی نا بە هەڵبژاردن

٤١- "ئازادییە کاتییەکان لە بەرەبەری دەست پێکرانی هەڵبژاردن دا"،

٤٢- پیرۆزبایی بەڕێوەبەری ماڵپەری گیارەنگ لە خەڵکی کوردستان و بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی

٤٣- دۆراوی یاری و گەمەی هەڵبژاردن، تاقمی ڕیفۆرمخوازەکانن

٤٤- دەربرینی نارزایەتی سەبارەت بە ڕەدکردنەوەی سەلاحیەتی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی خولی سەرۆک کۆماری

٤٥- درووست بوون و ڕاگەیاندنی "کچانی زەیتوون" لە تاران بۆ چالاکی خوتەقاندنەوە بە دژی ئیسرائیل

٤٦- هەڵوێستی کاربەدەستانی تورکیە دوای هەڵبژاردنی جەلال تاڵەبانی بە سەرۆک کۆماری عێراق.

٤٧- کەش و هەوا و بارودۆخی خەراپ لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا.

٤٨- ڕێبەری کاتۆلیکەکانی جیهان کۆچی دوایی کرد.

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤ ........... لاپەڕەی ...... ١٩٤

٤٩- بۆ هاوسەری ژیان و هاوژینی خۆشەویستم شلێر!

٥٠- با بە زیندوویی و لە کاتی کاردا ڕێز لە گەورەیی و کەسایەتی کەسەکانمان بگرین.

٥١- لە پەراوێزی نووسینەکەی بەڕێز حەمەرەسووڵ حەسەن‌پوور دا. سەردەشتی ئێستا و هی جاران!

٥٢- چەند پەیڤێک لە سەر نووسینەکەی کاک شاسوار ڕەحمانی

٥٣- زۆربەی تەلەفزیۆنە کوردییەکان گۆشە و یا بەرنامەیەکیان هەیە بە ناوی ئەمرۆ لە مێژوودا.

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥ ........... لاپەڕەی ...... ٢١٧

٥٤- کورتەیەک لە ژیانی حاجی حەسەن قەساب‌زادە خەڵکی سەردەشت، ناسراو بە حەسەن نەجەفی

٥٥- بەیانی باشێکی ناخۆش و هەواڵێکی دڵتەزێن !

٥٦- کۆچ و ماڵئاوایی کاک سمایل بامرادی

٥٧- یەکەم نیگارکێشی کورد لە ئەنجوومەنی سینەمای ئێران کۆچی دوایی کرد.

٥٨- چەند دێڕێک لە سەر شەهید قادر ئەمینی
٥٩- ئەو چەند دێرە بۆ خاتوونێکی ماندوونەناس
٦٠- لە پەراوێزی لە دایکبوونی خاتوو کوێستان بابایی!
٦١- بۆ یادی هاورێ و پێشمەرگە و نووسەر و وەرگێر کاک نیعمەت مەلا
٦٢- شاعیرێکی شاری سەردەشت بە هۆیەکی نادیار لە سولێمانی باشووری کوردستان دەکوژرێ.
٦٣- بیرەوەرییەک لەگەڵ نەمر مامۆستا مەلا خدر عەبباسی.
٦٤- شاری شنگال و دەوروبەری لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە ئازاد کرا.
٦٥- تابلۆی زمزیران دیاری هونەرمەندی دەست ڕەنگین و نیگار کێشی بە توانا کاک ناسر قازیزادە

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٦ ........... لاپەڕەی ...... ٣٦٥

٦٦- گەورە هونەرمەندی کورد مامۆستا کەریم کابان کۆچی دوایی کرد.
٦٧- بۆ کچی شیرین و خۆشەویستمان باوان گیان، چرای ڕووناکی ماڵ و ژیانمان!
٦٨- چەند پەیڤێک بۆ تێکۆشەر و نەمر، فەرماندەی چاونەترس خاڵە مەحموود خاس!
٦٩- دوکتور فرێدریک تیسۆ بە مانای وشە مرۆڤ و مرۆڤدۆست و ئازادیخواز
٧٠- سڵاو لە خۆراگری پێشمەرگەی کوردستان
٧١- بۆ مرۆڤە تێکۆشەرەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک ناسر سادقی
٧٢- کورتەیەک لە ژیانی شەهید مەولان عەبدوڵلاخانی ناسراو بە مەولانی سوارە
٧٣- شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی حدکا بە دەستی گریلاکانی پکک لە ناوچەی کێلەشین
٧٤- کۆچی دوایی نووسەر و وەرگێر و ئەدیبی کورد مامۆستا ئەحمەدی قازی
٧٥- سەروان چەکۆ ڕەحیمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حدکا کۆچی دوایی کرد.
٧٦- کێ پرۆسەی یەکگرتنەوەی حدک و حدکای پەک خست؟
٧٧- گەورەم، سەروەرم شەهید قاسملوو!

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٧ ............ لاپەڕەی ...... ٣٠٥


٧٨- بۆ کاک فەتاح کاویان یەکێک لە ئازیزترین کەسەکانم (هاوڕێ، برا، باب و مام و مامۆستا)

٧٩- بە هۆی هەرەس و ڕنووە بەفر چەند کاسبکار و کۆڵبەر لە ناوچەی سەردەشت گیانیان لە دەست دا

٨٠- حەمە گۆرانیش دوای زیاتر لە ٣٣ ساڵ خەبات و تێکۆشان و نەبەزی بە جێی هێشتین

٨١- شەهید بوونی کچە مێدیاکاری تۆڕی مێدیایی ڕووداوە خاتوو شیفا گەردی

٨٢- ڕووحی کاک جەلال بێتووشی خۆشەویست و قوربانییەکان شاد بێ.

٨٣- گیارەنگ و ١٥ ساڵ خزمەتی بێوچان لە دونیای ڕۆژنامەگەری دا

٨٤- کوڕە خوێن شیرین و لەبەر دڵانەکەی سەردەشت کاک جەعفەر نەباتی کۆچی دوایی کرد.

٨٥- سپتامبر ڕۆژێکی زێرین بۆ کوردەکان بە گشتی و بۆ باشووری کوردستان بە تایبەتی

٨٦- باوان گیان تەواوکردنی ئەم قۆناغەی خوێندنت لێ پیرۆز بێ

٨٧- ٧ی پووشپەڕی ئەمساڵ بە ڕۆژی نا بۆ کوشتنی کۆڵبەرانی کورد تەرخان کرا

٨٨- ئەمەگ و وەفا بۆ کاراونی لە پسان نەهاتووی شەهیدانی کوردستان

٨٩- گریانی نیوەشەو و ژانی بەیانی بۆ هەواڵی شەهید بوونی دوو پێشمەرگەی حدک

٩٠- ئەو چوار هەڵوێستەم پێ جوان و کوردانە و نیشتمانی بوو

٩١- سەرۆک مام جەلال سکرتێری ینک و کەسایەتی سیاسی هەموو قۆناخەکانی خەبات کۆچی دوایی کرد.

٩١- مێژوونووس و نووسەری بەناوبانگ ، مامۆستا کەریم زەند کۆچی دوایی کرد

٩٢- لە بەشێک لە مێدیاکانی باشووری کوردستان دا پرنسیپی مێدیایی نابیندرێ

٩٣- پوور ئەستی، ئەو ژنەی سنوورەکانی کار و ژیانی بەزاند.

٩٤- وشەی جاش و جاشایەتی لە فەرهەنگی کوردی دا چۆن هاتووە.

٩٥- کۆچی دوایی پێشمەرگە و تێکۆشەری دێرین کاک خالید عەبباسی لە وڵاتی سوئێد

٩٦- بە بۆنەی کارەساتی سرووشتی بوومەلەرزەی پارێزگای کرماشان

٩٧- هیوا عەبدوڵلاهی چالاکێکی سیاسی کورد، ئەندامێکی حدک

٩٨- خاتوو شەهلا

٩٩- ٣٠ ساڵ پێشمەرگایەتی و ٣٠ ساڵ تاجی سەروەری لە سەر

١٠٠- بۆ کوڕە خوێن شیرنەکانی گەڕۆر و نەڵێن بە گشتی و بۆ جەعفەر قادری ناسراو بە جەعفەر گەڕۆری

١٠١- بۆ سەدیقی دڵ پڕ لە ئەوینی ئازادی، کوڕە دەم بە خەندەکەی لیلانێ و کوڕەکانی لیلانێ

١٠٢- وەفایەک بۆ کچان و ژنان و دایکانی نێو شۆڕش بە گشتی و بە تایبەتی لە ریزەکانی حدک دا

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٨ ........... لاپەڕەی ...... ٣٩٥

١٠٣- رێوڕەسمی جێژنی قوتابیانی کچ لە سەر گۆڕی خومەینی (گەیشتن بە تەمەنی بلوغی کچان)

١٠٤- ئازیتا لوقمان، کچە ڕۆژهەڵاتی‌یە لێو بەخەندەکە و خەڵاتی یەکەمی کاناڵی پلیستانک تی‌ڤی

١٠٥- ناوی کەریم مەعرووفزادە هەروا بە بەرزی و لە لووتکەی چیا دا دەمێنێتەوە.

١٠٦- لە پەراوێزی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان دا.

١٠٧- بۆ حوسێن حەسەن‌زادە ( پێری لە شار و دوێنێ لە شاخ و ئەمڕۆش لە تاراوگە هەر بە یەکەوەین)



# ئاورێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر حەمەڕەسووڵ کەریمی



**هەیاس کاردۆ**

چیت لەسەر بنووسم و چۆنت مانا کەمەوە ئەی ئەو کەسەی تاریفی بوێریت گۆڕی و روحێکی تازەت وەبەر نا. باسی چیت دەگەڵ بێنمە گۆڕێ کە خۆت لەنێو دەریای باساندا شەپۆل دەدەی و تاوێک هەدا نادەی. لە کام فەرهەنگی کوردیدا بۆ دۆزینەوەی وشەی نایاب بگەڕێم هەتا بتوانم تۆزقاڵێک خۆمت لێ نزیک کەمەوە بۆ ئەوەی لە قووڵیی مانای ژیانت حاڵی بم. بە کام کەرەسەی ئەمڕۆیی و بە پێوانەی کام دەزگای پزیشکی و ئەندازیاری تازەوپۆی مێشک و لەش و هەناسەت ئەندازە بگرم کە سەرم لە ئەسراڕێ دەرناچێ. تۆ وەک کەس ناچی و کەسیش وەک تۆ ناچێ. تۆ خودا نی، تۆ پێشمەرگەی!

ئەو کەسەی یەکەم جار ناوی پێشمەرگەی دیتەوە و خستیە سەر زار و زمانان، رەمزی چوونە نێو دنیایەکی تازەی بۆ بەردەوامیی خەباتی ئازادیخوازانەی کورد کەشف کرد. من شکم لەوەدا هەیە کە خەباتکاری کورد بە هیچ ناوێکی دیکە جگە لە پێشمەرگە بتوانێ بەردەوام ئەو رێگا سەختە ببڕێ. خەبات بۆ ئازادیی کورد پێویستە بە ناو و هێمای کوردانە بەڕێوە بچێ و هەیبەت و توانای پێشمەرگەش راست لەو جەهەتە دایە. بە بیستنی ناوی پێشمەرگە پرۆسەی مێژوویی خەباتی کورد وەبیر دەخرێتەوە کە ئەوەش خۆی هاندەری بەردەوام بوونیەتی. ناکرێ باوەڕت بە خەبات بۆ ئازادیی نەتەوی کورد هەبێ بەڵام پێشمەرگە وەلا بنێی. ئەوە غەدرێکی گەورەیە.

-----------------------

"جەوانی بەستەنی خۆری شاری" (ناوێک کە دوای هاتنە دەری لە شار وەدوایان خست) کە لە بەرچاوی پێشمەرگەی دوژمنبەزێن دەبوایە لە سێبەری خۆشی سڵەمیبایەوە، هات و دەگڕ دوژمنێک رۆچوو کە ئینسانخۆر و ماڵوێرانکەر بوو. ئەو بڕیاری دا ببێتە نموونەی ئازایەتی و فیداکاری و وەفاداری. ببێتە نوێنگەی پێشمەرگەی نێو سەنگەر، پشتی مەرگ بشکێنێ و چۆک بە بەزیندا بدا. حەمەڕەسووڵ کەریمی ئەو ناوە ئاشنایەیە کە ناوی پێشمەرگە پڕ بە بەریەتی.

دەورانی خرۆشانی خەلکی ئێران بەدژی دیکتاتۆریی بنەماڵەی پەهلەوی، کاک حەمەرەسووڵ مێرمنداڵیکی ١٣،١٢ ساڵە بووە و هەر بۆیە ئەگەر نەخشێکی وای لەڕاپەڕیندا نەبووبێ سەرکۆنە ناکرێ. بەو حاڵەش وەک زۆربەی منداڵانی شارەکانی کوردستان بێ ئەوەی بزانێ چ خەبەرە وەدوای گەوران کەوتوە و هاواری "بمرێ" و "بژی" بەرز کردۆتەوە. دوای سەرکەوتنی شۆڕش و تێکۆشانی ئاشکرای لایەنە سیاسی‌یەکان، حەمەرەسووڵی مێرمنداڵ بەرەبەرە چاو و گوێی زیاتر کراوەتەوە و بە لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە چاونەترس و بزۆز بووە خۆی لە ریزی تێکۆشەرانی نێو شاردا دیوەتەوە. هاتوچۆی رێکخراوی لاوان و دیتنی پێشمەرگە و قسەکردنی سیاسیکاران لە سەردەشت و هەروەها تەبعی سەرکێشی ئەو لاوە قەت نەسرەوتەیە وردەوردە هانیان دا خۆی لە مەیدانی تاقیکردنەوەیەکی سەخت و دژوار بدا و بە هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی راستەوخۆ رووبەڕووی دوژمن بێتەوە. زستانی ساڵی ١٣٦٣ای هەتاوی ئەوکات کە تەمەنی ١٧ ساڵان بووە، روو بەدەر پشتی لە شار و خۆشی‌یەکانی کردوە و سەرەنجام بە لەشکری خەباتکارانی رێی ئازادی پەیوەست بووە.

دەستپێکردنی خەباتی چەکداری هەر چەند سەرەتای کار نەبوو، بەڵام خاڵی هەرە گرینگی ژیانی حەمەرەسووڵ بوو. بۆخۆی لەو بارەیەوە دەڵێ: "ئەو کەسانەی پێشمەرگایەتیان کردوە دەزانن کە سەرەتای دەستپێکردنی پێشمەرگایەتی و لە تەمەنێکی کەمدا چەندە دژوار و سەختە، بەڵام بۆ کەسێک کە بیری ئازادیی گەلەکەی لە مێشکدا بێ و بیهەوێ بۆ گەل بژی، دەبێ هەموو سەختی‌یەکانی رێگای تێکۆشان بە گیان و دڵ قەبووڵ بکا. هەر بۆیە لە یەکەم رۆژەوە بریارم دا کە لە بەرامبەر دوژمندا چۆک دانەدەم و لە ئاست هیچ کەندوکۆسپێک و مەترسی‌یەکانی سەر رێگای خەبات سڵ نەکەمەوە و ببمە درێژەدەری رێگای شەهیدانی کوردستان". هەرواش بوو، سەنگەرێک حەمەرەسووڵی تێدا بایە محاڵ بوو بۆ دوژمن چۆڵ بکرێ. پەل و لک و هێزێک حەمەرەسووڵ کاری تێدا کردبایە تێکشکان و دڵساردی نەدەناسی. ناوچەیەک حەمەرەسووڵ خەباتی تێدا کردبایە دەبووە مەیدانی راوراوێنی بەکرێگیراوانی دوژمن.

حەمەڕەسووڵ لە گێڕانەوەی ژیانی شۆڕشگێرانەی خۆی و هاوسەنگەرانیدا بە جۆرێک خالیسانە و خزمەتکارانە دەدوێ کە ئینسان حەز لە پێشمەرگایەتی بکا و بۆ بەشداری لەو هەڵمەتە نەتەوەیییە خۆی وەپێش بخا. ئەو نەک هەر بەمنەتەوە باسی ئازار و برینە سارێژنەبووەکانی خۆی ناکا، بەڵکوو پێی وایە زۆر کار ماوە کە دەبوو بیکا و بۆی نەکراوە. سەیری گێڕانەوەی برینداربوونی بکەن کە هەروا بزانە درووییەکی دە دەستی رۆچووە: "لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا سێ جار بریندار بووم. زامەکان لەسەر جەستەم کاریگەریی تەواویان هەبووە، بەڵام هیچکات ورەم بەر نەداوە و دوای سارێژ بوونەوەی زامەکانم دەستم بە خەبات و خزمەت کردن بە گەلەکەم کردۆتەوە. جارێک دوو پەنجەی دەستی راستم لەشەر لەگەڵ دژی گەلییەکاندا لە دەست داوە و لە گرتنی پایەگای نیسکاوێدا رانی لاقی راستم بە گوللەی دوژمن پێکراوە و دوایین جار لە ساڵی ۱۳۷۳ لە کاتی بەرێوە بردنی ئەرکی حیزبیدا بەهۆی تەقینەوەی مین بە داخەوە ۳۳ سانتیمیتر لە لاقی چەپم لە دەست داوە و بەم شێوەیە منیش بوومە کەمئەندام".

کە گوتم حەمەرەسووڵ کەریمی شاکلیلی کردنەوەی دەرگا داخراوەکانە درۆم نەکردوە. ناوبراو کە وەرزیشکار بووە لە باری هێزی بەدەنی و چالاکی نواندندا سەرتۆپ بوو. حەمەڕەسووڵ چونکە دەنگخۆشە وەک گوڵی نێو مەجلیسی پێشمەرگان سەیری دەکرا و لەو رێگایەوە قەت نەیدەهێشت پێشمەرگە تووشی خەم و پەژارە بێ. ئەو وێڕای کاری نیزامی و فەرماندەریی پێشمەرگە، هاوکات چەند کاری دیکەشی دەکردن. کاری فیلم هەڵگرتنەوەی عەمەلیاتی هێز لە ئەستۆی ئەو بوو. تەنزیم و ناردنی باس و خەبەری پێشمەرگە و خەڵک بۆ رادیۆ هەر لە ئەستۆی ئەو بوو. ناوبراو ئەگەر پێشمەرگەیەکی ئازا و بەجەرگ و فەرماندەرێکی لێزان و بەبەرنامە بوو، کادرێکی سیاسی و وشیار و شارەزاش بوو. یانی بۆ هەردوو بەشی سیاسی و نیزامی دەکرا کەڵکی لێ وەربگیرێ کە لێشی وەردەگیرا. حەمەرەسووڵ هاوکات مامۆستای دەرسی کوردیش بوو کە لەو بارەوە خزمەتێکی بەرچاوی بە پێشمەرگەی نەخوێندەوار کردوە. ئەو هەم شۆفیری چاک بوو کە لە کاری تەداروکاتی و هێنان و بردنی خەڵکدا بەدایم کەڵکی لێ وەردەگیرا و هەم ئەگەر کار کەوتبا سەر کوێرە رێ و وڵاخ بار کردن، دەتگوت منداڵی ئەو بەزم و رەزمەیە. حەمەڕەسووڵ هەروەها چاوساغی تیمە تەشکیلاتی و نەهێنییەکانی نێوشاری سەردەشت بوو. تێکۆشەر حەمەرەسووڵ دوای لاق پەڕینی و پەرەوازەی هەندەران بوونیشی هەر وەک شاکلیل بۆ خزمەت بە ئامانجەکانی گەل ئامادەی خزمەت بووە و ئێستاش هەیە. ئەو لاوە خوێنگەرم و ماندوویینەناسە لە دوورەوڵاتیش پەکی خۆی نەخست و بە کاری بەردەوام و خۆ فێر کردن توانی ئەو جێیە بگرێ کە شیاویەتی. حەمەڕەسووڵ کەریمی لە کاری نیزامیدا پلەکانی جێگریی لک، فەرماندەریی لک و جێگری فەرماندەریی هێزی بڕیوە و لە کاری تەشکیلاتیشدا کادری

ناوچەکانی مەیدان چۆغە و کاڵەشینی ڕەبەت و هەروەها تیمی تەشکیلاتیی نێو شاری سەردەشتی پێ ئەسپێردراوە. کە دەڵێن شاخ و پێشمەرگە هاودەم و پاڵپشتی یەکترن ڕاستە. پێم خۆشە لە زمان خۆیەوە یانی کاک حەمەڕەسووڵ ناوی ئەو چیا و ڕەوەز و بەرزایی و هەڵەمووتانە بێنم کە ئەو تێکۆشەرە لە ماوەی پێشمەرگایەتی‌دا لێیان ماوەتەوە و سەنگەری تێدا گرتوون: "... چیا سەرکەشەکانی وەک قەندیل، مۆڵی چووک و گەورە، هەڵگورد، سەقەر، سامرەندان و سپی‌ڕێز، گمۆ، سوورکێو، مەیدانان، کەلیخان و سەرتوون، تەرەغە، مناڵە، کوێستانەکانی شەش‌ڕێیان، نێرخاسان(مێرخاسان)، قوتکی کاکەڕەش، برایم‌جەلال، خاڵەباد، فێرەگ، سپی‌ڕێز، پانەسەرو دووسەر، پیرەسەنان و سەرشاخان، هێلانە هەڵۆ، چەکوچ و سادر، جاسوسان، جەنگی، مامەندە، بوڵفەت و دووپەزە، کێلێ، پیرەفات، زەرکە، هۆمل و سیتی، گاکڕ، کەپری و مەیدان‌چۆغە، تەرخان و زۆر بەرزایی‌تری دیکە کە ناکرێ ناوی هەمووان ئێستا بنووسی، جێ مەنزڵگە و شوینی ژیانی ئێمە بووە. لە هەر هەموو ئەو شوێنانە بەدەیان بیرەوەری تاڵ و شیرین هەن و ڕووداو و کارەساتی جۆراوجۆرمان لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەنگەرانمان بەسەر هاتوون کە بێ‌شک هەر یەک لەو شوێنانەی ئاماژەم پێکردوون لە ئاست ورەی بەرزی پێشمەرگەدا خۆیان پێ‌بەرز نەبووە..." تێکۆشەر کەریمی لە بەسەرهاتە پڕ لە خۆڕاگری‌یەکەی‌دا باسی دەیان خەباتگێڕی دیکە دەکا کە شانازیی ناسینیانی هەبووە و لە درێژەی ژیانی شۆڕشگێڕانەی‌دا بووەتە هاوڕێ و هاودڵیان. ئەو هەروەها بە خەفەتەوە لەو شەهیدانە دەدوێ کە زەمانێک هاوسەنگەری بوون و لە درێژەی ڕێگادا لێی ون بوون. هەمووی ئەوانە و ئەو ئازار و جەزرەبانەی بنەماڵە بەرێزەکەی لەسەر ئەو لە پێناو کوردایەتی‌دا بەنسیبیان بووە بەشێکن لە باسی مێژووی زیندووی ئەو خەباتکارەی مەیدانی ئازادی ئەگەر ڕۆژێک بتوانین بڵاوی بکەینەوە.

**لە ژمارە ٦٩٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦**

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٥

--------------------------------------------------------

## کەش و هەوا و بارودۆخی خەراپ لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا.

٤٥ لە سەدی گیراوەکانی نێو گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە گرتووخانە دا فێری کەڵک وەرگرتن لە مەوادی سڕکەری (مواد مخدر) بوون.

کەش و هەوای خەراپ و نابەجێ لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ڕێژەی موادی سڕکەری لە گرتووخانەکان دا زیاتر لە پێشوو کردووە.

بە پێی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەیەک کە لە لایەن هەوڵنێری ئیسنا ئامادە کراوە، فرۆشی تریاک و هێرۆئین لە گرتووخانەکان دا و بە تایبەت لە بەندی گیراوەکانی ماڵی و لە بەندی لاوان دا بڕەو و ڕەواجی زۆری هەیە و ڕێژەی لە چاو بەندەکانی دیکە لە سەرترە.

ئەم ڕاپۆرتە بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە سەر ١٥٠٠ کەس لە گیراوەکانی نێو گرتووخانەکان دا کراوە، ئامادە کراوە. ئەوەش نیشان دەدا کە ٩٨% لە کۆمەڵگا بە شێوەی خواردن کەڵک لە تریاک وەر دەگرن، ٧٥% لە هێرۆئین و هەروەها ٦٦% لە حەشیش کەڵک وەر دەگرن.

خاڵی جێگای سرنج و لێ وردبوونەوە ئەوەیە کە ٤٥% لە گیرۆدەبووان بە مەوادی سڕکەری، پێشتر هیچ کات کەڵکیان لە مەوادی سڕکەری وەر نەگرتووە، بەڵام بە دوای گیران و دەستبەسەریان دا، لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دا فێری کێشان و کەڵک وەر گرتن لە مەوادی سڕکەری بوون.

عەباس عەلی عەلیزادە، بەرپرسی گشتی دادگاکانی تاران، پێشتر ڕایگەیاند بوو کە، کەش وهەوا و بارودۆخی گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی جێگای دڵخۆشی نین و وەزعیەتێکی زۆر خەراپیان هەیە و مەوادی ماڵوێرانکەری وەک تریاک و هێرۆئین و حەشیش و شتی لەو بابەتە زۆر بە ئاسانی و بە ڕاحەتی لە نێو گرتووخانەکان دا ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرێ.

بە گووتەی بەشێک لە شارەزایان:

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هێندێک بواردا لە ئاست بردنە ژوورەوەی مەوادی سڕکەری بۆ نێو گرتووخانەکان، چاوی خۆیان دەنوقێنن و ڕێگا بۆ ئەم کارە زۆرتر خۆش دەکەن.

سەرچاوە: پیک ایران

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠٠٥

## ڕێبەری کاتۆلیکەکانی جیهان کۆچی دوایی کرد.

واتیکان، بنکەی ڕێبەری کاتۆلیکەکانی جیهان لە ڕاگەیاندراوەیەکی کورت دا کۆچی دوایی پاپ ژان پل دووهەمی ڕاگەیاند.

"پاپ ژان پل" ی دووهەم کە درێژترین دەورەی ڕێبەری کلیساکانی کاتۆلیکی بە ناوی خۆی تۆمار کردووە، لە تەمەنی ٨٤ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد و هۆکاری مردنی ئەویان بە چەند نەخۆشییەکی جەستەی کە لە هەمووانیان گرینگتر نەخۆشی دڵ بوو، دەست نیشان کرد.

کاتی مردنی پاپ کاتژمێر نۆ و سی‌وحەوت دەقیقەی شەوی شەممە ٢ی ئاپریل بە کاتی پایتەختی ئیتالیا (حەوت و سی‌حەوت دەقیقە بە کاتی گرینویچ) ڕاگەیاندراوە.

هەزاران کەس بۆ پاڕانەوە بۆ چاک بوونەوەی پاپ لە خوای گەورە لە قەراخ شوێنی ژیانی ئەو لە گۆڕەپانی" سنت پیتر" شاری ڕۆم کۆبوونەوە و کاتێک هەواڵی کۆچی دوایی پاپ ڕاگەیاندرا، ئەوان بە پێی داب و نەریتی خۆیان دەستیان بە چەپڵە لێدان کرد.

دەنگی زەنگی کلیساکان شاری ڕۆمی پڕ کرد و لە هەمان کاتدا خەڵکی ئەم بـاژارە تازیەبـاری و ماتەمی خۆیـان دەست پێکرد.

بە ناوبانگترین سەر قەشەی واتیکان بە ناوی "لئۆناردو ساندری" لە بەرپرسانی بەرچاوی واتیکان بە دوای بیستنی کۆچی دوایی پاپ دا گووتی: "باوکی پیرۆزی ئێمە، ژان پل بەرەو خانووی باوکی خۆی واتە (خوا) گەڕایەوە".

"پاپ ژان پل"ی دووهەم ماوەیەک بەر لە ئێستا تووشی نارەحەتی هەناسە(تەنگە نەفەسی) ببوو، ئەو لە مێژ ساڵ بوو بە نەخۆشی "پارکینسون" گیرۆدە ببوو و ڕۆژ بە ڕۆژیش نەخۆشییەکەی لێ توندتر دەبوو.

ئەو نەخۆشی‌یە بوو بە هۆی ئەوە کە بۆ یەکەمجار لە ماوەی ٢٦ ساڵ ڕێبەری بە سەر کاتۆلیکەکانی جیهان دا نەتوانێ کە لە ڕێ‌ورەسمی جێژنی "پاک" کە یەکشەممەی ڕابردوو بەڕێوە چوو، بەشداری بکا، ئەو تەنیا بە دەست ڕاوەشاندن لە پەنجەرەی شوێنی ژیانی خۆی را هەستی خۆی بەرامبەر بە خەڵکی بەشدار بوو لەو شوێنە دا دەربری. شەوی پێنج شەممەی ڕابردوو بە بەرز بوونەوەی گەرمای لەشی (تا) کە بە هۆی چڵک کردنی لوولەی مەسانەوە تووشی ببوو، حاڵ و وەزعی بە تەواوی تێک چوو و گەیاندیانە نەخۆشخانەی تایبەت. بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر واتیکان ڕایگەیاند کە ئەگەرچی "پاپ" بە توندی نەخۆشە بەڵام ئەو ئێستاش زۆر وشیار و لە سەرخۆیە.

لەو کاتەوە بە میلیۆنان کەس لە کاتۆلیکەکانی جیهان لە کلیساکان و لە شوێنە گشتی‌یەکان کۆبوونەوە و بۆ چاک بوونەوەی "پاپ ژان پل" خەریکی دوعا خوێندنەوە پاڕانەوە بوون.

سەرچاوە: بی‌بی‌سی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠٠٥

## هەڵوێستی کاربەدەستانی تورکیە دوای هەڵبژاردنی جەلال تاڵەبانی بە سەرۆک کۆماری عێراق

دوای دەست نیشان کردن و هەڵبژاردنی جەلال تالەبانی، سکرتیری یەکێەتی نیشتمانی کوردستان وەک سەرۆک کۆماری عێراق، عەبدوڵڵا گوڵ، وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیە کە لە ئەمارەتە یەکگرتووەکانی عەرەبی بوو، گووتی کە: جەلال تاڵەبانی سیاسەتمەدارێکی بە ئەزموونە و هەروەها بە هەوالێنێرانی راگەیاند کە چاوەروانی هەڵبژاردنی جەلال تاڵەبانی بۆ ئەو پۆستە دەکرد.

ئەوە لە حاڵێک دایە کە بەشێکی گەورە و زۆری خاکی تورکیە شوێنی ژیانی بە میلیۆنان کوردە و هێزە سەربازی و ئەمنییەتییەکانی تورکیە زیاتر لە دە ساڵە کە دەستەویەخەی شەرێکی توونـدن لـە گەڵ کوردە جیاخوازەکانی تورکیە.

تورکیە زۆر نیگەران و پەشێوەی داهاتووی عێراقە و ترسێکی زۆری لێنشتووە کە، ڕۆژێک کوردەکانی باشوور کە هەر ئێستا بەڕێوەبەری ئێدارەی کوردستانیان بە دەستەوەیە، لە پڕڕا سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیێنن.

زۆربەی شارەزایان و بەڕێوەبەرانی سیاسەتە دەرەوییەکانی تورکیە و هەروەها بەشە سەربازییەکانی ئەو وڵاتە لە سەر ئەو باوەڕەن کە سەربەخۆیی کوردەکانی عێراق دەبێتە هۆی زیاد بوونی هەڵچوونی دانیشتووانی ناوچە کوردنشینەکانی تورکیە.

بوونی جەلال تاڵەبانی بە سەرۆک کۆماری عێراق لە لایەک بۆتە مەرهەمی سارێژکەرەوەی نیگەرانیەکانی تورکیە و لە لایەکی دیکەشەوە بە نیگەرانییەکانی تورکیەوەی زیاد کردووە.

مەرهەمی سارێژکەرەوەی نیگەرانییەکانی تورکیە ئەوەیە کە بە بوونی جەلال تاڵەبانی بە سەرۆک کۆماری عێراق، کوردەکان دەبێ مل بدەن بە یەکبوون و یەکپارچەی عێراق و چی دیکە ئەگەر و بۆچوونی سەربەخۆیی و

خودموختاری لە لای ئەوان درووست نابێتەوە.

لە هەمان کاتدا هۆی زیاد بوونی نیگەرانی‌یەکانی تورکیەش ئەوەیە کە لە وڵاتی دراوسێی تورکیە، کەسێک بۆتە سەرۆک کۆمار کە تورکیە هیچ دڵ خۆشییێکی لەو نییە، بەڵام ئێستا ئەو سەرۆک کۆمارە، بۆتە جێگای مەتمانەی گشتی لە عێراق دا.

بەشێکی بەرچاو لە بەرپرسانی تورک ناتوانن نیگەرانی و پێناخۆش بوونی خۆیان لە ئاست بەرفراوان بوونەوەی زیاتری پێگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە نێو خۆی عێراق و ئۆپزسیۆنی عێراقی دا بشارنەوە، لە سەروی هەموان سەرۆک کۆمار و وەزیری دەرەوەی تورکیە بە دووپات کردنەوەی قسەکانیان لە سەر پاراستنی یەکپارچەی عیراق نیگەرانیەکانیان دەر دەبڕن و زۆرتر بایەخ بە بڵاو کردنەوەی ئەو قسانە دەدەن. عەبدوڵلا گوڵ گووتی کە، دەبێ جەلال تاڵەبانی لە سەر یەکپارچەی عێراق سوور بێ و ئەو ئەسڵە لە بەر چاو بگرێ.

بەڵام ئەو مەسەلەیەی کە بەشێکی زۆر لە بەرپرسانی تورکیە دەیان هەوێ بیزانن ئەوەیە کە، داخۆ دوای هەڵبژاردنی جەلال تاڵەبانی بە سەرۆک کۆماری عێراق، سازان و معاملەیەک لە سەر سەرچاوە نەوتی‌یەکانی کەرکووک لە عێراق دا کراوە یا نە؟

تورکیە نیگەران و پەشێوی ئەوەیە کە ئیدارە کردنی کەرکووک و سەرچاوە نەوتی‌یەکانی کەرکووک بکەوێتە دەستی کوردەکان و ئەوەش ببێتە هۆی زیاد کردنی هەستی کوردەکان بۆ سەربەخۆیی یەکجارەکی کوردستان.

سەرچاوە: بی‌بی‌سی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠٠٥

## دروست بوون و ڕاگەیاندنی " كچانی زەیتوون" لە تاران بۆ چالاكی خۆتەقاندنەوە بە دژی ئیسرائیل

گرووپێک بە مەبەستی ڕێزدانان بۆ شەهیدانی بزووتنەوەی جیهانی ئیسلام، بە پێكهێنانی كۆڕێک لە ژێر ناوی درووست كردنی "كچانی زەیتوون" لە هۆڵی سەیدالشهدا هەڵكەوتوو لە گۆڕەپانی حەوتی پوشپەر(هفت تیر)، كۆمەڵێک ژن و كچیان بۆ چالاكی خۆتەقاندنەوە بە دژی ئیسرائیل كۆ كردەووە.

هەر ئەو گرووپە لە دیسامبری ساڵی ڕابردوو دا دەستەیەک لە پیاوان و ژنانی خوازیاری چالاكی خۆتەقاندنەوە لە گۆرستانی بەهەشتی زارای تاران بە نیشانەی ڕیزدانان لە چالاكی خۆتەقاندنەوەكەی ٢١ ساڵ بەر لە ئێستا كە لە لوبنان بەڕێوەچوو، كۆ كرد بۆوە،ئاكامی خۆتەقاندنەوەكەش بوو بە هۆی كوژرانی ٢٤١ كەس لە چەكدارانی دەریایی ئەمریكا لە بنكەی خۆیان لە فرۆكەخانەی نێودەوڵەتی بەیرووت، لەو یادە دا بۆ ڕێز لێنان لە بەڕێوەبەری ئەو چالاكیە بەردێک بە نیشانەی پشتیوانی كردن و ڕێزلێنان لەو چالاكیە لە گۆڕستانی بەهەشتی زارا داندرا.

كۆبوونەوەی "كچانی زەیتوون" یش هەر بەو مەبەستە واتە ڕێزلێنان لەو ژنە فەلەستینیانەی كە لە چالاكی خۆتەقاندنەوە دا گیانی خۆیان لە دەست داوە پێكهات و بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتانەی كە هاتوون، ئەو بنكانە (بونیادی شەهید، بنكەی گیانبازان و لە خۆبردوانی كۆماری ئیسلامی، پێكهاتەی ناسراو بە بەرگری لە گەلی فەلەستین) لە پێكهێنەرانی ڕاستەوخۆی ئەو كۆڕە بوون.

لەو كۆبوونەوەیە دا ڕاگەیاندرا كە "ژنان و كچانی شەهادەت خوازی ئێرانی كە لەو كۆڕە دا بەشدارن، ئامادەن كە پی بە پێی ژنانی موجاهید و شەهادەت خوازی فەلەستینی بچنە پێش و ترس و خۆفێكی زۆر بە دژی ئیسرائیلیەكان پێک بێنن.

ئایەتاللە حوسێن نووری هەمەدانی، لە بەڕێوەبەرانی ئەسڵی وجێگای مەتمانەی شیعە پەیامێكی بۆ ئەم كۆبوونەوەیە نارد بوو كە لە بەشێک لە پەیامەكەدا نووسرا بوو كە "چالاكی شەهادەت خوازی هەڵوێستێكی ڕەوایە و جیهادە لە ڕێگای خودا دا" ئەو پەیامە بۆ بەشداربووان خوێندرایەوە.

لەو کۆڕە دا بەرپرسانی وەکوو محەممەد حەسەن ڕەحیمیان نوێنەری خامنەی لە بونیادی شەهید و بنکەی گیانبازان و لە خۆبردوانی کۆماری ئیسلامی، مەهدی کوچەکزادە، نوێنەری خەڵکی تاران لە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی، مستەفا ڕەحماندوست ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری ئێران لە بواری پێراگەیشتن بە بنکەی گیانبازان و بەرپرسی پێکهاتەی ناسراو بە بەرگری لە گەلی فەلەستین، مەرزیە حەدیدچی(دباغ) نوێنەری پێشووی مەجلیس و ابواسامە معطی، نوێنەری بزووتنەوەی فەلەستین، حەماس قسەیان بۆ بەشداربووان کرد.

قسەکەرانی ئەو کۆڕە داوایان لە بەرپرسی شارەداری شاری تاران کرد کە پەیکەر یا تابلۆیەک وەک سەمبوول و ڕێز لێنان لە ژنانی شەهادەت خواز لە یەکێک لە شوێنە گشتییەکانی تاران دابمەزرێنێت.

هەر لەو کۆڕە دا مەرزیە حەدیدچی (دباغ) و ژنێکیتر بە ناوی وەهابزادە وەک ژنانی بریندار بە گازی شیمیایی بە بەشداربووان ناسێندران و بۆ پاداشی بریندار بوونەکەیان نازناوی ژنانی لەخۆبردو و گیانبازیان بۆ دیاری کردن.

لە نێو بەشداربووانی ئەو کۆڕەدا چەند کەس لە نوێنەرانی ژن لە مەجلیس دا بە ناوەکانی " فاتمە ئالیا، عیفەت شەریعەتی، لالە ئیفتخاری، عشرەت شایق و هەروەها زارا شوجاعی ڕاوێژکاری سەرکۆمار لە بواری ژنان دا و زارا مستەفەوی کچی ئایەتاللە خومەینی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران و بەرپرسی پێکهاتەی ژنانی کۆماری ئیسلامی تێدا بەشدار بوون.

لە کۆبوونەوەی ڕابردوو دا خوازیارانی چالاکی خۆتەقاندنەوە کە لە گۆڕستانی بەهەشتی زارای تاران بەڕێوەچوو، یەکەمین گرووپ کە بۆ بەڕێوەبردنی چالاکی خۆتەقاندنەوە پێکهات بوو، ڕایانگەیاند بوو کە پێکهێنانی ئەو گرووپە "لبیک" (وەڵامی بەڵێیە بۆ ئەم بانگ هێشتنە) بە پەیامی ئایەتاللە خامنەئی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران، سەبارەت بە خەڵکی شاری فەلووجە لە عێراقدا " لەو کاتە دا چالاکی بەربڵاوی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەرکوتی ئەو چەکدارانەی کە لە فەلووجە دا بوون لە ئارا دا بوو".

هەر لە کاتی دەست بەکار بوونی گرووپی یەکەم کە شەش مانگ بەر لە ئێستا بوو دەستەیەک ژنیش بە دەم و چاوی داپۆشراوە بۆ چالاکی خۆتەقاندنەوە خۆیان ناونووس کرد.

بەڕیوەبەرانی کۆڕی ڕێزدانان بۆ شەهیدانی جیهانی ئیسلام شەش مانگ بەر لە ئێستا دەست بەکار بوونی خۆیان ڕاگەیاند و هەر ئەو کات ناونووسی خوازیارانی چالاکی خۆتەقاندنەوەیان کرد، و ڕایانگەیاند کە ٢٥ هەزار کەس ئامادەی ناونووسین بۆ چالاکی خۆتەقاندنەوە لە عێراق و فەلەستین، و هەروەها ئامادەبوونی خۆیان بۆ کوشتن و تەقاندنەوەی سەلمان روشدی نووسەری کتێبی ئایەتی شەیتانی دەربڕی بوو.

ئەوان گرووپێکی سەربەخۆن، بەڵام بۆ بەڕێوەبردنی چالاکی خۆتەقاندنەوە دەبێ ئایەتاللە خامنەئی بریار و فەرمانی خۆتەقاندنەوەکان ڕابگەیێنێت.

هەر چەند خوازیارانی چالاکی خۆتەقاندنەوە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو چالاکیە بۆ دەرەوەی ئێران خۆیان ناونووس کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا بوونی ئەوان بەو ناوە دەتوانێ ئامرازێک بێت بۆ هەڕەشەکانی ئەمریکا لە سەر ئێران و هەروەهائەو گرووپە ڕایانگەیاندووە کە لە کاتی پێویست دا ئامادەن کە چالاکی بە دژی هەموو دوژمنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەن.

سەرچاوە: بیبیسی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠٠٥

## دەربرینی نارزایەتی سەبارەت بە ڕەدکردنەوەی سەلاحیەتی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی خولی سەرۆک کۆماری لە ئێران دا.

دەربرینی نارزایەتی سەبارەت بە ڕەدکردنەوەی سەلاحیەتی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی خولی سەرۆک کۆماری لە ئێران دا.ئیبراهیم یەزدی و مستەفا موعین ڕاگەیاندراوی شۆرای چاوەدێری کە شەوی یەک شەممە بڵاو کرایەوە تێدا هاتووە کە بەشی هەرە زۆری پاڵێوراون و نوێنەری ڕیفۆرمخوازان و هێزە سەربەخۆکان بۆ هەڵبژارادنی خولی سەرۆک کۆماری ئێران ڕەد کراونەوە، هەر بە دوای بڵاو بوونەوەی هەواڵی ئەو ڕاگەیاندراوە پسپۆران و چالاکانی

سیاسی ئێران بە دژی ئەم بڕیارە هەڵوێستیان گرت و ئەوانیش رایانگەیاند کە بەشداری لە هەڵبژاردن دا ناکەن.

شۆرای چاوەدێری تا کۆتایی کاتی ئیداری ڕۆژی سێ شەممە کاتی هەبوو کە بە سەر پەروەندەی پاڵێوراواندا بچێتەوە و پەروەندەکان هەڵبسەنگێنێ، بەڵام شۆرای چاوەدێری پێشوەخت ڕاگەیاندراوێکی گەیاندە تەلەفزیۆنی دەوڵەتی و دوایەش گەیاندیە دەستی ڕاگەیانە گشتییەکانی ناوخۆی ئێران، ئەو ڕاگەیاندنە پێشوەختە بۆ وتەبێژی ڕەسمی ڕێژیم، کە بە پێی قانوون، نیهادی بەڕێوەبەری هەڵبژاردنەکانە و لە چاوەروانی ڕاگەیاندنی بڕیاری شۆرای چاوەدێری دا بوو، جێگای سەرسوڕمان بوو، هەر بۆیە بە ناچاری بە نەقڵ لە تەلەفزیۆنی دەوڵەتی (سیما) ئەو هەواڵەی راگەیاند و بەو شێوەیە نیشانی دا کە دەوڵەت لە بڕیاری شۆرای نیگەهبان بێ ئاگایە.

هەر بۆیە گورج بە دوای ئەو خاڵە دا دەنگی ناڕزایەتی بەڕێوەبەرانی بنکەی هەڵبژاردنی دوکتۆر مستەفا موعین، نوێنەری دیاری کراوی ڕیفۆرمخوازەکان بەرز بۆوە. عەلی شکووریڕاد گووتی: "دەر کردنی ڕاگەیاندراو لە لایەن شۆرای چاوەدێری هیچ یاسایی نییە و تا کاتی بڵاو کردنەوە و ڕاگەیاندنێکی ڕەسمی کە لە لایەن وەزارەتخانەی دەوڵەتییەوە دەبێ، ئەو ڕاگەیاندراوە هیچ بایخێکی یاسایی نییە و ناشی بێت."

عەلی ئەکبەر موحتەشەمیپوور کە پێشینە و ئەزموونی بەڕێوەبەری هەڵبژاردنی پارلمان و بەرپرسایەتی لە پۆستی وەزیری وڵات دا هەیە، ڕاگەیاندنی ڕاستەوخۆی پاڵێوراوان لە لایەن شۆرای چاوەدێری بە لە ژێر پێنانی یاسا دەزانێ و گووتی کە تەنیا ئەو شتە یاسایە کە لە لایەن وەزارەتەوە ڕابگەیێندرێ.

بەڵام راگەیاندراوی شۆرای چاوەدێری، تەنانەت ئەگەر نامەی شۆڕا و لیستە و ئاکامی تا پێش کاتی دەست بەکار بوونی ئیداری ڕۆژی دووشەممە بگاتە دەستی وەزارەتخانەش دیسان ڕەسمیەتی نابێت، چاوەدێران و پسپۆرانی بواری هەڵبژاردن دەزانن کە هەڵبژاردنی داهاتوو کە ئاخرین دەسەڵاتی هەشت ساڵەی محەممەد خاتەمییە چی لێ بەسەر دێت. هەرچەند کە هێندێک کەس و یەک لەوان مەهدی کەهرووبی، تەنیا پاڵێوراوی ڕیفۆرمخوازان کە سەڵاحیەتی لە لایەن شۆرای چاوەدێری پەسەند کراوە، ناوبراو ئۆمێدی بە پێداچوونەوە بە سەر بڕیارەکان و دیالۆگ دا هەیە و پێیوایەکە دەتوانێ بە کردەوە بچێتە ناو ڕێبەرانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئاڵوگۆڕیان بە سەر دا بێنێت.

## پیاوی سیاسی كێیه‌؟

له كاتێكدا ڕۆژانی ڕابردوو پڕوپاگه‌نده‌ی جۆراوجۆر و دژ به‌یه‌ک له ڕۆژنامه و گۆڤاره‌كانی ئێراندا سه‌باره‌ت به وه‌ده‌رنان وحه‌زفی پاڵێوراوان، چ ئه‌وانه‌ی سه‌ر به ڕیفۆرمخواز بوون و چ ئه‌وانه‌ی سه‌ر به قۆڵی توندڕه‌ووه‌كان بوون ده‌بیسترا به‌ڵام له لایه‌ن وته‌بێژی شۆڕای چاودێری ئه‌و پڕوپاگه‌نده‌یه ڕه‌د كرا بۆوه.

ڕاگه‌یاندراوی شه‌وی یه‌ک شه‌ممه‌ی ڕابردووی شۆڕای چاوه‌دێری كه له كۆی ١٠١٤ كه‌س ته‌نیا ٦ كه‌س له پاڵێوراوه‌كانی وه‌ک په‌سه‌ندكراو تێدا هات بوو به ته‌واوی ده‌ری خست كه پڕوپاگه‌نده‌كان ڕۆژنامه و گۆڤاره‌كان ڕاست بوون، لێره دا به ته‌واوی جێ بۆشایی كه‌سانێكی وه‌ک مسته‌فا موعین (وه‌زیری پێشووی علوم و نوێنه‌ری پێشووی پارڵمان)، موحسین مێهر عه‌لی‌زاده (یاریده‌ده‌ر و موعاونی سه‌رۆک كۆمار و ئاخرین پارێزگاری پارێزگای گه‌وره‌ی خوراسان)و ڕه‌زا زواره‌ای (ئه‌ندامی پێشووی شۆرای چاوه‌دێری و پاڵێوراوی خولی حه‌وته‌می سه‌رۆک كۆماری له ساڵی ١٣٦٧) دا نیشان دا.

هه‌روه‌ک چاوه‌ڕوان ده‌كرا و كرابوو جارێكی دیكه‌ش ئیبراهیم یه‌زدی (به‌رپرسی یه‌كه‌می بزووتنه‌وه‌ی ئازادی و وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ده‌وڵه‌تی كاتی ئێران)، ئیبراهیم ئه‌سغه‌رزاده (ئه‌ندامی پێشووی شۆڕای شاری تاران و یه‌كێک له كۆنه خوێندكارانی زانستگا كه ناسراون به لاینگرانی ڕێبازی ئیمام " دانشجویان پیرو خط امام " كه له گرتنی سه‌فاره‌تی ئه‌مریكا دا ده‌ستی باڵای هه‌بوو) و هه‌روه‌ها ژنانی خوازیاری به‌رپرسایه‌تی سه‌رۆک كۆماری و به تایبه‌ت ئه‌عزه‌م تاڵه‌قانی ڕه‌دی سه‌ڵاحیه‌تیان له لایه‌ن شۆڕای چاوه‌دێری ڕاگه‌یاندرا و په‌سه‌ند كراوه.

ڕاگه‌یاندراوی شۆڕای چاوه‌دێری له خوڵی نۆهه‌می سه‌رۆک كۆماری ئێراندا سه‌باره‌ت به ڕه‌دكرانه‌وه‌ی به‌شێک له چالاكانی سیاسی ناو گۆڕه‌پانی هه‌ڵبژاردنه‌كان دا ته‌نیا له به‌ر ئه‌وه كه "هاوكێش نه‌بوونی به‌ربه‌ره‌كانی"،"تاقمه و ده‌سته"، "ناعه‌داڵه‌تی" و هه‌روه‌ها " نه‌زانینی یاسا و زاڵ نه‌بوون به سه‌ر یاسا"دا بووه. به‌ڵام محه‌ممه‌د عه‌لی ئه‌بته‌حی، ڕاوێژكاری سه‌رۆک كۆماری ئێران له وتووێژ له گه‌ڵ هه‌واڵنێری خوێندكارانی ئێران "دانشجویان ایران "،دا گووتی: پاڵێوراوه ڕه‌دكراوه‌كان به "كه‌سایه‌تی‌یه‌كی هه‌ڵبژارده و به ناوبانگ" ده‌زانم و ئه‌وه‌شی زیاد كرد كه ڕه‌دكرانه‌وه و وه‌لانانی ئه‌وان" به‌رنامه‌ڕێژی بۆ كراوه بۆ ئه‌وه‌ی كه ته‌نیا بیرێكی تایبه‌ت له ده‌سه‌ڵاتداره‌تی دا ساحه‌ب ده‌سه‌ڵات بێت".

جەمیلە كەدیوەر، نوێنەری ڕیفۆرمخوازانی شاری تاران لە دەورەی پێشووی پارلمان لە ماڵپەری تاكەكەسی خۆیدا بە ئیشارە كردن بە ناوی دوو كەس لەو كەسانەی كە پەسەند كراون بۆ هەڵبژاردن واتە مەحموود ئەحمەدینژاد و محەممەد باقر قالیباف، دوو كەس لە پاڵێوراوانی توندرەوەكان، نووسی: زۆر جێگای سرنجە كە شارەدار و فەرماندەی هێزی چەكدار، پیاوی (سیاسی) نێو ئەو گۆڕەپانە بن، بەڵام یاریدەدەر و موعاونی سەرۆك كۆمار (پارێزگاری پێشوو)، ڕاوێژكاری سەرۆك كۆمار (وەزیر و وەكیلی پێشوو) و... پیاوی نێو ساحەكە نەبن.

## ڕەد كردنەوە و تەحریم

لانی كەم دوو حیزبی ڕیفۆرمخواز واتە (جبهه مشاركت و سازمان مجاهدين انقلاب) ڕوونیان كردۆتەوە لە ئەگەری ڕەدكرانەوەی نوێنەری ئەوان "مستەفا موعین" لە هەڵبژاردن دا بەشداری ناكەن.

ئەوە لە حالێكدایە كە بە گووتەی ئیلاهە كولایی، وتەبێژی بنكەی هەڵبژاردنی مستەفا موعین، ناسێنەرانی ئەو نوێنەرە ڕیفۆرمخوازە واتە (جبهه مشاركت و سازمان مجاهدين انقلاب) لە جیاتی ئەوە هەر كام لەو دوو حیزبە یەك نوێنەر (نوێنەری حیزبی) بنێرە هەڵبژاردن، وایان بە باش زانی كە تەنیا یەك نوێنەر بنێرن بۆ هەڵبژاردن بۆ ئەوە كە بتوانێ ببێتە هۆی جێگای پەسەندی شۆڕای چاوەدێری و لە هەمانكاتدا هیوا و ئومێدێكی زیاتری لە ساحەی بەربەرەكانی لە بەرامبەر پاڵێوراوەكانی دیكەی دا هەبێت، كەسێك كە سێ خول پێشینەی نوێنەری شارە گەورەكانی ( تاران، شیراز و ئیسفەهان ) و سێ دەورە بوونی لە كابینە و لە پۆستەكانی وزارەت دا هەبێ.

موحسین ئارمین، وتەبێژی "سازمانی مجاهدين انقلاب اسلامی" یەكێك لە كۆنترین و بە ئەزموونترین پێكهێنەرانی ڕیفۆرمخوازی و خەباتكاری سیاسی بە دژی ڕێژیمی پێشوو، لە وتووێژێكدا لە گەڵ هەواڵنێری كار، ئیلنا، گووتی كە ڕەدی سەلاحیەتی مستەفا موعین بە مانای " ڕەدی سەلاحیەتی هەڵبژاردن" دەزانم و گووتی كە لاینگرانی ئاغای موعین لە هەڵبژاردنێكی كە "هیچ مێعیارێكی نییە" و "هیچ شتێكی یاسایی" نییە، بەشداری ناكەن.

هەروەها ئەو ئاماژەی بەوە كرد كە لە ڕۆژانی داهاتوو دا ڕێكخراوەكەمان كۆنگەرەی ڕێكخراوەی خۆی دەگرێ و ئەگەر ئاغای موعین لە بەربەرەكانی هەڵبژاردن دا وەلا بنرێت، لە گەڵ ئەوەدا كە لە هەڵبژاردن دا بەشداری ناكەین، ئەگەری نارزایەتی دیكەی بە دواوە دەبێت، دیارە ئەوەش پەیوەندی بە بڕیارەكانی كۆنگەرەكەمانەوە

دەبێت.

بەرپرسی یەکەم بەرەی هاوپەیوەندی (دبیرکل جبهە مشارکت)، گەورەترین ڕێکخراوی ڕیفۆرمخوازان، هیچ نەیشاردەوە کە ئەوان بیر لە تەحریم دەکەنەوە. محەممەد خاتەمی لە وتووێژ لە گەڵ" ئیلنا" دا وتی کە: "مستەفا موعین هێڵی سووری ئێمەیە و ئەگەر ئەو لە هەڵبژاردن دا بەشداری نەکات ئێمە هەڵبژاردن تەحریم دەکەین".

ئاغای خاتەمی کە پاڵێوراوی پۆستی یاریدەدەری و موعاونی ئێحتمالی کابینە مستەفا موعین ە، لە درێژەی قسەکانی دا ئاماژەی بەوە کرد کە لە ڕاستی دا بە ڕەدکردنەوەی سەلاحیەتی مستەفا موعین، هەڵبژاردنێک نامێنێتەوە تا لەو دا بەشداری بکەن، و ئەوەی کە بەڕیوە دەچێت ناتوانین ناوی "هەڵبژاردنی" لە سەر دابنێین بەڵکوو تەنیا ئەوە "سیناریۆ" یەکی لە پێشدا نووسراوەیە، و سەرۆک کۆماری داهاتوو دیاری کراوە.

بەلام بە پێی قسەکانی محەممەدڕەزا خاتەمی، بنکەی هەڵبژاردنی مستەفا موعین هەروا درێژە بە چالاکی تەبلیغاتی خۆی دەدا و چالاکی‌یەکانی لە ژێر خۆڕێکخستن "سازماندهی" دا درێژە پێدەدەن.

## لە چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕ دا

یەکێک لە مەسەڵەکانی ئەو دوو حیزبە ڕیفۆرمخوازە ئەوەیە کە لاینگرانی مستەفا موعین وەکوو هێندێک لە نوێنەرەکانی دیکەی کە ڕەدی سەلاحیەت کراون لە چاوەڕوانی دا ماونەوە تا ئاڵوگۆڕەکانی چەند ڕۆژی داهاتوو و وتووێژێک کە لە نێو ئەوان دا هەیە ببینن، و لە ئاکامدا شێوەی خۆڕێکخستن بۆ هەڵبژاردنی ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردان ڕاستەوخۆ ئاشکرا بکەن.

ئیللاهە کولایی، وتەبێژی ئاغای موعین لە وتووێژ لە گەڵ ڕادیۆ بی‌بی‌سی دا هێندێک مەسەلە و هەوڵی سیاسی و هەروەها لە سەر وتوویژ لە گەڵ کاربەدەستانی ئەم بەشە بۆ گورینی ئەو بریارە کە لە لایەن شۆڕای چاوەدێری دەرکراوە باس کرد.

## زوڵم و ستەم لە نیوەی کۆمەڵ

لە نێو ئەو ١٠٠٨ نوێنەرەی کە ڕەدی سەلاحیەت کراون ٩٣ کەسیان ژنن، ناسراوترین ژن لە نێو ژنانی پاڵێوراو بۆ سەرۆک کۆماری ئەعزەم تاڵەقانی، لە کەسانی تا ڕادەیەک بە هەڵوێستی نێو کۆماری ئیسلامی و هەروەها ڕەفعەت بەیات، نوێنەری توندڕەوەکان لە پارلمان دا بوو.

بە پێی ئەسڵی مادەی ١١٥ی یاسای بنەرەتی ئێران، کەسێک کە پاڵێوراوی سەرۆک کۆماری دەبێت، دەبێ لە پیاوانی دیندار و سیاسی واتە "رجال مذهبی و سیاسی" وەلات بێت، لە سەر وشەی "رجال" کە ئایا ئەو وشەیە بۆ ژنانیش لەبەر چاو دەگیرێ یا نا؟ ناکۆکیەکی یەکجار زۆر لە ئارا دایە.

شۆرای چاوەدێری هەر چەند بە رەسمی لە سەر ئەو باسە و ئەو ناکۆکیە هیچی ڕوون نەکردوتەوە و مانا و تەفسیرێکی ڕوون و ئاشکرای لە وشەی "رجال" نداوەتە دەر، بەڵام بە کردەوە هەموو پاڵێوراوانی ژنی لە بازنەی هەڵبژاردن وەدەرناوە، پاڵێوراوانێکی کە بە گووتەی ئەعزەم تاڵەقانی، ئەگەر هەروا چاویان لێ بکەن و ڕێزیان لێ نەگرن، لە هەر خولی هەڵبژاردنێک دا ژمارەیان زیاتر دەچێتە سەر و تا بە خواستی بەر حەقی خۆیان کە هەڵبژاردنە بۆ سەرۆک کۆماری دەگەن، خەبات دەکەن.

ئەعزەم تاڵەقانی لە وتووێژەکەی دا بەربەست کردنی ژنانی لە بەشداری کردن لە هەڵبژاردن دا "بە زوڵمو غەدرێکی گەورەی دەرحەق بە نیوەی لە دانیشتوانی ئێران" دەزانێ، کە بە گووتەی ئەو لە هەڵگیرساندنی شۆڕش، و پشتیوانی لە شەرکەرەکان "رزمندگان" لە شەر لە گەڵ عێراق دا و لە زۆر بواری دژواری دیکە دا جێ و کاریگەری خۆیانیان هەبووە و هەیە. هەروەها لەوە کە یاسای بنەرەتی ئێران زمانی فارسی بە زمانی ڕەسمی ولات ناساندوە، ناتوانین یەکێک لە وشەکانی ئەو یاسایە، واتە وشەی "رجال" بخێنە بەر تیشکی ڕیشەی زمانی عەرەبی و هەر بە زمانی عەرەبی مانا و تەفسیری بکەینەوە.

کچی ئایەتوڵلا مەحموود تاڵەقانی، لە ڕێبەرانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، هەروا ئیشارەی بەوە کرد کە لە سەرچاوە مەزهەبیەکانیش دا ئەم وشەیە "رجال" بە دائیم بە مانای "پیاوان" نییە. ئەو بە هێنانەوەی بەڵگە لە

تەفسیرەکان و نووسراوەکانی عەلامە تەباتەبایی لە سەر سورەی "اعراف" لە کتێبی "تفسیر المیزان" دا دەست نیشان و ئیشارەی کرد کە "رجال" نە بە مانای ڕەگەزی "جنسیتی" بەڵکوو بە مانای مرۆڤی هەڵکەوتوو و پێشکەوتوو داناوە و زانیووە.

ئەعزەم تاڵەقانی گووتی: "شۆرای چاوەدێری دەبێ ڕوانینێکی دەرەوەی پەیدا بکات و تەنیا نەڕوانێتە بازنەی تاقمی 'جناح"  خۆی و تەنیا دەروونی تاقمی خۆی چاو لی نەکات. چۆن دونیای ئەمرۆ  یەکسانی ڕەگەزی نێوان ژن و پیاوی لە هەموو شوێنێک حەل کردووە، ئەوەش بە قازانجی نەتەوەیی ئێمە نییە کە لە وڵاتێکی ئیسلامی دا کە دەیهەوێت لە دونیا دا ببێتە نموونە، چاولێکردنی ڕەگەزی "جنسیتی" ببێتە دەسەڵاتدار و ئەوە بکەن بە خاڵی سەرکەوتن بۆ ڕەگەزی پیاو."

ئەو کە بەرپرسی یەکەمی کۆمەڵی ژنانی شۆڕشی ئیسلامی‌یە، و سەر بە تاقمی نەتەوە مەزهەبی‌یەکانی "ملی مذهبی" ئێرانە، هەڵوێستی ئەو کۆمەڵەی سەبارەت بە تەحریم کردنی هەڵبژاردنی خستە کۆبوونەوەی ئەندامانی کۆمەڵەکەیان، بەلام لە هەمان کاتدا هەڵوێستی شۆرای چاوەدێری لە ڕەدی سەلاحیەتی "پاڵێوراوانی جێگای متمانەی خەڵک " بە ڕاشکاوی ڕاگەیاند و گووتی: بەشداری کردنێکی بەرچاو لە ئارادا نابێت" واتە دڵنیایین بە هیچ شێوەیەک سەرۆک کۆماری نایەتە هەڵبژاردن کە بتوانێ ٢٢ میلیۆن دەنگ وەر بگرێت."عەلی لاریجانی، محەممەد باقر قالیباف، موحسین ڕەزایی، مەحموود ئەحمەدی‌نژاد، مەهدی کەرووبی و عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی

**ناوی ئەو شەش کەسەی کە هەڵبژێردارون بریتی‌لە:**

***١- عەلی لاریجانی، بەرپرسی پێشووی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن***

***٢- محەممەد باقر قالیباف، بەرپرسی پۆلیسی گشتی***

***٣- موحیسن ڕەزایی، فەرماندە و بەرپرسی پێشووی سوپای پاسدارانی ئێران***

***٤- مەحموود ئەحمەدی‌نژاد، بەرپرسی شارەداری ئەم دەورەیەی شاری تاران***

***٥- عەلی‌ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرۆکی ئێستای لیژنەی دیاری کردنی بەرژەوەندی‌یەکانی ڕێژیم***

***٦- مەهدی کەروبی، سەرۆکی پێشووی پارڵمانی ئێران***





سەرچاوە: بیبیسی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٣ی مای ٢٠٠٥

## دۆراوی یاری و گەمەی هەڵبژاردن، تاقمی ڕیفۆرمخوازەکانن.

**دوکتور محەممەد مەلەکی: دۆراوی یاری و گەمەی هەڵبژاردن، تاقمی ڕیفۆرمخوازەکانن.**

پەسەند کردنی سەڵاحیەتی دوکتور مستەفا موعین لە لایەن ئەنجوومەنی چاوەدێری، دوای نێوبژیوانی کردنی بەرپرسی ئەنجوومەنی ئیسلامی و ئایەتوڵڵە خامەنەیی بۆتە هۆی چەندین هەڵوێستی جۆراوجۆر. دوکتور محەممەد مەلەکی، بەرپرسی پێشووی زانکۆی شاری تاران لە وتووێژ لە گەڵ ڕادیۆی فەردا دا گوتی: لە حەقیقەت دا لە نیزامی ولایی و لە هەلومەرجی ئێستادا، ئەوە یارییەکە کە لە گەڵ خەڵک دەیکەن و ئەو خولەی یارییە هێندێک شارەزایانە و وشیارانە بەڕێوە دەبەن بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ٢ی جۆزەردان لە بارودۆخێکی نالەبار دا ڕابگرن. ئاغای موعین ئەگەر ئەو حوکمە حکومەتییە قەبووڵ بکات، کێشەیەکی یەکجار گەورە و توند لە نێو خۆیان دا پێک دێنێ و بەڵام پێموانییە ئەو ئەوەندە غیرەت و ئازایەتی لە وجوود دا هەبێت کە بڵێت: کە ئەوە بە پێچەوانەی یاسایە و ئاغای خامەنەیی حەقی نەبوو کە دەستووریکی لەم چەشنە بدات.

پەسەند کردنی سەڵاحیەتی دوکتور مستەفا موعین لە لایەن ئەنجوومەنی چاوەدێری، دوای نێوبژیوانی کردنی بەرپرسی ئەنجوومەنی ئیسلامی و ئایەتوڵڵە خامەنەیی بۆتە هۆی چەندین هەڵوێستی جۆراوجۆر. دوکتور محەممەد مەلەکی، بەرپرسی پێشووی زانکۆی شاری تاران هەڵبژاردنی پێ یارییەکی دارێژراوە هەر بۆیە گوتی: دۆڕاوی ئەو یارییەش بزووتنەوەی ٢ی جۆزەردانە.

*مریەم ئەحمەدی (رادیۆ فەردا):* لە گەڵ ئەوەدا کە ئەنجوومەنی چاوەدێری چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە ئەگەر دوکتور موعین پەسەند نەکات بۆ هەڵبژاردنی ئەم خولە، ڕەنگە ببێتە هۆی دەر کردنی بریارێکی حکوومەتی لە لایەن کاربەدەستانی سەرەوەتر، ئەگەرچی بە پێی هەڵسەنگاندن ئاغای موعین شانسێکی واشی نەبوو بۆ سەرکەوتن و بردنەوە لەو هەڵبژاردنە دا، بە بۆچوونی جەنابت چ هۆیێکی کاریگەر هەبوو بۆ ئەوە کە ئەنجوومەنی چاوەدێری هەر لە سەرەتاوە سەلاحیەتی ئاغای موعین پەسەند نەکات؟

*دوکتور محەممەد مەلەکی:* ئەمن ئەوە وەبیر دێنمەوە کە ئێمە لەو نامەی دا کە بە ناوی نامەی ٥٦٥ کەسی ناوی دەرکردوە، ئاماژەمان کردووە، کاتێک قسە لە هەڵبژاردن کرا بوو، هەلبژاردنمان وەک یاری و گەمەی هەڵبژاردن نێو برد بوو، چۆن هەر لە سەرەتاوە لە سەر ئەو باوڕە بووین کە لە نیزامی وەڵایی و لە هەلومەرجی ئێستا دا ئەوە یارییێکە کە لە گەڵ خەڵک دەیکەن. جاری وایە بە شێوەیەک لە هێندێک شوێن را فتوایەک وەردەگرێ کە ئایا ئەوە جێگای پەسەندە یا نا و لەو جۆرە یاریانە کە بەرێوەی دەبەن. لەم خولە دا ئەم یارییەیان هێندێک شارەزایانە و وریایانە بەرێوە برد. ئەنجوومەنی چاوەدێری لە سەرەتا دا هات و سەلاحیەتی ئاغای موعینی ڕەد کردەوە و بە پێی بەرنامەی دارێژراوی خۆیان لە ئاغای حەددادیان خواست کە نامەیەک بۆ ئاغای خامەنەیی بنووسێت و ئاغای خامەنەیش دەستووری دا کە ئێوە پێداچوونەوەیەک بکەن و ئەنجوومەنی چاوەدێریش ئەو کارەیان بە کردەوە بەرێوە برد. ئاکامی ئەو کارە زیرەکانەیەش ئەوەیە کە لە حەقیقەت دا ٢ی جۆرەردان بخەنە بارودۆخێکی نالەبارەوە. لە گەڵ ئەوە دا کە زۆر جار ئاغای دوکتور موعین چ لە زانکۆ دا چ لە شوێنی پێشانگای کتێب دا، ڕایگەیاند بوو کە ئەمن لە گەڵ حوکم و بریاری حکوومەتی مخالیفم و ئەوەی کە لە یاسایی بنەرەتی دا نەبێت لە لای من پەسەند ناکرێت. باشە ئەو ڕەوتەی کە ڕووی دا و هاتە پێش واتە حوکم و بریارەکە حکوومەتییە. ئەنجوومەنی چاوەدێریش لە نامەیەک دا کە بۆ ئاغای خامەنەیی ناردوە نووسیویەتی: حوکمی ولایی.

باشە ئێستا چ بکەن؟ ئاغای موعین ئەگەر ئەو حوکم و بریارە حکوومەتییە قەبوول بکات، کێشەیەکی زۆر قوڵ لە

نێو خۆیان دا دەخولقێنێ. لە بەر ئەوە دوێنی جەنابت قسەیەکت کرد و ئێستا هیچ شتێک ڕووی نەداوە و نەهاتۆتە پێش بە پێچەوانەی قسەکان و بۆچوونەکانی خۆت جووڵاویەوە و ئەو کەسانەی کە نیازیان هەبوو کە دەنگی خۆیان بدەن بە ئاغای موعین، هەموویان ئێستا دەکەونە بیری ئەوە کە مانای چی‌یە و بۆچی کاتێک هەر لە سەرەتاوە قەولەکانی دەخاتە پشت گوێ، ئێمە پشت ئەستوور بەو بین، کە وابوو ئەو (موعین) بۆ ئەوە نابێت کە جێی متمانەی ئێمە بێت. ئەگەر ئاغای موعین رازی نەبێت و قەبووڵی نەکات، دەتوانێت تا ڕادەیەک لەو گێژاوەی کە بۆی هاتۆتە پێش خۆی ڕزگار بکات، بەڵام من وەک خۆم پێموانییە ئەو ئەوەندە غیرەت و ئازایەتی‌یەی لە وجوود دا هەبێت کە بڵێت: کە ئەوە بە پێچەوانەی یاساکانە و ئاغای خامەنەیی حەقی نەبوو کە دەستوورێکی لەم چەشنە بدات. خاتوو مریەم، ئەگەر جەنات هەستت بەو مەسەلەیە کرد بیت دەزانی کە، تەنانەت ئەو کەسانەی کە قەرار بوو دەنگیش بە ئاغای دوکتور موعین بدەن، بو وێنە (میللی مەزهەبی‌یەکان و نێهزەتی ئازادی)، ئەوانیش بە گشتی ئەمرۆ ڕایانگەیاند کە لە هەڵبژاردن دا بەشداری ناکەن و دەنگ نادەن.

مریەم ئەحمەدی: بەڵام ئایا کاردانەوەی ئەو یاری‌یە وشیارانەیەی ئەنجوومەنی چاوەدێری تەنیا تێک شکانێک دەبێ بۆ ئاغای موعین بە دەنگێکی کەمترەوە یا ئەوە کە لە نێوان ڕیفۆرمخوازانیش دا هێندێک کاریگەری دیکەی دەبن؟

دوکتور محەممەد مەلەکی: بەڵێ ئەو یەک واقعیەتە. هەر لە ئێستاوە ئێمە لە قسە و وتەکانی تاقم و کەسانی سەربە ریفۆرمخوازن هەستمان کردووە کە دووبەرەکی و دژایەتیان کەوتۆتە نێوان. و من بۆ خۆم وا بیر دەکەمەوە کە یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو یاری‌یە ئەوە بوو کە ٢ی جۆزەردانی‌یەکان بە تەواوی لەو گۆرەپانە وەدەر بنێن و بە داخەوە ٢ی جۆزەردانی‌یەکان لەو ڕەوت حەرەکەتە دا زەرەر و زیانێکی زۆر دەکەن، و هەر بڕیارێکی کە بیدەن، چ لە ئاستی پەسەند کردنی ئەو حوکمە حکوومەتی‌یە دا، و چ لە ئاستی ڕەد کردنەوەی ئەو حوکمە دا، تازە داهاتوویەک بۆ ئەو ڕەوتە لە ئارا دا نامێنێتەوە.

سەرچاوە: ڕادیۆ فەردا

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٥ی مای ٢٠٠٥

## پیرۆزبایی بەرێوەبەری ماڵپەری گیارەنگ لە خەڵکی کوردستان و بەرێز کاک مەسعوود بارزانی

بە بۆنەی هەڵبژاردنی بەرێز و تێکۆشەر کاک مەسعوود بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، پێشمەرگە خۆراگرەکانی کوردستان و هەروەها لە بنەماڵەی بەرێزی بارزانی و پارتی دێمۆکراتی کوردستان دەکەم و لە هەمان کاتدا سەرکەوتنی هەرچی زیاتر بۆ هێژا کاک مەسعوود بارزانی بە ئاوات دەخوازم و بە هیوایە کە ئاشتی و ئازادی و دێمۆکراسی لە کوردستان دا سەقامگیر بێ و شاهیدی ڕزگاری هەر چوار پارچەی کوردستان بین.

بێ شک هەڵبرادنی بەرێز کاک مەسعوود لەم هەلومەرجە دا لە لایەن پارڵمانی کوردستانەوە بۆ سەرۆکی هەرێم و ئەویش بە تێکرای دەنگ، دەبێتە هۆی چاندنی تۆوی هیوا و ئومێد لە دڵی گشت کوردێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی کوردستان و شادمانی دەخاتە دڵی ئەوینداران و تینوانی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان و لە هەمانکاتیشدا پشتی دوژمنانی گەلی کورد لە ناوچە دا وەلەرزە دەخات.

یەک ریزی و یەکبوونەوەی پارڵمانی کوردستان و بوونی تەنیا سەرۆکێک لە پارڵمان و لە کوردستان دا هەڵگری پەیامێکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ داگیرکەرانی کوردستان، کە گەلی کورد چیدی لە داگیرکەران قەبووڵ ناکەن کە مافەیان پێشێل بکەن و حەقی یەکسان بوونیان لێ زەوت بکەن و دەسەڵات و زۆریان بە سەردا بسەپێنن و سەروەت و سامانی کوردستانیان لێ بە تاڵان بەرن.

با بە هەموومان پشتیوانی ڕاستەقینەی ئەو ئەزموونە بین و پارێزەری ئاڵای دەستی پێشەوای کوردان و هەرێمی کوردستان بین و لە ئاوەدان کردنەوەی گوند و شارەکانی کوردستان هاوکاری دڵسۆزی گەلە بەشخوراوەکەمان و پارڵمانی کوردستان بین و هەوڵ بدەین کە شارەکانی دیکەی کوردستان "کەرکووک و خانەقین و شەنگار و...." بگەڕێنینەوە سەر ناوچەی هەرێمی کوردستان.

با بە گشتی لە هەوڵی پووچەڵ کردنەوەی پیلانە چەوتەکانی داگیرکەرانی کوردستان دا بین کە هەر ئێستا

خەریکی پیلان دارشتنن بۆ بنکۆڵ کردنی ئەم بناغە نوێیەی پێکهاتەی هەرێمی کوردستانن و خەونی لەتلەت بوون و ئاڵۆزی و دووبەرەکی لە نێوان گەلی کورد دا دەبینن و پووڵ و پارەی بۆ تەرخان دەکەن بۆ لە نێو بردن و لەرزۆک کردنی ڕەنجی دەیان ساڵەی کوردی بەشخوراوی کوردستان و بە تایبەت ئەم بەشە ئازادکراوەی کوردستان.

لە کۆتایی دا جارێکیتر پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم و سەرکەوتن بۆ گەلی کورد و کاک مەسعوود بە ئاوات دەخوازم.

بەڕێوەبەری ماڵپەری گیارەنگ

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی جوونی ٢٠٠٥

---

## "ئازادی‌یە کاتی‌یەکان لە بەرەبەری دەست پێکرانی هەڵبژاردن دا"،

"ئازادی‌یە کاتی‌یەکان لە بەرەبەری دەست پێکرانی هەڵبژاردن دا"، و لاوان و گەنجان لە ژێر تیشکی خۆرەتاوی جۆزەردان دا.

*ڕۆژنامەگەر، مستەفا قوانلو قاجار*

لاوانی کە لە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران دا لە دایک بوون، کاریگەرترین گرووپی کۆمەڵایەتی نێو خۆی ئێرانن بۆ ئاکامی هەڵبژاردنەکان.

ئەو لاوانەی کە ١٥ تا ٣٠ ساڵ تەمەنیانە، نیوەی دەنگدەرانی کۆمەڵگای ئێستای ئێرانن. زۆرترین ئەندامی بنکەکانی پروپاگەندەی هەڵبژاردن لاوەکانن، هەر چەند هەر کام لەو لاوانەش هۆکارگەلێکی جۆراوجۆری بۆ ئەندامبوون لەو بنکە تەبلیغاتی‌یانە دا هەیە.

## لاوان و بنکەکانی تەبلیغاتی

ئەو ماشێنانەی کە نوسراوەی HASHEMI بە زمانی ئینگلیسی‌یان پێوە لێکێندراوە زۆر بە تووندی لە شەقامەکانی باشووری تاران "ئێران زەمین" دەچنە سەر. ماشێنە نوێ و مودیل بالاکان لە قەراخی یەکێک لە یاریگاکانی وەرزشی سەر شەقامی سەرەکی لە بەر دەم بنکەی تەبلیغاتی هاشم ڕەفسەنجانی ڕادەوەستن.

زۆرترین پێکهێنەرانی ئەو بنکە پڕوپاگەندەیە کە خەریکی کارن، لاوەکانن، بە جلوبەرگی وڵاتانی ڕۆژئاوایی‌یەوە و قژە سەرەکانیان بە مۆدی ڕۆژ داهێناوە و ڕازاندۆتەوە.

محەممەد، یەکێکە لەو لاوانەی کە لەو بنکەیە خەریکی کاری پروپاگەندەیە، وێنە و نووسراوە چەسپی‌یەکانی هاشمی ڕەفسەنجانی بە دەستەوەن لە نێو ماشینەکانی کە بە قەراخ ئەو بنکەیە دا تێپەر دەبن بڵاو دەکاتەوە.

بەشێک لە ماشێنەکان پێش ئەوەی بگەنە نێزیک ئەو بنکەیە شیشە پەنجەرەی ماشێنەکانیان بەرز دەکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو نووسراوە تەبلیغاتی‌یانە وەر نەگرن، بەڵام هێندێک لەوان بە ڕووی خۆشەوە دەچن بۆ وەرگرتنی ئەو تەبلیغاتانە.

بەڵام محەممەد ئەو نووسراوە چەسپیانە تەنیا دەدات بە کەسانێک کە بۆ خۆیان لە قەراخ بنکەکە ڕادەوەستن. بە گورج و گۆڵی دۆستەکانی بانگ دەکات تا ماشێنەکە بە دڵی شوفیری ماشێنەکە بە چەسپ و وێنە داپۆشن و برازێننەوە.

سێ کچ کە دەرمانی خۆ ڕازاندنەوەیەکی زۆریان لە سەر و دەموچاوی خۆیان داوە، ڕادەوستن تا محەممەد و دۆستەکانی ماشینەکەیان بۆ برازێننەوە، دەنگی بەرزی موسیقای ڕۆژئاوایی لە ناو ماشێنەکە دا بە بەرزی بڵاو دەکرێتەوە و دەگاتە گوێی بەشدارانی دەوری ئەو بنکەیە و بگرە دوورتریش. دۆستەکانی محەممەد بە پەلە، ماشێنی پژۆ ٢٠٦ی ڕەنگ خۆڵەمێشی کچەکان دەور دەدەن و خەریکی لێدانی چەسپەکان دەبن لە پێش و پاشی ئەو ماشێنە، محەممەدیش لەو دەرفەتە کەڵک وەردەگرێ و خەریکی گاڵتەو گەپ دەبێت لە گەڵ کچەکان.

هێندێک لەو لاتر دوو کچ کە جلوبەرگێکی تەنگ و باریکی ڕەنگ سەوز و سپییان لە بەردایە، محەممەد دەدەنە بەر پلار و قسەی سووک، و بە محەممەد دەڵێن کە ئەو ئازادییە کاتییە و فریو نەخوات. محەممەدیش تەنیا بە وردە خەندەیەک وەڵامیان دەداتەوە. ماشێنێکیتر لە پێش محەممەد ڕایدەگرێ. پێش ئەوەی محەممەد چەسپەکان بداتە دەستی شۆفیرەکە، پیاوێکی تەمەن نێونجی بە هەناسەوە سەرێک ڕادەوەشێنێ و دەڵێ زۆر بۆت بە داخم. بەڵام محەممەد زوو وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: "ئەو کاتەی کە شۆڕشت کرد دەبوو بە داخ بی نەک ئێستا."

لە ئێران تەنیا لە نێوان نەسڵە جیاجیاکاند دا ئەو بۆشایە فکرییە پێک نەهاتووە، بەڵکوو لە نێو نەسڵی لاوەکانیش دا شێوەی جیاوازی بیر کردنەوە و هەڵسو کەوت پێکهاتووە، دەستەیەک بەشداری کردن لە هەڵبژاردن دا بە شتێکی زیادە و هیچ دەزانن و دەستەیەکیش بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردن دا وێڵ و سەرگەردانن.

بە پێی ئاخرین هەڵسەنگاندنێک کە لە لایەن "ایسپا" کە لە خەڵک کراو ٦٨% ی خەڵک ئێستا بڕیاریان نەداوە کە بەشداری لە هەڵبژاردن دا بکەن و ئایا دەنگ بدەن یا نا. و لە هەمان کاتیشدا بەشێک دەست نیشانیان نەکردووە کە ئەگەر قەرار بێت دەنگیش بدەن، بە دەنگی خۆیان کێ هەڵبژێرن، دەنگ بدەن بە کێ؟ ژمارەیەک لە لاوەکان خەریکی خۆ فێرکردن و سواری کەوشی تەگەر دارن" اسکیت سواری"، ئەوان چەسپەکانی تەبلیغاتیان لە دەوری سەری خۆیان گرێ داوە و خۆ بە ماشینەکانەوە هەڵداوەسن. شایان، یەکێکە لەو لاوانە کە کەوشی تەگەر داری لە لاق دان و دەڵێت: "بۆ من گرینگ نییە کە کام یەک لەو پاڵێوراوانە هەڵدەبژێردرێن، تەنیا دەمهەوێ کە ئازاد بم هیچ کەس لە کاتی لێخورین و یاری کردن بە کەوشی تەگەر دار مزاحیمم نەبێت و پێشم پێ نەگرێت." ئەو بە سەرو ولێژی ئەو شەقامە ئیشارە دەکات، کە چەند کەس بێسیم بە دەست لەوێ ڕاوەستاون. ئەوان ڕیشێکی درێژیان هەیە و شاقەلی کراسە سپییەکانیان بە سەر شاڵوارەکانیان دا بەر داوەتەوە و بە شۆفیرەکان دەڵێن بە تووندی لێبخورن و لێرە رامەوەستن، هەر ئەو بێسیم بەدەستانەکاریان بەو لاوانەی سەرەوەی ئەو شەقامە نەداوە و خۆیان تێ ناگەیێنن.

لەم ناوە دا یەک میلیۆن و ٧٥٠ هەزار دەنگ لە سنووری تەمەن ١٥ ساڵی دایە. ئاکامی جۆراوجۆری ئەو لێکۆلینەوەیە نیشان نادات کە دەنگەکانی سەرەتایی واتە ئەو یەک میلیۆن و ٧٥٠ هەزار دەنگە ئایا لە هەڵبژاردن دا بەشداری دەکەن یا نا ئەگەریش بەشداری دەکەن هەڵبژێراوی خۆشەویستی ئەوان کێ دەبێت.

دانیشتوانی نێو ماشێنێکی پاترۆڵ، خەریکی بڵاو کردنەوەی وێنەکانی" محەممەد باقر قالیباف"ن. حیسام.م دەڵێ:

لە هەڵبژاردن دا بەشداری ناکەم، بەڵام بۆ تەبلیغات لە بنکەکانی پروپاگەندەیی دا دامەزراوم. و دەبێ هەزاران وینە و پۆستەری کە لە ناو ماشینەکە دا پێیەتی، لە نێوان خەڵکی سەر شەقامەکان دا بڵاو بکاتەوە. بێکاری زۆر لە ئێراندا بۆتە هۆی ئەوە کە بەشێک لە لاوەکان لە یەکێک لە بنکەکانی تەبلیغاتی دا ببنە ئەندام بۆ ئەوەی لە داهاتوو دا لە یەکێک لە ئۆرگانەکان دا وەک مووچەخۆر دابمەزرێن، هەروەها بەشێک لەوانیش بەو پارە و پووڵەی کە لە لایەن پاڵێوراوانەوە بۆ تەبلیغات دیاری کراوە ئیشارە دەکەن.

عەلیڕەزا. ت دەڵێ: "بنکەی ئاغای کەروبی ٢٥٠ هەزار تمەن و بنکەی هاشمی ڕەفسەنجانی زیاتر لە ٤٠٠ هەزار تمەن بۆ یەک مانگ دەدات بەو کەسانەی کە پروپاگەندەیان بۆ هەڵبژاردن بۆ بکەن، و ئەگەریش کارەکەیان چاک بۆ بکەن و بە دڵیان بێت ئەوە یەک سکەی زێریان وەک پاداش پێ دەدرێت."

محەممەد ڕەزا کە هاوکات لە چەندین بنکەی تەبلیغاتی دا بۆ پاڵێوراوان کار دەکات دەڵێ: "بۆ من فەرق ناکات کە لە کام بنکە دا کار دەکەم ئەوەی بیری لێ دەکەمەوە ئەو پارەیە کە تەرخان کراوە بۆ ئەو کەسانەی تەبلیغات دەکەن و ئەوە بۆ من کاسبی‌یە."

"نەسیم" ناوی بنکەی نەسلی سێهەمیەکانی ئاغای موعین ە. لاوانی ئەندامی ئەو بنکەیە بە پۆشینی جلوبەرگی ڕەنگ سوور و باش و گران بە تەبلیغاتی خۆیان درێژە دەدەن.

نەسیم.م یەکێک لە کچانی" نەسلی سێهەم" و ئەندامی ستادی تەبلیغاتی‌یە. ئەو لە نێو دانیشتوانی ناو ماشێنەکان دا وێنە و پۆستەری ئاغای موعین بڵاو دەکاتەوە و داوا لەوان دەکات کە دەنگ بە ئاغای موعین بدەن. نەسیم دەڵێ: " ئەگەر توندڕەوەکان دەنگ بێننەوە، ئەوەندە ئازادی‌یەی کە هەشمانە لە دەستی دەدەین."، ئەگەرچی زۆربەی ئەو لاوانەی کە ئەندامی ستادی ئاغای موعینن، هۆکاری جۆراوجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنیان دا هەیە، بەلام وا وێدەچێ یەکێک لە سەرەکی‌ترین هۆکارەکانی ئەو بەشداری‌یە لە ستادەکانی هەڵبژاردن هۆکاری ماڵی و پەیدا کردنی پوڵی زۆر بێت، لەو هەڵبژاردنەدا.

## لاوان و شوعارەکانی هەڵبژاردن.

پاڵێوراوانی سەرۆک کۆماری زۆرتر لە شوعارەکانی خۆیان دا لاوەکان بە نموونە دێننەوە و دەڵێن کە نەسلی لاو دەبێ لە داهاتووی ئێراندا ڕۆڵی گرینگیان هەبێت.

موحیسن ڕەزایی دەڵێ ڕێکخراوی گەلی لاوان" سازمان ملی جوانان" یەک پرۆژەی شکست خواردوویە و دەبێ وەزارەتی لاوان و یا معاونەت و ڕاوێژکاری لاوان دابمەزرێت.

محەممەد باقر قالیباف کە لە زۆربەی وێنە و پۆستەرەکانی دا لاوان و مێرمندالانی تێدا دەبیندرێ، گووتویەتی: " ئەمن هیچ کات دژی خۆشحاڵی و شادمانی لاوان نەبووم و نیم. لە هێزەکانی پاراستنی ئەمنیەتیش دا بۆ پاراستنی شادی و سەروەری لاوان، زۆر کارم کردووە."

مەحموود ئەحمەدی نژاد لەو حەیف و مەیلانەی (گیرفان پر کردن لە سەروەتی ئیداری) لە ئیداراتی دەوڵەتی دا کراون ڕەخنەی گرتووە و گووتویەتی:" ئیدارەکانی دەوڵەتی لە تاران، گرانترین کۆشک و بیناکان دەکرن، لە حاڵێکدا دەتوانن هەر بەو پووڵ و پارەیە دەستی لاوان بگرن و وام بدەن بە لاوانی وڵاتەکەمان."

ئاماری زیاد کردنی لاوانی دانیشتوانی وڵات کە حەقی دەنگ دانیان هەبێت، ڕیژەی نێزیک بە ٣٣٨% ە. ئێستا ٢٤ میلیۆن لاو حەقی دەنگدانیان لەو دەورەیە دا هەیە. پێش بینی کراوە و وا وێدەچێ کە تا چوارساڵی دیکە ئەو ڕێژەیە لە ٣٠ میلیۆن تێپەر بکات. لە گەڵ هەموو ئەوانەشدا هیچ کام لە پاڵێوراوەکان تەرح و پرۆژەیەکی تایبەت و دیاری کراویان بۆ لاوانی ئێران بۆ دامەزراندنی کار و پیشە نەداوەتە دەر و هەروا بە بێ بەرنامە لاوەکانیان کردۆتە ئامانجی تەبلیغات و پروپاگەندەیی خۆیان و کەڵک لە ناوی لاوان و گەنجانی ولات وەر دەگرن بۆ ئەوە خەڵکی زۆرتر و بە تایبەت لاوەکان بکێشنە پای سندووقەکانی دەنگ دان، و هەر پاڵێوراوەی بە قازانجی خۆێ لە ناوی لاوان و گەنجان کەڵک وەر بگرێت.

سەرچاوە: ماڵپەری بیبیسی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی مای ٢٠٠٥

## به‌شداری نه‌كردنی خه‌ڵكی تێكۆشه‌ر و چاونه‌ترسی شاری سه‌رده‌شت له‌ هه‌ڵبژاردن دا و ده‌نگی نا به‌ هه‌ڵبژاردن

ته‌حریمی هه‌ڵبژاردن له‌ كوردستان و ده‌نگی نا به‌ هه‌ڵبژاردن له‌ ئێران دا و به‌ تایبه‌تی له‌ كوردستان دا كه‌م وێنه‌ بووه‌ و بۆ یه‌كه‌م جار له‌ مێژووی ئێراندا هه‌ڵبژاردن كه‌وتۆته‌ خولی دووهه‌م، ئه‌م هه‌ڵوێسته‌ش مستێكی توند بوو بۆ ده‌می كاربه‌ده‌ستانی ئێران، دیاره‌ خه‌ڵكی كوردستان به‌ گشتی كه‌متر له‌ ٣٨% به‌شداریان كردووه‌، ئه‌و ڕێژه‌یه‌ش له‌ ماڵپه‌ری" بازتاب" كه‌ ماڵپه‌ری تایبه‌تی موحسین ڕه‌زای‌یه‌ كه‌ پێشتر "فه‌رمانده‌ی سوپای پاسدارنی ئێران بووه‌ و ئێستاش یه‌كێك له‌ كاربه‌ده‌ستانی سه‌ركوتكه‌ری كۆماری ئیسلامی ئێرانه‌"، دا هاتووه‌ و بڵاوی كردۆته‌وه‌ كه‌، له‌ كوردستان و ئازه‌ربایجان كه‌مترین خه‌ڵك به‌شداریان له‌ هه‌ڵبژاردن دا كردووه‌، به‌شداری نه‌كردنی خه‌ڵك له‌ هه‌ڵبژاردن دا وایكرد كه‌ ته‌نانه‌ت كاربه‌ده‌ستانی ڕێژیمیش نه‌یان توانی ئه‌و به‌شداری نه‌كردنه‌ی خه‌ڵك بشارنه‌وه‌ و په‌رده‌پۆشی بكه‌ن، به‌ دڵنیایه‌وه‌ ده‌بێ بڵێم كه‌ ئه‌و ڕێژه‌یه‌ش كه‌ له‌ ماڵپه‌ری بازتاب دا هاتووه‌، زۆری پێوه‌ندراوه‌ و ڕاست نییه‌، و خه‌ڵكی كوردستان و ئێران زۆر چاك ده‌زانن كه‌ ئه‌مجاره‌ به‌ پێچه‌وانه‌ی خولی هه‌ڵبژاردنه‌كانی پێشوو، دانیشتوانی كوردستان كه‌مترین ڕێژه‌ی به‌شدار بوونیان هه‌بووه‌ له‌و خوله‌ی هه‌ڵبژاردنی سه‌رۆك كۆماری له‌ ئێراندا.

له‌ شاری سه‌رده‌شت دا ته‌نیا ٢٠% له‌ خه‌ڵك به‌شداریان كردووه‌ كه‌ به‌شی هه‌ره‌ زۆری ئه‌و ده‌نگده‌رانه‌ش یا هێزه‌كانی سه‌ر به‌ سوپا و جاش و هێزه‌كانی پاراستنی دام و ده‌زگاكانی سه‌ر به‌ حكومه‌تی بوون، یا ئه‌و كه‌سانه‌ بوون كه‌ مووچه‌ له‌ بنكه‌كانی پێراگه‌یشتنی به‌ ناو كۆمیته‌ی فریا كه‌وتن(كمیته‌ی امداد) و یا بنكه‌ی شه‌هید( بنیاد شه‌هید) وه‌ر ده‌گرن، به‌شێكیش ئه‌و كه‌سانه‌ بوون كه‌ بۆ كۆماری ئیسلامی و مانه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی ئاخونده‌كان كار بۆ حكومه‌ت ده‌كه‌ن و ئه‌وانیش له‌ به‌ر به‌رژه‌وه‌ندی شه‌خسی خۆیان ڕوویان له‌ سندووقه‌كانی ده‌نگ دان كرد بوو.

له‌ سه‌ریه‌ك كۆی ده‌نگه‌كانی شاری سه‌رده‌شت به‌ پێی ڕاگه‌یاندنی فه‌رمانداری ئه‌م شاره‌ ١٦٧٩٩ ده‌نگ بووه‌ كه‌ پێم وایه‌ ئه‌وه‌ش كۆی ڕاستی ده‌نگه‌كان نییه‌، چۆن فه‌رمانداری سه‌رده‌شت وه‌ك تێكرای به‌كرێگیراوانی ڕێژیم له‌ ئاست له‌ نێو بردنی كیانی گه‌لی كورد دا سوێندی خواردوه‌ و ئه‌ویش یه‌كێك له‌ داپڵۆسێنه‌رانی ڕێژیمه‌ و به‌ دائیم هه‌وڵی سه‌ركوت كردنی خۆپێشانداران و نارزایه‌تی‌یه‌كانی خه‌ڵكی وه‌زاڵه‌ هاتووی ئه‌م شاره‌ی داوه‌، هه‌ر بۆیه‌ دانی ئه‌و

**ئاماره درۆیەش لە لایەن فەرماندارەوە جێی متمانە نییە و تەنیا بۆ ئەوەیە کە شکستی گەورەی خۆیانی پێ وون بکەن و لە لای بەرپرسانی سەرەوەتری خۆیان ئابرووی ڕۆیشتووی خۆیان حەشار بدەن، ئەم ئامارەی فەرمانداری فڕی بە ڕاستییەوە نییە.**

*ئەوەش کۆی دەنگەکانە کە فەرمانداری داویەتی‌یە دەر.*

| | |
|---|---|
| ١- موستەفا موعین | ٥٠٣١ دەنگ |
| ٢- باقر قالیباف | ٣٤٨٩ دەنگ |
| ٣- دەنگی بەتاڵ | ٢٧٥٢ دەنگ |
| ٤- مێهدی کەهرووبی | ٢٧٠٤ دەنگ |
| ٥- هاشم ڕەفسەنجانی | ١٦٠٧ دەنگ |
| ٦- مێهر عەلی‌زادە | ٥٢٧ دەنگ |
| ٧- لاریجانی | ٤٩٦ دەنگ |
| ٨- ئەحمەدی نژاد | ١٩٣ دەنگ |

**خەڵکی کوردستان بە دانی دەنگی نا بە هەڵبژاردن و قاتڵانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد و خەڵکی ئێران بە ڕێژیمیان سەلماند کە هەر چەند تەمەنی پڕ لە شوورەیی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی ئێران درێژتر بێت، ئەوە چاکتر ڕووی دزێویان ئاشکرا دەبێت، و خەڵک و لاوانی کوردستان بە تایبەتی چاکتر و دلێرانەتر بە گژیان دا دچنەوە.**

**ئێستا کە خولی دووهەمی ئەم هەڵبژاردنە دەست پێدەکاتەوە، خەڵکی بوێر و شۆرشگێری کوردستان ناچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان چۆن هەر دوو پاڵێوراو، هاشم ڕەفسەنجانی و ئەحمەدی‌نژاد قاتڵ و پیلان دارێژەری شەهید کردنی "دوکتۆر قاسملوو"ن و بڕیار دەری تیرۆر و ئێعدامی هەزاران کەسی بێ تاوانی دیکەن، ئەمرۆ لە هەموو ڕۆژێکی دیکە زیاتر لاوانی کوردستان بۆ نەچوون بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان خۆیان ساز کردووە و ئەوەندەی بۆیان بکرێ بەربەرەکانی لە گەڵ ئەو کەسانەش دەکەن کە دەیان هەوێ پڕوپاگەندە بۆ هەڵبژاردن بکەن و بازار گەرمی بۆ خۆیان بکەن.**

دەنگ نەدان بە کۆماری ئیسلامی ئێران و نە چوونە سەر سندووقەکانی دەنگ دان، دەبێتە پشتگیری و هاوپشتی لە خەباتی بەرحەق و ڕەوای گەلی و کورد و ئازادیخوازنی ئێران و بە تایبەت کوردستان مەکۆی خۆراگری.

سوپاس بۆ هاوکاری و ناردنی ئەم ئامارە لە لایەن هاوکاری ماڵپەری گیارەنگەوە لە شاری سەردەشت

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: مای ٢٠٠٥

## یەکێەتی ئوروپا لە سەر هاتنە ناوەی تورکیە بۆ ناو ئەو یەکێەتی‌یە کۆبوونەوە پێک دێنێ.

کومیسیۆنی ئوروپا دەستووری کاری دانیشتن و پێراگەیشتن سەبارەت بە ئەندام بوونی تورکیە لە ئوروپا دا ڕادەگەیێنێت.

بریار وایە ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ ژوئن، کومیسیۆنی ئوروپا لە چوارچێوەی ئەو وتووێژانە کە وا وێدەچێ لە مانگی ئۆکتۆبری ئەمساڵ دا دەست پێبکەن و چەند ساڵێک بخایێنێت دیاری بکات، بە شێوەیەک کە تورکیە بتوانێ ئەو مەرجانەی بۆی دیاری دەکەن بۆ بوون بە ئەندام لە یەکێەتی ئوروپا دا جێبەجێ بکا و لە ئاکام دا ببێتە ئەندامی وڵاتانی ئوروپا.

ڕاگەیاندنی دەستووری کاری ئەم وتووێژە ڕێگا بۆ وتووێژەکانی داهاتوو خۆشتر دەکات، بەڵام بۆ وەگەر خستنی ئەو وتووێژانە پێویستە کە هەر ٢٥ وڵاتی ئەندامی یەکێەتی ئوروپا ئەو دەستووری کارە پەسەند بکەن.

لە گەڵ ئەوەدا کە ئەگەری ئەو دانیشتنانە درێژ خایانە و وا وێدەچێ کە ١٠ ساڵیش درێژ بێت، بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا وەرگیرانی تورکیە بۆ ناو یەکێەتی ئوروپا لە دوای ئەو دانیشتنانەش دیسان هەر مسوەگەر نابێت.

ساڵانێکە کە تورکیە خوازیاری بوون بە ئەندامە لە یەکێەتی ئوروپا دا و چاوەڕوانی هەیە کە لەو ڕێگایەوە بە باری ئابووری خۆی سەر و سامانێک بدات و پێشکەوتنێک لەو بوارەدا بە دەست بێنێت.
لە هەمان کاتدا، وا وێدەچێ کە لە هەلومەرجی ئێستا دا، بەشێک لە ئەندامانی یەکێەتی ئوروپا سەبارەت بە وەرگرتنی تورکیە بۆ ناو خۆیان زۆر دڵخۆشی لە خۆیان نیشان نادەن.

هێندێک لە وڵاتانی ئەندامی یەکێەتی ئوروپا سەبارەت بە قەبووڵ کردنی وڵاتێک بە بوونی حەفتا میلێون کەسەوە کە زۆربەی دانیشتوانی موسڵمانن، هەست بە نیگەرانی دەکەن.

لە ئەگەری وەرگیرانی تورکیە و بوون بە ئەندام لەو یەکێەتی‌یە دا، دانیشتوانی وڵاتی تورکیە دەتوانن لە حەقی هاتووچووی ئازادانە و کار کردن لە هەموو وڵاتانی ئەندامی یەکێەتی ئوروپا دا کەڵک وەر بگرن، ئەوە لە حاڵێک دایە کە مەسەلەی کۆچبەری، و بە تایبەت کۆچبەرانێک کە فەرهەنگیان جیاواز لە فەرهەنگی ئوروپای‌یەکانە، بۆتە یەکێک لە باسە گرینگەکانی بەشێک لەو ئەندامانەی نێو یەکێەتی ئوروپا دا.

هەروەها، بەشێک لە ئوروپایەکان سەبارەت بە وەزعیەتی سیاسی تورکیە، و یەک لەوان دامەزرانی دێمۆکراسی لەو وڵاتە دا، کۆمەڵێک پرسیاران هێناواتە ئاراوە.

بەم شێوەیە، واوێدەچێ کە تەنانەت ئەگەر دانیشتنەکان سەبارەت بە پەیوەند بوونی تورکیە بە یەکێەتی ئوروپاوە سەرکەوتوانەش درێژەی هەبێت، ئەو وڵاتە لە گەڵ هەلومەرج و بارودۆخێکی دژوارتریش بۆ بوون بە ئەندام لەو یەکێەتی‌یە دا بەرەو روو دەبێت.

سەرچاوە: بی‌بی‌سی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠٠٥

## نارەزایەتی بلژیک سەبارەت بە کردەوەی وەڤدی مەجلیسی کۆماری ئیسلامی ئێران

وەڤدێک لە کاربەدەستانی ئێرانی کە بۆ وڵاتی بلژیک سەفەریان کردوە، هەوڵی خۆیان دا بۆ مەنع کردنی مەشروباتی ئالکۆڵی و دەست لێنەدانەوە لە گەڵ ژنان، ئەو هەڵوێستەش بوو بە هۆی دڵ ئێشەی، خانەخوێکانیان. هرمان دکرۆ، بەرپرسی پارڵمانی بلژیک، دوای داواکاری وەڤدی پارڵمانی کۆماری ئیسلامی ئێران بریاری دا بە جێگای مل دان بە خواستی میوانەکان، بەرنامەی خواردنی نیوەرۆ تێک بدات.

هەروەها خاتوو ئان ماری لێزین، بەرپرسی سەنای بلژیک، سەبارەت بە دەست لێنەدانەوە وەڤدی ئێرانی لە گەڵ ژنان و تەنانەت لە گەڵ خۆشیدا، دیداری خۆی لە گەڵ غولامعەلی حداد عادڵ، بەرپرسی تووندرەوەکانی مەجلیسی کۆماری ئیسلامی ئێرانی هەڵوەشاندەوە.

پاتریک پرمانس، وتوبێژی لایەنی بلژیکی رایگەیاند کە: "ئێمە هەوڵمان دا رێگا چارەیەک بدۆزینەوە، بەڵام ئەوان لە سەر هەڵوێستی خۆیان سوور بوون کە ئەوان حازر نین دەست لە گەڵ خاتوو لێزین لێبدەنەوە."

سەنای بلژیک ڕایگەیاند کە دیداری خاتوو لێزین و تێکرای ڕێبەرانی سەنا لە گەڵ هەئیەتی دوازدە کەسەی ئێرانی بە هۆی " ملنەدان و خۆ بواردن" لە دەست لێدانەوە لە گەڵ هاوکاری خۆیان، واتە خاتوو لێزین هەڵوەشاندۆتەوە.

پێش ئەو هەڵوێستەش لە سەر شەراب هێنان بۆ ناو دانیشتنەکەیان هێندێک مشتومڕیان لێ پەیدا ببوو، کە ئەوەش ببوو هۆی ئەوە کە ڕقی بەرپرسی پارڵمانی بلژیک هەستێت، لە بەر ئەوە بەرپرسی پارڵمانی بلژیک لە سەر ئەو باوەرەیە کە وەڤدی ئێرانی دەبوو داخوازیەکانی خۆیان بە نووسراوە دا با بە وەڤدی خانەخوێ.

ئاغای دکرۆ ڕایگەیاند کە: "ئەمن ئەو داخوازیەی وەڤدی میوانم بە شێوەی نووسراوە بە دەست نەگەیشتووە، بەڵام ئەوان ناراستەوخۆ لە منیان دەویست کە لە خواردنەوەی مەشرووب خۆ ببوێرم و مەشرووب نەخۆمەوە. ئەو کارەش تەنانەت بۆ کەسێکی لە سەرخۆی وەک "هرمان دکرۆ" ش ئەو پەری بێ نەزاکەتیە.

لە ئاکام دا بریار دراوە کە بەرپرسی پارڵمانی بلژیک بۆ ماوەی یەک کاتژمێر وەفدی ئێرانی لە ڕۆژی هەینی دا وەر بگرێ.

وتەبێژی پارڵمانی بلژیک گووتی کە: چاوەروانیمان نەبوو کە وەفدی ئێرانی لە گەڵ وەفدی میوانداری بلژیکی وەک یەک بن. ئەو گووتی: "میوانەکان دەیان توانی لە خواردنەوەی مەشرووبی ئەلکۆلی دا بەشداری خواردنەوە نەبن، بەڵام ئێمە نەمان دەویست کە تەسلیمی قانوونی دەروەکی بین. نوێنەرانی بلژیک بریاریان دا گوتیان: کە لە سەر داب و ئوسوڵی ڕۆژئاوایی خۆیان دەمێننەوە."

ئەو ڕووداوە لە کاتێک دا ڕوو دەدا کە، ئوروپایەکان لە هەڵبژێرانی مەحموود ئەحمەدیندژاد، هاوپەیمانی ئاغای حەدداد عادل، بۆ سەروک کۆماری ئێران بە تەواوی سەریان سووڕماوە.

چەند کەس لە کاربەدەستانی ئوروپای لە گرتنەبەری ئەو ڕێگای نوێیەی ئێران، بە سرنجدان بە وەعدە و قەولەکانی ئاغای ئەحمەدینژاد بۆ درێژەدان بە وتووێژەکانی چەکی ناوەکی ئێحساسی نیگەرانیان کردووە.

سەرچاوە: بیبیسی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: جوونی ٢٠٠٥

## وتووێژی "پرتو سخن" لە گەڵ فەرماندەی بنکەی ئاشقانی شەهادەت

ئەمریکا و ئیسرائیل دەبێ بزانن کە هەر یەک لە کەسانی شەهادەت خوازی ئێمە بۆمبێکی ناوەکین بۆ ئەوان.

پرتو، بیستوومانە کە بنکەی ئاشقانی شەهادەت، سەبارەت بە بوونی کەسانی شەهادەت خواز، هێندێک بەرنامە و چالاکیان بە دەستەوەیە، دەتوانی لەو بارەوە بۆمان باس بکەی.

یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو بنکەیە ئەوەیە کە، کەسانی شەهادەت خوازی نێو کۆمەڵگا بدۆزێتەوە، و ڕایان کێشیت و ڕێکیان بخات و فێریان بکات، کە ئینشاللا لە کاتی پێویست دا بە فەرمان و ئەمری فەرماندەی گەورەو گشتی هێزەکان، بتوانن بە کردەوە بچنە ناو ئەو گۆڕەپانەوە. ئێمە گەلێکی لێزان و زیندوین و دەبێ بتوانین لە خۆمان بەرگری بکەین، حەزرەتی ئیمام فەرموویەتی کە وڵاتێکی موسڵمان، دەبێ گشت لایەکی چەکدار بێت، کە وایە ئێمە دەبێ هیچ گوێ نەدەین بەو هەرەشانەی کە ئەمرۆ بە دژی ئێمە لە ئارا دان، ئەو ئامادەبوونە دەبێ لە خۆمان دا بپارێزین و زیاتری بکەین. حەزرەتی ئایەتوڵڵا خامەنەیی، ئێستاش هەروا لە سەر پێویستی ئەو ئامادە بوونە سوورە و ئێمەش لەو پێناوە دا، بنکەی ئاشقانی شەهادەتمان درووست کردووە، کە ئینشاللا بتوانین ئەو بەرنامە و تەکبیرانەی کە حەزرەتی ئیمام و ڕیبەری گەورە دایان ناوە بە کردەوە بەڕێوەی بەرین. حەزرەتی ئیمام چەندین ساڵ بەر لەئێستا فەرموویەتی کە ئیسرائیل دەبێ لە سەر لاپەرەی ڕۆژگار ڕەش بکرێتەوە و هیچی نەمێنێ، بەڵام تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی بە کردەوە بۆ ئەم کارە هەڵ نەهێندراوەتەوە، بنکەی ئاشقان دەبێ بە دۆزینەوە و ڕاکێشان و ڕێکخستن و فێرکردنی کەسانی شەهادەتخواز، ئەو باسە بە کردەوە بەئەنجام بگەیێنێ و وەدوا کەوتنی ئەو ستراتیژییەی حەزرەتی ئیمام و ڕێبەری گەورە بە سەلاحی ئیسلام و شۆڕشەکەمان نیە و پاشەکشەش لەو ستراتیژیە بە ڕەوا نازانم.

هەر بۆ ئەم مەبەستەش بنکەی ئاشقانی شەهادەت چالاک بووە و ئێمە ئێستا هەر یەک لە پارێزگاکانی وڵات دەکەینە لەشکرێکی شەهادەتخواز و بە شێوەی تیپ و گوردان و دەستە بۆ بەرگری لە مان و مەوجوودیەتی ئیسلام و بە پێی بەرنامە و تەکبیرەکانی ڕێبەری گەورەی شۆڕشی ئیسلامی و حەزرەتی ئیمام، ئامادەیان دەکەین و هەر کاتێک هەستمان کرد ئەوە دەچینە نێو گۆڕەپان و بە پشتیوانی خوای گەورە بە کردەوە بە ئەرکی خۆمان هەڵدەستین. ئێمە بە گەورەی خوا و بە ئۆمید و ئیرادە و پشتیوانی مەعنەوی، و هێز و پشتیوانەوە هەنگاومان هەڵێناوەتەوە و بە زوویی مەزلوومان و ئازادیخوازانی جیهان بە دژی زاڵمان ساز و تەیار دەکەین. و لە سەر ئەم کارەش سوورین و بۆ ئەم کارەش هیچ پێویستمان بە یارمەتی ماڵی و مەعنەوی نیە و تەنیا پێویستمان بە ڕەحمەت و بەرەکەتی خوای گەورەیە و بەس.

سەروەتی ئێمە، تەنیا ئەو گەنج و لاوە خوێن گەرم و قورئان خوێنانەن کە خۆیان بە ڕێبەری گەورەی موسڵمانان پەیوەند کردووە، هەڵبەت هێندێک وردە کاریمان لە سەر شێوە وەگەر خستنی لەشکەرەکانمان هەیە کە پێم باشە باسی بکەم. تەنیا بۆ شاری تاران چوار لەشکەر دیاری دەکرێ کە لە باشوور، باکوور، ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای ئەم

شارە دادەمەزرێن و بۆ هەریەک لە پارێزگاکانی دیکەی وڵاتیش یەک لەشکەر ئامادە دەکەین و ئێستا لە قۆناغی کۆکردنەوە و ڕێکخستن داییین و بە زووترین کات ڕایان دێنین و ئەرکەکانیان بۆ دیاری دەکەین.
مەسەلەی چەکی ناوەکی کە ئەمریکا و ئوروپا هێناویانەتە گۆڕی و بە دژی ئێمە هەڵوێستیان گرتووە و خەلک و ڕێکخراوەکانی جیهانی لە ئێمە هان دەدەن، ئەوە هەمووی بلّقی سەر ئاون. ڕەنگ بێ ئێمە پێویستمان بە بۆمبی ئەتۆم هەر نەبێ کە بە دژی ئەوان کەڵکی لێ وەر بگرین، چۆن ئێستا هەر یەک لە شەهادەتخوازانی ئێمە بۆ ئەوان یەک بۆمبی ئەتۆمین و ئێمە پێویستمان بە چەکی ناوەکی نییە.

ماوەیەک لە مەوبەر لە دیدارێک لە شاری قوم دا بە دیداری گەورە عیلمانەکانی ئەو شارە شاد بووین و حەزرەتی ئایەتووڵڵا نووری هەمەدانی فەرمووی کە بە بوونی هێزی شەهادەتخواز ئێمە پێویستمان بە چەکی ناوەکی نییە و هێزی شەهادەتخوازی ئێمە، هەر ئەو ئینسانانەن کە بە فیدا کردنی گیانی خۆیان زۆرترین زەربە لە دوژمن دەدەن و ئەگەر ئەمریکا ڕۆژێک لە گەڵ ئێمە بکەوێتە شەر زۆرترین باج لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و تەنانەت لە جیهان دا دەدات. ئەمریکا دەبێ بزانێت کە ئێمە چەکی ناوەکی‌مان هەیە، بەڵام بە شێوەی هێزی شەهادەتخواز و بە ئیمان و هیچ نیازمان بە درووست کردنی چەکی ناوەکی نییە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی پرتو سخن. ژمارە ٢٨٣ ڕێکەوتی ١ی پووشپەری ١٣٨٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی جوولای ٢٠٠٥

## کۆماری ئیسلامی دەیهەوێت بە نەمانی خۆی ئێرانیش لە ناو بەرێت.

ڕەوشەنگەری: هێنانەدەری مەحمووود ئەحمەدی‌نژاد نوێنەرەی توندرەوترین و سەرکوتگەرەترین باڵی ڕێژیم وەک سەرۆک کۆمار لە خولی نۆهەمی سەرۆک کۆماری ڕێژیم دا، کاردانەوەیەکی بەرینی لە جیهان دا پێک هێناوە. بەیانی ڕۆژی هەینی ١ - ٧ - ٢٠٠٥ ئەو سوئێدیانەی کە دەچوونە سەر ئیش و کار، چاویان بە وێنەیەک لە ژێرەوەی ڕۆژنامەی مترۆ دا کەوت، کە سەردێری بابەتەکەی لە زمانی بارمتەگیراوەکانەوە نووسرا بوو: سەر کۆماری

ئێران تیرۆریستە. ڕۆژنامەی مترۆ کە بە خۆراوی بڵاو دەبێتە یەکێکە لەو ڕۆژنامانە کە زۆرترین خوێنەری لە بەیانیانی سوئێد دا هەیە و لە وڵاتانی دیکەی جیهانیش بە چاپ دەگات.

لەو بابەتە دا چەند کەس لە مووچەخۆرانی ئەمریکای لە سەر بە بارمتەگیرانی خۆیان شاهیدی دەدەن، "چارلز ئسکات" ئەفسەری خانەنشین بە واشنگتۆن تایمز . کە سەر بە کۆمەڵی توندرەوانی مەسیحی و ئیسرائیلی و لاینگری گەمارۆی ئابووری و شەر لە گەڵ ئێرانە. دەڵێ: هەر کە وێنەکەم لە ڕۆژنامە دا دیت، تێگەیشتم کە ئەوە هەر ئەو بەرازەی پێشوویە، ئەو یەکێک لەو دوو سێ ڕێبەرە سەرەکی‌یە بوو. سەرکۆماری نوێ تیرۆریستە. هەر لەو بابەتە دا هاتووە کە یەکێک لە بارمتەگیراوەکان بە ناوی "دونالد شایرر" بە ئای‌بی‌سی گووت: ئەحمەدی‌نژاد زۆر توندرەو بوو و ملی بۆ هیچ ڕێکەوتنێک لە گەڵ ئێمە نەدەدا. ئەو ناوی ئێمەی بە بەراز و سەگ ناو دەبرد. دوو کەس لەو بارمتەگیراوانەی ڕابردوو "کوین هرمینگ و بیل داگلاس"یش لەو بارەوە شاهیدیان داوە، هەر لەو ڕۆژنامەیە دا ڕەد کردنەوەی ئەو قسانە لە لایەن "موحسین میردامادی و عەباس عەبدی" کە بۆ خۆیان دوو کەس لە بارمتەچی‌یەکانی ئەو کات بوون و دەستیان لەو بارمتەگرتنە دا هەبووە بە چاپ گەیشتووە.

جیاواز لەوە کە هەواڵی پەیوەندی‌دار بە بەشداری ئەحمەدی‌نژاد لەو بارمتەگیری‌یە دا ڕاست بێ یا ناڕاست، کاردانەوەی تا ئێستای ڕۆژئاوا بە هەڵبژاردنی ئەحمەدی‌نژاد زۆر کوتوپڕ و چاوەڕوان نەکراوە نەبووە، و هەر ئەوەش نیشان دەدات کە ڕیبەرانی کۆماری ئیسلامی بڕیاریان داوە کە لە گەڵ بەربوونەوە و هاتنەخوارەوەی خۆیان لە دەسەڵات، وڵاتی ئێران بە خاک و خوێن بکێشن و پشتی ئێران زیاتر لە جاران لە ژێر گەمارۆی ئابووری دا بچەمێننەوە و تووشی نەهامەتی بکەن، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئەحمەدی‌نژادیان هەڵبژاردووە.

هەواڵی پەیوەندی‌دار بە مەنعی نەخواردنەوەی شەراب لە خواردنی نیوەڕۆ لە پارلمانی بلژیک دا، دەبێ لە تەنیشت ئەو هەواڵانە دا دەبنێی، نەک تەنیا لە بەر ئەوە کە بنج و بناوانی ئەوانت بۆ دەربکەوێ بەڵکوو بۆ ئەوە کە بێ بەرپرسیاری و گوێ نەدانی کاربەدەستانی ڕێژیم و دوور بوونەوەیان لە دونیای دەرەوە دا چاکتر دەر بکەوێ و بزانی.

سەرچاوە: ڕەوشەنگەری

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: جوولای ٢٠٠٥

## هێرشی بەکرێگیراونی ڕێژیم بۆ سەر لاوانی شاری مەهابادی لانکی شۆرش

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە شاری مەهاباد، شاری شەهید پێشەوا، دوێنێ شەو بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە یەکێک لە شەقامەکانی شاری مەهاباد، شەقامی ئیستقلال، هێرشیان کردە سەر چەند کەس لە لاوانی ئەم شارە کە خەریکی ئیسراحەت کردن و قسەکردن لە گەڵ یەکتر بوون. لە ئاکامی ئەو هێرشە دڕندانەیە دا و بە هۆی دەسرێژی چەکی چڵکاوخۆرانی ڕێژیم چەند کەس لە لاوەکان بە گوللە دەپێکرێن.

بە پێی هەواڵی باوەڕپێکراو لە شاری مەهاباد یەکێک لە لاوەکان بە ناوی شوانە کوڕی سەید قادر زۆر بە توندی بریندار دەبێ و پاش چەند خولەکێک هەر لەوێ گیانی لە دەست دەدا و شەهید دەبێ، و دوو کەس لە لاوەکانیش زۆر بە سەختی بریندار دەبن، ناوی یەکێک لە بریندارەکان "محەممەد"ە، دیارە وەزعی یەکیان زۆر خەراپە و گیانی لە ژێر مەترسی دایە.دوای بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵە لە دەوروبەری شەقامی ئیستقلال خەڵک ڕژانە سەرشەقام و بە توندی ئەو جینایەتەیان مەحکووم کرد و دەستیان بەدرووشم دان بە دژی ڕێژیم کرد. ڕێژیم ئەو شەوە بەشی زۆری کۆڵان و شەقامەکانی شاری گرتبوو.

ئەم جۆرە کردەوانە یەکەم جار نییە و زۆر جار چەکدارانی ڕێژیم کە لە ئاست ئیرادەی خەڵکی کوردستان دا دەستەوەستان دەمینن بە پێی خووی سپڵانەیان خۆیان دەکەونە گیانی خەڵک و بەم شێوەیە قینی پەنگ خواردووی خۆیان هەڵدەڕێژن و کاسەلێسی خۆیان بۆ ڕێژیم زیاتر دەسەلمێنن، بێشک خوێنی ئەو لاوانەش دەبێتە مەشخەڵی لاوانی دیکەی کوردستان و بە تایبەت لاوانی شاری مەهاباد.

هەموو ساڵێک لە بەرەبەری ساڵوەگەری شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی دا لە زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات، ڕیژیم هێزەکانی خۆی تەیارتر دەکات بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خاوی خۆی پێشگیری لە یادکردنەوەی شەهیدان دوکتوور قاسملوو و هاوڕێیانی بگرێ، و زۆر جار پێش وەخت وەک ئەمجارە هێرشیان کردۆتە سەر خەڵک و دانیشتوانی شار و گوندەکانی کوردستان بۆ ئەوەی خەڵک چاو ترسێن بکەن، بەڵام خەڵکی کوردستان زۆر لەوە بوێرتر و مەزنترن کە لە هێرش و پەلاماری شەمشەکوێرەکانی جەماران و تاران بترسن.

له‌ ماوه‌ی ٢٦ ساڵ ده‌سه‌ڵاتداری حاكمانی مێژه‌ر به‌سه‌ر دا، كوشت و برین و گیران و له‌ سێداره‌دانی خه‌ڵكی كورد هه‌ر به‌رده‌وام بووه‌ و هه‌ر جاره‌ی به‌ شێوه‌یه‌ک دانیشتوان و خه‌ڵكی سێڤێلی كوردستانیان خستۆته‌ به‌ر ڕق و قینی جه‌لادانه‌ی خۆیان، به‌ڵام خه‌بات و به‌ربه‌ره‌كانی گه‌لی كورد هه‌ر به‌رده‌وام بووه‌ و به‌ خه‌بات و تێكۆشانی خۆیان دڵی دوژمنیان خستۆته‌ له‌رزه‌.

له‌ ماوه‌ی چه‌ند مانگی ڕابردوو دا له‌ كوردستان و به‌ تایبه‌ت شاری شه‌هید پێشه‌وا دا، شاهیدی به‌رهه‌ڵستكاری و له‌خۆبردوویی خه‌ڵكی ئه‌م شاره‌ و به‌ تایبه‌ت لاوان بووین كه‌ چۆن چه‌كدار و جاشه‌ خۆفرۆشه‌كانی ڕێژیمیان زراوتۆقێن كردووه‌، خۆپێشاندانه‌كانی خه‌ڵكی كوردستان و شاری شه‌هید پێشه‌وا، له‌ گیرانی دیكتاتۆری عێراق سه‌ددام حوسێن و دار و ده‌سته‌ خوێنمژه‌كه‌ی را بگره‌ هه‌تا ئه‌مرۆ كه‌ چه‌ندین سه‌ركه‌وتنی دیكه‌ی وه‌ک هه‌ڵبژێرانی به‌رێز جه‌لال تاڵه‌بانی وه‌ک سه‌رۆک كۆماری عێراقی فیدراڵ و هه‌ڵبژاردنی به‌رێز مه‌سعوود بارزانی به‌ سه‌رۆكی هه‌رێمی كوردستان و چه‌ندین ده‌سكه‌وتی دیكه‌ی كوردستانی باشوور بۆته‌ هۆی ئه‌وه‌ كه‌ زیاتر له‌ پێشوو ڕێژیمی داخ له‌ دڵی كورد نائومێدتر بكه‌ن، به‌ تایبه‌تی دوای ئه‌وه‌ كه‌ ڕێژیم بۆی ده‌ركه‌وت كه‌ خه‌ڵكی كوردستان به‌شداری‌یان له‌ هه‌ڵبژاردنی خولی نۆهه‌می سه‌رۆک كۆماری ئێران دا نه‌كردووه‌ به‌ ته‌واوی له‌ كوردستان هیوابڕ بووه‌ و هه‌ودای خه‌یاڵی خاوی چه‌ندین ساڵه‌یان به‌ یه‌كجاری پساوه‌ و گلۆڵه‌ی شلوپلیان كه‌وتۆته‌ لێژی.

كاربه‌ده‌ستانی ڕێژیم بۆ ئه‌وه‌ی كه‌ قه‌ره‌بوو و تۆڵه‌ی ئه‌م تێكشكانه‌ سه‌رشۆڕانه‌یان بكه‌نه‌وه‌ هه‌ر له‌ ئێستا را خه‌ریكی به‌ خاک و خوێن كێشانی كوردستانن و هێزی زیاتر و پۆشته‌ و په‌رداختر دێننه‌ كوردستان، به‌ڵام كوا هێزی زۆر و بۆری ڕیژیم له‌ به‌رامبه‌ر ئیراده‌ و راوه‌ستانی خه‌ڵكی كورد دا ده‌توانێ خۆ بگرێت، له‌ سه‌رده‌می ئێستا دا گه‌لی كورد له‌ ساڵانی پێشوو یه‌كگرتووتر و سوورترن له‌ ئاست ماف و داواكاری‌یه‌كانی خۆیان و له‌ ڕابردووش زیاتر ئاماده‌گیان هه‌یه‌ بۆ به‌گژ داچوونه‌وه‌ی كرداری نامرۆڤانه‌ی كار به‌ده‌ستانی ڕێژیم، ئه‌و یه‌كگرتووی و سووربوونه‌ی ریزه‌كانی گه‌لیش، بۆته‌ هۆی ئه‌وه‌ كه‌ ڕێژیم جیا له‌ هێرش كردن بۆ سه‌ر لاوانی كوردستان ڕێگایه‌كی دیكه‌ی بۆ نه‌مێنێته‌وه‌ و جینایه‌تی وه‌ک شه‌وی شه‌ممه‌ی ڕابردووی شاری مه‌هاباد بخوڵقێنێ و هێندێک دڵی برینـدار و ترساوی خۆی پێ سارێژ و ته‌سكین بكات.

سه‌رچاوه‌: ماڵپه‌ڕی گیاره‌نگ - ڕێكه‌وتی: ١١ی جوولای ٢٠٠٥

## لاوانی بە هەست و شۆرشگێری كرمانشان بۆ یارمەتی لاوانی شاری مەهاباد گەیشتوونە شاری شەهید پێشەوا

دوابەدوای خۆپێشاندانەكانی خەڵكی بە ئەمەگ و شۆرشگێری شاری مەهاباد فەرمانداری بەكرێگیراوی ڕێژیم لەم شارە، داوای لە كاربەدەستانی سەرتر كردووە بۆ پێراگەیشتنی داواكاری و داخوازیيەكانی شاری مەهاباد وەڤدێک بنێرن بۆ ئەم شارە.

دیارە ئەم هەڵوێستەی فەرمانداری بەكرێگیراو لەبەر دڵسۆزی كردن بە دانیشتوانی ئەو دەڤەرە نییە، بەڵكوو ئیرادە و خۆڕاگری و هێرشی بەردەوامی دانیشتوانی شاری هەمیشە شۆرشگێری شەهید پێشەوایە، بۆ سەر جەستەی بۆگەنی دەسەڵاتدارانی ئەم شارە، كە فەرماندار دێنێتە سەر ئەو قەناعەتە كە وا بە زەبوونی و داماوی داوای پێراگەیشتن بە داخوازی خەڵک بە دەزگای سەرەوەتری خۆی ڕابگەیێنێ، هەموو لایەک دەزانن كە بەر لە داواكاری فەرمانداری بۆ چارەسەری ئەو داخوازییانە، هەر جەنابی فەرماندار و بەكرێگیراوەكانی دیكە بوون كە داوای هێزی یارمەتیدەریان كردووە بۆ سەركوتی خۆپێشاندانەكانی چەند ڕۆژی ڕابردووی ئەم شارە. بەڵام خەڵكی تێگەیشتوو و بوێری شاری شەهیدان فریوی قسەی پووچ و بێ مایەكانی فەرماندار و وەڤدی ڕێژیم ناخۆن، چۆن زۆرجاری دیكەش ئەم بەكرێگیراوانە، بەڵێن و قەولی دیكەیان بە خەڵک داوە و هەر ئەوانە، قەت بۆ تاقە جارێكیش وەفایان بە قەول و بەڵێنییەكانی خۆیان نەكردووە و بەڵكوو هەمیشە لە پشتەوە را خەریكی ئاژاوە نانەوە و دووبەرەكی و بەگرت دانی خەڵک و دانیشتوانی ئەو ناوچەیە و ناوچەكانی دیكە بوون و هەن.

دوای ئەوە كە هەواڵی ئەو خۆپێشاندانانە لە كوردستان و لە هەموو ئێران دا بڵاو بۆوە، دۆست و لایەنگرانی گەلی كورد و بە تایبەت هێزە سیاسیيەكان بە هەموو توانایانەوە كردەوە دزێوەكانی ڕێژیمیان لە قاو دا و ڕاگەیاندراو و بەیاننامەی تایبەت و نامەی هاودەردی و پشتیوانی لە خەڵكی قارەمانی شاری مەهابادیان بڵاو كردنەوە و بە تایبەت دوای شەهید كردنی سەید شوانە و بڵاو بوونەوەی وێنەكانی هەموو لایەک بە تەواوی لە جینایەتی سامناكی ڕیزەكانی سەركوتكەری ئیتلاعات و هێزەكانی پاراستن و ئەمنییەتی دەسەڵاتدارانی دیكتاتۆری ئێران ئاگادار كرانەوە، هەر ئەوەش بۆ هۆی ئەوە كە خەڵک و لاوانی نیشتمان پەروەری شار و گوندەكانی كوردستان لە دوور و نێزیكەوە خۆ بگەیێنە ئەم شارە و تێكەڵ بە ئاپۆرای خەڵكی وەزاڵە هاتووی ئەم شارە بن.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو دەستەیەک لە لاوەکانی بە هەست و شۆڕشگێری شاری کرمانشان خۆیان گەیاندۆتە شاری مەهاباد و تێکەڵ بە خەڵک بوون، ئەو کارەش بۆتە هۆی دڵگەرمتر بوونی خەڵکی ئەم شارە و ڕاپەڕینەکانیان هەروا بەردەوام درێژە پێدەدەن.

ئەم شەو ڕێکەوتی ١٥ - ٧ - ٢٠٠٥ کاتژمێر ٩ی شەو بە کاتی کوردستان لە شەقامی ئیستقلال کە ئێستا بە هۆی ڕاپەرین و خۆپێشاندانەکان ناویان ناوە شەقامی شۆڕش پێک دادان و شەر لە نێوان هێزە سیخور و جاش و پاسدارەکان ڕووی داوە کە خەڵک بە دار و بەرد و لەتکە خشتە کەوتوونە گیانی زەندەق چووی ئەم خۆفرۆشانە و چەندین کۆڵان ئەو ترسنۆکانەیان ڕاو ناون، هەر لەو شەقامە چڵکاوخۆرانی ڕێژیم بە گازی فرمێسک هێنەر بەرگریان لە خۆیان کردووە، و دوایەش بە تەقە کردن پاشەکشەیان کردووە، ڕێژیم لە ئاست ئەو بوێرییەی لاوانی شاری مەهاباد بە چۆک داهاتووە و هیچ ڕێگایەکی دیکەی نییە جیا لەوە کە تەسلیمی ئیرادە و خواستی خەڵک بێت.

ڕێژیم لە بەر زەبوونی و داماوی خۆی هێڵی تەلەفوونی مەهاباد و ناوچەی مەهابادی خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و تۆڕی ئینترنێتی بە تەواوی خستۆتە ژێر کۆنترۆڵ. دیارە بە هۆی هاتنە مەیدانی چەند ڕۆژەی خەلکی شاری مەهاباد و بە تایبەت داخستنی دووکان و شەقامەکانی شار لە ڕۆژی شەهید کردنی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی دا ڕێژیم بە تەواوی نەترەی چووە، هەر بۆیە بۆ بەرگری کردن لە خۆی بەشێک لە شوێنە بەرزەکانی شاری گرتووە بە تایبەت پشتی ڕادیۆ تەلەفزیۆنی شاری گرتووە لە بەر ئەوە کە دەترسێ لاوەکان ئەم شوێنە بگرن و لەوێ را دەنگی خۆیان بە گوێی تەواوی ئەو ناوچەیە بگەیێنن.

بەڵام خەیاڵی خاوی دوژمن بە تاڵە، چۆن دەنگی دلێرانەی ئەم خەڵکە زۆر زووتر لە مشوورخواردنی ترسنۆکانەی ڕێژیم بە ناوچە و کوردستان و بە گشتی ئێران و جیهان دا بڵاو بۆوە و هیچ پێویست بەوە ناکا کە لاوان بە ڕادیۆیەک دەنگی خۆیان بەرزتر بکەنەوە، ئەدی ئەو نییە کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ خۆیان هاوار دەکەن کە بە فریامان وەرن و هێزی سەرکوتکەر لە میاندواو و نەغەدە و ورمێ ڕا دێنن، ئەدی ئەوە نییە ماڵپەری بازتاب کە بەرێوەبەرەکەی "موحیسن ڕەزایی"، بەرپرسی پێشووی سوپای پاسدارانی ئێران، نەیتوانیوە ئەو بزووتنەوەیە پەردەپۆش بکات، ئەدی ئەوەنیە لاوانی کوردستان دەستە دەستە خۆ دەگەیێنە ئەم شارە بۆ گۆڕ هەڵکەندنی یەکجارەکی بۆ داگیرکەرانی کوردستان و ئەدی ئەوە نیە دەنگ و نەعەرەتەی شێرانەی لاوان و سروودی ئەی ڕەقیب

و قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە، چۆکی بە فەرماندار و تێکرای کاربەدەستانی ڕیژیم دا داوە.

کە وابوو خەڵکی کوردستان و بە تایبەت شاری شەهیدانی نەمر سەدر و سەیف و قازی بە گرتنی چەند شوێنێکی بەرز ترسیان لێ نانیشێ و بەڵکوو بۆ پاک کردنەوەی یەکجارەکی دوژمن لە هەموو شوێنەکانی کوردستان هەول دەدەن و پلان و بەرنامەی ئازادی کوردستان دادەرێژن و لە بەرزایەکانی کوردستان ئاڵای دەستی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان دەشەکێنەوە و شایی و ڕەشبەڵکی کیژ و کوڕانی جلک سۆرانی پۆش و ئاڵا بە دەست، لە سەر گۆڕی داگیرکەران دادەمەزرێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠٠٥

## زەبرو زەنگی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەرگری خەڵکی قارەمان و شۆرشگێری کوردستان

حوسێن مام عەبدەی خەڵکی گوندی باڵان لە ڕێکەوتی ٢٦ی پووشپەری ١٣٨٤ی هەتاوی کەخەریکی کار و کاسبی خۆی دەبێت و بەماشێنی خۆی کە تەنیا پوودری شەربەتی پێ دەبێت لە نێوان بنکەی پشکنینی سەرکوتکەران لە نێوان گوندی باسکدوو و بێزیلێ دا دەکەویتەوە بەر دەسرێژی چەکی ئینسان کوژانی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە بەر ئەوە گوللەی وەسەری دەکەوێت بەداخەوە ماشێنەکەی هەڵدەدێرێت و زۆر بە سەختی و دژواری بریندار دەبێت و دوای ئەوە لە نەخۆشخانەی شاری سەردەشت ناتوانن چارەسەری زامەکەی بکەن بە هۆی کاریگەر بوونی برینەکەی، ناوبراو ڕەوانەی نەخۆشخانەیەک لە شاری ورمێ دەکەن و چەند ڕۆژ لە نەخۆشخانەی بەناو خومەینی ڕادەگیرێ و دوای ئەو چەند ڕۆژە بەداخەوە گیانی لە دەست دەدات و کەس و کاری بەرەو مەهابادی دەهێننەوە، هێزەکانی ڕێژیم بە دوو ماشێنی پڕ لە چەکدار تەرمی حوسێن و ئەو کەسانەی کە لە گەڵ تەرمەکە بوون لە شار دەبەنەدەر و بەرەو سەردەشت ڕەوانەیان دەکەنەوە دیارە ئەوش زۆرتر لە بەر ئەوە بوو کەخەڵکی وەزاڵە هاتووی مەهاباد بەو مەسەلە نەزانن و لە ژێر پەردەوە ئەو کارە بکەن و بەنەهێنی لە گەڵ تەرمی ناوبراو لە شار بچنەدەر.

دوای ئەوەخەڵکی شاری سەردەشت لە شەهید بوونی حوسێن باڵانی ئاگادار بوون زۆر بوێرانە هاتنە سەر شەقامەکان و بە درووشم دان بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران و بە تێکهەڵچوون لە گەڵ جەلادان و قاتڵانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد ناڕەزایەتی و نەفرەتی خۆیان لە کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەربڕی و چەندین بنکەی حکوومەتیان تێک و پێک دا.

ئێستا ڕێژیم داوای لە بنەماڵەو کەس و کاری حوسێن باڵانی کردووە کە دەبێ2 و نیو میلیۆن تمەن بدەن بە ڕێژیم لە بارتەقای "لە گەڵ ناردنی دوو ماشین پڕ لەچەکدار تا دەرەوەی شاری مەهاباد و چەند ڕۆژ مانەوەی کوڕەکەیان لە نەخۆشخانەی شاری ورمێ بۆ چارەسەری برینەکەی".

ڕێژیمی ئێران زۆر نامرۆڤانە کەوتۆتە گیانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد و بە کوشتنی ڕۆڵەکانی ئەو گەلە شۆڕشگێرە، دەیهەوێ تەمەنی پڕ لە زوڵم و زۆری خۆی درێژە بدات و بەم شێوەیە جارێکیتر دیکتاتۆری بە سەر گەلی کورد دا لە پێشوو توندتر بکات. بەڵام گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەمێژ ساڵە بۆتە هێزی بەگژ داچوونەوەی ڕێژیم و لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد دا بەزەربە یەک لەدوای یەکەکانی خۆیان لە پەیکەری شەیتانی و ئەهریمەنی ئەو ڕێژیمە نگریسە و بە خەبات و تێکۆشانی بێ وچانی خۆیان بە حکوومەتی عەبا و جبە و مەندیلیان سەلماندووە کە تا لاوێکی کورد مابێ ناهێڵن، ئاوی ئاسوودە لە گەروویان بچێتە خوار و چیدی ناهێڵن بە ئەسپی دەسەڵاتدارەتی خۆیان ڕمبازێن بە سەر خاکی نیشتمان و پشتی ڕۆڵەکانی گەلدا بکەن، بەڵکوو ئەوە دوارۆژە نیشان دەدا کە ئەسپی سپی یاڵ درێژی بن پێی سوار چاکانی کوردە کە بە سەر جەستەی بۆگەنی سوارە ترسنۆکەکانی ئەواندا ڕمبازێن دەکات و هەروەها ڕمب وگورزی دەستی تۆڵەستێنانی 12 سوارەی کوردە کە مێشکی بەخوێن ئاودراوی دوژمنانی کورد دەهاڕێ و دەرسی لە بیر نەکراوی دیکە بە دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان دەدات.

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو دا شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆتە گۆڕەپانی بەگژدا چوونەوەو بەرنگاری لە بەرامبەر دوژمنی بەخوێن تینووی کورد دا، دوای شەهید کرانی شوانە سەید قادری لە شاری مەهاباد و هاتنە مەیدانی خەڵکی تێکۆشەری شاری شەهید پێشەوا و قازیەکان و بەردەوامی و ڕاوەستانی خەڵک لە سەر ویست و مافەکانی خۆیان و هێرش کردنی لاوان بۆ سەر دام و دەزگاکانی حکوومەتی و شەل و شکست کردنی هێزەکانی ئەمنییەتی ئێران و تەمبێ کردنی بەشێک لەجاش و خۆفرۆشەکان، نیگەرانیەکی زۆر کەوتۆتە دڵی ترسنۆکی

شەمشەمە کوێرەکانی جەماران و بە کۆ کردنەوەی هێزی زۆرتر و ناردنی قوڵەچوماغەکانی خۆیان بۆ سەرکوتی خەڵکی نیشتمان پەروەری مەهاباد و تێکرای شارەکانی کوردستان دەیان هەوێ دڵی خۆیان تەسکین بکەنەوە و لە هەمان کاتدا بە ڕێبەری تازە هەڵبژێردراوی خۆیان و بە خامنەیی چنگ بە خوێن بڵێن کە، ئێمە هەر ئەو کەسانەین کە بە دەستووری خومەینی بەرەو جیهادی کوردستان کەوتینە ڕێ و وەک ساڵانی سەرەتای شۆڕش دەکەوینەوە گیانی خەڵکی کوردستان و جینایەتی قارنێ و قەلاتان و نەورۆزی خوێناوی سنە و شەری کۆڵانبەکۆڵانی شاری مەهاباد و ئێعدام کردنی ٥٩ لاوی مەهاباد بە دەستووری خەڵخاڵی و جەلایی‌پوورتان بۆ دەخولقێنینەوە و ناهێڵێن کە شۆڕشی کورد سەر هەڵبدات و بە کوشتن و گرتنی لاوانی کورد ئەم سەرهەڵدانەش کپ و بێ دەنگ دەکەینەوە.

بەڵام ئەگەر هەڕەشە و کوشتن و گرتن و ئێعدام و ئاوارەگی تا ئێستا کاریگەری هەبایە و خەڵکی کوردستانی پێ ترسا با، دەبوو لە مێژ بێ شۆرش و بەرخودان و ڕاپەرین لە کوردستان کۆتایی پێ هاتبا و دوژمن بە بێ ترس هاتووچۆی کردبا. ڕاپەرینی جەماوەری لە شارەکانی مەهاباد و بۆکان و مەریوان و پیرانشار و ڕەبەت و سەردەشت و شنۆ و بانە و سنە و باقی شارەکانی دیکەی کوردستان نیشان دەدەن کە ئاستی وشیاری و نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات زۆر لەوە لە سەرترە کە بە شەهید کردنی "شوانە و عومەر ئەمینی و برایم حەسەنی و سەید حەیدەری نەجار" و باقی شەهیدانی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی لە حاڵی پاشەکشە کردن دابێ. پشتیوانی شارەکانی کوردستان لە خۆڕاگری و شەری نابەرامبەری "دارو بەردی هێزی پۆلایینی گەل لە بەرامبەر تانگ و تۆپی دوژمن" دا، بۆتە پشکۆی تازە گەشاوەی بەر ئاگردانی کوردایەتی و بەرخودان و ئەوجارە ئەم پشکۆیە ڕووی لە کز بوون و کوژانەوە نییە و نابێت.

ئەگەر ٦٠ ساڵ پێش ئێستا پشکۆی قازیەکان بە شەهید کردنی ئەوان نەکوژایەوە و هەر دەم ڕووی لە گەشە کردن دابووە، ئەمرۆ بە ئەزموون وەرگرتن لە خەباتی جەماوەری و ئاوێنەی باڵانوێنی شەهیدانی کوردستان، ئەم پشکۆیە دەبێتە ئاگرێکی بێ ئەمان بۆ دەشتی پڕ درک و داڵ و بێ خێر و بێری مەلا مێزەر بەسەرەکانی دەسەڵاتدار لە ئێرانی بەلا لێدراو دا، و ئەو ئاگرە پڕ کڵپەیە بەردەبێتە جەستەی نەخۆش بە تریاک و هێروئینی ئەوان و درەنگ یا زوو خەباتی ڕەوای گەلی کورد بە سەر قەل و داڵی ئاسمانی ساف و بێ گەردی کوردستان دا سەردەکەوێ و ئاسمانی شین و بێ پەڵەی وڵاتەکەمان، پڕ دەبێ لە کوتری سپی و دەنگی شاباڵی هەڵۆی دنووک سووری چاو تیژی شاخەکانی کوردستانی تێدا دەنگ دەداتەوە، کە بە شاباڵیان ئاڵای پیرۆزی دەستی پێشەوای کوردان بەرەو

مەزاری شوانە و تێکرای شەهیدانی گەل دەبن و کۆتری سپی ئەم ئاسمانەش بە گوڵی نیرگس و لالە لە سەر گڵکۆی شەهیدانی هەرگیز نەمری گەل دەنیشننەوە و مژدەی سەرکەوتنی یەکجارەکی لە سەر گۆڕی سەربازی وون جاڕ دەدەن و نەمان و گۆڕ کردنی دێوەزمەی شەر و جینایەتی ئەم ڕێژیمە دەگەیینە هەموو ناوچەکانی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٧ی جووڵای ٢٠٠٥

## *کابینەی ئەحمەدینژاد ڕاگەیاندرا.*

مەحموود ئەحمەدی نەژاد، سەرۆک کۆماری ئێران کابینەی وەزیرانی خۆی ڕاگەیاند.

ئاغای مەحموود ئەحمەدینژاد رۆژی یەکشەممە ١٤ ئوت لە نامەیەک دا، ناوی کابینەی پێشنیاری خۆی بە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ڕاگەیاند.

بە پێی یاسا و قانوون، یەک حەوتوو پێش ناساندنی کابینەی دەست نیشان کراوی دەوڵەت، مەجلیس کۆبوونەوەکانی خۆی بۆ باس و تاوتوێ کردن لە سەر بەرنامەکانی دەوڵەت و بۆ وەرگرتنی دەنگی مەتمانە بۆ وەزیرانی پێشنیار کراو پێک دێنێ.

*بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری ئیرنا "ایرانا"ناوی وەزیرەکانی پێشنیاری مەحموود ئەحمەدینژاد بریتیلە:*

*١- وەزارەتی پەروەدە (وزارت آموزش و پرورش): عەلی ئەکبەر ئەشعەری*

*٢ - وەزارەتی پێوەندییەکان(وزارت ارتباطات و فناوری اطلاعات): محەممەد سلێمانی*

*٣ - وەزراەتی ئیتلاعات (وزارت اطلاعات): غوڵام حوسین موحسینی ئێژەیی*

*٤ - وەزارەتی ئابووری و دارایی (وزارت امور اقتصادی و دارایی): داود دانش جەعفەری*

*٥- وەزارەتی دەرەوە (وزارت امور خارجە): منوچێهر موتەکی*

***٦- وەزارەتی بازرگانی (وزارت بازرگانی): سەید مەسعود میرکازمی***

***٧- وەزارەتی تەندروستی، دەرمان و پەروەردەی پزیشکی(وزارت بهداشت، درمان و آموزش پزشکی): کامران باقەری لەنکەرانی***

***٨- وەزارەتی هاریکاری (وزارت تعاون): عەلیرەزا عەلی ئەحمەدی***

***٩- وەزارەتی کشتوکاڵ (وزارت جهاد کشاورزی): محەممەد ڕەزا ئەسکەندەری***

***١٠- وەزارەتی داد (وزارت دادگستری): جەمال کەریمی راد***

***١١- وەزارەتی بەرگری و پشتیوانی (وزارت دفاع و پشتیبانی نیروهای مسلح): مستەفا محەممەد نەجار***

***١٢- وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن (وزارت راه و ترابری): محەممەد رەحمەتی***

***١٣- وەزارەتی بیمەی کۆمەڵایەتی (وزارت رفاه و تامین اجتماعی): سەید مەهدی هاشمی***

***١٤- وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکان (وزارت صنایع و معادن): عەلیرزا تەهماسبی***

***١٥- وەزارەتی زانست (وزارت علوم،تحقیقات و فناوری): محەممەد مەهدی زاهدی***

***١٦- وەزارەتی رۆشنبیری (وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی): محەممەد حوسێن سەفار هەرەندی***

***١٧- وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی (وزارت کار و امور اجتماعی): محەممەد جەهرۆمی***

***١٨- وەزارەتی ناوخۆ (وزارت کشور): مستەفا پور محەممەدی***

***١٩- وەزارەتی خانوو و شارسازی (وزارت مسکن و شهرسازی): محەممەد سەعیدی کیا***

***٢٠- وەزارەتی نەوت (وزارت نفت): عەلی سەعید لو***

***٢١- وەزارەتی وزە (وزارت نیرو): پەرویز فەتاح***

**بە وتەی هێندێک لە شارەزایانی بواری مەسەلەکانی نێوخۆی ئێران، لە کابینەی پێشنیهادی ئاغای مەحموود ئەحمەدینژاد دوو خاڵ و دەستەی بنەرەتی هەن، یەکیان وجوود و بوونی کەسایەتی‌یە تووندرەوەکان و دووهەمیان کەسانی نەناسراو.**

**لە هەمانکاتدا شارەزایانی بواری مەسەلەکانی نێوخۆی ئێران،لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئاگای ئەحمەدینژاد هەوڵی داوە تا ئەندامانی کابینە لە گەڵ خەت و ڕێباز و بۆچوونەکانی ئەو بە تەواوی یەک بگرنەوە.**

**لە لیستەی پێشنیهاد کراوی ئەحمەدینژاد دا تەنیا یەک وەزیر لە کابینەی محەممەدی خاتەمی دا بە ناوی**

(محەممەد ڕەحمەتی وەزیری ڕێگا و بان و هاتووچۆ) دا دەبیندرێ و ناوی هیچ ژنێکی تێدا نابیندرێ.

سەرچاوە: ماڵپەری بی‌بی‌سی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی ئاگۆستی ٢٠٠٥

## داگیرکردنی مڵک و زەوی خەڵک لە کوردستان و بە تایبەت شاری سەردەشت لە لایەن ڕێژیمەوە

لە ماوەی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران و دەست پێکرانی شەر لە نێوان ئێران و عێراق دا، شەرگەکانی نێوان ئەم دوو ڕێژیمە دیکتاتۆرە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی هەر دوو وڵاتی بەڵا لێدراوی ئێران و عێراقی گرتەوە. سەرەرای ئەم شەرە ماڵوێرانکەرە، هەر دوو ڕێژیمی دیکتاتۆری ئێران و عێراق بە دائیم خەریکی لە نێو بردنی کەیانی بەرزی گەلی کورد بوون و هەوڵی لە ناوبردنی نەتەوەی کوردیان لە سەرەوەی هەموو هەوڵە چەپەڵەکانیان بووە. بەڵام خۆراگری و بەرخودانی خەڵکی کوردستان و نەچوونە ژێر باری زەخت و گوشاری ئەم حکوومەتانە، و لە هەمان کاتدا بەربەرەکانی بێ وچانی ڕۆڵەکانی کورد لە بەرامبەر زۆرداری دا، کاربەدەستانی ڕێژیمیان بە تەواوی زراو تۆقێن کرد، و ئەو ڕێژیمانەش بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستان، کوردستانیان بە تەواوی میلیتاریزە کرد و بە هێنانی هێزی زۆر و دامەزراندنی هێزەکانیان لە کوردستان دا زەرەر و زیانێکی زۆریان لە خەڵکی کوردستان دا.

لە سەرەتاکانی شەری نێوان ئێران و عێراق دا بەشێکی زۆری خاکی کوردستان بوو بە شەڕگەی ئەم دوو دەوڵەتە و زەوی و زار و دەشت و دەرەکانی کوردستانیان کردە جێگای حاوانەوەی هێزە شەرخوازەکانی خۆیان، هەر لەو پەیوەندی‌یە دا لە ناوچەی سەردەشت بە دەیان پارچە زەوی خەڵک بە زۆر داگیر کران و کرانە بنکە و مۆڵگە و پادگان و بە تەواوی ئەم شارەیان کردە شەرگەیەکی گەورەی هێزەکانی ئێران و بە تەواوی شاری سەردەشت کرا بە پادگان و بنکەی نیزامی و بە دەیان جار لە لایەن حکوومەتی بەعسەوە بۆمباران کرا و "تەنانەت کارەساتی

دڵتەزێنی شیمیابارانی سەردەشتی لێکەوتەوە و بە سەدان کەس ژەهر خواردوو کران، دیارە کارەساتی شیمیابارانی سەردەشت باسی ئەم بابەتە نییە و هیوادارم کە کەسانی شارەزا ئاوڕێک لەو کارەساتە بدەنەوە و بە قەڵەمی بە توانای خۆیان چاکتر لە سەری بنووسن".

بەشێکی بەرچاو لە زەوییەکانی شاری سەردەشت لە لایەن هێزی سوپای پاسدارن و جوندوڵلا و ئارتەشەوە بە زۆر لە خەڵک ستێندران و کرانە پادگان و هێزەکانی خۆیان تێدا مۆڵ دان. دوای چەندین ساڵ لە تەواو بوونی شەری نێوان ئێران و عێراق، ئێستاش بەشێکی بەرچاو لەو زەویە داگیرکراونەوە، هەروا بە دەست ڕێژیمەوەن و بە تەواوی خەریکە لە دەست خەڵکەکەیان دەردێنن و دەیان کەن بە ملکی حکوومەتی و دوایەش بە سەر پیاوە چڵکاوخۆرەکانی خۆیان دا دابەشی دەکەن. ئێستاش دوای نەمانی شەری نێوان ئێران و عێراق، شارەکانی کوردستانی ئێران بە هەموو ناوچەکانەوە، هەروا بنکە و بارەگا و مۆڵگەی لێ زیاد دەکرێن و زۆرتر ملک و ماڵ و زەوی خەڵک داگیر دەکەن.

ئەو بەرێزانەی کە شارەزای شاری سەردەشتن زۆر چاک دەزانن کە یەک لە سێی خاکی شاری سەردەشت چەندین ساڵە کراوەتە پادگان و هیزی سەربازی ڕێژیمی تێدا مۆڵ دراوە، لەبەر ئەوە پادگان ڕاست لە ناوەندی شار دا هەڵکەوتووە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە شار بە تەواوی گەشە نەکات و پەرە نەستێنێ، و دەوروبەری پادگان و ئەم شوێنە هەروەک جاران بە کۆنی بمێنێتەوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە بە پێی یاسای ئێران پادگانەکان نابێ لە ناو شارەکان دابن و هەرچی پادگانە دەبێ لە دەرەوەی شارەکان ساز بکرێن، بەڵام ڕێژیمی دیکتاتۆری ئێران هیچ کات گوێی نەداوەتە ئەو یاسایانەی کە بۆ خۆیان ڕەش نووسیان کردوون، بە تایبەت شارەکانی کوردستان بە دائیم حاڵەتی پادگانیان هەبووە، چۆن ڕێژیم لە ئیرادە و هەستی شۆڕشگێری خەڵکی کوردستان ترساون و هەر ئەوەش وای لێکردوون کە یاسا داڕێژراوەکانی خۆیان بە تەواوی پشت گوێ بخەن و پادگانەکان هەروا لە ناو شارەکان دا بهێڵنەوە.

ماوەیەکی زۆرە کە خەڵکی ئەم شارە لە ڕێگای یاسایییەوە دەیان هەوێ و هەوڵ دەدەن کە پادگانی شار چۆل بکرێ و زەوییەکانی بکرێن بە بنکە و شوێنی خزمەتگوزاری، هەر بۆیە خەڵکی شار گوشارێکی زۆریان خستۆتە سەر بەڕیوەبەرانی شارەداری و فەرمانداری شاری سەردەشت و تەنانەت نوێنەری بە ناو شاری سەردەشت. نوێنەری شاری سەردەشت بە قسەی خۆی و گۆیا ئەوە مەسەلەیەی لە مەجلیسی ئێراندا باس کردووە، بەڵام تا ئێستا وەڵامێکی

دڵ خۆشكه‌ر نه‌دراوه‌ته‌وه به داواكاری خه‌ڵكی سه‌رده‌شت.

ئه‌وه دیسان ماوه‌یه‌كه خه‌ڵكه‌كه داوای ئه‌وه ده‌كه‌ن كه بتوانن شه‌قامێكی نوێ و جاده‌یه‌ک به ناو پادگانی شاری سه‌رده‌شت دا بكێشن بۆ ئه‌وه‌ی چیتر خه‌ڵک بۆ دیداری كه‌س و كاریان كه كه‌وتوونه گه‌ره‌كه‌كانی خوار پادگان ڕێگای ده‌وری پادگان نه‌پێون، خه‌ڵک له هه‌وڵی ئه‌وه دان كه بتوانن لانی كه‌م كه ئێستا پادگان ناگوێزنه‌وه ئیجازه به شاره‌داری بده‌ن كه شه‌قامێكی تازه به پادگان دا بكێشن و هێندێک ئاسان كاری بۆ هاتنه ناو شار و نێزیک كردنه‌وه‌ی ڕیگای گه‌ره‌كه‌كانی خوار پادگان درووست بكه‌ن، به‌ڵام وه‌ڵامی داگیركه‌رانی كوردستان به خه‌ڵک ئه‌وه‌یه كه ده‌بێ ٦٥٠ میلیۆن تمه‌ن بدرێ به پادگان و پاشان شاره‌داریش ده‌بێ دیوار به ده‌وری ئه‌و شه‌قامه یا جاده‌یه دا لێبدات بۆ ئه‌وه پادگان له خه‌ڵكه‌وه دیار نه‌بێت، یان ئه‌وه كه له‌و ٦٥٠ میلیۆن تمه‌نه، ٣٥٠ میلیۆن تمه‌ن بده‌ن به پادگان و شاره‌داریش له چه‌ند شوێنی دیكه‌ی شار زه‌وی بداته‌وه به پادگان بۆ درووست كردنی پادگانی نوێ‌تر.

باشه لێره دا پرسیارێک دێته پێش كه ئه‌گه‌ر ئارته‌ش و هێزی چه‌كداری ڕێژیم بۆ پاراستنی سنووره‌كان و پێک هێنانی ئاسایش و هێمنی بۆ خه‌ڵک هاتوونه كوردستان ئه‌ی چۆن ئه‌و خه‌ڵكه ئاوا ده‌خه‌نه ژێر گوشار بۆ دانی ئه‌و پووڵه زۆره؟

هه‌موو لایه‌ک ده‌زانن كه ئه‌رک و وه‌زیفه‌ی ئارته‌ش و هێزی چه‌كدار له وڵاتانی پێشكه‌وتووی دونیا پاراستنی خاک و نه‌ته‌وه‌كه‌یانه، به‌ڵام له ئێراندا كه ئه‌رک و وه‌زیفه‌ی ئارته‌ش و سوپا به قسه‌ی خۆیان پارستنی سنووره‌كانی ئێرانه هیچ كات ڕاست نه‌بووه، چۆن هه‌ر له سه‌ره‌تای هاتنه سه‌ركاری ڕێژیمی نگریسی ئاخوندی‌یه‌وه تا ئێستا به گشتی ئارته‌ش و هێزی چه‌كداری ڕێژیم هه‌ر به زۆر له سه‌ر سفره و خوانی خه‌ڵكی هه‌ژاری كوردستان چۆكیان داداوه و خۆیان سه‌پاندوه و له جیات پاراستنی سنووره‌كان ته‌نیا خه‌ڵكیان ڕووتاندۆته‌وه و مڵک و ماڵی خه‌ڵكیان به تاڵان بردووه و له هه‌مان كاتدا كوردستانی به تانگ وتۆپ كاول و وێران كردووه و ئێستاش زیاتر له جاران ئه‌و كاره دزێوه‌ی خۆیان په‌ره پێ ده‌ده‌ن و هیچ نوینه‌ریكیش نیه كه پێیان بڵێ بۆ وا ده‌ستی چه‌په‌ڵتان له گه‌رووی خه‌ڵكی هه‌ژاری كوردستان گیر كردووه.

له ئاكام دا له به‌ر ئه‌و داواكاریه قورسه‌ی كاربه‌ده‌ستانی پادگان كه ئه‌و پووله زۆره‌یه، خه‌ڵكی شاری سه‌رده‌شت

تا ڕادەیەک لە ئاست ئەو داواکاریە دا دەستەوەستان ماونەتەوە، چۆن ئەو پووڵە زۆرە لە توانای خەڵکی هەژار و کاسبکار و دەست فرۆشی شاری سەردەشت و دەوروبەری دا نییە و خەڵک ناتوانی ئەو پووڵە پەیدا بکەن و ئاکامەکەشی دەبێتە مانەوەی پادگان و خاپووری شاری سەردەشت و پێشنەکەوتنی ئەم شارە دەلال و ڕازاوەیە.

لە درێژەی دەست بە سەر داگرتن و داگیر کردنی زەوییەکانی شاری سەردەشت دا، لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو دا پارچە زەوییەکی پانوبەرین کە لە نێزیک کتێبخانە "ئیبنی سینا"ی شاری سەردەشت هەڵکەوتووە و ئێستا گەرەکی گیانبازان ناوە، و چەند ساڵ پێشتر داگیر کراوە، لە لایەن خاوەنەکەییەوە داوای دەکرێتەوە و پاش بە دوا داچوونێکی زۆر دەرکەوتووە کە لە لایەن چەند جاشێکی خۆفرۆشی شاری سەردەشت بە سەنەدی درۆ و سازکراوە بە سوپای پاسداران فرۆشراوە. لە گەڵ ئەوەدا کە ناوی جاشەکانیش بۆ بنەماڵەی ساحەب زەوییەکە ئاشکرایە، بەڵام لە بەر دەست ڕۆیشتوویی جاشەکان تا ئێستا ساحەب زەوییەکە نەیتوانیوە هیچ کارێک بۆ وەرگرتنەوەی زەوییە داگیر کراوەکەی خۆی بکات.

لە چەند مانگی ڕابردوو دا ساحەبی ئەم زەوییە داگیر کراوە، لە دادگای شاری سەردەشت شکایەت دەکا و بەڵگە و سەنەدەکانی ملکی خۆی پێشکەش بە رئیس دادگای ئەم شارە دەکا و پاش لێکۆلینەوەیەکی دوور و درێژ رئیسی دادگا و دوو کەس لە قازییەکانی دادگا بریار دەدەن و بە ساحەب زەوییەکان دەڵێن کە دەتوانن جارێ بەشێک لە زەوییەکان کەڵک لێ وەربگرن، هەر بۆیە ساحەب زەوییەکان لە سەر حوکم و بریاری دادگا چەند بەش لەو زەوییانە بە بەشی فەرهەنگیان دەفرۆشن و پێشتر هێندێک پووڵ لە ئیدارەی سندووقی فەرهەنگیان وەر دەگرن، بەڵام ماوەیەک دواتر هێزی سوپای پاسداران چەند ماشێنێک بە دۆشکەوە دەنێرێتە سەر زەوییەکان و بەو کرین وفرۆشتنە رازی نابێت، بەڵام لە حەوتووی رابردوو دا ساحەب زەوییەکە و بنەماڵەکەی دەچنە سەر زەوییەکە و دەیان هەوێ بەشی فرۆشراو بە فەرهەنگیان جیا بکەنەوە، بەڵام پێش ئەوە ئەو کارە بکەن لە لایەن ڕەحمانی خەمانی خەڵکی گوندی بێزیلێ، کە یەکێکە لە جاشە خۆفرۆشەکانی شاری سەردەشت بە هاوکاری دەستەی زەربەتی خۆی هێرش دەکەنە سەر ساحەب زەوییەکە و هەرەشەی لێدەکەن و ناهێڵن کە دەستکاری ملکی خۆی بکات و ئەم بنەماڵەیەش بە ناچار لە زەوی باب و باپیری خۆیان دەچنە دەر و ڕاست بەرەو دادگا دەرۆن و لە گەڵ رئیسی دادگا لە سەر ئەو حوکم و بریارە قسە دەکەن.

ڕۆژی دوای رئیسی دادگا ئاغای نەورۆزی و دوو کەس لە کاربەدەستانی دادگای سەردەشت بە هاوکاری هێزی

ئینتزامی دەچن بۆ سەر زەوییەکان و دەیان هەوێ حوکم و بڕیاری خۆیان بەڕێوەبەرن، بەڵام لە پڕ لە لایەن هێزەکانی سوپای پاسدارن گەمارۆ دەدرێن و دوای مشتومڕێکی زۆر کار دەگاتە شەر و پێکدادان و بێ حورمەتییەکی زۆر بە رئیس دادگا دەکەن و لە باقی ئەو کەسانەش دەدەن کە لە گەڵ رئیس دادگا بوون و دوای ئەم شەڕەش هەر هەموویان لە پشتی ماشین داوێن و بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر بێ سەروشوێنیان دەکەن.

بۆ ڕۆژی دوای کە هەواڵی گیرانی رئیسی دادگا و قازی و هاوکارەکانی دەنگ دەداتەوە، لە ناوەندەوە بڕیاری ئازاد کرانی ئەوان دەدرێت و پاش ٢٤ کاتژمێر سوپای پاسدارن لە شاری سەردەشت ئازادیان دەکات.

دوای ئازاد بوونی ئەو کەسانە، ئێستا گیراوە ئازاد کراوەکان کە قازی و رئیس دادگای شاری سەردەشتن، داوای سزادانی ئەو کەسانە دەکەن کە بێ حورمەتیان پێکردوون و دەیان هەوێ لە ڕێگای قانوونییەوە لێکۆلینەوە لە سەر ئەو کردەوەیە بکرێت، ئەو لە حاڵێک دایە کە دەیان ڕووداوی ئاوا ڕۆژانە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و بە تایبەت شاری سەردەشت دا ڕوو دەدەن، بەڵام هیچ کات وا نەبووە کە بەڕێوەبەرانی ئەو کارە دزێوانە سزا بدرێن، بەڵام ئێستا کە کار گەیشتۆتە لێدان و بێ حورمەتی کردن بە مۆرەکانی خۆیان و لە سەرەوی هەمووان رئیس دادگا و قازییەکان ئەوە ئێستا هێندێک لە کردەوەکانی ڕێژیم بۆ ئەو بە ناو قازی و رئیس دادگایە روون دەبێتەوە، داوای سزا دانی گۆپاڵ بەدەستەکان دەکەن، ئاخر هەر ئەو بە ناو قازی و رئیس دادگایە، ڕۆژانە دەیان کەسیان بە ناحەق سزا داون و جەریمە کردوون و حوکمی جۆراوجۆریان بە سەر دا سەپاندوون و لە ڕاستای پاراستانی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دا هەموو حوکمە شەرعی و ناشەرعییەکانی بەر دەستی خۆیان بە سەر هەژار و نەدارانی کوردستان دا سەپاندوە و جێبەجێیان کردووە.

رئیس دادگا و قازییەکان بەر لەوەی کە بۆ خۆیان تووند و تیژیان دەر حەق بکرێ، هیچ کات ئاوڕیان لە داواکارییەکان و شتە حەقەکانی خەڵک نەداوەتەوە و لە ئاست زۆربەی هەرە زۆری داواکارییەکان دا چاو و گوێی خۆیان بەست بوو و ئێستا تەنیا بۆ یەک جار بێ حورمەتی کردن زیقەیان چۆتە ئاسمان و بۆ خۆیان شکایەت دەکەن.

لە کۆتایی دا تەنیا ئەوە دەڵێم کە بەشێک لە خۆفرۆشان و بە تایبەت جاشەکان هەر ئەوەندە ڕیزیان لە لایەن ڕێژیمەوە لێدەگیرێ کە لە رئیس دادگا و قازییەکان گیراوە، تازە ئەو ڕیز گرتنەی کە لە لایەن ڕێژیمەوە لێشیان

دەگیرێ لەبەر كاسە لێسی خۆیانە، بەڵام لە جێ دا خەڵكی كوردستان نەك هەر ڕیزیان لێ ناگرن بەڵكوو لە كاتی خۆی دا زۆر بە تووندی سزایان دەدەن و ناهێڵن كە ئەو زوڵم و زۆریەی دەرحەقیان كراوە هەروا بمێنێتەوە و چاوپۆشی لێبكرێ، هەر ئێستا خەڵكی كوردستان باشترین ناویان بۆ خۆفرۆشانی ناوخۆیی دیارەی كردووە كە ئەویش ناوی "جاشە" كە پڕ بە پێستی هەموو خۆفرۆشێكی دژ بە گەلە، هەر كەس لە ئاست نەتەوەی خۆیدا خەراپە بكات، لە داهاتوو دا گەل و نیشتمان لێ خۆش نابێت و بێ پشت و پەنا دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێكەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٠٥

## دەستێكی دەستكردی بە توانا و هۆشمەند

پسپۆرانی درووستكەری دەستی دەستكرد بە سەركەوتووی توانیان دەستێكی باش و بە هۆش و لە هەمان كاتدا سووك دروست بكەن و ڕایانگەیاند كە تەواوی جووڵەكانی دەستێكی ساخ لە دەستە دەستكردە درووستكراوەكانی پێشوو چاكتر بەڕێوە دەبات و لە هەمان كاتدا زۆر بە باشی لاسای دەستێكی ساخ دەكاتەوە.

لە كاتی ئێستا دا دەستە دەستكردەكان یا هیچ جووڵەیەكیان نیە یا بە لانی زۆرەوە بە دەزگا یا موتورێكی بچووك و ساكار كارەكان جێبەجێ دەكەن.

بەڵام گرووپێك لە دوكتور و ئەندازیارانی پزیشكی لە زانستگای ساوتمیتون دەستێكیان وەك نموونە دروست كردووە كە لە شەش دەزگای ماتۆری بچووك كەڵك وەر دەگرێ و لە ئاكام دا هەر كام لە قامكەكانی ئەو دەستە جووڵەی سەربەخۆیان هەیە.

زانیاری تەواوی تەرح و درووست بوونی ئەو دەستە دەستكردە لە یەكێك لە كۆنفەرانسەكانی ئینستیتۆی بەشی فیزیك پێشكەش بە بەشدار بووان كرا.

ساڵانە لە وڵاتی بریتانیا نێزیک بە ٢٠٠ کەس بە کارەساتی جۆراوجۆر دەستیان دەبردرێتەوە، و کەم ئەندام دەبن. هۆکاری ئەو دەست لە دەست دانەش زۆتر ڕووداوی وەرگەرانی ماشێن و موتور سیکلێت و یا بە هۆی کار کردن لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی تایبەت دایە.

درووست کردنی کەرەسەیەک یا دەزگایەک کە کاری دەست بەرێوە بەرێت زۆر دژوار و سەختە. دەستی مرۆڤ لە ٢٧ ئێسکی جۆراوجۆر پێک هاتووە و لە ئاکام دا دەتوانێ جووڵەی جۆراوجۆر و قورس لە خۆی نیشان بدات.

گرووپی لکۆلینەوەی بە دوا داچوونی زانستگای ساوتمیتون لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەو دەستە دەستکردەی کە درووستیان کردووە، دەتوانێ حەرەکەت و جووڵەی وەک دەستێکی ساخی مرۆڤی هەبێت و شتەکان وەک دەستێکی ساخ بەرز بکاتەوە.
جووڵەی ئەو دەستە دەستکردە بە هۆی دەزگای‌یەکی زۆر بچووک کە بە ماسوولە وردەکانی دەستەوە دەلکێندرێ، کار دەکات، کە لە جووڵەی ماسوولە وردەکانی سەر شان و دەست فەرمان وەر دەگرێت.

بە ووتەی دوکتور پل چیل یەکێک لە پسپۆرانی ئەو بەشە، کە بۆ خۆی لە درووست کردنی ئەو دەستە دەستکردە دا دەستی باڵای هەبووە، دەڵێ: کە دەتوانین بەم کارە هەموو فۆرمەکانی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی هەموو کارە قورسەکان درووست بکەین.

دەستی دەستکردی ئەمجارە ٤٠٠ گەڕەم لە دەستی ئاسایی واتە لە دەستی مرۆڤ سووکترە.
دەستە دەستکردە قورسەکان دەبێتە هۆی بریندار بوون و ئازاری ئەو شوێنەی کە پێوەی دەلکێندرێ و یا وەسڵ دەکرێ.
ئەو دەستە دەستکردە نوێ‌یە، لە سێ بەش پێک هاتووە، سێ قامکی ناوەندی ئەم دەست زۆر وێک دەچن و شکڵ و قەوارەیان وەک یەک وایە.

قامکی چووکەی ئەم دەستەش هەر وەک سێ قامکەکانی دیکە وایە، تەنیا بە جیاوازی‌یەک کە هێندێک چووکترە.
هەر کام لەو قامکانە بە یەک دەزگا ماتۆری بچووکەوە لکێندراون کە هەر هەموویان لە نێو شوێنێکی پڕ لە دەندە بە بەری دەستە دەستکردەکەوە نووسێندراوە.

## بەشی تکنیکی قامکی گەورە

بەڵام دروستکردنی قامکی گەورە وردەکارییەکی زۆری هەیە. قامکی گەورەی مرۆڤ دەتوانێ هێندێک جووڵە لە خۆی نیشان بدات کە لە توانای قامکەکانی دیکە دا نییە و قامکەکانی دیکەش ناتوانن ئەو جووڵانە بەڕێوەبەرن. قامکی گەورەی ئەم دەستە دەستکردە، دەتوانێ بە دەوری خۆیدا خول بخوات و بسووڕێت، و هەروەها دەتوانێ حاڵەتی هاتنە خوار و چوونە سەرەوە و خواربوونەوە و ڕاست بوونەوە بەڕیوەبەرێ و لەوەش گرینگتر حەرکەت و جووڵە بە پێچەوانەی قامکەکانی دیکە لە خۆی نیشان بدات و لە گەڵ قامکەکانیتر کەلوپەل هەڵبگرێ و توند ڕاییبگریت.

هەر بۆ ئەو مەبەستە قامکی گەورەی ئەو دەستە دەستکردە دوو ماتۆری لە سەر داندراوە، کە یەکیان بۆ حاڵەتەکانی سووڕان و ئەوەیتریان بۆ دوولا هاتنەوە و ڕاست بوونەوەی قامکەکەیە.
دوکتور چیل دەڵێت: "قامکی گەورەی مرۆڤ تەنیا بە پێنج شێوە جووڵە لە خۆی نیشان دەدات. کە ئێمە توانیوومانە دوو شێوە لەو جووڵانانەی دەستی مرۆڤ لە سەر ئەو دەستە دەستکردە دابین بکەین، کە زۆر کارێکی گرینگ و سەر سووڕهێنەرە.

دواین قۆناخ زیاد کردنی دەزگایەکی وەرگری زانیاری دەبێت کە لە سەر ئەو دەستە دەستکردە دادەندرێت، ئەویش زۆرتر بۆ ئەوە دەبێت کە ئەگەر ئەو کەرسە یا ئەو شتەی کە خەریکە لە دەستی هەڵدەخلیسکێ و لێی بەردەبێتەوە، هەستی پێبکات و گورج ئەو زانیارییە بداتەوە بە دەزگای بەڕێوەبەری کە لە دەستە دەستکردەکە دا داندراوە.

جارد اومارا، یەکێک لە ئەندامانی شۆرای کەمئەندامانی بریتانیا، دوای ئەوە کە زانی دەزگایەکی ئاوا ساز کراوە و دوای بڵاو بوونەوەی ئەو هەواڵە خۆشحاڵی خۆی ڕاگەیاند و گووتی: "ئێمە چاوەروانین کە ئەو دەستە لە حاڵی کردەوە دا ببینین و ئاواتمان ئەوەیە کە بتوانێت بۆ ژیانی ڕۆژانەی کەمئەندامان کەڵکی باشی هەبێت".

سەرچاوە: ماڵپەری بیبیسی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٩ی سێپتەمبەری ٢٠٠٥

## دیسان مانگرتنی پەنابەرانی کورد لە وڵاتی تورکیە

هەروەک ئاگادارن ماوەی چەندین ساڵە و بە تایبەت 5 ساڵە دەستەیەکی زۆر لە پەنابەرانی کوردی نیشتەجێ لە وڵاتی تورکیە، تەنانەت ئەوانەی قەبووڵی وڵاتیشیان هەیە لەم وڵاتە دا گیریان کردووە و ناتوانن بچن بۆ وڵاتی سێهەم. بە پێی ڕێکەوتنێکی نامرۆڤانە لە نێوان ڕێکخراوی UNHCR و ڕێژیمی تورکیە ئەو پەنابەرە بێپەنایانە، دەستەوەستان و بێ پەنا بە تاوانی ئەوە کە لە باشووری کوردستان را ڕوویان لە تورکیە کردووە ڕاگیراون و لە هەموو ئیمکاناتێکی سەرتایی ژیان بێبەش کراون و تەنانەت حەقی خوێندن و کار کردنیش بۆ ئەوان بە ڕەوا نەبینراوە و لە ژێر گوشار و زەبر و زەنگ و ترس و خۆفێکی زۆر دا ژیان بە سەر دەبن و هەڕەشەی گەڕاندنەوەیان بە دائیم لە سەر بووە و هەیە.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو و دا و بە تایبەت ئەمساڵ پەنابەران لە چەندین شوێنی جیاجیا لە شارەکانی تورکیە دەستیان دایە مانگرتنێکی دوور و درێژ و ئەوەش دەنگدانەوەیەکی زۆری لە دەرەوەی وڵات هەبوو، خەڵکانێکی زۆر ئەو کەسانەی کە قەدر وڕێزی ئەو پەنابەرانە دەزانن لە زۆربەی وڵاتەکانی جیهان ڕێپێوانیان لە بەر دەم بالیۆزخانەی تورکیە و مەقەری سازمانی نەتەوەیەکگرتووەکان ساز کرد و دەنگی ئەو پەنابەرانەیان تا ڕادەیەک گەیاندە گوێی ئاخندراو بە مسی کاربەدەستانی ئەو بنکانە، بەڵام بە داخەوە زۆر زوو ئەو هەوڵانەش بە خانەی فەرامۆشکاری سپێردران و چیدی بە دوا داچوونی لە سەر نەکرا و لە ئاکام دا وەزعیەتی ئەو پەنابەرانە هەر وەک پێشوو و بگرە خەراپتریش لێهاتووە و ماوەیەکی زۆرە هەر ئاوریان لێندراوەتەوە، هەر بۆیە ئەوەش وایکردووە کە دیسان پەنابەرانی وەزاڵەهاتوو لە تورکیە دەست بدەنە مانگرتن بۆ ڕزگاری لەم بارودۆخە نالەبارەی کە تێیدان.

بە پێی هەواڵ ئەوە ماوەی ١٠ ڕۆژە کەسێک بە ناوی جەعفەر جەفاکێش دەستی داوەتە مانگرتن و ئەمرۆ ١٠ ڕۆژە لە بەر دەرگای ڕێکخراوی UNHCR دانیشتووە و مانی لە خواردن گرتووە و بەم شێوەیە دەیهەوێت کە جارێکی تر کاربەدەستە خەوتووەکانی UNHCR وەخەبەر بێنێتەوە و پێیان بڵێت کە ئێوە کاربەدەستە خەوتووەکان مووچەی ڕۆژانە و مانگانەتان لە سەر مانەوە و ڕاگرتنی ئێمە پەنابەرانە و ئەدی بۆ وێژدانتان لە ئاست ئێمە پەنابەران کە مووچە و بژیوی ئێوە دابین دەکەین، خەوتووە؟

لە ماوەی ئەو دە ڕۆژە دا هیچ کەس ئاوڕی لە جەعفەر جەفاکێش نەداوەتە و تەنیا بۆ پشتیوانی لە داخوازییەکانی ئەو پەنابەرە مانگرتووە و هەموو پەنابەرە کوردەکانی نیشتەجێ لە تورکیە، کەسێکی تر بە ناوی فەرید عینایەتی لە گەڵ ئەو دەستی بە مان گرتن کردووە و ئەویش بەم شێوەیە دەیهەوێت کە جارێکیتر بەر لەوەی زستان دابێت و ژیان و گوزەرانی ئەوانیش بەرەو خەراپی بڕوات دونیای دەرەوە و ڕێکخراو و نیهادە بەشەر دۆستەکان لە وەزعیەتی نالەباری ئەو ١٢٠٠ پەنابەرە کە بەشی هەرە زۆریان بە دەیان ساڵ لە ریزی خەباتکارانی هێزە سیاسییەکانی وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات دا بوون ئاگادار بکەنەوە و چیدی نەکەونە بەر تیغی بێ جەفای چەند کاربەدەست و مووچەخۆری بنکەکانی UNHCR لە وڵاتی تورکیە.

هەر بۆیە لێرە دا جێی خۆیەتی بەر لە هەموو کەس و کەسایەتییەکان، وەبیر ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی وڵات بێنمەوە، کە گوشار بخەنە سەر نیهادە بەشەر دۆستەکان بۆ ڕزگار کردنی ئەو پەنابەرانە کە بەشی هەرە زۆریان ژن و منداڵ و کەمئەندامن. لێرە دا بۆیە ڕووی قسەم دەکەمە هێزە سیاسییەکان چۆن ئەو " شۆرشگێرە بە ئەمەگانەی دوێنێ و ئەو پەنابەرانەی ئەمرۆ" بۆ پاراستنی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکان و باوەری قوڵیان بە ئازادی لە هیچ شتێک دریغ و سڵیان نەکردۆتەوە و ناو ناوبانگی ئەو هێزانەش بە خەبات و بەربەرەکانی و خۆراگری ئەو "پەنابەرانەی ئەمرۆ و شۆرشگێرانی دوێنێ"ی گەلەکەمان بە دەست هێناوە و ئاوڕدانەوە لەو پەنابەرانە ئەرکی نیشتمانی و ڕێکخراوەییە و بەم شێوەیە دەتوانین کە بۆ کەم کردنەوەی گوشار لە سەریان هەوڵ بدەین و ژیانی پڕ لە مەترسیان لە زۆر بواردا رزگار بکەین.

لە کۆتایی دا بۆ ئەوە گیانی پەنابەران و بە تایبەت ئەو دوو کەسەی کە ناویان لەم نووسینە دا هاتووە تووشی زیان نەبێت، جێی خۆیەتی کە جیا لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەموو ئەو کەسانەی کە دڵیان بۆ مرۆڤایەتی و ئازادی لێدەدات، ئاوڕێکی بەخێریان لێبدەنەوە و بە نووسین و ناردنی فاکس و بە تەلەفوون کردن لە گەڵ دامودەزگا و نیهادە بەشەردۆست و ڕێکخراوە خێرخوازەکان پەیوەندی بگرن و باردۆخی ئەو پەنابەرانەیان لە گەڵ بێننە بەر باس و نەهێڵن کە چیدی زوڵم لەو مرۆڤە دڵسۆزانەی گەلی کورد بکرێ و چیدی نەهێڵین کە لە سەرتاییترین مافەکانی مرۆڤ بێبەش بکرێن و لە هەمان کاتدا با نەهێڵین کە بە هێڵی فەراموشی بسپێردرێن و لە ژێر ناوی ئەوە کە تورکیە بۆ ئەوان وڵاتی سێهەمە، حیسابی مانەوە لە سەر کەیان و ناو ناوبانگی ئەوان بکرێ و دەستەیەک مووچەخۆری، ویژدان نستوو لە ئاست ئەوان دا بە سات و سەودا لە گەڵ

کاربەدەستانی تورکیە، پەنابەران پەروەندە بەستە بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥

## ئەحمەدی نژادیش بریتانیای تاوانبار کرد

لە درێژەی دەربڕینەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە دەست تێدا بوونی بریتانیا لە بۆمب دانانەوەکانی ئەم دوایانە لە شاری ئەهواز دا، مەحموود ئەحمەدی نژاد سەرۆک کۆماری ئێرانیش ئەو وەڵاتەی راستەوخۆ بە دەست تێدا بوون لەو بۆمبانە تاونبار کرد.

بە پێی هەواڵی هەوڵنێران: شەوی یەک شەممە، ١٦ ئوکتوبر، مەحموود ئەحمەدی نژاد دوای بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی هەئیەتی دەوڵەتی دوای دەربڕینی هاودەردی لە گەڵ بنەماڵەی ئەو کەسانەی کە لە تەقینەوەی بۆمبەکان دا کە لە ڕۆژی شەممە لە ئەهواز بوونە قوربانی، گووتی کە: " کاربەدەستانی ئیتلاعات و پاراستنی ئێران، سەبارەت بە ڕووداوەکانی پێشتر لە ئەهواز دا، جێ دەستی ئینگلیسی لەو پیلان گێریەیە دا دۆزیوەتەوە."

ڕۆژی شەممە ١٥ی ئوکتۆبر، تەقینەوەی دوو بۆمبی دەست ساز کە لە سەتڵی ئەشغاڵ لە ئەهواز، ناوەندی خوزستان، داندرا بوونەوە، بوو بە هۆی کوژران و بریندار بوونی چەندین کەس لە خەڵکی ئەو شارە.

ئاغای ئەحمەدی نژاد بە ئاماژە کردن بە بوون و دامەزراندنی چەندین بنکەی بریتانیای لە ناوچەکانی باکووری عێراق گووتی: بوونی ئەو هێزانە لە ناوچە سەر سنووریەکان بۆتە هۆی باری نائەمنی بۆ خەڵکی ئێران و عێراق. ئەو گووتی: "ئێمە بە تەواوی لە هێزەکانی بریتانیایی سەبارەت بە کردەوە تیرۆریستیەکان مەشکووکین."

دەربڕینەکانی ئاغای ئەحمەدی نژاد سەبارەت بە تاونباری بریتانیا بڵاو کرانەوە، دەربڕینەکانی ئەو وێڕای دەربڕینەکانی هەموو کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە دەست تێدا بوونی هێزەکانی بریتانیا لە

تەقینەوەکانی ئەهواز دا بڵاو بوونەوە.

پێشتریش مستەفا پوورمحەممەدی، کە جێگری وەزیری ئیتلاعات بوو، گووت بووی کە دانانەوەی ئەو بۆمبانە " درێژەی ئەو ئاڵۆزیانەیە کە لەو دیوی سنوورەکانەوە دادەرێژرێن" و هەروەها محەممەد حەجازی، فەرماندەی بەسیج، راستەوخۆ قامکی تاونباری لە سەر بریتانیا دانا بوو.

لە مانگی ئاپریلی ساڵی ڕابردوو دا، شاری ئەهواز شاهیدی چەندین خۆپێشاندان بوو، ڕێژیم بەرێوەبەرانی ئەو خۆپێشاندانانەیان بە جیاوازیخوازنی خوزستانی ناودێر کردن و لە تێکهەڵچوونەکانی نێوان هێزەکانی چەکداری ڕێژیم لە گەڵ خۆپێشاندەران دا، چەندین کەس کوژران و بریندار بوون.

هەروەها لە مانگی ژوئەن و لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێران دا، ڕوودانی چەندین تەقینەوەی گەورە لە ئەهواز و ناوچەکانی دیکە، چەندین کوژراوی دیکەی لێکەوتنەوە.

دوای تاوانبار کردنی بریتانیا لە لایەن ئێرانەوە سەبارەت بە تەقینەوەکانی ئەم دوایانە، سەفارەتی بریتانیا لە تاران بە دەر کردنی بەیاننامەیەک لە ماڵپەری ئینترنێتی خۆی دا ئەو تاوانەی ڕەد کردۆتەوە و ئەو کردەوە و هەر جۆرە کردەوەیەکی تیرۆریستی مەحکووم کردووە و لە هەمان کاتدا هاودەردی خۆیان لە گەڵ بنەماڵەی کوژراو و بریندارەکانی ئەهوازی تێدا دەر بریوە.

پەیوەندی ئێران و بریتانیا لە مانگەکانی ڕابردوو دا و بە تایبەت دوای راگرتنی وتوێژەکان سەبارەت بە چەکی ناوەکی ئێران و سێ وڵاتی ئاڵمان، بریتانیا و فەرانسە لە مانگی ئوت دا و دەست بەکار بوونی دەوڵەتی نوێی ئێران بەرەو سووچێکی تاریک رۆیشتووە.

لە تاران، خۆپێشاندان لە بەرانبەر سەفارەتی بریتانیا بە پشتیوانی لە چەکی ناوەکی کۆماری ئیسلامی وەرێ خرا و کاربەدەستانی بریتانیاییش لەم دوایانە دا کۆماری ئیسلامیان تاوانبار بەوە کرد کە، پشتیوانی لە چەکدارەکانی باکووری عێراق دەکات و کەل و پەل و شتوومەکی پێشکەوتووتریان بۆ دابین دەکات.

ڕێژیمی ئێران ئەو تاوانەی سەبارەت بە ئاڵۆزییەکانی باکووری عێراق کە لە ژێر کۆنترۆڵی بریتانیا دایە ڕەد کردۆتەوە و گووتیان کە ئەو ناوچەیە زۆر هێمنتر بووە لە چاو ناوچەکانی دیکەی عێراق و ئێمە ئەوە ڕەد دەکەینەوە.

سەبارەت بە کوژراو و بریندارەکانی ڕۆژی شەممە، هەواڵنێری ڕێژیمی ئێران ـ ایرنا ـ لە زمان نەخۆشخانەیەکەوە گوتوویەتی کە تا ئێستا شەش کەس لەو تەقینەوە دا کوژراون و نێزیک بە سەد کەسیش بریندارن کە وەزعیەتی هێندێک لەوان زۆر خەراپە و بەشیک لەو بریندارانە گیانیان لە مەترسی دایە.

سەرچاوە: ماڵپەری بیبیسی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥

---

## قوربانییەکانی هێرشی شیمیایی لە یەکێک لە گوندەکانی کوردستانی ئێران هەتا ئێستاش چاوەروانی عەداڵەت دەکەن

فرانسیس هریسون

فرانسیس هریسون
هەواڵنێری بیبیسی لە ئێران

قوربانییەکانی هێرشی شیمیایی لە یەکێک لە گوندەکانی کوردستانی ئێران هەتا ئێستاش چاوەروانی عەداڵەت دەکەن.

لە مانگی ژوئەنی ساڵی ١٩٨٨، لە گەرمەی شەری ئێران و عێراق دا، گوندێکی کوردستانی ئێران بە ناوی زەردە،

کەوتە بەر پەلاماری هێرشی شیمیایی فرۆکە شەرکەرەکانی عێراقی. فرانسیس هریسون سەردانی ئەو گوندەی کردووە تا لە نێزیکەوە شاهیدی دەرد و ئازار و مەینەتەکانی خەڵکی ئەو گوندە بێت.

گوندی زەردە هەڵکەوتوو لە پارێزگای کرمانشان‌دانیشتوانی ئەو گوندە دەڵێن بۆنێکی وەک بەهاراتی گەنیو لێدراو هەوای پر کرد و ناوچەکەی داگرت، بۆنێکی غەریب کە هەواڵی مەرگێکی نائاشنای دەدا. سەر لە بەیانی ئەو ڕۆژە مانگی ژوئەنی ١٩٨٨ خەڵکی گوندی زەردە لە مەرقەد و چاک و پیری ئەو بەری ماڵان کۆببوونەوە.

سەرتا گوێمان لە دەنگی ئەو فرۆکانە بوو، کە بە سەر ئاسمانی ئێمە دا دەفرین. هەڵبەت ئەو دەنگانە بۆ گوندێکی کە لە بنار و داوێنی کێوێکی سەر بە تەم لە سەر سنووری ئێران و عێراق هەڵکەوت بێت، شتێکی نوێ و تازە نەبوو.
ئەمرۆ هەموو دێتەوە یادیان کە دەنگی تەقینەوەکان چەندە کەم و زەعیف بوون هەر بۆیە بە هیچ شێوەیەک لە گەڵ ئەو کارەسات و ماڵوێرانی و کوژرانە زۆرەی کە لێی‌کەوتەوە یەک ناگرنەوە.

هەر کام لە فرۆکەکان چوار بۆمبیان بەرەو زەوی بەردانەوە و هەر کام لە بۆمبەکان ٢٥٠ کیلۆگەرمیان قوورسایی هەبوو، و دووکەڵێکی زەرد، سەوز، سوور و ڕەشیان لە دوای خۆیان بە جێ هێشت.

یەکێک لە پیاوانی ئاوایی زەردە گووتی ئەو دووکەڵانە زۆرتر وەک کۆلکەزێرینە دەچوون و کەسێکی‌تریش گووتی کە ئاسمان بە پەردەیەکی ڕەنگی داپۆشرا بوو.

سەرەتا باڵندەکان لە دارەکان بەر بوونەوە و دوایەش تەواوی خەڵکی ئاوایی کەوتنە سەر زەوی.

ئەو رۆژە ٢٧٥ کەس لە مەرقەد و چاک و پیری ئەوبەری ماڵان گیانیان لە دەست دا، کە بەشی زۆریان ژن و منداڵ بوون.

بەشێک لەو کەسانەی کە زیندوو ماونەوە، ئێستا ئاواتەخوازن کە بریا هەر ئەو کات ئەوانیش گیانیان تەواو بایە: بۆ نموونە هەدیە کە بە پێچەوانە ناوەکەیەتی، ئێستا بارێکی قوورسە بۆ سەر بهەدیە و دایکی (گوڵبانوو)

نەماڵەکەی. ئەو ڕۆژانە چوار کاتژمێر پۆمپێکی پڕ لە ئۆکسیژنی بە دەمەوە. ئەو پۆمپە دەبێ حەوتووی جارێک لە نێزیکترن نەخۆشخانەی شار کە ٣ کاتژمێر لە گوندی زەردەوە دووره پڕ بکرێتەوە کە ئەوەش بۆتە هۆی داتاشینی خەرجی‌یەکی یەکجار زۆر بۆ بنەماڵەی هەدیە.

هەدیە بە دڵەوە پێی خۆشە کە لە زانکۆ دەرس بخوێنێ بەڵام دەرتانی ئەوەی نی‌یە. تەنیا کارێکی کە بۆ بنەماڵەکەی لە دەستی دێت یارمەتی کردن بە دایکی‌یەتی لە کاتی شکاندنی گوێز و دەرهێنانی کاکڵە گوێزەکان دا. ئەو دەڵێ: "چاوەڕوانی مردن دەکەم".

"ڕۆژبەڕۆژ و هێدی هێدی حاڵ و وەزعم بەرەو خەراپی دەروات و دوکتۆریش ناتوانێ هیچ کارێکم بۆ بکات و چارەسەرم بکات". ئەو هێزی بینینی چاوەکانی، پێست و تەنانەت هەناسەکێشانیشی بە تەواوی تێکچووە.
هەدیە دەڵێ هیچ ئومێدێکم بە دواڕۆژ نی‌یە. لە هەدیە دەپرسم، ئایا کارێک هەیە کە کەسێک بۆتی جێبەجێ بکات، ئەویش بە سەری ئیشارە دەکات و دەست دەکا بە گریان. ئەو دەڵێ: "هەر کەسێک ئەو بەڵایەی بە سەر من هێناوە دەبێ ئەو بەڵایەی بە سەر بێتەوە."

## سووتانی شیمیایی

بەشی گوڵبانووهەرە زۆریان هێزی زۆرتریان هەیە بۆ دەر برینی قەڵسی‌یەکانی خۆیان. گوڵپەری دەڵێ، من دەمهەوێ سەددام بێتە کەباب، هەروەک ئەو"سەددام" خوشکەکەمی بەو دەردە بردووە. ئەو وشەیە زۆر بێڕەحمانە خۆ دەنوێنێ، بەڵام سیمای و ڕوخساری گوڵبانوو تەنیا دەتوانی بەم وشەیە وەڵام بدرێتەوە. سیما و روخساری ئەو خاتوونە بە شێوەیەکی زۆر خەراپ تێکچووە، بۆ نموونە پێستی دەم و چاو و لووت و لێوەکانی بە تەواوی سووتاون و بوونە ناسۆر و برین.

گوڵبانوو وێنەیەکی ڕەش و سپی سەر پێناسەکەی کە پێش بومباران گرتوویەتی بە من نیشان دەدا و دەڵێ:" چاوی لێبکە، لە بەر خاتری سەددام بوو کە مێردەکەم منی بە شەش منداڵەوە بە جێ هێشتووە، چۆن تازە وەک جاران جوان نەماوم."

گوڵبانوو، سەر لە بەیانی ئەو ڕۆژەی کە لە مەرقەد و پیرو چاکی ئەو بەری ماڵان بوو، بۆ شتنەوەی ئەو مەوادە شیمیایە خۆ دەگەیێنێتە نێزیکترین سەرچاوە ئاوی گوندەکەیان. دواییین شت کە گوڵبانوو لە کاتی خواردنەوەی ئاو دا و لە کاتی دەم و چاو شتن دا لە بیری ماوە ئەوەیە کە دەڵێ: ئاوی سەرچاوەکە گەرم بوو. ئەو هیچ بەوەی نەزانی بوو کە یەکێک لە بۆمب شیمیایەکان ڕاست لە سەرچاوەکە دراوە و ئاوی ئەم گوندە بە تەواوی پڕ بووە لە مەوادی شیمیایی.

بە کەڵک وەر گرتن لە ئاوی سەرچاوەکە زیاتر لە پێشوو برینەکانی قووڵتر و زیاتر بوون. گوڵبانوو کاتێک لە نەخۆشخانە چاوی هەڵێنان، زانی کە لەو بۆمبارانە دا بێجگە لە خۆی کە بە توندی زامدار بووە، پێنج برا و بابیشی لەو هێرش و پەلامارە دا لە دەست داون و مردوون.

## کاردانەوەی پاک و خاوێنی

کاتێک بۆ دیدار چوومە مەرقەد و پیر و چاکی ئەو بەری ماڵان، ئەو کەسانەی کە دوای ئەو کارەساتە مابوونەوە بۆ گێرانەوەی بەسەرهاتەکەیان زۆر بە پەلە بوون هەر بۆیە گەمارۆیان دام.
ژنانی بە تەمەن و وەنێو کەوتوو بە جلوبەرگی کوردیەوە، داوێنی کراسەکانیان هەڵدەدایەوە یا دوکمەی کراسەکانیان دەکردەوە، تا ئەو زام و برین و سووتاوە سامناکانەی کە تەواوی لەش و جەستەیانی داگرت بوو بە من نیشان بدەن.

ئەوان دەیان گووت "هەموو کەس داستان و کارەساتی هەڵەبجە دەزانێت، بەڵام ئەدی گوندی ئێمە چی؟ بە خاتری خودای ئێمە لە بیر مەکەن." بەڵام لە بیرکردن و پشت گوێ خستن دونیایەکی دیکەیە کە ئێمە تێیکەوتووین.
بیستم کە من یەکەم هەواڵنێرم چ لە ناوخۆی ئێران و چ لە دەرەوە ئێران، دوای ئەو بۆمبارانە کە سەردانی گوندی زەردەم کرد بێت.

لە سەر یەک نۆ ساڵ درێژەی کێشا تا دوکتۆرەکانی ناوچە بۆیان ساخ بۆوە کە نێزیک بە سەدی دانیشتووانی گوندی زەردە بە هۆی مانەوەی گازی خەردەل و گازی هۆش تێکدەر (گازهای عصبی) تووشی نەخۆشی جۆراوجۆر بوون و ئازار دەکێشن. ئەوە بەو مانایە کە لە ١٧٠٠ کەس لە دانیشتووانی گوندی زەردە ١٥٠٠ کەس نەخۆشن و ٧٠ کەس

تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوون و ڕێژەی لە بەرچوونی منداڵ گەیشتۆتە سی لە سەدی دانیشتووانی گوندی زەردە. هیچ کەس ناتوانێ کە زەرەر و زیانەکانی ژینگەی دەوروبەر دوای ئەو بۆمبارانە هەڵسەنگێنێت، یا کاردانەوەکانی ئەو بۆمبارانە بۆ نەوەی داهاتوو لێک بداتەوە. هەر شتێک بێت ئەوە یەکەم شەڕ بوو کە لە گازی هۆش تێکدەری(گازهای عصبی) تێدا بە کار هات.

## "چاو پۆشی کردن"

ئەدی بۆچی سەددام حوسێن بە خاتری ئەو کارە سامناکەی کە لە گوندەکان و یەک لەوان " گوندی زەردە" کردوویەتی موحاکمە ناکرێ. ئێران نێزیک بە ٣٠ جار بۆمبارانی شیمیایی لە لایەن ڕێژیمی سەددامەوە لە خاکی خۆیدا بە سەنەدەوە تۆمار کردووە کە لە بەشێک لەو بۆمبارانانە دا کەڵک لە ٣٠٠ بۆمب وەرگیراوە.

ئێرانییەکان دەڵێن ئەوە یەکێک لە شیوەکانی فەرق و جیاوازییە کە لە نێوان شوێنەکان دا دادەندرێت، بۆ نموونە سەددام حوسێن سەبارەت بە بۆمبارانی هەڵەبجە تاوانبار دەکرێ و موحاکمە دەکرێ، بەڵام ئەوە کە لەو دیوی سنوور لە ئێراندا چی ڕوو داوە، ئەو "سەددام" وەڵامدەر نییە. ئەوان "ئێرانییەکان" لە سەر ئەو باوەڕەن کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا چاوپۆشی لەو شیرکەتانەی کە چەکی شیمیاییان بۆ سەددام دابین کردووە دەکەن. ئاخر هەر چۆنێک بێت سەددام لە ڕۆژانی شەڕ دا ڕۆڵی هاوکاری و یەکبوونی لە گەڵ ڕۆژئاوا بە دژی ئێران هەبووە، واتە ئەو وەڵاتەی کە دیپلۆماتەکانی ئەمریکایی بە بارمتە گرت بوو"ئێران".

دوای هەژدە ساڵ لە کارەساتی بۆمبارانی شیمیایی گوندی زەردە، ئێستاش دانیشتوانی ئەو گوندە داوای موحاکمە کردنی سەددام حوسێن دەکەن، خەڵکی ئەو گوندە لە سەر ئەو باوەڕەن کە هەتا سەددام حوسێن لە سەر ئەو جینایەتەی گوندی زەردە موحاکمە نەکرێت، هەر حوکمێکی بە سەر دا بدەن ناعادیلانە دەبێت.

سەرچاوە ماڵپەری بی‌بی‌سی

تێبینی: گوندی زەردە لە پارێزگای کرمانشان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەڵکەوتووە

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥

## دەربرینی نارزایەتی دیپلۆماتیک لە سەر قسەکانی سەرکۆماری ئێران

چەند وڵاتێکی ڕۆژئاوایی نیازیان وایە کە ڕۆژی پێنج شەممە ٢٧ی ئوکتوبر سەبارەت بە قسەکانی مەحموود ئەحمەدی‌نژاد، سەرکۆماری ئێران، سەبارەت بە لابردن و نەهێشتنی ئیسرائیل لە سەر نەخشەی جیهان، بە توندی نارزایەتی خۆیان بە ئێرانی‌یەکان ڕابگەیێنن.

بریتانیا، فەرانسە، ئیسپانیا و کانادا نیازیان وایە کە کاربەدەستەکانی سەفارەتی ئێران لە ولاتەکانیان بانگ بکەن و ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە قسەکانی ئەحمەدی‌نژاد بدەن.

ئاغای ئەحمەدی‌نژاد لە قسەکانی خۆیدا لە کۆبوونەوەیەک لە ژێر ناوی "جیهانی بە بێ سەهیونیسم" کە بە بەشداری نوێنەرانی چەند گرووپ لە فەلەستینی‌یەکان، ئەندامانی کۆڕی ناسراوە بە بەرگری لە نەتەوەی فەلەستین و ئەندامانی یەکگرتووی کۆڕەکانی ئیسلامی قوتابیان لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی وەزارت لە تاران بەڕێوە چوو، لە سەر دونیای بێ ئەمریکا و ئیسرائیل قسەی بۆ بەشداربووان کرد و ئەوەی بە قسەکانی‌یەوە زیاد کرد:"

ئەو کەسانەی کە دان بە بوونی ئیسرائیل دادەنێن، بە ئاگری تورەی ئومەتی ئیسلام دەسووتێن."

هەواڵنێری بی‌بی‌سی لە چوارچیوەی دیپلۆماتیک دا دەڵێ. ڕەنگ بێ ڕۆژئاوای‌یەکان هیوادار بن کە دەربرینی نارەزایەتی‌یەکی یەکگرتووی دیپلۆماتی سەبارەت بەو مەسەلەیەی ئێران، ببێتە هۆی گوشاری زیاتر بۆ سەر ئاغای ئەحمەدی‌نژاد بۆ دەست هەڵگرتن لە چالاکی چەکی ناوەکی ئێران.

دوای بڵاو بوونەوەی قسەکانی ئەحمەدی‌نژاد، ئەمریکا گووتی کە قسەکانی سەرۆک کۆماری ئێران دڵەڕاوکەیەکی زیاتری سەبارەت بە بەرنامەی چەکی ناوەکی ئەو وڵاتە نیشان دەدا. ئەمریکا ئێرانی بە هەوڵی درووست کردنی چەکی ناوەکی تاوانبار دەکات، بەڵام ئێران لەگەڵ ئەوە دا کە پێداگرە لە سەر کەڵک وەرگرتن لە هێزی ناوەکی بە شێوەی ئاشتیانە لە هەمان کاتدا، سەبارەت بە بەرنامەی ناوەکی ئێران دەڵێ: کە ئامانجی وەدوا کەوتن و گەشە کردنی ئەو بەرنامەیە تەنیا لە بەر هەبوونی هێزی کارەبای‌یەو و بەس.

وتەبێژی وەزارەتی دەروەی بریتانیا گووتی کە ئەگەر بیروبۆچوون وقسەکانی ئاغای ئەحمەدی‌نژاد، ئەوە بێت کە بڵاوکراوەتەوە، ئەوە زەنگێکی خەتەر و لەرزێنەرە بۆ گشت لایەک و ئەو دڵەڕاوکێیەی کە سەبارەت بە بەرنامەی ناوەکی ئێران لە دونیا دا هەیە، زۆر لەوە زیاتر دەکات.

ژان باپتیست ماتئی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی "فەرانسە"ش گووتی کە ئەگەر ئەو قسانەی ئەحمەدی‌نژاد راست بن، دەوڵەتی فەرانسە ئەو بیروبۆچوون و قسانە بە توندترین شێوە مەحکووم دەکات و والتر لیندنر، وتەبێژی وەزارەتی دەروەی "ئاڵمان"یش گووتی دەربڕینەکانی ئەحمەدی‌نژاد بۆ ئەوە نابن کە قەبووڵ بکرێن و ئەوەشی زیاد کرد ئەو جۆرە هەڵوێستانە دەبێ بە توندترین شێوەی دەربڕین مەحکووم بکرێن.

پلەبەرزترین بەرپرسی وەزارەتی دەروە کە لە سەر قسەکانی ئەحمەدی‌نژاد هەڵوێستی لە خۆی نیشان داوە، سیلوان شالوم، وەزیری دەروەی "ئیسرائیل"ە کە کۆماری ئیسلامی ئێرانی بە یەکێک لە خەتەرە گەورە و ئاشکراکانی بە دژی وەڵاتی ئیسرائیل ناوبرد و دەزانێ.

سەرچاوە: ماڵپەری بی‌بی‌سی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥

## دان پێدانانی ڕئیسی نوێی زانکۆی ئیسفەهان

بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و هێز شەش ساڵ نەخشە و پلانمان کێشا و تەشکیلاتێکی نەهێنی و ژێر زەمینی‌مان هەبوو. بە گووتەی ناوبراو، دەوڵەتی مێهر و وەفا و مەجلیسیی ئیمامی زەمان بە پێی نموونەکانی کۆشکی سپی هاتنە سەرکار.

دوکتور ڕامشت ڕئیسی نوێی زانکۆی ئیسفەهان لە کاتی بەربانگ و خواردنی ئێوارە دا بە کاربەدەستانی زانکۆی

گووت:

کێ گوتوویەتی ئێمە وەک تاقم و جەناح هیچ ناکەین؟ ئایا کەسێک گوتوویەتی ئێمە نابێ وەک تاقم و جەناح کار بکەین؟ ئێمە ناتوانین جەناحی و تاقمی کار نەکەین، مەگەر شتی وا دەبێت؟ ئێمە شەش ساڵ ئازارمان کێشا و تەشکیلاتی نەهێنی و ژێرزەمینیمان دروست کرد و خەڵکمان بۆ ئەو مەوزووعە یەکگرتوو کرد، دەنگمان لە خەڵک وەرگرت! ئێستا دەمان هەوێ دەسەڵات و حوکمەت بکەین. ئێمەین دەست نیشان دەکەین کە کێ هەبێت و چ کەسێک بڕوات.

ئێمە ڕوخسەت و ئیجازە دەدەین بەو کەسانەی کە هاو بیروباوەڕی ئێمە و لە تاقمی ئێمە نین بۆ خۆیان چالاکی بکەن. بەڵام ناهێڵین بەڕێوەبەر و بەرپرسی ئەو شوێنانەی ژێر دەسەڵاتی خۆمان بە دەستی کەسانێکی دیکەوە بن و دەبێ بە دەست هاوبیرانی خۆمانەوە بن. لە کاردانەوە و ڕەنگدانەوەی تەشکیلاتی جێگای پەسەندی خۆمان دا، تەنانەت هاوکار و جێگرەکانی زانکۆکانیش هەر لە لایەن تەشکیلاتی خۆمانەوە هەڵبژێردراون و بەم شێوەیە چاکەمان بەو کەسانەی کە زەحمەتیان کێشاوە داوەتەوە.

ئێمە لەو زانکۆیە دا هیچ کەسمان سەرکۆنە نەکردوە و کەسیشمان هەڵنەپێچاوە. ئەی بۆچی دەبێ سوپاس لەو کەسانە بکەین، کە خەیانەت بە بەیتوالومال و خەڵک و میللەت و هەروەها خەیانەت بە شەرەف و ناموسی خەڵک دەکەن!

بە پێی بۆچوونی یەکێک لە ڕاوێژکارانی ئەمریکای لە کۆشکی سپی دا، ئەگەر ٢٥% لە خەڵک لاینگری لە ئەوان بکەن ٥٠%یش بە شێوەی ئۆتوماتیک پشتیوانی لە ئەوان دەکەن. دەتوانی ١٠ تا ١٢% لە خەڵک بکری و هەروەها 10 تا ١٢% لە خەڵکیش بترسێنی و دەتوانی ٣ تا ٤%یش لەو کەسانەی کە بە هیچ شێوەیەک نایەنە سەر ڕێگای ڕاست، بە ئیمکانات و هێز زۆر بە گورجوگۆڵی پێش لە دایک بوونیان بگری و بێ دەنگیان بکەی.

سەرچاوە: ماڵپەری پیک نت

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٥

## خۆکشانەوەی وەزیری پێشنیاری نەوت لە دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد دا

لە کۆبوونەوەی ئاشکرای مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ئێران کە قەرار بوو دەنگی مەتمانە بۆ چوار وەزیری پێشنیاری بۆ پڕ کردنەوەی کورسی‌یە بە تاڵەکان لە دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد دا بکرێت، غولام عەلی حەدادعادڵ ڕئیسی مەجلیس نامەیەک کە لە لایەن سادق مەحسوولی کە یەکێک لە وەزیرە پێشنیاری‌یەکانی ئەحمەدی‌نژاد بوو خوێندەوە، ناوبراو لە نامەکەی دا داوای کشانەوەی خۆی لە ئاخرین کاتەکانی بریار دان دا، بە سەرۆک کۆمار ڕاگەیاندووە.

ئەو لە نامەکەی خۆی دا نوسیوویەتی کە " بە لە بەرچاو گرتنی گرینگی وەزارەتی نەوت و بۆ بە قەوەت کردنی شۆڕش و ڕێژیمی ئیسلامی" بە پێویستی دەزانێت کە کەسێکی دیکە بە دەنگی زۆرترەوە لە مەجلیس دا بۆ ئەو وەزارەتخانەیە دەست نیشان بکرێت.

خۆ کشانەوەی سادق مەحسوولی کە جێگا پەسەندی سەرکۆمار بوو بە دوایی ئەوە دا هاتە ئاراوە کە گروپێک لە نوێنەرانی فراکسیۆنی زۆرینەی مەجلیس لە نامەیەک دا بۆ مەحموود ئەحمەدی‌نژاد، خوازیاری ئەوە بوون کە کەسێکی دیکە بۆ ئەو پۆستە گرینگەی وەزارەتی نەوت بە مەجلیس پێشنیار بکات.

یەکێک لە هۆکارە گەورەکانی دژایەتی نوێنەرانی مەجلیس لە گەڵ ئاغای مەحسوولی، سەروەت و سامانی زۆری ناوبراو بووە.

ڕۆژێک پێش ئەوەی کە مەجلیس راستەوخۆ دەست بکات بە لێکۆلینەوەی دەنگی مەتمانە بە ئاغای مەحسوولی و دابنیشێت، عیماد ئەفروغ، بەرپرسی کۆمیسیۆنی فەرهەنگی مەجلیس لە قسەکانی پێش لە دەستووری خۆی دا بە بێ ئەوەی کە ناوی ئاغای مەحسوولی بێنێت ئەوی بە "کەسێکی دەوڵەمەند و خوا پێداو" ناو برد کە سەروەت و سامانەکەی" پێک هاتووە لە مەعاملات و پەیوەندی تایبەتی" و پرسیاری کرد چۆن چۆنی ئەو کەسە دەتوانێ وەزیرێکی گونجاو بێت بۆ دەوڵەتێک کە عەدالەت و ڕاستگۆی کردۆتە ڕێرەوی بەرنامەکانی خۆی.

ئەو بە پشت بەستن بە قسەکانی ئەیتوڵڵا خامنەئیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی کە دەوڵەمەند بوونی ڕەد کردۆتەوە گووتی: "ئەوە بێننە بەرچاوی خۆتـان، وەزیرێک کە لـە ڕێگـای بـۆرس و سـازان و فرۆشـتنەوە بـە سـەروەتێکی زۆر گەیشت بێت، دەبێ لە گەڵ ئەو وەزارەتخانە دەوڵەمەندە (وەزارەتی نەوت) چ بکات".

قودرەتوڵڵا عەلیخانی، نوێنەری "بویین زهرا و آوج" یش بە هەواڵنێری کۆماری ئیسلامی گوتـووە کە بەشێک لـە نوێنـەرانی مـەجلیس لـە ئاغـای مەحسـوولی سـەبارەت بـە خـانوو و بیناکـانی ئـەو پرسـیاریان کـردووە کـە "دەڵـێن خانووەکانی جەنابت میلیاردین و زۆر بە قیمەتن و هەروەها قسە لە بـورجی میرداماد و پارچە زەویـەکی پـان و بەرین لە "حسنی کیا" دەکرێت کە ئی جەنابتن"، ئاغای مەحسوولی لە وەڵام دا گوتوویەتی کە تـەنیا یـەکێک لـە تەبەقەکانی ئەو بورجە دوازدە تەبەقەیەی میرداماد ئی منە و وەک دەفتەری کار کەڵک لەو شوێنە وەردەگرم.

بە گووتەی ئاغای عەلیخانی، نوێنەرانی مەجلیس ئەوەشیان باس کردووە کە ئاغـای مەحسـوولی لـە ڕێگـای کرینـی ئەو ئەموال و کەلو پەلانەی کە لە لایەن حوکمەتەوە لە خەڵک داگیر کراون، خۆی دەوڵەمەند کردووە، کە بۆ ئەو پرسیارەش ئاغای مەحسوولی گوتوویەتی کە تا ئێستا ٤٤ جار بۆ کرینـی ئـەو ئەموالانـە بەشـداری کـردووە و بـە گووتەی خۆی تەنیا لە سێ جار دا سەرکەوتنی بە دەست هێناوە.

یەکێکیتر لە ئیراد و ڕەخنەکان ئەوەیە کە ئاغای سادق مەحسوولی هیچ ئەزموون و کار کردنی لە وەزارەتی نـەوت دا نیيە.

سادق مەحسوولی وەک کەسێکی تەمەنی ٤٦ ساڵە و فەوقی لیسانسی لە بەڕێوەبەری و مودیرییەت دا ناسێندراوە و هەر وەک ئاغای مەحموود ئەحمەدینژاد یەکێک لە فەرماندەکانی سوپای پاسداران بـووە و بـە گووتـەی شوکروڵڵا عەتارزادە، یەکێک لە نوێنەرانی مەجلیس، لە کاتی شەری ئێران و عێراق دا لە گەڵ ئاغای ئەحمەدینژاد لە یەک لەشکر دا کاریان کردووە.

ئـەو خـەڵکی شـاری ورمێيـە کـە ناوەنـدی پارێزگایـە و لـە جیهـادی سـازەندەگی دا ئـەزموونی کـار کردنـی هەیـە و هەروەها فەرمانداری شاری ورمێ و جێگری پارێزگـای ورمێ و ڕئیسـی تەشـکیلاتی بـە نـاوی شـۆرای ڕاوێژکـردن لـە مەجمەعی هەڵسەنگاندنی مەسڵەحەتی ئێران دا بووە.

مەحموود ئەحمەدینژاد پێشتر "عەلی سەعیدلو"، کە یەکێک لە جێگرەکانی خۆی بوو لە "کاتێک کە بۆ خۆی شەهرەداری شاری تاران بوو"، وەک وەزیری نەوت بە مەجلیسی پێشنیار کرد بوو، بەڵام ئەویش لە بەر ئەوە کە هیچ ئەزموون و کارێکی لە وەزەراتی نەوت دا نەبوو نەیتوانی دەنگی مەتمانە لە مەجلیس وەر بگرێت و ڕەد کرایەوە.

ئەوە یەکەمین جارە لە مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێران دا کە دەست نیشان کردنی وەزیری نەوت لە ئێران لە گەڵ موشکیلەیەکی ئەوتۆ ڕووبەروو دەبێت، ئەوەش لە کاتێک دایە کە بەشی هەرە زۆری نوێنەرانی مەجلیس لە دەستە و دایرەی سەرۆک کۆمار پێک هاتوون.

جیا لە وەزارەتی نەوت، وەزارەتخانەکانی "فێرکردن و پەروەردە، ئاسایش و پێکهێنانی کۆمەڵایەتی و تەعاون" یش تا ئێستا هیچ وەزیرێکیان بۆ دیاری نەکراوە و بریار وایە کە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی چوارشەممەی مەجلیس شۆرای ئیسلامی دا هەڵسەنگاندن و لێکۆلینەوەیەک لە سەر دەنگی مەتمانە ئەو کەسانەی کە سەرکۆمار بۆ دانانی ئەوان لەو وەزارەتخانانە دا پێشنیاری کردوون بکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەری بیبیسی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٥

## چوار ڕۆژ کات بە ئەحمەدینژاد بۆ ناساندنی کەسێک بۆ پۆستی وەزارەتی نەوت

نوێنەرانی مەجلیس بە "مەحموود ئەحمەدینژاد"یان ڕاگەیاندووە کە تەنیا ٤ ڕۆژ کاتی هەیە کە کەسێک بۆ پۆستی وەزارەتی نەوت بە مەجلیس بناسێنێت.

بە تێپەر بوونی ٣ مانگ بە سەر تەمەنی دەوڵەتی نوێی ئەحمەدینژاد دا، وەزارەتی نەوتی کۆماری ئیسلامی ئێران

هەروا بە شێوەی سەرپەرەستی بەڕێوە دەبردرێ، لەبەر ئەوە نەفەری یەکەمی ئەحمەدی‌نژاد، کە عەلی سەعیدلو بوو، نەیتوانی دەنگی متمانە لە مەجلیس وەر بگرێ، ئەحمەدی‌نژاد کەسێکی دیکەی بە ناوی سادق مەحسوولی بە مەجلیس ناساند، بەڵام ناوبراو کەوتە بەر هێرشی نوێنەرانی مەجلیس بە تایبەتی "سەروەت و سامانی زۆر و مەعاملاتی کڕین و فرۆشتن" یەکێک لە هێرشەکانی نوێنەرانی مەجلیس بوو بۆ سەر سادق مەحسوولی، بۆیە ناوبراو بە ناچاری دەستی لە نوێنەرایەتی خۆی بۆ پۆستی وەزیری هەڵگرت.

دوای ئەوە کە ئاغای سەعیدلو لە ٣ی مانگی خەرمانان دا لە لایەن مەجلیسەوە دەنگی متمانەی پێ نەدرا، کازم وەزیری، یەکێک لە بەڕێوەبەرانی وەزارەتی نەوت، ڕۆڵی بەڕێوەبەری وەزارەتی نەوتی وەک سەرپەرەست بە ئەستۆوەیە، بەڵام سەرکۆمار بە پێی یاسا و قانوون تەنیا ٣ مانگ کاتی هەیە تا نەفەری تازەی خۆی بە مەجلیس بناسێنێ.

ئەلیاس نادران، یەکێک لە نوێنەرانی هاوبیری سەرکۆماری ئێران، بە هەواڵنێرانی گوتووە کە "بە پێی یاسا و قانوونی بنچینەیی ئێران، سەرکۆمار تا ڕۆژی ٣ی سەرماوەز کاتی هەیە کە وەزیری پێشنیاری خۆی بۆ پۆستی وەزارەتی نەوت بە مەجلیس بناسێنێ. لە بەر ئەوە مەجلیس یەک حەوتووی کات پێویستە بۆ هەڵسەنگاندنی وەزیری پێشنیاری، هەر بۆیە ئاغای ئەحمەدی‌نژاد بە لانی زۆرەوە دەبێ تا ٢٦ی خەزەڵوەر وەزیری پێشنیاری خۆی بە مەجلیس بناسێنێ.

میدیاکانی نێو خۆی ئێران سەبارەت بە سێهەمین پاڵێوراو "وەزیری پێشنیاری" بۆ وەزارەتی نەوت لە نۆهەمین دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، هێندێک شک و گومانیان بڵاو کردوونەوە و تەنانەت دەڵێن کە ئەگەری ئەوەی هەیە کە ئاغای ئەحمەدی‌نژاد تەسلیمی مەجلیس بێت و پاڵێوراوی مەجلیس پەسەند بکات.

بەڵام ئاغای نادران لە بەشێک لە قسەکانی د،ا کە هەواڵنێری کۆماری ئیسلامی، ئیرنا بڵاوی کردوونەوە، گوتوویەتی کە " مەجلیس هیچ پاڵێوراوێکی پێشنیاری نادات، هەروەک لە پێشتریش دا ئەو کارەی نەکرد. هەڵبەت ئەگەر سەرکۆمار بیهەوێت ڕای مەجلیس وەر بگرێت، مەجلیس هاوکاری سەرکۆمار دەکات."

لە حاڵێک دا ئەو کەسانەی کە گازەندە لە دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد دەگرن دەڵێن: "هەتیو مانەوەی"

وەزارەتخانەیەک لە سەرەتای درووست بوونی دەوڵەت دا شتێکی نوێیە، لە مێژووی سیاسەتی نوێی ئێراندا ئەوە یەکەم جارە کە وەزارەتخانەیەکی وەک وەزارەتخانەی نەوت بێ وەزیر بمێنێتەوە، هەروەها ئەوانەی کە هاوبیری سەرکۆمارن، بەڵگە و دەلیل دێننەوە و دەڵێن کە لە دەوڵەتی "محەممەد خاتەمی"ش دا وەزارەتی ڕێگاوبان بۆ ماوەیەک بێ وەزیر بووە، هەر چەند لە نێوان ئەو دووانە دا جیاوازییێکی زۆر هەیە.

مەجلیسی حەوتەم، ساڵی ڕابردوو ئەحمەد خوڕڕەم، وەزیری ڕێگاوبان لە دەوڵەتی ئاغای خاتەمی دا بە تاوانی " بێ کەفایەتی و کەڵک وەرگرتن و پاشقوول دانی پارە" لە کاتی کردنەوەی فرۆکاخانەی ئیمام خومەینی دا بانگ کردە مەجلیس و دەنگی متمانەی مەجلیسیان لێ وەر گرتەوە. ئاغای خاتەمی بۆ ماوەی ٣ مانگ "ئەحمەد سادق بناب"ی وەک بەڕێوەبەر و سەرپەرەستی ئەو وەزارەتخانەیە دانا و کاتێک کە ناوبراوی بۆ وەر گرتنی کورسی وەزارەت بە مەجلیس ناساند لە لایەن مەجلیسەوە دەنگی متمانەی پێ نەدراوە و لە گەڵ شکست بەرەو ڕوو بوو.

وەزارەتی نەوت لە بەر ئەوە کە ٧٠% لە داهاتی ئێران دابین دەکات بە یەکێک لە گرینگترین وەزارەتخانەکانی ئەو وڵاتە بە حیساب دێت، بەشێک لەو کەسانەی کە سەبارەت بە ئێران راو بۆچوونیان هەیە، ئەوە بە دوور نازانن کە ئەو جارە بە شێوەی " سازان" بە وەزیری پێشنیاری ئەحمەدینژاد دەنگ بدرێ.

ئاغای نادران ئەوی ڕەد کردەوە و گووتی" لە مەجلیسی حەوتەم دا شتێکی ئەو تۆم چاو پێ نەکەوتووە."

سەرچاوە: ماڵپەری بیبیسی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٥

## گازەندەی هاشمی ڕەفسەنجانی لە گۆڕینی بەربڵاوی بەرێوەبەر و بەرپرسان لە ئێران دا

ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، ڕئیسی لیژنەی دیاری کردنی بەرژەوەندیەکانی ڕێژیم لە کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ ئیمامان و پێشنوێژانی، "نوێژی هەینی" بە گازەندە لە هەڵسوکەوتەکانی مەحموود ئەحمەدینژاد، سەرکۆماری ئێران سەبارەت بە" گۆڕینی بەڕێوەبەران و بەرپرسان و هەروەها قسە کردن بە دژی کارەکانی دەوڵەتی لە خولەکانی پێشتر دا" قسەی بۆ بەشداران کرد.

ڕەفسەنجانی لە درێژەی قسەکانی دا ئاماژەی بەوە کرد و گووتی ئەگەر ئەحمەدینژاد هەروا خەریکی لابردن و دوور خستنەوەی بەڕێوەبەرانی شایستە و بە ئەزموونی وەڵات بێت، ئەوە ئێمە زۆر بە تووندی بەرەنگاری دەبینەوە.
لە بەشیک لە قسەکانی دا، ڕەفسەنجانی گووتی: یەکیەتی و یەکگرتووی گەلی ئێران خەوشدار کراوە، کۆمەڵگا بۆتە دوو جەمسەر و بێ بەندوباری لە وەڵات دا بەرێوەیە، بەڵام ئەو گووتی ناتوانێت ڕاستەوخۆ خوڵقێنەرانی ئەو بێ بەندوبارییە بناسێنێت.

لە درێژەی قسەکانی دا گووتی: کەسانێک هەن کە دەورانی تێکۆشانی شۆرشی ئێرانیان قەبووڵ نییە و ئەگەر ئەوان ترسیان لەو وەزعە نەبایە، تەنانەت ئەو دەورانەیان دێنایە ژێر پرسیار.

بە قسەی هاشمی ڕەفسەنجانی، دەوڵەتەکانی پێش ئاغای ئەحمەدینژاد، کارو کردەوەی زۆر باش و بە جێوڕێیان کردوون، بەڵام ئێستا دەوڵەتی ئەحمەدینژاد و هاوبیرانی، کردەوەکانی دەوڵەتەکانی پێشوو دێنە ژێر پرسیار " دەسکەوتەکانی دەورانی پێشوو بە تاڵان دەبەن" و پێیان وایە کە "هەر کارێکی چووکی کە بۆ خۆیان دەیکەن ڕاست و درووستە".

مەحموود ئەحمەدینژاد لەو کاتەوە کە بەرپرسایەتی و بەڕیوەبەرایەتی دەوڵەتی ئێرانی بە ئەستۆوە گرتووە، دەستی داوەتە گۆڕینی زۆر و بەربڵاوی مۆرەکانی بەرێوەبەری، بە تایبەت لە بەشی ئابووری دا، لە ئاڵوگۆڕەکاندا ئەو کەسانەی کە کاری بەڕێوەبەری ئیدارەکانی ئابووری و فەرهەنگی وەڵاتی پێ سپاردون هیچ ئەزموونێکیان نییە و ئەوان تەنیا پسپۆرییان لە کاری سەربازی و ئەمنییەتی وەڵات دا هەیە.

ئەحمەدی‌نژاد و هاوبیرەکانی لە دەوڵەت دا، دەستیان داوەتە گازەندە و ڕەخنە گرتن لە دژی سیاسەت و هەڵس‌و کەوتەکانی بەڕیوەبەرانی ئابووری دەورانی سەرکۆماری هاشمی ڕەفسەنجانی و محەممەد خاتەمی و بەشێکی زۆر و بەرچاوی ئەوانی بە کەڵک وەرگرتنی ناشەرعی لە دارایی وەڵات و هەروەها بە نە پاراستنی ئابووری وەڵاتیان تاوانبار کردوون.

ئاغای هاشمی بەرگری لە بەڕێوەبەرانی دەورانی خۆی کرد و گووتی: "ڕاکێشانی سرنجی خەڵک بەدرۆ و نیشان دانی سیماییێکی ناڕوون بە خەڵک و بەڕەڵڵا کردنی هێندێک قسە، خەبات بە دژی گەندەڵی ئابووری نییە، ئەگەر دەزانن کەسانێک لە ئابووری وەڵات بە ناشەرعی کەڵکیان وەر گرتووە و تاوانبارن، دەتوانن ناوەکانیان بە خەڵک ڕابگەیێنن و دوایەش سزایان بدەن".

ئەو نیگەرانی خۆی لە "ئاماری دڵتەزێنی چوونە دەرەوە لە وەڵات" دەربڕی و گووتی: "چاوەڕوانیمان هەبوو ناوەند بتوانێ ئەو خەڵکانەی کە خوێندەوارن بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و تەنانەت کەسانی دیکەش لە دەرەوەی وەڵات را بۆ ئێران ڕابکێشن، بەڵام ڕەوتی چوونە دەرەوەی نەوەی ئەمڕۆی ئێران، بە پێچەوانەی ئەو مەسەلەیە".

"ڕەفسەنجانی" ش بە نۆرەی خۆی ڕەخنەی لە سیاسەتی ئابووری مەحموود ئەحمەدی‌نژاد کە هەشتا لە سەدی داهاتی وەڵاتی بۆ پەروەردە و فێر کردن، هێزی چەکدار، لەش‌ساغی و دەرمان و دابین کردن و یارمەتی کردن کردووە، گرت و گووتی: "ئەگەر سیاسەتمان ئاوا بێت کە داهاتمان سەرفی ئەو شتانە بکەین و بە سەر پێشکەوتن و دروستکردنی ژێرخانی وەڵات دا باز بدەین، ئەوە کارەساتێکی سامناک لە وەڵات دا ڕوو دەدات، گەشەی ڕاستەقینەی ئابووری وەڵات لەوە دایە کە داهاتەکانی ئێران لە گەڕ دابن و تووشی ڕاگرتن و خواردنی سوودەکانی نەبی، ئەگەر بە پێچەوانەی ئەوە بێت هیچ شک و گومانتان نەبێت کە کەسێکی دیکە ناتوانێ، چوار ساڵی دیکە قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری بی‌بی‌سی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٥

## نەدانی دەنگی متمانەی بە سێهەمین وەزیری پێشنیاری بۆ وەزارەتی نەوتی ئێران

نوێنەرانی مەجلیسی ئێران دەنگی مەتمانەیان بە سێهەمین کەسی پێشنیار کراوی ئەحمەدینژاد بۆ پۆستی وەزارەتی نەوت نەدا.

بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٣ی نوامبر، مەحموود ئەحمەدینژاد لە کۆبوونەوەی مەجلیس دا بەشداری کرد و بە ناساندنی موحسین تەسلوتی وەک وەزیری نەوت بۆ کابینەی خۆی، قسەی لە سەر وەزیرە پێشنیار کراوەکەی خۆی کرد و داوای لە نوێنەرانی مەجلیس کرد کە دەنگی متمانە بە موحسین تەسلوتی بدەن.

لە گەڵ قسەکانی سەرکۆمار، چەند کەس لە نوێنەرانی مەجلیس بە دژ و بە موافق قسەیان لە سەر وەزیری پێشنیار کراوی ئەحمەدینژاد، ئاغای تەسلوتی کرد، پاشان هەڵبژاردن هاتە ئاراوە و لە ئاکام دا وەزیری نەوت بۆ جاری سێهەم دەنگی متمانەی لە لایەن مەجلیسەوە پێ نەدرا.

بە پێی هەواڵنێری ئیسنا لە کۆی ٢٥٤ دەنگ، ئاغای تەسلوتی توانی تەنیا ٧٧ دەنگی موافیق وەربگرێ و ١٣٩ دەنگ بە دژ و هەروەها ٣٨ دەنگیش بە سپی دەر چوون.

ئاغای تەسلوتی سێهەمین کەسی پێشنیار کراوە کە لە لایەن ئەحمەدینژاد وەک وەزیری نەوت بە مەجلیس پێشنیار دەکرێ، بەڵام ناتوانێ دەنگی متمانە لە نوێنەرانی مەجلیس وەربگرێ.

سەرکۆمار سێ شەممەی حەوتووی ڕابردوو بە ناردنی نامەیەک بۆ مەجلیس، موحسین تەسلوتی وەک وەزیری نەوت بە مەجلیس ناساند.

لە گەڵ ناردنی ئەو نامەیە، هێندێک هەواڵ لە سەر پەسەند نەکردن و دژ بوون بەو وەزیری پێشنیاری ئەحمەدینژاد بڵاو بوونەوە و هەروەها هیندێک لە ڕۆژنامەکانی ئێران لە پەیوەندی لە نێوان لێژنەی سەرۆکایەتی

مەجلیس لە گەڵ ئەحمەدینژاد و تەرحی ئەگەری ڕەد کرانەوەی وەزیری پێشنیاری نەوتیان پێشتر بڵاوە کردبۆوە. ئاغای ئەحمەدینژاد ئەوەی زۆر چاک دەزانی کە وەزیری پێشنیار کراوی نەوت ئاغای تەسلوتی دەبێ وتووێژی لە سەر بکرێ و پاشان دەنگی بۆ وەر بگیردرێ.

لە حاڵێک دا ڕەخنە و گازەندەی خەڵک لە سەر وەعدەکانی پێش هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بە تایبەت لە بواری ئابووری لە ڕۆژنامەکانی نێوخۆ دا و لە سەرەوەی هەمووان لە ڕۆژنامەکانی تایبەت بە دەستەی توندرەوەکان دا بڵاو دەبنەوە، ئاغای ئەحمەدینژاد دژ بوونی نوێنەرانی مەجلیس بە کەسە پێشنیار کراوەکانی خۆی بە کۆسپی بەرەو پێش بردنی کارەکان و وەعدەکانی خۆی دەزانێ.

- بەرگری لە موحسین تەسلوتی

ئاغای ئەحمەدینژاد لە قسەکانی خۆی دا لە ڕۆژی چوار شەممە لە مەجلیس دا بەرگری لە وەزیری پێشنیاری خۆی کرد، هەروەها باسێکی لە سەر بەرنامەکانی دەوڵەتی خۆی هێنا ئاراوە و لە مەجلیسی خواست کە هاوکار و هاودەنگی دەوڵەت بن، لە درێژەی قسەکانی دا لە نوێنەرانی داوا کرد کە دەنگ متمانە بە موحسین تەسلوتی بدەن کە بۆ پۆستی وەزارەتی نەوتی پێشنیار کردووە.

بە پێی هەواڵنێری ئیسنا: ئەو بە نوێنەرانی مەجلیسی گووت کە مەجلیس و دەوڵەت لە ڕابردوو زیاتر پێوستیان بە هاوبیری و هاوکاری لە گەڵ یەکتر دا هەیە.

ئەحمەدینژاد بەشی زۆری قسەکانی خۆی لە ڕۆژی چوارشەممە لە مەجلیس دا، تەرخان کرد بوو بۆ شەرح دانی بەرنامە گشتییەکانی دەوڵەت و یەک لەوان بواری ئابووری وەڵات.

سەبارەت بە وەزارەتخانەی نەوت گووتی کە ئەو یەکەمین کەس بووە کە قامکی لە سەر گرینگی وەزارەتی نەوت داناوە و هەر بۆیە ئێستاش سێهەمین وەزیری پێشنیاری خۆم بۆ ئەو وەزارەتخانەیە پێشنیار دەکەم.
ئەو لە سەر ڕابردوو و تایبەتمەندییەکانی موحسین تەسلوتی گووتی کە ئەو بیست و پێنج ساڵ پێشنەی خزمەت

کردن و بەڕیوەبەری هەیە و هەروەها ئەزموونی حەڤدە ساڵ کار کردنی لە وەزارەتی نەوت دا هەیە و بوونی ئەو لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو دا لە نێو کومیسیۆنە جۆراوجۆرەکانی سەر بە وەزارەتی نەوت دا بۆتە هۆی ئاشنا بوونی نوێنەرانی زۆرتر لەو وەزارەتخانەیە دا.

ئاغای ئەحمەدی‌نژاد لە درێژەی قسەکانی دا ئاماژەی بە تەبلیغاتێک کرد کە بە دژی موحسین تەسلوتی لە هێندێک لە ماڵپەرەکان دا بڵاویان کرد بووە، هەر بۆیە گووتی: "کاتێک ئەو کەسەمان ناساند، هێندێک لە ماڵپەرەکان بە نووسین بە دژی ئەو ویستیان کەسایەتی و ئەزموون و خزمەتی ئەو خەوشدار بکەن و لەو پێناوە دا خەرجی‌یەکی زۆریشیان بۆ ئەو مەسەلەیە تەرخان کرد."

سەرکۆمار گووتی کە ئەو تەبلیغاتانە بوونە هۆی ئەوە کە ئاغای تەسلوتی وەزیری پێشنیاری، ماوەیەکی یەکجار زۆر لە کاتەکانی خۆی بۆ وەڵام دانەوە بەو پروپاگاندانە و تاوانانەی کە خستوویانەتە پاڵ تەرخان بکات.

مەحموود ئەحمەدی‌نژاد لە نێو تاوانەکانی کە لە سەر وەزیری نەوت جێیان کردوون تەنیا ئیشارەی بەوە کرد کە بە تاوانی بەستراوە بوون بە بێگانە و هەبوونی حەقی شوێنی ژیان لە وڵاتێکی بێگانە (تابعیت) دا تاونبار کراوە،من وەک ئەحمەدی‌نژاد ئەو تاوانە ڕەد دەکەمەوە.

ئاغای ئەحمەدی‌نژاد گووتی: "سەبارەت بە کەسێک کە هەتا دوێنێ بەڕێوەبەر بووە و ساڵانێک لە بورای جۆراوجۆر دا چالاکی هەبووە و بۆ وەزارەتێک نەناسێندراوە، هیچ قسەیەک نییە، بەڵام هەر کە ئەو کەسە ناوی بۆ وەزارەتێک باس کرا، ئەو دەکەوێتە بەر سێڵاوی تاوان و لە هەمووش سرنج ڕاکێشتر ئەوەیە کە هیچ سەنەد و بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی تاوانەکانیان ناخەنە ڕوو."

دەنگی "نا"ی مەجلیس نیشان دەدا کە قسەکانی ئاغای ئەحمەدی‌نژاد بۆ پشتیوانی لە تەسلوتی نەیتوانی نەزەری نوێنەرانی مەجلیس بۆ دەنگی متمانە بگۆڕێ، ئەوە لە کاتێک دایە کە زۆرینەی کورسی‌یەکانی مەجلیس، بە نوێنەرانی جناحی تووندڕەو پڕ کراوەتەوە، هەر ئەو نوێنەرانەی مەجلیس لە ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دا بە گەرمی پێشوازی‌یان کرد بوو.

وا وێناچێت کە لە ئایین‌نامەکانی تایبەت بە ناساندنی وەزیران دا، سەبارەت بە شێوەی هەڵسوکەوت لە گەڵ ڕەد کرانەوەی یەک بە دوای یەک کەسانی پێشنیار کراو دا، ڕێگا چارەیەکیان لە پێش دا لە ئایین‌نامە دا ئامادە کرا بێت، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕەوتی ناساندن و ڕەد کرانەوەی وەزیرانی پێشنیاری هەروا بچێتە پێش تا لە کۆتایی دا کەسی جێگای متمانەی سەرۆک کۆمار دەنگی متمانە وەر دەگرێت، و یا لە جێگای ئەو دا، شێوە سازانێک لە نێوان مەجلیس و دەوڵەت دا بە نێوبژیوانی لیژنەی دیاری کردنی بەرژەوەندی‌یەکانی ڕێژیم یا دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران ببێتە جێگای لێ وردبوونەوە و سرنجی هەموو لایەک.

هاوکات هەواڵنێری ئیسنا لە زمانی یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی سەرۆکایەتی مەجلیسەوە بڵاوی کردەوە کە سەرکۆمار دەبی بە زووترین کات و بە بێ ئەوە کات بە فیرۆ بدات کەسێکی دیکە بۆ وەر گرتنی پۆستی وەزارەتی نەوت پێشنیار بکات.

سەرچاوە: ماڵپەری بی‌بی‌سی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: نۆڤەمبەری ٢٠٠٥

## ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٣ی دیسامبیر بریار وایە کە تاوانبار فرانس ڤان ئەنرات لە شاری لاهە لە هولەند ...

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٣ی دیسامبیر بریار وایە کە تاوانبار فرانس ڤان ئەنرات لە شاری لاهە لە هولەند سەبارەت بە پێشێلکاری بە دژی مرۆڤ، دوای چەندین جار دادگایی حوکمی ئاخری بۆ دیاری بکرێ.

سەبارەت بەم دادگایە زۆر نووسراوە و تا ئێستا چەندین شاهید لە شارەکانی سەردەشت و هەڵەبجە و گوندی زەردە لە کوردستانی ڕۆژهەلات لەو دادگایە دا شاهیدیان لە سەر ئەو تاوانبار داوە کە ئەو چەکە شیمیایی‌یەی کە بە دژیان بەکار هاتووە بەرهەمی کرین و فرۆشتنی فرانس ڤان ئەنرات بووە و هەر بۆیە ئەو دەبێ بە سزای

تاوانەکانی خۆی بگات.

خەڵکی شارەکانی سەردەشت و هەڵەبجە هەر لەم ڕۆژەدا لە شەقامەکانی شارەکەیان کۆ دەبنەوە و چاوەڕوانی کۆتایی دادگایی لاهە دەکەن. خەڵکی بریندراری ئەو شارانە دڵخۆشن بەوە کە پاش ئەو هەموو ئازارە، ئێستا تاوانبار فرانس ڤان ئەنرات لە دادگا دا محاکمە دەکرێ، هەروەها ئەوان چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە سەددام حوسێنی دیکتاتۆریش لە سەر بوردمان و شیمیاباران کردنی ئەو شارانە و گشت دەڤەرەکانی کوردستان محاکمە بکرێ و سزای تاوان و جینایەتەکانی خۆی وەر بگرێتەوە.

بە پێی هەواڵ بریار وایە دوای کۆتایی دادگا کە چاوەڕوان دەکرێ تاوانبار فرانس ڤان ئەنرات حوکمی زیندانی بۆ دیاری بکرێ، خەڵکی شاری سەردەشت و هەڵەبجە لە ناو شارەکانیان شایی و خۆشی بکەن و بەم شێوەیە خەمی چەندین ساڵە و ئازارەکانیان بۆ ساتێکیش بێ لە بیر بەرنەوە و بە شەهیدانی لە خوێن دا شەڵاڵی کوردستان بڵێن کە ئێمە ناهێڵین خوێنی بە ناحەق ڕژاوتان بە فیرۆ بروا و تا دوا هەناسەمان بە دوای دۆسیەی ئەو دادگایە و دادگایەکانی دیکە دا دەڕۆین.

بە هیوای ئەوە کە خەڵکی زامداری شارەکانی سەردەشت و هەڵەبجە و گوندی زەردە و هەموو شوێنەکانی دیکەی کوردستان وەک ئەمجارە لە کات و ساتی خۆیدا لە دادگاکان دا وەک مام قادر مام قادر مەولانپوور مەولانپوور دانیشتووی گوندی ڕەشەهەرمێ لە ناوچەی سەردەشتی سەرسەوز، دلێرانە و مەردانە بەرامبەر بە تاونباران ڕاوەستن و داوای حەقی خۆیان بکەن، مام قادری تێکۆشەر و زامدار و تەمەن ٥٩ ساڵ بە جلوبەرگی کوردیەوە لە وڵاتێکی ئوروپای و لە دادگایەک دا ئامادە بووە کە تێیدا جیا لەوە کە داوای حەقی هەموو شەهیدانی ئەو کارەساتەی تێدا کردوە لە هەمان کاتیشدا هەموو ئەو کەسە خەوتووانەی کە لە ئاست ئەو کارەساتانە دا چاویان نووقاند بوو، وەخەبەر هێنا و لە جیاتی هەڵبژاردنی قەرەبووی ئەو هەموو ئازارانە، تەنیا بە یەک وشە هەموو هۆڵی دادگای سەرسام کرد، مام قادر گووتی کە ئێمە بۆ وەرگرتنی ماڵی دونیا نەهاتووینە ئێرە بەڵکوو تەنیا سزا دانی تاوانبار فرانس ڤان ئەنرات بە گەورەترین و باشترین دیاری دەزانین، کە ئەویش دادگای کردنی عادڵانەی ئەو تاوانبارەیە.

بریار وایە کە کوردەکانی دانیشتوی وڵاتی هولەند و دەوروبەری لە کاتی دادگای کردنی ئەو تاوانبارە دا لە بەر

دەرگای دادگای لاهە بە جل و بەرگی کوردی و ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان و بە خۆری زێرینی نێو ئەو ئاڵا پیرۆزە کۆ ببنەوە و کۆتایی دادگا بکەن بە جێژن و شایی و خۆشی.

ئێمەش وەک بەرێوەبەرانی ماڵپەری گیارەنگ مام قادر و باقی شاهیدەکانی ئەو دادگایە لە ئامێز دەگرین و هیوادارین کە کۆتایی ئەو دادگایە تا ڕادەیەک ببێتە مەرهەمی برینە سارێژ نەکراوەکانی ئەو خەڵکە زامدارانەی شاری سەردەشت و هەڵەبجە و گوندی زەردە و تێکرای شوێنەکانی دیکەی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠٠٥

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٦

------------------------------------------

## فڕۆکەی هەڵگری فەرماندە و بەرپرسانی سوپای پاسداران کەوتە خوارەوە

فرۆکەیەکی جت کە ئی سوپای پاسدارانی شۆرشی ئیسلامی بوو لە فرینێکی ناوخۆیی داکەوتە خوارەوە و ١٣ کەس لە کەوتنە خوارەوە ئەو فرۆکەیە دا گیانیان لە دەست داوە کە لە نێو ئەوان دا چەندین فەرماندەی گەورەی سوپای تێدا دەبیندرێ.

ڕۆژی دووشەممە ٩ی ژانویە، وتەبێژی سوپای پاسداران بە دەر کردنی بەیانیەیەک گووتی کە لە کاتژمێر ٩ی بەیانی بەکاتی ناوخۆیی ئێران فرۆکەیەکی سەربازی لە جۆری فالکن کە لە تارانەوە بەرەو ورمێ لە ڕۆژئاوایی ئێران بەڕێوە بوو، لە نێزێک ئاوایی ئایدینلو لە ١٢ کیلومیتری ڕۆژئاوای ورمێ کەوتۆتە خوار.

وتەنێژی سوپای پاسداران گووتی کە سەردار ئەحمەد کازمی، فەرماندەی هێزی زەمینی سوپای پاسداران لە گەڵ

١٠ کەسی دیکە لە فەرماندە و بەرپرسانی سوپا و فڕۆکەوانەکان لەو کارەساتە دا کوژراون. ئەو لە درێژەی قسەکانی دا ئاماژەی بە سەعید مهتدی، فەرماندەی لەشکری ٢٧ی ڕسول‌الله کرد کە ناوبراویش لە گەڵ کوژراوەکانە.

هەواڵنێری دەوڵەتی ئێران ـ ئیرنا ـ لە زمان کەسێکی نێزیک سەر بە سوپای پاسدارانەوە لە هەواڵی خۆیدا ناوی کوژراوەکانی بەم شێوەیە باس کردووە، سەعید سلێمانی، هاوکار و معاونی چالاکی "عملیات"، حەنیف، بەرپرسی ئیتلاعات، یزدانی، فەرماندە قۆڵی تۆپخانە و ڕەشادی هاوکار و معاون هێزی زەمینی سوپای پاسداران..

هەروەها ئیرنا ناوی چەند کەسی دیکەی لە کوژراوەکان ئاشکرا کردن، ئازین‌پوور و ئەسەدی لە ئەندامانی دەفتەری فەرماندەهی هێزی زەمینی سوپا، کربندی، فڕۆکەوان دوو کەسی دیکە بە ناوەکانی بەسیری و ئیلهام‌نژاد.

فڕۆکەی جت فالکن یەکێک لەو فڕۆکە چووکانەی مسافیر هەڵگریە کە لە زۆربەی وڵاتە جۆراوجۆرەکان بۆ گوازتنەوەی بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی گەورە کەڵکی لێ وەر دەگیرێ.

بە وتەی وتەبێژی ستادی گشتی هێزەکانی چەکداری کۆماری ئیسلامی ئەم فڕۆکەیە بۆ هۆی گیروگرفتی ماتۆرەکانی کەوتۆتە خوار.

دیارە سوپای پاسدارانیش بۆ گوازتنەوەی فەرماندە گەورەکانی خۆی کەڵکی لەو فڕۆکەیە وەر دەگرت.

لەوماوە دا ئەوە دووهەمین جارە کە فڕۆکەکانی سەربازی ئێران دەکەونە خوارەوە. لە مانگی دیسامبر، فڕۆکەیەکی سەربازی کە تایبەت بە کەل و پەل گوازتنەوە بەشی ئاسمانی ئێران بوو، لە نێزیک تاران کەوتە خوار، کە زیاتر لە ١٠٠ کوژراوی لێکەوتەوە، بەشێکی بەرچاو لە کوژراوەکان هەواڵنێر و فیلم هەڵگر بوون کە بۆ هەڵگرتنی فیلم و وێنە و ڕاپۆرت دەیان هەویست بچن لە یەکێک لە مانۆرە سەربازیەکان لە باکووری ئێران دا بەشداری بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەری بی‌بی‌سی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٩ی جانێوێری ٢٠٠٦

## پەروەندەی ئێران دەدرێتە بنکەی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان

دیپلۆماتەکان دەڵێن ئەندامانی شۆرای بەڕێوەبەری وحوکم دەری ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، بە دانی ڕاپۆرت و گوزارشی پەروەندی ناوەکی ئێران بە شۆرای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگی متمانەی خۆیان دا کە ئەو گوزارشە بدرێتە دەست ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

بە پێی هەواڵ لە ویەن، ٢٧ وڵات لە کۆی ٣٥ وڵاتی ئەندامی ئەو شۆرایە، ڕازی بوون کە دواین بڕیاری ڕاپۆرتی پەروەندی ئەتۆمی ئێران بدرێتە دەست شۆرای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و ٥ وڵات دەنگی بێلایەنی و ٣ وڵاتیش دەنگی "نا"یان بەو ڕاپۆرتە داوە.

دوای ئەو دەنگدانە، نوێنەری سەرەکی ئێران لە بنکەی ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان گووتی، یەکەم دژ کردوە بەو بڕیارنامەیە ئەوە دەبێت کە ئێران دەست بە دەوڵەمەند کردن و ساز کردنی تەواوی ئۆرانیۆم خۆی دەکاتەوە.

ئەو گووتی ئەو بڕیارنامەیە، هەڵۆێستێکی سیاسیە کە لە لایەن چەند وڵاتێکی دیاری کراوە بەرێوە دەچێ.

نوێنەری ئێران ناوی ئەو وڵاتانەی باس نەکرد.

پێشتر هەئیەتە ئەسڵیەکان لە بنکەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لە ویەن سەبارەت بە ڕەستەی پێشنووسی ئەو بڕیارنامەیە کە دەبێتە هۆی دانی ڕاپۆرتی چالاکی ناوەکی ئێران بە شۆرای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئامانج گەیشت بوون و لە سەری ساخ ببوونەوە.

یەکێک لە وتەبێژەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی گووتی: "وڵاتانی ئوروپایی کە پشتیوانی ئەسڵی ئەو پێشنووسەن، هەوڵیان داوە کە تا دەتوانن پشتیوانی و سرنجی زیاتری ئەندامانی شۆرای بەرێوەبەری ئاژانس بۆ ئەو بڕیارنامەیە ڕاکێشن، چۆن دەتوانن بەم شێوەیە وەڵامێکی توندتر بە ئێران بدەنەوە کە ئەو وڵاتە لە سەر قەول و بەڵێنیەکانی خۆی ڕاوەستاو و سوور بێت.

یەکەم کۆبوونەوەی تایبەتی شۆرای ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی ڕۆژی پێنجشەممە بێ ئەوەی ئاکامێکی هەبێت کۆتایی پێ هات و بریار بوو ڕۆژی هەینی "دوێنێ" درێژەی ئەوکۆبوونەوەیە بەڕێوە بەرن، بەڵام کۆبوونەوەی ڕۆژی هەینی بەرێوە نەچوو و ئەوکۆبوونەوەیە یەک ڕۆژ دوا کەوت.

دەستووری کاری ئەو کۆبوونەوەیە، بریاردان دەبێت سەبارەت بە پێشنووسی ئەو بریارنامەیە، لەو کۆبوونەوە دا داوا لە شۆرای بەڕێوەبەری ئاژانس کراوە کە رئیسی ئاژانس بکەنە بەڕێوەبەر و وتەبێژ کە ڕاپۆرتێک سەبارەت بە بەشی وزەی ئەتۆمی ئێران کە دەبێتە هۆی دروست کردنی چەکی ئەتۆمی پێشکەش بە شۆرای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات.

ئەو داواکاریە لە لایەن پێنج ئەندامی دائیمی شۆرای ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، و ئاڵمان و ئەو وڵاتانەی کە سەرقاڵی کێشەی ئەتۆمی لە گەڵ ئێرانن هاتۆتە ئاراوە.

ئەو جۆرە بۆچوونە بۆتە هۆی دژکردەویەکی توندی کاربەدەستانی ئێرانی، هەر بۆیە کاربەدەستان و بەرێوەبەرانی ئەو وڵاتە هەڕەشەیان کردووە، کە ئەگەر لە دانیشتنی شۆرای ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بریار بدرێ کە ئێران بکێشرێتە شۆرای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوە ئێران هاوکاری دڵخوازانەی خۆی لە گەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بە یەکجاری ڕادەگرێت و تەواوی چالاکیەکانی لە پەیوەندی لە گەڵ دەوڵەمەند کردنی ئۆرانیۆم دەست پێدەکاتەوە.

بەڵام نوێنەری ئەمریکا لە ویەن گووتی کە لەم هەنگاوە دا، قسەیەک لە ئابلووقە ناکرێ و ئێستاش ئامانجمان ئەوەیە کە بگەینە ڕێگا چارەیەکی سیاسی و مەنتیقی.

هەر لە هەمان کاتدا لە ئاڵمان ئانگلا مرکل، گەورە لێپرسراوی ئەو وڵاتە گووتی کە ناتوانین بە ئێران ئیجازە بدەین کە چەکی ناوەکی درووست بکات.

پل رینولدز، هەواڵنێری بی‌بی‌سی لە کاروباری جیهانی دا دەڵێ بەم شێوەیە، قەیرانی پەیوەندی دار بە دۆسیەی ناوەکی ئێران پێی ناوەتە قۆناخێکی تازە و ئێستا گرینگی تایبەتی و دوو لایەنەی بە دەست هێناوە: یەکەم ئەوە

کە شۆرای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ئیختیاری ئەوەی هەیە کە ئابلووقە بە سەر ئێران دا دیاری بکات و دووهەم ئەوە کە دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی توانیویانە کە وڵاتانی ڕوسیە وچین لە گەڵ خۆیان هاودەنگ و هاوڕا بکەن.

بە گووتەی هەواڵنێری بی‌بی‌سی، ئەو مەسەلەیە ڕۆژئاوایی‌یەکان دێنێتە سەر ئەو باوەرە کە بڵێن ئەم کێشەیە کێشەیەکی جیهانی‌یە و نە ئەوە کە بەرەنگاربوونەوەیەک بێت لە نێوان ڕۆژئاوا و وڵاتێکی ئیسلامی، بەڵام ڕۆژئاوای‌یەکان ئیستاش ناتوانن لە سەر پشتیوانی ئەو دوو وڵاتە واتە روسیە وچین هیچ پێوانە وحیسابێک بکەن و تا ئێستاش دیار نییە کە شۆرای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان چۆن لە گەڵ ئەومەسەلەیە هەڵس و کەوت دەکەن.

پێش ئەوە کە ئەوبریارنامەیە پەسەند بکرێت، ڕوسیە گووت بووی کە هەڵوێستی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی نابێت کە هەڵگری هیچ جۆرە هەڕەشەیەکی بە پەلە بێت بۆ سەر ئێران.

ئێران بەردەوام قسەکانی خۆی دووپات دەکاتەوە کە بەرنامەی ناوەکی ئەو وڵاتە تەواو ئاشتیخوازنەیە و بۆ مەبەستی دیکە نییە.

هەوڵنێری کۆماری ئیسلامی ئێران، ئیرنا، ڕاگەیاندوە کە ئەو وڵاتانەی کە بەو پێشنووسە دەنگیان نەداوە بریتین‌لە وڵاتانی "کوبا، سوریە و ونزوئلا"ن، و وڵاتانی "ئەلجەزایر، بلارۆس، ئەندنۆزی، لیبی و ئەفریقای جنووبی" دەنگی بێ لایەنیان داوە.

سەرچاوە: ماڵپەری بی‌بی‌سی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠٠٦

## ئەحمەدی‌نژاد و ڕۆیشتن بە سەر مینی ئەتۆمی دا

حەوتوو نامەی نیوزویک لە ژمارەی ئەم حەوتووەی خوێدا (٣١ی ژانویە ٢٠٠٦) بابەتێکی لە ژێر ناوی "فیداکار و بێ موبالات" بە مەحموود ئەحمەدی‌نژاد سەرۆک کۆماری ئێران تایبەت داوە.

لەو بابەتەدا هاتووە کە ئاغای ئەحمەدی‌نژاد، پێش ئەوەی کە ڕێبەر بێت، سومبولی نەسلی شەڕە و لە سەر ئەو باوەڕەیە کە کاتێک ئێران لاوانی خۆی بۆ شەهید کردن لە بەرەکانی شەر لە گەڵ سەربازانی سەدام دا دەنارد و حازر بوو کە بانگەواز لە جیهان دا بکات، حکوومەتی ئایەتوڵڵاکان پاکتر، خەڵکی‌تر و لە هەمان کاتدا ڕاوەستاوتر بوو.

### ئەو نەسەڵەی کە بە سەر مین دا دەڕوا

نیوزویک بە ئاماژە بە قسەکانی مەسعوود نەمەکی فیلمساز و ئەندامی پێشووی گرووپی ئەنساری حیزبوڵڵا سەبارەت بە نەسڵی شەر دەنووسێ" لە کاتی شەر دا ئێمە فێر بوون کە چۆن بە سەر مەیدانی مین دا بڕۆین، تا ئەوانی دی بە سەر لاشەی ئێمە دا تێپەر بن، ئەمرۆ ئەم نەسڵەش هەر ئەو هەڵسوکەوت و کردارەیان لە گەڵ سیاسەت دا هەیە. ئێمە بە ئیمکاناتی کەم و ناتەواوی خۆمان لە بەرەکانی شەر دا زۆر دەسکەوتی جۆراوجۆرمان وەدەست هێنان، ئێمە وڵاتیش هەر بەم شێوەیە بەڕێوە دەبەین."

بەڵام پتریک کلاوسۆن، کارزان و سیاستڤانی ڕۆژهەڵاتی نێزیک لە واشنگتۆن، پێی وایە کە ئەو گرووپە زۆر مەترسی دارن و پاش ماوەی بەرەکانی شەڕی نێوان ئێران و عێراقن و هەر بۆیە دەڵێ: "ئەوان هەست دەکەن کە ئەمڕۆ حەقی ئەخلاقیان هەیە کە حکوومەت بکەن، لە بەر ئەوەی ئەوان بوون کە وڵاتیان ڕزگار کردووە."

نیوزویک لە درێژەی بابەتەکەی دا دەنووسێ: بەشێکی زۆر لە لاوەکان، تەنانەت ئەوانەی کە لە کاتی شۆڕشی ئێران دا لە دایک نەبوون قسە لە "پاکی شۆڕش و شەڕ" دەکەن. ئاغای ئەحمەدی‌نژاد و لایەنگرەکانی لە کەمییەتیش دا بن، بەو حاڵەشەوە ئەوان چالاکانی یەکگرتوون لە کۆمەڵگای تەریک کەوتووی ئێراندا. بە پێی

نووسینی نیوزویک لە ساڵی ٢٠٠٥ دا ئەو کاتەی کە ئاخوندەکانی سەر بە باڵی توندڕەوی ژێر کۆنترۆڵی ئایەتوڵڵا خامەنەیی ڕێبەری ئێران کە زۆربەی پاڵێوراوانی سەر بە باڵی ریفۆرمخوازیان رەد کردەوە، زۆرینەی دانیشتوانی بێ دەنگی ئێران بە باشیان زانی کە لە ماڵەکانی خۆیاندا بمێننەوە و نەچنە دەر.

## پەروەندەی تاوانباری

نیوزویک بە ئیشارە کردن بە کۆی ئەو تاوانانەی کە ڕۆژئاوا لە سەر ئاغای ئەحمەدی نژاد سەبارەت بە دەست تێدا بوونی ناوبراو لە گرتنی بالیوزخانەی ئەمریکا لە ئێران و هەروەها کوشتنی ڕێبەرانی کورد لە ویەن دا ڕوویدا بوو دەنووسێ، ئەو خوێندکارانەی کە دیپلۆماتەکانی ئەمریکایان بە بارمتە گرت بوو، دەڵێن: ئاغای ئەحمەدینژاد لە گرتنی باڵێۆزخانەی ئەمریکا و بارمتە گرتنی دیپلۆماتەکان دا هیچ ڕۆڵێکی نەبووە.

ئەو حەوتوو نامەیە لە زمانی یەکێک لە گەورە بەرپرسانی ئیتلاعاتی ئەمریکاوە دەنووسێ: ڕێکخراوە ئیتلاعاتییەکانی ئەمریکا بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئاغای ئەحمەدینژاد لە ڕوودانی کوشتنی ڕێبەرانی کورد لە ویەن دا هیچ ڕۆڵێکی نەبووە.

هەر بە گووتەی ئەو گەورە بەرپرسەی ئەمریکا نیوزویک دەنووسێ: "لە بەر ئەوە کە ئاغای ئەحمەدینژاد لەو کاتە دا کەسایەتی سیاسی و بەرچاو نەبووە زانیاری لە سەر کۆ نەکراوەتەوە و هەر لە بەر ئەم هۆیەش ناتواندرێ کە بە ڕێکوپێکی لەم بوارەدا بە ئامانج بگەی.

## دەسەڵاتی ڕاستەقینەی ئەحمەدینژاد

بە پێی نووسینی نیوزویک، کەسایەتی ئایینی ئاغای ئەحمەدی نژاد ئەوە نییە کە مەسڵەحەتی بێت، بەڵکوو لەوەی را سەرچاوەی گرتووە کە پەیوەندی لە گەڵ بزووتنەوەیەک دا هەیە کە لە سەر ئەو باوەڕەن کە دەبێ خۆ حازر بکەن بۆ گەڕانەوەی ئیمامی زەمان.

ئەو ڕۆژنامەیە ئاماژە بە دڵەخورپە و نیگەرانی ڕۆژئاوا دەکات و دەنووسێ کە دەربرینە هەڕەشاوییەکانی ئاغای

ئەحمەدی‌نژاد و بەرنامە ئەتۆمی‌یەکانی ئێران جێی لێ ورد بوونەوەن، چۆن لە باری مێژوویی‌یەوە سەرۆک کۆماری ئێران قەت دەسەڵاتێکی ئەوتۆ و زۆری نەبووە، بەڵکوو ئەوە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە بڕیارە گەورەکانی وەک شەر و ئاشتی لە گەڵ ولاتان دەر دەکات.

نیوزویک لە زمانی یەکێک لە راوێژکارانی ئایەتوڵلا خامەنەیی ڕێبەری ئێران کە نەیهەویست ناوەکەی ئاشکرا بکرێت نووسی بووی: "ئەمن پێم وا نییە کە ئاغای ئەحمەدی‌نژاد بە بێ ئیزنی ڕێبەری ئێران تەنانەت ئاوێش بخواتەوە."

## ناتواندرێ لە ئەتۆمی بوونی ئێران پێشگیری بکرێ

ڕۆژنامەی نیویورک تایمز ڕاپۆرتێکی نوێی لە سەر ئاڵو گۆڕەکانی ئەم دوایانەی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران داوەتە دەر.

ئەو ڕاپۆرتە کە ڕۆژی دووشەممە چاپ کراوە، بە ئیشارە بە قسەکانی سەرۆک کۆماری ئەمریکا نووسی، زۆربەی دیپلۆماتە ڕۆژئاوایی‌یەکان بەو ئاکامە گەیشتوون کە ناتواندرێ پێش بە چەکی ناوەکی ئێران بگیردرێ.

جۆرج بووش دوای پەسەند کردنی بریارنامەی هەئیەتی بەڕێوەبەری ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لە سەر ئێران، لە بەیبیانی‌یەک دا ڕاگەیاند کە جیهان ئیجازە بە ئێران نادات کە چەکی ناوەکی درووست بکات.

## پاشەکشەی پەیوەست بوونی ئێران بە کلووپی ناوەکی

بە باوەڕی نیویورک تایمز ڕێگای واقیع بینانەی هەڵسوکەوت لە گەڵ بەرنامەی ناوەکی ئێران بۆ پەیوەست نەبوون بە کلووپی ناوەکی جیهان، تەنیا لە وەداو خستن و تێپەر کردنی زەمانە دایە، بۆ خۆ گرێ‌نەدانی ئەو ولاتە بە کلووپی توانامەندی‌یەکانی ناوەکی گشتی جیهان.

ئەو ڕۆژنامەیە بە نەقڵ لە یەکێک لە گەورە بەرپرسانی ئەمریکایی کە نەیهەویست ناوەکەی ئاشکرا بکرێت نووسی، لە کاتێک دا کە زانیاری فەننی و بواری دارایی ئێرانی‌یەکان باشتر لە ئی پاکستانی‌یەکان و کوڕەی

باشووره، قەدەعە كردن و نەهێشتنی ئێران بۆ درووست كردنی چەكی ناوەكی زۆر دژواره، ئێران سەرئەنجام دەگا بە ئامانجی گەشە كردنی چەكە ناوەكی‌یەكانی خۆی، هەر بۆیە لەو حاڵەتەدا ڕۆژئاوایی‌یەكان دەبێ هیوادار بن كە بە تێپەر بوونی كات و زەمان شاهیدی ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخان بین لە حكوومەتی ئێران دا.

نیویورک تایمز ئەو ووتانەی وەک ئەزموونی ئەمریكایەكان لە عیراقدا و لە هەمانكاتدا ئاشكرا بوونی ڕۆڵی تۆڕی نەهێنی عەبدوالقەدیر خان دامەزرێنەری بەرنامەی ناوەكی پاكستان دەزانێ و حیسابی لە سەر دەكا.
هەر بەو پێیە و لە حاڵێكدا كە هاوكاری ناوەكی ئێران بە تۆڕی عەبدوالقەدیر خان، لە دەیەی ٩٠ دا پساوە، پشكێنەران و چاوەدێرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی نیشان دەدەن، كە ئەو ولاتە سەركەوتوو بووە لە بە دەستەوە گرتنی هێندێک سەرچاوەی نوێی وەک پێكهێنانی ژێرخانی وزەی ناوەكی و گەشەكردنی فەننی. و لە هەمان كاتدا بەرنامەی ناوەكی خۆی بە چاكی بەرەو پێش بردووە.

تا ئێستاش بەرنامەی ناوەكی ئێران نەگەیشتۆتە قۆناخی كۆتایی و بە ووتەی جان نگرو پونتە، بەرپرسی ئیتلاعاتی میللی ئەمریكا گەشە كردنی تەواوی ئەو بەرنامەیە پێویستی بە چەندین ساڵ كاتی دیكە هەیە.

## ئێران و خەرجی‌یەكانی ئەتۆمی

ڕابرت ئاینهورن، لە بەرپرسانی ناوەكی دەوڵەتی بیل كلینتۆن دەڵێ: دەوڵەمەند كردن و پیتاندنی ئۆرانیۆم بۆ كەڵک وەر گرتن پێویستی بە چەندین ساڵ كاتی دیكە هەیە و هیوای ئەوە هەیە كە بە درێژ بوونەوەی ئەو كاتە، هاودەنگی ئێرانی‌یەكان لە سەر ئەو مەسەلەیە بەرەو لە نێوچوون بچێ.

بە ووتەی ئەو، بریاری ئاژانس بۆ دانی پەروەندەی ئێران بە شۆرای ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان و هەڵوێستی ئەو شۆرایە لە سەر بەرنامەی ناوەكی كۆماری ئیسلامی ئێران، سرنجی ئێرانی‌یەكان بۆ ئەو خەرجی‌یە زۆرە بۆ تەواو كردنی ئەو بەرنامەیە ڕادەكێشی.
لە لایەكی دیكەشەوە نیویورک تایمز نووسی بووی، هێندێک لە گەوره بەرپرسانی كۆشكی سپی، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا و هێزەكانی ئاسایشی ئەو ولاتە نیگەرانی ئەوەن كە، بەر لەوەی شۆرای ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان بریار لە سەر ئێران بدات، دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد بە هەنگاوی توندترەوە بەرەو گەشەكردنی هەرچی زووتری

چەکە ناوەکی‌یەکانیانەوە بچێ و هەوڵی جیددی‌تر بۆ وەدەست هێنانی ئەو چەکە بدات.

هەروەها دووپات بوونەوەی هەڵەکانی ئیتلاعاتی ئەمریکا لە عیراق سەبارەت بە هەڵسوکەوت لە گەڵ بەرنامەی ناوەکی ئێران نیگەرانی‌یەکی دیکەی دەوڵەتی جۆرج بووشە.
ئاغای بووش لە ١٩ی دیسامبری ساڵی ڕابردوو دا لە ئیشارەیەکی سەرپێی دا، کۆبوونەوەی نێونەتەوەیی لە سەر ئەو مەسەلەیە بە باشترین ڕێگا چارە ناوبرد، بۆ پێش گرتن بە درووست کردنی چەکی ناوەکی لە ئێراندا.

## ئێران وەک عێراق نییە

هەر لە درێژەی نووسینەکانی نیویورک تایمز دا، هاتووە کە، بە ئیدیعای ئەمریکا شێوەی هەڵوێستی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە دژی ئێران جیاوازییەکی زۆری لە گەڵ عێراقدا هەیە.

بە پێی هێندێک هەواڵ و ڕاپۆرتی نوێ، محەممەد ئەلبرادعی، بەڕێوەبەری گشتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی سەبارەت بە ئاشکرا کردنی هێندێک مەسەلەی وەک درووست کردنی چەکوچۆڵی ناوەکی لە ئێران کە لە لایەن لێکۆڵەرەوانی ئەو ڕێکخراوەیە ئاشکرا کراوە، هەڵوێستی وڵاتانی وەک "ڕووسیە، چین، هیند، میسر و یەمەن"ی بە دژی ئێران لە سەر ئەو وەزعە توندتر کردووە.

نیویورک تایمز لە کۆتایی دا حەقی هەڵبژاردن لە ئەمریکا سەبارەت بە هەڵویست کردن لە گەڵ بەرنامەی ناوەکی ئێران زۆر بەر تەسکتر دەزانێ، هەر ئەو ڕۆژنامەیە بە نەقڵ لە چارڵز فرگوسن، شارەزای ئەم بوارە لە شۆرای پەیوەندی‌یەکانی دەرەوەی ئەمریکا دەنووسێت، هێرشی چاوەڕوان نەکراو لە لایەن ئەمریکاوە بۆ سەر دامودەزگاکانی ناوەکی ئێران، دەبێتە هۆی ئەوە کە ئێران زۆرتر هان بدرێت بۆ وەدەست هێنانی هەرچی زووتری چەکی ناوەکی.

سەرچاوە: ماڵپەری بەشی فارسی بی‌بی‌سی
دەفتەری واشنگتۆن

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٠ی فێبریوێری ٢٠٠٦

# گەنج و لاوانی ئەمریکایی و ئینتێرنێت

**کەڵک وەرگرتنی گەنج و لاوانی ئەمریکایی لە ئینترنێت و توندوتیژی لە گەڵ یەکتری.**

**کەس و کاری خوێندکاران، لیزانانی بەشی فێرکاری ئەخلاقی و بەرپرسانی قوتابخانەکان لە ئەمریکا، لە گەڵ چەند گیر وگرفتێکی گەورە بەرەورووبوون وهیچ ڕێگا چارەیەکیان بۆ نەهێشتنی ئەو گیروگرفتانە بۆ نەدۆزراوەتەوە.**

**مێرمندالان ولاوان بە شێوەیەکی زۆر و بەردەوام لە ئینترنێت و موبیل تەلەفون و تێکرای تکنۆلۆژییەکانی نوێی پەیوەندی گرتن بۆ تووندوتیژی و زەربە لێدانی ڕووحی و دەروونی لە سەر یەکتر بە شێوەیەکی بەربڵاو کەڵک وەر دەگرن.**

**بۆ گەنجە تازە پێگەیشتووەکانی ئەمریکایی، ئینترنێت بۆتە کەرەسەیەک بۆ کەڵک وەر گرتنی تووندوتیژی لە سەر یەکتر، پسپۆڕانی بواری ئەخلاقی ویارمەتی دەرانی بەشی نەخۆشی دەروونی خەریکی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکن بۆ نەهێشتنی تووندوتیژی و هێرشی لاوان بۆ سەر یەکتر لە چوار دیوارەی قوتابخانەکان و دەرەوەی خوێندنگاکان دان.**

**ئەو گیروگرفتانەی کە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر دا بە سەر ئەو کچە تەمەن ١٤ ساڵەی کە ناوی ئاماندا(Amanda) یە و لە شاری "بیرمینگهام" ی، سەر بە پارێزگای "میشیگان" هات و هەر وەکوو ڕۆژنامەی نیویورک تایمز لە یەکێک لە بابەتەکانی خۆیدا و لە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەیەک دا نیشانی دا بوو، ئەو توونـد وتیـژی و هەڵس و کەوتە چەوتانەی کە لاوە تازە پێگەیشتووەکان لە ژوورەکانی چات کردن (Caht rooms) لە ئینترنێت دا و بە کەڵک وەرگرتن لە(SMS) بە موبیل تەلەفون نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە بەشێک لە لاوەکان کەڵکی خەراپ لە ئینترنێت وەر دەگرن.**

**ئاماندا(Amanda) قوتابی پۆلی هەشتەمە، پاش نیوەڕۆیی یەکێک لە ڕۆژەکانی قوتابخانە هەست دەکا کە چەند**

کەس لە هاوپۆلی‌یەکانی لە قوتابخانە قوتووی پێنووس و شتوومەکەکانی دیکەیان لێ هەڵگرتووە، هەر بۆیە دەچێتە لای بەرپرس و بەڕێوەبەری قوتابخانە و شکایەت و ڕەخنە و گازەندەی خۆی ڕادەگەیێنێ. بەڵام ئەو ڕووداوە هەر بەوەندە کۆتایی نایە و کاتێک ئاماندا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵێ، ئەو هاپۆلی‌یانەی کە لە لایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەوە سەرکۆنە کرا بوون، قەڵس بوونی خۆیان بە دانی هەڕەشە و جنێو دان لە ژوورەکانی نووسین و چات لە سەر ئینترنێت، بە شێوەیەکی زۆر ناحەز و ناشیرین دەربڕی بوو. دایکی ئاماندا کچەکەی لە لای کامپیوتێر دوور دەکاتەوە و لە گەڵ خۆی دەیبا بۆ چاو لێ کردن لە یاری تۆپی‌سەبەتە (بسکتباڵ)، بەڵام لەو شوێنەش هاوپۆلی‌یەکانی دەستی لێ هەڵناگرن و موبیل تەلەفونی ئاماندا دەخەنە بەر هێرشی نووسراوە تووندوتیژەکانی خۆیان و بە دەیان جار بە شێوەی نووسین هەرەشەی لێدەکەن. ئەو کردەوەیە لە سەر یەک چەند کاتژمێر درێژەی دەکێشێ و بەم شێوەیە ئاماندا ئازار دەدەن. ئاماندا دەڵێ: ئەو هاوپۆلی‌یانەی کە لە پۆلی خوێندن دا هیچ قسەیەکم لە گەڵ ناکەن، لە دونیای دەرەوە دا لە سەر ئینترنێت و بە موبیل تەلەفون ژیانیان لێ تاڵ کردووم و ئازارم دەدەن.

ڕۆژنامەی نیویورک تایمز نووسیبووی کە، ڕووداوی ئاماندا نیشان دەدا کە ئەوە یەکێک لە شێوەکانی تکنۆلۆژی نوێ‌یە، کە ژیانی بەشێک لە لاوانی لە کۆمەڵگا دا خستۆتە ژێر مەترسی. هەروەها کەڵک وەر گرتن لە ئێمێل (Email) و وێبلاگەکان و ژووری نووسین و چات کردن و دەر کردنی وێنەی ڕووت لە ماڵپەرەکانی سەر ئینترنێت و ناردنی شتی جۆراوجۆر بۆ یەکتر بۆتە هۆی ئازار و ئەزییەتی بەشێکی دیکە لە لاوەکان. ئەم شێوە کارانە بۆ گەورە ساڵەکان کە لە دونیای تکنۆلۆژی نوێ وەک لاوەکان شارەزا نین، جێگای پەسەند و ڕازی بوون نییە و لێشی شارەزا نین.

ئەو تکنیکە نوێ‌یە بە ئاشکراو بە کردەوە ئیجازە بە لاوەکان دەدا کە دڵی یەکتر بڕەنجێنن بە بێ ئەوەی کە لە ئاکامی خەراپی کردەوەکانی خۆیان ئاگادار بن و بزانن کە ئەو نەفەرەی کە هێرشی کراوەتە سەر چەندە ئازار و ئەزییەت بە دەست ئەوانەوە دەکێشێ.

بەڕێوەبەری ماڵپەری wiredsafety. org، خاتوو پەری ئافتاب دەڵێ کە: گلەیی و گازاندە و شکایەتی زۆرمان لە کەس و کاری لاوەکان سەبارەت بە ئازار و توووند وتیژی بە دەست گەیشتووە، ئەو لە وتووێژێک دا لە گەڵ ڕۆژنامەی نیویورک تایمز دا گووتی کە: « ئێمە هەمووومان لە هەوڵی ئەوە داین کە لاوەکان لە هێرشی گەورەکان

بپارێزین، بەڵام ئەوەمان لە بیر کردووە کە منداڵان و لاوانیش پێویستیان بەوە هەیە کە هەر وەک لە ئازاری گەورەکان دەپارێزرێن، بەم شێوەیەش دەبێ لە دەست ئازار و توند و تیژی هاو تەمەنیەکانی خۆشیان بپارێزرێن.»

یەکێک لە باس و خواستەکانی ڕۆژنامەی نیویورک تایمز ئەوەیە کە، ناتواندرێ پێش بە کۆنترۆڵی ئینترنێت بگیردرێ و قوتابخانەکان هیچ هەڵوێستێک بەو هەڵس و کەوتانەی کە لە دەرەوەی قوتابخانەکان ڕوو دەدەن لە خۆنیشان نادەن و کەس و کاری ئەو لاوانەش زۆرجار منداڵەکانیان لە لای کامپیوتێر وئینترنێت بە تەنیا بە جێدێڵن، لە بەر ئەوە کە منداڵەکان لە خۆیان بە شارەزاتر و پسپۆرتر دەزانن هەر ئەوەش وایکردووە کە لاوان بە کەیفی دڵی خۆیان کارەکانیان بەڕێوە بەرن.

خاتوو سۆزان یوراتواک، هاوکاری بەشی کۆمەڵایەتی قوتابخانەی سەرەتایی"هایلتوپ" هەڵکەوتوو لە شاری" Beachwood "کە لە پارێزگای "ئوهایۆ" کار دەکا، دەڵی کە: زۆرجار شاهیدی ئەو ئازارە ناخۆشە بووم کە بەیانیان کاتێک قوتابیان هاتوونەوە بۆ خوێندنی ڕۆژانەیان، ئەوان نارەحەت و پەشێو هاتوونە بەر چاو، لە بەر ئەوە شەوی پێشتر زۆر بە ناحەزی و ناشیرینی کەوتوونە بەر پەلاماری جنێو و قسەی سووک و هەروەها توند و تیژیان لە گەڵ کراوە و بەم شێوەیە ناراحەت و پەشێویان کردوون. هەروەها خاتوو سۆزان دەڵێ کە: بەشێک لە کچەکان دەکەونە بەر ڕق و کینی کوڕان و زۆر بە ناحەزی هەڵسو کەوتیان لە گەڵ دەکرێ. ئەو قسانەی کە کوڕەکان لە ژوورەکانی چات کردن دا بە کچانی دەڵێن و یا بویان دەنووسن، زۆر دژوارە کە هەر ئەو کوڕانە لە چاو پێکەوتن دا بتوانن بەو کچانەی بڵێن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کچەکانیش لە توندو تیژی نواندن و دژ کردەوە لە کوڕەکان ئەهوەنتر و کەمتر نین و ئەوانیش زۆرجار لە کوڕەکان زیاتر هێرش دەکەنە سەر بەشداربووانی نێو ژوورەکانی چات کردن و تا ڕادەیەکیش کەیفیان بەو کارە و هەڵس و کەوتی خۆیان دێت.

یەکێک لە گیروگرفتەکانی ئەو تازە پێگەیشتووانە کە لە لای کامپیوتێر دادەنیشن ئەوەیە کە، کاتێک دەچنە نێو ماڵپەرێک و یا وێبلاگێک و چەند ڕەستە بۆچوونی خۆیان دەنووسن، ئەوە لە بیر دەکەن کە ئەو ماڵپەرە و وێبلاگە دەفتەری بیرەوەری خۆیان نییە کە لە کەشەوی کۆمێدی ماڵی خۆیان دابێت ولە لای خۆیان بتوانن پارێزگاری لێ بکەن، بەڵکوو بە پێچەوانە هەر نووسینێک و وێنەیەک دەکەوێتە بەر دەستی دەیان میلیۆن کەس کە لە ئینترنێت کەڵک وەر دەگرن. بۆ نموونە باسی گیروگرفتی کچێک دەکەین کە لە قوتابخانە دا کوڕێکی هاوپۆلی خۆی خۆش

دەویَ و بە دڵەوە دەیهەوێ لە داهاتوو دا لە گەڵی بژی. هەر بەو مەبەستە چەند وێنەیەکی خۆی بە نیوە ڕووتی وەک یادگاری بە هۆی ئینترنێت دا بۆ گڕاو و خۆشەویستەکەی دەنێرێ. چەند ڕۆژ پاش ناردنی وێنەکان ئەو کچە زۆر نارەحەت و غەمبار دەبێت. چۆن وینەکانی ئەو کچە کەوتبوونە بەر دەستی چەند ماڵپەرێک و لە ئاڵبوومی ماڵپەرەکان دا بڵاو کرابوونەوەو تەنانەت لە قوتابخانە لە بەر دەستی قوتابی‌یەکانیش دابوون و تازە لەوەش گرینگتر ئەوە بوو کە لە هەموو نێو شارو بگرە لە تەواوی دونیادا بە هۆی ئینترنێت دەتوانرا ببیندرێ و ئەو کارەش بوو بە هۆی ئەوە کە ژیان و کەسایەتی ئەو کچە بکەوێتە ژێر پرسیار و لە کۆمەڵگا دا هەست بە ئازار و ناراحەتی و کەم و کوڕی بکا و لە لای کەس و کار و خەڵکی ئاسایی شارەکەی خۆ بە کەم بزانی.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی ئێران

ئەم بابەتە لە ماڵپەری ڕێژوان وەرگیراوە

لە کۆتایی دا هیوادارم کە هەموو ئەو کەسانەی کە کەڵک لە ئینترنێت و موبیل تەلەفون و کەرەسە نوێ‌یەکانی دیکە وەردەگرن، بە شێوەی درووست و ئوسوڵی و بۆ فێرکاری و پێگەیاندنی یەکتر کەڵکی لێ وەربگرن و کۆمەڵگای کوردەواری بکەنە پێگەی ڕاست و درووستی کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئامرازەکانی دروست کراوی دەستی بەشەری.

هەوڵ بدەین کە هەموومان بەم شێوەیە کۆمەڵگای کوردەواریمان دەوڵەمەندتر وپێشکەوتووتر لە ئێستا بکەین و لە هەمان کاتدا نەوەکانی داهاتووی گەلەکەمان هان بدەین کە سازکەری ئەو ئامرازانە و کۆمەڵێک ئامرازی نوێ‌تر بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٧ی فێبریوێری ٢٠٠٦

## باڵیۆزی ئێران لە تورکیە سەبارەت بە پێکهاتنی "کوردستانی گەورە" نیگەرانی خۆی ڕاگەیاند

ڕۆژنامەی تورکی "Milliyet" ملیت، وتووێژێکی تایبەتی لە گەڵ فەیرۆز دوڵەت ئابادی، باڵیۆزی ئێران لە ئانکارای بڵاو کردۆتەوە، ناوبراو ئاماژەی کردووە و نیگەرانی خۆی دەربڕیوە و دەڵێ: ئەمریکا لە بیری ئەوە دایە کە بە پێکهێنانی دەوڵەتە قەومی‌یە چووکەکانی کە زووتر دەکەونە ژێر ڕکێفی وڵاتانی‌تر، وڵاتی ئێران لەت بکات.

ئاغای دەوڵەت ئابادی لەو وتووێژە دا ئەمریکای بەوە تاوانبار کردووە کە لە هەوڵی ئەوە دایە کێشەی قەومی لە ئێران دا ساز بکات و هەروەها دامەزراندنی کاناڵە تەلەفزیۆنی‌یەکان لە دەرەوەی وڵات بۆ کەمایەتی‌یەکانی تورک و کورد بە کاری ئەمریکا دەزانێت و ئەوەش هەر لە درێژەی هەوڵە سیاسی‌یەکانی ئەمریکا دەزانێت بۆ لەت کردنی ئێران.

بە وتەی ئاغای دەوڵەت ئابادی، ئەمریکا بە دوای پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستانی گەورە دا عەوداڵە و ئەوەش بە مەترسی‌یەکی گەورە بۆ سەر پاراستنی گشتی خاکی ئێران و تورکیە دەژمێردرێت.

ئەو خوازیاری ئەوەیە کە، دەوڵەتەکانی ئێران، تورکیە و سوریە کە دراوسێی وڵاتی ئێراقن و کوردی لێدەژین، دەبێ هەڵوێست و سیاسەتیان سەبارەت بە مەسەلەی کوردان، وەک یەک دیاری بکەن تا لە لەتلەت بوون و دابڕانی خاکەکەیان و ئەو شتەی کە ئەمریکا کە بە نیازیەتی، واتە پێکهێنانی "کوردستان گەورە" پێشگیری بکەن.

ڕۆژنامەی ملیت کە ئۆرگانی نەتەوەخوازی تورکەکانە و بە ڕۆژنامەیەکی تا ڕادەیەک ڕاستگەرا چاوی لێدەکرێ، لە هەڵومەرجێک دا بیرورای باڵیۆزی ئێرانی سەبارەت بە دۆخی کوردان تێدا چاپ کراوە کە لە ماوەی حەوتووی ڕابردوو دا وڵاتی تورکیە و بە تایبەت شارە کورد نشینەکان خۆپێشاندانی تازەی کوردەکانی بە خۆیەوە دیوە.

هاوکات لە گەڵ بڵاو بوونەوەی وتووێژی ڕۆژنامەی ملیت لە گەڵ باڵیۆزی ئێران لە تورکیە، ڕەجەب تەیب

ئەردوغان سەرۆک وەزیری تورکیە، لە ئاخافتنێک دا کە لە گەڵ کۆمەڵێک لە ئەندامانی حیزبی دەسەڵاتدار " عدالت و توسعه" هەیبوو، ڕایگەیاند کە دەوڵەتی ئەو لە سیاسەتی دائیمی و ڕەسمی تورکیە کە کوردەکان وەک کەمایەتی چاو لێناکردرێن، پێداچوونەوە ناکات و پاشگەز نابێتەوە و کوردەکان بە ڕەسمی ناناسێت.

ئەو داوای لە ڕێبەرانی حیزبی تورکیەی دێمۆکراتیک کە حیزبێکی نێزیک بە کوردەکانە کرد، کە پارتی کرێکارانی کورد وەک تیرۆریست بناسێنن و خۆ لەو پارتیە دوورە پەرێز ڕابگرن.

حیزبی تورکیەی دێمۆکراتیک پێشتر ڕاگەیاندنێکی دا بوو دەرەوە، لەو ڕاگەیاندراوە دا باسی لە بەربلاوی تیک هەڵچوونەکان لە ناوچە کورد نشینەکانی تورکیە دا کرد بوو و لەو دا توند و تیژیەکانی خست بوو ئەستۆی هێزەکانی چەکدار و سەرکوتگەری ئەرتەشی تورکیە و لە هەمان کاتدا داوای لە دەوڵەتی ئەردوغان کرد بوو کە واز لە دەسەڵات بە سەر تورکیە دا بێنێ.

لە ماوەی حەوتووی ڕابردوو دا هەزاران کەس لە کوردەکان ڕژانە سەر شەقام و کۆلانەکان. ئەو خۆپێشاندانانە بەرەو توند و تیژییێکی زۆر رۆیشتن و تا ئێستا ١٥ کەس لە خۆپێشاندەران بوونە قوربانی و گیانیان لە دەست داوە.

ئەو خۆپێشاندانانە لەوە را دەستیان پێکرد کە ١٤ کەس لە پێشمەرگە جیاوازیخوازەکانی حیزبی کرێکارانی کوردستان لە تێکهەڵچوون و شەڕێک لە گەڵ هێزەکانی تورکیە دا کوژران. دواتر خەڵک کوردستانی تورکیە دەیان هەویست کە تەرمی کوژراوەکان لە دیاربەکر کە گەورەترین شاری کوردنشینی تورکیەیە بە خاک بسپێرن ئەو کارەش بوو بە هۆی توندوتیژی لە نێوان خەڵک و چەکدارانی دەوڵەتی تورکیە.

خۆپێشاندانەکانی دیاربەکر، شاری ئەستانبوول کە گەورەترین شاری وڵاتی تورکیەیە و لە ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە هەڵکەوتووە گرتەوە.

یەکێەتی ئوروپا داوای لە تورکیە کردووە کە لە سەرخۆیی لە بەرامبەر خۆپێشاندەران دا نیشان بدات.

دەوڵەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە کاتێک دا لە گەڵ خۆپێشاندانی کوردەکان بەرەورو بووە کە بە نیسبەت

دەسەڵاتدارانی پێشووی وڵاتی تورکیە هێندێک هەنگاوی بۆ حەق و مافی کوردان لە تورکیە دا هەڵێناوەتەوە.

لە هەمان ڕۆژ دا کە بالیۆزی ئێران لە تورکیە داوای هەڵوێستی یەکدەنگی سیاسەتی ولاتانی ئێران، تورکیە، و سوریە و ئێراقی دەکرد، سەبارەت بە دۆخی کوردان، سەرۆک وەزیری تورکیە لە پاشەکشە نەکردنی سیاسەتی خۆی دەرحەق بە کوردەکانی تورکیە رای خۆی دەربری.

هەر لەم ڕۆژەدا کۆمەڵێک لە کوردەکان کە نێزیک بە ٣٠٠ کەس دەبوون لە قەراخ ئاوایی ئەمەرلی لە پارێزگای ئورفای تورکیە کە شوێنی لە دایک بوونی ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان "عەبدوڵڵا ئۆجەلان"ە کۆبوونەوە تا ڕێز لە ڕۆژی لە دایک بوونی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بگرن.

سەرچاوە: ماڵپەری بەشی فارسی بی‌بی‌سی

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠٠٦**

داوای لێبووردن لە خوێنەران "پێشتر لە جیاتی ئاوایی ئەمەرلی کە شوێنی لە دایک بوونی ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان "عەبدوڵڵا ئۆجەلانە" نووسرا بوو ئاوایی ئیمرالی" سوپاس بۆ ئەوە کە دەست نیشانی هەڵەکە کرا و منیش بە پێویستم زانی کە ڕاستی بکەمەوە، لە گەڵ داوای لێبوردنی دووبارە لە خوێنەران. حەمەڕەسووڵ

## گیرۆدە بوون بە ئینترنێت

ڕادەی گیرۆدە بووان بە مەوادی سڕکەری و سیگار دیاری ناکرێت. لە جیهاندا خەڵکانێکی یەکجار زۆر هەن کە بە تەلەفزیۆن و ئینترنێت گیرۆدە بوون. بەشێک بە قومار کردن و بەشێکیش بە یاری‌یەکانی سەر کامپیوتێر، بەشێک بە خوێندنەوە و بەشێکیش بە کارەکانیان گیرۆدە بوون. گیرۆدە بوون بەو جۆرە شتانە، لە سەریەک دەبێتە هۆی دابڕانی مرۆڤ لە کۆمەڵگا دا. هەر بۆیە چاوێک بە سەر مەسەلەی‹‹ گیرۆدە بوون بە ئینترنێت ›› دا دەخشێنین و

تا ڕادەیەک تیشک دەخەینە سەر ئەو بابەتە.

ئەرێ تا ئێستا بنەماڵەکانتان بە ئێوەیان گووتوە کە زۆر لە لای کامپیوتێر دادەنیشین؟ ئایا ئاشناکانتان پێیان ڕاگەیاندوون کە دوورەپەرێز و حەساس بوون؟ ئایا تا ئێستا تا کاتژمێر ٣ی بەیانی بە خەبەر ماونەوە تا لە ماڵپەرەکان دا بگەڕێن و موزیک و شتیتر دابەزێنن( داونلۆد) بکەن؟ ئەرێ خواردنتان لە پشت کامپیوتێر دەخۆن؟ یا خود کاتێک لە ئینترنێت دێنە دەر کە ماوەی کارتەکەتان تەواو بووە؟ ئەگەر وەڵامەکەتان بەڵێیە دەبێ بڵێم ئێوەش یەکێک لەو میلیۆن کەسانەن کە لە جیهاندا بە شاشەی کامپیوتێر و ئینترنێت گیرۆدە بوون.

"گیرۆدە بوون بە ئینترنێت (ISD)" پێک هاتەیەکی زۆر نوێیە کە تا ئێستا زۆر کەس لە گەڵی نەگونجاون.

هێندێک لە سەر ئەو باوەڕەن کە ناتوانی مەیلی بەشێک لە خەڵک کە بە دوای ماڵپەرەکان و وێبەکاندا دەگەڕێن لە گەڵ گیرۆدە بوون بە مادە سڕکەرەکان و مەشروباتی ئاڵکۆڵی و تەنانەت سیگاریش وەک یەک چاو لێ بکرێن. پێک هاتەی ‹‹گیرۆدە بوون بە ئینترنێت›› کەمتر لە دە ساڵە کە لە نێوان دەروونناسەکانو شوێنە دەرمانییەکاندا ناوبانگی دەرکردووە و زۆربەی پسپۆرەکانی ئەو بەشە ئێستاش کێشەی ڕاوبۆچوونیان لە سەر ئەو مەسەلەیە هەیە.

کۆمەڵگاش لە سەر ئەو باوەڕەیە کە خەڵک، بە خواست و خوازیاری خۆیان لە لای کامپیوتێر دادەنیشن، ئەوە لە حاڵەتێک دایە کە گیرۆدە بووان بە مادە سڕکەرەکان یا نموونەی وەک ئەوان بە ئیرادە و خواستی خۆیان نییە.

ئەو لێکۆڵینەوە زۆرانەی کە لە سەر بەکارهێنەرانی ئینترنێتی کراون، بە ڕوونی دەری دەخا کە زۆربەیان گیرۆدە بوون بە ئینترنێت. لە لێکۆڵینەوەیەکی کە زانستگای پیتسبۆرگ لە سەر ٣٦٠ کەس لە بەکارهێنەرانی ئینترنێتییان کردووە، ئاشکرا بووە کەسانێک کە لە ژوورەکانی چات دا و بە گەڕان بە دوای ماڵپەڕ و وێبەکان و ئیمێلەوە بەستراوە بوون، بە شێوەیەک لە شێوەکان وەکوو ئاڵکۆڵیەکان و گیرۆدە بووان بە مادە سڕکەرەکان لێهاتووە. زۆربەیان لە بەر بێ خەوی خۆیان ئازار دەکێشن، بەڵام ناتوانن دەست لە کامپیوتێر بکێشنەوە، ئەوان هەموو کاتێک ماندوون. تێکەڵ بوونیان لە گەڵ نێزیکانی خۆیان و کۆمەڵگا گەیشتۆتە کەمترین ڕادە و کاتێک کە لە ئینترنێت هاتنە دەر حاڵەتێکی عەسەبییان هەیە. گرینگترین تایبەتمەندی گیرۆدە بووان بە ئینترنێت درۆ کردنی ئەوانە. ئەوان هەموو کاتێک وا نیشان دەدەن کە کارێکی گرینگیان لە ئینترنێت دا هەیە.

لە ڕاستیدا ئینترنێتیش هەر وەکوو ئاڵکۆڵ و قومار، شوێنێکە بۆ ڕاکردن لە دونیای ڕاستی‌یەکان. گیرۆدە بووان بە ئینترنێت لانی کەم ٦٠ کاتژمێر لە حەوتوو دا لە ژوورەکانی چات کردن و یاری کردن دا کات دەبەنە سەر. دوای ئەو دووانە ئیمێل و ئەو ماڵپەرانەی هەواڵ بڵاو دکەنەوە، زۆرترین بەکارهێنەرانی ئینترنێتی بۆ لای خۆیان ڕاکێش دەکەن. بەڵام کات پێوانەیەکی ڕاست بۆ هەڵسەنگاندنی گیرۆدە بووان بە ئینترنێتەوە نییە. بەشێکی زۆر لە خەڵک زیاتر لە ٦٠ کاتژمێر لە حەوتوو دا لە لای ئینترنێت دادەنیشن، چونکە ئەوان بە شێوەیەک بە دونیای ئینترنێتی‌یەوە بەستراونەوە و کاری ئەسڵی و ڕۆژانەیانە.

بۆیە ناکرێ ئەوان بێنینە پاڵ گیرۆدە بووان بە ئینترنێتەوە و وەک ئەوان چاویان لێ بکەین. بۆ هەڵسانگاندنی گیرۆدە بووانی ئینترنێتی لە گەڵ ئەوانی تر دەبێ هەڵسوکەوتی ئەوان لە بەر چاو بگری و بزانی ئەوان لە ئینترنێت دا چ دەکەن. بۆ وێنە گیرۆدە بووانی ئینترنێتی هەمیشە ڕاگرتنی کات لە دەست دەدەن و هەر کاتێک دەچنە نێو دونیای وێب و ماڵپەرەکان، بە تەواوی لە دونیای دەرەوە دادەبڕێن.

زۆرترین گیرۆدە بووان بە ئینترنێت کوڕان و ژنانی تەمەن نێونجین. بەشێکی زۆر لە لاوەکان تا بەیانی لە ئینترنێت دا کات دەبەنە سەر، بێ ئەوەی بزانن کە دەرس و ئەرکەکانیان هەروا ماونەوە. بەشێکی بەرچاویش لە ژنان بۆ تێپەر کردنی کاتی خۆیان دەچنە نێو ئینترنێت، ئیدی ئەوە لە بیر دەکەن کە خواردنیان بۆ منداڵەکانیان ساز نەکردووە، یا کاتی دوکتۆریان بۆ هاوژیان وماڵەوەیان نەگرتۆتەوە. لە سەریەک گیرۆدە بووان بە ئینترنێت بۆ خۆیان ئاگاداری ئاکامە خەراپەکانی گەڕانی درێژ خایەن لە نێو وێبسایتەکاندا نابن. ئەوان نەک ئاشناکانی، خۆیان بەڵکوو خۆشیان لە بەر چاو ناگرن. دوو ساڵ بەر لە ئێستا هەواڵی مردنی کوڕێکی چینی دوای سێ ڕۆژ دانیشتنی بەردەوام لە سەر کامپیوتێر هەموو لایەکی هەژاند. یا ساڵی ڕابردوو ڕووداوی باوکێک کە منداڵەکەی لە حەوزی حەمام دا بە جێهێشت و تا پڕ بوونی حەوزەکە سەردانی ئیمێلەکەی کردو منداڵەکەی لە بیرکرد.

کارەساتی مردنی ئەو منداڵە چووکە و مردنی ئەو کوڕە چینی‌یە، وایکرد کە بیری دەروونناسەکان و زۆربەی خەڵک بۆ لای ئەو مەسەلەیە ڕابکێشرێت.

لە دەستپێک و سەرەتای سەدەی بیستویەک دا، ئاڵۆزییەکی نوێ لە کۆمەڵگادا سەری هەڵداوە کە دەبێ زۆر بە

وردی تاوتۆ بکرێ و هەڵ بسەنگێندرێ.

لە لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی ٢٠٠٠ دا کە لە سەر هەژدەهەزار بەکارهێنەری ئینترنێتی لە ئامریکا و کانادا کراوە، ئاشکرا بووە کە ٥.٧% لە خەڵک بۆ کەڵک وەرگرتنی تایبەت بە خۆی کە لە پێش دا داڕێژراوە دەچنە نێو ئینترنێت.

لە گەڵ ئەوەشدا لەو لێکۆڵینەوە دا ئاشکرا بووە کە زۆرترین تێک هەڵچوونی لاوەکان لە گەڵ بنەماڵەکانیان، لە سەر خەرجی تەلەفون و گرێدان بە ئینترنێتەوەیە. زۆربەی لاوەکان دەیان گووت، هیچ کات بە دڵێکی تێر لە لای کامپیۆتێر هەڵنەستاوین. هەمیشە یا بنەماڵەکانیان پێویستیان بە تەلەفون بووە یا ماوەی کارتەکەیان تەواو بووە. خانی گرینگ لێرە دایە کە گیرۆدە بووانی ئینترنێتی، ئەگەر لە ئینترنێتیش هاتنە دەر نابنە کەسێکی ئاسایی. ئەوان لە هەموو کاتێک دا لە بیر و فکری ئەو ماڵپەڕانە دان کە تازە چاویان پێکەوتووە و یا ئەو هەزاران ماڵپەڕەی کە دەبێ بیان دۆزنەوە.

نیکولاس دەڵێ: ‹‹ئەمن هەر کاتێک لە قوتابخانە دەگەڕامەوە بۆ ماڵێ بێ ڕاوەستان خۆم بە ئینترنێتەوە گرێ دەدا... دەترسام کە لە شتێک دوا بکەوم... لە هاوین دا خەوم لێتێک چوو بوو بە تەواوی کز و لاواز ببووم.›› بنەماڵەی نیکولاس ئەویان بردە لای دوکتۆرێکی دەروونناس و نیکولاس دوای کەڵک وەرگرتن لە حەبی دژی داهێزان و چوونە سەفەرێکی دوو حەوتووی بۆ تورکیە، توانی خواستی خۆی بۆ سەر ئینترنێت کۆنترۆڵ بکا.
بەڵام دوکتۆر فریس لە کتێبی خۆیدا لە ژێر ناوی ‹‹گیرۆدە بوون بە ئینترنێت و ڕێگاکانی بەر هەڵەست بوونەوە لە گەڵ ئەو›› لە سەر کچێکی ١٧ساڵ دەدوێ کە لە نیشانەکانی گیرۆدە بوون بە ئینترنێتەوە ئازاری دەکێشا.

فریس دەڵێ: کاتێک ئەویان بۆ ناوەندی تەرک کردنی گیرۆدە بووان هێنا، ئەوەندە قەڵسو نارەحەت بوو، کە کورسیەکانی ئەو ناوەندەی بۆ ئەملاوئەو لا فڕێ دەدان. گیرۆدە بوون بە ئینترنێت، وەکوو هەموو جۆرەکانی گیرۆدە بوونی دیکەی نێو کۆمەڵگا، دەتوانی ببێتە هۆی لە نێو بردنی ژیانی ئاسایی بنەماڵە، خوێندن و تەنانەت دارایی مرۆڤەکان.

بەشێکی زۆر و بەرچاو لە خەڵک بۆ ئەوەی خۆڕاگری و دوورەپەرێزی لە ڕاکێشانی ئینترنێتی بکەن، مودێمەکانی

خۆیان ورد و خاش کردوون و چەند مانگێک لە گەڵ دونیای سرنج ڕاکێشی ئینترنێت ماڵئاویان کردووه. بەو حاڵەش چ کەسێک دەتوانی زیاتر لە حەوتوویەک لە بەرابەر سرنج ڕاکێشەریەکانی نێو ماڵپەڕ و وێبە ڕەنگاوڕەنگەکان دا خۆڕاگری بکا.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی ئێران،

وەرگیراوە لە ماڵپەری ڕێژوان

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠٠٦

## کەوشەکانی مستەفا

ناوی کوڕەکە مستەفا بوو، ئەو لە گەڵ باپیری سواڵکەری دەکرد، تەنیا تەمەنی هەشت ساڵان دەبوو، دیارە کەسیش نازانێ ڕەنگ بی کاتێک زۆر چووکە بووە، ئەو پیرە پیاوە ئەو کوڕەی دزی بێت.

لە گەڵ ئەوەدا کە دەموچاوی تۆزاوی و پیس بوون و جلوبەرگەکانی نا ڕێکوپێک و نەگونجا و کەوشەکانی دڕوا بوون، بەڵام لە سەریەک کوڕێکی جوان و بەشەرم دەهاتە بەرچاو. ئەو شتەی لە هەمووان زیاتر سرنجی خەڵکی بۆ لای مستەفا ڕادەکێشا، کەوشەکانی مستەفا بوون! کەوشە پەڕۆیەکانی ئەو لە پێشەوە را زاریان لێک داپچڕیبوو! و لە کاتی ڕێگا ڕۆیشتن دا وەک زاری تیمساح دەکرانەوە و ڕێبوارانی بە بێ ئەملا و ئەولا وەپێکەنین دەخست.

مستەفا، ماوەیەک بوو سرنجی شەهلای بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو، هەڵبەت نەک لە بەر کەوشەکانی، بەڵکوو لە بەر شەڕ و ڕاونانێک کە لە گەڵ کتێب فرۆشەکەی سەر شەقامەکە هەیبوو.

مستەفا هەر کە هەستی دەکرد باپیری هۆشی لە لایەکی دیکەیە، سەری بە شیشەی دوکانەکەوە دەنووساند و بە

تەواوی هەستیەوە دەیڕوانیە کتێب و داستان و حیکایەتەکانی منداڵان! ئەو کارەی مستەفا دەبوو بە هۆی پیس بوونی شیشە پەنجەرەی دوکانەکە و ئەوەش دەبوو هۆی نارەزایەتی و ڕاونانی مستەفا لە لایەن کتێب فرۆشەکەوە.

لە گەڵ ئەوەدا کە زۆرجاران بە هۆی دووپات کردنەوەی ئەو کارەی لەش شلک و ناسکی مستەفا دەکەوتە بەر لێدانی گۆچانی پیرەمێردەکەی باپیری و زۆرجاریش دەکەوتە بەر هەڕەشە! بەڵام دیسانیش مستەفا ئەو کارەی هەر دووپات دەکردەوە. لە گەرمای نیوەڕۆیەکی هاوین دا و لە کاتێک دا کە پیرەمێردەکە لە ژێر سێبەری دارێک دا خەریکی ئیسراحەت و سەرخەو شکاندنێک بوو و لە هەمان کاتدا کتێب فرۆشەکەش بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ گەڕابۆوە ماڵێ، هەلێکی باش بوو تا کوڕەکە بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە خەریکی سەیر کردنی کتێبە داستانەکان بێت.

لە پڕڕا مستەفا هەستی کرد کە خەریکە هەر دوو گوێیەکانی لە کاسە سەری جیا دەبنەوە. بەڵێ، کتێب فرۆشەکە مستەفای لە داوی خۆی خست بوو.

ماڵێ شەهلا، لەو بەری شەقامەکە، بەرامبەر بە کتێب فرۆشیەکە بوو و ئەو ڕووداوە لە شەهلای ڕا بە جوانی دیار بوو، هەر بۆیە شەهلا بە پەلە خۆی گەیاندە کوڕە لێقەوماوەکە و ئەوی لە دەستی کتێب فرۆشەکە ڕزگار کرد:
ـ باشە، ئەگەر کەسێک وا لە منداڵی تۆ بکات، چ دەکەی و هەستت چۆن دەبێ؟ چاو لە گوێیەکانی بکە! دەڵێی چەوەندەرن سوور بونەوە. کتێب فرۆشەکە گووتی:
ـ ئاخر خاتوونی بەرێز ئەو منداڵە منی وەڕەز کردووە، ڕۆژێ سەدجار ئەو شیشە پەنجەرەیە خاوێن دەکەمەوە، دیسان دێتەوە سەری بە شیشەکەوە دەنووسێنیتەوە و ...

شەهلا قسەکانی پێ بڕی و گووتی: ڕەنگ بێ کتێبی داستانەکانی خۆش بووێن.

ـ ئەو قسانە چن دیکەی خانم، خوا باوکت عەفوو کات، ئەو منداڵە سواڵکەرە چووزانێ کتێب چییە!

ئەرێ ئەتۆ دەزانی؟ ئەو مندالە دزێوە دانیشتوانی ئەو گەڕەکەی وەڕەز کردووە. هەر کەسێکی لە دوورەوە ببینێت، بە ڕاکردن دەچێتە پێشی و وەک گەنە پێوەی دەنووسێ و تا پووڵێکی لێ وەر نەگرێت، دەستی لێ هەڵ ناگرێت.

شەهلا گووتی:

ـ بەڵام ئەو منداڵە بێچارەیە، گوناحێکی نییە، ئەوە ئەو پیرەپیاوە بێ ئینسافەیە کە ئەوی ناچار بە سواڵکەری دەکات. ئەمن دەیان جار بە چاوی خۆم شاهیدی لێدانی ئەو منداڵە بووم کە لە لایەن ئەو پیرەپیاوەوە لێدراوە.
شەهلا، دەستی مستەفای گرت و بردیە ئەو بەری شەقامەکە و لە سەر پلێکیکانەکانی پێش درگای ماڵی خۆیانی دانیشاند و گووتی:

ـ دەتهەوێت کتێبێکی داستانت بۆ بکڕم؟

کوڕەکە مات و بێدەنگ لە شەهلا ڕاما بوو، شەهلا جارێکی دیکەش پرسیارەکەی لێکردەوە و مستەفاش بە چاو لێکنانی شەهلای حاڵی کرد کە بەڵێ.

ئەو ژنە بە ڕووحم و مێهرەبانە لە هەمان کتێب فرۆشی، کتێبی داستانی "سیندرلا" ی بۆ مستەفا کڕی، کتێب فرۆشەکە لە ئاست کردەوەی خۆیدا شەرمەندە بوو و هەستی بە گوناح دەکرد، هەر بۆیە پووڵی کتێبەکەی وەر نەگرت.

شەهلا لە سەرخۆ و بە شێوەیەکی زۆر باش داستانی سیندرلای بۆ کوڕەکە خوێندەوە.

کات زۆر بە خێرایی لە مستەفا تێپەر دەبوو، ڕەنگ بێ ئەو لە ناخی دڵەوە ئارەزووی هەبایە کە بریا و سەد بریا ئەو ڕۆژە هەرگیز نە دەگەیشتە کۆتایی.

داستانەکە کۆتایی پێهات بوو بەڵام مستەفا هەروا مات و بە بێدەنگ و بێ جووڵە لە شەهلا ڕاما بوو.

ـ باشە، کورم ئەتۆ کە ئەوەندە تامەزرۆی داستانی، ئێستا هێندێک لەو داستانەی کە بۆ تۆم خوێندوە بۆ منی بگێرەوە. زووکە ئیدی، لێت نایەتەوە ئەوەندەش مەزلووم بی!

مستەفا کە وردە وردە بەو قسەیە وەخۆ هاتبۆوە، دەستی بە گێرانەوەی داستانەکە کرد، بەڵام نە بە کورت کراوەیەی بەڵکوو بە درێژی و بە تەواوی.

ئامادە بوون وشیاری و زیرەکی ئەو کوڕە، شەهلای سەرسام کرد بوو. بۆ خۆی بیری دەکردەوە.

. ڕەنگ بێ ئەو کوڕە خوێندەواری هەبێت، یا ئەوە کە پێشتر ئەو داستانەیان بۆ خوێندۆتەوە!

شەهلا پرسی: ئەرێ مستەفا، تا ئێستا چوویە قوتابخانە؟

. نا، باپیرم ناهێڵێ، جارێک داوام لێکرد کە ناوم لە قوتابخانە تۆمار بکات، بەڵام لێدانێکی وام لە دەستی خواردوە کە ترساوم جارێکی دیکە پێی بڵێمەوە.

. پێت خۆشە کە خوێندەوار بی" دەتهەوێت خوێندنت فێر کەم؟ نا، نا، باپیرم دەمکوژێت!

بەڵام ئەمن لە گەڵ باپیرت قسە دەکەم، هەوڵ دەدەم کە ئەو ڕازی بکەم.
هەڵبەت دەزانم کە بۆچی ئەو پیرەمێردە ناهێڵێت ئەتۆ دەرس بخوێنی، چۆن ئەتۆ داهاتێکی زۆر باشت هەیە بۆ ئەو، بەڵام خەم مەخۆ بە هەر جۆرێک بێت ڕازی دەکەم.

پیرەمێردەکە ڕازی بوو کە ڕۆژێ سەد تمەن لە شەهلا وەر بگرێ تا لێگەرێت ڕۆژێ دوو کاتژمێر دەرس بە مستەفا بڵێ و فێری خوێندنی بکات.

شەهلا لیسانسی کۆمەڵناسی هەبوو، بەڵام بێکار بوو. مێردەکەی " حامید" ئەندازیار بوو لە بەشی ساز کردنی شار دا. ئەوان هەشت ساڵ بوو پێکەوە هاوسەر بوون و ژیانی هاوبەشی خۆیان بە عیشقەوە دەست پێکرد بوو، لە گەڵ ئەوەدا کە مناڵیان نەدەبوو، بەڵام هەروا عاشقانە یەکتریان خۆش دەویست.

شەهلا مەسەلەی مستەفای لە گەڵ حامید باس کرد. حامید گووتی:

ـ ئەمن لەوە کە ئەو منداڵە بێ پەنایە فێری خوێندن بکەی هیچ دژایەتی‌یەکم نیە. بەڵام بە بڕوای تۆ ئەو تاقە منداڵەشت خوێندەوار کرد، ئەدی باقی منداڵەکانی دیکە چی؟ لەو تارانە گەورەیە دا سەدان و بگرە هەزاران کەس لەو منداڵانە لە کۆڵان و شەقامەکان دا ئاوارە و سەرگەردانن!

شەهلا گووتی: تاقە کەسێکیش، کەسە. باوەڕ بکە ئەو کوڕە زۆر بەهۆش و زیرەکە، مێشکێکی زۆر ئامادەی هەیە! ئەمن دڵنیام ئەگەر سەرپەرەستێکی باشی هەبێت، یەعنی بە شێوەیەک لە دەستی ئەو پیرەمێردە ڕزگاری بێت، داهاتوویەکی باش و ڕووناکی دەبێت.

بەیانی ڕۆژی دوایی، شەهلا دەستی بە وانە گووتنەوە بە مستەفا کرد. مەیل و خواستی زۆری مستەفا بە فێربوون، شەهلای زۆرتر و باشتر بە درێژەدانی وانە گووتنەوە دڵگەرم دەکرد. ئەو توانی کەمتر لە دوو مانگ پۆلی یەکەم بە تەواوی فێری مستەفا بکات.

هاوێن خەریک بوو تەواو دەبوو و مستەفاش دەیتوانی پۆلی دووهەم وێرای منداڵەکانی دیکە دەست پێبکات و بچێتە قوتابخانە.

لە ماوەی ئەو دوو مانگە دا، شەهلا توانی کە مەتمانەی ئەو کوڕە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، چەندین مانگ بوو ئەو کوڕە ئاوی وە لەشی نەکەوت بوو، شەهلا چەند جار داوای لێکرد بوو کە حەمام بکات، بەڵام لە خۆشتن و حەمام کردن دەترسا، تا سەرئەنجام کوڕەکە رازی بوو کە حامید بیشوات و حەمامی پێبکات.

حامید پێشتر جلوبەرگ و کەوشی نوێی بۆ مستەفا کڕی بوون.

مستەفا کاتێک لە ئاوێنە دا خۆی بە جلوبەرگ و کەوشی نوێوە چاو پێکەوت خۆی نەناسیەوە، ئەو وەکوو شازادەی نێو داستانەکانی لێهات بوو. شەهلا لە کاتێک دا کە قژە سەرەکانی بۆ شانە دەکرد، گووتی:

ـ قسەم نیە کە ئەگەر باپیرت بەم شێوەیە ئەتۆ ببینێت، ناتناسێتەوە! و لە گەڵ ئەوەشدا زۆر خۆشحاڵ دەبێت کە ئەتۆ بەم شێوەیە ببینێت!

بەڵام وێدەچوو منداڵە هەژارەکە لە شتێکی دیکە نیگەران بێت:

ـ ئەگەر دەکرێت جلوبەرگ و کۆشە کۆنەکانیشم پێ بدەنەوە.

باپیرە سەلام، ئەمن مستەفام، نامناسیەوە؟

پیرەمێرد گێژ و وڕ ببوو، گووتی:

ـ ئەتۆ کێی؟ مستەفا کوا؟

باپیرە، منم مستەفا.

پیرەمێرد بۆ تاوێک لە قەڵافەتی مستەفا ڕاما، بۆ چەند ساتێک بێدەنگییێکی مەرگ هێنەر ئەو ژێر زەمینە تاریک و نماوییەی لە جاران ترس هێنەرتر بە مستەفا نیشان دەدا.

پیرەمێرد بە مست و شەق و پێلاقە و بە گۆچانی دەستی کەوتە گیان مستەفای بێدەسەڵات و بێچارە.

لە نەکاو تەواوی خەیاڵ و خەونەکانی مستەفا تێکچوون. ئەو بۆ چەند خولەکێک بێ حاڵ و بێ جووڵان لە گۆشەیەک لەو ژێر زەمینە تاریک و نماوییە دا لە سەر عەرز کەوت بوو.

کاتێک چاوەکانی هەڵێنانەوە، جارێکیتر جەستەی خۆی لە ناو جلوبەرگ و کەوشە کۆنەکانی خۆیدا دیتەوە، پیرەمێرد لە کاتێکدا جلوبەرگ و کەوشە نوێکانی لە نایلۆنێک هاویشت بوون، داوای لە مستەفا کرد کە بە زووترین کات ئەوانە بەرێتەوە و لە بەر دەرگای ماڵی شەهلایان دابنێت و بگەڕێتەوە.

مستەفا نایلۆنەکەی لە بەردەرگای ماڵی شەهلا دانا و دوای ئەوە کە چەند جارێک لە دەرگای ماڵی شەهلای دا، بە پەلە لەو ناوە دوور کەوتەوە.

کاتێک کە حامید دەرگای کردەوە، مستەفا لەو شوێنە دیار نەما بوو، کە نایلۆنەکەی کردەوە بە سەر سووڕمانەوە چاوی بە جلوبەرگ و کەوشە نوێکان کەوت.

لە سەر جلوبەرگەکان لاپەرەیەک داندرا بوو، کە بە پانتایی لاپەرەکەی نووسیبووی: خۆشم دەوێن. ماڵئاو بۆ هەمیشە.

ئەو ژن و مێردە بە ڕووحم و مێهرەبانە چەند ساتێک مات و بێدەنگ لە نایلۆنەکە ڕاما بوون.

کاتێک حامید سەری بڵیند کرد و چاوە پڕ لە فرمێسکەکانی شەهلای دیتن، بڕیاری دا بە هەر شێوەیەک بێت مستەفای لە دەست ئەو پیرەمێردە بێڕووحمە ڕزگار بکات.
بەیانی ڕۆژی دوایی کاتێک وەدوای دیتنەوە پێ و شوێنی کوڕەکە کەوتن، زانیان کە سەر لە بەیانی زوو ئەو شوێنەیان بە جێهێشتووە و باریان کردووە.

هەر ئەو ڕۆژە حامید یەک حەوتوو ئیجازەی وەرگرت و بڕیاریان دا کە پێکەوە بە هەر جۆرێک بێت مستەفای بدۆزنەوە.

ئەو دوو مرۆڤە کۆڵان بە کۆڵان، شەقام بە شەقام، گەڕەک بە گەڕەکی ئەو شارە گەران، منداڵی وەک مستەفای بێچارەیان زۆر دیتن، بەڵام نەک ئەو مستەفایەی کە شەهلا دەیهەویست.

پێشکەش بە منداڵانی سەر شەقام

نووسەر: فەروخ زولێخاپوور

سەرچاوە ماڵپەری: کانون دفاع از حقوق کودکان

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠٠٦

## داهێنانی كه‌رسته‌یه‌ک كه‌ یارمه‌تی ده‌دا به‌ ڕێگا ڕۆیشتنی ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ تووشی نه‌خۆشی "ام اس" بوون

زانایێک كه‌ هاوسه‌ره‌كه‌ی تووشی نه‌خۆشی "ام اس" (مالتیپل اسكلروسز) بووه‌، كه‌رسته‌یه‌كی نوێی داهێناوه‌ كه‌ له‌ ڕێگا ڕۆیشتن دا یارمه‌تی به‌ هاوسه‌ركه‌ی ده‌كات.

ئه‌و داهێنه‌ره‌ كه‌ ناوی "كن ئارمیتیج"ه‌ بۆته‌ یه‌كێک له‌ پاڵێوراوانی خه‌ڵات وه‌رگرتن له‌ به‌شی داهێنانی نوێ دا. كه‌ره‌سته‌ داهێنراوه‌كه‌ی ناوبراو پێک هاتووه‌ له‌ په‌تێک كه‌ به‌ شانی كه‌سه‌كه‌وه‌ هه‌ڵداوه‌سرێ و به‌ نه‌واریكی كێش‌دار "جیر" به‌ كه‌وشی كه‌سه‌كه‌وه‌ ده‌لێكندرێ.

ئه‌و ده‌زگایه‌ كه‌ یارمه‌تی به‌ ڕێگا ڕۆیشتن ده‌كات ناوی (MuSmate)، "موسمیت"یه‌ و بۆته‌ هۆكارێک بۆ ئه‌وه‌ كه‌ ناوی كن ئارمیتیج وه‌ک داهێنه‌ری ئه‌و كه‌ره‌سته‌یه‌ بچێته‌ ناو لیسته‌ی پاڵێوراوان بۆ وه‌رگرتنی باشترین خه‌ڵاتی داهێنانی نوێ له‌ یه‌كێک له‌ پێشانگا به‌ نێوبانگه‌كانی بریتانیا كه‌ تایبه‌ت به‌ كه‌م‌ئه‌ندامانه‌.

ئه‌و پێشانگایه‌ هه‌موو ساڵێک له‌ بیرمنگام به‌رێوه‌ ده‌چێت.

ئان ئارمیتیج، هاوسه‌ری كن ئارمیتیج سه‌باره‌ت به‌وه‌ كه‌ چۆن بوو هاوسه‌ره‌كه‌ی كه‌وته‌ بیری داهێنانی كه‌ره‌سته‌یه‌كی نوێ ده‌ڵێ: ڕۆژێک بۆ به‌شداری له‌ میوانی‌یه‌ک، ده‌بوو مه‌ودایه‌كی زۆر به‌ پێ تێپه‌ر بكه‌ین و بۆ ئه‌وه‌ كه‌ له‌ كاتی خۆیدا بگه‌ینه‌ میوانی‌یه‌كه‌ به‌ په‌له‌ بووین، به‌ڵام من به‌ هۆی نه‌خۆشی "ام اس" (مالتیپل اسكلروسز) نه‌مده‌توانی به‌ ڕاحه‌تی به‌ ڕێگا دا بڕۆم. كن ئارمیتیج كۆڵه‌ پشتی‌یه‌كه‌ی شانی خۆی له‌ پشتی من به‌ست و دوایه‌ش ئه‌وی به‌ په‌تێكی كێشی به‌ كه‌وشه‌كه‌مه‌وه‌ گرێ دا، له‌ ئاكامی ئه‌م كاره‌ دا هه‌نگاو هه‌ڵێنانه‌وه‌م بۆ ڕاحه‌ت‌تر بۆوه‌.

ئێستا ئه‌و ژن و مێرده‌ له‌ گه‌ڵ شه‌ریكێكی دیكه‌، شوێنێكی به‌رهه‌م هێنانانیان درووست كردوه‌، بۆ ئه‌وه‌ كه‌ره‌سته‌ داهێنراوه‌كه‌یان بگه‌یێنه‌ بازار.

ئەوان هیوادارن کە ئەو کەرەستەیە بۆ ئەوە ببێت و بتوانێ کە، لە کاتی ڕێگا ڕۆیشتن دا یارمەتی بدات بە گیرۆدەبووانی نەخۆشی "ام اس" (مالتیپل اسکلروسز)، و هەروەها ئەو کەسانەی کە شەپلە "سکتە"ی مێشکیان هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەری بی‌بی‌سی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠٠٦

## مەحکووم کردنی فرۆشیاری دارەکانی ئێعدام لە لایەن ڕێکخراوی عەفووی نێونەتەوەی‌یەوە

دیوید لۆکاس ڕێکخراوی عەفووی نێونەتەوەیی کە ڕێکخراوێکی چالاکە لە بواری مافی مرۆڤەوە، کاری یەکێک لە ساحەب مەزراکانی بریتانیا، کە داری ئێعدام درووست دەکات و بە وڵاتانی بێ هێز لە بواری مافی مرۆڤەوە دەفرۆشێ مەحکووم کرد.

دیوید لۆکاس گووتی کە: ماوەی ١٠ ساڵە کە کەرەسەی ئێعدام بە وڵاتانێکی وەکوو زیمبابۆ دەفرۆشێ.

ڕێکخراوی عەفووی نێونەتەوەی دەڵێ: فرۆشتنی داری ئێعدام بە پێی قانوونی نوێی یەکێەتی ئوروپا لە مانگی ژوئیە را مەنع دەکرێ و وەک بێ قانوونی سەیری دەکرێ، فرۆشتنی داری ئێعدام "ترس هێنەرە."

بەڵام ئاغای لۆکاس گووتویەتی: کرین و فرۆشتنی داری عاددی هیچ گیروگرفتێک ناهێنێتە ئاراوە و "تەجارەت، هەر تەجارەتە." ئەو گووتی کە خەڵکانێک هەن کە شایانی حوکمی ئێعدامن.

گۆرینی قانوون

ئەو دەڵێ: نرخی دارەکانی ئێعدام پەیوەندی بە جۆری دارەکانەوە هەیە، دارێکی ئێعدام نێزیک بە ١٢ هەزار پۆند مەزەندە دەکرێ و دەفرۆشرێ، بەڵام ئەو دارانەی کە لە سەر ماشێنی بارهەڵگر دادەندرێن نێزیک بە ١٠٠ هەزار دوڵار مەزەندە دەکرێن.

بەڕێوەبەری دەفتەری بریتانیای ڕێکخراوی عەفووی نێونەتەوەیی دەڵێ: "وەک دیارە کەسێکی بریتانیای نیازی هەیە کە داری ئێعدام بە سەرکۆمار موگابە(لە زیمبابۆ) بفرۆشێ" ئەوەش جێگای ترس و ڕامانە.

"سالآنێکە باس لە سەر هەبوونی یاسایێک لە سەر کەرەسەی ئێعدام دەکرێ. ئەگەر شیرکەتێک لە بریتانیا خەریکی بەرهەم هێنانی کەرەسەکانی ئێعدامە، هەوڵ دانی بریتانیا لە مەڕ دژبوون بە حوکمی ئێعدام لە جیهان دا شتێکی گاڵتەجاری دەبێت."

یەکێک لە وتەبێژانی ڕێکخراوی عەفووی نێونەتەوەیی دەڵێ: بە پیی یاسای نوێی یەکێەتی ئوروپا لە مەڕ کرین و فرۆشتن "تەجارەت" کە لە ٣١ی ژوئیەی ٢٠٠٦ دەست پێدەکات، بەرهەم هێنانی داری ئێعدام نا یاسایی دەبێت.

یەکێک لە وتەبێژانی ئیدارەی بازەرگانی و پیشەسازی گووتی کە: دەر کردنی حوکمێک لە سەر نا یاسا بوونی بەرهەم هێنانی داری ئێعدام جێگای خوشحاڵی‌یە و ئێمە بەو بریارە دڵخۆشین.

سەرچاوە: ماڵپەری بی‌بی‌سی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١١ی مای ٢٠٠٦

# ڕۆژمێری کێشەی ئەتۆمی ئێران

نووسینی: پارسا پیلتن.

چالاکیە ناوەکیەکانی ئێران و شک و گومانی کۆڕ و کۆمەڵەکانی نێونەتەوەیی سەبارەت بە بەدوا داچوون و هەروەها ئامانجێک کە کۆماری ئیسلامی لە بەرنامەی ئەتۆمی خۆی دا هەیەتی. ماوەی چوار ساڵە کە بەرنامەی ناوەکی ئێران بۆتە بە یەکێک لە هەواڵە ئەسڵیەکانی هەموو بڵاڤۆکەکانی جیهان، ئەوەی لە ژێرەوە دێت و ئیشارەی پێدەکرێ لیستەیەکە لە ڕەوەندی ئاڵوگۆڕەکانی " کێشەی ئەتۆمی ئێران" لەو ماوەیە دایە.

## ساڵی ٢٠٠١

ئەفسەرەکانی بەشی زانیاری ئەمریکا بە یەکێک لە ڕۆژنامەوانانی بە ناوبانگ بە ناوی "سیمور هرش" یان گووت کە شوێنەکانی دروست کردنی چەکە ناوەکیەکانی چەکداری ئێران، لە بنکەی هێزی " نیروگاه" ئاوی سووکی بووشەهر نیە، بەڵکوو لە بنکە "نیزامیەکان" دا جێیان گرتووە.

## ساڵی ٢٠٠٢

٢٩ی ژانویە: جۆرج بووش، سەرکۆماری ئەمریکا، چەند مانگ دوای هێرشەکانی ١١ی سیپتامبری ٢٠٠١، ئێرانی لە گەڵ عێراق و کورەی باشوور بە " میحوەری شەرارەت" ناو بردن.

١٤ی ئوت: کەسێک لە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە ناوی عەلیڕەزا جەعفەرزادە ئیدعای کرد کە ئێران لە نەتنز شوێنی دروست کردنی پیتاندنی ئۆرانیۆم و لە ئەراک، دەزگای ڕاکتۆری ئاوی قورسی دروست کردووە.

سیپتامبر: ڕوسیە پێشەکی دروست کردنی ڕاکتۆری ٨٠٠ میلیۆن دولاری لە نێزیک بووشەهر دەست پێکرد و قەرار بوو ئەو نیروگایە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ بکەوێتە سەر هێڵی گشتی.

**دیسامبر:** ئەمریکا دەوڵەتی ئێرانی بە هەوڵدان بۆ وەدەست خستنی چەکی ئەتۆمی تاوانبار کرد و وێنە ماهوارەیەکانی ئەو شوێنانەی کە شوێنی درووست کردنی پیتاندۆمی ئەتۆمی نەتنز و ئەراک بوون بڵاو کردنەوە و نیشانی دان. مێدیاکانی ئەمریکایی ئیدیعایان کرد کە ئەو درووستکراونە توانا و هێزی چەکداریان تێدایە.

##ساڵی ٢٠٠٣

**٢١ی فێوریە:** محەممەد بەرادعی، بەرپرسی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی سەفەری بۆ ئێران کرد تا ئیدیعای تاران لە مەڕ ئەوە کە بەرنامەی ئەتۆمی‌یەکەی بە شێوەی ئاشتیانە بەڕێوە دەبات، پەسەند بکات. لەو کاتەوە تا مانگی مای، لێکۆڵەرەوەکان چەندین لێکۆڵینەوەیان بەڕێوە بردن.

مای: ئێران دووپاتی کردەوە کە چەند شوێنێک لە نەتنز و ئەراک درووست دەکات، بەڵام ڕایگەیاند کە ئەوانە هەر وەک بنکەی هێزی "نیروگاە"ی بووشەهر تایبەت دەبن بۆ بەرهەم هێنانی تکنۆلۆژیی ناوەکی و کارایی نیزامی و چەکداریان تێدا نابێت.

**١٦ی ژوئیە:** ئاغای بەرادعی ڕایگەیاند کە لە لێکۆڵینەوەکان دا دەر کەوتووە کە "ئێران هێندێک لە مەواد و چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکانی خۆی ڕانەگەیاندوون" هەر بۆیە داوای هاوکاری لە تاران کرد. لەو حاڵەتەش دا لە ڕاگەیاندنەکە دا نەهات بوو کە ئێران پێشێلی خاڵ و بڕگە قەدەغە کراوەکان، لە ئاست وەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی دا کردووە. لە هەمان کاتدا وەزیرەکانی دەرەوەی وەڵاتانی یەکێەتی ئورووپا داوایان لە ئێران کرد کە ئیجازە بدات لێکۆڵینەوەی چڕوپڕتر بەڕێوە بەرن.

**١٩ی ژوئیە:** ئاری فلیشر، وتەبێژی کۆشکی سپی، پەنا بردن بۆ "هەڵبژاردنی چەک" لە بەرامبەر ئێران دا بە دوور نەزانی و ڕەدی نەکردەوە.

**١٩ی ژوئیە:** ئاژانس لە ئێرانی داوا کرد کە پەیماننامەی ڕاگرتنی برگەی قەدەغە کراوی دەرکردنی چەکی ناوەکی ئیمزا بکات و بە لێکۆڵەرەوەکان ئیجازە بدات کە دەستیان بە شوێنەکانی درووست کردنی ئەو چەکە ڕابگات و هیچ بەربەستێک دانەنێن و بتوانن سەردانی هەمیشەیی بۆ ئەو شوێنە بکەن.

**١٩ی ژوئیه:** لێكۆڵەرەوەكان خولێكی نوێیان بۆ لێكۆڵینەوە دەست پێكرد. ڕۆژنامەی "واشینگتۆن پۆست"یش بڵاوی كردەوە كە لە كاتی لێكۆڵینەوەی پێشوو دا هێندێك لە نیشانەكانی بەدەست هێنانی ئۆرانیۆم لە نەتنز دۆزراونەوە.

**٢١ی ژوئیه:** یەكێتی ئوروپا ئێرانی وریا كردەوە كە ئەگەر هاوكاری تەواو لە گەڵ لێكۆڵەرەوەكان نەكات، ئەگەری ئەوەی هەیە كە برۆكسێل لە پەیوەندییە سیاسی و ئابووری‌یەكانی خۆی لە گەڵ كۆماری ئیسلامی دا پێداچوونەوە بكات.

**٦ی ئوت:** محەممەد خاتەمی، سەركۆماری ئەو كاتی ئێران، ڕایگەیاند كە وزەی ئەتۆمی هیچ جێگا و پاڵپشتێكی نابێت لە كاری نیزامی وڵاتەكەی دا، بەڵام ئێران لە بە دەست هێنانی تكنۆلۆژیای ئەتۆمی دەست هەڵناگرێ.

**٢٦ی ئوت:** تاران ڕایگەیاند كە مل دەدا بەوە كە لێكۆڵینەوەی لە سەر بكرێت بەڵام ئەو زەمانەتەی لە لێكۆڵەرەوەكان دەوێت كە نهێنی و سرڕیاتی بەرنامە و پێكهاتەی نیزامی‌یەكانی لە قاو نەدەن.

ڕاپۆرتی مەتمانەداری ئاژانسی ئەتۆمی ئیدیعای كرد كە ئێران دوو جۆر ئۆرانیۆمی ئامادەكراوی بەرهەم هێناوە كە بۆ بەكار هێنانی ئاشتیانە هیچ كەڵكێكی نی‌یە.

**٩ی سیپتامبر:** واشینگتۆن ڕایگەیاند كە ئیران پابەندی ڕێككەوتنامەكانی نێونەتەوەیی قەدەغەكرانی درووست كردنی چەكی ناوەكی نی‌یە، بەڵام پێشنیاری برتیانیا، ئاڵمان و فەرانسەی قەبووڵ كرد كە تا كۆتایی مانگی ئۆكتۆبر بە كۆماری ئیسلامی كات بدەن تا چالاكی‌یە ئەتۆمی‌یەكانی خۆی بە تەواوی ئاشكرا بكات و لێكۆڵینەوەكان و سەردانەكان قەبووڵ بكات.

**١٢ی سیپتامبر:** ئاژانس تا ٣١ی مانگی ئۆكتۆبر كات و مەجالی بە ئێران دا كە بەرنامەی ناوەكی خۆی ئاشكرا بكات، بەڵام كۆماری ئیسلامی ئەو بڕیارە كوتوپڕەی قەبووڵ نەكرد.

**١٣ی ئۆكتۆبر:** ڕووسیە ڕایگەیاند كە تەرح و بەرنامەی وەگەڕ خستنی ڕاكتۆری بووشەهری یەك ساڵ وەدواخست،

بەڵام ئەوەی دووپات کردەوە کە ڕاگرتنی ئەو تەرحە تەنیا گیروگرفتی تکنیکی‌یە، نەک لە بەر زەختی ڕۆژئاوا.

**١٤ی ئۆکتۆبر:** یەکێک لە تاقمەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئیدیعای کرد کە ئێران کارخانەیەکی پیتاندۆمی ئۆرانیۆمی بە مەبەستی کاری نیزامی لە شاری ئیسفەهان درووست کردووە.

**١٩ی ئۆکتۆبر:** بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کەوتنە وتوویژ لە گەڵ نێردراوەکانی ئاژانس سەبارەت بە قەبووڵی لێکۆڵینەوەی چڕوپڕتر و قورستر.

**٢١ی ئۆکتۆبر:** کەماڵ خەرازی، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەو کاتی ئێران، بەڵێنی دا کە کۆماری ئیسلامی لە کاتی وتوویژ لە گەڵ سێ وڵاتی ئوروپایی دا "شەفافیەتی تەواو" بکاتە بە یەکێک لە بنەماکانی ئەو وتوویژە. ماوەییێک دواتر یەکێک لە دیپلۆماتە ڕۆژئاوای‌یەکان ڕایگەیاند کە ئێران قەبوڵی کردووە کە پیتاندۆمی ئۆرانیۆم ڕابگرێ و پەیماننامەی هەڵوەشاندنەوەی ئیمزا بکات.

**٢٤ی ئۆکتۆبر:** هێندێک لە خەڵکی تاران دژایەتی خۆیان سەبارەت بە بریاری ئێران لە ئاستی ئیمزا کردنی ئەو پەیماننامەیە دا دەربڕێ و خۆپێشاندانیان ساز کرد.

**٣١ی ئۆکتۆبر:** ئاژانس ڕایگەیاند کە ئێران دەربڕینێکی "گشتی" سەبارەت بە چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکانی خۆی داوەتە دەست.

**١٠ی نوامبر:** ڕاپۆرتی ناوخۆی ئاژانس لە دەربڕینی بووچوونەکانی خۆیدا گووتی:" لە کاتی ئێستا دا هیچ بەڵگەیەک لە دەست دا نی‌یە کە ئێران خەریکی بەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمی بێت." بەڵام ئەمریکا ئەو ڕاپۆرتەی ڕەد کردەووە.

**١١ی نوامبر:** ئاژانس لە ڕاپۆرتی خۆی دا ڕایگەیاند کە ئێران لە دەربرینەکانی خۆی دا گووتویەتی کە پلوتونیوم، ئەو شتەی کە دەتوانی بۆ بەرهەم هێنانی چەکەکانی ئەتۆمی بەکاری بێنێت، بە بەرهەم هێناوە، بەڵام ئەوەشی زیاد کرد کە هیچ بەڵگەیەک لە بەر دەست دا نی‌یە کە نیشان بدات کە ئێران نیازی بەرهەم هێنانی بۆمبی ئەتۆمی

هەیە.

**١٣ی نوامبر:** واشینگتۆن ئەو ڕاپۆرتەی ڕەد کردەوە و ئەوەی بە شتێکی "باوەڕ پێ نەکراو" زانی. بەڵام ئاژانس دیفاع و پشتگیری لە ڕاپۆرتی خۆی کرد.

**٢٥ی نوامبر:** بریتانیا، فەرانسە و ئاڵمان لە گەڵ ئەمریکا لە سەر بریارنامەیەک ڕێککەوتن کە ئێران سەبارەت بە چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکانی وریا بکەنەوە.

**٢٦ی نوامبر:** ئاژانس ئەو بڕیارنامەیەی پەسەند کرد بەڵام لە سەر ئابلووقەی ئێران هیچ ڕای دەر نەبڕی.

**١٨ی دیسامبر:** عەلی ئەکبەر ساڵحی، نوێنەری ئەو کاتی ئێران لە ئاژانس دا، پەیماننامەی ڕاگرتنەکەی ئیمزا کرد تا شوێنە درووستکراوەکانی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی بە بێ هیچ شەرتێک لە بەر دەستی لێکۆڵەرەوان دا بێت بۆ لێکۆڵینەوە.

## ساڵی ٢٠٠٤

**٤ی ئاپریل:** ئێران هەبوونی شوێنی درووست کردنی ئەتۆمی لە ژێرەوە و بە شێوەی نهێنی ڕەد کردەوە و سوور بوو لە سەر ئەوە کە بەکار هێنانی تاقی کاری پیتاندۆمی ئۆرانیۆم لە ئیسفەهان دا هیچ دژایەتی لە گەڵ پەیماننامەکانی ئەو ڕاگرتنە دا نی‌یە.

**٩ی ئاپریل:** غولامڕەزا ئاغازادە، بەرپرسی ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێران ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی " بە دڵخوازی خۆی" بەرهەم هێنانی سانترفیوژ ڕادەگرێ.

**٢١ی مای:** ئێران زیاتر لە هەزار لاپەرەی نووسینی وەک ڕاپۆرت سەبارەت بە چالاکی ئەتۆمی تەحویلی ئاژانس دا.

**١ی ژوئەن:** ئاژانس ئیدیعای کرد کە هێندێک نیشانەی نوێی لە سەر پیتاندۆمی ئامادە کراوی ئۆرانیۆمی لە ئێران

دا دۆزیوەتەوە کە بە بڕوای ئەوان ئەو بڕە ئۆرانیۆمە زۆر لەوە زیاترە کە بۆ بەکار هێنانی غەیرە چەکداری وزەی ناوەکی بێت.

**١٠ی ژوئەن:** دیپلۆماتەکان گووتیان کە ئێران لە بازاری ڕەشی ئەتۆمی دا بە دوای گەڕانی" دەیان هەزار" کەرەستە بۆ بەرنامەی ناوەکی خۆیدا بووە.

**١٢ی ژوئەن:** ئێران ڕایگەیاند کە نایەتە ژێر گوشارەکانی نێونەتەوەیی و لە هەمان کاتدا داوای لە دونیا کرد کە وڵاتی ئێران وەک ئەندامێکی " باشگای ناوەکی" چاو لێ بکەن.

**٢٧ی ژوئیە:** ئێران پلمپی ئاژانسی لە سەر سانترفیوژ پشتگوێ خست و دەستی بە بەرهەم هێنانی سانترفیوژ لە نەتنز کرد.

**٣١ی ژوئیە:** ئێران دەریبڕی کە بەرهەم هێنانی بەشەکانی سانترفیوژ کە بۆ پیتاندۆمی ئۆرانیۆم دەبێت، دەست پێ کردۆتەوە، بەڵام دووپاتی کردەوە کە ئەو کارە بۆ دەوڵەمەند کردنی زیاتری ئەو بەشە نییە.

**٢٤ی ئوت:** کەماڵ خەرازی، وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئێران ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی هەر جۆرە هێرشێکی بەربەست هێنەر لە لایەن ئیسرائیلەوە لە سەر شوێنە درووستکراوەکانی ئەتۆمی ئێران بە توونترین شێوە وەڵام دەداتەوە.

**٢٨ی ئوت:** محەممەد خاتەمی، سەرکۆماری ئەو کاتی ئێران، ڕایگەیاند کە ئاژانس دەبێ مافی پیتاندۆم و دەوڵەمەند کردنی ئۆرانیۆم بۆ بە کار هێنانی ئاشتیانە لە ئێراندا بە ڕەسمی بناسێت.

**١ی سیپتامبر:** لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی ئاژانس دا هات بوو کە ئەوان لە هێندێک بوار دا سەبارەت بە چالاکی ئەتۆمی ئێران باوەڕیان هەیە، بەڵام بڕیاری ئێران بۆ بەرهەم هێنانی زۆرتری کیکی زەرد و دەوڵەمەند کردنی جێگای نیگەرانییە. کالین پاول، وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئەمریکا گووتی کە تەنیا ئەو ڕاپۆرتە بۆ بردنی پەروەندەی ئێران بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەسە.

**١٣ی سیپتامبر:** کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی بریاردەری ئاژانس لە ویەن دەستی بە کار کرد.

**١٤ی سیپتامبر:** ئێران هەڵپەساردن و ڕاگرتنی نادیاری لە سەر پیتاندۆم قەبووڵ نەکرد و گووتی کە بەرهەم هێنانی سانترفیوژ ڕاناگرێت.

**١٨ی سیپتامبر:** ئاژانس تا ٢٥ی نوامبر کاتی بە ئێران دا کە چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکانی خۆی ئاشکرا بکات.

**٢١ی سیپتامبر:** ئێران ڕایگەیاند کە تەرحی دروست کردنی کیکی زەردی دەست پێ کردۆتەوە و ئەوەش هەنگاوێک بەرەو دەوڵەمەند کردنی زیاترە.

**٢١ی ئۆکتۆبر:** بێرلین، لەندەن و پاریس داوایان لە ئێران کرد کە هەموو جۆرە چالاکی‌یەک سەبارەت بە دەوڵەمەند کردنی ئۆرانیۆم ڕابگرێت، ئەگینا پەروەندەی ئێران دەدرێتە ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەو سێ وڵاتە ئوروپای‌یە هێندێک پێشنیاریان خستنە ڕوو.

**٣١ی ئۆکتۆبر:** پارلەمانی ئێران تەرحێکی پەسەند کرد کە خوازیاری دەست پێکردنەوە و درێژە دانی پیتاندنی ئۆرانیۆم بوو.

**٦ی نوامبر:** لە درێژەی وتووێژەکان دا لە پاریس، ڕاگەیاندرا کە ئەوان بە "ڕێککەوتنێکی سەرەتایی" گەیشتوون.

**١٤ی نوامبر:** ئێران قەبووڵی کرد کە هەتا کاتێک وتووێژەکان درێژەیان هەبێ، پیتاندنی ئۆرانیۆم بە تەواوی دێنێتە حاڵەتی ڕاگرتن.

**٢٤ی نوامبر:** ئێران هەوڵی دا کە نێوەرۆکی ڕێککەوتنامەکەی ئەم دوایانە بە شێوەیەک ڕێک بخات کە بتوانێ لە هێندێک لە سانترفیوژەکان بۆ "توێژینەوە" کەڵک وەر بگرێ. چوار ڕۆژ دواتر لە ژێر گوشاری ڕۆژئاوا دا ئەو هەوڵ و داواکاری‌یە وەلاندرا.

١٣ی دیسامبر: وتووێژی ئێران و یەکێەتی ئوروپا دەستی پێ کرد.

## ساڵی ٢٠٠٥

١٣ی ژانویە: لێکۆڵەرەوەکانی ئاژانس سەردانی شوێنەکانی دروستکەری "پارچین" لە باکووری رۆژئاوای تاران‌یان کرد.

١٣ی فێوریە: ئێران ڕایگەیاند کە لە گەڵ پێشنیاری ئوروپا سەبارەت بە پێشکەش کردنی ڕاکتۆری ئاوی سووک، درووست کردنی ڕاکتۆری ئاوی قورس لە ئەراک کە وا وێدەچێ بە نیازی کاری نیزامی بە کار ببردرێ. ڕاناگرێت.

٢٧ی فێوریە: ئێران و ڕووسیە ڕێککەوتنامەیەکیان ئیمزا کرد کە بە شەرتێک ڕووسیە نیازەکانی بنکەی هێزی "نیروگاە"ی ئەتۆمی بووشەهر دابین دەکات کە کۆماری ئیسلامی "سووتەمەنی لە کار هاتوو" بگەڕێنێتەوە دەست ڕووسیە. دەگوترێ کە لە "سووتەمەنی لە کار هاتوو" دەتواندرێ چەکی ئەتۆمی درووست بکردرێ.

٣٠ی ئاپریل: ئێران ڕایگەیاند کە ئەگەری ئەوەی هەیە بە دەست هێنانی ئۆرانیۆم لە ئیسفەهان دەست پێ بکات.

١١ی مای: ئوروپای‌یەکان ئێرانیان وریا کردەوە کە هەر جۆرە دەست پێ کردنەوەیەکی چالاکی ناوەکی "بە ڕەوتی وتووێژەکان کۆتایی دەبەخشێت."

١٩ی مای: تاران وریایی دا کە لەبریاری خۆی لە مەڕ وەدەست خستنی ئۆرانیۆم پاشگز نابێتەوە و گەڕانەوەی بۆ نی‌یە.

٢٥ی مای: ئێران قەبووڵی کرد کە بریاری کۆنکریتی خۆی بخاتە دوای پێشنیارەکانی ئوروپا لە کۆتایی ژوئیە دا. ئەو ماوەیە دوایی تا مانگی ئوت درێژ کرایەوە.

٣ی ئوت: مەحموود ئەحمەدی‌نژاد وەکوو سەرکۆماری نوێی ئێران سوێندی خوارد و کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی کرد کە لە چەند ڕۆژی داهاتوو دا بەرهەم هێنانەکان دەست پێ دەکاتەوە.

**٥ی ئوت:** تاران کۆکراوە پێشنیاریەکانی ئوروپای بە نیوەچڵ و ناتەواو ناوبرد.

**٨ی ئوت:** ئێران لە پێش چاوی هەواڵنێرە دەرەکی و ناوخۆیەکان وەدەست هێنانی ئۆرانیۆمی لە ئیسفەهان دەست پێ کردەوە. یەکێەتی ئوروپا ئەو حەرەکەتەی ئێرانی مەحکووم کرد. تەنانەت ڕووسیە، شەریکی ئەتۆمی ئێران، داوای لە کۆماری ئیسلامی کرد کە شوێنی بەرهەم هێنان "کارخانە"ی ئیسفەهان ببەستێت.

**١١ی ئوت:** ئەنجوومەنی بڕیاردەری ئاژانس، هەڵوێستی ئێرانی بە دەرکردنی بڕیارنامەیەک مەحکووم کرد و داوای لە ئاغای بەرادعی کرد کە تا ڕۆژی ٣ی سیپتامبر ڕاپۆرتێکی پوخت لە سەر پەروەندەی ئێران پێشکەش بکات.

**١٢ی ئوت:** دوای بڕیاری ئێران لە مەڕ دەست پێ کردنەوەی بەشێک لە چالاکی‌یەکان لە پەیوەندی دە گەڵ دەوڵەمەند کردنی ئۆرانیۆم دا، جۆرج بووش جارێکی‌تر دووپاتی کردەوە کە "توقتە و خاڵی"، کەڵک وەرگرتن لە هێزی سەربازی بە دژی ئێران ڕەد نەکردۆتەوە.

**١٣ی ئوت:** گرهارد شرودر، سەدری ئەعزەمی ئاڵمان، وریایی بە ئەمریکا دا کە لە بیری هێرشی سەربازی بە دژی ئێران سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی دا نەبێت.

**١٥ی ئوت:** عەلی لاریجانی جێگای حەسەن ڕووحانی بەرپرسی گەورەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەی کۆماری ئیسلامی گرتەوە و سەرپەرەستی وتووێژەکانی لە گەڵ ئوروپای‌یەکان وەئەستۆ گرت. ئاغای لاریجانی یەک ڕۆژ دواتر ڕایگەیاند کە درێژە بە وتووێژەکان دەدات.

**١٩ی ئوت:** ئایەتوڵلا عەلی خامەنەیی، ڕێبەری ئێران، داوای ئوروپای‌یەکانی لە مەڕ دەست هەڵگرتنی ئێران و هەوڵ دان بۆ بەرهەم هێنانی سوتانی ناوەکی بە " وتەی زۆر" ناوبرد و گووتی ئەو داوایەی ئوروپا لە ژێر گوشاری ئەمریکا دا بۆ سەر ئێران هاتۆتە ئاراوە.

٢٣ی ئوت: بریتانیا، ئاڵمان و فەرانسە وتووێژی ٣١ی مانگی ئوتیان لە گەڵ ئێران لە بەر هۆی دەست پێ کردنەوەی چالاکی ئەتۆمی لە شوێنە درووست کراوەکانی ئیسفەهان دا هەڵوەشاندەوە. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی

فەرانسە ڕایگەیاند کە دەست پێ کردنەوە و بە بەرهەم هێنانی ئۆرانیۆم پێشێل کردنی ناوەرۆکی ڕێککەوتننامەکەیەی پاریسە، کە بەشداربووانی ئەو وتووێژە لە نوامبری ٢٠٠٤ دا ئیمزایان کرد بوو.

**٢٣ی ئوت:** دەستەیەکی پێک هاتوو لە شارەزایانی وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پسپۆرانی ناوەکی دەرەوە بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئۆرانیۆمی ئامادەکراوی ئێران کە بە هۆی لێکۆڵەرەوەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی دۆزراوەتەوە پێکهاتووە لە کەرەستە گیرۆدەبووەکانی (اقلام آلودە) دەرەوەی وەڵات.

**٢٣ی ئوت:** واشینگتۆن پۆست بڵاوی کردەوە کە گروپێک لە لێکۆڵەرەوکان ڕایانگەیاندوە کە سەرچاوە گیرۆدەبووی ئۆرانیۆم و درووستکراوەکانی ناوەکی ئێران کە دوو ساڵ بەر لە ئێستا دۆزرانەوە و ئاشکرا کراون، تایبەت بە چالاکی‌یەکانی پیتاندۆمی وڵاتی پاکستانن. ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیش پێشتر ئاکامێکی وێکچووی وەک ئەم گروپەی هەست پێ کرد بوو. بەڵام وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گووتی کە ئەوە تەنیا "یەکێک لە مەسەلە حەل نەکراوەکانە" سەبارەت بە پەروەندەی ئێران.

**٢٤ی ئوت:** مەنووچێهر موتەکی وەک وەزیری نوێی کاروباری دەرەوەی ئێران هەڵبژێردرا. عەلی لاریجانی، بەرپرسی گەورەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە گەڵ محەممەد بەرادعی چاویان پێک کەوت. ئاژانس ئاکامی ئەو وتووێژە و چاو پێککەوتنەی بە بەرزی نرخاند.

**٢ی سیپتامبر:** خاویر سولانا ڕئیسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێەتی ئوروپا ڕایگەیاند کە ڕەنگ بێ ئێران بە هۆی چالاکی ئەتۆمی‌یەکانی خۆی، بکێشرێتە ئەنجوومەنی ئاسایش.

**٣ی سیپتامبر:** ئاغای ئەلبەرادعی ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی ڕێکەوتەکانی تایبەت بە چالاکی‌یە گوماناوی‌یەکانی پلوتونیومی خۆی بە دەستەوە داون و لە تەحویلی ئاژانس دان.

**٤ی سیپتامبر:** ئاغای لاریجانی داواکاری یەکێەتی ئوروپای ڕەد کردەوە، ئوروپا خوازیاری ڕاگرتنی چالاکی‌یەکانی پیتاندۆم بوو، تا پێش کۆبوونەوەی ١٩ی سیپتامبر. هەر ئەو ڕۆژە، ئێران ئاڵوگۆری لە ئەندامانی گرووپی وتووێژکەری خۆی دا پێکهێنا.

**١٢ی سیپتامبر:** بەرپرسانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی ئێران و ڕووسیە ڕایانگەیاند کە بنکەی هێزی"نیروگاه" بووشەهر تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ دەگاتە قۆناخی بەرهەم هێنان. کاندولیزا ڕایس، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، داوای لە ڕووسیە، چین و هێندوستان کرد کە پشتیوانی لە هەوڵەکانی واشینگتۆن بکەن لە مەڕ دووگم کردنی بەرنامەکانی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی.

**١٣ی سیپتامبر:** بە ڕاگەیاندنێک کە لە لایەن ئاغای ئەلبەرادعی دەرکرا، ئێران لە وەڵامێکی 131 لاپەری دا ئاژانسی بە هەلسوکەوتی سیاسی لە گەڵ ئێران و وەپشگوێ خستنی کەرەستەکانی ئەتۆمی ئەمریکا و ئیسرائیل تاوانبار کرد.

**١٥ی سیپتامبر:** ئاغای ئەحمەدی‌نژاد ڕایگەیاند کە ئێران حازرە کە زانیاری‌یە ئەتۆمی‌یەکانی خۆی بۆ بەرهەم هینان لە وڵاتانی ئیسلامی دا وەگەڕ بخات.

**١٨ی سیپتامبر:** ئاغای ئەحمەدی‌نژاد لە بنکەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا ڕایگەیاند کە هێندێک لە وڵاتان پێشگیری لە وەدەست هێنانی تیکنۆلۆژیای ئازادی وڵاتانی دیکە دەکەن، بەتایبەت لە سەر تیکنۆلۆژی ئەتۆمی. ئەو بێ ئەوەی ناوی هیچ وڵاتێکی تایبەت بێنێ گووتی کە هەر ئەو وڵاتانە ئامانجی ناوەکی ئێرانی‌یەکان بە دژی واقیعەتەکان نیشان دەدەن. ئەو خوازیاری پێک هێنانی کۆمیتەیەک بوو لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا بۆ بەرنگاربوونەوە بە دژی "ئاپارتایدی ئەتۆمی".

**١٩ی سیپتامبر:** ئەمریکا و یەکێەتی ئورووپا هەڵوێستێکی توونديان لە سەر قسەکانی سەرکۆماری ئێران لە خۆیان نیشان دا و داوایان لە ئاژانس کرد کە پەروەندەکە بدرێتە دەست ئەنجوومەنی ئاسایش. گرگ شولت، نوێنەری ئەمریکا لە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی دا گووتی کە ئێران بە درێژەدان بۆ بەرهەم هێنانی ئۆرانیۆم لە شوێنی درووستکردن لە ئیسفەهان، ڕێگای بەرنگاربوونەوەی گرتۆتە پێش. ڕۆژێک دواتر ئاغای لاریجانی وریایی دا بە ئاژانس و گووتی ڕەنگ بێ ئێران بریاری هەڵوەشاندنەوە لە سەر لێکۆڵینەوە کتوپڕەکانی ئاژانس بدات.

**٢٤ی سیپتامبر:** بریارنامەی ئەنجوومەنی حوکم بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا و لە ئێرانیان داوا کرد کە وتووێژ لە گەڵ سێ وڵاتی ئورووپای دەست پێ بکاتەوە. پەیماننامەی ئامادەکراو بە پەسەندی بەشی قانوونی وڵات

بگەیێنن و بەرنامەی پیتاندۆمی ئۆرانیۆم ڕابگرن.

**٢٥ی سیپتامبر**: مەنووچێهر موتەکی، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران بریارنامەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بە ناقانوونی و ناپەسەند ناوبرد، بەڵام لە هەمان کاتدا گووتی کە ئێران ڕێگای وتووێژی نەبەستووە و ڕێگاکە بە داخراوەیی نابێنێت.

**٢٦ی سیپتامبر**: وەزارەتی دەرەوی ئێران هەڕەشەی کرد کە لە کاتی دەستکاری کردنی بریارنامەکە و یا پێ داگرتن بۆ بەڕێوەبردنی بریارەکان، ئێران کاری پیتاندۆمی ئۆرانیۆم دەست پێ دەکاتەوە و بەربەستێکی پانتر لە ئاست لێکۆڵینەوە کوتوپڕەکانی ئاژانس لە سەر شوێنە درووستکراوەکانی ئەتۆمی ئێران دادەنێت.

**٢٧ی سیپتامبر**: دوای ئەوە کە ئێرانی‌یەکان ڕایانگەیاند کە زۆرمان پێ سەیرە کە هیند دەنگی متمانەی داوە بە بریارنامەی ئاژانس، وەزارەتی دەرەوی هیند ڕایگەیاند کە:" دانی دەنگی بەڵێی "دهلی نو" بەو بریارنامەیە، تەنیا بە مەبەستی پاراستنی بەرامبەر بوونەوەیەکی گەورە لە نێوان ئێران و کۆمەڵگای جیهانی دا بووە."

**٢٨ی سیپتامبر**: مەجلیسی ئێران تەرحێکی نوێی بە پەسەند گەیاند کە دەوڵەت بەرپرسیار دەکات لە بەڕێوە بردنی برگەی پەیماننامەکان و پەیمانی قەدەغەکرانی بەربڵاوی کەرستەکانی ناوەکی (ان پی تی) بگەیێنێتە حاڵەتی ڕاگرتن و ڕاوەستان.

**٣ی ئۆکتۆبر**: ئەمریکا داوای لەو دەوڵەتانە کرد کە سەرقاڵی یارمەتی دان بە پرۆسەی ئەتۆمی ئێرانن، لە داواکاری‌یەکە دا هاتبوو کە بە زووترین کات چالاکی‌یەکان لە سەر مەسەلەی ئەتۆمی ئێران ڕابگرن. ڕۆژێک دواتر ڕووسیە هاوکاری ئەتۆمی خۆی لە گەڵ ئێران بە شەفاف ناو برد و گووتی کە لە قسەکانی ئەمریکا سەری سوورماوە.

**٧ی ئۆکتۆبر**: ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی و ڕێیسی ئاژانس محەممەد بەرادعی بە یەکەوە خەلاتی ئاشتی نووبێلی ساڵی ٢٠٠٥ یان بەرکەوت. ئاغای بەرادعی گووتی کە بەخشینی ئەو خەڵاتە بە ڕێکخراوەکەیان یارمەتی دەر دەبێت لە مەڕ هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ بەرنامەی ئەتۆمی ئێران و کوڕەی باشوور. هەر ئەو ڕۆژە بەشدارانی

نوێژی هەینی لە تاران لە گەڵ ئەوە دا کە دوایین بریارنامەی ئەنجوومەنی بریاردەری ئاژانسیان مەحکووم کرد هەر لە هەمان کاتیشدا بەرگری و پشتیوانی خۆیان لە هەڵوێستی ئێران سەبارەت بە وەدەست هێنانی پیتاندۆمی ئۆرانیۆم دەربڕی.

**١٤ی ئۆکتۆبر:** دامەزراوی لێکۆڵینەوەی بەرێوەبردنی نەتەوایەتی ئەمریکا ڕایگەیاند ئێران پێ داگرە لە سەر بە دەستهێنانی کەرەستەکانی شەری ناوەکی، بەڵام لە هەمان کاتدا پێشنیار بە دەوڵەتی ئەمریکا دەکات کە ئێران قەبووڵ بکەن وەک وڵاتێک کە چەکی ناوەکی هەیە و هەوڵ دان بۆ ڕاگرتنی ئێران لە ئاست وەدەست هێنانی چەکی ناوەکی خەرجی زۆرتر هەڵدەگرێت لە قەبووڵ کردنی ئەو مەسەلەیە.

**١٥ی ئۆکتۆبر:** جان بولتون، بالیۆزی ئەمریکا لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا، ئێرانی تاوانبار کرد کە ماوەی ١٨ ساڵە هەوڵدەدا بۆ وەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی و لەو کارەش دا بەردەوام بووە و لەو ماوەیە دا هەموو جیهانی لە سەر نییەتەکانی خۆی فریو داوە.

**١٦ی ئۆکتۆبر:** وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا لە لەندەن لە گەڵ سەرکۆماری بریتانیا سەبارەت بە ڕێگا چارەیەکی گونجاو لە مەڕ بەرنامەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی کەوتنە وتووێژ کردن.

**٢٤ی ئۆکتۆبر:** دەوڵەتی ئەحمەدینژاد ناوەرۆکی گشتی ئایین‌نامەی چۆنیەتی بەشداری کردنی وڵاتە خاریجی‌یەکانی لە ئاست بەرنامەی ناوەکی بە پەسەند گەیاند. ڕادیۆی ڕەسمی ئێران ئەوەی پشت ڕاست کردەوە کە تەنیا ئەو وڵاتانە دەتوانن بەشداری و ڕۆڵیان هەبێت کە بێ لایەن و دۆستی کۆماری ئیسلامی بن و قانوونەکانی قەدەغەکرانی بەربڵاو کردنی چەکی ناوەکی (ان.پی.تی) لە بەرچاو بگرن.

**٢٤ی ئۆکتۆبر:** سرگئی لاوروف، وەزیری دەرەوەی ڕووسیە چاوی بە وەزیری دەرەوەی ئێران کەوت. ئاغای موتەکی لە کاتێک دا سەفەری بۆ مسکۆ کرد کە ئاستفن هادلی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکاش لە پێتەختی ڕووسیە خەریکی وتووێژ کردن لە گەڵ گەورە بەرپرسانی ڕووسی بوو و ئەوەش چاوەڕوان دەکرێ کە بەشێک لە وتووێژەکەیان تەرخان کرا بێت بۆ بەرنامەی ئەتۆمی ئێران.

**٢٥ی ئۆکتۆبر:** بنکەی نێونەتەوەیی موتالاّ کردنی ئیستراتیژیکی وریایی دا کە ئەگەر ئێران چەکی ناوەکی بە بەرهەم بێنێت، ئەو مەسەلەیە دەبێتە هۆی ململانەیەک لە ناوچەکە دا لە سەر چەکەکان، لە بەر ئەوە تورکیە، عەرەبستانی سعوودی و میسریش لە بیری ئەوە دا دەبن کە دەستیان بە چەکی ئەتۆمی ڕابگات.

**٢٦ی ئۆکتۆبر:** ئاغای ئەحمەدی نژاد لە نوتقی خۆیدا لە کۆبوونەوەیەک لە ژێر ناوی "جیهانی بە بێ سەهیۆنیست" دا خوازیاری پاک کردنەوەی ئیسرائیل بوو لە سەر نەخشەی جیهان. ڕۆژئاوا و تەنانەت رئیسی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە توندترین شێوەی دەربڕین ئەو بۆچوون و دەربرینەی ئەحمەدینژادیان مەحکووم کرد.

**٦ی نوامبر:** ئاغای لاریجانی بە ناردنی نامەیەک بۆ وڵاتە ئوروپای‌یەکان ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێت دەست بە وتووێژەکانی ئەتۆمی بکاتەوە.

**٦ی نوامبر:** نتوار سینگ، وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی هیند ڕایگەیاند کە وڵاتەکەیان ڕەنگ بێ لە دانیشتنی داهاتووی ئەنجوومەنی بریاردەری ئاژانسی نێونەتەوەی دا هەڵویستی خۆی لە سەر بەرنامەی ئەتۆمی ئێران بگۆڕێ. هیند یەکێک لەو ٢٢ وڵاتە بوو کە دەنگی بە بریارنامەی پێشنیاری بریتانیا، فەرانسە و ئاڵمان بە دژی چالاکی ناوەکی ئێران دا بوو. هاودەنگی هیند لە گەڵ ڕۆژئاوا بە دژی ئێران کە یەکێک لە هاوکارە نێزیکەکانی سوونەتی ئێرانە زۆربەی چاوەدێرانی سیاسی و بە تایبەت ئێرانی سەرسووڕماو کرد.

**٧ی نوامبر:** ئاغای بەرادعی سەبارەت بە کارە ئەتۆمی‌یەکانی ئێران داوای لەو وڵاتە کرد کە شەفافیەتی زۆرتر لە خۆیان نیشان بدەن. هەروەها ئەو پێشنیارێکی دا کە بۆ چارەی کێشەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی، بانکێکی جیهانی سووتەمەنی ئەتۆمی درووست بکەن تا وڵاتانێک بتوانن لەو کەڵک وەر بگرن.

**٨ی نوامبر:** ئاغای لاریجانی لە وتووێژ لە گەڵ بی‌بی‌سی دا ڕایگەیاند کە وتووێژەکانی ئێران و یەکێەتی ئۆروپا دەتوانێ " بەرهەمی چاکی" هەبێت. ئەو گووتی کە ئەگەر ئوروپای‌یەکان جارێکی دیکە بە ئێران بڵێنەوە کە بەرهەم هێنانی ئۆرانیۆم ڕابگرن، ئەوە تووشی هەڵەیەکی گەورە دەبن و دەستکەوتە گەورەکان لە مەترسی داوێن.

**٩ی نوامبر:** وەزیری دەرەوەی بریتانیا دوای دانیشتن لە گەڵ ڕێبەرانی ڕووسیە ڕایگەیاند کە دەوڵەتەکانی

بریتانیا، فەرانسە و ئاڵمان خوازیاری ئەوە نین کە پەروەندەی ئەتۆمی ئێران بدرێتە ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**١٣ی نوامبر:** ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە هەواڵی وەدەست هێنانی کامپیوتێرێکی دەستی (لپتاپ)ی کە زانیاری گرینگی لە سەر چالاکی‌یە ناوەکی‌یەکانی ئێران تێدا بێت بە سیناریۆی‌یەکی ناشارەزایانە لە لایەن ئەمریکاوە بۆ تێکدانی ئێران وەسف کرد.

**١٨ی نوامبر:** ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی گووتی کە لە نێو ئەو بەڵگانەی کە ئێران داونیە دەستی لێکۆڵەرەوانی ئەو ئاژانسە، هێندێک بەڵگە بەرچاو دەکەون کە فەرمان دەدەن بۆ ئەنجام دان و داڕشتنی ئاسنی ئۆرانیۆم بە شێوەی نیوە بازنەی، کە بە گووتەی دیپلۆماتەکان دەتواندرێت ئەوە بەشێکی گرینگ بێ لە چۆنیەتی درووست کردنی بۆمبی ئەتۆمی.

**١٩ی نوامبر:** سەرکۆماری ئەمریکا بە ڕێبەری ڕووسیەی گووت کە ئەمریکا مەیلی ئەوەی هەیە کە تەرحی پێشنیاری مسکۆ بۆ سازان لە سەر بەرنامەی ئەتۆمی ئێران قەبووڵ بکات.

**٢٠ی نوامبر:** نوێنەرانی مەجلیسی ئێران دەنگیان دا کە ئەگەر پەروەندەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی بدرێتە ئەنجوومەنی ئاسایش، ئێران چالاکی‌یە دڵخوازی‌یەکان و یەک لەوان ئیجازەی لێکۆڵینەوەی کوتوپڕ لە شوێنە درووست کراوەکانی ئەتۆمی بە پێی پەیماننامەی هەڵوەشاندنەوەکە بە تەواوی ڕابگرێت.

**٤ی دیسامبر:** ژنراڵ دان هالوتز، رئیسی ستادی ئارتەشی ئیسرائیل گووتی کە هەوڵەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ پێشگیری لە بوونی ئێران بە هێزێکی بە توانای ناوەکی سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە و وولاتەکەی بۆ لە نێوبردنی بەرنامەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی حازرە کە تا دوو هەزار کیلۆمیتر ڕێگا ببڕێ.

**١٥ی دیسامبر:** جۆرج بووش، نیوز ئێرانی بە مەترسی‌یەکی گەورە لە قەڵەم دا و جارێکی دیکە ئەو ڕستەی خۆی کە " ئێران بەشێک لە میحوەری شەرارەتە" دووپات کردەوە.

١٩ی دیسامبر: ماوەیەک دوای کۆتایی هاتنی دانیشتنی شەش وڵاتی عەرەبی دەوری کەنداوی فارس، وەزیری دەرەوەی ئەمارەتە یەکگرتووەکانی عەربی خوازیاری زەمانەتی تەواو بوون، لە ئاست پاراستنی عەرەبەکان لە کاریگەریەکانی دوای چالاکیە ناوەکیەکانی ئێران.

## ساڵی ٢٠٠٦

٢ی ژانویە: عەلی لاریجانی تەرحی ڕووسیەی بۆ بەڕێوەبردنی بەشێکی گرینگ لە دەوڵەمەند کردنی بەرنامەکەی دا لە خاکی ڕووسیە دا ڕەد کردەوە.

٤ی ژانویە: نووسەری کتێبی هەڵومەرجی شەڕ (State of War) ئیدیعا دەکا کە ڕێکخراوی سیا بە مەبەستی پێشگیری کردن لە ئێران لە مەڕ بەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمی، لە ڕێگای یەکێک لە پسپۆرانی ناوەکی خەڵکی ڕووسیە کە نەخشەکانی درووست کردنی چەکی ئەتۆمی لە بەر دەستی ئێرانیەکانی هاویشتووە، لە یەکێک لە شوێنەکانی ئەو نەخشەیە گرفتێکی پێک هێناوە کە ئێرانیەکان نەتوانن هیچکات لە سەر ئەو نەخشانە بۆ بەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمی  به ئاکام بگەن، بەڵام ئەو کەسەی کە ئەمریکایەکان بۆ ڕاگوێزتنی نەخشەکان بە کرێیان گرتووە ئەو مەوزووعەی بە ئێران ڕاگەیاندوە.

١٠ی ژانویە: دوای ئەوە کە ئاژانس پلمپی درووست کراوەکانی ئەتۆمی ئێرانی شکاند، ئێران دەوڵەمەند کردنی ئۆرانیۆمی کە بە نییەتی خۆیان بۆ لێکۆڵینەوەکان کەڵکی دەبێت، دەست پێ کردەوە.

١٢ی ژانویە: وەزیرانی دەرەوەی بریتانیا، فەرانسە و ئاڵمان دوای چاوپێکەوتنێک لە بێرلین گووتیان کە وتووێژی ئەتۆمی لە گەڵ ئێران بە بەربەست گەیشتووە و ئەوان دەیان هەوێ ئەنجوومەنی ئاسایش لە پەروەندەی ئەتۆمی ئێران دا بەشداری و مداخله بکات.

١٤ی ژانویە: مەحموود ئەحمەدینژاد سەرکۆماری ئێران، لە هەڵوێست لە بەرامبەر بۆچوونەکانی بەرپرسانی ئوروپایی و ئەمریکایی و هەڕەشەکانی ئەوان لە مەڕ ڕاکێشانی ئێران بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش دا، گووتی: " کە ئێمە شتی پێویستمان بۆ بەرنگار بوونەوە لە هەڕەشەکانی ڕۆژئاوا دا لە بەر دەست دا هەیە."

**١٦ی ژانویه:** بەرپرسی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی گووتی کە چالاکییەکانی ناوەکی ئێران بۆ کەڵک وەرگرتنی ئاشتیانە لەو کەرەستانە ناڕوون و نادیارە. لە لایەکی دیکەشەوە لە نێو شەپۆلی نیگەرانییە نوێکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئوروپای دا، وەزیری کاروباری دەرەوەی عەرەبستان لە هەڵوێستێکی کەم وێنەدا "ڕۆژئاوا"ی بە "تاوانبار" زانی لە ئاست کێشەی ئەتۆمی ئێران دا.

**١٩ی ژانویه:** کوفی عەنان، بەرپرسی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە ئێرانی داوا کرد کە دەست پێکردنەوە و درێژەدانی تووێژینەوەکانی ناوەکی خۆی ڕابگرێ.

**٢٠ی ژانویه:** ژاک شیراک، سەرۆک کۆماری فەرانسە، لە دەربڕینی بۆچوونێک دا کە هێندێک باسی تایبەتی بە دوای خۆی دا ساز کردن هەڕەشەی کرد کە ئامادەیە بە دژی ئەو وڵاتانەی کە ئاسایشی فەرانسە دەخەنە مەترسییەوە، لە چەکی ئەتۆمی کەڵک وەر بگرێ.

**٢٢ی ژانویه:** بە زیاد بوونی گوشارەکان و بە تایبەت دوای لێدوانەکەی ئاغای ژاک شیراک لە مەڕ کەڵک وەرگرتن لە چەکی ئەتۆمی، فیدل کاسترۆ، ڕێبەری کوبا، نیگەرانی خۆی دەربڕی لە ئاست هێرشی ئەتۆمی بۆ سەر ئێران.

**٢٤ی ژانویه:** دوو حەوتوو دوای ئەوە کە ئێران لێکۆڵینەوە ئەتۆمییەکانی خۆی دەست پێ کردەوە، عەلی لاریجانی، بەرپرسی سەرەکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتە، سەردانی مسکۆ پێتەختی ڕووسیەی کرد تا ڕێگا چارەیەکی گونجاو بۆ قەیرانی ناوەکی ئێران و هەڵسەنگاندنی تەرحی پێشنیاری ڕوسیە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئۆرانیۆم لە خاکی ڕووسیە دا هەڵسەنگێنێ و وتووێژوی لە سەر بکەن.

**٢٧ی ژانویه:** مەجلیسی سەنای ئەمریکاش بە دەر کردنی بریارنامەیەک چالاکییە ناوەکییەکانی ئێرانی مەحکووم کرد و پاڵپشتی خۆی بۆ دەوڵەتی ئەمریکا دەربڕی. لەو بریارنامەیە دا کە بە پشتیوانی و دەنگی زۆرینەی نوێنەران ئامادە کرابوو، لە ئاژانسی نێونەتەوەیی داوا کرا بوو کە پەروەندەی ئێران بنێرنە ئەنجوومەنی ئاسایش. هەر لەو ڕۆژەش دا عەلی لاریجانی ڕایگەیاند کە تەرحی پێشنیاری ڕووسیە کەموکوڕی هەیە و ناتەواوە.

**٢٨ی ژانویه:** یەحیا ڕەحیم سەفەوی، فەرماندە سوپای پاسدارانی ئێران وریایی دا کە ئەگەر وڵاتەکەی بکەوێتە

بەر ئامانجی هێرش کردن، ئامادەگی ئەوەیان هەیە کە کەڵک لە مووشەکی بالستیک وەر بگرن. لە لایەکی دیکەشەوە محەممەد بەرادعی، رئیسی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، پێشنیاری بە ئەمریکا کرد کە ڕاکتۆری ئەتۆمی بدات بە ئێران.

**٣٠ی ژانویە:** چەند کەس لە بەرپرسانی ئێران و یەکێەتی ئوروپا لە بروکسێل پێتەختی بلژیک چاویان پێک کەوت. لە میانەی وتووێژەکەدا راپۆرتی جۆراوجۆر بڵاو بوونەوە. لە حاڵێک دا کە ئێرانییەکان باسی سەرکەوتنی ئەو چاوپێکەوتن و وتووێژانەیان دەکرد، دیپلۆماتە ئوروپاییەکان گووتیان کە بەرپرسانی ئێرانی قسەیەکی نوێیان لەو کۆبوونەوەیەدا پێ نەبووە و کۆبوونەوەکەش هیچ ئاکامێکی بە دواوە نەبووە.

**٣١ی ژانویە:** وەزیرانی دەرەوەی ئەمریکا، ڕووسیە، بریتانیا، فەرانسە و چین کە لە گەڵ وەزیری دەرەوەی ئاڵمان و نوێنەرانی یەکێەتی ئوروپا لە کۆبوونەوەیەک لە لەندەن دا بەشداریان کرد بوو، لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە دا بە دەر کردنی بەیاننامەیەک، داوایان لە ئەنجوومەنی بریاردەری ئاژانسی نیونەتەوەیی کرد کە لە دانیشتنی تایبەتییەکەی خۆیان دا کە لە ڕۆژی (٢ی فێوریە) پێکدێ، تەوەری چالاکییە ناوەکییەکانی ئێران بە مەبەستی چاوخشاندن و پێراگەیشتن بدەنە دەست ئەنجوومەنی ئاسایش.

هەر لەو ڕۆژەدا و کاتژمێرێک دوای دەرکردنی بەیاننامەی شەش وەڵاتی دەسەڵاتدار و گەورەی جیهان، بەرپرسانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی گووتیان کە ڕژیمی ئێران هەواڵی دەست پێکردنەوەی کارەکانی خۆی بۆ دەوڵەمەند کردنی بە ئاژانس ڕاگەیاندووە، بەڵام هەتا ئێستا کاری دەوڵەمەند کردنی دەست پێ نەکردووە.

**١ی فێوریە:** بەرپرسانی ئێرانی هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بە کۆبوونەوەکەی لەندەن دەست پێکرد. مەحموود ئەحمەدی نژاد بە وریای دان سەبارەت بە پێشهاتەکانی پێنج وڵاتی بە قودرەت و زلهێزی جیهان، ڕایگەیاند کە ئەو هەڵوێستەی ئەوان " کاردانەوەی لە سەر سیاسەتەکانی ئێران"نابێ. هەروەها وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران وڵاتە ڕۆژئاواییەکانی ئاگادار کردەوە کە هەڵوێستەکەیان "پەلەی زۆری پێوە دیارە".

**٢ی فێوریە:** هاوکات لە گەڵ دەست پێکردنی کۆبوونەوەی لە ناکاوی ئاژانسی بریاردەری وزەی ئەتۆمی، عەلی لاریجانی، بەرپرسی گەورەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەی ئێران، لە نامەیەک دا بۆ محەممەد بەرادعی،

بەرپرسی ئاژانس، وریایی دا و نووسی کە ئەگەر بێتوو پەروەندەی ئێران بدرێتە ئەنجوومەنی ئاسایش، رژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ "رێگا چارەیەکی نابێت" بێجگە لە کۆتایی هێنان بە هاوکاریی‌یە دڵخوازییەکانی خۆی لە گەڵ ئاژانس و هەموو جۆرە هاوکاریی‌یەک لە گەڵ ئاژانس ڕادەگرێت.

ڕۆژی یەکەمی کۆبوونەوەی لەناکاوی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی کە بۆ بریار وەرگرتن لە سەر پەروەندەی ناوەکی ئێران پێک هات بوو، بە بێ ئاکامی کۆتایی پێهات، بەڵام دیپلۆماتە ڕۆژئاوایی‌یەکان هەواڵیان لە سەر ڕەد کردنی "ڕاپۆرتی" پەروەندەی ئێران بە ئەنجوومەنی ئاسایش دەدا.

٤ی فێوریە: دوای ڕاگرتنێکی یەک ڕۆژە لە سەر ڕاگەیاندنی دەنگی ئەنجوومەنی بریاردەر، دوای بڕانەوەی کار "سەرئەنجام" بە دانی ٢٧ دەنگ لە کۆی ٣٥ دەنگی وڵاتانی ئەندام و (٣ دەنگی دژ و ٥ دەنگی بێ لایەن) بریار درا کە "راپۆرتی" پەروەندەی ناوەکی ئێران بدرێتە ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەر لەم ڕۆژە دا مەحموود ئەحمەدی نژاد لە نامەیەک دا فەرمانی بەڕێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێران دا کە کۆتایی بە هاوکاری کردنی دڵخوازانەی خۆیان لە گەڵ ئاژانس لە مەڕ پەیماننامەکەی نێوانیان دا بهێنن.

٨ی فێوریە: دوای هەڵوێستی بەرپرسانی ئێرانی سەبارەت بە بریارنامەی ئەنجوومەنی بریاردەر و هەڕەشەی دەست پێکردنەوەی پیتاندۆمی ئۆرانیۆم لە لایەن ئێرانەوە، کوفی عەنان، بەرپرسی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، داوای لە ئێران کرد کە چالاکی‌یەکانی پەیوەندی دار بە پیتاندۆمی ئۆرانیۆم ڕابگرێت.

١٢ی فێوریە: هاوکات لە گەڵ بریاری ڕاگرتنی هاوکاری دڵخوازانەی ئێران لە گەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، گرووپێکی نوێ لە لێکۆڵەرەوانی ئاژانس گەیشتنە تاران.

١٤ی فێوریە: جەواد وەعیدی، جێگری بەرپرسی ئەنجوومەنی بەرزی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، دەست پێکردنەوەی دەوڵەمەند کردن و پیتاندۆمی ئۆرانیۆمی لە شوێنەکانی درووستکردن لە "نەتنز" دا پشت ڕاستکردەوە. ئەو لە حاڵێکدایە کە ئێران هێندێک پێشتر وتووێژی ئەتۆمی خۆی کە قەرار بوو لە مسکۆ لە گەڵ ڕووسی‌یەکان بەرێوە بچێت، هەڵوەشاندەوە.

٢٠ی فێوریە: دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە یەک کات و سات دا چاو پێککەوتنیان لە مسکۆ و لە برۆکسێل لە گەڵ کاربەدەستانی ڕووسی و یەکێەتی ئوروپا دا ساز کرد. سەرەرای دەربرینی "خۆشبینی" هەئیەتە ئێرانی‌یەکان، کەسانی دانیشتووی بەرامبەر ئێرانی‌یەکان لە ئاست بە ئاکام گەیشتن لەو وتووێژەدا، شک و گومانیان هەبوو.

ئەوەش لە کاتێک دایە کە کاندولیزا رایس، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا، لە درێژەی سەفەری یەک حەوتووی خۆیدا بۆ وڵاتانی عەربی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گەیشتە وڵاتی میسر. ئامانجی سەرەکی خاتوو رایس بۆ ئەو وڵاتانە ڕاکێشانی هاوکاری و پشتیوانی وڵاتانی ناوچە بوو لە ئاست بەرامبەر بوونەوە لە گەڵ ئێران دا و هەروەها تەریک کردنەوەی وڵاتی ئێرانە.

٢٤ی فێوریە: بەرپرسی ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمی ڕووسیە، بۆ درێژەدانی وتووێژ سەبارەت بە تەرحی دەوڵەمەندکردنی ئورانیۆمی ئێران لە خاکی ڕووسیە دا، سەردانی تارانی کرد. هاوکات، جێگری وەزیری کاروباری دەرەوەی چین بۆ وتووێژ کردن لە سەر قەیرانی ناوەکی گەیشتە ئێران.

٢٨ی فێوریە: محەممەد بەرادعی، بەرپرسی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، لە ڕاپۆرتێک دا گووتی: ڕژیمی ئێران تێکردنی گازی ئورانیۆمی لە سەر پۆلێک لە دەزگاکانی "متسلسل" سانتریفۆژ ی دەست پێکردووە و وەک دیارە بەم شێوەیە خەریکی زیاد کردن و دەوڵەمەند کردنی ئورانیۆمەکەیەتی. هەروەها ناوبراو ڕایگەیاند کە شک و گومانەکان سەبارەت بە بەرنامەکانی ناوەکی کۆماری ئیسلامی" دوای ٣ی ساڵ لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی ئاژانس ئێستاش تەواو نەبووە."

بۆ یەکەم جار دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران، یەکێک لە سەرۆک کۆمارەکانی ئەو وڵاتە سەردانی وڵاتی کویتی کرد. مەحموود ئەحمەدی نژاد لەو سەفەرە دا هەوڵی دا کە سەبارەت بە ئاشتیخوازانە بوونی چەکی ناوەکی خۆی و هەروەها ئەهوەن بوونی بەرنامە ئەتۆمی‌یەکانی خۆی دڵنیایی تەواو بدات بە وڵاتی کویت.

٢ی مارس: لە گەڵ یەکەم دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی بریاردەری ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، دانیشتن و چاوپێکەوتنەکانی گەورە بەرپرسانی ئێرانی و ڕووسیە لە مسکۆ سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی تەرحی پێشنیاری ڕووسیە بە بێ ئاکام کۆتایی پێ هات. بەشێکی زۆر و بەرچاو ئەو وتووێژەیان بە "دوایین هەل" بۆ ئێران دەزانی،

بۆ ئەوە پێشگیری لە دانی پەروەندەی ناوەکی خۆی بە ئەنجوومەنی ئاسایش بگرێت.

**٦ی مارس:** ئەنجوومەنی بریاردەری ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی دانیشتنی خۆیان لە ویەن دەست پێکرد. لە حاڵێکدا کە بەرپرسانی ئێرانی جارێکیتر لە کاردانەوەکانی ڕاپۆرتی پەروەندەی ناوەکی ئەو وڵاتە بە ئەنجوومەنی ئاسایش وریایان دا بوو، ئەو پەروەندەیە لە ڕۆژی یەکەمی دانیشتنەکە دا نەخرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

**٨ی مارس:** ئەنجوومەنی بریاردەری ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی سەبارەت بە کۆکراوەکانی چالاکی ئەتۆمی ئێرانی لە گەڵ ڕاپۆرتی بەرپرسی ئاژانس لەو بارەوە بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان نارد. ئەنجوومەنی ئاسایش هیچ بریارنامەیەکی نوێی سەبارەت بە ئێران دەر نەکرد و ناردن و بەڕێ کردنی ڕاپۆرتی چالاکی ئەتۆمی ئێرانی بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش بە پێی بریارنامەی پێشوو کە لە ٤ی فێوریە (١٥ی ڕێبەندان) دەر کرا بوو بەستەوە.

دوای ڕاگەیاندن و بڵاو بوونەوەی هەواڵی دانی پەروەندەی ئەتۆمی ئێران بە ئەنجوومەنی ئاسایش، هەئیەتی نوێنەرایەتی ئێران کە لە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی دان، ڕایگەیاند کە ئەو وڵاتە بێ سرنج دان بە هەر بریارێک کە ئەنجوومەنی ئاسایش سەبارەت بە ئێران دەری دەکا، درێژە بە تووێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئەتۆمییەکانی خۆی دەدا.

**٢ی مای:** پێنج ئەندامی دائیمی و سەرەکی ئەنجوومەنی ئاسایش لە گەڵ ئاڵمان لە پاریس خەریکی وتووێژن بۆ ئەوە کە هەڵوێستێکی یەکگرتووانە سەبارەت بە هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ ئێران دیاری بکەن. ئەوە یەکەمین چاوپێکەوتنی ئەندامە دەسەڵاتدارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشە بۆ ئاراستە کردنی ڕاپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بە ئەنجوومەن لە ڕۆژی هەینی دا. نیکۆلاس برنز جێگری وەزیری کاروباری دەرووەی ئەمریکا گووتی کە چاوەڕوانی هەیە کە ئوروپاییەکان بریارنامەیەک پێشنیار بکەن کە بە پێی بەشی حەوتەمی بریارنامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هەڵگری هەڕەشەی ئابلووقەی ئابووری و سەربازی بێت لە سەر ئێران، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دووپاتی کردەوە کە هەوڵە دیپلۆماتییەکان بۆ چارەسەر کردنی ئەو قەیرانە هەروا بەردەوامە.

ئاغای مەنووچێهر موتەکی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران لە وتووێژێک لە گەڵ ڕۆژنامەی کیهان چاپی تاران دا گووتی کە: دوو ئەندامی سەرەکی و هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش واتە ڕووسیە و چین ڕاستەوخۆ بە ئێرانیان گووتوە کە ئەوان بە دژی دەرکردنی بریار لە سەر ئابلووقەی ئێران و هەروەها هێرشی چەکداری بۆ سەر ئێران ڕادەوەستن.

٤ی مای: ولاتانی ڕۆژئاوا پێشنووسی بریارنامەیەکی نوێیان لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەر دەست دایە کە ئەگەر بێتوو ئێران بەرنامەی پیتاندۆم و دەوڵەمەند کردنی ئۆرانیۆم هەڵنەوەشێنێتەوە، ئەو بریارنامەیە دەتوانێت ڕێگا خۆش بکات بۆ ئابلووقە لە سەر ئێران. بالیۆزەکانی فەرانسە و ئەمریکا هیوادارن کە ئەنجوومەن ئەو بریارنامەیە بە زووترین کات پەسەند بکات.

لەو پێشنووسی دا داوا لە ئێران کراوە کە لە دەوڵەمەند کردنی ئۆرانیۆم دەست ڕابگرێت، ئەگینا دەبێ چاوەڕوانی دژکردەوەیەک بێت لە لایەن ئەنجوومەنەوە (دیارە تا ئێستا ئەو دژکردەوەیە نا ئاشکرایە ڕانەگەیاندراوە). لە گەڵ ئەوە دا کە ڕووسیە و چین لە گەڵ پێشنووسی ئەو بریارنامەیە کە "بە پێی بەشی حەوتەمی بریارنامەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان نووسراوە" نین و بە دژی وەستاون، بەڵام لە جێدا بەشی حەوتەم ڕێگا بۆ گرتنە بەری ئابلوقە و تەنانەت دەست بردن بۆ هێرشی سەربازی بۆ سەر وڵاتی ئێران دەکاتەوە.

ڕووسیە و چین لەوە نیگەرانن کە دەست نیشان کردن و هەنگاو هەڵێنانەوە بۆ بەشی حەوتەمی بریارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، و کەڵک وەر گرتن لە بەشی حەوتەم بە مانای ئەوەیە کە کێشەی نێوان ئێران و ئەنجوومەن بکێشرێتە قۆناغی سەربازی.

٧ی مای: ئاغای ئەحمەدی نژاد ڕۆژی یەک شەممە گووتی کە ئەگەر ئیمزای یەکێک لە پەیماننامە نێونەتەوەیەکان ببێتە هۆی پێشێل کردنی مافی نەتەوەیەک، ئەوە ئەو نەتەوەیە بە بریاری خۆی دا دەچێتەوە و ئەو پەیماننامەیە بە بێ ئێعتبار لە قەڵەم دەدا. لە درێژەی قسەکانی دا گووتی: "ئەگەر بە پێچەوانەی قانوون بیان هەوێ بریاری نا درووست بە دژی ئێران دەربکەن و بیان هەوێ بەیاننامەی و بریارنامە دیکە دەر بکەن، دەبێ ئەوە بزانن کە گەلی ئێران بریارنامە نامەشرووعەکانی ئەوان لە بەر چاو ناگرن و بریارنامەکانی دەرکراو لە لایەن ئەنجوومەنەوە بە دار و دیوارەوە هەڵداوەسن. مەحموود ئەحمەدی نژاد گووتی کە گەلی ئێران زەمینە و

ئیستعدادی ئەوەیان هەیە کە بە بەدەست هێنانی تکنۆلۆژی نوێ بە خێرایی ببێت بە یەکێک لە زلهێزە بە قودرەتەکانی جیهان.

هەر لەم ڕۆژەدا ١٦٠ کەس لە نوێنەرانی مەجلیسی حەوتەم بە دەر کردنی نامەیەک لە سەر ئاشتیخوازانە بوونی چالاکیە ناوەکیەکانی ئێران پێیان داگرتەوە و وریایان دا کە لە بەڕێوەبردن و درێژەدانی ئەو ڕەوتە دا، ڕێگاییێکی دیکە جیا لە وەرگرتنەوەی ئیمزای خۆیان لە ئاست پووچەڵ کردنەوەی ئەو پەیماننامەیەدا نامێنێتەوە. ئەوان لە نامەکە دا گوشاری سیاسی ئەمریکایەکانی بۆ سەر ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بۆ ئەوە کە چالاکی ئاشتیخوازانەی بەرنامەی ناوەکی ئێران بە هەڕەشەیەک بۆ سەر جیهان ناو دەبەن "ئەم کارە بە پێشێل کردنی مافەکانی نێو بریارنامەکانی دەرکراوە" لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە دەزانن و بە تایبەتیش پێشێل کردنی ماددەکانی ٣٣ تا ٣٧ لە بەشی شەشەمی بڵاوکراوەی نەتەوەیەکگرتووەکانە.

ڕووسیە دەڵێ: کە ئەو پێشنووسە دەبێ دەستکاری بکرێ و کەموکوڕی تێدایە و لە هەمان کاتدا ڕووسیە هەوڵ دەدات کە لە سەر ئەو قەیرانە متمانە لە نێوان ئێران و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا پێک بێنێ. هەروەها "چین"یش دەڵی ئێمە نیگەرانین لەوە کە، وڵاتانی ڕۆژئاوا پێشنووسەکەیان بە پێی ئەو قانوونانەی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان نووسیبن کە دەتوانێت ڕێگا بۆ گرتنە بەری هێزی سەربازی خۆش بکات.

بریارە ڕۆژی دووشەممە ٨ی مای وەزیرانی کاروباری دەرەوەی پێنج وڵاتی ئەندامی دائیمی و ڕەسمی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ باس لە سەر بەیارنامەی پێشنیاری لە نیویورک لە دەوری یەک کۆببنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری بی‌بی‌سی

تێبینی:

ئەم چەند دێرەی ئاخری واتە لە ڕۆژی ٢ی مانگی مای ٢٠٠٦ تا ڕۆژی ٧ی مانگی مای بە جیا لە ماڵپەری بی‌بی‌سی وەرگیراون و نووسینی ئاغای" پارسا پیلتن" نین و تەنیا بۆ تەواو کردنی ئەو بەشە لەو کێشەیە دا وەرگێر ئەو چەند دێری ئاخری زیاد کردوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی مای ٢٠٠٦

# كارەساتی ٧ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٨ - ٦ - ١٩٨٧ی زائینی خاڵێکی ...

كارەساتی ٧ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٨ - ٦ - ١٩٨٧ی زائینی خاڵێکی ڕەشە بە ناوچاوانی ڕێژیم بەعس و ڕێژیمی ئێرانەوە

هەموو ئەو كەسانەی كە شارەزای ناوچەی پڕ سەوزەڵان و لێرەواری سەردەشتن، دەزانن كە ئەم ناوچەیە جیا لەو سەرسەوزییە، چەندین تاڤگە و ئاو هەڵدێری جوان و سەر بە كۆڵكە زێرینە و باخ و باخاتی پڕ لە میوەی هەیە. سەردەشتی پڕ لە گوڵ و لالە، بە دەیان چیای سەركەشی وەک بوڵفەت، دووپەزە، هۆمل، گیارەنگ، دۆلان و زەردكە و گەردنەی زمزیران و كەپری و مەیدان چۆغە و دەیان بەرزایی دیكە دەوریان داوە، ئەم بەرزایانە شاری سەردەشتیان لە زۆر بەڵای جۆراوجۆری ڕۆژگار و دەستی چەپەڵی دوژمنان پاراستووە، شاری سەردەشتیان وەک كۆرپەیەكی جوان و بە دیمەن بۆ دوا ڕۆژی نیشتمان لە باوەش گرتووە و پاراستوویانە بۆ نەوەی داهاتووی گەلەكەمان.

چاوی دوژمنانی گەلەكەمان، هەمیشە بۆ خاپوور كردنی نیشتمان و وڵاتی كوردان، بە زەقی و سووری دیار بوون و لە ئاست نەتەوە و نیشتمانی ئێمە دا لە هیچ كردەوەیەكی دزێو و نامرۆڤانە دریغیان نەكردووە و ناكەن. شاری سەردەشت یەكێكە لەو شارانەی كوردستانی ڕۆژهەڵاتە، كە مێژوویەكی سەدان ساڵەی لە بەرخودان و خۆڕاگری دا هەیە، هەر بۆیە لە ڕق و كینی دوژمنان بێ بەری نەبووە و زۆرجار بە باهۆزی ڕق و كینی نەیاران و دوژمنان خاپوور و وێران كراوە و دوایەش بە هیممەتی و خۆڕاگری دانیشتوانی ئەم دەڤەرە ئاوەدان كراوەتەوە. بەڵام هیچ یەک لە زامەكانی پێشووی بە قەد زامی شیمیابارانی ٧ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٨ - ٦ - ١٩٨٧ی زائینی بەژان و قووڵ نەبوون، بۆ خەڵكی هەژارو دڵسۆز و شۆرشگێری سەردەشت و ناوچەی سەردەشتی ڕەنگین.

دوای هێرشە یەک لە دوای یەكەكانی هێزە سەركوتكەرەكانی ئێران و عێراق بۆ سەر یەكتر و بە خاک و خوێن كێشانی شار و گوندەكانی ئەم دوو وڵاتە بەڵا لێدراوە، كۆمەڵێک خەڵكی بێدیفاع و سیڤێلی كوردستان بوونە

قوربانی شەری نێوان ئەم دوو دیکتاتۆرەی زاڵ بە سەر کوردستان دا. هەر لە سەرەتایی دەست پێکرانی شەری نێوان ئێران و عێراقەوە ناوچەی سەردەشت دەیان جار کەوتە بەر پەلامار و بۆردوومانی تۆپە گەورە و دوور هاوێژەکانی عێراق و زیاتر لە ۱۰ جاریش بە فرۆکە هێرشی کراوەتە سەر، فرۆکەکانی عێراقی لە کاتی هاتن بۆ نێو خاکی ئێران و بەرێوەبردنی پەلامارەکانیان بۆ سەر بنکە وشەرەگەکان دا و دوای ئەوە کە بە حیسابی خۆیان کارەکەیان تەواو کردووە، ئەگەر بۆمبی زیادەیان پێ مابا لە گەرانەوەیان دا بە سەر سەردەشت دا بۆمبەکانیان بە تاڵ دەکرد و یا لانی کەم لە کاتی گەرانەوەیان دا دەنگ و هاڕەی ترسناکی خۆیان بە سەر شار دا بەردەدا و بە حیساب دیواری دەنگی خۆیان دەشکاند، ئەو کارەی فرۆکەکان لە لای خەڵک ببوو بە شتێکی ئاسایی و لەو کاتە دا ماوەیەک خەڵک خۆیان حەشار دەدا، بەڵام دوای ڕەوتی ژیان لە شار دا ئاسایی دەبۆوە. بەشێکی بەرچاو لە گەرەکەکان و گوندەکانی دەوروبەری شار و شاروچکەی ڕەبەت و ناوچەکانی ئالان و باسکی کۆڵەسە و بەری سوێسنایەتی و گەورکایەتی ئەو مەڵبەندە ڕازاوەیە، کەوتوونە بەر پەلاماری بۆمب و ناپاڵمی فرۆکە شەرکەرەکانی عێراق و لە ئاکام دا بە سەدان کەس شەهید و بریندار و کەم ئەندامی لە دوای خۆی لێکەوتوونەوە. تا کۆتایی شەری ئەو دوو دیکتاتۆرە خوێنرێژە چەندین جار سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەر چۆل کراون و خەڵک و دانیشتوانی ئەو ناوچەیە پەریوەی شار و گوندەکانی دوورتر بوون و ماڵ و حاڵیان بە جێ هێشتووە و پاش ماوەیەکی دوور و درێژ ئاوارەیی و بێ دەرەتانی بە هیوای ژیانی نوێ گەراونەوە سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەری ئەو شارە.

دوایین هێرشی فرۆکە بۆمب هاوێژەکانی حکوومەتی بەعس هیرشی شیمیایی بوو بۆ سەر شار و گوندەکانی دەوروبەری سەردەشت، لە دوای شەری دووهەمی جیهانی ئەوە یەکەم جار بوو کە بۆمبی شیمیایی و گازی خەردەل و بە کۆمەڵکوژ دژی خەڵکی بێدیفاع و تەنانەت شەرگەکانیش کەڵکی لێ وەر دەگیرا، ئەوەش لە کاتێک دا بوو کە دوژمن زۆر چاک دەیزانی کە ئەم شارە جیا لە خەڵکی هەژار و بێ دیفاع نەبێ هیچ بنکە و کارگای گەورەی ئابووری و درووستکەری تێدا نەبوو بۆ ئەوە کە لایەنەکەی دیکەی شەر کە حکوومەتی نگریسی ئاخوندی بوو بە چۆک دابێنێت، بەڵام داگیرکەرانی کوردستان لە هەموو سات و وەختێک دا بۆ خاپوور کردنی کوردستان و لە نێو بردنی گەلی کورد لە هیچ پیلان و ئاژاوەگێری و هێرشێک خۆیان نەبواردووە و تا بۆیان کرا بێ بە چەکی قورس و تەنانەت ناپاڵم و بۆمبی شیمیایی و گازی خەردەل و چەکی کۆمەڵکوژ هێرشیان کردۆتە سەر دانیشتوانی کوردستان، هیچ کات بە ژن و منداڵ و تەنانەت بە گیان لە بەرانی دیکەشیان رووحم نەکردووە و هەوڵی لە ناو بردنی کوردان یەکەم ئامانجی داگیرکەر و دیکتاتۆرانی زاڵ بە سەر کوردستان دا بووە.

لە ئێوارەی ڕۆژی ٧ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویی بەرامبەر بە ٢٨ - ٦ - ١٩٨٧ی زائینی دا و لەو کاتە دا کە دانیشتوانی شاری سەردەشت خەریکی ئیش و کاری ڕۆژانەی خۆیان بوون و دەیان هەویست کە هەوای فێنک و بێ گەردی ئێوارەی شار هەڵمژن و بووکی ڕازوەی سرووشت لە ئامێز بگرن، ڕاست لەو کاتە دا کە هەموو لایەک لە بەر فێنکای و سێبەری گردەسووری خۆراگر و ڕازاوە دا هەر کەسەی بە کاری خۆیەوە خەریک بوو، لە کاتێک دا کە کۆڵانەکانی شار لە منداڵان کە یاری و کایەیان دەکرد جمەی دەهات و لە ساتە دا کە کرێکاران بەو بڕە پارەیەی کە لە کاری ڕۆژانە دا وەریان گرت بوو و بۆ شتوومەک و پێداویستییەکانی ژیان ڕۆژانەیان دەوری دووکانەکانی سەرچاوەی شاریان دابوو، لە پڕ کوندەبووی مەرگ ئاوازی مەرگی بە کۆمەڵی لە ناوەندی شار دا خوێند، چوار فرۆکەی ڕەش سێبەری شوومی خۆیان بە سەر شار دا کێشا و هێرشیان کردە سەر شار و چەند گەڕەکی ئەو شارە سەر سەوزەیان بە گڕ و دووکەڵی گاز و بە دەنگی بۆمب وێران و نووقمی خوێن کرد.

ناوەندی شار ئەو شوێنەی کە خەڵک و دانیشتوانی شار و ڕێبوار و مسافیرەکانی گوندەکان و شارەکانی دیکە لێ کۆ دەبنەوە کەوتە بەر هێرش و پەلاماری بۆمب و لە هەناسە کێشانێکی کورتدا، ئاسمانی پاک و بێ گەردی شار بە دووکەڵ ڕەش هەڵگەرا و هەوای فێنک و سارد و بۆنی خۆشی گوڵ و ڕیحانەکانی ئەو باخچە ڕەنگینەی کوردستان، بوو بە خەڵووز و لە جیاتی بۆنی خۆش و هەوای فێنک، گەرمایەکی ترس هێنەر لە گەڵ بۆنێکی ناخۆشی گەنیو ئاسمانی شاری داگرت و خەڵکی بە تەواوی گیرۆدە و نەخۆش و زامدار کرد. دوای ئەوە کە گەرەکانی سەرچاوە و بە تایبەت ماڵی شەهید ڕەسووڵ جەنگدووست و چوار ڕێیانەی فەرمانداری و ڕاستە شەقامی نێزیک ترمیناڵ کۆنی شار و گەڕەکێک لە گەڕەکەکانی نێزیک ڕەزی جۆڵا و هەروەها نێزیک گوندی ڕەشەهەرمێ لە چەند کیلۆمیتری شاری سەردەشت کەوتنە بەر ئەو پەلامارە، بە گورج و گۆڵی خەڵکی گەرەکانی دیکەی شار، وەک عادەتی هەمیشەیی خۆیان بۆ ڕزگار کردنی بریندار و هێنانە دەری شەهیدەکان لە بن خانووە رووخاوە و تەپیوەکان دا، خۆیان گەیاندە شوێنی تەقینەوەکان و دەستیان بۆ کۆ کردنەوەی شەهید و برینداڕەکان کرد. بە پێی ئەزموونێک کە هەیان بوو، زۆریان پێ سەیر بوو کە چوار گەڕەکی شار کەوتوونە بەر پەلامار بەڵام شەهید و بریندار کەمن هەر بۆیە بە دڵەوە لەوە خۆشحاڵ بوون کە ئەو هێرشە شەهید و برینداری کەمن، خەڵک بە پەلە بریندار و شەهیدەکانیان بەرەو نەخۆشخانەی شار ڕادەگوێزتن.

لە کاتی ڕاگوێزتن و یارمەتی دان دا، خەڵک هەستیان کرد کە بۆنێکی ناخۆش و گەرم دڵ و دەروونی هەموو لایەکی پڕ کردووە و چاوەکانیان دەکرۆزێتەوە و هێندێک خەریکی ڕشانەوەن و لەشیان خەریکی دەر کردنی بلۆق و

برینە، هەر بۆیە بەشێک لە دڵسۆزان هاواریان لە خەڵک کرد کە ئەو شوێنە بە جێ بێڵن، بە دەنگی نیوە نوساوەوە دەیانگووت: ئەو بۆمبانە بۆمبی شێمیایین و ناوچەکە چۆل بکەن، بەڵام تازە درەنگ ببوو و کار لە کار ترازا بوو و خەڵک بەشی هەرە زۆری تووشی ناسازیی دەروونی و زامداری ببوون و بە کۆمەڵ خەریکی ڕشانەوە و بە عەرز دا کەوتن بوون. چاوە پڕ لە هیواکانیان ڕوو بە زەردی هەڵگەران و لەشی شلک و ناسکی کیژانی دەم بە پێکەنینی شار و سینگ و بەرۆکی دایکانی دڵسۆز و بە ئەمەگ و باسک و مەچەکی شۆرە سوار و کوران و پیاوە بە ئەزموونەکانی شار ڕوو بە سووری و هەڵگەران و بلۆقی سەر دەست و سینگ و پشتیان تا سەر ئێسقان پڕ بوون لە ئاو و کێم و هەوا و تووشی نابینایی و کۆخە و بە عەرز دا کەوتن بوون.

شار بوو بە وێرانە هیچ دەنگێک نەدەهات جیا لە ناڵە و هاواری بریندار و زامدارەکان نەبێ، شەقامی شار پڕ بوو لە جەستەی بریندار و نیوە لە هۆشچوو، دەنگ و زریکەی دایکان و منداڵان تێکەڵ بە هاوار و ناڵەی زامداران ببوو، وڵاتێکی سەوزی بەر لە بۆردوومان، ببوو بە وڵاتێکی وێرانە و سووتاو، ئاسمانی شار لە دووکەڵ و تەپوتۆز و بۆنی ناخۆشی ژەهر پڕ ببوو، بە دەیان باڵەندەی جوان و خۆشخوان کە پێشتر ئاوەدانی شاریان بە چریکەی خۆیان بە گوێی خەڵکی شار دا دەخوێند، لە شەقام و کۆڵانەکانی شار دا وەک پەلکە گوڵ هەڵوەری بوون، سەرچاوەی ئاوی بە ناوبانگی شار و دار و گوڵ و ڕیحانە بۆن خۆشەکانی سوێبان و بەر پەنجەرەکان، تۆزی سپی ژەهریان گرت بوو، خەڵک ڕووی لە هەر لایەک دەکرد ڕەشەی بای مەرگ بۆنی ژەهری بە گەروو دا دەکردن و بە کۆمەڵ بە عەرزی دا دەدان، هیچ دەستێک نەبوو کە بە فریا و هانای ئەو زامدار و گیرۆدە بووانەوە بێت، کەس و کاری شەهید و بریندارەکان ئەو کەسانەی کە تا ڕادەیەک حاڵیان لەوانەی دیکە باشتر بوو، پەتوو و مەلافە و جامانە و هەرچی لە بەر دەستیان بایە تەڕیان دەکرد و بە سەر خۆیان دا دەدا و بە هانای خۆشەویستانی خۆیانەوە دەچوون، بەڵکوو بتوانن ئازیزانیان لە مەرگی نا بەوەخت ڕزگار بکەن، کەم نەبوون ئەو کەسانەی کە بۆ ڕزگاری کەسانی دیکە گیانی خۆیان لە مەترسی هاویشت و پاش ڕزگار کردنی چەند کەسێک، بۆ خۆیان زۆر لەوان قورستر تووشی زامداری و ناسازی دەروونی بوون و هەتا ئێستاش بە زەحمەت و دژوارییەکی زۆرەوە ژیان تێپەر دەکەن و لە نەهامەتی و نەخۆشی دا دەژین.

ڕزگار کردنی زیاتر لە هەزار کەس لە زامداران لەو کاتە دژوارە دا کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام خەڵک بۆ خۆیان بە هانای یەکترییەوە دەچوون بە پەلە زامدار و بریندارەکانیان لە گەڵ خۆیان بەرەو شوێنی دوورتر لە شار ڕادەگوێزت و رزگار کردنی دۆستانیان پێ وەک زەماوەندی سەرکەوتن وابوو. خەڵک بە پەلە بوون بگەنە ئەو

شوێنانەی کە ئاوی لێیە، حەشیمەتێکی زۆر لە دەوری حەوزی گەورەی شار و حەمامی گەورە و مزگەوتی سوور کۆببوونەوە و خۆیان لە ئاو هەڵدەکێشا، ئەو کارەش بوو بە هۆی ئەوە کە ئاوەکان زۆرتر ژەهراوی ببن و ئەو کەسانەی کە دوای ئەوان دەهاتن چاکتر تووش دەبوون و زامەکانیان قوڵتر دەبوون، چەند کەس لە دانیشتوانی شار دوای ئەوە کە تەرمی شەهیدە ئازیزەکانیان بۆ دواجار لە باوەش گرت بوو بە بۆن و تۆزی سپی ژەهراوی سەر جەستەی ئەو شەهیدانە زۆر بە سەختی بریندار ببوون، تەنانەت کەسی دیکە هەبوو کە لە کاتی بوردومان دا لە شار نەبوو بەڵام بە هۆی یارمەتی دان بە دۆستان و کەس و کاری، زۆر بە توندی تووشی ناسازی و گیرۆدە بوون ببوو. ئەوەی کە جێگای نیگەرانی خەڵکی شار بوو، ئەوە بوو کە ئەزموونێکی زۆر کەمیان لە بۆمبی شیمیایی هەبوو، هەر بۆیە بە داخەوە بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی شار تووشی زامدار بوون و نەخۆشی سیپەلاک و هەناسە کێشان بوون و دەم و چاویان بای کردو تووشی ئەستوور بوون و بلۆق دەر کردن بوون.

نەخۆشخانەی شار ئەو شوێنەی کە دەبوو زامدارەکانی لە چارەسەر بکرێ ببوو بە شوێنێک کە خەڵکی شاری تێدا زیاتر گیرۆدە دەبوون، ئەوانەی ساخ بوون بە دوای کەس و کاری ون بوویان دا دەگەران و بە هیوای دۆزینەوەی ون بووەکانیان، بە ناچار دەبوو ڕوو لە نەخۆشخانەی شار بکەن، بەڵام سەد مخابن، هەر کە پێیان دەنا حەوشە و هاڵی نەخۆشخانە ئەوانیش وەک باقی بریندارەکان بە عەرز دا دەکەوتن. تاقە دوکتۆری پسپۆر کە لە ناوچەکە دا بوو، دوکتۆر حەسەن سەقەت فرۆش بوو، کە ناوبراویش لە سەرەتای بۆردوومانەکە دا لە نەخۆشخانە نابێت، نەخۆشخانەی شار، جیا لە چەند کەسێکی دڵسۆز و خەمخۆر نەبێ کەسی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری شیمیایی دا لێ نەبوو، ئەو دڵسۆزانەش لە توانایان دا نەبوو بە هەموو لایەک رابگەن، هەر بۆیە ڕێژەی بریندار و زامدارەکان هەر دەهات و زیاتر دەبوو.

چەند ڕۆژ پێش بۆردوومانی شار هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە ماسک و جلوبەرگی تایبەتی لە ناو شەقامی شار دا مانۆریان لێدا بوو، تەنها شتێک کە زۆر قسەیان لە سەر کرد بوو ئاژیر و سیگناڵی تایبەتی بوو کە چەند جۆریان لە سەر بڵیندگۆ لە ناو شەقامەکان دا لێدا بوو و بە خەڵکیان ڕاگەیاند بوو کە هەر کات گوێتان لەو جۆرە سیگناڵە بوو بزانن کە بۆمبەکان شیمیایین، کە بە داخەوە لە کاتی بۆردوومانەکەش دا زۆر بە درەنگی ئاژیر و سیگناڵەکەیان کەڵک لێ وەر گرت، بنکەیەکی گەورەی دژە شیمیایی لە نێزیک گوندی هاوار سێمان لە لایەن ڕێژیمەوە درووست کرا بوو، بەڵام ئەوان تەنیا بیریان لە هێزەکانی خۆیان کرد بۆوە و بەشی سەرباز و هێزەکانی خۆیان دەرمان و ماسک و جلوبەرگی تایبەتی شیمیایی هێنا بوو، و تەنیا دوکتۆرێکی شارەزایان هەبوو کە ئەویش

دوکتۆر حەسەن سەقەت فرۆش بوو و نابراویش بە گووتەی خۆی ئەو کات لە ناو شار بووە و لە نەخۆشخانە نەبووە و هەر کە زانیویەتی بۆردوومانەکە شیمیاییە گەڕەواتەوە گوندی هاوار سێمان و تا خۆی ئامادە کردووە و گەڕاوەتەوە ماوەیەکی زۆری پێچووە، دوای گەڕانەوەی بۆ شار و نەخۆشخانە، لە گەڵ ئەوە دا ماسک و جلوبەرگی تایبەتی شیمیایی لە بەر دا بووە ئەویش لە کاتی دەرمان کردنی منداڵێکی 5 ساڵە دا برینندار دەبێ و بەم شێوەیە دوکتۆری پسپۆریش زامدار دەبێ و ناوبراویش وەک تێکرای زامدارەکانی دیکە ڕەوانەی مەهاباد دەکرێ.

هێزی سەرکوتکەری ڕێژیمی ئاخوندی لە جیاتی بە هانای خەڵکەوە بچێت وەک ماری سڕ خۆیان لە چاڵە داپۆشراوەکانی لە پێش دا ئامادە کراو دا حەشار دابوو و ئەو ئیمکاناتەی کە دەبوو لە کاتی بۆردوومانی شیمیایی دا کەڵکی لێ وەر بگرن لە بەر دەستیان دا بوو. لە کاتی بۆردوومان دا زۆربەیان خۆیان پاراست و ماسک و جلوبەرگی تایبەتیان لە بەر کرد بوو. ڕێژیم زۆر چاک دەیزانی کە شاری سەردەشت دەبێتە ئامانجی شیمیایی دوژمن، هەر بۆیە بەشێکی بەرچاو لە هێزەکانی خۆیان لە شار ڕاگوێزت بوو و لە مۆڵگەی جوندوڵلا و نێزەرۆ و دەشتی کەپران و نێزیک گوندی هاوار سێمان و شوێنەکانیتر دا کۆی کرد بوونەوە، چەند ڕۆژ پێشتر ٣ ماشێنی تایبەتی کۆکەرەوەی مەوادی شیمیاییان هێنا بوو بۆ ناوچەی سەردەشت و لە مۆڵگەی گوندی هاوار سێمان ڕایان گرت بوون، بەڵام بە داخەوە ئەوانیش لە کاتی خۆی دا بە هانای خەڵکەکەوە نەهاتن.

خەڵکی دڵ پڕ لە هیوای شاری سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەری شار پەڕیوەی شار و گوندەکانی دیکەی کوردستان بوون، هێندێک لە زامدارەکان لە لایەن نەخۆشخانەی شارەوە بۆ شوێنی دیکە بەڕێ کران، بەشێکی بەرچاو لە زامدارەکان بە خەرج و ئیمکاناتی ماددی بنەماڵەی خۆیان بۆ نەخۆشخانەکانی کوردستان و شارەکانی دیکەی ئێران ڕاگوێز کران و هێندێکیش بە یارمەتی دڵسۆزانی ناوچە بە بێ ئەوەی بزانن زامدارەکە کێیە بە ماشین و کەرەسەی خۆیان بەرەو نەخۆشخانەکان ڕەوانە کران. هێندێک لەو قوربانییانە لە کاتی ڕاگوێزتن دا بە داخەوە گیانی شیرینیان بەخشی و لە ساردخانەی نەخۆشخانەکان دا ڕاگیران، لە هێندێک لە نەخۆشخانەکانی کوردستان کە چارەسەری زامەکان نەدەکرا، بە پەلە جەستەی نیوە گیان و سووتاوی زامدارەکانیان بە ماشێن بەڕێ دەکرد بۆ نەخۆشخانەکانی دیکە و نەشیان دەهێشت کە کەس و کاریان لە گەڵ زامدارەکان بچن و ئەوەش دەبوو بە هۆی ون بوونی زامدارەکە و کەس و کاری لە نیگەرانی و دڵەخورپە دا دەمایەوە، کەسی وا هەبووە کە چەند نەخۆشخانەیان پێ کرد بوو تا جێگای بۆ دۆزرا بۆوە، بەشێک لە کەس و کاری زامدار و شەهیدەکان عەوداڵی دیتنەوەی باقی وون بووەکانی خۆیان بوون و لە کاتی گەڕان و بە دوا داچوون دا شارە دوور و نێزیکەکانی ئێران و کوردستان گەڕان.

چەند كەسێک لە زامدارەكان كە برینەكانیان قورس بوون لە ژووری تایبەت و لە پشت شووشە پەنجەرەوە ڕاگیرا بوون، لە هەر نەخۆشخانەیەک هەر كەس كە چاوی بە زامدارێک دەكەوت كە ئێستاش هەناسە دەكێشی مزگێنی مانی زامدارەكەی بە كەس و كاری دەدا و خەڵكە ون بووەكە بۆ كەس و كاری دەدۆزرایەوە، بەشێک لە زامدارەكان بۆ ماوەیەكی زۆر نەیان دەتوانی كە دەوروبەری خۆیان بە چاكی ببینن و تووشی چاو ئێشە و زگ ئێشە و تەنگە نەفەسی و ڕەشانەوەی بەردەوام ببوون و هێندێكیان تووشی لە هۆش چوون و نەناسینەوەی یەكتر ببوون، قەلافەت و شێوەی بەشێک لە زامدارەكان بە هۆی دەر كردنی بلۆق و سوور هەڵگەران و با كردن بە تەواوی گۆڕا بوو هەر بۆیە بەشێكیان یەكتریان نەدەناسیەوە و لە كاتی یەكتر دیتنەوە دا خۆیان بە یەكتر دەناساند.

بە داخی گرانەوە لە بەر كەم داهاتی و هەژاری خەڵكی شاری سەردەشت بەشێكی بەرچاو نەیان توانی كەڵک لە نەخۆشخانە گەورە و بە ئیمكاناتەكانی شارەكانی ئێران و كوردستان وەر گرن و هەژاریش وەک ژەهرێكی دیكەی ئەو ڕۆژگارە دەستی خستە ناو دەستی زاڵمان و كۆترە سپی‌یەكانی ئاسمانی شین و بێ پەڵەی سەردەشتی لە شەقەی باڵ خست و داخێكی دیكەی نایە سەر دڵی لە لێدان نەكەوتووی شار. خەڵكی ئاوارە و پەڕیوەی شار ئەو كەسانەی كە كەمتر گیرۆدە ببوون بە بێ ئیمكاناتی لە ژێر سێبەری دار و لێرەوارەكانی ناوچە دا بە ئازار و ژانەوە ژیانیان تێپەر دەكرد، خەڵكی ئاواییەكانی ناوچە یارمەتی‌دەری ئاوارەكان بوون و خواردن و ئاوی پاک و شیر و شتوومەكی دیكە و پێداویستی‌یەكانیان بە بێ هیچ چاوەروانی‌یەک لە بەر دەستی ئەو خەڵكە دانابوو، دوای چەند ڕۆژ مانەوە و ئازار كێشان و چاو كروزانەوە دەستەی یارمەتی‌دەر پزیشكی بە كەل وپەلی سەرەتای‌یەوە بۆ دەرمان كردنی زامدارەكان هاتنە ناوچەكە و تا ڕادەیەک هێندێک كەسیان لە گیرۆدە بوونی زۆرتر پاراست و چەند كەسێكیشیان بۆ سارێژ كردن بەرەو نەخۆشخانەكان دوورتر ڕەوانە كردن. بەشێک لە زامدارەكان لە نەخۆشخانە دا بۆ ماوەیەكی زۆر مانەوە.

لێرە دا مەبەست ئەوە نیە كە ناوی هەموو ئەو كەسانەی كە بوونە قوربانی بێنمە سەر لاپەرە، چۆن ئەو ئەركە لە توانای تاقە نەفەرێک دا نی‌یە و پێویستە كە چەند كەسێكی دڵسۆز كە لە شوێنی كارەساتەكە دەژین و ئیمكانات و لیستەكانیان لە بەر دەست دایە ئەو كارە بكەن و هەوڵی زۆرتری بۆ بدەن. كارەساتی شیمیابارانی شاری سەردەشت قوربانی زۆری لێ كەوتەوە، ژن و منداڵ و پیر و لاو، كەوتنە بەر ئەو پەلامارە ناجوانمێرانەیە و بە گشتی زەرەرو زیانێكی زۆری گیانی و ماڵی بە دواوە بوو، چەند بنەماڵەیەک بۆ هەتا هەتایە چرای ژیانیان كۆژایەوە و كەسیان لێدەر نەچوو، ماڵی وا هەبوو چوار كەسی شەهید ببوون و بەشێک لە ئەندامانی بنەماڵەشیان

زۆر بە دژواری بریندار ببوون، هیوا بە ژیان لە نێو زامدارەکان دا زۆر بە قووەت نەبوو، بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا تروسکای هیوا لە دڵ و دەروونیان دا نەبرا بوو، هەروا بۆ مانەوەی ژیان خۆراگریان دەکرد و ئازاریان دەکێشا، بەشیک لە کەس و کاری زامدارەکان حەقی سەردانی ئازیزانی خۆیان نەبوو، لە بەر ئەوە مەترسی گیرۆدە بوونی زیاتری لێدەکرا، و یا ئەگەر بۆ سەردانیش چووبان دەبوو لە پشت شیشە پەنجەرە و بە تەلەفون قسەیان کرد بایە.

لە سەریەک بە پێی "بەیاننامەی ئەنجوومەنی بەرگری لە زامدارانی شیمیایی سەردەشت" لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوو دا نێزیک بە هەزار کەس شەهید بوون و هەروەها ٨ هەزار کەسیش تووشی نەخۆشی جۆراوجۆر و زامدار بوونی دەروونی واتە "تەنگە نەفەسی و سەر ئێشە و کەم ئیشتیایی لە خواردن دا و نارەحەت بوون لە کاتی گەرما و سەرما دا و هەروەها سەردانی دائیمی بۆ لای پسپۆر و دوکتۆری تایبەتی" بوون، بەشێکی بەرچاو لەو زامدارانە لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوو دا بە ئێش و ئازارەوە ژیانیان بە سەر بردووە، بە داخەوە ساڵانە چەندین کەس دوای ئێش و ئازارێکی زۆر ماڵئاوایی یەکجارەکی لە کەس و کاریان دەکەن و ڕۆژ بە ڕۆژ بە ڕێژەی شەهیدەکانەوە زیاد دەبن.

شار خاپوور کرا و خەڵک بە کۆمەڵ کوژران و ئاوارە کران، بەڵام ئەو تراژیدیایە لە مێدیاکانی ئەو کاتدا وەک شێوەی پێویست دەنگی نەدایەوە و سەرپۆشی لە سەر دانرا و لە ئاکام دا قوربانیانی شاری سەردەشت بە فەرامۆشی سپێردران و دەنگ و هاوار و ناڵەی کوژراو و بریندارەکان نەگەیشتە گوێی مرۆڤ دۆستان، هەر ئەو بێ دەنگیەش بوو بە هۆی ئەوە کە کارەساتی هەڵەبجە دوای شیمیابارانی شاری سەردەشت بەڕێوە بچێت. بە دڵنیایەوە ئەگەر ئەو کات ڕێژیمی نگریس و شەرخوازی ئێران، ڕووداوی شیمیابارانی سەردەشتی زەق کردبایەوە و ئیزنی بە دونیای دەرەوە دابایە بۆ لێکۆلینەوە لە سەر ئەو کارەساتە دڕندانەیە، کە لە مێژوو دا کەم وێنە بوو، بێ شک ئەمرۆ کارەساتی هەڵەبجە و گەرمیان و بادینان و دۆڵی جافایەتی لە کوردستانی باشوور و گوندی زەردە لە پارێزگای کرمانشا نەدەخوڵقا و گەلی کورد بەم شێوەیە قەلاچۆ و ژەهر خنکێن نەدەکران.

ئەگەر ڕێژیمی بەعسی ئەفلەقی و دیکتاتۆر دەستی چۆ گەروی دانیشتوانی شاری سەردەشت و باقی شوێنەکانی دیکەی کوردستان و خەڵکی بێ دیفاعیان ژەهر خنکێن کرد، ئەوە کۆماری ئیسلامیش وەک لایەنێک لە شەری نێوان ئەو دوو ڕێژیمە، تاوانبار و خولقێنەرەی بەشێک لە کارەساتەکانە، ئەمرۆ سەددامی دیکتاتۆر و دارو دەستە خوێنرێژەکەی لە دەستی عەداڵەت دان و هەر بینا لاشەی بۆگەنیان بە دار دەکرا، بەڵام زۆر پێویستە بەر لە دار

دانی ئەو دیکتاتۆرانە، دۆسیەی شیمیابارانی سەردەشت وەک خاڵێکی ڕەش و پڕ لە تاوان لە دادگایی سەددام دا بخوێندرێتەوە و ئەو جینایەتەش ببێت بە یەکێک لە خاڵەکانی لێپرسینەوە و محاکمەی ئەو تاوانبارانە، با خوێنی بە ناحەق ڕژاوی شەهید و زامدارانی شاری سەردەشت بە فیرۆ نەروات و بە ساتێکیش بێ چاوە پڕ لە فرمێسکەکانیان، ترووسکەی شادیان تێگەڕێ و بەشێک لەو خەمە گەورەیەی سەر شانیان کەم بێتەوە.

کۆماری ئیسلامی ئێران داوای لە ڕێژیمی نوێی عیراق کردووە کە دۆسیەی شەرگەکانی شەریش لە دادگای سەددام دا وەک تاوانی گەورە لە سەر سەددام بنووسرێ، بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە کارەساتی شیمیابارانی شاری سەردەشت لە گەڵ شەرگەکانی شەری ماڵ وێرانکەری ئێران و عێراق جیاوازی زۆری هەیە، چۆن شەرگەکان شوێنی پێک دادان و هێرش کردنە سەر یەکترە و لە ماوەی نێوان شەرەکە دا شتێکی ئاسایی‌یە کە ئەو دوو ڕێژیمە هێرش بکەنە سەر سەنگەر و بنکە سەربازی‌یەکانی یەکتر، بەڵام شاری سەردەشت نە شەرگە بووە و نە سەنگەری بەرگری کردن، بەڵکوو بە پێچەوانە شاری سەردەشت شارێکی پڕ لە حەشیمەت و خەڵکی بێ دیفاع و کاسبکار و وەرزێری تێدا دەژیان. ئەوانەی کە بوونە قوربانی بە تێکرای خەڵکی بێ دیفاع بوون و بەشی بەرچاو و دیاریان ژن و منداڵ و پیر بوون. کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ لەو نێوە دا جارێکی‌تر خوێنی بە ناحەق ڕژاوی خەڵکی شاری سەردەشت بکاتە کەرەسەیەک بۆ وەرگرتنەوەی قەرەبووەکانی خۆی لە دەوڵەتی عێراق دا، بۆیە دەبێ بە هەموو لایەک هەوڵ بدەین کە داواکاری بۆ ئەم مەسەلەیە، لە لایەن زیان وێکەوتووانی شاری سەردەشتەوە بێت نەک دامودەزگای کۆماری ئیسلامی کە هیچ کات قازانجی گەلی کوردی نەویستووە و بە دائیم هەوڵی لە ناوبردن و سرینەوەی گەلی کوردی لە کوردستانی گەورە و بە تایبەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات داوە، با یەک دەنگ لە گەڵ خەڵکی شاری سەردەشت و دەوروبەری داوا بکەین کە پەروەندی شیمیابارانی سەردەشت وەک پەروەندەی شەرگەکانی نێوان ئێران و عێراق چاو لێ نەکرێت، بەڵکوو وەک تاوانێک بە دژی مرۆڤایەتی سەیری بکرێ و لێبکۆڵدرێتەوە.

بە هیوای ئەوە کە زامدارانی شیمیایی سەردەشت لە نێوچوونی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وەک ڕێژیمە پڕ لە تاوانەکەی عێراق بە چاوی خۆیان ببینن و ئەو جار بزەی شادی یەکجارەکیان بکەوێتە سەر لێو و نەفرەت بنێرن بۆ تاوانباران و خوڵقێنەرانی ئەو کارەساتە.

یادی شەهیدانی ٧ی پووشپەر بە خێر و بە هیوای سارێژ بوونەوەی زامدارانی ئەو کارەساتە

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: جوونی ٢٠٠٦

# پەریزاد مەحموودزادە ژنە ڕووخۆشەکەی شاری سەردەشت بە بێ ئەوە بە ئاواتی بەهاری



**پەریزاد مەحموودزادەپەریزاد مەحموودزادە ژنە ڕووخۆشەکەی شاری سەردەشت بە بێ ئەوە بە ئاواتی بەهاری خۆی بگات کۆچی دوایی کرد**

**بەهار یەکێک لە وەرزە خۆش و بە دیمەنەکانی سروشتە و هەموو لایەکمان ئاواتی سەر سەوزی و هاتنی بەهارمان لە دڵ دایە، لەم وەرزە دا مرۆڤ هەست بە خۆشی و شادی دەکات و سروشتیش بەرگی ڕازاوە لە بەر دەکا و دۆڵ و چیا و شاخ و پێدەشتەکانی وڵات بە سەوزە و گوڵ و گیا دەرازێتەوە و قەد پاڵ و لووتکەی چیاکان دەبنە جێی سەیران و گەشت و گوزار و خەڵک بە کەیف خۆشی کەڵک لەم وەرزەی ساڵ وەر دەگرن.**

**ناوچەی سەردەشت لە وەرزی بەهار دا یەکپارچە وەک بووکێکی جوان و بە دیمەنی لێدێ و بە دەیان گوڵی جوان لە گەڵ سەوزەی جۆراوجۆر ناوچەکە وەک بەهەشتی ڕەنگین دەخەمڵێنن و لەو وەرزە ڕەنگینە دا دڵدار و دلبەر پێکەوە لە بن دار هەنار و دارە پڕ لە میوەکانی دا خەریکی دیدار نوێ کردنەوەن و بە دڵ شادی دەکەن.**

**لە گەڵ ئەوەدا کە هەر دەڤەر و ناوچەیەک کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەری و ئەدەبی و...، تایبەت بە خۆی هەن و هەروەها بە دەیان کەسی دیکەی دەروون پاک و بە ویژدان و ڕووخۆش و دەم بە پێکەنینی هەن، لە هەمان کاتیش دا کەسانێکی دیکەی تێدا هەن کە خەریکی وەتەن فرۆشی و زوڵم کردن لە خەڵک و سروشتی**

ناوچەکەن، بۆیە هەر ناوچەیەک مرۆڤی تایبەت بە خۆی هەیە و هەر کەس ژیانی ڕۆژانەی خۆی بە شێوەیەک بە سەر دەبا، ئەوەی لێرەدا دەمهەوێ باسی بکەم، باس لە مرۆڤێکی دەروون پاک و بێ ئازار و دەم بە پێکەنینە کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر بای ئەجەل مۆمی تەمەنی کوژاندەوە.

ئەو مرۆڤە دەروون پاکە پەریزاد مەحموودزادەیە، ژنێکی ئاماڵ باریک و ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین، کە هەموو تەمەنی لە شەقام و کۆڵانەکانی شار دا بە ڕووخۆشی بە سەر برد، پەریزاد ژنێکی تا بڵێی ئێسک سووک و ڕەزا شیرین و لە بەر دڵان بوو، لە ناو شاری سەردەشت دا کەم کەس هەن کە ناوی پەریزادیان نەبیست بێت، پەریزاد زۆر هێمن و لە سەرخۆ و بێ دەنگ بوو، هەتا نەت دواندبایە هیچ کات قسەی نەدەکرد و ڕۆژانە تا وڵات تاریک دەبوو لە راستە شەقامی شار دا پیاسەی دەکرد و شەوانەش بەرەو ماڵی یەکێک لە براکانی دەگەڕایەوە و چاوەڕوانی ڕووناکی بەیانی دەکرد بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پیاسەی خۆی دەست پێ بکاتەوە و گڕ و کڵپەی دەروونی پڕ لە هیوا و ئەوینی خۆی بە پیاسەی شەقام و کۆڵانەکانی شار دامرکێنێتەوە. زۆربەی ڕۆژان لە تەنیشت چاکەکەی تەنیشت ماڵی خۆیان را بە پیاسە دەهاتە ناو بازار و جارجار وەڵامی یەکێک لە ڕێبوارانی شاری دەدایەوە و بە پێکەنین و زەردەخەنەیەکی شیرینەوە لە ڕێبوارەکە دوور دەکەوتەوە، پرسیاری بەشی هەرە زۆر لە ڕێبوارەکان وەک یەک بوون و وڵامەکەش هەر یەک وەڵام بوو کە پەریزادی دڵ پڕ لە ئەوین دەیدایەوە.

هەر ڕێبوارێک تووشی بایە بێ ئەملاوئەولا دەیگووت: پەریزاد، ئەرێ کەی مێردی دەکەی؟ و پاشان لە سەر وەڵامەکەی ڕادەوەستا.

پەریزاد بە لە سەرخۆیی و پێکەنینەوە وەڵامی دەدایەوە، دەیگوت: بەهارێ، جا ئەگەر وەرزەکەش بەهار بایە، دەیگووت بەهارێکی دیکە.

ئەو بەهارەی کە پەریزاد لێی دەگەڕا و چاوەڕوانی بوو بە داخەوە هەر نەهات و بە ناکامی سەری نایەوە. لەم چەند ڕۆژەی دوای دا بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی پەریزادم بیست، زۆرم پێ ناخۆش بوو، زۆر چاکم لە بیرە ئەو ژنە ئەوەندە شەرم بە خۆ بوو کە لە شەقام و کۆڵانەکانی شار دا ئەگەر لە برسان هیلاک ببایە، قەت هیچی لە خەڵک وەر نەدەگرت و تەنانەت بەستەنی و خواردنی ناو بازاریشی لە کەس وەر نەدەگرت، ژنێکی ڕووح سووک و بێ ئازار بوو، ئەو بە دائیم لە فکر دابوو، کەس نەیدەزانی بیر لە چی دەکاتەوە و بە دوای کام بەهار و خۆشی

و ئەوین دا دەگەڕێ.

زۆر بەر لە ئێستا ئەو کات کە شاری سەردەشت وەک ئێستا گەورە نەبوو، بەیانیان زوو پەریزادت دەدیت کە دوو مانگای وەپێش خۆی دەدا بۆ ئەوەی بیان گەینێتە گاڕانی شار کە لە دەرەوەی شار مۆڵیان دەدان، تەنیا شتێک کە دڵی پێ خۆش بوو ڕووناکی بەیانی بوو، بۆ ئەوەی گەشت و پیاسەکەی دەست پێبکات و خەمی دەروونی لەم گەشت و پیاسە دا بە با بدات و دوایەش بگەڕێتەوە ماڵی و چاوەڕوانی ڕووناکییێکی دیکە بکات.

پەریزاد و پەریزادەکانی دیکە لە وڵاتی ئێمە دا زۆر بە بێ نازی و بە کولەمەرگی دەژین و تا ئەو کاتەی کە دواین هەناسەکانیان هەڵدەکێشن، کەس لە رازی دەروونیان ناگات و هەموو ئاواتەکانی خۆیان بە بێ ئەوەی وەدی بێن لە گەڵ خۆیان دەبەنە ژێر گڵ و خەم و پەژارە بۆ دۆست و کەس وکاریان بە جێ دێڵن، بەشێکی زۆر لەو کەسانەی کە وەک پەریزاد تووشی نەخۆشی دەروونی بوون بە بێ ئاوڕ دانەوە و چارەسەری گیروگرفتەکانیان بە دەستی ڕۆژگار دەسپێردرێن و بە داخەوە لە نێو کۆمەڵگا دا تا دەمرن وەک مرۆڤێکی نەخۆش سەیری دەکرێن و ئاخرەکەی بە هەناسە ساردی سەر دەنێنەوە، لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو دا پەریزاد زۆر ناساز و نەخۆش دەبێت و ڕۆژ بە ڕۆژ لاواز و بێ هێزتر دەبێت، بە داخەوە ڕۆژی هەینی ڕابردوو بە هۆی سەکتە، دڵی پڕ لە ئەوینی ڕادەوەستێ و بە یەکجاری ماڵئاوایی لە خەڵکی شار و کەس وکاری دەکات و بەهاری هەمیشە ئاواتی لە گەڵ خۆی بردە ژێر گڵ.

یادی پەریزاد مەحموودزادە بە خێر و بە هیوای ئەوە کە مرۆڤەکانی دیکە وەک پەریزاد ئاواتی بەهاری خۆیان نەبەنە ژێر گڵ و بە ئاوات و ئارەزووی بەهاری خۆیان بگەن.

ماڵپەری گیارەنگ سەرەخۆشی لە هەموو ئەو کەسانە دەکات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە شێوەیەک لە شێوەکان یارمەتیان بە پەریزادی ڕوو خۆش کردووە و بە تایبەت سەرەخۆشی لە بنەماڵەکەیان دەکات.

ڕووحی پەریزاد شاد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: جوولای ٢٠٠٦

# یەكەم پاچ لێدان لە گوڵزاری خاوەران (بیرەوەرییەک لە خاوەران)

## یەكەم پاچ لێدان لە گوڵزاری خاوەران

## (بیرەوەرییەک لە خاوەران)

یەک مانگ دوای كوشتاری زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی دا، لە شوێنی پاسەكان"ترمینال" لە مەیدانی ئازادی بووم و دەمهەویست بچمەوە كرمانشان. خوشكم نەخۆش بوو و منیش زۆر پەشێو و نارەحەت بووم، لە بەر ئەوە وەڵامی بۆ نارد بووم كە بگەڕێمەوە و چاوم پێی بكەوێ. هەموو هۆش و بیرم بەوەوە خەریک بوو كە بلێی خوشكم زیندوو بمێنێتەوە یا نا؟

بۆچی وا بیرم دەكردەوە؟ ئاخر كاتێک تەلەفونم بۆ ماڵەوەیان كرد كەس تەلەفوونی هەڵنەگرت، بە درێژایی ڕۆژ تەلەفوونم كرد و هەوڵێكی زۆرم دا بەڵام نەمتوانی پەیوەندیان پێوە بكەم. هەر بۆیە نیگەران و پەشێو حاڵ بووم. هەر لە منداڵی را لە تەنیشت خوشكم گەورە ببووم و لە هەموو ئازیزانی دیكەی خۆمم خۆشتر دەویست. ئەو بە سێ ساڵ لە من گەورەتر بوو، بەڵام دەتگووت پێكەوە بە زگێک لە دایک بووین و زۆر ئۆگری یەكتر بووین.

پاسەكە كاتژمێر ٩ی شەو وەرێ دەكەوت و منیش لە كاتژمێر ٥ی را لە شوێنی پاسەكان بووم، تەواوی گەراج و شوێنی پاسەكانی دیكە گەرام، بەڵام هیچ یەک لە پاسەكان پێش كاتژمێر ٩ وەرێ نەدەكەوتن.
نێزیک كاتژمێر ٦ی بوو چاوم بە پیاوێک كەوت كە جلوبەرگی كوردی لە بەر دابوو، بە قژی سەری را زانیم كە یەكێكە لە دەروێشەكانی تەریقەتی قادری.

دەگریا، ئاه و ناڵەی ئەو دەروێشە دڵی هەموو ئەو كەسانەی كە چاویان لێدەكرد وەلەرزە دەخست، لە نیگای دا تەنیا داوای یارمەتی و دەست گرتنی لێدەباری، ئەمنیش وەكوو هەموو ڕێبوارەكانی دەوروبەری بیرم دەكردەوە كە ئەو گریان و ناڵە و هاتووچۆیەی تەنیا بۆ كۆ كردنەوەی پارەیە و بەس، بەڵام كاتێک كە چاوم پێكەوت پووڵ و پارە لە خەڵک وەرناگرێ، لێی چوومە پێش و سڵاوم لێكرد و حاڵ و ئەحواڵیم پرسی.

شتێکی ئەوتۆی نەگووت، تەنیا ئەوەندە گووتی" پیاوێکم دەوێ کە دەستی یارمەتی بداتە دەستم و پێم بڵێ کە خاوەران لە کوێیە؟"

منیش بە سەرسورمانەوە گووتم خاوەران؟

گووتی "بەڵی خاوەران"

بەڵام دیسان لە مەبەستی نەگەیشتم، پێم گووت باشە ئێستا بۆ دەگری؟ ئەمن دەزانم خاوەران لە کوێیە.
بە خاوەرانم دەزانی، چووبوومە کورەخانەکانی خاتوون ئاوا، چەند ساڵێکیش لە دەوروبەری گۆرەپانی خوراسان و تیر ژیا بووم و زۆر چاک دەمزانی خاوەران لە کوێیە.

هەر کە بیستی بە خاوەران دەزانم، بە هەر دوو دەستان یەخەی گرتم و گووتی: " دەبێ پیاوەتیم لە گەڵ بکەی و ئەمن بگەیێنیە ئەوێ."

بە بزەیەکەوە پێم گووت ئەمن ڕێبوار و مسافیرم و خوشکم نەخۆشە و لە بەیانییەوە سەبارەت بە نەخۆشی خوشکم کار و ژیانم بەجێ هەیشتووە، پاسەکە کاتژمێر ٩ی وەرێ دەکەوێ و لێرە را هەتا خاوەران ٣ی کاتژمێر ڕێگایە و لە پاسەکە بەجێ دەمێنم، ئەمن ڕێنوێنیت دەکەم کە چۆن بچی بۆ ئەوێ، بەڵام پێم ناڵێی بۆ ئاوا پەریشانی؟ منداڵەکانت لە کورەخانەکان دا کار دەکەن؟ دەتهەوێ سەریان لێهەڵێنی و بیان بینی؟

دەنگی گریان و ڕۆڕۆی بەرز بۆوە، بیستن و بینینی ئەم دیمەنە دڵی هەموو لایەکی ئازار دەدا.

تکام لێکرد کە ئۆقرە بگرێت، دەستی زۆر بە توندی گرت بووم هێزێکی زۆری هەبوو هەر بۆیە توانای کشانەوە و دەرباز بوونم نەبوو، ڕایکێشامە قوژبنێک و گووتی: " کوڕەکەم ناوی محەممەد بوو پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو، بەڵام نازانم بۆچی پاش ماوەیەک هاتەوە و خۆی تەسلیم کردەوە، کەس کاری پێ نەبوو، بۆ وەدەست هینانی پاروە نانێک بۆ ئێمە هاتە تاران، لە نێو ئاسنەواڵەکان (جێگایەک کە وردە ئاسن و لەتکە ئاسنی بە سەریەک دا داگرتن و بە شوێنی تواندنەوەی "ئاسن" یان دەفرۆشتەوە) دا کاری دەکرد، ٩ مانگ بوو لە

گۆڕەپانی شووش کاری دەکرد، شەوێک پاسدارەکان دەچنە شوێنی کارەکەی و کوڕەکەم دەست بەسەر دەکەن.

بە هۆی دۆستەکانی لە گیرانی ئاگادار کرام و هاتمە تاران و چوومە لای نوێنەری مەجلیس و بە یارمەتی ئەو توانیم لە بەندیخانەی ئەوین چاوم پێی بکەوێ.

هەر دوو مانگ جارێک دەهاتمە تاران چاوم پێی دەکەوت و دەگەڕامەوە، ئەمڕۆ بەیانی چوومە بەندیخانەی ئەوین و پێیان گووتم کە کوڕەکەت لە "خاوەران"ە، ژمارەیەکیشیان دایە دەستم، سەرەتا وەمزانی "خاوەران"یش بەندیخانەیە، لە بەر دەرگای بەندیخانە لە ژن و پیاوێک کە هاتبوونە سەردانی کچەکەیان پرسیارم کرد کە چۆن دەتوانم بچمە بەندیخانەی خاوەران؟

ئەوان چاویان لە یەکتر کرد و گووتیان نازانین. ڕێم گرتە بەر کە بڕۆم، گوێم لێ بوو ژنەکە بە مێردەکەی دەگووت، گوناحت دەگاتێ مەسەلەکەی پێ بڵێ.

پیاوەکەش پێی گووتم ئەوەی لە ڕاستی دا بێت ئەمن نازانم خاوەران لە کوێیە بەڵام بیستوومە کە ئەو کەسانەی کە لە مانگی خەرمانان دا ئێعدام کراون لە زەوییەکانی خاوەران دا ناشتوویانن.

چاپۆکێکم بە سەری خۆم دادا و گەرامەوە لای پاسەوانی بەر دەرگاکە و گووتم: " ئەتۆ شیعەی و منیش سوننی، سوێندت دەدەم بە ئیمامی عەلی کە بۆ خۆشم دەروێشی ئەوم و هەروەها سوێندت دەدەم بە ئیمامی حوسێنت، ڕاستیم پێ بڵێ خاوەران بەندیخانەیە یا گۆرستان؟

پاسەوانەکە وەرسوورایەوە و گووتی: "بەندەی خوا ئەو شوێنە نە بەندیخانەیە و نە گۆڕستان، ئەو کافر و لە دین وەرگەراوانەی کە ئێعدامیان دەکەن، دەیانبەنە ئەوێندەرێ و لە ژێر خاکیان ڕۆ دەکەن ئەو ژمارەیەی کە پێیان داوی ژمارەی گۆرەکەیەتی و شانست هێناوە کە ژمارەیان پێداوی.

بەڵێ "ئێستا دەمهەوێ هەر چۆنێک بێت بچمە سەر قەبرەکەی، ئەگینا چ وەڵامێکم بۆ دایک و خوشکەکانی پێ بێت، دوای ئەو قسانە دیسان لە بانگ و رۆرۆی دا.

سەبارەت بە کوشتاری زۆری زیندانیانی سیاسی شتی جۆراوجۆرم بیست بوو، ئێستا یەک مانگ بە سەر ئەو کارەساتە دا تێپەر نەببوو و هەواڵەکەش وەڵاتی بە تەواوی دا نەگرت بوو. ئەوەم نەبیستبوو کە کوژراوەکان دەبەنە زەوییەکانی خاوەران و لەوێ بە خاکیان دەسپێرن. چارەنووسی ژیانی خۆشم لەو کات و هەلومەرجە دا بۆ باس کردن نەدەبوو و بۆ خۆشم تا رادەیەک لە ژێر کۆنترۆڵ دابووم و بەدوام دا دەگەران. هیچ پەیوەندییێکم لە گەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکان نەبوو، بنەماڵەکەمم بۆ ئاوایی بەرێ کردبوونەوە و بۆ خۆشم بە دوای کار دا دەگەرام و ژوورێکم لە" سر آسیاب" بە کرێ گرت بوو و زۆر بە دژواری ژیانم تێپەر دەکرد.

بۆ خۆم یەکێک لە کرێکارە سیاسییەکان بووم و دەبوو کارەساتی کوشتاری زیندانیانی سیاسی منی بۆ لای ئەو ڕووداوە ڕاکێشا بایە، نەدەکرا هەر ئاوا بە سووک و سانایی بە سەر ئەو مەسەلەیە دا باز بدەم و هیچ هەڵوێستێکم نەبێ. لە دڵی خۆم دا گووتم: ئێستا کاتێکی زۆر باش هاتۆتە پێش کە بچی و سەردانی گۆرستانەکە بکەی و لە ڕاستی و درووستی کوژراوەکان سەر دەر بێنی و بە ژماردنی گۆڕەکان ڕادەی کوژراوەکانت بۆ ڕوون بێتەوە.

تا ڕادەیەک ڕازی ببووم کە بچم بەڵام دوو دڵ بووم، ئەدی نەخۆشی خوشکەکەم؟ ئەگەر بێتو خوشکم بمرێ و چاوم پێی نەکەوێ، دەبێ هیچ کات خۆم نەبخشم و لە داخان دڵم شەق دەبات. مێشکم ئاڵۆز بوو بیرم دەکردەوە... ئەدی ویژدان و مرۆڤایەتی؟ ئەو هەموو ئاوات و ئارەزوانە چی؟ ئیدعای گەورە و شۆرشگێر بوونم لە چی؟ ڕاستە بەشی تەشکیلاتی کاتی خۆی هیچ گوێیان پێ نەدام و بە جێیان هێشتم، بەڵام خۆ من نابێ لە بەر کردەوەی ناحەزی ئەوان، ئاوات و ئامانجەکانی خۆم پێشێل بکەم. بیرێکم بە مێشک داهات، پرسیارێکم لە دەروێش کە ئێستا دەمزانی ناوی چییە کرد.

دەروێش مەولوود گیان پێکەوە دەگەڕێینەوە بۆ کرمانشان و شەوێ لە ماڵێ خوشکم دەمێنینەوە و بەڵێنت پێدەدەم کە بەیانی بتهێنمەوە تاران و پێکەوە بچین بۆ خاوەران، باورت بێت ئەگەر خوشکم نەخۆش نەبایە هەر ئێستا لە گەڵت دەهاتم، ئەورۆ لە بەیانییەوە هەوڵ دەدەم کە پەیوەندیان لە گەڵ بگرم، بەڵام بەداخەوە کەس تەلەفوون هەڵناگرێ، دەبێ شتێک ڕوویدا بێت بۆیە داوای لێبوردنت لێدەکەم، بەڵام قەول بێت بگەڕێنەوە لە گەڵت بێم بۆ خاوەران.

دەروێش ڕووی تێکردم و گووتی باشە بۆچی جارێکیتر تەلەفوون بۆ ماڵێ خوشکت ناکەیەوە، بە دڵم داهاتووە کە

خوشکت وەڵام دەداتەوە و تەندرووستیشی زۆر باشە.

ئەمن کومونیست بووم و بەو قسانەی دەروێش و مەشەیاخەکان هیچ باوەڕێکم نەبوو، بەڵام لە بەر دڵی بریندار و شکاوی دەروێش گووتم باشە با برۆیین و زەنگێک لێبدەین، دووبارە دەستی گرتم و گووتی ئاوا نابێت، بەڵێن بدە ئەگەر خوشکت تەندرووستی باش بوو، لە سەفەرەکەت پەشیوان ببیەوە و ئەمن بگەیێنیە خاوەران.

بە بزەیەکەوە قەول و بەڵێنم پێدا و زەنگی تەلەفوونم بۆ ماڵی خوشکم لێدا. هەموو شتێک ڕێک و تەواو بوو ماوەیەکی زۆر لە گەڵ خوشکم قسەمان کرد و لە حاڵ و گوزەرانی یەکترمان پرسی، زۆر بێ تاقەتی دیتنی من بوو و قەولی لێ وەرگرتم کە بچم سەری بدەم، قەولم پێدا کە بە زوترین کات سەردانی دەکەم. (بەڵام بە داخەوە تا ئێستاش ئەو بەڵێنیەم بۆ جێبەجێ نەکراوە)

------

ڕۆژی دوای کاتژمێر ٦ی بەیانی لە گەڵ دەروێش مەولوود لە سەفێکی دوور و درێژی کرێکار و زەحمەتکێشاندا ڕاوەستاین  کە چاوەڕوانی هاتنی مینیبووسیان دەکرد. کرێکار و زەحمەتکێشەکان بە پەلە بوون کە خۆ بگەیێنە سەر کاری ڕۆژانەیان لە دەوروبەری ئەفسەریە و ڕێگای خوراسان و کورەخانەکانی خاتوون ئاوا.

دەروێش مەولوود زۆر بێ قەرار بوو جارجار دەگریا و جارجاریش وەک زکر کردن یاهو یاهوی دەکرد، تا ڕادەیەک خۆی زەق کرد بووە و خەڵک چاویان لێدەکرد. هێندێک دڵەخورپەم لێ پەیدا ببوو کە ڕەنگ بێ ئەو هەڵسو کەوتانەی مام دەروێش تووشی بەڵایەکمان بکات. بۆم باس کرد کە نەکوو پیاو خەراپ و کەسانی بێباوەر لێرە بن و بەو هەڵسوکەوتانەی تۆ نارەحەت بن و هان بدرێن و کۆسپمان بۆ بنێننەوە، نەتوانین چاومان بە خاوەران بکەوێ.

دوای ئەو قسانە شەرمم لە خۆم دەکرد، ڕووم نەبوو کە چاو لە ڕوخساری سووتاو و ناوچاوانی پڕ لە گنجی بکەم. تەنیا ئەو گریان و یاهو کردنە بوو کە دەروێشی لە سەر پێ ڕاگرت بوو، منیش لە ترسی خۆم ببوومە کۆسپێک لە سەر ڕێگای دەربرینی کوڵ و جۆشی دەروونی. دەمزانی لە دەروون دا بە چەشنی کورەی ئاسنگەران گڕی گرتووە و ئێستا پشوو دەخواتەوە. بەڵام ڕێگا چارە نەبوو.

نۆره‌مان هات و چووینه‌ نێزیک مینیبووسه‌كه‌، له‌ سه‌رخۆ له‌ سه‌فه‌كه‌ هاتمه‌ ده‌ر و خۆم گه‌یانده‌ لای شاگردی مینیبووسه‌كه‌ و زۆر به‌ هێواشی و به‌ سرته‌ به‌ گوێم دا چرپاند كه‌ گه‌وره‌یمان له‌ گه‌ڵ بكه‌و ئه‌گه‌ر ده‌زانی ئه‌و گۆرستانه‌ له‌ كوێ‌یه‌ ئێمه‌ له‌وێ دابه‌زێنه‌.

به‌ ده‌نگێک كه‌ ته‌نیا له‌ لۆمپێنان ده‌وه‌شێته‌وه‌ گووتی: "ئه‌وه‌ كه‌ بۆ نه‌هێنی نابێت هه‌ر كاتێک هاوارم كرد له‌عنه‌ت ئاوا وه‌ره‌ پێشێ و دابه‌زه‌" له‌ جووڵه‌ی ده‌م و فلچی را تێگه‌یشتم كه‌ لۆمپێنی به‌ر ده‌رگاكانی مزگه‌وت و حیزبوڵڵا نی‌یه‌ و هیچ مه‌ترسی‌یه‌كی نی‌یه‌، به‌ڵكوو گه‌نجه‌ و پێی خۆشه‌ هه‌روه‌ک زه‌مانی "شا" وه‌ک لۆمپێنی به‌ر ده‌رگای گاراج بمێنێته‌وه‌.

ماشینه‌كه‌مان هه‌ورازه‌كانی ڕێگای خوراسانی تێپه‌ر كرد و گه‌یشته‌ ڕێگا پڕ له‌ چاڵ و قووڵكه‌كانی خاوه‌ران و هه‌روا سه‌رولێژ و هه‌ورازه‌كانی ڕێگای ده‌پێوا. هه‌ستم ده‌كرد دڵ و ده‌روونم له‌ حاڵی جۆشان و ڕه‌گه‌كانی ملم گه‌وره‌تر ببوون. گوێم له‌ ده‌نگی لێدانی دڵم بوو، نازانم له‌ ترسان بوو یا له‌و هه‌سته‌ی كه‌ له‌ دڵم دا بوو، ڕه‌نگ بێ هه‌ر دووكیان بوو بن.

شاگردی مینیبووسه‌كه‌ هه‌ر به‌ شێوه‌ی زاری خۆی هاواری كرد " له‌عنه‌ت ئاوایی‌یه‌كان به‌خێر چن" به‌ خۆشی‌یه‌وه‌ ده‌روێش مه‌ولوود له‌و جۆره‌ مانایانه‌ حاڵی نه‌ده‌بوو، ئه‌گینا دڵی زۆرتر زامدار ده‌بوو و ئه‌گه‌ری ئه‌وه‌شی هه‌بوو كه‌ خۆی تووشی كێشه‌یه‌ک بكات. ده‌ستم گرت و گووتم دابه‌زه‌. (گۆیا له‌ داویی دا بنه‌ماڵه‌ی قوربانی و كوژراوه‌كان، كه‌ هاتووچۆیان بۆ ئه‌و شوێنه‌ زیادی كرد بوو، شاگرده‌كان له‌ گووتنی وشه‌ی له‌عنه‌ت ئاوا خۆیان پاراستوه‌.)
خۆر به‌رز ببۆوه‌ و گه‌رمای خۆره‌تاومان هه‌ست پێده‌كرد، ڕێگایه‌كی دیكه‌ی لێ نه‌بوو جیا له‌و ڕێگا خۆڵاوی‌یه‌ نه‌بێت، به‌ بێ قسه‌ كردن ملی ڕێگامان گرت و وه‌رێ كه‌وتین، نازانم چه‌نده‌مان ڕێگا بری، هه‌ر له‌ دووره‌وه‌ ده‌نگی قه‌له‌ڕه‌شه‌ و هێندێک باڵنده‌ی دیكه‌مان گوێ لێبوو و تا نێزیكتر ده‌بووینه‌وه‌ ده‌نگه‌ ده‌نگه‌ زۆرتر ده‌بوو، جیا له‌و ده‌نگانه‌، ده‌نگی وزه‌وزی مێشووله‌ ناوچه‌كه‌ی پڕ كرد بوو، ته‌پۆڵه‌كه‌یه‌ک له‌ گڵ و خۆڵ سرنجی ڕاكێشام و لێی نێزیک بوومه‌وه‌، ده‌روێش مه‌ولوود خوێنده‌واری نه‌بوو، نووسراوه‌یه‌كی ده‌ستنووسم خوێنده‌وه‌ كه‌ نووسرا بوو گۆرستانی به‌ كۆمه‌ڵی شه‌هیدانی موجاهید. ئه‌وه‌ش نیشانی ده‌دا كه‌ پێش ئێمه‌ كه‌سانێكی دیكه‌ش هاتبوونه‌ ئه‌و شوێنه‌.

به‌ باشی دیار بوو كه‌ به‌ شۆفڵ "بۆلدزێر" گڵ و خۆڵیان به‌ سه‌ر دا كرد بوون، سه‌ر ئه‌و ته‌پۆلكه‌ خۆڵه‌یان دۆغاوی قسڵ و گه‌چ پێدا كرد بوو، پێم وابێ ئه‌وه‌ش له‌ به‌ر ئه‌وه‌ بوو كه‌ ته‌رمی كوژراوه‌كان زوو له‌ نێو بچن. به‌ ده‌روێشم گووت ئێره‌ "خاوه‌ران"ه‌، به‌ڵام وه‌ک دیاره‌ هیچ ژماره‌یه‌كیان له‌ سه‌ر نی‌یه‌، بێده‌نگ و مات و مه‌لوول ده‌یڕوانی‌یه‌ ده‌وروبه‌ری خۆی، هیچی نه‌ده‌گووت و گوێی له‌ هیچ شتێک نه‌بوو، وێده‌چوو هه‌ستی كرد بێت كه‌ له‌ لێره‌ كاره‌ساتێكی قورس و جینایه‌تێكی گه‌وره‌ ڕوویدا بێ.

هه‌روا درێژه‌مان به‌ گه‌ڕانی خۆمان دا، قه‌له‌ڕه‌شه‌كان زۆر به‌ سه‌یری هێرشیان هێنا بوو مێشووله‌كان به‌ كۆمه‌ڵ له‌ پێشمان هه‌ڵده‌فرین، بۆنی كوژراوه‌كان هه‌موو لایه‌كی داگرت بوو، ته‌نانه‌ت ده‌روێش مه‌ولوودیش له‌به‌ری وه‌ئازار هات بوو، جامانه‌ی سه‌ری كرده‌وه‌ و له‌ ده‌وری ده‌م و لووتی هاڵاند. به‌یانی بوو، ته‌نیا من و ده‌روێش مه‌ولوود و كۆمه‌ڵێكی زۆر مێشووله‌ و ته‌پۆ و قه‌له‌ڕه‌شه‌ و خۆره‌تاو نه‌بێت كه‌سی دیكه‌ دیار نه‌بوو.

ده‌مڕوانی‌یه‌ ده‌وری خۆم، سه‌رم سوڕمابوو، گۆڕه‌كان دیار نه‌بوون، به‌ڵام هه‌ستم ده‌كرد كه‌ به‌ سه‌ر جه‌سته‌كان دا ده‌ڕۆم، هه‌وڵم ده‌دا وا بڕۆم كه‌ پێم نه‌كه‌وێته‌ سه‌ر جه‌سته‌كان، ده‌نگی ناڵه‌ و سكاڵای ده‌روێش مه‌ولوود به‌رز بۆوه‌.

سه‌ر و كه‌له‌ی لاوێكی بیست تا بیستوپێنج ساڵه‌ له‌ گڵه‌كه‌ هاتبۆ ده‌ر و به‌شێكی زۆری گۆشت و پێستی ده‌م و چاوی پێوه‌ نه‌مابوو. ده‌روێش به‌ ئاه‌ و ناڵه‌ كردنه‌وه‌ هه‌وڵی ده‌دا بزانێ كه‌ ئایا كوڕه‌كه‌یه‌تی یا نا، به‌ڵام زۆر دژوار بوو كه‌ بیناسێته‌وه‌، به‌ زمانی كوردی و به‌ شێوه‌یه‌كی تایبه‌تی لای كورده‌كان به‌ ده‌م گریانه‌وه‌ گله‌یی له‌ خوای ده‌كرد و شێعری ده‌خوێندنه‌وه‌. كاتێک دڵنیا بوو كه‌ كوره‌كه‌ی نی‌یه‌، زۆر به‌ گورجوگۆڵی و به‌ هێزێكی زۆره‌وه‌ به‌ ده‌سته‌كانی خه‌ریكی گڵ وه‌سه‌ردانی ده‌م و چاو و جه‌سته‌ كوژراوه‌كه‌ بوو، لێک لێک ده‌یگووت: خوا بتان گرێت و له‌عنه‌تان لێ بێت، ئه‌ی بێ دینی نه‌. (مه‌به‌ستی له‌ كۆماری ئیسلامی ئێران بوو).

هه‌روا بیست میترێک خوارتر ١٠ تا ١٥ گۆڕێک به‌ جیا ده‌بیندران، به‌ ڕه‌نگ له‌ سه‌ر چه‌ند خڕكه‌ به‌رده‌یێک هێندێک ژماره‌ نووسرا بوون و هه‌ر ژماره‌یه‌كیان له‌ سه‌ر قه‌برێک دا نابوو. (زۆر دواتر له‌ یه‌كێک له‌ نوێنه‌رانی مه‌جلیسی شۆرای ئیسلامی ئێرانم بیست كه‌، ئه‌وانه‌ی ژماره‌یان له‌ سه‌ر بوو كومونیست و موجاهید نه‌بوون و ئه‌وان حوكمی كافر بوونیان له‌ سه‌ر نه‌درا بوو.)

ئەو ژمارەیەی کە بە دەستی دەروێش مەولوودەوە بوو دیتمانەوە. ئێستا ئیدی کوڕەکەی دیت بۆوە، خۆی بە سەر گڵ و خۆڵی گۆڕەکە دا کێشا، پاش چەند چرکەیەک ڕاست بۆوە. گڵی سەر گۆڕەکان زۆر نەبوو، ئەگەر بایەکی توونـد هەڵی کردبایە بێشک هەموو گڵەکەیان لە سەر لادەچوو. هەموو جەستەیان بە دەروە بوو. محەممەد کوڕەکەی دەروێش مەولودیان هەر بە لیباسی کوردیەوە ژێر خۆڵ کرد بوو.

دەروێش مەولوود دەگریا و دەیگووت: خۆزگە هەزار جار ئێعدامیان کردبایی، بەڵام ئەو خودا نەناسانە بەم شێوەیە ئەتۆیان ژێر گڵ نەکرد بایە. پێم وابێ کاتژمێرێک زیاتر گریا، پاشان لە سەر چۆک دانیشت و سەری بەرز کردەوە بەرەو ئاسمان و گووتی: " خودایە هەزار جار استغفرالله، بە گەورەیی خۆت بمبوورە هیچ موسڵمانێک بۆ ڕۆڵەی شەهیدی ناگری، بەڵام گریانەکەم بە دەست خۆم نەبوو، خوایە گیان محەممەدی من بێ گوناح و مەزلووم بوو، شایانی ئەو بەد کرداری و سەزایە نەبوو، بە گەورەیی خۆت حەقی لە دوژمن و زاڵمەکان وەر بگرەوە وەی ڕۆۆۆۆ" دوای تۆبە و پاڕانەوەیەکی زۆر هەستایە سەر پێ و ڕووی لە من کرد و پێی گووتم: " پیاوەتی زۆرت لە گەڵ من کردوە و پێم وایە قەت ناتوانم چاکەت بدەمەوە، بەڵام دڵنیام کە خوای مەزن پاداشی ئەو چاکانەت دەداتەوە، بەڵام یەک هیممەت و پیاوەتی دیکەم لە جەنابت دەوێ و دوایەش خوات لە گەڵ بێ و بڕۆ" پێم گووت هەر کارێک لە دەست من بێت لە خزمەت دام و فەرموو پێم بڵێ چ شتێکت دەوێ، گووتی: "بەس تەنیا پێویستم بە پاچ و پێمەرێەکە."

----------------

کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ بوو، پاچ و پێمەریەکم کریبوو لە سەر ڕێگای خوراسان بووم، هێندێک ترێ و پەنیر و چەند نان سەنگەک و دەبەیەکی ٢٠ لیتری پڕ لە ئاوم پێ بوو، دڵی خۆمم لە دەریا و بیابان دا بوو، دەمهەویست لەو کۆستە گەوەریە دا بەشداری بکەم. ماوەیەک دواتر ماشێنێکم بە کرێ گرت و کەلوپەلەکانم لە سەر ماشینەکە دابستن و گەرامەوە بۆ لای دەروێش مەولوود.

سەرەتا گۆڕی "محەممەد" مان بە دڵی دەروێش مەولوود هەڵقەند، ئەو زۆر بە لە سەرخۆیی و بە شێوەیەکی تایبەت و وەستایانە کاری دەکرد، چەند داوە بەنێکی پێکەوە گرێدان و باڵای "محەممەد"ی بەو داوە بەنە پێوا، دەستی بە گریان کرد، ئەو جار بە باڵای بەرزی کوڕە لاوەکەی هەڵدەگووت. دەستی بە هەڵقەندنی زەوی کرد، ئەو پاچی

دەوشاند و عەرزی هەڵدەقەند و منیش بە پێمەرە گڵم فڕێ دەدایە دەر. پاش ماوەیەک کار کردن پێی وابوو گۆڕەکە تەواوە، پشتێندەکەی لە ناو قەدی خۆی کردەوە و تەرمی کوڕە لاوەکەی زۆر بە ڕێکوپێکی لە پشتێندەکەوە پێچا و بە وریایی‌یەکی زۆرەوە تەرمەکەی داهێشتە ناو گۆڕەکە، لە دوایین کاتەکانی داپۆشین و گڵ وەسەر دانی تەرمەکە دا، ئاه و ناڵە و گریانی بە کوڵی بەرز بۆوە.

پاشان سەیرێکی ئەو تەرمانەمان کرد کە بە دەرەوە بوون، بە تەواوی وەڕەز ببووم و توانای مانەوەم لەو شوێنە نەما بوو، زۆر لە مێژ بوو پێمەرەکاریم نەکرد بوو و دەستەکانم ئاولیکیان هێنا بوو و هێندێکیان دڕا بوون و ئازاریان هەبوو. دەروێش مەولوود خەریکی فاتیحا خوێندن بوو، هیوادار بووم کە دوای فاتیحا خوێندن ملی ڕێگا دەگرین و دەڕۆین.

دوای تەواو بوونی فاتیحا ڕووی تێکردم و گووتی: "خوا پاداشی ئەو چاکانەت بداتەوە با بڕۆیین ئەتۆش کار و ژیانت هەیە." لە ناخی دڵەوە بەو پێشنیارەی دەروێش ڕازی و دڵخۆش بووم، بۆنی تەرمی ئێعدام کراوەکان هەموو شوێنێکی داگرت بوو، بەڵام نە من و نە دەروێش مەولوود چیدی دەم و لووتمان دانەدەپێچا و تا ڕادەیەک بە بۆنەکە عادەتمان کرد بوو. چاوێکمان بە دەوروبەری خۆمان دا گێڕا، دەروێش دەستی بۆ لای دەبە ئاو و پاچ و پێمەرەکە برد، پێم گووت ئێمە پێویستمان بەو شتانە نییە، با هەر لێرە بن خێرمان دەگاتێ.

لە دەموچاوی یەک ڕامابیین، لە نیگای دا کۆمەڵێک پرسیاری شاراوە هەبوون، داخوازی دیکەی هەبوون، بەڵام ڕووی نەبوو لە گەڵم باس بکات. بە بێ دەنگی ڕاوەستا بووین لاقە و لاقمان دەکرد و فرمێسکمان دەهاتنە خوار. ئەمن قسەیەکم نەدەکرد بۆ ئەوەی خواستی دەروێش باسی لێ نەکرێ و ئەویش هیچی نەدەگووت بۆ ئەوەی دڵی من ڕازی ڕابگرێت. زۆر بە باشی بیر و فکری ئەوم خوێند بۆوە، بەڵام دڵ و غیرەتی ئەوەم نەبوو باسی لێوە بکەم.

خەریکی ڕۆیشتن بووین، تاوی دایە پێمەرە و چەند پێمەرە گڵێکی هەڵدایە سەر تەرمێک پێمەرەکەی لە عەرز دانەیەوە و بە گریانەوە گووتی: "دایکتان بمرێ، ئاخر ئەو دوو پێمەرە گڵەی لە سەرتانە کوا لە چنگی ئەو قەڵەڕەشانە دەتان پارێزێ."

هەر لە بەیانی را قەڵەڕەشەکان دەوریان دا بووین، کاتێک چوو بووم کەلوپەلەکان بکرم دەروێش مەولوود دەستی

بەتاڵ بوو، هەوڵی دا بوو كە قەلەڕەشەكان بترسێنێ و لەو شوێنە دووریان بكاتەوە بەڵام ئەو كارەش هیچ سوودی نەبوو، قەلەڕەشەكان هەروا لە دەوروبەرمان بوون و چاوەڕوانی بوون كە ئێمە ئەوێ بە جێ بێڵین و بێنەوە سەر تەرمەكان. دەروێش گووتی تەنانەت ڕێوی‌یەكیشی دیتووە كە لەو شوێنە بووە.

لە سەر چۆكان دانیشت بوو، دڵی نەدەهات ئێرە بە جێ بێڵێ. دەردی ئەو ئێعدامی محەممەدی كوڕی نەبوو. دەردی ئەو شتێكی دیكە بوو. ژانی دەروێش ئەو چەند تەرمە بوون كە بە دەرەوە بوون، نەیدەتوانی ئەو هەموو "محەممەد" انە هەروا بە جێ بێڵێ و بڕوات. هەموویان بۆ ئەو محەممەد بوون. بۆ منیش هەموویان زیندانی سیاسی بوون كە ئێعدام كرا بوون و بە بێ شەرمانەترین شێوە تەرمەكانیان لەوێ بە جێ هێشت بوون.

بەڵام لە نێوان هەستی من و هەستی باوكێك كە ڕۆڵەیەكی قارەمانی بە دەستی خۆی دوور لە كەس و كار و شوێنی لە دایك بوونی دەنێژێ جیاوازی‌یەكی زۆر هەبوو. ئەمنیش بە تەواوی هەستم بەوە دەكرد، بەڵام هەڵاتن " لەو شوێنە سامناكە، و خۆ درباز كردن لەو بۆنە ناخۆشە و ڕا كردن و نەدیتنی قوڵكی چاوی بە تاڵ، لووتی شكاو و ڕەش و هەڵامساوە و ئێسقانی دەم و چاو كە بە دنووك و دەمی حەیوان گۆشتیان لێكرا بۆوە"، بۆ من بەر لە هەموو شتێک بوو.

لانی‌كەم ئەمن لە ترس و گوشاری ڕەوانی و لەو هەموو سەنەد و بەڵگەی جینایەتی كە لەو شوێنە بوو لە لای خۆم ڕوونكردنەویەكم هەبوو، دەمگووت، مرۆڤ كە مرد تەنیا شتێكی بێ گیانە و فەرق ناكات كە جەستەی چۆن لە نێو بچێ، "بە ئاوی دەریایی دا بدەی، لە قوڵكی ڕۆكەی و یا حەیوان بیخۆن و لەت و پەتی بكەن."

بەڵام بۆ پیاوێكی كۆست كەوتووی وەک مام دەروێش بەو هەموو باوەڕ و ئیمان و دینداری‌یە و بەو دابونەریت و كلتوورەی كە لە گەڵ خۆی هەڵی گرتبوو و بۆ كەسێک كە هیچ ترس و خۆفی لە دەروون دا نەبوو لە هیچ هێز و قودرەتێک نەدەترسا، ئەو تەرمانەی دەوروبەری تەنیا مردوویەكی بێ گیان نەبوون، ئەوان شتێكی سادە نەبوون. ئەوان دەبوو بپارێزرێن تا مەولوودەكانی دیكەش خاكی پاكی ئەوان لە باوەش بگرن. ئەوان مانای ژیان بوون كە دەبێ ببن تا لە داهاتوو دا ببنە خاڵێكی ڕەش بە ناوچاو و بەرۆكی كۆماری پڕ لە درۆ و سەرمایەی ئیسلامی ئێرانەوە.

ئەو بڕیاری خۆی دابوو و بۆشی گرینگ نەبوو ئەمن چ بڕیارێک دەدەم. ڕاست بۆوە، ڕووخساری ڕەش داگیرا بوو دەم و چاوی بایان کرد بوو، ڕقی لە ئاسمان و زەویش هەستا بوو و ناوچاوانی ئاگری لێدەباری. دڵنیا بووم کە ئەو ڕق و نەفرەتە منیشی گرت بۆوە. هاتە پێش و بەرامبەر بە من ڕاوەستا، ئیدی دەنگی وەک جاری پێشوو نەمابوو، شێوەی دەنگی بە تەواوی گۆڕا بوو، گووتی: "داوای لێبوردن لە جەنابت دەکەم، زۆرم ئازار دای، خوا چاکەت بداتەوە، ئەتۆ بڕۆ، ئەمن دەمێنمەوە تا ئەو چەند تەرمانەش بە خاک نەسپێرم لێرە ناڕۆم."

ئەوە ئەو وشانە بوون کە لە دەمی هاتنە دەر. بەڵام ئەمن لە وشەکانی ئەو شتێکی دیکەم هەست پێکرد. (بڕۆ لاچۆ ئەتۆش هەر وەک ئەوانەی ئەو جینایەتەیان کرد وای، جیاوازی تۆ و ئەوانەی کە ئەو گیان بەختکردووانەیان لێرە هەڵڕشتوون چیە؟ خۆ ئەوانیش هەر ئاوا تەرمەکانیان فڕێ داون و ڕۆیشتوون؟ ئەتۆش دەتهەوێ ئەو کارە بکەی، بڕۆ لەبەر چاوم وون بە). ئێو شانی ڕاتەکاندم و گووتی تەندرووستیت باشە؟ باشتر وایە کە بڕۆی وا دیارە خەریکە حاڵت تێکدەچێت.

ئارەقەیەکی سارد هەموو لاشی داگرت بووم، شەرمم دەکرد، هەر چەند بە زمانەن هیچی نەگووت، بەڵام ئەو بە قووڵی بیری لێکرد بۆوە. بەڵی چ جیاوازیەک لە نێوان من و ئەو پاسدارەی کە ئەوانەی لێرە هەڵڕشت بوون و ڕۆیشت بوو هەبوو، ئەوە نیە منیش دەمهەوێ ڕابکەم. خۆم پێ گوناح بار بوو، ڕووم نەبوو ڕوو لە دەروێش بکەم، دەور و پشتی خۆم چاو لێکرد، پێم وابێ زیاتر لە ١٥ تەرمم لە دەور و پشت بوون. کاتێک تازە لە ڕێگاوە دێی، بە تەواوی بۆت هەڵناسەنگێندرێ دەوروبەرت چ باسە. بەڵام بۆ کەسێکی وەک من کە ٣ی کاتژمێر بوو لەوێ بووم، دەمزانی کە ئەوانە تەرمن و تەنیا چەند مشتە خۆڵیکیان لە سەر دەمو چاوە و ئەوەش وایکردووە کە هێندێک بە ناخۆشی دەوروبەر هەڵبسەنگێنی.

بەڵی ئەوانە ئازیزانێک بوون کە نازانم تا چ ڕادەیەک لە ژێر ئەشکەنجە دا خۆڕاگریان کردووە بۆ ئەوی گیانی سەدان کەسی دیکە ڕزگار بکەن، بەڵام ئەوانە خۆیان کردە قۆچی قوربانی بۆ پاراستنی کەسانیتر و ئێرەیان هەڵبژارد. یەکەم تەرم سەرنجی ڕاکێشام، لاقەکانی بە دەرەوە بوون و هەموو بەشەکانی دیکەی لەشی لە ژێر مەترسی دا بوو، بێ قسە کردن چوومە لای چەپی تەرمەکە، وەک دەروێش مەولوود دەستەکانم پاک کردنەوە و تاوم دایە پاچەکە، بەڵام دەروێش بە دەستە بە هێزەکانی پاچەکەی لە دەست دەرهێنام و بێ قسە کردن دەستی بە هەڵقەندنی عەرز کرد.

ئیدی ئێستا لیی ڕوون بوو کە منیش لە لای دەمێنمەوە، دەروێش پیاوێکی ٥٠ ساڵە بوو، وەک شێر دەیگوڕاند، تەرمەکانی دەپێوان و بە قەد درێژی تەرمەکان عەرزی هەڵدەقەند، تەنانت کاتێک زانی کە دەستەکانم چیدی توانا و هێزی ئەوەیان نییە کە گڵ و خوڵەکە فڕی دەنە دەر پێمەڕەکەی لێوەرگرتم. عەرز هەڵقەندن و فڕی دانی گڵ و خوڵەکە زۆر ئاسان بوو، گرفتی ئێمە گوازتنەوەی تەرمەکان بوو، لە کاتی هەڵگرتن دا بەشێک لە لەشیان هەڵدەوەری و بە جێ دەما، ئەوەش بە ڕاستی بۆ من عەزاب هێنەر و پڕ گرفت بوو. ئەو جلو بەرگەی کە لە بەریان دابوو جلوبەرگی ناوچەی خۆیان بوو، هیچ تەرمێکم نەدی کە جلوبەرگی تایبەتی بەندیخانەی لەبەر دابێت. دەروێش مەولوود لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەو تەرمانە ٣ی ڕۆژ دوای ئێعدام کردنیان بۆ ئێرەیان ڕاگوێزتوون، لەبەر ئەوە هیچ قەترە خوێنێک لە سەر عەرز دیار نەبوو.

لە سەر ئەو باوەڕەم کە تەنیا حەیوانێکی کە هات بێتە نێو ئەو "گۆڕەستانە بە کۆمەڵە" ئەو ڕێویە بێت کە دەروێش دیتبووی. ڕەنگ بێ، ئەگەر حەیوان و پەلەوەری دیکە ئەو گۆرستانەیان دۆزیبایەوە ئێمە چاومان بە هیچ تەرمێک نەکەوتبایە، ڕێوی هەوڵی دابوو کە گۆشتی لاق و ڕانی تەرمەکان بخوات، دەروێش دەیگووت ڕێوی لە ئینسان دەترسێت، هەر بۆیەشە نەیوێراوە تخوونی دەموچاویان بکەوێت و چاویان لێبکات، ئەگەریش سەر و دەموچاوی تەرمەکان وەکوو خۆشیان نەمابن ئەوە قەلەڕەشەکان ئەو کارەیان کردووە چۆن قەڵەڕەشە زۆر بێشەرمن.

هەر تەرمێک ١٠ تا ١٥ گوللەی لێدرا بوو، بەشی هەرە زۆری گوللەکانیان لە سینگ و مل دابوون، هیچ کام لە تەرمەکان گوللەی کۆتای‌یان لە سەری نەدرا بوو، ئەوەش نیشانی دەدا کە کوژراوەکان یەکجار زۆر بوون و کاتی ئەوەیان نەبووە گوللەی تەواو بوونیان لێبدەن. لە نێو تەرمەکان دا تەرمی هیچ ژنێک بەرچاو نەدەکەوت.

ئێمە بۆ ئەوەی کە ئەندامانی لەشی ئەو ئازیزانە لێک بڵاو نەبن و بە تەواوی بیانێژین لە جلوبەرگی خۆیانمان کەڵک وەر دەگرت. ئەو جلوبەرگانەی کە لەت وپەت و دڕاو بوون، لێکمان گرێ دەدان و تەنانەت جارجار بە داوە بەن و هەوادی پساوی لیباسەکان کە دەمان دیتنەوە، لێکمان دەدروونەوە. لە کاتی پێچانەوە و ناشتن دا بەشێک لە لەشی ئەو خۆشەویستانەمان دەدیت و جێگای سووتان و زەربەی شەلاق و قامچیان لە سەر لەش دیار بوو، هێندێک لە زامەکانیان ئی کۆن بوون و بەشێکیان لە کاتی ئێعدام دا برینداری کرا بوون و جێ برینەکانیان نوێ بوون. بەشی هەرە زۆریان شوێنێکی لەشیان شکا بوو یەکێک لەوان کەللە سەری بە قەوارەی یەک ئینچ قووڵ ببوو، ئێسقانی دەستی زۆربەیان شکا بوو، مام دەروێش دەیگووت: ئەوە لە کاتی بار کردن و هەڵڕشتن دا دەستیان شکاوە.

دەموچاوی چەند کەس لەو ئازیزانە تا ڕادەیەک وەک خۆیان مابۆوە وئەگەر لەو کاتە دا کەسوکاریان چاویان پێکەوت بایەن بە باشی دەیان ناسینەوە.

ئەوەی کە زۆری کات گرتین لاقی لاوێکی تەمەن بیست و پێنج ساڵان بوو، لاقەکانی زۆر سەیر لێک بڵاو ببوون بە هێچ شیوەیەک لە گۆڕەکە دا جێی نەدەبۆوە، لە گەڵ دەروێش بە تەواوی بێ دەنگ و هیوابڕ ببووین، ئێستا بە تەواوی من و دەروێش بیر و فکری یەکترمان دەخوێندەوە، چاومان لێک کرد و هەڵوەستەیەکمان کرد و جارێکیتر چاومان لە چاوی یەکتر بڕیەوە. نەمان دەتوانی هەروا بە جێی بێلین و ببێتە خۆراکی حەیوان و پەلەوەرەکان. وەک وەحشییانمان لێهات بوو، بێ ئەوەی وشەیەک بلێین، هەروەکوو ئەو کەسانەی خەڵک ئەشکەنجە دەکەن، ئامبازی تەرمەکە بووین و بە هەر دووکمان هێنامانە سەر کەلەکە و ئەو جار بە هەموو هێز و توانامانەوە پاڵمان بە لاقی ڕاستییەوە نا، چەند جارێک ئەو کارەمان دووپات کردەوە تا گوێمان لە ورد بوونی ئێسکی لاقی بوو، ئێستا لاقەکانی جووت ببوون و توانیمان وەک ئەوانی دیکە لە گۆڕەکە دا بینێژین. دوای ناشتنی ئەو کوڕە گەنجە تاقەت و توانامان لە لەش دا نەما بوو، بەڵام لە جێدا هیچ تەرمێکمان لە دەروە چاو پێ نەدەکەوت.

چەند کەسێک دوای نیوەڕۆ هاتن و یارمەتییێکی کەمیان کردین و بە پەلە ڕۆیشتن، بە خۆشییەوە لەو کات و ساتە دا، سەر و سەکتی پاسدار و چەکدارەکانی حکوومەت دیار نەبوو. ئەوەش ئێمەی زۆرتر هیوادار کرد بوو بۆ کار کردن، دەتوانم ئەوە بە دڵنیایەوە بڵێم و هیچ شتێکی بە دوور لە ڕاستیم نەگوتووە کە ئەگەر بڵێم لە پاش نیوەڕۆ را دەروێش مەولوود هەر بە نیو کاتژمێر گۆڕێکی لە قەراخ تەرمەکە هەڵدەقەند و پاشان تەرمەکەی لە نێو گۆڕەکە داویشت و سەری دادەپۆشی.

چاوی بە تەرمی هەر لاوێک کەوت بایە بە شێوەییێکی کوردەانە دەیگووت: دایکت بمرێ ڕۆڵە گیان، ئەوەندە لاوە پێم وانییە زەماوەندی کرد بێت، هەر دوو دەستی بەرز دەکردنەوە و دەیگووت: خوایە ئەگەر ئەو زوڵمە قەبووڵ بکەی ئەمن خوایەتی تۆ قەبووڵ ناکەم.

کاتژمێر نێزیک بە ٨ی شەوێ بوو، ئیدی هەر دووکمان ڕزایەتمان دا کە بگەڕێینەوە. پاچ و پێمەڕەکەمان هەر لەوێ بە جێهێشتن، بۆ ئەوەی خەڵکی دیکەش ئەو کارە بکەن. لە کاتی گەڕانەوە دا هەوڵم دەدا کە ڕێگاکەی پێ نیشان بدەم کە جارێکی دیکە چۆن بگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕستانە، مام دەروێشی دڵ بریندار، ڕووی تێکردم و گووتی

خۆت سه‌خڵه‌ت مه‌كه‌، ڕه‌نگ بێ ڕێگای ماڵی خۆمانم لێ وون بێت، به‌ڵام دڵنیا به‌ ئه‌و ڕێگای قه‌ت وون ناكه‌م و له‌ بیرم ناچێته‌وه‌.

له‌ به‌ر ئه‌وه‌ ده‌زانم دایك و خوشك و ژنی ئه‌و ئازیزانه‌ هه‌ن و ڕه‌نگ بێ ئه‌و نووسراوه‌یه‌ بخوێننه‌وه‌، نامهه‌وێ له‌وه‌ زیاتر تووشی ئازاریان بكه‌م و دڵیان زامدار بكه‌م.

له‌ كۆتایی دا ئه‌وه‌ به‌شێكی زۆر كه‌مه‌ له‌و ڕاستی‌یانه‌ كه‌ چاوم پێیان كه‌وت و تا ئێستاش به‌شێكی زۆرم له‌ مێشك دا ماوه‌ته‌وه‌ كه‌ قه‌ت له‌ بیری ناكه‌م، به‌ڵام ناچار بووم سانسۆری بكه‌م.

به‌رزتر بێت یادی گیان به‌ختكردووانی ڕێگای ئازادی

خه‌رمانانی ١٣٨٤ی هه‌تاویی نووسینی: مزه‌فه‌ر

محه‌ممه‌د حوسێنی یا ڕه‌حمانی كوڕی مه‌ولوود ناسراو به‌ حه‌مه‌ مه‌ولوو خه‌ڵكی لۆن ساداتی ناوچه‌ی بێڵه‌واری كامیاران پێشمه‌رگه‌ی پێشووی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران ڕێكه‌وتی ئێعدام خه‌رمانانی ساڵی ١٣٦٧ی هه‌تاوی شوێنی ناشتن گوڵزاری خاوه‌ران

سه‌رچاوه‌: ماڵپه‌ڕی گیاره‌نگ - ڕێكه‌وتی: ١٠ی ئاگۆستی ٢٠٠٦

## زرێباری: ئێران با ڕاسته‌خۆ یارمه‌تی به‌ ڕێژیمی عێراق بكا

ده‌وڵه‌تی عێراق له‌ ئێرانی خواستووه‌ كه‌ یارمه‌تی‌یه‌كانی خۆی ڕاسته‌وخۆ بداته‌ ده‌وڵه‌تی عێراق و هه‌روه‌ها ئه‌نجوومه‌نی ئاسایشی نه‌ته‌وه‌ یه‌كگرتووه‌كان ماوه‌ی مه‌ئموریه‌تی هێزه‌ سه‌ربازی‌یه‌كانی خاریجی جارێكی‌تر نوێ بكاته‌وه‌.

هوشیار زرێباری، وزیری دەرەوەی عێراق کە لە گەڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق سەردانی ئێرانی کردووە، لە قسەکانی خۆی دا ئاماژەی بە قسەکانی ئاغای تاڵەبانی کردووە، ناوبراو گووتی: تاڵەبانی داوای لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کردووە و هەروەها لێی خواستوون کە لە جیات ئەوە کە یارمەتی بە هێزە میلیشیاکانی شیعە بدەن، ڕاستەوخۆ تەواوی یارمەتی‌یەکانی خۆیان بدەن بە حکوومەتی هەڵبژێردراوی خەڵک واتە بە دەوڵەتی ئێستای عێراق.

بە ووتەی ئاغای زرێباری: پەیامێک کە دەوڵەتی عێراق ویستوویەتی بیگوازێتەوە بۆ لای کاربەدەستانی ئێرانی ئەوەیە کە ئاکامی تێکشکانی دەوڵەتی ئێستای عێراق زۆر دژوار و سەخت دەبێ، هەر بۆیە ئێران دەبێ تێبکۆشێ و پێشگیری لەو شێوە وەزعیەتە بکات.

سەبارەت بە پێشنیاری وتووێژی راستەخۆی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا بۆ حەللی گیروگرفتەکانی عێراق، هوشیار زرێباری نەیشاردەوە و راوبۆچوونی خۆی دەربڕی و گووتی کە: لە نێو کاربەدەستانی ئیران دا شێوە ڕازی بوونێک سەبارەت بەم کارە لە نێوانیان دا هەست پێ دەکرێ.

سەرۆک کۆماری عێراق ڕۆژی ٢٧ی نوامبر لە گەڵ هەئیەتێکی پێکهاتوو لە بەرپرسان و کاربەدەستانی عێراق و بە تایبەت ئاغای زرێباری گەیشتوونەتە تاران.

جەلال تاڵەبانی لە ماوەی مانەوەی دا لە ئێران چاوپێکەوتن و وتووێژی لە گەڵ ئاغای مەحموود ئەحمەدی‌نژاد، سەرۆک کۆماری ئێران و ئاغای ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ دووپات کردنەوەی بیروڕای خۆیان سەبارەت بە پێویست بوونی چوونە دەرەوەی هێزە خاریجی‌یەکان لە عێراق دا، ئامادە بوونی خۆیان بۆ سەقامگیر بوونی ئاسایش لە عێراق دا دەربری.

نوێ کردنەوەی مەئموریەتی هێزەکانی خاریجی لە عێراق دا

هاوکات لە گەڵ ئەم دیدارانە، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ماوەی مانەوەی هێزەکانی خاریجی لە

عێراق دا جارێكی‌تر نوێ كردەوە.

هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش، داخوازی‌یەكەی عێراقیان لە ئاست درێژ كردنەوەی مانەوەی هێزە سەربازی‌یەكانی خاریجی لەم ولاتە دا تا كۆتایی ساڵی داهاتوو پەسەند كردەوە.

دەولەتی عێراق لە داخوازی‌یەكەی خۆی دا ڕایەگەیاند بوو كە لە حاڵێك دا كە خەریكی ڕێكخستنی هێزەكانی ئاسایشی خۆیەتی، بەڵام لە هەمان كاتدا مانەوەی هێز سەربازی‌یەكانی خاریجی بۆ پاراستنی ئاسایس و ئەمنییەتی عێراق بۆ ساڵێكی‌تر بە پێویست دەزانێ.

لە كاتی داخوازی دانی دەوڵەتی عێراق بۆ مانەوەی سەربازە خاریجی‌یەكان لە عێراقدا، دەبێ پێش نیوەی مانگی ژوئێن بە پەسەندی ئەنجوومەنی ئاسایش گەیشت بێ.

لە ئێستا دا زیاتر لە ١٥٠ هەزار سەربازی خاریجی بە پێی بڕیار و پەسەندكراوەكانی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە عێراقدا هەن، كە بەشی زۆری سەربازەكان، ئەرتەشی ئەمریكا بۆ پاراستنی ئاسایشی عیراق دابینی كردوون. لە هەواڵێكی دیكە دا سەبارەت بە عیراق، پادشای ئۆردۆن داوای لە ڕێبەرانی سیاسی و ئایینی عێراق كردووە كە ئیجازە نەدەن كە وڵاتەكەیان لەتوپەت ببێت. پادشای ئۆردۆن ئەوەشی گووت كە لەتلەت بوونی عێراق دەبێتە گێژاوێكی پڕ لە مەترسی و لە هەمان كاتدا دەبێتە هۆی ئالۆزی زیاتر لە عێراق دا.

بڕیار وایە كە جۆرج بووس، سەرۆك كۆماری ئەمریكا و نوری مالكی، وەزیری ناوخۆی عێراق ڕۆژی چوار شەممە ٢٩ی نوامبر، لە عەمان پایتەختی ئۆردۆن چاویان بە یەكتر بكەوێ و سەبارەت بە ڕێگا دۆزینەوەیەك بۆ سەقامگیر كردنی ئاسایش و ئەمنییەتی عێراق وتووێژ بكەن.

سەرچاوە: ماڵپەری بی‌بی‌سی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێكەوتی: ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٦

## ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری سزای بە سەر ئێران دا پەسەند کرد

ڕۆژی شەممە بە تێکرای دەنگ بڕیارێک بە دژی ئێران سەبارەت بە بەرنامە ناوەکیەکەی ئێران لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کرا. ئەنجوومەنی ئاسایش لە ژێر بڕیاری ژمارە ١٧٣٧ داوای لە ئێران کرد کە بە زووترین کات واز لە پیتاندنی ئۆرانیۆم بهێنێت و چیدی درێژە بە دەوڵەمەند کردنی ئەو بەرنامەیە نەدات. دەوڵەتی ئێران دەیهەوێ چەکی ناوەکی لە ژێر ئەو بەرنامەیە دا وەدەست بهێنێت، هەر بۆیە سزای بە سەر دا سەپێندرا.

ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە هەموو وڵاتانی دونیا دەکات کە چیدی کەرەستەکانی ئەو بەرنامەیە بە ئێران نەفرۆشن لەبەر ئەوە دانی ئەو کەرەستانە بە ئێران مەترسی زۆری هەیە بۆ تەواو کردنی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران، هەروەها بڕیاری نوێی ئەنجوومەن ئەوەش لە خۆ دەگرێت کە دارایی هەموو ئەو کەس و کۆمپانیانەی کە دەور و ڕۆڵ دەبینن بۆ دەوڵەمەند کردنی بەرنامەی ناوەکی ئێران، بلووک بکرێن و دەستیان بە سەر دا بگیردرێ.

ئێرانیەکان و پەرلەمانی ئێران هەر لەم ڕۆژە دا بە ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیان ڕاگەیاند کە ئەگەر ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری سزا دان بە سەر ئێران دا بسەپێنێ، ڕەنگە دەوڵەتی تاران چیدی هاریکاری لە گەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی نەکات و یا هاریکاریەکەی کە لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوو دا لە نێوانیان دا هەبووە کەمتر بکاتەوە.

بەر لە دەنگدان بۆ بڕیاری سزا بە سەر ئێران دا سەرۆک بووش و سەرۆک ڤلادمیر پوتین لە پەیوەندیەکی تەلەفوونی دا لە سەر بڕیارەکە قسەیان کرد و لە سەر دانی بڕیارەکە بە ڕێککەوتن گەیشت بوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠٠٦

## سەددام حوسێن سەرۆک و دیکتاتۆری پێشوو عێراقی لە سێدارە درا

سەددام حوسێن دیکتاتۆری پێشووی عێراق دوای ٣٥ ساڵ دەستەلاتدارییەتی و دیکتاتۆریەت لە تەمەنی ٦٩ ساڵی دا پەتی سێدارەی بە مل دەکرا.

دوای ئازاد کردنی عێراق لە لایەن هێزە سەربازییەکانی خاریجی و گرتنی سەددام حوسێن، لە ڕێکەوتی ١٩ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٠٥ یەکەم دانیشتنی دادگایی سەددام و شەش کەس لە داروودەستەکەی دەستی پێکرا و دوای یەک ساڵ درێژە کێشانی دادگا، سەرئەنجام حوکمی لە سێدارە دانی بۆ بڕایەوە.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣٠ی دیسامبری ٢٠٠٦ کاتژمێر ٦ی بەیانی بە کاتی عێراق حوکمی ئێعدامی سەرۆکی پێشووی عێراق لە شوێنێکی پارێزراو بە هێزە سەربازییەکانی خاریجی بەڕێوە چوو. حوکمی لە سێدارە درانی سەددام دوای چەندین دانیشتن و لێکۆلینەوە لە ڕۆژی یەکەمی جێژنی قوربان دا لە سەر کوشتاری ١٤٨ کەس لە دانیشتوانی شیعەی شاروچکەی دجێل لە ساڵی ١٩٨٢ دا لە ژوورێکی ئامادەکراوی تایبەت بە ئێعدامی سەددام دا بەڕێوەچوو و کۆتایی بە ژیانی هات، سەددام پێشتر داوای کرد بوو کە گوللەباران بکردرێت، نەک بە پەت لە سێدارە بدرێت. حوکمی سەددام بە پەت و سێدارە بەڕێوەچوو و ناوبراو سزای توند و تیژی و ملهوڕی و دیکتاتۆریەتی خۆی وەر گرت.

وتەبێژ و ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق موەفەق ئەلڕوبێعی گووتی کە سەددام حوسێن لە سێدارە درا و پێش ئەوەی ببردرێتە سەر سەکۆی ئامادەکراوی لە سێدارەدان شلەژاوی و ترس و بێ وەرەیی بە ڕوخساریەوە دیار بوو، ئەم ڕاوێژکارە ئەوەشی ڕاگەیاند کە بەرزان تکریتی زڕ برای سەددام و عەواد بەندەری سەرۆکی دادگای شۆڕشی دەورانی سەددام دوای ڕۆژانی جێژنی قوربان لە سیدارە دەدرێن.

حوکمی بەڕێوەچوونی سەددام بۆتە هۆی خۆشحاڵی دانیشتوانی عێراق و بە تایبەت کوردستانی باشور. نیشان دانی چەند دیمەنێک لە سێدارەدانی سەددام حوسێن فرمێسکی شادی خستۆتە سەر ڕوخساری خەڵکی عێراق و بە تایبەت کوردستان.

ڕەغد کچی گەورەی سەددام داوای کردووە کە دوای ئێعدامی سەددام، جەنازەی باوکی تەحویل بدەنەوە بۆ ئەوەی بە شێوەی کاتی لە وڵاتی یەمەن بنێژدرێ، ڕەغد کچی سەددام ئێستا لە وڵاتی ئۆردۆن دەژی.

لە کۆتایی ژیان و ئێعدامی سەددام حوسێن دا بە دڵەوە پیرۆزبایی لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و ئەنفالکراو و بێ سەرو شوێن کراوەکانی عێراق و بە تایبەت خەڵکی خۆراگری کوردستان دەکەم و هیوادارم کە لاپەڕەیەکی نوێ بکرێتەوە بۆ دانیشتوانی کوردستان.

ئاواتەخوازم کە بەڕێوەچوونی ئەم حوکمەش نەبێتە هۆی ئەوە کە تاوانەکانی شیمیابارانی کوردستان و ئەنفالی خەڵکی بێ تاوانی کورد وون ببێت و چاوپۆشی لێبکردرێت، ڕاستە سەددام بە تاوانی 148 کەسی شیعەی شاروچکەی دجێل لە سێدارە درا بەڵام نەمانی سەددام مزگێنی دەری ژیانێکی باشترە بۆ گشت لایەک و بە تایبەت بنەماڵەی قوربانیانی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣٠ی دێسەمبەری ٢٠٠٦

## گەرانێک بە دوای محەممەد جەعفەر سەحراڕوودی بەرێوەبەری ئەسڵی تیرۆری دوکتور...

گەرانێک بە دوای محەممەد جەعفەر سەحراڕوودی بەرێوەبەری ئەسڵی تیرۆری دوکتور قاسملو لە نێو گیراوەکانی شاری هەولێر دا

بە پێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی "در استاندارد" کە بڵاوکراوەیەکی ئوتریشیيە، ئەگەری گیرانی ئەوە هەیە کە یەکێک لە بەرێوەبەرانی کوشتاری ڕیبەرانی کورد لە ساڵی ١٩٨٩ لە ویەن دا لە گەڵ گیراوە ئێرانییەکان شاری هەولێر بێت.

ئەو نووسینە بە پێی هەواڵی یەکێک لە ئێزگا ڕادیوییەکانی ئوتریشی لە قەولی یەکێک لە پەیامە وەرگیراوەکانی

ئەمریکای نوسراوە و بڵاو کراوەتەوە. بەڵام هەتا ئێستا لە لایەن وەزارەتی داد یا وەزیری کاروباری دەرەوەی ئوتریش پشت راست نەکراوەتەوە.

ماریا برگر وتەبێژی وەزارەتی داد لە ئوتریش گوتوویەتی کە: زانیارییەکان لە پەیوەندی لە گەڵ ئەو گیراوە ناسراوەی ئێرانی دا تا ئێستا لە لایەن هیچ لایەکەوە پشت راست نەکراوەتەوە و زۆرتر وەک پڕوپاگاندە دەچێ. لە هەمان کاتیش دا خاتوو برگر گووتی هەر کات ئەو هەواڵە وەراست گەرا، وەزارەتی دادی ئوتریش، بۆ بە دواداچوونی ئەو کەسە گیراوە هەوڵی تەواو دەدات "بە ڕاشکاوانە بە دوای دا دەچێ".

ڕۆژنامەی "در استاندارد" دەنووسێ کە ٣ بەرێوەبەر و قاتڵانی قاسملوو، لە ژێر تەعقیبی نێونەتەوەیی دان، لە درێژەی ئەم ڕاپۆرتە هەواڵە دا گوتراوە کە تا ئێستاش ڕوون نیە کە گیراوەکان لە دەستی هێزەکانی ئەمریکایی دان یا لە دەستی هێزەکانی عێراقی دا.

لە ڕێکەوتی ١٣ی ژوئنی ساڵی ١٩٨٩، دوکتور عەبدوالرەحمان قاسملوو ڕێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و کاک عەبدوڵڵا قادریئازەر نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و کاک فازڵ ڕەسوڵ، لە وتووێژێک لە گەڵ نوێنەرانی رێژیمی ئێران لە ویەن پایتەختی ئوتریش کوژران. "در استاندارد" نووسیویەتی کە: "بەرێوەبەرانی ئەو جەنایەتە توانیان کە لە بالیۆزخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ویەن دا پەنا بگرن و بە هاوکارییەک کە لە نێوان ئێران و ئوتریش دا بەڕێوە چوو، بەرێوەبەرانی ئەو جەنایەتە بە بێ کێشە لە ئوتریش بەرەو ئێران بگەرێنەوە". یەکێک لە بەرێوەبەرانی ئەو تیرۆرە، محەممەد جەعفەر سەحراڕوودییە، بە پێی هەواڵی گەیشتوو ناوبراو یەکێک لەو ٥ کەسە گیراوەی شاری هەولێرە کە بە دەستی ئەمریکایەکان لە بەرەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو دا گیراون.

تیرۆری ڕێبەرانی کورد لە ساڵی ١٩٨٩ دا، یەکێک لەو تیرۆرانە بوو کە لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوو دا بە نیسبەت تیرۆرەکانی دیکەوە دەنگۆی زۆری بە دواوە بووە. ئاریش ماکسیمیلیان ئەشمیت، بەرپرسی بەشی سیاسی کاروباری دەرەوەی ئوتریش زۆر دواتر لە ساڵی ١٩٩٧ دا لە وتووێژێکی خوێ دا گووتبووی کە: لەو کات و سەردەمە دا، باڵیۆزخانەی ئێران بە تەواوی ڕوونی کرد بۆوە کە ئەگەر کەسانێک وەک بەرێوەبەری ئەو جەنایەتە ناسێندرابایەن و لە ئوتریش مەحاکمە کرابان ئەوە" بارودوخ و وەزعیەتی ئوتریشییەکانی دانیشتووی ئێران

دەخەینە مەترسییەوە". ئالویس موک وەزیری کاروباری ئەو کاتی ئوتریش لە روونکردنەوەیەک سەبارەت بە بێ دەنگی کردن" حق السکوت" گووتن لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی دا، لە وشەی ناحەز "کثافت کاری" بەرامبەر بە کردەوەی خۆیان بە کار هێنا.

گیرانی ئێرانی‌یەکان لە هەولێر، جارێکی‌تر گرژی خستۆتەوە نیوان ئەمریکا و کۆماری ئێسلامی. ئەمریکایەکان دەڵێن هەر ٥ کەسە گیراوەکە سەر بە هێزەکانی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامین و بۆ یارمەتی کردن بە هێزە میلیشیایەکانی ناوخۆی‌عێراق هاتوونە شاری هەولێر، بەڵام لەو لاشەوە ئێران دەڵی هەر هەموو گیراوەکان کە ئێستا لە دەست ئەمریکا دان دیپلۆماتی ئێرانین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٦ای جانێویری ٢٠٠٧

---

## وتووێژی نەهێنی و دیپلۆماتیکی نێوان تاران و بیرلین

دونالد کلاینوتووێژی نەهێنی و دیپلۆماتیکی نێوان تاران و بیرلین

حەوتوونامەی ئاڵمانی ئشپیگل لە ژمارەی نوێی خۆی دا، لە ڕێکەوتی ١٥ - ١ - ٢٠٠٧ دا ڕاپۆرتێکی بڵاو کردۆتەوە لە ژێر ناوی وتووێژی نەهێنی لە نێوان دوو دەوڵەتی ئێران و ئاڵمان دا سەبارەت بە ئازاد کردنی کازم دارابی و دونالد کلاین.
کازم دارابی بە تاوانی دەست تێدا هەبوونی لە تیرۆری میکۆنوس لە گرتووخانەییێکی ئاڵمان دایە و "دونالد کلاین"ی ئاڵمانی بە تاوانی بەزاندنی نایاسایی سنووری ئاوی ئێران گیراوە و ئێستا لە یەکێک لە بەندیخانەکانی ئێران دایە.

ئیشپیگل لە ڕاپۆرتەکەی دا دەنووسێ کە هورست کهلر، سەرۆک کۆماری ئاڵمان، لە کۆتایی مانگی دیسامبر دا نامەیەکی بۆ ئایەتوڵڵا خامنەیی ناردووە و داوای ئازاد بوون و بەخشینی "دونالد کلاین"ی تێدا هێناوەتە بەر

باس، ئەو حەوتوونامەیە نووسیویەتی کە تا ڕادەیەک هەنگاوەکان بۆ ئازادی ئەو گیراوە ئاڵمانی‌یە جێگای ئومێدن، لە بەر ئەوە ڕۆڵف موتسنیش نوێنەری پارلمان و ئەندامی حیزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان، لە سەفەری ٣ ڕۆژەی خۆی دا بۆ تاران، لە نەکاو لە مانگی دیسامبر دا لە لایەن ئێرانی‌یەکانەوە ئیجازەی دیدار و چاوپێکەوتنی لە گەڵ دونالد کلاین لە زیندان دا پێدرا و هەروەها خودی کلاین توانیویەتی کە لە گەڵ بنەماڵەکەی بە تەلەفوون پەیوەندی بگرێ و قسە بکات. ئیشپیگل بارودۆخی ئەو گیراوە ئاڵمانی‌یەی لە گرتووخانەی ئێران دا زۆر بە باشی وەسف کرد.

هەروەها لە درێژەی ڕاپۆرتی ئیشپیگل دا هاتووە کە "١١ی فێوریە ساڵیادی دامەزرانی شۆرشی ئیسلامی‌یە و ئێرانی‌یەکان ڕەزامەندی خۆیان بۆ وتوویژ نیشان دەدەن و گۆیا کە خوازیاری وتوویژن".

دیارە پێش سەرۆک کۆماری ئاڵمانیش، ئشتاین مایر، بالیۆزی کاروباری دەرەوەی ئاڵمان، نامەیەکی بۆ هاوتای ئێرانی خۆی مەنوچێهر موتەکی نارد بوو، لە گەڵ ئەوەشدا ئشتاین مایر، لە عەلی ئەکبەری ولایەتی وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی ئێران و ڕاوێژکاری ئێستای ئایەتوڵڵا خامنەیی خواستبوو کە لەو پەیوەندی‌یە دا نێوبژیوانی بکات، بێجگە لەوانەش سیاسەتڤانانی ئاڵمانی وەکوو ولفگانگ شویبلە، وەزیری ناوخۆ لە هەر وتوویژێک دا کە لە گەڵ ئێرانی‌یەکانی هەبوو بێ ناوی "دونالد کلاین"ی هێناوەتە گۆڕێ.

ئەو حەوتوونامەیە بە شێوەیەکی گوماناوی دەنووسێ، کە دەبێ چاوەڕوان بین و ئاکامەکەی ببینین و بزانین ئەو مەسەلەیە چی لێدێتەوە، لە بەر ئەوە لەو نێوە دا ناوی "کازم دارابی" دارێژەری حەمامی خوێنی ڕستورانی میکۆنوس لە ئاڵمان کە لە ساڵی ١٩٩٢ دا ڕوویدا وەبەر گوێ دەکەوێ، ناوبراو ئێستا لە ئاڵمان لە بەندیخانە دایە.

کازم دارابیهەر لە درێژەی ئەو ڕاپۆرتە دا نووسراوە کە، سەرۆک کۆماری ئاڵمان بە باشی ئاگاداری ئەو بارودۆخە نالەبارەی کە کلاین و بە تایبەت ئاڵمان تێدایە هەیە، نیگەرانی سەرۆک کۆماری ئاڵمان لەبەر ئەوەیە کە دوای ساڵانێک بێ دەنگی کردن، ئێستا ئێرانی‌یەکان ناوی کلاین لە گەڵ ناوی کازام دارابی کە لە ساڵی ١٩٩٧ دا لە لایەن دادگایەکی ئاڵمانی‌یەوە بە حەپسی هەتاهەتایی مەحکووم کراوە پەیوەند دەدەن. دیارە وەزعیەتی دونالد کلاین کاتێک بەرەو باش بوون ڕۆیشت کە ناوبراو بەشێک لە بیرەوەری‌یەکانی خۆی لە زیندان دا نووسی و بڵاوی

کردەوە، ئەو لە بیرەوەرییەکانی دا نووسیویەتی کە: "لە سەر بەردی قەبرەکەم بنووسن کە من بوومە قوربانی سیاسەتەکانی کۆماری فیدرالی ئاڵمان کە لە ژێر ڕێبەری ئانگلا مرکل دابووە". هاوکات لە گەڵ چاپ و بڵاو بوونەوەی بیرەوەرییەکانی دونالد کلاین و لە ڕێگای نێوەڕۆکی ئەم نووسینەوە، لە جاران زیاتر هەڵوێست و سیاسەتەکانی ئێران لە مەڕ چارەسەر کردنی کێشەی کازم دارابی ئاشکرا بوون.

بەشێکی دیکەی ئەم ڕاپۆرتە ئاوڕدانەوەیەکە لە وتووێژی نێوان حیزبوڵڵا و ئیسرائیل، سەبارەت بە گۆڕینەوە و ئازاد کردنی بەندکراوەکانی هەر دوو لا، ئەو سەرچاوەیە دەنووسێ کە کازم دارابی یەکێکە لەو کەسانەی کە وێدەچێ لە وتووێژی نێوان ئەم دوو لایانە دا قسەی لە سەر بکرێ، چۆن پێشتریش لە ساڵی ٢٠٠٤ دا واتە لە دەورانی یوهانس ڕاو، سەرۆک کۆماری پێشووی ئاڵمان دا باس لە گۆڕینەوەی دیلەکان کراوە و یوهانس ڕاو ئەوەی پەسەند کرد بوو کە ئەگەر ئێران و حیزبوڵڵا چارەنووسی ڕۆن ئاراد، فرۆکەوانی بزر بووی ئیسرائیل ڕوون بکاتەوە، ئەوە لە جیاتی ئەو کارە، دەوڵەتی ئاڵمان کازم دارابی دەبەخشی، بەڵام ڕەوتی وتووێژەکە نەگەیشتە ئەو قۆناغە.

ئشپیگل لە درێژەی ڕاپۆرتەکەی دا ئاماژە دەکا کە دەوڵەتی ئاڵمان نیازی ئەوەی نیە کە مل ڕاکێشێ بۆ باج دان لە بەرامبەر ئێران دا، ئاڵمانییەکان ڕێگاییێکی دیکەیان دەست نیشان کردووە کە ئەویش ڕێگای ئینسانی و مرۆڤایەتییە بۆ ئازاد کردنی دونالد کلاین و دەڵێن ئێران نابێ ڕێگایەکان بۆ ئازاد کردنی دونالد کلاین لە بواری مرۆڤایەتییەوە دابخات و ئێمەش بۆ ئازاد کردنی دونالد کلاین هیچ دریغییەک ناکەین و لە هەمان کاتیشدا نابێ چارەنووسی دونالد کلاین بە کازم دارابییەوە گرێ بدرێ.

لەو بارەوە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئاڵمان لە مانگی دیسامبر دا" موتسنیش" ی ڕەوانەی ئێران کرد تا لەو بارەوە لە گەڵ ئێرانییەکان بکەونە دیالۆگەوە، نوێنەری ئاڵمان کە یەکێک لە پارلمانتێرەکانە لە گەڵ وەزیری علوم لە ئێران قسەی کردوە و گووتویەتی هەر کردەوە و هەنگاوێک لە مەڕ ئازاد کردن و یا ئازاد نەکردنی دونالد کلاین ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر شێوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئاڵمان دا دەبێت.

ئشپیگل لە هەڵسەنگاندنێک دا لە ڕاپۆرتەکەی دا دەڵێ کە: لە گەڵ هەموو ئەوانەش دا وەزعیەت و چارەنووسی دونالد کلاین بە تەواوی ڕوون نییە، لە بەر ئەوە ئێستاش ئاشکرا نییە، کە کام یەک لە قۆڵەکانی دەسەڵاتداری

ئێران لە تاران دا سەر دەکەون، بەڵام بە باوەڕی موتسنیش هەر ئەوە کە توانیویەتی لە زیندان ٢ کاتژمێر چاوی بە دونالد کلاین بکەوێ بۆ خۆی هەنگاوێکی باش و گرینگە.

حەوتوونامەی ئشپیگل ئاڵمانی نووسیویەتی کە ئەگەری سیناریۆیێکی دیکەش هەیە کە ئەویش ئەوەیە کە ئێران جارێکیتر و ئەمجارەش دونالد کلاین بە تاوانی جاسووسی کردن مەحاکمە بکاتەوە، ئەگەرچی ئەو تاوانە بە باوەڕی نووسەری ئەم ڕاپۆرتە زۆرتر وەک خەیاڵ دەچێ، بەڵام بۆ گوشار خستنە سەر ئاڵمان بە مەبەستی معاملە و ئاڵوگۆڕ کردن لە گەڵ کازم دارابی زۆر کاریگەری هەیە، ئەگینا ئەگەری ئەوە هەیە کە دونالد کلاین ساڵانێکی زۆر لە زیندان دا بمێنێتەوە، هەر بۆیە دەوڵەتی ئاڵمان زۆر بە پەرۆشی ئەو مەسەلەیەوە و بەرپرسانی دەوڵەت لە بێرلین دەڵێن کە ئەو بوختانە دەتوانێ وەک شمشیری داموکلس بە سەر پەروەندەکەوە دابندرێت.

بە پێی ڕاپۆرتی ئشپیگل، لە مانگی نوامبری ٢٠٠٥ دونالد کلاین لە گەڵ بنەماڵەکەی بۆ سەفەر دەچێ بۆ "دوبێ"ی و لە ٢٩ هەمان مانگدا لە گەڵ کەسێکی فەرانسەوی بە مەبەستی ماسی گرتن بەلەمێکی موتوری بکرێ دەگرن و دەچنە تەنگەی هورمز (تنگە هرمز) لە نێزیک دورگەی ئەبوو موسا و خەریکی بەلەم لیخورین دەبن، لەنەکاو و بە بێ زانیاری پێشتر و زۆر بە ئاسانی سنووری ئاوی ئێران دەبەزێنن و دەچنە ناوچەی قەدەغە کراوی ناو ئێران، کەسە فەرانسەوییەکەی کە لە گەڵ دونالد کلاین دەبێ خەریکی فیلم هەلگرتن لە دونالد دەبێت، کە لە پڕ هێزەکانی ئێرانی بەلەمەکە گەمارۆ دەدەن و هەر دوو کەسەکە دەست بەسەر دەکەن. دوای ئەم ڕووداوە لە مانگی ژانویەی ڕابردوو دا دونالد کلاین بە ١٨ مانگ زیندانی مەحکوم دەکرێ. لەو کاتەوە تا ئێستا دونالد کلاین بۆتە یەکێک لە مەسەلە دیپلۆماتییەکانی نێوان ئاڵمان و ئێران.

ئاڵمانییەکان ئێستا هیوادارن کە نامەی سەرکۆماری ئاڵمان بۆ ئایەتوڵڵا خامنەیی هەڵوێستێکی نەرمتری لە لایەن ئێرانەوە سەبارەت بە کلاین بە دواوە دەبێت و کلاین وەبەر عەفوو و بەخشین دەکەوێ، ئەو بەخشینە دەتواندرێ لە ١١ی فێوریە دا بە بۆنەی ساڵیادی شۆرشی ئیسلامی ئێرانەوە بێت.

نووسینی: مەجید ڕوشەنزادە

سەرچاوە: ماڵپەری ایران امروز

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٧ی جانێویری ٢٠٠٧

# پانۆرامای شۆڕش و ڕاپەرینی ١٣٥٧ی هەتاوی

لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بزووتنەوەی جەماوەریی خەڵک لە دژی ڕێژیمی محەممەد ڕەزا پەهلەوی،شای ئێران، خێرایی و توندی‌یەکی زۆری بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە بە خۆیەوە بینی. لە هەمان کاتیشدا سستی و خۆشباوەڕی و خۆشخەیاڵی و نەخۆشی شای ئێرانیش بوونە هۆی ئەوە کە جەماوەری خرۆشاو بۆ درێژەدانی خەباتی چەندین ساڵەی خۆیان، بەرەو سەرکەوتنی زیاتر هیوادارتر بکا. ئەوەی لە ژێرەوە نووسراوە، چاوخشاندنێکە بەسەر گرینگترین ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا، ئەو ساڵەی کە مێژوو و جوغرافیای سیاسی ڕۆژهەڵاتی نێوەراستی بۆ هەمیشە گۆڕی.

## مانگی خاکەلێوە

٨ی مانگی خاکەلێوە: خەڵکی شاری یەزد لە درێژەی ناڕزایەتی‌یە زنجیرەییەکانی شارەکانی ئێران و بۆ پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی‌تر بە دژی ڕێژیمی شای ئێران خۆپێشاندانیان وەڕێ خست. دوای دەرکرانی بابەتێکی پڕ لە بێ حورمەتی لە ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە مانگی بەفرانباری ١٣٥٦ی هەتاوی دا لە سەر ئایەتوڵڵا خومەینی ڕێبەری مەزهەبی‌یەکانی دژ بە ڕێژیمی شاهەنشاهی، سەرەتا خەڵکی شاری قوم لە ١٩ی بەفرانباری ئەو ساڵەدا خۆپێشاندانیان وەرێ خست و چەند کەسێکیان لێ کوژران. لە چلەی کوژراوەکانی شاری قوم دا، خەڵکی شاری تەورێز خۆپێشاندانێکی بەرینیان بە دژی شا وەرێ خست و لەم خۆپێشاندانەشدا کۆمەڵێک لە خۆپێشاندەران کوژران و لە چلەی کوژراوەکانی تەورێزیش دا خەڵکی شاری یەزد ڕژانە سەر شەقامەکان و بە دژی ڕێژیمی شا خۆپێشاندانێکی بەرین و چەند ڕۆژیان وەرێ خست. ١٩ی مانگی خاکەلێوە: بەندی‌یە سیاسی‌یەکانی نێو بەندیخانەی قەزەل حەسار مانیان لە خواردن گرت.

٢١ی خاکەلێوە: خۆپێشاندانی خوێندکارانی زانکۆ لە تاران لە لایەن هێزەکانی ئەمنییەتی ڕێژیمی شا بە توندی سەرکوت کرا و کۆمەڵێک لە خوێندکارانیش بریندار بوون.

## مانگی بانەمەڕ

٢٠ی بانەمەڕ: خوێندکارانی چەندین زانکۆ خۆپێشاندانیان بە دژی ڕێژیمی شا بەڕێوەبرد، حکوومەت بە دەرکردنی بەیاننامەیەک خۆپێشاندەرانی بە ئاژاوەگێر و فیتنەچی ناوبرد و هەروەها ئاماژەی پێدا بوو کە دژبەرانی حکوومەت لە بەرامبەر کۆمەڵگایەکی 35 میلیۆن کەسی ئەو کاتی ئێران دا " کەمینەیەکی نادیار"ن. بەو حاڵەشەوە نارەزایەتیی خوێندکاران هەروا بەردەوام بوو. هەر لە هەمان کاتیشدا بەشێک لە خوێندکاران کە پشتیوانیان لە حکوومەتی شا دەکرد بە ناردنی نامەیەک بۆ جەمشید ئاموزگار، سەرۆک وەزیری ئەوکاتی ئێران، کردەوەی دژبەرانی حکوومەتیان مەحکووم کرد بوو.

## مانگی جۆزەردان

٣ی جۆزەردان: یەکەم شۆرای حیزبی ڕەستاخیز بە دەستوور و پەیامی محەممەد ڕەزا پەهلەوی دەستی بەکار کرد. شا لە پەیامەکەی دا گوتی کە دونیا بە دەست قەیرانی ئیدیۆلۆژییەوە دەناڵێنێ، بۆیە ڕێگای حیزبی ڕەستاخیز، کە ئەو لە سەر بنەمای فەلسەفەی شۆڕشی شا و نەتەوە دایناوە، دەتوانێ ڕزگاریدەری دونیا بێ.

٩ی بانەمەڕ: خوێندکارانی زانکۆی تاران خۆپێشاندانیان لە کوی ئەمیرئابادی باشووری تاران بە دژی حکوومەتی شا بەڕێوەبرد و بە دانی دروشم بە دژی حکوومەتی شا لەگەڵ هێزە تایبەتییەکانی پاراستن تووشی تێکهەڵچوون بوون و بۆ ڕۆژی دوایی نارزایەتییەکان گەیشتنە نێو شەقامەکانی تاران و شەقامەکانی تارانیش خۆپێشاندانی بەخۆوە بینی.

١٦ی جۆزەردان: لەگەڵ زیاتر بوون و بەهێز بوونی نارزایەتییەکان، گەورە بەرپرسی هێزەکانی سەربازی ئێران و بەرپرسی سەرەکیی سازمانی ئەمنییەتی و زانیاری وڵات، ساواک، نیعمەتوڵڵا نەسیری بە ئەمری شای ئێران کارەکەی لێوەرگیرایەوە و وەکوو باڵیۆزی ئێران نێردرایە پاکستان و سپاسالار ناسر موقەدەم کرا بە بەرپرسی ساواکی ئێران. لە مانگی ڕەزبەردا نیعمەتوڵڵا نەسیری گەڕایەوە ئێران و بە هۆی گەندەڵی دارایی لە لایەن ڕێژیمەوە دەست بەسەر کرا.

## مانگی پووشپەر

٣٠ی پووشپەر: شێخ ئەحمەد کافی یەکێک لە وتاربێژان و دژبەرانی نەترسی حکوومەتی شا، لە ڕووداوێکی هاتووچۆ دا گیانی لە دەست دا. مردنی شێخ ئەحمەد بوو بە هۆی ئەوە کە دژبەران هێرش بکەنە سەر مەیخانە و کابارەکان و لە هەندێک لە شارەکان تێکهەڵچوونی چەند ڕۆژە لە نێوان دژبەران و هێزەکانی ئەمنییەتی ئێران ڕوویدا و خەڵک هێرشیان دەکردە سەر کاباره و سینماکان.

## مانگی گەلاوێژ

**٦ی گەلاوێژ:** دوای مردنی شێخ ئەحمەد کافی لە لایەن ئەمیرعەبادسی هوەیدا وەزیر لە کابینەی شادا، پەیامێکی هاودەردی بڵاو کرایەوە و هاودەردی لە لایەنگرانی شێخ ئەحمەد کرد بوو.

**٨ی گەلاوێژ:** زیاتر لە بیست خوێندکاری زانکۆ بە تاوانی بەشداری کردن لە خۆپێشاندان و ئاڵۆزکردنی باری ئەمنی وڵات لە شاری ساری لێپرسینەوەیان لێکرا و موحاکمە کران.

**١٤ی گەلاوێژ:** محەممەد ڕەزا پەهلەوی بە بۆنەی حەفتاو دووهەمین ساڵڕۆژی شۆڕشی مەشرووتە بەڵێنی دا کە هەڵبژاردن ١٠٠% ئازادانە بەڕێوە دەبا. ئەو گوتی کە وڵات لە قۆناخی گەشەی سیاسی و بەرینتر بوونەوەی ئازادییە مەدەنییەکان دایە. دوای قسەکانی شای ئێران، ئایەتوڵڵا خومەینی ڕەددی قسەکانی شای دایەوە و گوتی کە وەعدە و بەڵێنییەکانی شا زۆرتر بۆ ئەوەیە کە " هەستی خەڵک و بزووتنەوەکە بە لاڕێ دا بەرێ." لە دەستپێکی مانگی ڕەمەزان دا خومەینی داوای لە خەڵک کرد کە مزگەوتەکان بکەنە شوێنی خەبات بە دژی ڕێژیمی شای ئێران. مزگەوتی قەبا لە شاری تاران بوو بە ناوەندێکی گرینگ بۆ قسە کردن و لە قاودانی کردەوەکانی ڕێژیم و بوو بە ناوەندێک بە دژی حکوومەتی ئێران.

**١٩ی گەلاوێژ:** لە بەرەبەری بەڕێوەچوونی دوازدەهەمین جێژنی هونەر لە شیراز، خەڵکی ئەم شارە دەستیان دایە نارزایەتی دەربرین، هێزەکانی سەربازی ڕێژیم بۆ بڵاوە کردنی خۆپێشاندەران لە گازی فرمێسکڕێژ کەڵکیان وەرگرت. ساڵۆنی کۆنفەرانسی زانکۆی پەهلەوی شیراز ئاگری تێ بەردرا و تێکهەڵچوونەکان چەند ڕۆژ درێژەیان

كێشا و چه‌ندین كه‌سیش له‌و تێكهه‌ڵچوونانه‌دا گیانی خۆیان له‌ ده‌ستدا. هه‌روه‌ها له‌ شاری ئیسفه‌هان هوتێلی شا عه‌باس ئاگری تێ به‌ردرا و به‌ هۆی توندوتیژی له‌ نێوان خه‌ڵك و حكوومه‌تدا، هه‌موو جۆره‌ هاتووچۆیه‌ك له‌ لایه‌ن حكوومه‌ته‌وه‌ قه‌ده‌غه‌ كرا و ته‌نانه‌ت مه‌جلیسه‌كانی دوعا خوێندنه‌كانیش به‌ربه‌ست كران. له‌ تارانیش له‌ لایه‌ن خه‌ڵكانی نارازییه‌وه‌ شیشه‌ی چه‌ندین بانك و سینه‌ما وردوخاش كران و شكێندران. ئایه‌تولڵا خومه‌ینی به‌ بۆنه‌ی كوژرانی خه‌ڵك له‌ شاره‌كانی شیراز و ئیسفه‌هان په‌یامێكی پێشكه‌ش كرد و كوژرانی خه‌ڵكی مه‌حكووم كرد.

٢٣ی گه‌لاوێژ: وته‌بێژی ده‌وڵه‌ت، داریوش هومایون، بوونی ده‌ربرینی نارزایه‌تی و ئاڵۆزی له‌ شاره‌كانی جۆراوجۆری ئێرانی بۆ هه‌بوونی زیادی ئازادی گه‌ڕانده‌وه‌ و گوتی هه‌موو لایه‌ك دڵنیا ده‌كه‌مه‌وه‌ كه‌ باردۆخه‌كه‌ له‌ ژێر كۆنترۆڵی ئه‌وان دایه‌ و هیچ جێگای نیگه‌رانی نییه‌.

٢٥ی گه‌لاوێژ: دوای توندوتیژییه‌كان له‌ شاری شیراز، جێژنی هونه‌ر هه‌ڵوه‌شێندرایه‌وه‌ و له‌ پاشه‌كشه‌یه‌كی دیكه‌ی حكوومه‌تدا ژماره‌یه‌ك له‌ گیراوه‌كانی تێكهه‌ڵچوونه‌كانی شێراز و ئیسفه‌هان ئازاد كران و قه‌ده‌غه‌ كرانی كۆبوونه‌وه‌ له‌ مزگه‌وته‌كان و به‌رنامه‌ دینییه‌كانیش ته‌واو بوون و هه‌موو بریاره‌كانی پێشوو هه‌ڵوه‌شێندرانه‌وه‌.

٢٨ی گه‌لاوێژ: چه‌ند سه‌د كه‌س له‌ خه‌ڵك كه‌ له‌ نێو ئه‌وان دا ژن و منداڵیش هه‌بوون له‌ سینه‌ما ڕێكسی ئابادان دا به‌ هۆی ئاگركه‌وتنه‌وه‌ كوژران. ته‌وژم و تینی ئاگره‌كه‌ به‌ ڕاده‌یه‌ك بوو كه‌ به‌شی زۆری كوژراوه‌كان نه‌ناسرا بوونه‌وه‌. هه‌ئیه‌تی لێكۆلینه‌وه‌، ئه‌و ئاگر كه‌وتنه‌وه‌یان به‌ ئانقه‌ست دانا. دژبه‌رانی حكوومه‌ت و یه‌ك له‌وان ئایه‌تولڵا خومه‌ینی ڕووداوی سینه‌مای ڕێكسی ئابادانیان به‌ یه‌كێك له‌ " شته‌ شاز و گه‌وره‌كان شا" بۆ به‌دنێو كردنی شۆڕش ناوبرد. له‌ به‌رامبه‌ریش دا حكوومه‌تی شا به‌ ڕه‌دد كردنه‌وه‌ی ئه‌و قسانه‌ی خومه‌ینی و داروده‌سته‌كه‌ی گوتیان: "ماركسیسته‌ ئیسلامییه‌كان" تاوانبارن له‌ به‌رامبه‌ر سووتانی سینه‌ماكه‌ دا و گووتی له‌ جیاتی" گه‌شه‌ی گه‌وره‌، ترس و خۆفی گه‌وره‌" ده‌ده‌نه‌ ده‌ست خه‌ڵك.

## مانگی خه‌رمانان

١ی خه‌رمانان: خه‌ڵكێكی زۆر له‌ تاران هاتنه‌ سه‌ر شه‌قامه‌كان و به‌ خۆپێشاندانی به‌رین و گه‌وره‌، نارِزایه‌تی خۆیان ده‌ربری و هێرشیان كرده‌ سه‌ر به‌شێك له‌ بانك و سینه‌ما و كاباره‌كان.

٤ی خه‌رمانان: له‌گه‌ڵ هه‌ڵگیرسانی ئاگری تووڕه‌یی خه‌ڵك، جه‌مشید ئاموزگار ناچار بوو كه‌ ده‌ست له‌ كار بكێشێته‌وه‌ و جه‌عفه‌ر شه‌ریف ئیمامی، كه‌ كوڕی مه‌لازاده‌یه‌ك و به‌رپرسی مه‌جلیسی سه‌نای ئێران بوو، كرا به‌ به‌رپرسی پێكهێنانی ده‌وڵه‌ت "ئاشتی نه‌ته‌وه‌". جه‌عفه‌ر شه‌ریف ئیمامی له‌ یه‌كه‌م هه‌نگاوی خۆیدا بۆ ڕاكێشانی بیروڕای پیاوانی به‌ناوبانگی ئایینی و دژبه‌رانی شا، مێژووی و ڕێكه‌وتی ئێران كه‌ تا ئه‌وكات شایه‌تی بوو گه‌ڕانده‌وه‌ سه‌ر مێژوو و ڕێكه‌وتی هه‌تاوی و بریار و ده‌ستووری دا كه‌ هه‌موو گازینۆ و قومارخانه‌كان دابخرێن و له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا كۆمه‌ڵێك له‌ مه‌لاكان كه‌ له‌ زیندان دابوون ئازاد كران، به‌و حاڵه‌ش پریشكی ئاگری خه‌بات و نارزایه‌تی ده‌ربرین گه‌یشته‌ به‌شێكی زۆر له‌ شاره‌كانی ئێران و كۆتایی نه‌هات.

١٣ی خه‌رمانان: سه‌دان هه‌زار كه‌س له‌ خه‌ڵكی تاران دوای به‌شداری كردن له‌ جێژنی ڕه‌مه‌زاندا له‌ ته‌پۆڵكه‌كانی قه‌یته‌ریه‌ خۆپیێشاندانیان به‌ دژی حكوومه‌تی په‌هله‌وی وه‌ڕێ خست.

١٧ی خه‌رمانان: دوای خۆپیێشاندانی ڕۆژه‌كانی پێشتری خه‌ڵكی شاری تاران، گه‌وره‌ سه‌رداری سه‌ربازی غولام عه‌لی ئویه‌سی فه‌رمانده‌ی هێزه‌كانی ده‌وڵه‌ت له‌ تاران، له‌ یه‌كه‌م كاته‌كانی به‌یانیدا رایگه‌یاند كه‌ هیچ كه‌س حه‌قی نییه‌ كه‌ هاتووچۆ بكات، به‌ڵام خۆپیێشانده‌ران به‌ گوێ نه‌دان به‌ بڕیاری مه‌نعی هاتووچۆ، له‌ گۆڕه‌پانی ژاله‌ی تاران كۆبوونه‌وه‌ و هه‌ر له‌وێ هێزه‌كانی ئه‌منییه‌تی ئێران خه‌ڵكیان وه‌به‌ر ده‌سترێژی چه‌كه‌كانیان دا، سه‌باره‌ت به‌ ژماره‌ی كوژراوانی گۆڕه‌پانی ژاله‌ تا ئێستاش بیروڕای جیاواز هه‌یه‌، به‌ڵام هیچ شكو گومانێك نییه‌ له‌ ئاست ئه‌م كوشتاره‌ "هه‌ینی ڕه‌ش" كه‌ گوڕو تینێكی زیاتری به‌ مانگرتن و ناڕزایه‌تی‌یه‌كان به‌خشی و كاریگه‌ری‌یه‌كی زۆری بۆ ڕووخاندنی حكوومه‌تی محه‌ممه‌د ڕه‌زا په‌هله‌وی هه‌بوو.

١٨ی خه‌رمانان: ئه‌میر عه‌باس هوه‌یدا كه‌ له‌ ساڵی ١٣٤٣ تا ١٣٥٦ سه‌رۆك كۆمار بوو، له‌ لایه‌ن وه‌زاره‌تی ده‌رباره‌وه‌ لابردرا و عه‌لی قولی ئه‌رده‌ڵان ته‌مه‌ن ٨٠ ساڵه‌یان له‌ جێگای ئه‌و دانا.

## مانگی ڕه‌زبه‌ر

٢ی ڕه‌زبه‌ر: هێزه‌كانی ئه‌منییه‌تی عێراق ماڵی ئایه‌توڵڵا خومه‌ینی‌یان له‌ شاری ئایینی نه‌جه‌ف گه‌مارۆ دا، بۆ ئه‌وه‌ی كه‌ به‌ربه‌ستێك پێك بێنن له‌ ئاست وتووێژ كردنی خومه‌ینی له‌گه‌ڵ هه‌واڵنێره‌كان و هه‌روه‌ها ده‌ركردنی

بەیاننامە. بەڵام ئەو گووتی کە لە هەر جێیەک بم، ئەرکی شەرعی خۆم بەرێوە دەبەم. لایەنگرانی شۆڕش دەیان گووت: ئەو کارە لە سەر داوای حکوومەتی شای ئێران بەرێوە چووە، بەڵام وتەبێژی حکوومەت ئەو قسانەی ڕەدد کردەوە. هەر لەم ڕۆژەدا کرێکارانی پالاوگەی نەوتی ئابادان دەستیان دایە مانگرتنێکی قورس و گەورە و ئەو مانگرتنەش بوو بە هۆی کەمبوون و گرانی سووتەمەنی.

١٤ی ڕەزبەر: ئایەتوڵلای خومەینی لە ژێر گوشاری عیراق دا بەرەو پاریس ڕۆیشت و لە گەڕەکی نوفل لوشاتو لە پایتەختی فەرانسە نیشتەجێ بوو. وڵاتانی ئیسلامی لە ژێر گوشاری شا دا ئامادە نەبوون کە ئەو وەر بگرن. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە هەندێک لە سەرچاوەکان دەیان گووت کە دیاری کردنی پاریس لە لایەن هێزەکانی نەتەوەپەرەستی دژ بە شا بۆ ئایەتوڵلا خومەینی پێشنیار کراوە. نێزیکانی ئەو و بە تایبەت کورەکەی ئەحمەد پێداگر بوون لە سەر ئەوە کە "ئیمام خومەینی بۆ خۆی بریاری کۆچی بۆ فەرانسە داوە و ئەو کۆچەش بە هیچ کەس و یا گرووپێکی سیاسی چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە پەیوەندی نییە و بەیانی ئیدیعای ئەوەی نەکەن کە ئێمە هاتین بۆ ئەوەی ئیمام ڕێگای پاریس بگرێتە بەر".

٢٢ی ڕەزبەر: چاپەمەنی‌یەکان دوای وەرگرتنی هەندێک زەمانەت لە دەوڵەت بۆ نەهێشتن و ڕاگرتنی سانسۆر کۆتاییان بە مانگرتنی خۆیان هێنا. لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژە مانگرتنەدا، ڕۆژنامەی بەیانی "صبح" سێ ژمارە و ڕۆژنامەی ئێوارە "عصر" دوو ژمارەی خۆیان دەر نەکرد.

## مانگی خەزەڵوەر

٩ی خەزەڵوەر: زیاتر لە ٣٠ هەزار کەس لە کرێکارانی سینعەتی نەوت دەستیان بە مانگرتنێکی گەورە کرد. ئەوان خوازیاری کۆتایی هاتنی حکوومەت نیزامی و ئازادی بەندی‌یە سیاسی‌یەکان و موحاکمەی گەورە سەردار نەسیری بوون.

١٣ی خەزەڵوەر: لە هێرشێکی هێزەکانی ئەمنییەتی بۆ سەر قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆی تاران دەیان کەس کوژران. ئەو ڕۆژە بە "شەممەی سوور" بە ناوبانگە و دواتریش ئەم ڕۆژە کرا بە ڕۆژی خوێندکار. هەر لەم ڕۆژەدا ئەندامانی سەندیکای ڕۆژنامەڤانان مانگرتنێکی دوو مانگەیان وەڕێ خست.

١٤ی خەزەڵەوەر: خۆپێشاندەران لە تاران لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەت تێکهەڵچوون و خۆپێشاندەران هێرشیان کردە سەر باڵیۆزخانەی ئینگلیس. دەوڵەتی شەریف ئیمامی دەسەڵاتی ئیداری دا بە گەورە سەردار ئەزهاری، بەرپرسی هێزی هاوبەشی پاراستن. ئاغای ئەزهاری لە یەکەم هەنگاوی خۆیدا و لە ماوەی یەک حەوتوو دا هەموو قوتابخانەکانی داخستن و دەرچوونی تەواوی ڕۆژنامەکانی راگرتن و لەگەڵ ئەوەشدا بنکەی رادیۆ و تەلەفزیۆنی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، هەروەها ژمارەیەک لە بەرپرسانی پایەبەرزی پێشووی دەوڵەتی و یەک لەوان ئەمیر عەباس هوەیدا سەرۆک کۆماری پێشوو و وەزیری دەرباری شای دەست بەسەر کردن.

١٥ی خەزەڵەوەر: محەممەد ڕەزا پەهلەوی لە ڕێگای تەلەفزیۆنەوە بە خۆپێشاندەران و دژبەرانی خۆی راگەیاند کە دەنگی بزووتنەوە و شۆڕشی ئەوانی گوێ لێبووە. ئەو داوای لە دایک و باوکەکان کرد کە نەهێڵن، منداڵەکانیان "بە هۆی هەست و سۆزی دەروونیەوە تێکەڵ بە ئاڵۆزیەکان ببن"، ئەو قسانەی شا، دژبەرانی شای بەرەو سەرکەوتن زیاتر هیوادارتر کرد.

٢٠ی خەزەڵەوەر: کەریم سەنجابی، ڕێبەری جەبهەی نەتەوەی ئێران، کە تازە لەگەڵ خومەینی دیداری کرد بوو و لە فەرانسە ڕا گەڕابۆوە، لەگەڵ داریوش فرووهەر لە سەرەتای وتووێژێکی ڕۆژنامەوانی دا گیران.

## مانگی بەفرانبار

٨ی بەفرانبار: شا بە مەبەستی رازی کردنی دژبەرانی گەورە سەردار ئەزهاری لە بەرپرسایەتی و سەرۆک کۆماری وەلا خست و شاپووری بەختیاری ڕاسپارد کە ئەو بەرپرسی پێکهێنانی دەوڵەتە.

٢٢ی بەفرانبار: شۆرای ئینقلاب بە ئەمری ئیمام خومەینی دامەزرا.

٢٣ی بەفرانبار: شۆڕای سەڵتەنەتی بە ئەمری شا و بە بەرپرسایەتی جەلالەدین تێهرانی دامەزرا. دژبەرانی شا ئەو کردەوەی محەممەد ڕەزا شایان بە هەوڵێکی بێ مایە دانا و ئەو کارەیان نەک وەک ئەرکێکی دێموکراتیانە سەیر نەکرد بەڵکوو ئەویان هەر ڕەد کردەوە.

٢٦ی بەفرانبار: محەممەد ڕەزا پەهلەوی لەگەڵ هاوسەرەکەی فەرەح دیبا و منداڵەکانی بۆ ئاخرین جار ئێرانیان بە مەبەستی چوون بۆ وڵاتی میسر بەجێ هێشت. شا ئەم ڕۆیشتنەی وەک پشوو و ئیسراحەت نێو برد، بەلام دژبەرانی شا ئەو ڕووداوەیان وەک "هەڵاتنی شا" وەسف کرد. خەڵک بە بیستنی ئەم هەواڵە ڕژانە سەر شەقامەکان و جێژنەیان گرت، ئایەتوڵڵا خومەینی بە دەرکردنی نووسراوەیەک داوای لە خەڵک کرد کە ئارامی و نەزم بپارێزن.

## مانگی ڕێبەندان

٣ی ڕێبەندان: ئایەتوڵلا خومەینی بە ناردنی نووسراوەیەک شۆڕای سەڵتەنەتی کە شا بۆ ڕزگاری خۆی لەم قەیرانە سازی کرد بوو نایاسایی ڕاگەیاند. جەلالەدین تێهرانی بەرپرسی شۆرای سەڵتەنەتی، دوای دەست لەکار کێشانەوەی و نایاسایی راگەیاندنی ئەم شۆرایە، توانی بچێتە دیداری ئایەتوڵڵا خومەینی.

٤ی ڕێبەندان: دوای ئەوە کە ئایەتوڵڵا خومەینی رایگەیاند کە بە نیازە بگەڕێتەوە بۆ ئێران، هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران بە فەرمانی ئاغای بەختیار باندی فرۆکەخانەی مێهرئابادیان بە تانگ و زرەپۆش بەست و لە ئاکام دا لایەنگرانی شۆڕش و دژبەرانی حکوومەت خۆپێشاندانیان وەڕێ خست و سەرۆک کۆماریان لە شەڕێکی چەکداری ئاگادار کردەوە و هەڕەشەی شەڕیان بەرامبەر بەم کردەوەیە کرد.

٥ی ڕێبەندان: ڕێبەرانی ئەو کاتی ئەمریکا، بریتانیا، ئاڵمان و فەرانسە لە دورگەی گوادالوب ویرای باس و خواستەکانی خۆیان سەبارەت بە نائارامی و قەیرانی سیاسی لە ئێران دا قسەیان کرد. بە پێی هەندێک سەرچاوە، جیمی کارتر، سەرۆک کۆماری ئەو کاتی ئەمریکا و جێمز کالاهان، سەرۆک کۆماری بریتانیا، لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە ڕۆژمێری دەسەلاتی حکوومەتی محەممەد ڕەزا پەهلەوی بەرەو کۆتایی هاتووە و ئەو دەبێ بڕوا، بەڵام واڵری ژیسکار دستن سەرۆک کۆماری فەرانسە و هێلمەت ئێشمیت گەورە بەرپرسی ئاڵمانی پێداگر بوون لە سەر پشتیوانی لە شای ئێران. بەشێک لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دەڵێن لەو کۆبوونەوەیە دا ڕێبەرانی سینعەتی گەورەی جیهان بریاریان دا کە ڕێگا بۆ بە دەسەڵات گەیشتنی خومەینی خۆش بکەن، ئیدیعایەک کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ڕەددی دەکەنەوە.

١٢ی ڕێبەندان: گەڕانەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ ئێران و پێشوازی میلیۆن کەسی خەڵک لە گەڕانەوەی خومەینی دا بۆ ئێران. دوای گەڕانەوەی ئەو گوتی کە بە پشت بەستن بە خەڵک دەوڵەت دادەمەزرێنم.

١٥ی ڕێبەندان: لە کاتێکدا دەولەتی ئاغای بەختیار لە سەرکار بوو، مێهدی بازەرگان دوای بریارێک کە لە لایەن خومەینییەوە پێیگەیشت کرا بە بەرپرسی پێکهێنانی دەوڵەتی کاتی بۆ ئێران. ئایەتوڵڵا خومەینی بنەمای شەرعی بوونی ئەو هەڵبژاردنەی گەڕاندەوە بۆ "مافی شەرعی و مافی یاسایی کە ئەویش دەنگی زۆرینەی خەڵکی ئێرانە کە ئەو بزووتنەوەیان بەڕیوەبرد". ئاغای بەختیاریش لە هەڵوێستێک دا بەرامبەر بەم بڕیارە گوتی: "لە هەندێک مەسەلە و ئوسووڵ دا، نە لەگەڵ شا و نە لەگەڵ خومەینی ڕێک ناکەوم."

٢٠ی ڕێبەندان: هەزاران کەس لە لایەنگەرانی ئاغای بەختیار بۆ پشتیوانی لە دەوڵەتی بەختیار لە وەرزیشگای ئەمجەدیە (شەهید شیرودی ئەمڕۆیی) کۆبوونەوە.

٢١ی ڕێبەندان: ئایەتوڵڵا خومەینی داوای لە خەڵک کرد کە حکوومەت نیزامی لەبەرچاو نەگرن و فەرماندە نیزامییەکانی ئاگادار کردەوە کە "ئەگەر دەست لە براکوژی هەڵنەگرن، ئەوە ئاخرین بریاری خۆم (ڕاگەیاندنی جیهاد) بە هیوای خوا دەدەم".

٢٢ی ڕێبەندان: دوای چەند ڕۆژ تێکهەڵچوونی زۆر قورس و خوێناوی لە نێو خەڵک و هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێراندا، سەرئەنجام فەرماندە و گەورە بەرپرسانی سەرەوە بریاریان بە هێزە ئەمنییەتییەکانی خۆیان دا کە چیدی تەقە لە خەڵک نەکەن و کۆتایی بەو تێکهەڵچوونانە بێنن و دەوڵەتی ئاغای بەختیار تێک ڕووخا. ڕادیۆ تەلەفزیۆنیش کەوتە دەستی خەڵک و شۆڕشی گەلانی ئێران بە سەر حکوومەتی ٢٥٠٠ ساڵەی حکوومەتی شاهەنشاهی دا سەرکەوت.

سەرچاوە: ماڵپەری بیبیسی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: جانێوێری ٢٠٠٩

# ٢٠١٢

---

## بە بۆنەی رۆژی جیهانیی منداڵانەوە

لە یەکی مانگی ژوئەن دا بەرەو پیری بۆنەیەکی جیهانی دەچین، واتە جێژنی جیهانیی منداڵان. ڕۆژی یەکەمی مانگی ژوئەن، ڕۆژێکە بۆ بەگژ داچوونەوەی ئەو کەسانەی کە مافەکانی منداڵان پێشێل دەکەن و هەستی ناسک و ژیانی منداڵانەیان لێ تێکدەدەن و لە هەمان کاتیش دا کردنەوەی دەروازەیەکە بۆ ڕەنگین کردنی دونیای بێغەوش و پڕ لە کایە و سادەی منداڵان.

ئەوەی لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم ڕۆژە دا بێت، ئەوەیە کە لە وڵاتانی ئازاد و پێشکەوتوو دا، سەرەرای پێشێل نەکردنی مافی منداڵان لە تەواوی ڕۆژانی ساڵدا، ڕۆژێکی ساڵیش بۆ ڕێز گرتن لە مافەکانی منداڵان دیاری کراوە و لەم ڕۆژەدا دایک و باوکەکان و کۆمەڵە و ئەنجومەنە تایبەتی‌یەکانی پەیوەندیدار بە مافی منداڵانەوە زۆر بە گەرمی و ڕووخۆشانە بەرەو پیرۆز کردنی ئەم ڕۆژەوە دەچن و زۆر پێشتر پلان و بەرنامەیان بۆ هەرچی باشتر بەرێوە چوونی ئەم ڕۆژە دارشتوە.

بەڵام لە بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی دونیا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بە تایبەت لە کوردستانی بندەست نەک خۆی بۆ ئامادە ناکەن بەڵکوو بە شێوەیەکی زۆر دوور لە شارستانیانەش هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵە چاوگەش و خێر لەخۆ نەدیوەکانی کوردستان دەکەن. منداڵانی کوردستان نەک هەر ئاگایان لە ڕۆژی جیهانیی منداڵان، تاقە ڕۆژی خۆشیان نییە، بەڵکوو لەم ڕۆژەدا بەشێکی بەرچاویان خەریکی بەرێوەبردنی کاری زۆر قورسن و لە بازار و شەقامەکانی شارو گوندەکان دا خەریکی دەست فرۆشی و کرێکارین و لە ژێر باری قورسی ژیان دا هەستی منداڵانە و لەشی شلک و ناسک و منداڵانەیان بریندار دەبێ.

بە هۆی ستەمی دەسەڵاتداران لە کوردستان دا، ژیان بۆ دانیشتوانی کوردستان گەلێک دژوار بووە و بەشێکی بەرچاو لە بنەماڵە کوردەکان بۆ باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی خۆیان، هەر زۆر زوو منداڵەکانیان لە خویندن بێبەش کردوون و هانیان داون کە بەرەو کار کردن و پەیدا کردنی بژیوی ژیانی بنەماڵەکەیان هەنگاو هەڵبێننەوە. لە سەریەک ئەم دیاردە ئێستاش لە کوردستان دا دەبیندرێ و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە باری پێشکەوتنی کۆمەڵگا بوەستێ و کۆمەڵگاش بەرەو نەخوێندەواری و دواکەوتوویی پەلکێش بکات.

بەشێک لەو منداڵانەی کە تەمەنی منداڵی خۆیان ون کردووە لە داهاتوو دا هەست بە ونبوونی بەشێک لە ژیانی خۆیان دەکەن و لە کاتی هەبوونی منداڵ دا کەمتر دەتوانن هەستی یاری کردن و گڕوگاڵ و خەندەی منداڵەکانیان قەبووڵ بکەن

ئەگەر لە لایەن حکوومەتە دەسەڵاتدارەکان غەدر لە خۆمان و لە منداڵەکانمان دەکرێ، ئەوە بۆ خۆمان دووجار غەدر لە منداڵەکانی خۆمان دەکەین و لە ژیانی سادە و ساکاری منداڵانەیان دوور دەکەینەوە و بە زۆر پەلکێشی ناو شەقام و بازارەکانی شارەکانیان دەکەین و لە جیاتی خویندن و پێگەیاندنیان، سندووقی سیگار فرۆشتن و بۆیاغکردنی پێڵاو و دەستفرۆشی و تەنانەت سواڵکردنیشیان بە مل دا دەکەین.

سەبارەت بە کار کردنی منداڵان دەبێ بەرێوەبەرانی وڵات، پەیمانە نێودەوڵەتییەکان لەبەرچاو بگرن و کار کردنی منداڵانی ژێر ١٦ ساڵ هەر وەکو یاساغە، قەدەغە بکەن و ئیجازە بە کارگە و شوێنە گشتییەکان نەدەن کە کار بە منداڵان بدەن. دەوڵەت بەرپرسی دابین کردنی بژێوی منداڵانە، لە باری سایکۆلۆژییەوە کار کردنی منداڵان لە ناو شەقام یا کارگە و کورەخانە و دوکان و کۆگاکان دا دەبێتە هۆی ئەوە کە منداڵ بە تەواوی خۆی ون بکات و دنیای منداڵی خۆی لێ بگۆڕێ و پێ لە دنیای گەورەکان بنێت و کەسایەتیی خۆی لێ بگۆڕێ و کاتێک گەیشتە تەمەنێک کە دەبێ بە خۆێدا بچێتەوە درەنگ بووە، کارکردنی منداڵان جیا لەوە کە لە خوێندن و پێگەیاندنی دروست دووریان دەکاتەوە لە هەمانکاتیشدا کۆمەڵگا بەرەو دواوە دەگێڕێتەوە و لە زۆر بواردا گرفت بۆ کۆمەڵگا دەخوڵقێنێ لە زۆر شوێن منداڵانی سەر شەقام تووشی لادانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبن و کەسانی نەفس نەزمی نێو کۆمەڵگا بۆ خۆ تێر کردن لە بواری دارایی و تەنانەت سێکسی دا منداڵان ناچار دەکەن بە دڵی ئەوان هەڵسوکەوت بکەن و بەشێک لە منداڵان فێری لادان لە شتە ڕاستەکان دەکەن و زۆرجار بیندراوە کە دوای کار کردنی منداڵان لە لایەن بەشێک لە گەورەکانەوە مافەکەیان کە حەقدەست و ڕۆژانە بووە پێیان نەدراوە و تەنانەت هەڕەشەشیان لێکراوە و لێیان دراوە.

بەشێک لەو منداڵانەی کە تەمەنی منداڵی خۆیان ون کردووە لە داهاتوو دا هەست بە ونبوونی بەشێک لە ژیانی خۆیان دەکەن و لە کاتی هەبوونی منداڵ دا کەمتر دەتوانن هەستی یاری کردن و گڕوگاڵ و خەندەی منداڵەکانیان قەبووڵ بکەن و پێیان وایە دەبێ منداڵەکانی خۆشیان وەک خۆیان شان و پیلی ناسکیان وەبەر کار کردن بدەن و ژیانی منداڵەکانیشیان وەک خۆیان وابێ.

بۆ ئەوەی داهاتووی گەلەکەمان ڕوون و پڕ دەسکەوت بێ، حکوومەت و کۆمەڵە سینفی و خێرخوازەکان و کۆمەڵەی منداڵ پارێزی کوردستان دەبێ کار بۆ نەهێشتنی کاری مندالان لە سەر شەقام و کارگە وکۆگاکان دا بکەن. وەک ئەرکێکی نیشتمانی پیویستە بە دانانی کتێبخانە و یاریگا و شوێنی وەرزشی و هەروەها بە کردنەوەی کاناڵی تەلەفزیۆنیی تایبەت بە پرۆگرامی منداڵان جیهانی پڕ لە گڕوگاڵی منداڵان ڕەنگینتر و جوانتر بکەن و لە گەڵ ئەوەشدا منداڵان هان بدەن کە لەو تەمەنە دا دەبێ بەرەو خوێندن و خۆ پێگەیاندن هەنگاو هەڵبێننەوە.

پێراگەیشتن بە پرسی منداڵان گەلێک گرنگە و هێنانە دیی خەون و ئارەزووەکانی منداڵان ئەرکی سەرشانی حکوومەت و بنەماڵەکانیانە و پاراستنی منداڵان لە دیاردە ناحەزەکانی کۆمەڵگاش وەک لادانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کۆمەڵێک شتی دیکەش هەر وەزیفەی حکوومەت و بنەماڵەکانیانە، کە وابوو با هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین دیاردەی ناردنی منداڵان بە مەبەستی کڕین و فرۆشتن و کاسبی لە سەر شەقام و کۆڵانەکان و کارگە و شوێنە گشتییەکان لە کۆمەڵگا دا نەهێڵین و هەوڵ بدەین ژیان و گوزەرانی منداڵان باشتر بکەین و فێریان بکەین کە بۆ ئەوەی داهاتووی گەلەکەمان بەرەو ئاقارێکی باشتر بڕوات، کۆمەڵگا پێویستی بە منداڵی ژیر و خوێندەوار هەیە.

لە کۆتایی دا هەر بەم بۆنەیەوە جوانترین و ڕازاوەترین پیرۆزباییمان لە گەڵ چەپکەگوڵی ڕێز و خۆشەویستی ئاراستەی گشت منداڵانی سەر گۆی زەوی و بە تایبەت منداڵانی چاوگەشی کوردستان دەکەین.

لە ژمارە ٥٨٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جوونی ٢٠١٢

## یادێک لە ٨ شەهیدی قارەمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هێزی زمزیران




**ئەم نووسینە تەنیا لە گۆشە نیگای خۆمەوە نووسراوە و ئەو هاوڕێیانەی کە بەشداری ئەو جەولەیە و ئەو تێکهەڵچوونە بوون دەتوانن ئەو نووسینە کەون و شەن بکەن و هاوکاتیش تێبینی و نووسینی خۆیانی پێوە زیاد بکەن، پێشەکی داوای لێبوردن لە کەموکوڕییەکانی ئەم نووسینە دەکەم.**

**لە نێوەراستی ساڵی ١٣٦٤ ی هەتاوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی خۆی بۆ شەری پارتیزانی ئامادە و سازمان بدا، یەکەیەکە و هەر جارەی هێزێکی لە هێزەکانی پێشمەرگەی بانگ دەکردە گەورەدێی دۆڵی جافایەتی کە بنکە و بارەگاکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی لێ بوو. تا پێش ئەوەی هێزەکان سازمان بدرێن زۆربەی هێزەکان بە ناوی شەهیدەکانەوە ناودێر کرابوون. لە سازماندەیی نوێدا هێزەکان ناوی شەهیدانیان لە سەر لابردرا و بە ناوی شاخە بەرزەکانەوە ناودێر کران. ئەوەش زۆرتر لەبەر ئەوە بوو ڕۆژ بە ڕۆژ لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان دا و لە کاتی هێرش و بەرگری دا ڕۆڵەکانی گەل گیانیان دەبەخشی و ڕێژەی شەهیدەکانیش لە زیادبوون دابوو. بۆ ئەوەی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان گلەیی لە ڕیبەرایەتی حیزبی دێموکرات نەکەن، حیزبی دێموکرات بریاری دا لە سازماندەیی نوێدا، بۆ ناوی هێزەکان لە ناوی شاخ و کێوەکانی کوردستان و بە تایبەت شاخەکانی شوێنی تێکۆشانی ئەو هێزانە کەڵک وەربگرێ.**

**لە بەهاری ساڵی ١٣٦٥ ی هەتاوی هێزی شەهید مینەشەم و کۆمیتە شارستانی ڕەبەت بۆ سازماندەیی و ڕێکخران گەیشتنە دەفتەری سیاسی و دوای گەیشتنیان بۆ پاراستنی باری ئەمنی دەفتەری سیاسی، شوێنە بەرز و**

ئاستەمەکانی دەوری دەفتەری سیاسییان پێ سپاردن و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە بنکەکانی حیزب مانەوە.

لە ماوەی مانەوەیان دا و لە کاتی سازماندەیی دا لک و دەستەکانی پێشوو کە بە ناوی شەهیدانەوە کرابوون، جێگای خۆیان بە پەل و لک گۆڕیەوە و ناویان وەک ژمارە بۆ دیاری کرا و هاوکاتیش هێزی شەهید مینەشەم ناوی زمزیرانی بۆ دیاریکرا. شایانی باسە کە چیای زمزیران لە نێوان ناوچەکانی ڕەبەت و مەهاباد هەڵکەوتوە و هاوکاتیش گوندێک لە داوێنی چیای زمزیران هەر بە ناوی زمزیران هەیە و گوندێکی دڵگیر و ڕازاوەیە و کێوەکەشی هاوشان و هاوسێی شاخی برایم جەلالە کە لەگەڵ کێوی زمزیران بە سەر ناوچەکانی ڕەبەت و مەهاباد و سەردەشت دا دەڕوانن.

پاش مانەوە و سازماندەیی نوێ و خۆ تەیار کردن بە دەزگای بێسیم و چەکوچۆڵی تایبەت بە شەڕی پارتیزانی، کادرو پێشمەرگەکانی هێزی زمزیران لە یەکەم مانگی پاییزدا بەرەو بنکە تازە دامەزراوەکانی خۆیان لە بناری چەکوچ و سادر و مۆڵی چووک لە بناری قەندیل وەرێ کەوتن و بە ئیمکاناتی کەمی ژیانەوە لەوێ گیرسانەوە. لە ماوەی چەند مانگ مانەوە لە دەوری بنکەکانی دەفتەری سیاسی و بە دوای سازماندەییان دا کادرو پێشمەرگەکان تامەزرۆی جەولە و چوونەوە بۆ ناوچەی ڕەبەت بوون و هاوکات بۆ دیدار نوێ کردنەوە لەگەڵ خەڵکی بە ئەمەگی ئەو ناوچە پێشمەرگەپەروەرە ڕۆژژمێرییان دەکرد. لە کۆتایەکانی مانگی خەزەڵوەردا کادرو پێشمەرگەکانی هێزی زمزیران لە سەفێکی دوورو درێژ دا و بە دڵێکی گەرمەوە بەرەو قوولایی ناوچەی ڕەبەت وەرێ کەوتن. هەر لە دوای وەرێکەوتن و سنوور برین ئاسمانی سافی ناوچە پڕ بوو لە هەوری ڕەش و پێش پەڕینەوە لە چۆمی کەڵوێ ئاسمان دەستی بە بارین کرد و بەرەبەرە بەرزاییەکان و پێدەشتەکان بە کولوە بەفرەکان سپیپۆش بوون. پێشمەرگەکان هەورازی دوای پەرینەوە لە چۆمیان بۆ دیداری خەڵک بە چەند هەنگاوێک بڕی و خۆیان بە نێو دەریای بێ بنی خەڵکی ناوچە دا کرد و ڕوویان لە گوندەکانی گاکوژەی سەرێ و خوارێ و جمگێ و پاشبەرد و دەوربەری کرد و بۆ ساتێک لە باوەشی گەرمی خەڵکی دەست قەڵشیوی ناوچەکەدا حەسانەوە و خەڵکیش بە دیتنی ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان شاگەشکە و دڵخۆش بوون.

بەرنامەی جووڵانی هێزی پێشمەرگە بە پێی حەرکەت و وەزعیەتی ناوچە دیاری کرا. ناوچەکە لە بەفر دا سپی پۆش ببوو، ساردی و سەرما ناوچەکەی داگرت بوو، بەڵام دڵی گەرم و هەناسەی پێشمەرگە لە گەڵ ئاهەنگی پێی ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی، سەمفۆنیایەکی نوێی بە گوێچکەی گشت لایەک دا دەخوێند. ئەویندارانی ڕێگای ڕزگاریی

کوردستان بە گەرما و ترپەی دڵیان سەهۆڵبەندان و بەفری ژێر پێیان دەتواندەوە و ڕێگەیەکی پان و جوانیان لە سەر بەفر دروست کرد بوو. جێپێ و ڕێگەی پێچاوپێچی پێشمەرگە لە سەر بەفر، دوژمنی ئاگادار دەکردەوە کە هێزێکی زۆری پێشمەرگە لە ناوچەدا هەیە.

ناوچەی ڕەبەت بە سەدان مۆڵگە و پایەگا و گوردان و پادگان و جاشخانە و گرووهی زەربەتی لێ بوو، هاوکاتیش بە هۆی بوونی شەڕی ئێران و عێراق چەندین تیپ و قەرارگای چەند هەزارکەسی لە ناوچەکەدا هەبوون. هێزی زمزیران یەکێک لەو دەگمەن هێزانە بوو کە هیچکات ناوچەی بەجێ نەهێشتبوو و لە هەموو قۆناخەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی دا لە ناوچە حزووریان هەبوو. لە ماوەی ٦ مانگی ڕابردوو دا هەندێک ئاڵوگۆڕ لە چۆنیەتی سازماندانی هێزەکانی ڕژێم و مۆڵگە و پایەگاکان دا هاتبوو ئاراوە. ئەوانیش بە هۆی سیخور و دەزگا ئیتلاعاتیەکانیان ئاگایان لە سازماندەیی هێزی پێشمەرگە هەبوو، هەر بۆیە پیلانی نوێیان بۆ زەربە لێدان لە هێزی پێشمەرگە و بە تایبەت هێزی زمزیران دانابوو.

شەوی ٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٦٥ی هەتاوی کادرو پێشمەرگەکانی کۆمیتە شارستانی ڕەبەت و هێزی زمزیران بە سەر چەند دەستە دا دابەش بوون و بەرەو گوندەکانی دەشتێ، پاراستان، نواوێ، نەڵۆسە و کانیئەسپان وەرێ کەوتن و شوێنی گەرانەوەش بۆ ڕۆژی دوایی دیاری کرا. سەردانی پێشمەرگەکان بۆ چەند گوندێک و چوونە نێو ئامێزی خەڵکی تینووی ئازادیی ئەو گوندانە و هاوکات پێشوازی گەرمی خەڵک لە رۆڵە پێشمەرگەکانیان ببوو هۆی ئەوە کە پێشمەرگەکان تا بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٨ی خەزەڵوەر لەو ئاواییانەدا بمێننەوە و دواتریش لە کاتی دیاریکراو دا خۆ بگەیەننە شوێنی دیاریکراو.

تاریکو ڕوونی بەیانی پێشمەرگەکان گەیشتنە توەشەلێ. بە هۆی ئەوە بەفرو سەرما بوو، کادرو پێشمەرگەکان لە کۆنەگەڵ و داری بەجێماو لە چەند شوێنی نزیک یەکتر ئاگریان کردەوە و هەموویان خەریکی ئیشک کردنەوەی لیباسە تەڕەکانیان و خۆگەرمکردنەوە بوون. بەشێک لە پێشمەرگەکان و بە تایبەتی پەلی فەرماندەیی و هێز لە گوندی کانیئەسپان مابوونەوە، ئەوان جێگایان باش بوو و بە سەر شوێنی پێشمەرگەکان دا زاڵ بوون.

لە لایەکی دیکەوە هێزی ڕەش و ئەهریمەنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەواڵی هاتنەوەی هێزی زمزیرانیان بە گوێ گەیشتبوو، هەر بۆیە لە چەند گوندی ناوچە و بە تایبەتی کەڵەکاوێ، زمزیران، جبەرەند، وەرگێڵ، وەڵیو و

پایەگاکانی دەوروبەری ئەو شوێنانە کۆ ببوونەوە. خەڵکی گوندەکان هەواڵی بوونی ئەو هێزانەیان بە کادرو پێشمەرگەکان دابوو، هێزی پێشمەرگەش لە شوێنی مانەوەی خۆی کە هەموو لایەک بە شوێنێکی باش و گونجاویان دەزانی لە بەر گەرمای ئاگرەکان دانیشتبوون. دوژمن هێزەکانی خۆی لە نیوەشەودا بەرەو مۆڵگە و گوندی نەڵۆسە راگوێزت بوو، هاوکاتیش هێزێکی زۆری دیکەی لە پشت ئاوایی دەشتێ لە مۆڵگە و پایەگای کاڵەشین بە چەکو چۆڵی قورسەوە دامەزراند بوو.

پێشمەرگەکان لە لاپاڵ و دەشتێکی بچووکی تووشەڵێ خەریکی ئیسراحەت و پشوودان بوون، ئاگرەکان بەرز ببوون و شۆق و ڕووناکیی ئاگرەکان لە دوورەوە دیار بوون، جارجار پریشکی گەڵا دارێک بە نوورەوە بەرز دەبۆوە و پاش چەند چرکەیەک لە شۆق دەکەوت و بەر دەبۆوە و ئەوەش دیمەنێکی جوانی بە ئاگرەکە دەدا. دوژمن هێزێکی زۆری هێنابوو پشت گردی کەڵەکێ کە بە سەر نەڵۆسە و تووشەڵێی شوێنی پێشمەرگەکان دا زاڵ بوو. دوژمن بە دیتنی ڕووناکیی ئاگرەکان و هێزی زۆری پێشمەرگە لە دەوری ئاگرەکان، بە ئارپیچی و بی‌کی‌سی و چەکی دەستیان شوێنی پێشمەرگەکانیان ئاگر باران کرد. لە کاتی تەقە و ئاگربارانی دوژمن دا رۆڵە نەبەزەکانی هێزی زمزیران بە گورجوگۆڵی دەوری ئاگرەکەیان بەجێ هێشت و خۆیان ڕێکخستەوە و بە پەلە پەلامار و هێرشی خۆیان بۆ سەر گردی کەڵەکێ ئەو شوێنەی هێزەکانی دوژمن لێی دامەزرابوون دەست پێکرد. لە ماوەی چەند خولەک دا دەستەیەک لە پێشمەرگەکان خۆیان گەیاندە نزیک سەنگەرەکانی دوژمن و هەڵۆئاسا هێرشی خۆیان دەست پێکرد و لە چاوتروکانێکدا و بە لەخۆبردووییەوە هێزە بێورەکانی ڕێژیمیان لە سەنگەرەکان دەرپەڕاند و خۆیان گەیاندە نێو سەنگەرەکان. لەو تەقە و تێکهەڵچوونەدا ٧ نەفەر لە هێزەکانی رژێم کوژران و بە چەک و چۆڵەوە کەوتنە دەستی پێشمەرگە هەڵمەتبەرەکانی هێزی زمزیران. هەر لەو هەڵمەت و هێرشەدا بەداخەوە پێشمەرگەیەکی قارەمان و فیداکاری گەلەکەمان بە ناوی خالید ئیبراهیمی ناسراو بە خالید پاشبەردی خەڵکی گوندی پاشبەرد بە گوللەی دوژمن پێکرا و تێکەڵ بە کاروانی سەروەرانی ڕێگای ئازادی بوو و شەهید بوو.

پێشمەرگەکان لە سەنگەرەکانی دوژمن لە گردی کەڵەکێ دا مانەوە و دەستەیەکیش ئەو شەهیدە تازەی گەلەکەمانیان بۆ لای گوندی کانی‌ئەسپان ڕاگوێزت. دوژمن بۆ وەرگرتنەوەی کەلاکی کوژراوەکانی هێرشێکی دیکەی لە ژێر ئاوری تۆپخانەدا دەست پێکردەوە، بەڵام ئەو هێرشەش بە هۆی خۆراگری و قارەمانیەتی رۆڵەکانی هێزی زمزیران تێکشکێندرا و دوژمن بە دانی چەند کوژراو و برینداری دیکە پاشەکشەیان کرد و خۆیان لە مۆڵگەی نەڵۆسە هاویشتەوە و بۆیان دەرکەوت کە بە هێرش بۆ سەر سەنگەری پێشمەرگەکان ناتوانن گردی کەڵەکێ

بگرنەوە و هەر لە مۆڵگەی نەڵۆسەدا مانەوە.

دەستە و لکەکانی پێشمەرگە بە سەر شوێنە بەرزەکان دا دابەش بوون و لە چەندین بەرزایی وەک " کێلەکە لە پشت گوندی نواوێ و کانی گەڵشەکی و گردی کەڵەکێ" دا دابەش بوون و چاوەروانی هاتنی هێزی دوژمن بوون. لەو لاشەوە دوژمن نەترەی لە هێزی پێشمەرگە چوو بوو و نەیدەوێرا هێزەکانی خۆی بجووڵێنێ. دەیزانی پێشمەرگەکان شوێنە ئاستەم و بەرزەکانیان بە دەستەوەن و لەگەڵ ئەوەشدا جووڵەی هێزی پێشمەرگەی لە سەر بەفری سپی دەدیت.

لە کاتژمێر نزیک بە ١٠ بەیانی دوژمن لە چەندین شوێنی دیاریکراوی وەک " کۆنە مۆڵگەکانی پشت گوندی دەشتێ و کاڵەشین و نەڵۆسە، زمزیران و مۆڵگەی شاخی نێوان عەرزو ئاسمانی پشت زمزیران و گوندەکانی واوان و بناویلێ حاجی مینەوە" دەستیان بە تۆپ و خۆمپارەبارانی سەنگەری پێشمەرگەکان کرد. تۆپ و خۆمپارە باران بە رادەیەک چڕو توند بوو کە لە خولەکێکدا دەیان تۆپ و خۆمپارە وێکرا دەتەقینەوە، پێشمەرگەکان لە بەرامبەر ئەو ئاگربارانە توندە دا، سینگی خۆیان لە سەر بەفر تەخت کردبوو. بارینی بەفر ڕاوەستا بوو، لە هەندێک شوێن تەمومژ ولاتی داپۆشیبوو، پێشمەرگەکان بە نیازی ئەوەی کە لە ژێر ئەو ئاگربارانەدا دوژمن هێرشی خۆی دەست پێ دەکاتەوە هەروا لە نێو بەفردا سەنگەریان گرتبوو. بەڵام دوژمن هەر بەری بەیانی تامی تاڵی تێکشکانی چێشتبوو و دەیزانی بە هێرشکردن بۆ سەر سەنگەری پێشمەرگەکان هیچی دەست ناکەوێ، بۆیە هەموو هێزی خۆی بۆ ئاگربارانی ئێمە بە هۆی تۆپخانەوە کۆ کردبۆوە و تا بووڵێلەی ئێوارە بێڕاوەستان سەنگەر و بەرزاییەکانی کە بە دەستی پێشمەرگەکانەوە بوو بە خەستی ئاگرباران کرد. بەفری سپی لە دووکەڵ و باڕووت دا ڕەش هەڵگربوو، چڕەدووکەڵ و بوونی باڕووت هەموو ولاتی پڕ کردبوو، لەو لاشەوە پێشمەرگەکان هەروا خۆراگرانە لە سەنگەرەکانیان دابوون و نەیاندەویست ئەو شوێنە بۆ دوژمن چۆل بکەن. لە نیو ئەو سەدان تۆپ و خۆمپارەیە دا بەداخەوە چەند دانەیەکیان سەنگەری پێشمەرگەکانیان پێکابوو و ببوو هۆی ئەوە کە ٧ ڕۆڵەی دیکەی گەلەکەمان لە چەند شوێنی جیاجیا بپێکرێن و خوێنیان تێکەڵ بە ڕووباری خوێنی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی گەلەکەمان ببێ و چەند پێشمەرگەش بریندار ببن.

لە گەرمەی تۆپبارانەکەدا دەستەیەک پێشمەرگەی خۆنەویست خەریکی دەرمان کردنی برینی پێشمەرگە بریندارەکان بوون و دەستەیەکیش خەریکی ڕاگوێزتنی شەهیدەکان بوون. پێشمەرگە شەهیدەکان بریتی بوون لە خالید

ئیبراهیمی خەڵکی پاشبەرد ناسراو بە خالید پاشبەردی، محەممەد شەمعی خەڵکی نواوێ ناسراو بە حەمە درێژ، عوسمان عەلیپوور خەڵکی هەمران ناسراو بە مام وەتمان، ڕەحمان گوڵستانی خەڵکی نەڵاس ناسراو بە ڕەحمان نەڵاسی، ڕەسووڵ محەممەدی خەڵکی گەرۆر ناسراو بە رەسووڵ گەرۆری، پیرۆت عەبدوڵلاهی خەڵکی ئاڵیاوێی پیرانشار و ئەحمەد نەقشی خەڵکی بانە. چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار ببوون، یەکێک لە برینداڕەکان بە ناوی سمایل حەسەنی خەڵکی گەرۆر زۆر بە سەختی بریندار ببوو کە پاش شەو و ڕۆژێک بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ بەداخەوە لە نزیک گوندی گردێنە شەهید بوو و ئەویش تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی کوردستان بوو و هەر لەوێ بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا.

ئەوەی زۆر سرنجڕاکێش بوو، ئەوە بوو کە پێشمەرگەکان سەنگەری پێشەوەیان بۆ دوژمن چۆل نەکرد و لە ژێر هێرشی تۆپخانەدا خۆیان ڕاگرت. دوژمن هەموو بەرزاییەکانی ئاگرباران دەکرد و خڕ و دۆڵ و شوێنە نەدیوەکانی بە خومپارە دەکوتا. ئەگەر بەفرەکە شوێن پێ و شوێنی پێشمەرگەکانی بۆ دوژمن ئاشکرا کردبوو، لە لایەکی دیکەشەوە نەیدەهێشت تۆپ و خۆمپارەکان وەک خۆیان بتەقنەوە. بەشێک لەو گوللانە هەروا لە بەفر و لیتە و قوڕدا دەچەقین و بەشێکیشیان کاریگەری خۆیان لە دەست دەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند دانەیەکیان زیانی گیانی زۆریان بە پێشمەرگەکان گەیاند بوو و ئەوەش بۆ یەکەم جەولە و حەرەکەت و ورەی هێزەکە باش نەبوو.

لەگەڵ بوولێڵەی ئێوارە توپخانەکە ڕاوەستا و هێزەکانی ڕژێم بەرەو قووڵایی ناوچەکە پاشەکشەیان کرد. هێزی پێشمەرگەش دەبوو خۆی ڕێک بخاتەوە و هێزەکانی کۆ بکاتەوە. فەرماندەکان دەبوو مشوورێک لە برینداڕەکان بخۆن و ڕێگای نزیک و بێ مەترسیان بۆ بەرێ کردنەوە بۆ دەستنیشان بکەن. دەستەیەک پێشمەرگە ئامادەکران و برینداڕەکانیان پێ سپاردن و ئەوان بەرەو گوندەکانی ناوچەی سەردەشت وەرێ کەوتن. هێزی زمزیران دەبوو ٧ شەهید بەرەو ناوچەیەکی ئازادکراو ڕاگوێزن. چەند کەسێک لە گوندەکانی چوالان و دۆڵەتوو و کانیئەسپان بۆ یارمەتیدان و ڕاگوێزتنی شەهیدەکان بانگ کرابوون. دەستەی پێشرەو دەبوو کوێستانەکانی پشت گوندی کانیئەسپان بەرەو گوندی چۆمەڵ ببڕێ و پێشمەرگەکانیش بە شوێن پێی ئەواندا بەرەو ئەو شوێنە بڕۆن. تا بەرەو هەوراز سەردەکەوتی، بەفر و سەرما زیاتر دەبوو، بە هیممەت و ئیرادەیەکی پتەو و بە دڵێکی گەرم و شۆڕشگێرانەوە هەورازەکان بە هەنگاوی پێشمەرگەکان نزمتر دەبوون و پێشمەرگەکانیش هەروا بەرەو بەرزایی و بەرزتر دەبوون.

ڕێچکەی سەر بەفر و قەترەی خوێنی ئاڵ و سووری ئەو شەهیدانە دیمەنێکی سێحراوییان پێک هێنابوو. ئاسمان بەرەو ساماڵ و ساو چووبوو، خەڵکی ئەو چەند ئاواییە و دەستەیەک پێشمەرگە تەرمی شەهیدەکانیان لەگەڵ خۆیان بەرەو بەرزایی دەبردن، ڕۆیشتن بە نێو بەفری زۆردا و بە باری قورس و ماندووییەوە زۆر سەخت و دژوار بوو، بەڵام ورەی پێشمەرگە بەفر و سەرما و ماندوویی نەدەناسی و هەروا ڕێگامان دەبڕی. مانگە شەو و بەفر ڕێگاکەیان ڕووناک کردبوو. لە لووتکەی چیا و شوێنە بەرزەکان جیا لە هەناسە و دەنگی پێی ڕێبوارانی دێموکرات نەبێ، گوێت لە هیچ دەنگێکیتر نەدەبوو، جارجار لورەی گورگێک بێدەنگی کوێستانەکانی دەشکاند. پێشمەرگەکان بە بێ دەنگی و بە ٧ ئەستێرەوە هەوارزیان بڕی. ٧ ئەستێرەکانی ئێمە لەو حەوت ئەستێرەی ئاسمان دەچوون کە قەت لێک هەڵنابڕێن و ڕێگا بە ڕێبوارانی وونبووی خۆیان دەدەن بۆ ئەوەی بە شوین مەبەستی خۆیان بگەن. دوای بڕینی ڕێگایەکی سەخت و هەڵەموت بەرەو بنارەکان و خڕو دۆڵی گوندی چۆمەڵ شۆڕ بوونەوە، دەبوو زۆر وریا بن، شوین پێی پێشمەرگەکانی پێشەنگ ببوونە سەهۆڵ و هەڵدێرانی هەر پێشمەرگەیەک کارەساتی دیکەی لێدەکەوتەوە. بە درێژایی شەو بەرێوە بوون، دەستەی پێشەنگ گەیشتبوونە ئاوایی چۆمەڵ و بە بێسیم پێشمەرگەکانیان ئاگادار کردەوە کە هیچ مەترسی لە سەر ڕێگا نییە و دەتوانن بێنە نێو ئاوایی چۆمەڵ.

لەگەڵ سیواد و ڕووناکیی بەیانی پێشمەرگەکان یەکیەک و دوودوو گەیشتنە کۆڵانە بەفراوییەکانی گوندی چۆمەڵ. خەڵکی ئەو گوندە ڕۆژی پێشتر گوێیان لە تۆپ و خۆمپارەبارانی ئەو دیوی چیا ببوو، هەر بۆیە زۆر بە پەرۆشەوە پرسیاری شەڕەکە و چۆنیەتیی شەڕەکەیان دەکرد و دوای ئەوە بۆیان دەرکەوت کە ٧ شەهیدیان لەگەڵ دایە بە هیممەت و هاوکارییەکی بێ وێنە شوێنیان دیاری کرد. هەڵکەندنی ٧ گۆڕ لە نێو بەفر و سەهۆڵبەندان دا کارێکی زۆر قورس بوو، دەستەیەک پێشمەرگە بۆ جێگای گۆڕەکان بەفریان ڕادەگوێزت و چەند دەستەیەک لە بەرزاییەکان کەمین و نیگەهبانیان دەدا و دەستەیەکیش خەریکی عەرز هەڵقەندن بوون. گڵ و عەرز زۆر ڕەق بوون، نووکی پاچەکان بە تەواوی خوار ببوونەوە. هەموو لایەک بە پەرۆشەوە بۆ بە خاک سپاردنیان کاریان دەکرد، دانیشتووانی گوندی چۆمەڵ غەمبار و پەشێو بوون، بەڵام بۆ ئەوەی کوڕەکانیان بۆ ڕۆژی دوایی ئامادە بکەن، بە گەرمای دڵیان و بە پەنجە قەڵشیوەکانیان قورسایی لە دەستدانی ٨ هاوڕێیان لە سەر شان کەمتر دەکردن و خەمەکانیان لەگەڵ دابەش دەکردن. ژن و منداڵی گوندی چۆمەڵ ئاگردان و کوورەکانیان نێڵ دابوو بۆ ئەوەی هەم خواردن بۆ پێشمەرگەکان ساز بکەن و هەمیش پێشمەرگە ماندووەکان بچن خۆیان گەرم بکەنەوە. پاش چەندین کاتژمێر کار لە نێو بەفر و سەهۆڵ و عەرزی ڕەق دا گۆڕەکان ئامادەکران و ٧ ئەستێرەی پڕشنگداری گەلەکەمان بە هیممەتی خەڵکی چۆمەڵ و چوالان و دۆڵەتوو بە خاک سپێردران و ئەستێرەکەی دیکەش لە گوندی گردێنە بە خاک سپێردرا

بوو.

هەر کات ئاسمان ساماڵ دەبێ و چاوم بەو حەوت ئەستێرەیەی ئاسمان دەکەوێ، ئەوە حەوت ئەستێرەکەی بەرزاییەکانی پشت کانیئەسپان و چۆمەڵ لە بەرچاوم دەردەکەون و یادیان دڵم گەرم دەکاتەوە و هەنگاوەکانم بۆ وەدیهاتنی ئامانجی ئەو شەهیدانە پتەوتر دەکا و دەڵێم: ئەستێرە درەوشاوەکانی کوردستان ئێوەش بە قەد ئەو ئەستێرانە ڕووناکیتان هەیە و ئێستا ئێوەش لە ئاسمانی کوردستان بوونە ئەستێرەیەکی دیکە و ڕووناکی بە ژیان دەبەخشن و هەموو شەوێک بەرپێی ئەویندارانی ڕێگاکەتان ڕووناک دەکەنەوە.

چیرۆکی ئەم جەولەیە بۆ خۆی کتێبێکی گەورەیە و هیوادارم کە لە داهاتوودا هاوڕێیانی بەشداری ئەو جەولەیە ئاوڕی لێ بدەنەوە و لە پەرتووکێک دا بینووسنەوە بۆ ئەوەی ئارەقە و خوێن و ماندوویی ئەو شەهیدانە و ڕێبوارانی ڕێگاکەیان ون نەبێ و نەوەی نوێ بزانن کە جیلی پێش خۆیان بۆ ئازادی ئەوان هەموو نەهامەتییەکیان بە دڵ و بە گیان قەبووڵ کردووە.

شەکاوە بێ ئاڵای دەستی ئەو شەهیدانە و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤

-----------------------------------

## بۆ هاوسەری ژیان و هاوژینی خۆشەویستم شلێر!



به بۆنەی ڕۆژی لە دایکبوونت جوانترین پیرۆزبایی و جوانترین گوڵەکانی نێو باخ و باخاتی کوردستانت پێشکەش دەکەم و لە ناخی دڵەوە لە ئامێزت دەگرم و هیوادارم کە داری تەمەنت بەرز و پڕ لق و پۆپ بێ و ژیانت هەردەم پڕ بێ لە بزە و شادی و خۆشی.

شلێر گیان! هەموو ساڵێک لەگەڵ گزینگی بەربەیانی نەورۆز پێش ئەوەی بڵێم نەرووز پیرۆز دەڵێم جێژنی لە دایک بوونت پیرۆز و هەموو رۆژی ساڵێشت نەورۆز و شادی بن. بۆ من زۆر دژوارە بە چەند دێرێک بتوانم باس لە سۆز و وەفا و خۆشەویستیت بکەم. لە ئاست ئەو هەموو دڵسۆزی و وەفاداریەت هیچ وشەیەک شک نابەم کە بتوانێ وەسفی ئەو هەموو ئەمەگداریەت بکات.

لەو کاتەوە چارەنووسمان بە یەکەوە گرێدرا و گڕی ئەوین و خۆشەویستی دڵمی پڕ کرد، لەو کاتەوە بە یەکەوە پەیمانی بەیەکەوە بوونمان بە یەکتردا، دڵم گەرما و تینی تێگەڕا و هەستم بە سەربەرزی و خۆشحاڵی کرد. لەو کاتانە دا کە لە نێو بۆسەی ئاگر و ئاسنی دوژمن دا بۆ ڕزگاری گەلەکەم هەنگاوم دەنا، ئەتۆم هەر لە بیر بوو،

لەو کاتانەی بە گوللەی دوژمن چۆراوکەی خوێنم لەبەر دەڕۆیشت، ئەتۆم هەر لە بیر بوو، ئەو کاتانەی لە سەر تەختی نەخۆشخانە بە ئازارەوە دەتلامەوە، ئەتۆم هەر لە بیر بوو، ئەو کاتانەی لەگەڵ هاورێ و هاوسەنگەرانم لە گەڵ و دۆست و هاورێیانم، لە گاڵتە وگەپ و خۆشی و بەزم دابووین، ئەتۆم هەر لە بیر بوو. لەو لاشەوە دەمزانی لە هەموو شوێنێک و لە هەر جێگەیەک بی، ئەمنت هەر لە بیرەو کورد گووتەنی دڵمان ئاوێنەی یەکتر بوو، بۆ خوێندنەوەی بە یەک گەیشتنمان و بۆ هەستانەوەم.

ئەوە ماوەی زیاتر لە ١٨ ساڵە بە یەکەوەین و لەو ماوەیەش دا خوا باخچەی ژیانمانی بە باوان و ئالین ڕەنگینتر کردووە. جاران هەر خەمت لە من دەخوارد، بەڵام ئێستا زیاتر لە جاران خەمخۆری ئەو باخچە ڕەنگینەی و وەک باخەوانێکی دەست ڕەنگین ئاوپرژێنی دڵ و دەروونمان دەکەی و خۆت گووتەنی: ماڵێ ئاسوودەییم پێ دەبەخشێ. هەر بە خۆم دەزانم ئەو کاتانەی بە هۆکاری جۆراوجۆر و بۆ خەبات بە دژی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی بە چەند مانگ بە جێم هێشتوون، چەندە دڵ تەنگ و تامەزرۆتان بووم، بەڵام بە دڵنیایەوە دڵتەنگی و بە پەرۆشی تۆ زیاتر لەوەی من بووە. بەوە سەربەرزم کە خۆت لە نێو کۆڕی خەبات و تێکۆشان دای و هەستت بە زوڵم لێکراوی گەلەکەمان کردووە و بویە پاڵپشت و قەڵایەکی قائیم بۆ بەرێوەبردنی ئەرکەکانم. هەموو ئەو ماوەیەی بە یەکەوەین، پڕن لە بیرەوەری خۆش و ناخۆش ، تاڵ و شیرین و خەم و شادی، بەڵام لە ناخی دڵەوە هەموویانم لە لا شیرین و دڵگیر بوون و بەشی خۆشی، شیرینی و شادیەکەم بە سەدان قات لە ناخۆشی و تاڵی و خەمەکان زیاتر بوون و ئەوەش بۆ من گەورەترین بنەمای ژیانە، جیالەوە یادگاری نێو باخچەی ژیانمان باوان و ئالین گەورەترین سەرمایە و دارایی ژیانمانن و بوونی ئەوان چرایەکی داگیرساوی دیکەن لە نێو گوڵزاری باخچە و هۆدە و چواردیواری ماڵەکەمان دا، شلێر گیان لە کەم و کوڕی و شێتیەکانم ببوورە...

شلێر گیان! ئیزنم بدە بەو چەند دێرەی خوارەوە کۆتایی بە نووسینەکەم بێنم، لەبەر ئەوە هیچ شک نابەم بە قەد باڵای تۆ بەرز بێ و شان لە مێهر و وەفا و سۆز و خۆشەویستی و دڵپاکی و سافی تۆ بدات. جێژنی لە دایک بوون و جێژنی نەورۆزت هەزارجار پیرۆز بێ و هەر وەک جاران و بگرە لە جارانیش زیاتر خۆشم دەوێی و کانی ژیان و سەرچاوەی ئەوین و ڕووناکی ماڵ و گوڵی باخچەی ژیانمانی.

هاوژینت حەمەرەسووڵ

گیانە وەنەوشە و چنوور لەگەڵ گوڵ
سەودای دیدەنی تۆیان کەوتە دڵ
چنوور لە کێوان وەنەوشە لە چەم
گوڵ لە گوڵستان یەکیان گرت سەرجەم
هاتنە لام وتیان: تۆ ڕابەرمان بە
ئەمەمان بۆ بکە و تاجی سەرمان بە
ئەوا هەرسێکم بەستن بە دەستە
هاتنە خزمەتت بە دەستی بەستە
هەریەک بەڕەنگێ مەرامی پێتە
بۆ نیازی خۆی خاکی بەرپێتە
چنوور بۆ زوڵفت لول و پەشێوە
وەنەوشە ملکەچ خاڵی لای لێوە
گوڵ کە ناسکی گۆنای تۆی دیوە
چقڵی خۆی لە ژێر پێی هەڵچەقیوە
تۆ پایە بەرزی شای شیرین ئەندام
با لە سایەتا بگەم بە مەرام

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٤

## با بە زیندوویی و لە کاتی کاردا ڕێز لە گەورەیی و کەسایەتی کەسەکانمان بگرین.






ئەوەی خوارەوە قەترەیەک لە دەریای بێ سنووری کارەکانی کاک ناسر قازیزادەیە، لە پێش دا داوای لێبوردن لە خۆی دەکەم و دواتر لەو کەسانەی چاکتر کاک ناسر دەناسن، بەڵام هیچی لە سەر ناڵێن و ناوبراویان بە خانەی فەرامۆشی باس نەکردن سپاردووە. بە هۆی ئەوە کاک ناسر کەریمی و عەبدوڵلا کەریمی لە سەردەشت و لە تاران شاگرد و قوتابی کاک ناسر و مەنسووری برای بوون لە کۆنەوە کاک ناسر قازی زادە وەک مامۆستا و هونەرمەند و نیگارکێش دەناسم، بەڵام سەرم لە کێشانەوە و نەخشاندنی تابلۆ و نیگار دەرناچی، تەنیا بە چاوی دڵ ڕوانیومەتە کارەکانی مامۆستا ناسر و کەیفم بە کارە بێ هاوتاکانی هاتووە و دێ.

کاک ناسر قازیزادە باوکی خەڵکی سەردەشت و دایکی خەڵکی شاری سەقز بووە، لە گەڵ کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ ی هەتاوی لە شاری سەقز لە دایک بووە، لەبەر ئەوە باوکی خەڵکی شاری سەردەشت بووە لە سەردەشت لەگەڵ ٢ برا و ٢ خوشکی دیکەی لە ئامێزی گەرمی بنەماڵەدا گەورە بووە، لە شاری سابڵاخ دیپلۆمی وەرگرتووە و بۆ درێژەدانی خوێندنی چۆتە تاران و لە یەکێک لە زانکۆکانی تاران لیسانسی وەرگرتووە. یەکەم پێشانگای هونەری خۆی لە کۆتایی ساڵی ١٣٥٧ ی هەتاوی لە تاران کردۆتەوە، شایانی باسەکە لەو پێشانگایەدا شەهیدانی پایەبەرزی گەلەکەمان کاک دوکتور قاسملوو، کاک دوکتور سەعید شەرەفکەندی و بەڕێز کاک جەلیل گادانی و نەمر غەنی بلوریان و بەشێک لە کوردانی نیشتەجێ لە تاران و دەوروبەر بەشدار بوون و ئەوەش بۆ کاک

ناسر وەک بیرەوەرییەکی لەبیر نەکراو و گەورە لە دڵ و دەروونی دا ماوەتەوە و ئاوات بۆ ئەو ڕۆژانە دەخوازێ و بەردەوام بۆ زیندوو ڕاگرتنی ئەو بیرەوەریانە خەریکی کێشانەوەی مێژووی گەلەکەیەتی. کاک ناسر ساڵی ١٣٦٢ ی هەتاوی بە ناچاری بە بێ ویستی خۆی لە گەرمەی ئێعدام و گیرانەکان دا لە ئێران دێتە دەر و لە پاریس پێتەختی وڵاتی فەرانسە دەگیرسێتەوە و لەو کاتەوە ژیان لە تاراوگە تێپەر دەکا.

کاک ناسر قازی زادە، مامۆستا و هونەرمەندی نیگارکێشی کوردی دانیشتووی فەرانسە، گەلێک تابلۆی چووک و گەورەی بە دەستە ماندوو نەناسەکانی خۆی کێشاونەوە و بە ڕەنج و شەونخوونی و بێ ماندووبوون، چەندین ساڵە کاری هونەری نیگارکێشان بەرێوە دەبا.

وێنەی بەناوبانگی جیهانی هەن، وێنەکانی لە جوانی، بەرزی، خۆشەویستی و وەفای کەسەکان دەدوێن، وێنەکانی لە مێژووی کورد، شیمیابارانی سەردەشت، هەڵەبجە و زەردەی کرماشان دەدوێن، وێنەکانی لە سرووشتی کوردستان، چۆم، ڕووبار، کوێستان و مەڕ و ماڵات، گوند و هەوارەکانی هەوارچییان دەدوێن، وێنەکانی لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و دەرد و ئازاری زیندانیان و ئێعدامی بە کۆمەڵ دەدوێن. وێنەکانی لە بەرزی ناوی شەهید و پێشمەرگە و سەنگەر دەدوێن، وێنەکانی لە ئاوارەیی و شەڕ و نەبوونی دەدوێن و وێنەکانی لە جوانی ژن، گوڵ، هونەرمەندان و شەپۆلی دەریا و جێژنی نەورۆز و شایی و خۆشی و خەم و ئازارەکانی گەلەکەی و بە گشتی لە هەرچی سرنجی ڕاکێشا بێ دەدوێن. کاک ناسر پێشمەرگەی قەڵەم و فڵچە بە دەستی گەلی کوردە کە لە هەر ڕەنگێک دونیایەک درووست دەکا و نیگارکێش و پێشمەرگەی ئەو بوارەیە و سەری بەرزە بە قەد ناوی بەرزی هونەر و گەورەیی پێشمەرگە.

کاک ناسر لە ماوەی کار کردنی دا وێنەی جۆراوجۆری هەن و وێنەی لە کەسە دیارەکانی کۆمەڵگای کوردەواری کێشاوەتەوە و زەحمەتی زۆری لەگەڵ کێشاون و کورد گوتەنی وەک منداڵی خۆی پێیان ڕاگەیشتووە. سەرەتای شۆڕشی ڕاپەرینی گەلانی ئێران، وێنە بەناوبانگەکەی شەهید مەلا ئاوارە سرنجی زۆربەی هەر زۆری خەڵکی کوردستانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو و بە سەر دیواری شەقام و بەرگی ڕۆژنامەکانەوە دەدرەوشایەوە، دواتر وێنەی پێشەوای کوردان شەهید قازی محەممەد، نەمر شێخ عێزەدین حوسێنی و گولسرخی و پێشمەرگەی چەک لە شانی کورد و مەزاری شەهید و گریان و فرمێسک ڕشتنی دایک و خوشکی شەهید و کێشانەوەی ئێعدامی زیندانیانی سیاسی کورد لە گرتووخانەکان دا بوونە تابلۆ بەناوبانگەکانی کاک ناسر. ئەو جۆرە لە تابلۆکانی بوونە وێنە و تابلۆی

سیاسی و لە کۆمەڵگا دا بە چاوی نیگارکێشی سیاسی کورد چاو لە مامۆستا ناسر قازی زادە کراوە، بە حەق کاک ناسر لەو بوارەدا پێشەنگی نیگارکێشەکانە و بە هیممەت و ئیرادەی خۆی دەرد و ئازاری گەلەکەی لە سالۆنە گەورەکانی پاریس و زۆرێک لە شارە گەورەکانی ئوروپا و لە سەر تەلەفزیۆنە بەناوبانگەکان نیشانی خەڵکی دەرەوەی وڵات و کوردانی نیشتەجێی ئەو وڵاتانە داوە، لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاورێک لەو هونەرمەندە نیگارکێشە گەورەی کورد بدەمەوە، کە بەردەوام و بێ ماندوو بوون کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکانی گەلی کوردی بە کێشانەوەی تابلۆکانی گەیاندۆتە نێو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی و گەلانی دیکەی جیهان.

مامۆستا ناسر قازی‌زادە کەسێکی مەشرەف خۆش و تا بڵێی کورد دۆست و نیشتمان پەروەرە و دڵی بۆ ئازادی گەلەکەی لێ دەدا و بەردەوام خولیای ئازادی گەل و نیشتمانەکەیەتی و لە کاتی قسە کردن و وتوویژ و چاوپێکەوتنەکان دا وێرای ئەوە باس لە تابلۆکانی دەکا، هاوکاتیش خەمی گەورەی خۆی لە دابەش بوونی کوردستان ناشارێتەوە و بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کورد نرخی ئاوارەگی و تاراوگەنشینی داوە و ساڵانێکی دوور و درێژە نیشتمان و زێدی لە دایکبوونی لە ڕووی ناچاریەوە بەجێ هێشتووە.

مامۆستا ناسر لە تاراوگە دا خەونەکانی کردوونە تابلۆ و ئارەزووی ئازادی نیشتمانی لە کۆتر و گوڵ و پسانی میلەی زیندان و کەلەپچە دا نیشان داوە. بۆ وەسەریەک خستنەوەی نیشتمان سنوورە دەستکردەکانی بە فلچەی دەستی وەسەریەک ستوونەوە و نەخشەی کوردستانی گەورەی کێشاوەتەوە و بە چاو لێکردنی هەستی نیشتمانپەروەری خۆی و هێز و توانای زیاتری بە خۆی و گەل بەخشیوە. بە تێکەڵ کردنی ڕەنگەکان ئاڵای پیرۆزی کوردستانی نەخشاندووە و ئاگری نەورۆز و یەکگرتوویی و جێژن و شادی خستۆتە نێو چوارچێوەی تابلۆکانی و هاوکاتیش بە کێشانەوەی تابلۆ ڕەنگاوڕەنگەکانی سرووشتی جوانی کوردستانی بە بینەران و گەلانی دیکە نیشان داوە، هەموو ئەوانە نیشانەی خولیای کاک ناسرن بۆ گەورەیی و بە پەرۆشی کوردستان.

دەست خۆش کاک ناسر بۆ ئەو هەموو جوانی و دەست ڕەنگینیەت، دەست خۆش کاک ناسر بۆ ئەو هەموو زەحمەت و شەونخوونی‌یەت. دەست خۆش کاک ناسر بۆ ناساندنی دۆزی کورد بە نەتەوەکانی دیکە.

هیوای سەربەرزی و سەرکەوتنی زیاترت بۆ دەخوازم.

خوێنەرانی بەرێز دەتوانن بۆ هەرچی زیاتر دیتنی کارە جوانەکانی مامۆستا ناسر سەردانی لاپەرەی فەیسبووکی ناوبراو بکەن و چێژ لە تابلۆ ڕەنگینەکانی وەر بگرن و هاوکاتیش بە لایک و بە نووسین ڕێز لە گەورەیی و شەونخونی‌یەکانی بگرین.

ئەوەش ئادرەسی فەیسبووکی مامۆستا ناسر: https://www.facebook.com/GHAZI1234

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٧ی مارچی ٢٠١٤

## سڵاو لە گەورەیی و خاکەرایی و پاکی سەرۆک کۆماری کوردستان شەهید پێشەوا



لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو دا بە سەدان نووسراوە و بابەتی هەمەڕەنگ و جۆراوجۆر و کتێب و نامیلکە و شێعر، هۆنراوە و سروودی شۆرشگێری لە سەر وەسف و لایەنەکانی ژیانی پێشەوای هەردەم زیندووی گەلەکەمان، لە لایەن ڕۆڵەکانی گەلی کورد و تەنانەت خەڵکی غەیرە کوردیشەوە بڵاو کراونەوە. دوژمن و نەیارانی کوردیش بە نووسراوە و بە گووتە و بە تایبەت پان ئیرانیستەکان هەوڵی لێبراوانەی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانیان بە دەست تێوەردان و جیاوازیخوازی ناوبردووە، بە کەیفی دڵی خۆیان بۆ بنکۆڵ کردنی پێی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسەی بێ بنەما و دوور لە ڕاستییان بڵاو کردۆتەوە و تەنانەت بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵک وێنەی هەڵاوەسراوی پێشەوا و هاوڕێیانیان بە نێو خەڵک دا بڵاو کردۆتەوە و دەستکاری وەسیەتنامە و گووتەکانی پێشەوا قازی محەممەدیشان کردووە.

ڕێبازی پێشەوا قازی، شتێک نییە کە دوژمن بتوانێ لە دڵ و دەروون و ئارەزووی خەڵک دا بیسڕێتەوە، ڕێبازی پێشەوا، ڕێبازی کوردایەتی و دامەزرانی حکوومەتی کوردی و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کورد بووە و ئێستاش بە ملوێنان خەڵک بە ڕێگە و ڕێبازە دا هەنگاو هەڵدێننەوە و بە هەزاران کەسیش گیانی خۆیان بۆ کردۆتە قوربانی.

مەبەست لە نووسینی ئەم چەند دێرە تەنیا بۆ ئەوەیە کە دوای زیاتر لە ٦٧ ساڵ لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانی ئێستا بە شێوەی جۆراوجۆر لە لایەن ڕۆڵەکانی کوردەوە یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، یادی دامەزرانی حیزبی پێشەوا، یادی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی دەکرێتەوە. لە بۆنە و ڕێوڕەسمی جۆراوجۆردا وێنەی پێشەوا قازی هەڵداوەسرێن و دەبنە ڕازێنەرەوەی مەراسیمەکان، زۆرجار وێنەی دەستکاری کراوی پێشەوا دەبیندرێن و بڵاو دەکرێنەوە. هەندیک کەس بە بەرنامەی فوتوشۆپ وێنەی ڕێبەرانی کۆچکردوو و شەهیدانی گەلی کوردیان دەستکاری کردووە و تەنانەت سەر و دەم و چاویان لە سەر قالب و لەشی کەسانی دیکە داناوە لەبەر ئەوە دەستکاری جل و بەرگی ئەو ڕێبەرانە بکەن. ئەگەر لە راستی بگەڕێین هەموویان دڵسۆزیان پێوە دیارە، بەڵام ناکرێ سەری پێشەوا قازی لە ڕێگای بەرنامەی فوتوشۆپەوە هەڵبگری و لە سەر جل و بەرگی نوێ و مودێلی ئێستا دابنێی، لەبەر ئەوە پۆشینی جل و بەرگی پێشەوا لە سەردەمی ژیانی دا نموونەی ڕەوشتی بەرزی ئەو نەمرە بووە و جل و بەرگەکانی نیشانەی کردار و ئەخلاق و کەسایەتی ناوبراو بوون.

پێشەوا کەسێکی دەست ڕۆیشتوو و دارا بووە، پێویست بەوە ناکا بە گۆڕینی جل و بەرگ سیمای جوانی پێشەوا وا نیشان بدەین کە دەبێ وەک سەرۆک کۆمارەکانی ئەمرۆی جیهان ماشین و فرۆکەی ئەمرۆیان هەبێ جل و بەرگی ئەمرۆیی لەبەر بکەین. سەردەمی ئەو کات هەر ئەو جل و بەرگانەی دەخواست و شێوەی پۆشینی جل و بەرگەکانی زۆر جوان و سەرەدمی و دڵگیرن، ڕەنگ بێ هەر ئێستا کەسانێک هەبن بۆ ڕێزگرتن لە جەنابی پێشەوا شێوەی جل و بەرگەکانیان بە شێوەی جل و بەرگی سەردەمی پێشەوا بگۆڕن و بەم شێوەیە ڕێز لە پێشەوا و لە کولتوری پۆشینی جل و بەرگی سەردەمی پێشەوا بگرن. با ئێمە بە دەستی خۆمان مێژووی نەتەوەکەمان کاڵ و کەم ڕەنگ نەکەینەوە.

پێشەوای کوردان وێنەی جۆراوجۆری هەن، خۆزگە ئەو سەردەمیش وەکوو ئەمرۆ کەرەسەی وێنەی گرتن زۆر بایەن، بێشک هەر وەکوو چۆن ئێستا ئەگەر ڕێبەرێکی کورد کەسایەتی‌یەکی کورد لە کۆڕوکۆبوونەوەیەک دەر دەکەوێ ئەوە هەموو کەس بە موبایل و کامێرا وێنەی لەگەڵ دەگرن و تەنانەت بە شێوەی زیندووش فیلمی لێ هەڵدەگرن، بێ گومان سەردەمی پێشەوا ئەو کەرەسانە هەبایەن، ئێستا پێشەواش بە دەیان و بگرە بە سەدان گرتە فیلم و وێنەی

ڕەنگاوڕەنگی لێ بڵاو دەبوونەوە، بەداخەوە تاکوو ئێستا قسەکانی پێشەوا هەر بە نووسراوە بڵاو کراونەوە و بوونە وێردی سەرزمانی خەڵک، جیا لەو کەسانەی بەشداری کۆبوونەوە و متینگی ڕاگەیاندنی حکوومەتی کۆمار بوون، کەس گوێی لە نوتقی پێشەوا لە کاتی ڕاگەیاندنی حکوومەتی کۆماری کوردستان دا نەبووە، هۆکارەکەی نەبوونی کەرەسەی پێویست و یا کەم کاری بەشی تەبلیغات و زەبتی کۆمار و حیزبی پێشەوا بووە، نوتق و وتارە بە نێوبانگەکەی لە ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە، بەڵام ناکرێ ئێستا کەسێک بێت و بە دەنگی خۆی وتارەکە زەبت بکا و دوایە بڵێن ئەوە دەقی قسەکانی پێشەوایە بە دەنگی خۆی، بۆیە با ئێمە هەوڵی ئەوە نەدەین مێژوو بە لاڕێ دا بەرین.

هەروەک لە سەرەوە ئاماژەم پێداوە ئەگەر وێنەی پێشەوا و کۆمار کەمن هۆکارەکەی نەبوونی میدیاکار و ڕۆژنامەوان و فیلم هەڵگر بووە. دیارە تا ئێرەش وێنەی پێشەوا و هاوڕێیانی کەم نین و بە پێی هەل و مەرجی ئەو کات دەتوانین بڵێین زۆریشن. ڕاستی‌یەکی حاشا هەڵنەگرە جووڵانەوەی کورد بە گشتی لە بواری پاراستنی بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی لاواز بووە، ئەوەی ئێستاش لەبەر دەست دان ئی ئارشیوی کۆمار و یا حیزبی پێشەوا نیین، بەڵکوو لە ئارشیوی بێگانە و لە ئاڵبۆمی کەسە دڵسۆزەکان کۆکراونەوە. هاوکات دوژمنیش بۆ لە نێوبردنی بەڵگە و دێکۆمێنتەکان دەستی لە هیچ شتێک نەپاراستووە و ئەوەی دەستی کەوتووە یا لە نێوبردووە و یا دەستکاری کردووە. لەبەر ئەوە ڕژێمی پەهلەوی زەبروزەنگی هەبووە، بەداخەوە بەشی زۆری وێنە و بەڵگەکان لە لایەن خەڵکەوە شاردراونەوە و یا بە دەستی هەندێک کەسی بێ ورە و لە ترسی گیانیان لە نێوچوون. ڕەوتی مێژوو هەروەک وەک مرۆڤەکان لە لاوەتی‌یەوە بەرەو پیری و بە ساڵاچوویی دەبات، هەر بەو شێوەیەش و بگرە زیاتریش وێنە شاردراوەکانی پێشەوا و هاوڕێیانی یا کەم ڕەنگ کردۆتەوە و یا بە سەریەکدا چرچ و لووچی کردوون و بۆتە هۆی ئەوە کە وێنەکان کەم ڕەنگ بن. سەردەمی کۆماری کوردستان وێنەکان ڕەش و سپی بوون، وێنە ڕەش و سپی‌یەکان بۆمان لە مێژوو دەدوێن و مێژوومان وەک خۆی پێشان دەدەن، با ئێمە چیدی ئەسڵی وێنەکان بە ناوی زیندوو کردنەوە بە فەرامۆشی نەسپێرین، دەکرێ وێنەیەک هەڵبگری لە سەر پاش بنەمایەکی دابنێی و پشتەوەی وێنەکە بگۆڕی بەڵام ناکرێ وێنەکە و تەنانەت ڕەنگی دەم و چاو و جل و بەرگەکانی بگۆڕین.

با نوێ کردنەوەی سیمای پێشەوا و هاوڕێیانی بۆ نیگارکێشە بە تواناکانی کورد و جیهانی بە جێ بێڵێن، بەشێکی دیار و بەرچاو لە ڕۆڵەکانی کورد دەست ڕەنگین و هونەرمەندن و توانای نیگارکێشان و پەیکەر درووست کردنیان زۆر بە هێزە و وێنەکان وەک خۆیان دەکێشنەوە و یا پەیکەریان لێ دروست دەکەن.

نیگارکێشە بە تواناکان دەتوانن سیماکان وەک خۆیان بە جل و بەرگ و پشتی کەسەکانەوە بکێشنەوە و یا پەیکەریان لە بەرد و مەڕمەڕ و کەرەسە ڕەق و نەرمەکان لێ درووست بکەن. دیارە هەموو نیگارکێش و هونەرمەندە پەیکەرتاشەکانیش ناتوانن وەک خۆی دەقاودەق ئەو کارە بکەن، بەڵام هەن لە نێو ئەواندا کە شاکار دەخوڵقێنن و دەست ڕەنگینی و خولیای خۆیان لە کێشانەوەی وێنەی ڕێبەرێک ، دیمەنێک، کەسێک و یا کەرەسەیەک دەر دەخەن و دواتر وێنەکە و یا پەیکەرەکە ساڵهای ساڵ وەک یەکێک لە باشترین نیگارەکانی جیهان دەستاودەست دەکا و بە ملوێنان وێنەی لێ چاپ و بڵاو دەکرێتەوە، هیوادارم کە نەققاش و نیگارکێشانی کورد هەوڵ بدەن وێنەی دەستی خۆیان بگەیێنە لووتکە و بەرزی ئەو کەسەی دەیکشینەوە یا درووست دەکەن.

لێرەدا چەند وێنە لە نیگارکێشی بە توانای کورد مامۆستا ناسر قازی زادە نیشان دەدەن کە کێشانەوەی وێنەکە جوانترە لەوەی سەری پێشەوا لە سەر جل و بەرگی کەسێکی دیکە دابنێی فەرموون ئەوەش وێنە و دەست ڕەنگینی مامۆستا ناسر قازی زادە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی مارچی ٢٠١٤

## له‌ په‌راوێزی نووسینه‌كه‌ی به‌رێز حه‌مه‌ره‌سووڵ حه‌سه‌نپوور دا. سه‌رده‌شتی ئێستا و هی جاران!



كاك حه‌مه‌ره‌سووڵ گیان ده‌سته‌كانت خۆش بێ و هیوادارم كه‌ هه‌میشه‌ هه‌روا مشوورخۆر و پێشه‌نگ و مامۆستامان بی.

سالآنێكه‌ سه‌رده‌شت به‌ ده‌ست بێكه‌سیه‌وه‌ ده‌نالێنێ، ئه‌وه‌ به‌و مانایه‌ نییه‌ كه‌ كه‌سی دڵسۆز و نیشتمان په‌روه‌ری تێدا نین، به‌ پێچه‌وانه‌ مرۆڤی دڵسۆز و نیشتمانپه‌روه‌ر و خه‌مخۆر یه‌كجار زۆرن، به‌ڵام به‌داخه‌وه‌ نه‌ یه‌كگرتوون و نه‌ كاری به‌ كۆمه‌ڵ بۆ شار ده‌كه‌ن، به‌ڵكوو به‌ تاك زۆر كاری جوان و باشیان كردووه‌ به‌ڵام له‌به‌ر ئه‌وه‌ كاره‌كه‌ به‌ كۆمه‌ڵ نه‌بووه‌ نه‌چۆته‌ بازنه‌ی گشتی‌یه‌وه‌.

نووسینه‌كه‌ت پڕه‌ له‌ ئێش و ئازار و پڕه‌ له‌ خۆشه‌ویستی و وه‌فا بۆ شاره‌كه‌ت.

پڕه‌ له‌ ئێش و ئازار له‌ به‌ر ئه‌وه‌ تاقمێكی هه‌لپه‌ره‌ست و بێ ویژدان له‌ لایه‌ك كه‌وتۆته‌ جه‌سته‌ی لاوانی بێ ده‌رتان و به‌ره‌و هه‌ڵدێر و نه‌مانیان ده‌به‌ن و له‌ لایه‌كی‌تریشه‌وه‌ كه‌وتوونه‌ گیانی سرووشتی دڵڕفێنی ناوچه‌ و به‌ له‌ نیوبردنی كانی و ئاو و سه‌رچاوه‌ و ڕه‌زه‌كانی ڕووحی گه‌شاوه‌ی شار و دانیشتووانیان به‌ره‌و سیسی و لاوازی بردووه‌.

پڕه‌ له‌ خۆشه‌ویستی و وه‌فا له‌ به‌ر ئه‌وه‌ بۆ خۆت جگه‌رگۆشه‌ی شار و ناسیاوانی و زێدی له‌ دایك بوون و فڕچك

گرتن و خۆشی و ناخۆشی‌یه‌كانی شاری و هه‌ست به‌ كه‌م وكوری‌یه‌كانی ده‌كه‌ی.

سه‌رده‌شت زۆرجار كه‌وتۆته‌ به‌ر رق و كینه‌ و تووڕه‌یی دوژمنان و نه‌یارانی، ئاگر تێبه‌ردانی ماڵی ئاڵڵاخان كه‌ به‌ ده‌یان كه‌س له‌ خه‌ڵكی شاری تێدا سووتێنرا، تالاّن و سووتانی به‌شێك له‌ شار به‌ ده‌ستی سوارانی خۆماڵی مه‌نگوور و گه‌رمێن، له‌ سێداره‌دانی مه‌لا ئاواره‌ و ده‌یان كه‌سی دیكه‌ و شه‌هیدانی ١٤ سه‌رماوه‌زی ١٣٥٧ و بۆمبارانی به‌ ده‌یان جاری رژێمه‌كانی ئێران و عێراق و شیمیاباران كردن و قڕكردنی دانیشتووانی شار و ده‌وروبه‌ری و سووتاندنی ڕه‌ز و باخ و لێره‌واره‌كانی شار نه‌یانتوانیوه‌ شار به‌ چۆك دابێنێ و به‌ڵكوو شار و خه‌ڵكی به‌ ئه‌مه‌گی گونده‌كان هه‌ر جاره‌ی ڕاوه‌ستاوتر له‌ پێشوو گه‌ردنی ناوچه‌كه‌یان به‌رزتر ڕاگرتووه‌ و مێژوویه‌كی گه‌شاوه‌یان بۆ ناوچه‌ تۆمار كردووه‌ و به‌شداری چالاكانه‌ی خه‌ڵك له‌ بزووتنه‌وه‌ی رزگاریخوازی گه‌لی كورد دا بۆته‌ مایه‌ی سه‌ربه‌رزی ئه‌و ناوچه‌یه‌.

مخابن ته‌مه‌نی ئینسانه‌كان له‌ شوێنێك كۆتایی پێدێ و ده‌ستی ته‌قدیر وایكردووه‌، له‌ جیاتی پیاوچاكان و دڵسۆزان و ده‌یان كه‌سایه‌تی دیاری سه‌رده‌شت و ده‌یان ژنی ڕووسووری شار و ده‌یان ژن و پیاو و كه‌سایه‌تی گونده‌ دڵرفێنه‌كانی ده‌وروبه‌ری كه‌ ئیلهامی جوانی و خۆشه‌ویستی و پیاوه‌تی بوون و ده‌ستیان له‌ ئاوه‌دانی و جوانی دا دیار بوو و جێگایان قه‌ت پڕ نابێته‌وه‌، به‌داخه‌وه‌ ئه‌وه‌ دوای سالاّنێك، ناپیاوانی نه‌فس نه‌زم و پوول په‌ره‌ست و بێ ویژدان و چه‌ند كه‌سێكی جاش سفه‌ت بۆ وه‌سه‌ریه‌كنانی سه‌روه‌ت و سامان كه‌وتوونه‌ گیانی لاوان و له‌ نێوبردنی مێژوو و كولتور و فه‌رهه‌نگ و سرووشتی دڵرفێنی ناوچه‌.

رژێمه‌كانی ئێران له‌ مێژ ساڵه‌ نه‌یانتوانیوه‌ قه‌ره‌ له‌ گه‌وره‌یی ئه‌و ناوچه‌یه‌ بده‌ن، به‌لاّم به‌داخه‌وه‌ ئێستا رژێم بۆ ئه‌وه‌ی بتوانی نیازه‌ گوڵاوه‌كانی خۆی په‌ره‌ پێ بدا ئه‌وه‌ پیلانی ئه‌نفالی سپی دارشتووه‌ و به‌ ده‌ستی نه‌فس نه‌زمانی خۆماڵی كه‌وتوونه‌ قڕكردنی لاوان و به‌ره‌و هه‌ڵدێر و نه‌مانی ده‌به‌ن.

جێگای خۆیه‌تی به‌ هه‌موومان له‌ ڕێگای جۆراوجۆره‌وه‌ و یه‌كگرتووانه‌ به‌ گژ ئه‌و پیلانه‌ ناوجوامێرانه‌یه‌ دا بچینه‌وه‌ و هه‌ر كه‌س له‌به‌ر خۆیه‌وه‌ ئه‌و نائینسان و بێ ویژدانانه‌ی بۆ سه‌روه‌ت و سامان، خه‌ڵك تووشی نه‌هامه‌تی ده‌كه‌ن ئاشكرا بكه‌ین و ڕیسوا و شاربه‌ده‌ریان بكه‌ین و به‌ هه‌وڵی گشت لایه‌كمان پاكی و جوانی سرووشت و خۆشه‌ویستی بگێرنه‌وه‌ بۆ شار و گونده‌كانی ده‌وروبه‌ر، زۆر به‌داخه‌وه‌ دوژمن ته‌نیا كاری له‌ سه‌ر سه‌رده‌شت نه‌كردووه‌ به‌ڵكوو له‌

هەموو کوردستان دا بەرنامەی هەیە و ئەگەر زووتر وەخۆ نەکەوین و دەست نە دەینە دەستی یەک ئەوە کارەساتی گەورە دەخولقێ و دواتر قەرەبوو کردنەوەی زۆر زەحمەت دەبێ.

ئەگەر لەو نووسینە کەمە دا ناوی کەسایەتیە دیارەکانی شارم نەنووسیوە ، بەو مانایە نییە کە کەسایەتی لە شارەکەمان دا نەبوون بەڵکوو زۆر لەوە زیاترن و ناوهێنانی هەموویان پێویستی بە نووسینی زیاتر دەکا و هیوادارم کە لە داهاتوو دا بپرژێمە سەر ناوهێنانی هەموو ئەو خۆشەویستانەی دەستیان بە ئاوەدانی شارەوە دیار بووە و لە پیاوەتی و ئینسانییەت دا دریغیان نەکردووە. کەسایەتی‌یەکانی دیکە کوێخا و ریش سپی و پیاوماقوڵانی گوندەکان و ناوچەکەمان جێگای تایبەت بە خۆیان هەیە و هەمیشە وێردی سەرزمانی ئێمە و گشت لایەک بوون و ئەوانەی ماون تەمەنی درێژیان بۆ بە ئاوات دەخوازم و ئەوانەی کۆچیان کردووە جێگایان بەهەشتی بەرین بێ.

دەست خۆش کاک حەمەرەسووڵ حەسەن پوور مامۆستای منداڵی و لاوەتی و ئێستامان. هیوای تەمەن درێژیت بۆ دەخوازم.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٤

## چەند پەیڤێک لە سەر نووسینەکەی کاک شاسوار ڕەحمانی لە ژێر ناوی " باز سردشت و خانە پدری و دل در گرو محدود فرزندان ناخلفش!! "

برای زێدە خۆشەویست کاک شاسواری سوارچاک!

سەرەتا دەستەکانت خۆش بێ و هیوادارم کە پێنووس و هەست و بیرت هەروا تیژ و خەمخۆرانە بێ. ئەگەرچی بابەتەکانت بە زمانی فارسی دەنووسی، بەڵام زۆرجار بابەتەکانت دەخوێنمەوە و چێژی تایبەت بە خۆیان لێ وەردەگرم. بابەتی ئەمجارەت پرسێکی گرینگی نێو کۆمەڵگای ئێمەیە، هەرچەند زۆربەی نەتەوەکانی دیکەش کەم و زۆر ئەو جۆرە پرس و هەڵسوکەوتەیان تێدا هەبووە، بەڵام لە نێو نەتەوەی ئێمەدا کە بێ دەوڵەت و بێ

دەسەڵاتین زیاتر دیارە.

کۆمەڵگای کوردەواری زۆر شتی باش و پڕبایەخ و بە نرخی تێدا هەن و شۆڕش و شۆڕشگێری و سەر دانەنواندن یەکێک لە شانازییەکانی گەلەکەمان بووە، دیارە کەم و زۆریش شتی خەراپ و تا ڕادەیەک بێزراویش لە کۆمەلگای ئێمەدا بوونیان هەیە و تەنانەت زۆر لە بوون زیاترن کە جاشایەتی و سیخووری و فرۆشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە هەمووانیان زەقتر و دیارەترن.

جاشایەتی و خەیانەت، دیاردەیەکی دزێوی نێو کۆمەڵگایە و بە گشتی خەڵکی کوردستان بە چاوی خەراپ دەڕوانە ئەو کەسانەی بۆ وەسەریەکنانی سەرەوت و سامان و وەرگرتنی هەندێک شتتومەک دەبنە دار دەست و نۆکەر و بارەبەری دەوڵەتێک کە تا سەر ئێسقان دژ بە ئینسانییەت و دژ بە هەموو ماف و ئازادییەکان و گەلی کوردە.

ئەو جۆرە کەسانە لە نێو خەڵک دا ریسوا و بێ ئابروون و هیچ پێگە و جێگایەکیان نییە و تەنانەت لەلای سەرکردە و ئاغاکانیشیان هیچ نرخ و پلە و پایەییێکی ئینسانیان نییە. ساڵانێکی دوور و درێژە شۆرشی گەلی کورد بە دەستی جاشانی خۆجێییەوە دەناڵێ و ئەوەندەی جاشەکان لە سەر ڕێگای شۆرشگێران و خەڵکی ئازادیخواز و کاسبکار ڕاوەستاون، حکوومەتانی زاڵ بە سەر کوردستان دا کەمتر ڕاوەستاون.

زۆر دەوڵەت و حکوومەت پاش چەند دەیە دەسەڵاتداری بە دەستی بە توانای ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکە تێکەوە پێچراون و لە زبڵدانی مێژوو هاویشتراون و بوونە بەشێک لە مێژووی دیکتاتۆری لە وڵات دا. دوای ڕووخان و تێکەوەپێچانی هەر حکوومەت و دیکتاتۆرێک ئەوە بە داخەوە کۆمەڵێک کەسی نەفس نەزم و پووڵی پووڵی و بێ ویژدان و ترسنۆک دەبنە جاش و بەگژ باشترین ڕۆڵەکانی گەل دا دێنەوە و خۆش خزمەتی و نۆکەری و جاسووسی و سیخوری لە سەر کەس و کار و تەنانەت برا و خزمەکانی خۆشیان دەکەن بۆ ئەوەی لە لای ئاغاکانیان هەندێک متمانە پێدا بکەن و لەو ڕێگایەوە خۆیان دەوڵەمەند بکەن و یا بە نان و نوایەک بگەن. بێ خەبەر لەوەی کە هەر لە سەرەتای دەست تێکەڵ بوونیان و ئاشکرابوونیان ئەوە بەر لە هەموو کەس لە لایەن خزم و کەس و کار و بنەماڵەیانەوە دەبێزرێن و هیچ ڕێز و حورمەت و قەدرێکیان نامێنێ و تا کاتی مردنی سەرشۆڕانەیان ئاوێکی سافیان بە گەرووی بۆگەنیان دا ناچێتە خوار و هیچ کات بە ئاسوودەی ناژین و ترس و دڵەڕاوکێ بەرۆکیان بەرنادا.

ئەو کەسانەی بۆ وەدەستهێنانی پلە و پایەی خوێندن و کار وەرگرتن لە ئیدارە و شوێنە گشتی‌یەکان دەستەوداوێنی حکوومەت دەبن و بەڵێنی هاوکاری و یارمەتی بە حکوومەت دەدەن و لە ژێرەوە و بە نەهێنی جاسووسی دەکەن، زۆر پیستر و بێ ویژدانتر و بێ ئابرووترن لەو کەسانەی بە ئاشکرا چەک و جلی جاشایەتیان لەبەر کردووە. ئەوانەی دەستەی یەکەم ڕاستەوخۆ دەچنە شەر و زۆرجار بە گووللەی تۆڵەستێنی پێشمەرگە کەلاکی بۆگەنیان کەوتۆتە سەر عەرز و بوونە دەرس و وانە بۆ کەسانێکی دیکە و لە ئاکام دا هەندێک لە جاشە ترسنۆکەکانی زیاتر ترساندوون. بەڵام دەستەی دووهەم گورگێکی دڕندەن و لە پێستی مەڕ دان و هەموو کات، کەڵپ و چنگی خوێناویان لە ژێر پێست دا شاردۆتەوە و بە قسەی نەرم و نیان و چەور کەسانی دڵسۆز لە داوی ڕژێم دەخەن بە بێ ئەوەی بۆ خۆیان ئاشکرا ببن، تاوان دەخوڵقێنن، ئەو دەستەیە مەترسیدارن و دەبێ بە وریایی و بە وشیاری زیاترەوە بیان دۆزیەوە و لە جاشە چەکدارەکان زیاتر سزا بدرێن.

بە خۆشیەوە ئێستا لە لایەن خەڵک و بە تایبەت لاوان و شۆڕشگێرانەوە زۆرێک لەو کەسانە ئاشکرا کراون و لە ڕۆژی خۆیدا هەر بە دەستی بە توانای خەڵک سزا دەدرێن و تۆڵەی ئەو سیخوری و جاشایەتیەیان لێ دەکرێتەوە و ناهێڵن تا سەر زیندوو بمێننەوە و بە ئامانجە گوڵاوەکانیان بگەن.

دەستەی سێهەم و مەترسیدار لە سەر کۆمەڵگا مافیای دەسەڵاتە کە بۆ سەرکوت و بۆ بەلاڕێ دا بردنی لاوان دەستی داوەتە بڵاو کردنەوەی مادده هۆشبەرەکان. مافیای دەسەڵات بۆ ئەوەی بە ئامانجە چەپەڵەکانی خۆی کە سرینەوەی بیرو هزری شۆڕشگێری لە مێشکی لاوان دایە دەستی کردووە بە درووست کردنی ڕایەڵەیەک کە ئامادەن بۆ وەسەریەک نانی سەروەت و سامان، ژن و خوشک و دایکی خۆیان گیرۆدەی مادده هۆشبەرەکان بکەن و لە ڕێگای بڵاو کردنەوە و فرۆشتنی ئەو ماددانەوە کۆمەڵگا تووشی وەستان و نەخۆشی بکەن. بەداخەوە لە ماوەی چەند ساڵی رابردووە ئەو دەستەیە زیاتر لە جاشەخۆفرۆشەکان زەربەیان لە پەیکەری شۆڕشگێری کوردستان و لاوان داوە و بەو کارەیان خزمەتێکی گەورەیان بە ڕژێمی تا سەر ئێسقان کوردکوژ کردووە و بە موعتادکردنی لاوان و ژن و منداڵی خەڵک، گەیشتوونە سەروەت و سامانێکی بێ ئەژمار و بۆ وەدەست هێنانی پووڵی زیاتر هەروا بەردەوام وەک زەروو خەریکی خوێنمژینی خەڵکی‌ترن.

بێشک بەشێک لەوانە بۆ خەڵک ناسراون و لە داهاتوویێکی نزیک دا بە دەستی بە توانای خەڵک لە ژێر ڕق و بێزاری پنگ خواردووی کەس و کاری موعتادەکان و خەمخۆرانی گەل و نیشتمان دا تۆڵەی سەدان کەس کە بە

نــاحەق و لە ڕێگــای نەناسینی ماددەکــان و ناشــارەزاییەوە تووشیـانکردوون، دەکەنەوە و نــاهێڵن ئەو ســەروەت و سامانەی کە بە مژینی خوێنی خەڵک وەسەریەکیان ناوە بە گەرووی خۆیــان و مــاڵ و منداڵیان دا بچێتە خوار. بە دڵنیــایەوە مســتی تــۆڵە ســتێنی خەمخــۆران، دڵ و مێشـکی نەخۆشـیان دەپلیشــێنێتەوە و جەنــدەکی بۆگەنیــان لە سەرگوێلک و زبڵدانی تەنیشت ماڵان فرێدەدەن بۆ ئەوەی ببنە دەرسی عیبرەت.

وەرن بــا بە هەمووموــان یەکــدەنگ و یەکرەنــگ بەگـژ خـۆفرۆش و جــاش و سیخوور و مــواد فرۆشــەکان دا بچیــنەوە و نەهێڵین چیدی خوێنی خەڵک برێژن و کۆمەڵگا تووشی نەهامەتی وچارەڕەشی بکەن.

کاکە شاسوار گیان بابەتەکەت خەمخۆری زۆری پێوە دیارە، خەمێک کە بۆ هەمووومان جێگــای داخ و کەسەرە، بەڵام گەلــی کــورد تــا ڕۆڵەی وریــا و وشیاری وەک جەنابــت و ســەدان لاوی شۆڕشگێر و خوێنــدەوار و ڕوونــاکبیری هەبــێ ناهێڵێ پشتی لەوە زیاتر بچەمێتەوە و ناهێڵێ خەمەکــان لەوە گەورەتــر و قورستر بــبن، بەڵکوو بە پێچەوانە بە هەوڵ و ماندوونەناسی خۆیــان جیــا لە ڕەوانــدنەوەی خەمەکــان، پشــت ڕاستدەکەنەوە و گەردنیــان بەرز ڕادەگــرن و نــۆکەران و جــاش و سیخوور و مــواد فرۆشــەکان ریســوا و شــاربەدەر دەکەن و تــۆڵەی چەنــدین ســاڵەیان بە ڕۆژێــک لێدەکەنەوە.

دەستەکانت خۆش بێ و هیوادارم کە هەمیشە سوارچاک و شاسوار و خەمخۆری گەل و نیشتمان بی.

لەگەڵ ڕێز و حورمەت و سوپاس
حەمەرەسووڵ کەریمی

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣١ی مای ٢٠١٤

## زۆربەی تەلەفزیۆنە کوردییەکان گۆشە و یا بەرنامەیەکیان هەیە بە ناوی ئەمڕۆ لە مێژوودا.

بەشی هەرە زۆریان مێژووی هەر ٥ قاڕەی جیهان بە چاک و خەراپەوە باس دەکەن و زۆرجاریش باسی پاشا و میر و گزیری وڵاتان دەکەن و تەنانەت وای لێهاتووە کە باسی مێردکردنی فڵان کچە پاشا و ژن هێنانیشی تێدا دەکرێ و زۆرجار باسی قڕانی جوولەکە و ئەرمەنی و ئیسلامی و هاتنی لەشکری جۆراوجۆر بۆ سەر وڵاتانی دیکەش دەکەن. لەو نێوەدا کەسی خاوەن کەسایەتی گەورەیی تێدا باس کراوە و زۆرجاریش باسی دیکتاتۆر و خوێنمژان کراوە، باسی هونەرمەندان و پیاوچاکان و مێژوونووسان و هەموو جۆرە کەسێک کراوە، کە جێگای دەستخۆشی لێکردنە.

ئەوەی جێگای پرسیارە هەر کات ڕۆژی شەهیدانی گەورەی وەک دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعید و هاوڕێیانی دەێت، مرۆڤ چاوەڕوانە لەو ڕۆژە مێژوویانەدا باسیان بکەن و جێگای شیاوی خۆیان پێ بدەن، لە سەریەک لە کاتی باس کردنیان دا جێگای شیاوی خۆیان پێ نەدراوە و تەنیا وەک کەسێکی شۆرشگێر و مامۆستای زانکۆ و کەسایەتی باسیان کردوون، ماوەی چەندین ساڵە ناوێرن و نایانهەوێ کە بڵێن کە ئەو گەورە پیاوانە چۆن شەهید بوون و یا کێ شەهید و تیرۆری کردوون و بە کرچ و کاڵی لەو ڕۆژەدا باسیان دەکەن، بە بۆچوونی خۆم دەبێ داوایان لێ بکرێ باسی ئەو شەهیدانە نەکەن و ئەگەر باسیان دەکەن دەبێ جێگای خۆیان پێبدەن چوونکە زۆر لەوە گەورەترن کە بە دوو خەت باس لە ژیانی ئەو مرۆڤانە بکەن و یا ئاوا بە سادەیی بە سەریان دا باز بدەن.

ئەوەندەم سەیری ئەو گۆشەیە کردووە ئێستا ژیان و بە سەرهاتی هەموو دیکتاتۆر و خوێنمژ و هێرشکەران دەزانم، مخابن قەت وانەبووە جارێک باسی گەورە پیاوانی وەک نانەوازدەی شەهید و وەزیرانی کۆماری کوردستان و مەلا ئاوارە و موعینی و دەیان و سەدان شۆرشگێری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن، ئەگەر قسەیەکیان هەیە بۆ ئەوەی بڵێن کە لەبەر وەزعی سیاسی و دیپلۆماسی ناتوانین وەک خۆیان باس لە دوکتور قاسملوو و دکتور سەعید بکەین خۆ دەتوانن باسی ئەو نەمرانەی لە سەرەوە ئاماژەم پێکردوون لەو سەردەمە دا شەهید نەکراون و دەیان هونەرمەند و مێژوونووسی ڕۆژهەڵات بکەن. ئەگەر باسی ئەتاتۆرک و خومەینی و ئەسەد و دەیان دیکتاتۆری دیکە دەکەن با بیکەن، دەبا لە سۆنگەی ئەوانیشەوە جاربەجار باسی گەورەپیاوانی ڕۆژهەڵات و مێژووی ژیانیان وەک خۆیان بکەن، دیارە ئەمساڵ بەشێک لەو مێدیا کوردیانە هەر نە بە چاک و نە بە نێوچڵی هەر باسیان لەو گەروە پیاوە نەکرد

هۆکارەکەی هەرچییەک بێ لە گەورەیی ئەوانە کەم نابێتە. هەرچەند هۆکارەکەی ڕازی کردنی کۆماری ئیسلامی ئێرانەو و هیچیتر با بزانین لە گۆشەی ڕۆژمێری ئەمساڵ دا لە کوردسات چۆن باسی شەهید دوکتور سەعید دەکەن، ئایا ئەو گەورە پیاوە هەر بۆ خۆی وەک بەشێک لە گەورە پیاوان کۆچی دوایی کردووە، یا شەهید و تیرۆر کراوە و بە دەستی کێ کراوە بۆ خۆتان سرنجی بدەن و بۆچی باسی کۆماری ئیسلامی ناکرێ و کێ لە پشت ئەو جەنایەتەوەیە، تۆ بڵێی نەوەی داهاتووی گەل لە داهاتوودا بزانن ئەو گەورە پیاوانە کێ شەهیدی کردوون و کێ بوون.؟

لە سەریەک دەبێ دەیان ئایا و ئەگەری دیکەش لەبەر چاو بگرین.

تکایە ئەوەندە نووسینە وەک دژایەتی لەگەڵ بەرێوەبەرانی کوردسات و یا ساحەب ئیمتیازی کوردسات چاو لێ مەکەن بەڵکوو وەک خەسارناسی و ڕەخنە لەو بەرێزانەی چاو لێبکەن، زۆر بە پەلە نووسیوومە و دەبوو زیاتر ڕوونم کردبایەوە و تکایە بۆچوونەکانتان بە خەسارناسی و یا ڕەخنە وتێبینی بێ نەک هێرشی نارەوا،

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## دەنگێکی ڕەسەن و ناوێکی ئاشنا و سیمایەکی دیاری دێموکرات کاک تەها عەتیقی



لە ماوەی پێشمەرگایەتی دا زۆر کەسایەتی ناودار و زۆر شۆرشگێری بە ئەمەگ و زۆر بنەماڵە و کەسی تایبەتیم

ناسین. به‌ر له پێشمه‌رگایه‌تیم كاتێک ئێستا نه‌ببوومه پێشمه‌رگه، له ڕۆژانی هه‌ینی دا له به‌رنامه‌ی نامه‌ی گوێگره‌كان دا گوێم له ده‌نگێكی ڕه‌سه‌ن و خۆش مه‌شره‌ف ده‌بوو كه زۆرجار له كاتی وه‌ڵامدانه‌وه دا خولیای ئه‌و هه‌موو وردبینی و وشیاری و ڕاوێژی ئه‌و ده‌نگه هانده‌ره ده‌بووم. چه‌ند جارێک له ڕێگای دۆستانی نێو شاره‌وه نامه‌ی پێچراوه به چه‌سپ كه نێوه‌رۆكه‌كه‌ی به كۆمه‌ڵێک پرسیار پڕ ده‌كرایه‌وه بۆ ڕادیۆ ده‌نگی كوردستانی ئێرانی ئه‌و كاتمان ده‌نارد و پاش ماوه‌یه‌ک چاوه‌ڕوانی نامه‌كان به ئه‌مانه‌ته‌وه وه‌ک خۆی بێ زیاد و بێ كه‌م به ده‌نگی خاتوو خه‌جیج مه‌حزووری ده‌خوێندرانه‌وه و به ده‌نگی بلاوێن و خۆشی كاک ته‌ها عه‌تیقی نه‌مر وه‌ڵام ده‌درانه‌وه، ئه‌و ئه‌مانه‌تداریه زیاتر من و دۆستانی ئۆگری ڕادیۆ ده‌نگی كوردستانی ئێران و ئه‌و دوو مرۆڤه ڕاستوێژه‌ی گه‌له‌كه‌مان كرد بوو.


دوای ساڵانێک پێشمه‌رگایه‌تی به هۆی ئه‌وه نه‌خۆشخانه‌ی حیزب له ته‌نیشت ده‌فته‌ری سیاسی حدک بوو، له ڕێگای سه‌ر سنووره برینداری هێزی زمزیرانمان له‌گه‌ڵ چه‌ند هاورێ هێنانه نه‌خۆشخانه و ئه‌وه‌ش وایكرد بۆ ماوه‌ی چه‌ند مانگێک له بنكه‌ی ته‌قه‌مه‌نی و تداروكاتی گشتی حیزب له بنكه‌كانی كانی‌مێو له دۆڵی جافایه‌تی له ته‌نیشت ده‌فته‌ری سیاسی بمێنمه‌وه، پاش چه‌ند حه‌وتوو مانه‌وه له بنكه‌ی ته‌قه‌مه‌نی به‌ره‌به‌ره ڕێم كه‌وته ده‌فته‌ری سیاسی و به هۆی ئه‌وه خزمایه‌تیم له‌گه‌ڵ به‌ڕێز كاک ئه‌حمه‌د شێربه‌گی ده‌نگی دلێری پێشمه‌رگه‌ی دێموكرات هه‌بوو چوومه ژووری بنكه‌ی ڕادیۆ ده‌نگی كوردستانی ئێران و له سه‌رووی دۆڵی گه‌وره‌دێ له ژوورێكی بچووكی پێشمه‌رگانه دا به خزمه‌ت كادره‌كانی ڕادیۆ ده‌نگی كوردستانی ئێرانی ئه‌و كات گه‌یشتم و له نزیكه‌وه ئه‌و كه‌س و ده‌نگانه‌ی منیان هاندا ببمه پێشمه‌رگه، به خزمه‌تیان گه‌یشتم و هه‌ستم به سه‌ربه‌رزی ده‌كرد كه له نزیكه‌وه شانازی ئه‌وه‌م پێ براوه له‌گه‌ڵیان دابنیشم.

كاک ته‌ها عه‌تیقی مرۆڤێكی خوێنده‌وار و ڕووناكبیرێكی شۆڕشگێری نێو ریزه‌كانی حیزبی دێموكرات بوو كه له نووسین و له وردبوونه‌وه‌ی دا كه‌م كه‌س ده‌یتوانی قه‌ره له قه‌ره‌ی نووسین و وه‌رگێرانه‌كانی بدا. به‌رده‌وام خه‌ریكی خوێندنه‌وه و گوێگرتن له رادیۆكانی جیهانی بوو، كاتی به فیرۆ نه‌ده‌دا، له سه‌ر كاغه‌ز و كارتۆن و پاكه‌ته سیگار و بۆكسی سیگار و هه‌رچی سپی و یا بۆ نووسین بایه یاداشتی هه‌ڵ ده‌گرت و له ته‌نیشت خۆی داده‌نان. زۆربه‌ی ئێواران ده‌هاته مه‌یدانی وه‌رزشی گه‌وره‌دێ و له‌وێ وه‌رزشی ده‌كرد و زۆرجار چاوی له‌و كوڕ و كچانه ده‌كرد كه خه‌ریكی یاری واڵیبال و پینگ‌پۆنگ بوون و له ته‌نیشت مه‌یدانی تۆپی پێی بنكه‌ی ده‌فته‌ر پیاسه‌ی ده‌كرد.

زۆرجار لە خزمەتی دا دەبووم و هانی دەدام کە لە کۆڕی هونەری حیزبدا بمێنمەوە و بە قسە خۆشەکانی دڵی منی تازە لاوی دڵگەرمتر دەکرد.

لە ماوەی چەند ساڵێک دا و بە تایبەت ئەو کاتانەی لە جەولەی پێشمەرگایەتی دەگەڕامەوە و دەستم بە تاڵ دەبوو دەچوومە سەردانی دۆستان و هاوڕێیان و یەک لەوان کوڕ و کچەکانی بنکەی رادیۆ دەنگی کوردستان و بە دیداریان شاد دەبوومەوە و هاوکات بە قسەی خۆش و ڕاوێژی گەرمی ئەو پۆلە شۆڕشگێڕە، دڵم سەد هێندەی دیکەی بە شۆڕش و کاری پێشمەرگایەتی خۆشتر دەبوو.

بەهاری ساڵی ١٣٦٦ ی هەتاوی لە سەر داوای ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و لە ڕێگای کۆمیتە شارستانی ڕەبەتەوە هەلم بۆ ڕەخسا بۆ کاری هەواڵنێری و وێنەگری بچمە دەفتەری سیاسی و ببمە قوتابی‌یەکی کەم ئەزموونی کاک تەها عەتیقی، دیارە لەو دەورەیە دا چەندین کادرو پێشمەرگەی دیکەش لە کۆمیتە شارستان و مەڵبەندەکانی دیکەی حیزبەوە بەشدار بوون. لە ماوەی ٢٠ ڕۆژ مانەوە لەو دەورەیە دا، بەردەوام لە نزیکەوە لە سەر چۆنیەتی ئامادە کردنی هەواڵ و دەنگ و باس بۆ ڕادیۆ دەنگی کوردستان، گوێگر و قوتابی نەمر کاک تەها عەتیقی و شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی بووم و لە کاری وێنەگریش دا قوتابی هاوڕێی بێ سەرو شوێن بوو کاک حەسەن کتابی بووم.


بەرێز ~~مەڵبەندی~~ ________
کۆمیتەی شارستانی ڕەبەت
هاوڕێ: ڕەسول کەریمی لەمەوبەدوا وێرای ئەنجامی ئەرکی پێ سپێردراوی خۆی کە لە لایەن ئێوەوە بۆی دیاری دەکرێ، ئەرکی تایبەتی هەواڵدەری دەنگی کوردستانیشی بە ئەستۆ دەبێ.
ئەم هاوڕێیە کە دەورەی دیتووە. خەبەر و باسەکانی عەمەلیاتی پێشمەرگە و هەموو هەواڵەکانی دیکەی ناوچەی ئێوە ئامادە دەکا و بە پەسندی بەرپرسی کۆمیتە (مەڵبەند) بۆ دەنگی کوردستانی دەنێرێ.
بە هیوای سەرکەوتن
کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ئەو بەڵگەیەش وەک تەنیا یادگاری کاک تەها کە لە دەورەی هەواڵنێری و دوای تەواو بوونی دەورەکەی وەک بەڵگەی کار کردنی لە بەشی هەواڵنێری بەخشرا بە من لە ئارشیوی خۆم دا ڕاگیراوە و گەورەترین خەڵات و میداڵی ئەو ئۆرگانەیە کە کاک تەها بە منی بەخشیوە.

لەو ماوەیە دا کاک تەهام زیاتر ناسی. وردبینی، شارەزایی، مشوورخۆری و دڵپاکی ناوبراو و هەروەها حەوسەڵە و هەست و سۆزی بەرێزیان، وای لێکردم کە زۆرتر ئۆگری ئەو نەمرە ببم. لە ماوەی وانە گووتنەوەی

دا بەردەوام باسی لە ڕاستبێژی و سەداقەت دەکرد و پێداگری لە سەر هەواڵ ئامادە کردن و ڕاست نووسینی هەواڵەکان دەکردەوە. ئەزموونی ڕابردووی خۆی بۆ ئێمە باس دەکرد.

دەیگووت: خۆشەویستی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، ئەوەیە کە هیچ کات درۆ و بۆختان و ناراستی بڵاو ناکاتەوە و هەوڵی داوە چاوساغ و دەنگی بەرهەقی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بێ، دەیگووت: ئەو ڕادیۆیە دەبێ ببێتە باشترین دۆست و هاورێی خەڵکی کوردستان و ئەوەش بە قسەی ناراست ناکرێ و پێویستە ئەمانەتداری لە چۆنیەتی ئامادەکردنی هەواڵ و ڕاپۆرت و بابەتەکان دا بکەین.

کاک تەها لە کاری حیزبی دا چوست و چالاک بوو، لە کاتی قسەکردن لە کۆبوونەوەکان دا سرنجی ڕێبەر و کادرو پێشمەرگە و بەشداربووانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. مرۆڤێکی سیاسی بە مانەی وشە بوو، دەتوانم بڵێم کە کاک تەها شارەزای تەواوی لە سیاسەت دا هەبوو و هەروەها لێهاتوویی تایبەتی لە کاری بەرێوەبەری ڕادیۆ و ئۆرگانی ڕادیۆ دا هەبوو، کەسێکی بوێر بوو و بە بەڵگەوە قسەی دەکرد و ساحەب ئیرادە و ساحەب گوتار و وتاری خۆی بوو، زۆربەی ساتەکان لە تەنیشت گەورە پیاو و ڕێبەری هەڵکەوتووی گەل کاک دوکتور سەعید شەرەفکەندی نەمر بوو، لەگەڵ کاک سەعید و خاتوو خەجێ و کاک ئەحمەد و کاک مەنسوور و کورەکانی دیکە لێکدانەبراو بوون و لە ژێر تەوژمی ساردی و گەرما دا و لە کاتی هێرشی فرۆکە و تۆپباران دا هەر بە یەکەوە بوون. زۆرجار دەیگووت لە کاتی ڕاگوێزتنی ڕادیۆ دا لە نەبوونی کەرەسەی وەک ماشێن و وەلاغ و تراکتۆر دا دەبوو شتە گرینگەکانی ڕادیۆ بپێچینەوە و بە کوڵ ڕایانگوێزین و ئەوەش بۆ ئێمە پێشمەرگەکانی ڕادیۆ وەک عادەتی لێهاتبوو و هەر کەس دەیزانی دەبێ چی لە کۆڵ بکات و چۆنی بپارێزێ. مرۆڤێکی نەترس و بوێر و خەمخۆری حیزب و سیاسەتەکانی حیزب بوو. گەرمێن و کوێستان گەرا و یەکێک لە کۆڵەکە ئەسڵییەکانی رادیۆ دەنگی کوردستان بوو، ڕادیۆی وەک کۆرپەی خۆی خۆشدەویست و بە وتار و گوتاری نازی ڕادیۆی دەکێشا و سیمای جوان و دێموکراتانەی حیزبی دێموکراتی دەبردە نێو هەموو باخ و مەزرا و ماڵ و گوند و شارێک و بە گشتی خەڵکی خۆشدەویست و خەڵکیش بە بیستنی ڕادیۆ دەنگی کوردستان شاگەشکە دەبوون و ڕۆژانە ٣ جار گوێیان لە هەواڵ و بابەت و نامەی گوێگرەکان دەگرت و ئەوەش بۆ کاک تەها و هاوکارەکانی گەورەترین میداڵ و خەڵات بوو.

جێگای خۆیەتی سوپاسی هاوکارەکانی کاک تەها بکەم کە هەمیشە کاک "تەها" یان وەک مامۆستا و ڕێنیشاندەری خۆیان و رادیۆ سەیر کردووە و لە ئەزموون و ڕێنوێنییەکانی ناوبرا کەڵکیان وەرگرتووە.

**دوای شەهید بوونی کاک دوکتور قاسملوو و کاک دوکتور سەعید و هەروەها دوای ئەوە حیزب بە ناچاری هاتە دەشتی کۆیە و کێشە نێوخۆیەکان دەستیان پێکرد، کاک تەها لە ڕێگای یوئێنەوە ڕێگای هەندەرانی گرتە بەر و گەیشتە سوئێد و دواتر بە هۆی ژیانی هاوبەش لە گەڵ خاتوونێکی دڵسۆز و وەفادار بە کوردایەتی خاتوو ئەسمەر لە وڵاتی سویس گیرسایەوە.**

**خەمی دوورە وڵات و خەمی لەتبوونی حیزب و خەمی گەلەکەی بوونە میوانی دڵی نەحەساوەی کاک تەها و بەداخەوە لە ٢٨ ـ ١٢ ـ ٢٠٠٩ دا لە تەمەنی ٦١ ساڵی دا بە هۆی ڕاوەستانی دڵەوە کۆچی دوایی کرد و خەمی خستە سەر دڵی هەموو ئەو کەسانەی کە لە نزیکەوە دەیانناسی.**

**کاک تەها مرۆڤێکی بەخشەندە و دڵ گەورە و لە هەمان کاتدا سادە و خاکی و خۆماڵی بوو. دڵی باخچەی ئەوین و خۆشەویستی بوو، نازی هەموو کەسێکی دەکێشا و دەستی بە سەر سەری هەموو لایەکمانەوە بوو، دوای ئەوە ئەسمەر خان هاوسەری شەهید عەبدوڵلا شەریفی بە چەند کۆرپەی چاوگەشەوە گەیشتنە وڵاتی سویس، کاک تەها پەیمانی هاوسەری و بوونی بابی بە خاتوو ئەسمەر و منداڵەکان دا و تا کاتی مردنی دەستی هەر بە سەر سەری ئەو منداڵانەوە بوو کە لە ژێر سێبەری مێهرەبانی وەفاداری کاک تەها و خاتوو ئەسمەر دا تەمەنیان بەرەو ژوور دەچوو و هەرەتی منداڵی خۆیان تێپەر کرد بوو، کاک تەها لەو قۆناخەی ژیانیشدا کەسێکی سەرکەوتوو و بە ئەمەگ و دڵسۆز و باوک و مامۆستایەکی باش بوو بۆ کۆرپە بە جێ ماوەکانی شەهید عەبدوڵلا شەریفی. لە کاتی بە خاکسپاردنی دا ئەوەی کە منداڵەکان بۆ کاک تەهایان کرد، ڕێک وەک خەمی لە دەستدانی باوکی شەهیدیان کاک عەبدوڵلا شەریفی بوو. ئەو ڕێزگرتن و شین گێڕیەش نیشانی دەدا کە کاک تەها چەندە بۆ ئەوان دڵسۆز و خەمخۆر و مامۆستا و باوکێکی دڵسۆز بووە.**

**لە ڕۆژی ٣١ ـ ١٢ ـ ٢٠٠٩ دا چەند کاتژمێر پێش ئەوەی ساڵ نوێ ببێتەوە لەگەڵ هاوڕێ و دۆستانی نزیکی کاک تەها لە وڵاتی سویس بە دەریایەک خەمەوە بە ئەمانەت بە خاکمان سپارد و چەندین کەسیاتی لە سەر مەزارەکەی وتار و شێعر و هەڵبەست و پەخشانیان پێشکەش کرد.**

**هیوادارم کە هاوڕێ نزیکەکانی، ئەوانەی کە بەردەوام لەگەڵ ئەو نەمرە بوون هەموو لایەنەکانی ژیانی کاک تەها چ ئەو کات لە شاری مەهاباد بوو و چ ئەو کات کە پێشمەرگە و پێشەنگی شۆرش بوو، بنووسنەوە و مێژووی ژیان**

و بە سەرهاتی ئەو گەورە پیاوەی گەلەکەمان، بۆ نەوەی نوێ بگێرنەوە و باسی جوامێری و وەفاداری و گەلدۆستی و نیشتمانپەروەری ئەو تێکۆشەرەی ڕێگای ئازادی کوردستان بنووسنەوە و لە مێژووی یەکەم ڕادیۆی کوردی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دایمەزراندوە ناوی وەک درەوشاوەترین کەس لە سەروی هەموو ناوەکان بنووسرێتەوە.

ڕووحی شاد و ڕێگای خەباتی کە ڕێگای ڕزگاری و ئامانجی شەهیدەکان بوو پڕ ڕێبوار بێ.

لەگەڵ ڕێز و حورمەت حەمەرەسووڵ کەریمی

دێسامبری ٢٠١٤

تێبینی : ئەو بابەتە لەسەر داوای من بۆ یادی پێنج ساڵەی ماڵئاوایی نەمر و تێکۆشەر کاک تەها ئامادە کراوە

# بابەتەکانی ساڵی: ۲۰۱۵

-----------------------------------------------

## کورتەیەک لە ژیانی حاجی حەسەن قەسابزادە خەڵکی سەردەشت، ناسراو بە حەسەن نەجەفی



حاجی حەسەن قەسابزادە ناسراو بە حەسەن سەردەشتی ساڵی ۱۳۱۲ ی هەتاوی لە شاری سەردەشت لە باوەشی بنەماڵەیەکی مامناوەندی دا لە دایک بووه. تا پۆلی ٥ ی سەرەتایی چۆتە قوتابخانە و هەر مێرمنداڵ دەبێ کە دایکی دەمرێ و پاش چەند ساڵێک دواتر محەممەدی باوکی کۆچی دوایی دەکا و ۳ خوشکی وردیلانەی بە سەر دا بەجێ دەمێنن و ئەرکی سەر شانی و هەروەها ژیانی قورستر دەبێ.

ئەو دامەزرانی کۆماری کوردستانی دیتوە و ئۆگری ئەو کۆمارە جوانەمەرگە بووه. حاجی حەسەن ساڵی ۱۳۲۹ ی هەتاویی لە تەمەنی ۱۷ ساڵی دا ڕوو لە باشووری کوردستان دەکا و لەو کاتەوە هەر لە باشووری کوردستان نیشتەجێ دەبێ و ژیانی هاوسەری لە شاری سولێمانی لە گەڵ خاتوو فەزیلە پێکدێنێ، بۆ ئەوەی لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە نەگیرێ و تووشی گیروگرفت نەبێ ناوی خۆی دەگۆڕێ و ناوی حەسەن نەجەفی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ، هەر بۆیە لە باشووری کوردستان بە حاجی حەسەن نەجەفی ناوبانگی دەر کردبوو..

حاجی حەسەن بە هۆی ئەوە كە لاو بووە پەیوەندی بە ریزەكانی حیزبی شیوعی كوردستانەوە دەگرێ و دەبێتە ئەندامی حیزبی شیوعی عێراق و لەو بەشەش دڵی بۆ ئازادی كوردستان هەروا لە لێدان دابووە. دوای ئەوە كە كۆمەڵێك لە گەنجانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە سەر كاری سیاسی لە نێو حیزبی دێموكراتی كوردستان ساڵی ١٣٣٩ بە ناچار ڕوو لە باشووری كوردستان دەكەن، حاجی حەسەن پەیوەندی بە ریزەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستانەوە دەكاو دەبێتە یەكێك لەو كەسانەی كە بۆ ئازادی گەلەكەی دەبێ خەبات بكا. ئەو لە ڕێگای شەهید كاک سولێمان موعینی و كاک مەلا رەسووڵ پێشنەماز لە پەیوەندییەكی چروپڕ دا دەبێ و لە كارو ئەركی حیزبی لە باشووری كوردستان دا یارمەتیدەری ئەو حیزبە بووە. ئەو چۆن پێشتر ماڵی لە باشووری كوردستان بووە، فێری زمانی عەرەبی دەبێ و هاوڕێیانی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە وجوودی حاجی حەسەن كەڵک وەردەگرن و وەک كەسێكی باوەر پێكراو ئەرک و كارەكانی خۆیانی لە باشووری كوردستان و بەغدا پێ ڕادەپەڕێنن و زۆرجاریش كاری تداروكاتیان پێكردووە، ئەو یەكێک لە ئەندامانی كۆنفەرانسی ٣ ی حیزب بووە و بەشداری لەو كۆنفرانسەدا كردووە.

لەو سەردەمەدا دوكان و ماڵی حاجی حەسەن دەبێتە جێی كۆبوونەوەی ئەندامانی حیزب و ئەویش بە دڵەوە یارمەتی گشت لایەک دەدا، وەک دەگێڕنەوە لەگەڵ ئەوەی سەرەتای ژیانی باری ماڵی حاجی حەسەن زۆر باش نەبووە بەڵام هەمیشە میواندار لە هەموو ئەو كەسانەی كە بۆ كاروباری حیزبی دەهاتنە قەلادزێ دەكرد و پەنای گشت لایەكی داوە.

دوای گەڕانەوەی شەهید دوكتور قاسملوو بۆ عێراق لە ڕێگای كاک مەلا ڕەسووڵ پێشنەماز ئاشنایەتی لەگەڵ نەمر شەهید دوكتور قاسملوو پەیدا دەكا و تا كاتی شەهید بوونی دوكتوور قاسملوو ئەو پەیوەندییە هەروا بەردەوام لە گەرمو گوڕی دابووە. حاجی حەسەن بەشیک لە ئارشیوی كۆنی حیزبی لە لای خۆی پاراستووە و ساڵی ١٣٦٥ ی هەتاوی ئەو ئارشیوەی گەیاندۆتە دەستی دوكتور قاسملوو و بەو كارەشی ئارشیوی حیزبی دێموكراتی كوردستانی دەوڵەمەندتر كردووە.

حاجی حەسەن وەک مرۆڤێكی جێی متمانەی شەهید دوكتورقاسملوو و ئەندامانی ڕێبەری حیزب چاوی لێكراوە و زۆرجار سەردانی بنكەی دەفتەری سیاسی حیزبی كردووە و لەگەڵیان كەوتۆتە دیالۆگ و گفتوگۆ. حاجی حەسەن مرۆڤێكی قسەخۆش، ڕاستگۆ و نیشتمانپەروەر بوو، ئەو مناڵەكانی خۆی بە كوردایەتی فێر كردن و ٢ كوڕی لە

ریزەكانی شۆڕش لە باشووری كوردستان دا خزمەتێكی دیارو بەرچاویان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كورد كردووە و كورێكی بە ناوی بەختیار وەک ئەفسەر لە حكوومتی هەرێم دا خزمەتی بە گەل و نیشتمان كردووە و بە دەستی تاوانبارانی تیرۆریست دەفرێندرێ و دواتر شەهید دەكرێ. لە پێناو ڕزگاری دا یەكێک لە خوشكەزاكانی بۆ ماوەیەكی دووردرێژ وەک پێشمەرگەی حیزبی دێموكراتی كوردستان خزمەت دەكا و لەو پێناوەدا زامی گەورە هەڵدەگرێ و ئێستاش هەروا بەردەوام ئەندامی حیزبە.

حاجی حەسەن لە باشووری كوردستان لە غەم و شادی حیزبی دێموكراتی كوردستان دا بەشداری دەكرد و بە تایبەت لە كاتە ناخۆشەكان دا لە تەنیشت ئەندامانی ڕێبەری حیزب دەبوو.

ئەو لە ژیانی شەخسی و سیاسی خۆی دا سەربەرز و سەركەوتوو بوو. ئەزموونێكی زۆری وەسەریەک نابوو، لە گێرانەوەی بەسەرهات و ڕووداوەكانی شۆڕشی گەلی كورد دا بە دڵەوە زانیاری دەدا بە گشت لایەک و مێژووی حیزبی دێموكراتی كوردستان و حیزبەكانی دیكە و بە تایبەت ژیان و بەسەرهاتی خەڵكی ناوچەی زۆر بە باشی دەزانی و لە گێرانەوەیان دا ڕووحی وەبەر مێژووی ڕووداوەكان و بەسەرهاتەكان دەنا و بە ڕاستی‌یەوە دەیگێرانەوە.

ژیانی حاجی حەسەن پڕ بووە لە ئازارو دووری، لە بۆردومانی شاری قەڵادزێ دا ماڵی وێران بووە و جارێكی‌تر دەستی بە ڕێخستنەوەی ماڵەكەی كردووە و بە هەوڵ و هیممەتی خۆی توانیویەتی كە منداڵەكانی پێ بگەیێنێ و ژیانێكی بەختەورانەیان بۆ دابین بكا. ئەو بۆ ئەوەی بە ویژدانەوە بژی پشتی لە سەروەت و سامانی بنەماڵەكەی لە شاری سەردەشت كردووە و بە كرێكاری و شاگردی و دوكانداری ژیانی خۆی و ئەندامانی بنەماڵەكەی بەڕێوەبردووە. حاجی حەسەن وەک كەسێكی جێی باوەڕ لە باشووری كوردستان حیسابی بۆ دەكرا و بە تایبەت لە ناوچەی قەڵادزێ و پشدەرو بیتوێن كەسایەتی‌یەكی تایبەت بە خۆی هەبوو و لە شاری سولێمانیش هەر بەم شیوەیە ببوو جێی متمانەی دانیشتووانی ئەو شارەو بە تایبەت گەرەكەكەیان. پیاوێک بوو كە هەمیشە جل و بەرگی كوردی لەبەر دابوو، لە شایی و شینی خەڵكدا بەشداری دەكرد و خەمی هەژارانی لەبەر بوو. لە كاتی خواردن دا ئاشقی چێشتی خۆماڵی و كوردەواری بوو، زۆرجار یادی خواردنەكانی منداڵی خۆی دەكردەوە و بە تام و چێژەوە بۆی باس دەكردین و باسی نەهامەتی و چارەڕەشی‌یەكانی خۆی بۆ دەگێراینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا هیچ كات نائومێدی پێوە دیار نەبوو، دەتگووت هەمیشە لە خۆشی دا گەورە بووە و هەموو لایەكی خۆش دەویستن و خەڵكیش ئەویان خۆش دەویست، دەستگر و یارمەتیدەری دەوروبەری بوو، كەسێكی سادە و خاكی و بە مانای وشە كورد بوو،

ژیانی لێوڕێژ لە پاکی و سەداقەت و بەها ئینسانی‌یەکان بوو.

حاجی حەسەن کەسێکی دونیا دیتوو و لە هەما کاتدا وەک توریست سەردانی چەندین وڵاتی جۆراوجۆری کرد بوو، شارەزایی باشی لە زمانەکانی کوردی، فارسی، تورکی، عەرەبی و تا رادەیەک ئینگلیزی هەبوو، هەروەها بە زاراوەی هەورامی قسەی لەگەڵ هەورامی زمانەکان دەکرد. ئاشقی گۆرانی ڕەسەنی کوردی بوو، بەردەوام بەیانیان گوێی لە رادیۆکان دەگرت و دوای دەنگ و باسەکان گوێی لە گۆرانیە ڕەسەنەکانی کوردی دەگرت و جارجارەش بۆ زاخاوی مێشک گوێی لە گۆرانی فارسی و عەرەبی و تورکی دەگرت. دووکان و ماڵەکەی جێگای هەموو ئەو کەسانە بوو سەردانیان دەکرد، میواندۆست بوو و نان بدە بوو سفرەی دڵی خۆی بۆ گشت لایەک ڕادەخست و بە چاوی دڵەوە پارێزگاری لە بەها گرینگەکانی ژیان دەکرد.

ئەو لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە یارمەتی دەگەیاندە شاخ و نەیدەهێشت کاک مستەفا چاورەش و هاوکارەکانی بێ ناز بن و زۆرجار بە دستی خۆم نامەی ئەو کەڵە پیاوەم بۆ نێو ریزەکانی شۆرش لە گەرمێن بردووە و یارمەتیەکانی دیار و بەرچاو بوون. ئەو کاتانەی مۆڵگەی جاش و قوات خاسە و عەسکەرەکان لە نێو شاری سولێمانی دەکەوتە بەر هەڵمەتی پێشمەرگە و دەنگی قرمەی چەکی پێشمەرگە شار و دڵی ناحەزانی دەلەرزاند ئەوە حاجی حەسەن دەرگای ماڵەکەی دەکردەوە و شاگەشکە دەبوو و دەیگووت ڕەنگ بێ پێشمەرگەکان بێرەدا بێن و ڕێگای چوونە دەرێیان نەبێ و با لێیان نەقەومێ. ئەو هەست و سۆزە کاریگەری لە سەر کوڕەکانی و کچەکانی دانابوو، بۆیە هەموویان ئاشقی پێشمەرگایەتی و شۆرش و کوردایەتی بوون و ئێستاش هەروا دڵگەرم و کورد و نیشتمانپەروەرن.

حاجی حەسەن سەردەشتی بەرەبەیانی ڕۆژی ١٦ ی خاکەلێوە ١٣٨٩ ی هەتاوی بە هۆی ڕاوەستانی دڵەوە لە شاری هەولێر لە تەمەنی ٧٧ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد. تەرمی حاجی حەسەن لە نێو دەریای پڕ لە خەمی ئەندامانی بنەماڵەکەی و خزم و دۆست و ئاشنایانی و بەشێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرەو سولێمانی گەراندرایەوە و دوانیوەڕۆی ئەمرۆژە بە خاکی پیرۆزی نیشتمانیان سپارد.

وەک خۆم بەشێک لە ژیانی ئاوارەیی و پێشمەرگایەتیم لە لای ئەو مرۆڤە خۆشەویست و لەبەر دڵانە تێپەر کردووە و سەربەرزم بەوە کە بە سەدان جار لە ئامێزی گرتووم و فێری وانەی وەفاداری و خۆشەویستی و نیشتمانپەروەری کردووم. سەربەرزم بەوە کە خاڵێکی کورد و گەل دۆستم هەبووە، خاڵە حەسەن، تەنیا خاڵم نەبوو بەڵکوو

مامۆستایەکی بە ئەزموون و بابێکی خۆشەویست و هاوڕێیەکی گیانی بە گیانیم بووە و لە ڕۆژە سەختەکانی خەبات دا ئامێزی باوکانەی بۆ کردوومەوە و لە کاتی زامداربوونم دا ئازارەکانی لەگەڵ بەش کردووم و ئێستاش گەرمای دڵی و هەست و سۆزی باوکانەی هەر هەست پێدەکەم، خاڵۆژنە فەزیلەی هاوسەری خاڵە حەسەن تا بڵێی قسە خۆش و دڵسۆز بوو، بە کەمی قسەی دەکرد، بەڵام هەر کات قسەی دەکرد ئاشقی ڕاستیيەکانی دەبووم، خۆی گوتەنی: حەمەگیان لەگەڵ کوڕەکان فەرقت نییە وەک ئەوان خوشم دەوێی. منداڵەکانی خاڵم بە کوڕ و کچەوە برایانە لەگەڵ من دەژیان و ئێستاش ئارەزووم جارێکی دیکە هەموومان بە یەکەوە وەک جاری جاران لە گەڕەکی ئیسکان و لە ماڵی خاڵم کۆببینەوە و بە یەکەوە وەردی ڕۆژگار بدەینەوە.

لە ڕێگای ئەو نووسینەوە چاوی هەمووان ماچ دەکەم و هەزارجار ڕەحمەت لە خاڵە حەسەن و خاڵۆژنە فەزیلە و شەهید بەختیار و هەموو خزمانی کۆچکردوو. جێگایان دیارە و لەگەڵ مردنی گەورەکانمان هەست و سۆز و خۆشەویستی کەمتر بۆتەوە، سوپاس بۆ ئەو هەموو بە یەکەوە بوونە، سوپاس بۆ باوکایەتی و دەستی مێهرەبانی هەموو لایەکتان، ئەمشەو یادی گشت لایەکم کردووە و بە نووسینی ئەو چەند دێرە دەمهەوێ بڵێم ئەگەر ئێوە دایک و باب و برا و خوشکی من بوون، منیش وەک هەمیشە قەرزداری ئەو هەموو سۆز و یادگاریانەی ئێوەم. هەر وەک جاران خۆشم دەوێن و لە دڵ و دەروونم دان.

سڵاو لە گەورەیی و دڵپاکی خاڵە حەسەن و خاڵۆژنە فەزیلە و ڕووحیان شاد.

ئەوەندە نووسینە قەترەیەکە لە دەریای گەورەیی خاڵە حەسەن و داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر نەمتوانیوە ژیانی چاک بنووسم و بە دڵنیایەوە لە داهاتوو دا زۆرتر وەردی ژیانی ئەو کەڵە پیاوەی گەلەکەمان دەدەمەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی جانێوێری ٢٠١٥

## بەیانی باشێکی ناخۆش و هەواڵێکی دڵتەزێن!




ئەمرۆ یەکشەممە ڕێکەوتی ١ ی مارسی ٢٠١٥ ی زائینی، هەر کە ئێمێلم کردەوە بەداخەوە لە لایەن هاورێیەکی خۆمەوە هەواڵی کۆچی نابەوەخت و ماڵئاوایی یەکجاریی هاورێی لە مێژینەم، کاک عومەر حەمیدی، هاورێی ڕۆژە سەختەکانی خەباتی شاخ و شار، هاورێی ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات و ئەندامی هەڵسوور و بە باوەری حیزبی دێموکراتی کوردستانم بیست. سەرەتا نەمدەویست ئەو هەواڵە قەبووڵ بکەم و دەمگووت بڵێی هاورێمان بە شۆخی ئێمەی لە سەر کار دانەنابێ، بۆیە بە گورجی تەلەفوونم بۆ بەرپرسی کۆمیتەی فینلاند کاک کەریم ڕەسووڵی کرد و هەواڵەکەم لێ پرسی، کاک کەریم وێرای بەداخ بوونی خۆی هەواڵەکەی پشت ڕاست کردەوە و بە یەکجاری کۆشکی خەیاڵەکانمی تێکرووخاند و هەموو ئەگەرەکانی نێو خەیاڵمی وەراستی گێران. ئای کە هەواڵێکی ناخۆش و جەرگبڕ بوو، هیچم لە دەست نەدەهات جیالەوە کە وەک فیلمێکی سینەما هەموو بیرەوەرییەکانی خۆم و کاک عومەر و هاورێیان لە پێش چاوم دابنێم و ئەژنۆی خەم و پەژارە لە ئامێز بگرم. خەندە و بزە و ئاکارەکانی لە پێش چاوم بوون، قسە خۆشەکانی لە گەڵ خوێندنەوەی شێعر و هەڵبەستەکانی لە گوێم دا دەزرینگایەوە. وره و ئیمانی پۆلایینی بە شۆڕش و کارەکانی هەموویان لە چەند خولەکێک دا وەک حەلقەیەکی سینەما هات و ڕۆیشتن ، ئاخر هەر چەند ڕۆژ پێش ئێستا بوو بە تەلەفوونی زۆرمان باسی ڕابردوو و داهاتووی خۆمان و گەلەکەمان کرد و ئەو قسانە هەموویان لە مێشکم دابوون و ئاوات و ئارەزووەکانی کە تەنیا ڕزگاری گەلەکەمان و گەرانەوەمان بوو بۆ نێوخۆی وڵات هەروا لە گوێم دا دەزرینگایەوە.

زیاتر لە ٢٨ ساڵە کاک عومەر لە نزیکەوە دەناسم، لەگەڵی هاورێ و هاوکار و هاوخەبات بووم، لە نێو حیزبدا، کەسێکی خۆشناو، گەنجێکی هەڵسوور و بە بڕشت، کادرێکی لێوەشاوە و خەڵکی و خاکی بوو، مرۆڤێکی دەم

بەخەندە و خۆشەویست و لەبەردڵان بوو، ماوەی چەند ساڵێک لە ئۆرگانێک بە یەکەوە کارمان کردووە، بەرپرسی کۆمیتە شارستانی ڕەبەت بوو، لەوێ زیاتر خاکی و خۆماڵیانەم هاتە بەرچاو و زیاتر لە پێشوو ناسیم، کادرێکی بە مانا کوردستانی بوو، هەر لە سەرووی کوردستان تا خوارووی کوردستان و ناوەندی کوردستان گەڕا و پێشمەرگە و کادر و ڕێبەرێکی تێکۆشەر و کۆڵنەدەر بوو، تا بڵێی حیزبی و دڵسۆز بە گەل و نیشتمان بوو، هەمیشە ئامادەی کار و ئەرکەکانی حیزبی بوو، کادرێکی سیاسی و تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بوو، خەمخۆری کار و ئەرک و مافەکانی ئەندامی حیزبی بوو.

کاک عومەر لە ڕۆژە سەخت و دژوارەکان دا لە تەنیشت کادرو پێشمەرگەکان بوو و هەمیشە لە قولایی ناوچە داگیرکراوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دا بوو، خەمی لە چۆنیەتی بەرێوەبەری کۆمیتە و پەل و لک و هێز دەخوارد و هەمیشە لەگەڵ پێشمەرگە سادەکان هەستان و دانیشتنی هەبوو و لە بنکەکانی حیزبی هەوڵی دەدا لەگەڵ پێشمەرگەکان هەموو جۆرە یاری و وەرزش و دانیشتنێک بکات. زۆر لێزانانە کاری بۆ هاوکاری گشتی و یەکگرتوویی دەکرد، ئەوەندەی لە توانای دابوو بۆ حیزب و بە گەل و نیشتمانی کردی و لە ٢٨ ی بەفرانباری ١٣٦٦ ی هەتاوی لە کۆنگرەی ٨ حیزب دا بوو بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی و لە کۆنگرەی ٩ وەک ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی و لە کۆنگرەی ١٠ وەک ئەندامی ئەسڵی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێراوەو بە دڵسۆزیەوە لەو بەرپرسایەتیانەش دا کاری کردووە و سەرکەوتوو بووە و نەمر کاک عومەر دوای کۆنگرەی ١١ ی حیزب ڕێگای تاراوگەی هەڵبژارد و لە دەرەوەی وڵاتیش وەک ئەندامێکی دڵسۆزی حدک لەگەڵ کۆمیتەی فینلاند کاری دەکرد و بە پێی توانا و دووری خۆی پەیوەندی بە حیزبەوە دەگرت.

لە سەریەک کاک عومەر بە مانای وشە کورد و شۆڕشگێر و درێژەدەری ڕێبازی پڕ لە سەروەری شەهیدان بوو، سەد مخابن ئەمڕۆ بە نەخۆشی‌یەکی کوتوپڕ لە نەخۆشخانەی شاری ڤاسا لە وڵاتی فینلاند کۆچی دوایی کرد و بەو کۆچە نابەوەختەی دڵی هەموو ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دەیانناسی و دڵی گشت ئەویندارانی ڕێگای ئازادی خەمبار و پەشێو کرد.

لە ڕێگای ئەم کورتە نووسینەوە لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەرێزیان لە شاری شنۆی هەردەم پێشەنگ و هاوسەری ژیانی خاتوو پڕشنگ و منداڵەکانی و هاوڕێ و هاوخەباتیان و دۆست و ئاشنایانی دەکەم و لە خەمە گەورەدا خۆم بە شەریک و هاودەردیان دەزانم و بە دڵنیایەوە برا و هاوڕێ و کەسێکی گیانی بە گیانی

خۆمم لە دەست داوە و بە دڵ نارەحەت و پەشێو و بێ قەرارم.

زۆر پێش ئێستا داوای چەند وێنەی کۆنی دەورانی پێشمەرگایەتیم لێکرد و بەشێکی بەرچاو لە وێنەکانی خۆی بۆ ناردم کە ئەوە جیا لە بیرەوەرییەکان باشترین یادگارین کە لای خۆم دەیان پارێزم و بە چاو لێکردنیان جاجار خۆ دەبەر دەست و تفەنگ و باوەری پۆلایینی دەمرێنم و دەڵێم هاورێم بمبورە کە جیا لە چەند دڵۆپ فرمێسکی خالیسانە چیم بۆ ژیانت لە دەست نەهات.

لە کۆتایی دا هەزاران سڵاو لە خەبات و تێکۆشانی بێ وچانی کاک عومەر، هەزار سڵاو لە گەورەیی و ناو و هەیبەتی کاک عومەر و ڕووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ.

لەگەڵ ڕێز و حورمەت

حەمەرەسووڵ کەریمی

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١ی ماچی ٢٠١٥

## کۆچ و ماڵئاوایی کاک سمایل بامرادی




بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی نابەوەختی کۆچ و ماڵئاوایی کاک سمایل بامرادی ناسراو بە مەلا سمایل

گولەکی، پێشمەرگە و کادری بە ئەزموون و هەڵسووری ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانمان پێ گەیشت، دوای بڵاو بوونەوەی ئەو هەواڵە لە ناخی دڵەوە تاسام و دەستم بۆ هیچ نووسین و بڵاو کردنەوەیەک نەدەچوو، خۆزگەم دەخواست ئەو هەواڵە ڕاست نەبوایە، دوای پرس و لێکۆلینەوەیەکی دۆستانە، بەداخەوە هەواڵەکە وەراست گەراو و کۆچی نابەوەختی کاک سمایل گولەکی دڵی هەموو ئەو کەسانەی دەیانناسی و لەگەڵ ئەو شەهیدە چاونەترسەی گەلەکەمان هاوخەبات و تێکۆشان بوون غەمبار و پەشێو کرد.

کاک مەلا سمایل گولەکی خەڵکی ئاوایی گولەک لە ناوچەی پیرانشار، لە تەمەنی خوار ١٨ساڵی دا ڕێگای شاخی گرتە بەر و بوو بە پێشمەرگەی لکی ٢ ی هێزی زمزیران و لە پاییزی ١٣٦٤ ی هەتاوی‌یەوە بێ پسانەوە و بێ حەسانەوە وەک پێشمەرگە و کادرێکی هەڵسوور لە خەبات و تێکۆشان دا پشووی نەدا و بەردەوام وەک پێشمەرگەیەکی چاونەترس و بوێر و هەڵمەت بەر لە ریزی پێشەوەی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا خەباتی کرد و وەک کادرێکی بە ئەزموون و دیار و وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە نێو ئەستێرەکانی هاوڕێی دا دەدرەوشایەوە.

کاک سمایل کوڕێکی جێی باوەر و متمانە و پێشمەرگەیەکی ڕووح سووک و لەبەردڵان، مرۆڤێکی کورد و نیشتمان‌پەروەر و هەڵۆیەکی تیژباڵی کوێستانەکانی کوردستان بوو، پێشمەرگە و کادرێکی بە ئەزموون لە بوارەکانی سیاسی و نیزامی دا، پێشمەرگەیەکی بە دەست و بورد و گورج و گۆڵ، تێکۆشەرێکی ڕاستەقینەی ڕێگای ڕزگاری کوردستان بوو، لە نێو کۆڕی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی دا نموونەی ئەخلاق و خوو ڕەوشتی بەرزی ئینسانی بوو، لەگەڵ هەموو لایەک دۆست و هاوڕێ بوو، مرۆڤێکی سادە و خاکی و دڵپاک بوو.

زۆر بەداخەوە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٧ ـ ٠٥ ـ ٢٠١٥ لە شاری کۆیە بە هۆی کارەساتی ڕووداوی هاتووچۆ گیانی لە دەست دا و هەمووانی خەفەتبار کرد، مخابن کاک مەلا سمایل نەیتوانی ئازادی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە ٣٠ ساڵ لە تەمەنی خۆی بۆ تەرخان کرد بە ئازادی ببینێ و ئاوات و ئارەزوو و ئامانجەکانی بۆ هاوڕێ و هاوڕێبازانی بە جێ هێشت.

لە ڕێگای ئەم کورتە نووسینەوە سەری ڕێز و خۆشەویستی بۆ ٣٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی کاک مەلا سمایل دادەنوێنم و هاوکات هاوخەمی و سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی هاوسەری ژیانی و منداڵەکانی و بنەماڵەی بەرێزیان

لە نێوخۆی وڵات و هاورێ و هاوسەنگەرانی لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا دەکەم و خۆم بە شەریکی ئەو کۆستە گەورەیە دەزانم.

رووحی شاد و ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ.

حەمەرەسووڵ

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٥

## شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی حدکا بە دەستی گریلاکانی پکک لە ناوچەی کێلەشین



بە پێێ هەواڵی کومیسیۆنی سیاسی نیزامیی حدکا لە شەڕیکی نەخوازراودا پێشمەرگەیەک بە ناوی قادر کەریمی لە هێرشێکی گریلاکانی پکک بۆ سەر پێشمەرگەکانی حدکا لە کوێستانەکانی کێلەشین شەهید بووەو هاوکاتیش چەند پێشمەرگەی دیکەشیان بریندار بوون.

بەپێی هەواڵ و ڕاپۆرتی کومیسیۆنی سیاسی نیزامیی حدکا پێشمەرگەیەکی ئەو حیزبە بە ناوی قادر کەریمی، خەڵکی نەغەدە بەرە بەیانیی رۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٣ی جۆزەردان بەرامبەر بە ٢٤ی مای ٢٠١٥ لە ئاکامی هێرشی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا شەهید بووە.

ماوەی چەند ڕۆژ بوو دەنگۆی گەمارۆدانی پۆلێک پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن

گریلاکانی پکک وە لە ناوچە سنووریەکانی نێوان ناوچەی شنۆ و سیدەکانی باشووری کوردستان بڵاو ببۆوە و ئەوەش ببوو مایەی نیگەرانی دڵسۆزانی کورد، لە دوای چەند ڕۆژ گەمارۆدانی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە، بەداخەوە بەیانی ڕۆژی یەکشەممە لە لایەن گریلاکانی پکک وە هێرشیان کرایە سەر و لە ئاکام دا لێکدانو پێکدادانی نێوان ئەم دوولایەنەی لێکەوتەوە پێشمەرگەیەکی دڵ پڕ لە هیوا بە ناحەق شەهید کرا.

گریلاکانی پکک لە جیاتی پێش گرتن بە خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە پارچەکانی دیکە و پاوان کردنی کوردستان بە ناوی خۆیان، باشتر وایە خەباتی خۆیان لە باکووری کوردستان چڕتر بکەنەوە و خەباتی خۆیان و سنوورپارێزیان لە شوێنی خەبات و تێکۆشانی خۆیان بێ. دەستێوەردانی پ ک ک لە مێژ ساڵە بۆتە هۆی ئاڵۆزتر کردنی دۆزی ڕەوای کورد و ئاواتەخوازین کە پکک بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی مێژوویی خۆی واز لە خۆ بە زلزانی و پاوانخوازی بێنێ و چیدی ڕێگری لە خەباتی کوردەکانی پارچەکانی دیکە نەکات.

بە هیوای ئەوە کە پارتی کرێکارانی کوردستان بەردەوام بێ لە خەباتی خۆی بۆ ڕزگاری گەلی چەوساوەی کورد لە باکووری کوردستان و پکک هەر کات توانی ئەو پارچەیە جێی تێکۆشانی خۆیەتی ڕزگار بکات با قۆڵی هیممەت هەڵماڵێ و بێتە هانای پارچەکانی دیکەی کوردستان و سنوورپارێزی خۆی بۆ پاراستنی کەیانی کورد بەرێوەبەرێ نەک بۆ خۆ سەپاندن بە سەر کوردەکانی پارچەکانی دیکەدا.

جێگای ئاماژەیە کە شەڕی براکوژی بە هەر مەبەستێک و بۆ هەر ئامانجێک بێ، دەکەوێتە خانەی خەیانەت کردن بە گەل و نیشتمان و لە مێژە گەلی کورد نەفرەتی لە شەڕی براکوژی کردووە.


لەم ساتە وەختەدا ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو کات زیاتر پێویستیمان بە یەکبوون و یەکریزی و یەکگرتوویی هەیە و وەرن بە یەکبوونمان دڵی ئەویندارانی ڕێگای ئازادی شاد بکەین و خۆشی بخەینە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و لە هەمان کاتدا تەزوو و چەقوچۆ و لەرزە بخەینە دڵی نەیار و ناحەزان و داگیرکەرانی کوردستان و لە سەرووی هەمووان کۆماری ئیسلامی ئێران.

وەک بەرێوەبەرانی ماڵپەری گیارەنگ نەفرەت لە شەڕی براکوژی دەکەین و لە هەمان کاتدا سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهید قادر کەریمی و هاورێ و هاوسەنگەرانی لە حدکا دەکەین و ئاواتەخوازین ئەوە دوایین فیشەکی

شەڕی براکوژی بێ لە نێوان کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٥مای ٢٠١٥

## کۆچی دوایی نووسەر و وەرگێر و ئەدیبی کورد مامۆستا ئەحمەدی قازی



بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی مامۆستا ئەحمەد قازی، نووسەر، وەرگێر و زانا و ئەدەیبی کوردمان پێ گەیشت، کاک ئەحمەد قازی بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە لە تەمەنی ٧٩ ساڵی دا لە شاری تاران کۆچی دوایی کرد.

بەرێز کاک ئەحمەد قازی ساڵی ١٣١٥ ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایک بووە و هەر لەو شارە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە و دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتە تاران و لە زانکۆی تاران لیسانسی ئینگلیزی وەرگرتووە.

کاک ئەحمەد لە تەمەنی ٢٦ ساڵی و لە ساڵی ١٣٤١ ی هەتاوی دا لە سەر یارمەتی بە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و ئەندام بوون لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەکەوێتە بەندیخانە و بۆ ماوەی ٤ ساڵ لە لایەن حکوومەتی پاشایەتی و بنەماڵەی پەهلەویەوە لە بەندیخانەدا رادەگیرێ و هەر لە گرتووخانەدا یەکەم کتێبی خۆی بە ناوی شەوی بێ کۆتایی نووسی.

مامۆستا ئەحمەد قازی وێڕای ئەوە کە لە کاری سیاسی دا هاوکارێکی باشی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە، لە هەمانکاتدا کەسێکی دیاری بواری دیپلۆماسی و دیالۆگ بووە، لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران یەکێک لەو کەسە دیار و بەرچاوانەی کوردستان بوو کە بۆ دیالۆگ و گفتگۆ لەگەڵ حکوومەتی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئیسلامی ئێران هەوڵی زۆری دا.

مامۆستا ئەحمەد قازی بە بیرو هزر و و قەڵەم دەیان ڕۆمان و کتێب و بە سەدان وتار و بابەتی جۆراوجۆری لە پاش خۆی بە جێ هێشتوون، کۆکردنەوەی شێعرەکانی سەیف و قوزات، باقەبێن، دیوانی سەیر و سەمەرە، دۆن کیشۆت، عصر غولها، گیل گمیش، وەچەی ئەژدیها، کتک و مشک، صدام و بحران خلیج، ژانی گەل و هەروەها کردستان بعد از جنگ خلیج فارس، کورتە مێژووی کوردستان و کوهسار حقیقت لە بەرهەمە دیارەکانی مامۆستا ئەحمەدی قازین، بەرێزیان بە سەدان وتار و بابەتی جۆراوجۆری لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەرە کوردی و فارسی‌یەکان دا بڵاو کردوونەوە، بۆ ماوەی نزیک بە ٢٠ ساڵ سەرگۆڤار و سەرپەرەستی گۆڤاری سروە بووە و لە بوارەشدا بە دەیان هاوڕێی بۆ کاری ڕۆژنامەوانی ڕاهێناون.

زۆر بەداخەوە مامۆستا ئەحمەد بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و بەو کۆستە گەورەی دڵی هەموو ئەویندارانی، پەشێو و غەمبار کرد، خزمەتەکانی کاک ئەحمەد ئەوەندە زۆرن کە لە ئەژمار نایەن و کتێبخانەی کوردی بە کتێب و نووسین و وەرگێراوەکانی دەوڵەمەندە و یادگاری‌یەکان و کتێبەکانی پشتاوپشت لە کتێبخانە گشتی‌یەکان و کتێبخانەی ماڵەکان دا دەدرەوشێنەوە و بۆ هەمیشە وەک چرایەک تروسکایان بۆ نەوەی داهاتووی گەلەکەمان دەبێ.

بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا ئەحمەد قازی‌یەوە لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گەورەی قازی و تێکرای ئەدەب دۆستان و گەلی کورد بە گشتی و خەڵکی شاری مەهاباد بە تایبەتی دەکەم و خۆم بە هاوخەم و هاوسۆزی بنەماڵەکەیان دەزانم، ڕووحی شاد و ڕێگای نووسین و خەباتی هەر بەردەوام و پڕ ڕێبوار بێ.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٧ی جوونی ٢٠١٥

## یەکەم نیگارکێشی کورد لە ئەنجوومەنی سینەمای ئێران کۆچی دوایی کرد.



**کۆچی دوایی نیگارکێش و هونەرمەندی دەست ڕەنگین و بە توانای کوردستان کاک مەنسوور قازیزادە.**

**زۆر بەداخەوە یەکێک لە هونەرمەندە بە تواناکانی بواری نیگارکێشی بەرێز کاک مەنسوور قازیزادە بە هۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٦٢ ساڵی دا لە شاری تاران کۆچی دوایی کرد و لە نێو ئاپۆرای خزم و دۆست و ئاشنایانی دا لە گۆرستانی هونەرمەندانی تاران دا بە خاک سپێردرا.**

**بەرێز مەنسوور قازیزادە لە ١ - ١ - ١٣٣٢ ی هەتاوی لەگەڵ کاک مەنووچێهری برای وەک دووانە لە شاری سەردەشت لە بنەماڵەیەکی دەست ڕۆیشتوو دا و لە ئامێزی دایک و باوکێکی نیشتمانپەورەر و خۆشەویست دا لە دایک دەبن. باوکی ناوی خالید قازیزادە کوری قازی سەعید، خەڵکی شاری سەردەشت و دایکی ناوی خاتوو ستارە حەددادی خەڵکی شاری سەقز بووە. بەهۆی ئەوە ماڵی باب و باپیرانی کاک مەنسوور لە شاری سەردەشت دەژیان زۆربەی خەڵکی سەردەشت و بە تایبەت ئەو کوردانەی کە لە تاران دەژیان لە نزیکەوە دەیانناسی. کاک مەنسوور بەشێک لە ژیانی لە شاری سەردەشت، لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی تێپەر کردووە و خوێندن و خۆپێگەیاندیشی هەر لەو شارە بووە و دواتر ماڵیان دەچێتە شاری مەهاباد و لەوێ درێژە بە خوێندن دەدات. باوکی کاک مەنسوور کاک "خالید قازیزادە" لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی دەکات.**

**دوای کۆچی دوایی باوکیان کاک مەنسوور و کاک مەنووچێهر و خوشکەکانی هەموویان لە ژێر سێبەری خاتوو ستارە حەددادی و هەروەها مامۆستای پایەبەرز و دەست ڕەنگینی بواری نیگار کێشی کاک ناسر قازیزادە دا گەورە دەبن.**

مامۆستا ناسر ئەرکی باوکی‌یەتی و پێگەیاندنی مەنسوور و برا و خوشکەکانی دەگرێتە ئەستۆ و بە دڵئاواڵەیەوە ژیانی خۆی بۆ گەشە کردنی خوشک و براکانی تەرخان دەکات و ئەوەش دەبێتە سەرفەسڵی ژیانێکی دیکەی ئەو بنەماڵەیە.

کاک مەنسوور هیوا و ئارەزووەکانی بۆ درێژەدان بە ژیانێکی باشتر دێنێتەوە شاری سەردەشت و هەر لەوێ لەگەڵ پۆلێک لە گەنجانی ئەو شارە خەریکی کاری هونەری خۆی دەبێ و بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی دەبێتە مامۆستای پۆلێک لەو گەنجانەی خوازیاری نیگارکێشین و خۆبەخشانە و لە ڕێگا پەرە پێدانی بواری نیگارکێشی کۆمەڵێک گەنج و لاوی سەردەشتی فێری نیگارکێشی دەکات و ناو و ناوبانگ دەردەکات و بە هۆی کارەکانی‌یەوە، هێندەی دیکە لە نێو خەڵک دا خۆی خۆشەویست دەکات.

کاک مەنسوور مرۆڤێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو و لە هەمان کاتدا مامۆستایەکی زانا و دەست ڕەنگین و خۆشناو بوو. لە دووکانە بچکۆلانەکەی خۆیدا خەڵکی فێری وانەکێشانەوە و فێری ژیبگەپارێزی و جوانی دەکرد. بەرێزیان زۆرجار لەگەڵ هاورێکانی سەردانی باخ و باخاتی دەوری شاریان دەکرد و بە چاوی دڵ وێنەی سرووشتی دەگرت و دوای گەرانەوەیان بۆ نێو شار، کاک مەنسووری دەست ڕەنگین وێنەکانی ناو دڵی کە پێکهاتبوون لە سرووشتی جوان و ڕازاوەی سەردەشت، دەهێنانە سەر تابلۆ و بەم شیوەیە هەم ڕێزی لە جوانی سرووشت و دەوربەری دەگرت و هەمیش ئارەزوو و خولیای نیگارکێشی خۆی لە قالبی تابلۆدا دەردەخست و دڵی کەسێک و یا بنەماڵەیەکەی پێ شاد دەکردن.

کاک مەنسوور مامۆستای نیگار کێشی کۆمەڵێک لە گەنجانی شاری سەردەشت و شارەکانی دیکەی کوردستان و ئێران بوو، مامۆستای ناسر و عەبدوڵلای کەریمی بووە، هەر ئەوەش وایکردبوو کە بەردەوام ئاگام لە کارەکانی بێ.

نیگارکێشانەوە و تابلۆ نەخشاندن بە فڵچە کاری سەرەکی کاک مەنسوور بوو، ئەگەر دەستی بە کاری نیگار کێشانەوە دەکرد ڕووح و هەستی خۆی تێکەڵ بە کارەکەی دەکرد و بە دەم ڕەنگاندن و کێشانەوەی تابلۆکان دا گوێی لە دەنگی گۆرانیبێژانی دەنگخۆش و ڕەسەنی کورد دەگرت و بەدەم کێشانەوەی تابلۆکان دا لێیان دەکشایەوە لە دوورەوە بە چاوی دڵ سەیری تابلۆکانی دەکرد و کەم و کوری و نارێکیەکانی بە زووترین کات چاک دەکردن و دوای ئیشک بوونەوە لەبەردەم دوکانە بچکۆلانەکەی دادەنان و دیمەنێکی جوانی بە دووکانەکەی و سەرشەقامی نزیک دووکانەکە دەبەخشی.

مامۆستا ناسر ئەوەندە خولیا و حەزی لە سەر نیگارکێشانەوە هەبوو کە هیچ بەربەستێک نەیدەتوانی پێش بە کارەکەی بگرێ. ناوبراو لە ژێر تەوژمی گەرما و سەرما دا و لە کاتی نەبوونی بەرق و ڕووناکی دا و بە تایبەت سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧ و دواتریش لە ژێر بۆمباران و تۆپبارانی ڕژێمی ئێران و ڕژێمی بەعس دا دەستی لە کارەکەی هەڵنەدەگرت و زۆر وەستایانە و شارەزایانە و خۆشەویستانە، درێژەی بە کارەکەی خۆی دەدا، دوای ئەوە لە لایەن ئیتلاعاتەوە دووکانە بچکۆلانەکەی داخرا، لە یەکێک لە ژوورەکانی ماڵەکەمان دا لەگەڵ کاک ناسر و کاک عەبدوڵڵا کاری نیگارکێشی خۆیان درێژە دەدا و بە دەستی بە توانای خۆیان زۆر تابلۆی جوانیان کێشاونەوە. هەڵبەت کاری نیگارکێشی و جوانکارییەکەی کاک مەنسووری قازیزادە دەیکرد و هاوکاتیش ئەوانی ڕادەهێنا کە چۆن کاری نیگارکێشی بە دڵ و بە گیان بکەن.

سەبارەت بە لێزانی و شارەزایی و بلیمەتی دا دەبێ کەسانێک لە سەر ئەو هونەرمەندە بنووسن کە شارەزاییان لەو بوارەدا هەیە، بەڵام وەک خۆم هەمیشە کارەکانی کاک مەنسوورم لە نزیکەوە دیتوون و ئەوەش بۆ من جوانترین دیاری و خەڵات بوون هەر بۆیە ئۆگری دەست ڕەنگینی و شاکارەکانی بووم.

نەمر مامۆستا مەنسوور زۆر ئۆگری بە خاکی نیشتمان و خەڵک و دانیشتووانی زێدەکەی و وڵاتەکەی بوو، ئەو لەگەڵ ئەوە دا دوو جار توانیبووی بچێتە فەرانسە و بۆ ماوەیەک لە نزیک مامۆستای بەرێز کاک ناسر قازیزادە بێ، بەڵام هەر دوو جار لەبەر ئۆگری تایبەت بە خاک و نیشتمان گەڕایەوە کوردستان. دیارە لە ماوەی مانەوەی لە فەرانسە دا چەند تابلۆی بەنرخ و جوانی وەک یادگاری بۆ برای گەورە و مامۆستای بە توانا کاک ناسر قازیزادە نەخشاندوون و هەر لەوێ وەک بیرەوەری بەجێی هێشتوون و ئێستا لە نێو تابلۆکانی مامۆستا ناسر دا دەدرەوشێنەوە.

شایانی باسە کە کاک مەنسوور یەکەم کورد بوو کە توانیبووی بچێتە نێو ئەنجوومەنی سینەماکارانی ئێران بۆ کێشانەوەی پەردە و پلاکاردی گەورەی سینەما. مێژووی ئەم بەشە قەرزداری کوردێکی دەست ڕەنگینی وەک کاک مەنسوور قازیزادەیە. نەمر کاک مەنسوور مامۆستای کێشانەوەی پلاکاردی سینەمایی بوو، لە نیگارکێشی دا دەستێکی باڵای لە کێشانەوەی پەردەی سینەما دا هەبوو، پەردە گەورەکانی سەر دیواری سینەماکانی ئێران بەشێکی بەرچاویان لە لایەن کاک مەنسوورە دەکێشرانەوە و دواتر لە هەموو شارەکانی ئێراندا بڵاو دەبوونەوە، کەم کەس هەیە پەردە کێشراوە چەند میترییەکانی کاک مەنسووریان لە یەکێک لە شارەکانی ئێران نەدیت بێ، کەم کەس

هەیە کە کارە هونەرییەکانی ئەو نەمرەیان وەک شاکارێکی جوان چاو پێ نەکەوت بێ، مخابن کاک مەنسووری دڵ پڕ لە هیوا بە نەخۆشیەکی کوتوپڕ بە یەکجاری ماڵئاوایی لێکردین و دڵی هەموو ئەویندارانی بواری نیگارکێشی و خزم و دۆست و ئاشنایانی غەمبار کرد.

کاک مەنسوور بە جەستە لە نێومان دا نەماوە، بەڵام بە خۆشیەوە بە سەدان و بگرە بە هەزاران وێنە و تابلۆ و پەردەی سینەمایی و شاکاری جوانی لە دوای خۆی بەجێ هێشتوون و بە دار و دیوار و تاقەی ماڵەکان و شوێنە گشتییەکانەوە هەڵاوەسروان و ئاواتەخوازم کە دڵسۆزانی ئەو بوارە بتوانن بەرهەمەکانی کۆبکەنەوە و لە تویی کتێبێک دا وەک هونەرمەندە بە تواناکانی جیهانی نیگارکێشی بکەیتە دەستی نەوەی داهاتووی گەلەکەمان و کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەندتر بکرێ.

وەک دەگوترێ لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا بە هۆی ئەوە کە لەگەڵ ئەنجوومەنی سینەماکاران هاورێ بووە، چەند جارێک وەک ئەکتەری سینەمایی لە چەند فیلمێک دا ئەرکی ئەکتەری وەئەستۆ گرتووە کە هیوادارم لە داهاتوو دا لە فیلمەکان دا وەک ئەکتەریش یادی بکرێتەوە و نیشان بدرێ.

کاک مەنسوور هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە و ئاواتم ئەوەیە کە هونەرمەندانی کورد، نووسەر و وەرگێرانی کورد، وەرزشوانان، ئەدیبان و توێژە دیارەکانی کوردستان لە کاتی زیندووبوون دا ڕێزیان لێ بگیرێ و چیدی دوای مەرگی ئەو ئازیزە خۆشەویستانە ئێمە یادیان نەکەینەوە، بەڵکوو هەر بە زیندوویی و لە کاتی خۆیدا ڕێز و قەدریان بگرین و بەرهەمەکانیان لێ بکرێن و نەهێڵین بەرهەمی دەستی ئەوان تۆزیان لێ بنیشێ و بەڵکوو بەکرینی بەرهەمەکانیان داهات بۆ کاری دیکەی ئەو بەرێزانە دابین بکەین.

ئەم کورتە نووسینە تایبەتە بە کاری نیگارکێشی مامۆستا مەنسوور قازیزادە، ئەگینا مامۆستا مەنسوور جیا لە کاری نیگارکێشی، مرۆڤێکی وەرزشکار، خەتات، مێهرەبان و دلسۆز بوو، لەگەڵ خەمی هەژارەکان و لەگەڵ ژیانی هاوسێ و جیرانەکانی دەژیا و لە کاتی لێقەومان دا بە گورج و گۆڵی وەک کەسێکی یارمەتیدەر بە هانای کەسی لێقەوماوەوە دەچوو، لە خەم و شادی خەڵکدا بەشداری دەکرد و ئەوەش زیاتر ئەو نەمرەی خۆشەویستر و ڕێزدارتر کردبوو.

لە کۆتایی دا سەری ڕیز و خۆشەویستی بۆ کاک مەنسوور قازیزادە، ئەو کەڵە پیاوەی بواری نیگارکێشی دادەنوێنم، خەڵکی کوردستان بە گشتی و شاری سەردەشت بە تایبەتی مامۆستایەکی بەلیمەت و شارەزای بواری نیگارکێشی و مرۆڤێکی خزمەتکار بە گەل و نیشتمانی لە دەست دا و ئاواتەخوازم کە نموونەی وەک کاک مەنسوور قازیزادە و هەروەها نموونەی وەک مامۆستا ناسر قازیزادەمان زۆر بن.

لێرەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گەورەی قازیزادە و بنەماڵەی حەددادی شاری سەقز و بەگشتی خزم و دۆستان و ئەویندارانی ئەو بوارە دەکەم. رووحی شاد

حەمەرەسووڵ کەریمی

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠١٥

---

## چەند دێرێک لە سەر شەهید قادر ئەمینی




شاری سەردەشت یەکێک لەو شارە دلڕفێن و جوانانەی ڕۆژهەلاتی کوردستانە، کە وێرای ئەوە سرووشت و دیمەنی جوانی هەیە هاوکات خەڵکێکی دڵفراوان و شۆرشگێر و بە ئەمەگیشی هەیە. لە سەریەک شاری سەردەشت شوێنی زیندووبوونەوەی شۆرشە جۆراوجۆرەکانی گەلی کورد بووە. هەموو ئەو هێز و لایەنانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان تووشی نسکۆ و تووشی لاواز بوون هاتوون، لەو مەڵبەندە دلڕفێنە و لە باوەشی خەڵکی دڵسۆزی ئەو مەڵبەندە،

خۆیان گرتۆتەوە و خۆیان ڕێکخستۆتەوە.

خەڵکی ئەم دەڤەرە وێرای سەختی ژیان، هەمیشە بۆ بژێوی خۆیان هەوڵی سادقانە و ژیرانەیان بۆ کارو کاسبی و بژێوی خۆیان داوە. یەکێک لەو بنەماڵە تێکۆشەر و خۆشناو و بە ئەمەگانەی شاری سەردەشت ماڵی بەڕێز مام خدری ئەمینییە.

مام خدر کەسێکی دیار و جێگای باوەری خەڵکی شاری سەردەشت و دەوروبەری بوو، بۆ بژێوی ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی هەموو جۆرە کارێکی یاسایی دەکرد، ساڵانێک وەک کەسێکی دیار لە دوخانیاتی سەردشت کاری دەکرد و زۆر کەس پێیان دەگووت مام خدری دوخانیاتی، ساڵانێکی دوور و درێژ وەک کەسێکی جێی باوەری، چەند دوکانداریک کاری دەکرد و دووکاندارەکانیش سەروەت و سامانی خۆیان، لەبەر پاکی و سادەقی و ڕاستگۆیی مام خدر لە لای ئەو بەرێزە بەجێ دەهێشت و مام خدریش بە چاوی دڵ ئاگاداری دووکانەکانی دەکرد.

لە ئامێزی مام خدر و هاوسەری ژیانی دا پووره زلێخا، چەند کوڕ و کچی نیشتمانپەوەر پەروەردە بوون. مام خدر و پووره زلێخا، منداڵەکانیان فێری ژینگەپارێزی، خۆشەویستی بە گەل و نیشتمان کرد. هەر کام لە منداڵەکانیان سەربردەی تایبەت بە خۆیان هەیە. کوڕی گەورەی مام خدر ناوی قادر بوو. بەڕێز قادر ئەمینی کەسێکی دەرس خوێن، مرۆڤێکی وەرزشکار لە بوارەکانی تۆپی‌پێ، هەڵاتن (دوندگی) دا بوو، مرۆڤێکی سادە و خۆنەویست و گەلدۆست بوو، کوڕی ڕۆژی تەنگانە و یارمەتیدەری هەموو لایەک بوو.

شەهید قادر ئەمینی لە ڕاپەڕینی شۆڕشی گەلانی ئێراندا ڕۆڵی کاریگەری هەبوو، لە هەموو خۆپێشاندان و مانگرتنەکاندا لەگەڵ چەند کەس لە هاوپۆلی و هاورێکانی دا پێشەنگی گشت لایەک بوو، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئاشکرابوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شەهید قادر بوو بە یەکێک لە ئەندامە هەڵسوور و چالاکەکانی حدک و بە دڵەوە کاری بۆ ڕزگاری گەلەکەی دەکرد. شەهید قادر چاونەترسانە هەوڵی سازماندەیی و زیادکردنی ئەندامی بۆ حیزب دەدا. ئەندامێکی چالاک، ڕاستگۆ و بە ئیمان بوو، ژیانی خۆی بۆ کارەکانی حیزبی لە مەترسی دەخست و هەر کارێکی سەخت و دژوار بوایە، کاک قادر و هاورێکانی بە سێ و دوو لێکردن بەرێوەیان دەبرد. کاک قادر دوای پشووی خوێندنی هەموو ساڵێک، بۆ ئەوەی یارمەتیدەری بژێوی ژیانی بنەماڵە بێ ڕووی لە کرێکاری دەکرد و بەم شێوەیە پشووی هاوینی تەواو دەکرد و دڵخۆش بوو بەوەی کە دەتوانێ

یارمەتیدەری باوکی زەحمەتکێشی و بنەماڵەکەیان بێ.

هاوینی ساڵی ١٣٦٠ ی هەتاوی لەگەڵ چەند کرێکاری دیکە لە سەر چۆمی کەڵوێ لە نێوان گوندەکانی قوڵتێ و باڵان خەریکی خیز بارکردن دەبن، دەستەیەک پێشمەرگەی حدک بۆ زەربە لێدان لە دوژمن کەمین دادەنێنەوە، ئەو ماشێنەی کە کاک قادر و کرێکارەکانی تێدابوون، ماشێنی بارهەڵگری شارەداری شاری سەردەشت بوو، پێشمەرگەکان بە هەڵە لە ماشێنەکە تەقە دەکەن و بەداخەوە کاک قادر بە توونـدی بریندار دەبێ. هەر بەو ماشێنە شەهید قادر دەگەیێندرێتە نەخۆشخانەی شاری سەردەشت. دوای ماوەیەک چارەسەری پزیشکی بەداخەوە دوکتور بریار دەدا لاقی لە سەرەوەی ئەژنۆ ڕا ببرنەوە و بەم شێوەیە کاک قادر لاقێکی لە دەست دەدا و کەمئەندام دەبێ.

دوای سارێژ بوونەوەی برینەکەی، کاک قادر بە خۆی و دارشەقەی دەستیەوە جارێکی دیکە دەست بە تێکۆشانی حیزبی دەکاتەوە. ئەو بەشێک لە جەستەی خۆی بە دەستی خۆشەویستانی خۆی، واتە پێشمەرگەکانی دێموکرات لە دەست دابوو، بەڵام ئەو دەیزانی هیچ بوغزێک لە کاری پێشمەرگەکان دا نەبووە و تەنیا هەڵەیەک ڕوویداوە، شەهید قادر ئەو هەڵەیەشی نەکردە بوغز بۆ ئەوەی واز لە ئەندامەتی حیزبەکەی بێنێ، بەڵکوو چالاکانەتر لە پێشوو دەستی بە کاری حیزبی کردەوە و ئەوەندەی لە توانای دابوو، بانگەشەی بۆ کاری حیزبی دەکرد و ژیانی خۆی بۆ کاری حیزبی تەرخان کردبوو. کوڕێکی چاونەترس و بە ئیمان بوو، ئیرادەیەکی پتەوی هەبوو، هەر بۆیەش خەڵک خۆشیان دەویست.

زۆر بەداخەوە شەهید قادر لە لایەن خۆفرۆشێکە دەخسترێتە ژێر چاوەدێری و دواتر ڕاپۆرتی لێدەدرێ و لە لایەن ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانەوە لە زستانی ساڵی ١٣٦١ ی هەتاوی دەگیرێ و لە تەورێز حوکمی ئێعدام بە سەر خۆی و هاوڕێیەکانی دا دەسپێندرێ، بۆ جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدام ڕەوانەی شاری گەوهەر دەشت دەکرێن، پێش ئەوەی حوکمەکە جێبەجێ بکەن، ئایەتووڵڵا خومەینی لە نوێژی هەینی دا و لە کاتی خوتبە دا عەفوو و بەخشین بۆ هەندێک زیندانی دەردەکا. بە خۆشیەوە کاک قادر و هاوڕێیانی لە دادگای پێداچوونەوە دا حوکمی ئێعدامەکەیان هەڵدەوەشێننەوە، بۆ ماوەی نزیک بە ٤ ساڵ لە بەندیخانە دا ڕادەگیرێ و بە دڕندانەترین شێوە ئازار و ئەشکەنجە دەدرێ. بە گووتەی هاوبەندیەکانی: شەهید قادر کوڕێکی بوێر و قسە لە ڕوو دەبێ و ئەشکەنجە و ئازار و لێدانیش ناتوانێ بە چۆکی دابێنێ. شەهید قادر لە بەندیخانەش دا کوڕێکی بە جەرگ و بە ئیمان دەبێ و بە هیچ شێوەیەک نەهێنیەکان نادرکێنێ و وەک کەسێکی خۆڕاگر و سادق، دوای نزیک بە ٤ ساڵ مانەوە لە زیندان دا

ئەوجار بە کەفالەت ئازاد دەکرێ.

شەهید قادر دوای ئازادبوونی لە زیندان دا، هەروا وەفادار بوو، بە ڕێباز و ئامانجی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەوجار شەهید قادر بە ئەزموونێکی دیکەوە وەک ئەندامی حیزب دەست بە تێکۆشان دەکاتەوە. ئەمجارەیان چاوکراوەتر و بە ئەزموونتر لە پێشوو ئەرکە حیزبییەکانی ڕادەپەڕێنێ. شەهید قادر لە بەندیخانەدا فێری خۆراگری و چاونەترسی ببوو، بەڵام لەخۆبایی نەببوو، هەر بۆیە بە وردبینی و بە سرنجی زیاترەوە کاری بۆ حیزبەکەی و گەلەکەی دەکرد. شەهید قادر بۆ ئەوەی نەبێتە سەرباری بنەماڵەکەی بە کەم ئەندامیش دەستی بە کار و کاسبی کردوو و لە نزیک مەیدانی فەرمانداری و لە بەردەم یەکێک لە دووکانەکانی سەر ئەو شەقامە دووکانێکی بچکۆلانەی شەربەت فرۆشی دادەنێ و بەم شێوەیە دەست دەکا بە کاسبی و یارمەتی کردنی بنەماڵەکەی. لەگەڵ هاورێ و هاوکارەکانی دا لە کاتی پشوو و لە کاتی ئیسراحەت دا باسی جۆراوجۆریان لە سەر دۆزی ڕەوای کورد دەکرد و بە شانازییەوە باسی کوردایەتی و حیزبایەتی دەکرد.

شەهید قادر وەک کەسێکی دیار و خۆشەویست لە نێو کۆمەڵگادا دیار بوو، خەڵکی خۆشدەویست و ئەوانیش قادریان خۆشدەویست، ڕێزی تایبەتی لە خەڵک دەگرت، مرۆڤێکی بە هەست و دڵسۆز و هەڵسوور بوو. شەهید قادر کەسێکی خەمخۆر بە گەل و نیشتمان بوو، بە هۆی کەم ئەندام بوونەوە وەک جاران نەیدەتوانی وەرزشکارێکی باش بێ، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو جێ بۆشایە پڕ بکاتەوە بەردەوام خەریکی خۆ پێگەیاندن و خوێندنەوە بوو، ژیانی شەهید قادر پڕ بوو لە ئازار و نەهامەتی جۆراوجۆر، بەڵام شەهید قادر فێری بەزین و خۆ دۆران و نائومێدی نەبوو، لەگەڵ هەموو کەوتن و نەهامەتیەکانی سەر ڕێگای ژیانی دا بەوپەری ئومێدەوە هەڵدەستایەوە و بەگژ هەموو نەهامەتییەکان دا دەچۆوە و تەنانەت بۆ هاورێ و ئەندامانی بنەماڵەکەشی ببوو بە نموونەی خوو و ڕەشتی بەرزی ئینسانی، هەر بۆیەش، هەموو لایەک بە چاوی قارەمانێکی نەبەز و سەرکەوتوو سەیریان دەکرد و ڕێزیان لێدەگرت.

ژیانی شەهید قادر بەم شێوەیە دەچوو پێش، لە دووکانە بچکۆلانەکەی دا خەریکی شەربەت فرۆشی و کاسبێ دەبێ و دڵی پڕ لە هۆمێدی هەروا لێدەدا و چاوڕوون و دڵگەش هەنگاو بەرەو ژیانێکی باشتر و بەرەو لووتکە هەڵدێنێتەوە.

لە گەرمەی شەری نێوان عێراق و ئێراندا، شاری سەردەشت چەند جارێک دەکەوێتە بەر بۆمبارنی فرۆکەکانی حکوومەتی بەعس، زۆر بەداخەوە کاتژمێر ١٦:١٠ خولەکی ئێوارەی ڕۆژی ٧ ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ ی هەتاوی شاری سەردەشت دەکەوێتە بەر هێرشێکی شیمیایی فرۆکە بۆمب هاوێژەکانی حکوومەتی نەگریسی بەعس و چوار شوێنی پڕ حەشیمەتی شار بە تۆزی سپی گازی خەردەل دادەپۆشرێ. بەداخەوە یەکێک لە بۆمبەکان لە چەند میتری دووکانە بچکۆلانەکەی شەهید قادر وەعەرز دەکەوێ و شەهید قادریش بە توندی برینادار دەبێ. هەر ئەو ڕۆژە و بە گورج و گۆڵی لە لایەن ئەندامانی بنەماڵەکەیەوە دەگەیندرێتە نەخۆشخانەی شاری تەورێز. مخابن گازی شیمیایی و خەردەلی بۆمبەکان کاری خۆیان کردبوو، جەستەی شەهید قادری دڵ پڕ لە هیوا، دەسووتێ و لەشی پڕ بلۆق و ئاو دەبن. بە هۆی هەڵمژینی تەپوتۆزی گازی خەردەل هەناوی ئەو نەمرە گیرۆدە بە گاز دەبێ و دوای نزیک بە ٢٤ کاتژمێر لە ڕۆژی ٨ - ٤ - ١٣٦٦ ی هەتاوی دا لە نەخۆشخانەی شاری تەورێز لەبەر ئازاری زۆری برینەکانی سەر لە سەر ڕانی کاک نادری برای، چاوەگەش و پڕ لە هیواکانی لێکدەنێ و گیان دەبەخشێ، بەم شێوەیە شەهید دەبێ و داخێکی گەورە لە سەر دڵی بنەماڵەکەی و هەموو ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دەیانناسی دادەنێ.

تەرمی بێ گیانی شەهید قادر دەگەڕێندرێتەوە شاری سەردەشت و لە نێو و خەم و پەژارەی بنەماڵە و خزم و دانیشتووانی شاری سەردەشت دا لە گۆڕستانی شاردا بە خاک دەسپێردرێ.

ژیانی شەهید قادر و بەهارەکانی تەمەنی زۆر کەم بوو، بەڵام ژیانی کورتی ئەو نەمرە هەم بۆ لێ فێربوون دەبێ و هەمیش بۆ ئەوە دەبێ، شانازی بەو هەموو فیداکاری و لەخۆبردوویی و کوردایەتی ئەو نەمرەوە بکەین.

ژیانی شەهید قادر لێوڕێژ لە سەداقەت و ڕاستی بوو. ئەرک و کاری وەک ئەندامێکی حیزبی بۆ ئەوە دەبێ لێی فێر ببی. نەبەزی، خۆراگری، ئیمان و ورەی بۆ ئەوە دەبێ بکرێنە وانەی فێربوون. خۆراگری لە زینداندا، لە ژێر توندترین ئەشکەنجەکان دا و بە جەستەی کەم ئەندامی نیشانەی ورە بەرزی و نەبەزی شەهید قادر بووە. ئەندامی حیزبێک بی، بە هەڵەی چەند پێشمەرگەی ئەو حیزبە لاقێک لە دەست بدەی، بەڵام هەروا خۆراگرانە و بە ئیمانەوە کار لەو حیزبەدا بکەی کاری هەموو کەسێک نییە و هەر تەنیا کاک قادر دەتوانێ دڵی ئاوا گەورە بێ و دوای کەم ئەندامبوونی هەروا بە ئیمانەوە بۆ ئەو حیزبە کار بکەی و لە زیندان و گرتووخانەی تاریکی کۆماری ئیسلامی دا ئاوا خۆراگرانە و سەربەرزانە زیندان و بەند ببەزێنێ و بێتەوە نێو کۆڕی بنەماڵە و بە سەربەرزی ژیانی خۆی درێژە بدات.


وەک هـاورێیەکی شـەهید قـادر ئەمینـی داوای لێبـوردنی لێـدەکەم، کە چەنـدین سـاڵە نەمتوانیـوە وەک خـۆی یـادی بکەمەوە. هەموو ساڵێک لەبەرەبەری ٧ ی پووشپەردا بە گشتی یادی هەموو شەهیدەکانمان کردۆتەوە، بەڵام جێگای خۆیەتی کە ئەمسـاڵ بـۆ یـاد و کـار و ئەرکـی شـەهید قـادر وەک ئەنـدامێکی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان، وەک مرۆڤێکی تێکۆشەری سیاسی، وەک زیندانییێکی سیاسی، وەک وەرزشکارێکی نموونە، وەک مرۆڤێکـی نیشـتمانپەروەر، وەک لاوێکی خوێن گەرمی نیشتمانەکەم، ڕێزی لێ بگرین و لێرەوە سەری ڕێز دابنوێنم و بڵێم هاوڕێ گیان لە دڵ و هزری ئێمە دا نەمردووی بەڵکوو هەروا زیندووی.

یاد و ناوت بەرز و بەرێـزە. هیـوادارم کە ئەنـدامانی بنەمـاڵەکەی و هەروەهـا دۆسـتان و هاورێیـانی نزیـک شـەهید قادر کار و خوو و ڕەوشتی بەرزی ئینسانی کاک قادر بکەنە وانەی ژیانیان و منـداڵەکانمان وەک ئەو نەمـرە فێـری خۆراگری و نیشتمانپەروەری و گەلدۆستی بکەین.

سڵاو لە شەهیدانی ٧ ی پووشپەری شاری سەردەشت، سەری ڕێز لە بەرامبەر هەموویان دا دادەنوێنم و یاد و ناویان هەروا بەرز و بەرێز بێ. سڵاو لە خەڵکی بە ئەمەگی شاری سەردەشت ئەوانەی خەمخۆری دۆزی ڕەوای گەلەکەمـانن، ئەوانەی نـاهێڵن ئەو ڕۆژە بە فەرامۆشـی بسـپێردرێ. ئـاواتەخوازم کە هەمـوو زامـدارانی شـیمیایی شـاری سەردەشـت تەندرووستی خۆیـان بۆ بگەڕێتەوە و چیدی بە ئازاری ژیـانەوە ژیـان تێپەر نەکەن و بەڵکوو ژیانیـان بە بـێ ئـازار درێژە بدەن، ڕووحی گشت شەهیدانی ئەو ڕۆژە و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردسـتان و ڕووحـی شـەهید قـادر ئەمینی شاد بێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٨ی جووونی ٢٠١٥

## یادی ٢٥ ساڵەی تیرۆر و شەهید کردنی ١٠ پێشمەرگەی دێموکرات لە پەڕەژاڵ




ساڵێک دوای تیرۆرکران و شەهید کردنی ڕێبەری پایەبەرزی گەلەکەمان شەهید دوکتور عەبدوڵرەحمان قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر، هێزەکانی پێشمەرگەی دێموکرات، بۆ یادو بیرەوەری و بۆ زەربە لێدان لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی خەریکی چالاکی و عەمەلیاتی چەکداری بوون. لە خواروی کوردستان را تا سەرووی کوردستان بە گشتی هێزەکانی پێشمەرگە زەربەی گورچووبڕیان لە پەیکەری لەرزۆکی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەوەشاند و دوژمنیش لە ئاست هێرشی پێشمەرگەدا زەبوون و دەستاوەستان مابۆوە.

هێزەکانی ڕژێم کەم و زۆر لە بەرەبەری تیرۆری ناجوانمێرانەی شەهید دوکتور قاسملوو دا لە مۆڵگە و لە سەنگەرەکانی خۆیان نەدەهاتنەدەر و نەیاندەوێرا بجوڵێن و کەمتر هاتووچۆیان دەکرد. بەو حاڵەشەو لە ٥ ی پووشپەرەوە تا ٢٥ی پووشپەر هێزەکانی پێشمەرگە توانیبوویان چەندین زەربەی تووند لە هێزەکانی ڕژێم بدەن و تامی شکستیان پێ بچێژن.

ئەو چەند عەمەلیاتەی خوارەوە تەنیا لە دەفتەری بیرەوەری خۆمدا بوون و هێزەکانی پێشمەرگەی دێموکرات لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دا، کەم و زۆر عەمەلیاتی چووک و گەورەیان بەرێوەبردوون و ئەگەر لێرەدا ئاماژەیان پێ نەکراوە داوای لێبوردنم هەیە.

هێزی زمزیران لە ڕۆژی ٥ ی پووشپەردا لە عەمەلیاتێکی بریسکەئاسادا و لە چەند خولەکێک دا توانیان دەست بە سەر پایەگای گوندی "نیسکاوێ" لە ناوچەی سەردەشت دابگرن و دوای کوشتنی چەند کەس لە بەکرێگیراوان و بە

دیل گرتنی ٨ کەس مەیدانی شەرەکەیان بە بێ دانی شەهید بەجێ هێشت.

هەر ئەو هێزە پێشمەرگەیەی هێزی زمزیران، لە ڕۆژی ٩ ی پووشپەر دا لە نێوان گوندەکانی وەتماناوێ و شینوێ لە "خرێ دووهەزاری" گروهی بەناو زەربەتی سەردەشتیان لە داوی خۆیان خست و ئەو گروهی بەناو زەربەتەیان تەفروتونا کرد و بۆ خۆیان بە سڵامەتی مەیدانی شەرەکەیان بە جێ هێشت.

هێزی ئاگری لە مەڵبەندی شیمال لە ڕۆژی ١٥ ی پووشپەر لە ناوچەی شپیران دەستیان بەسەر مۆڵگەیەکی زۆر گرینگی دوژمن داگرت و ٢٠ کەسیان لێ بە دیل گرتن و دواتر پایەگایەکەیان بە هەموو کەل و پەلەکانەوە تەفروتونا کرد و بۆ خۆشیان بە سڵامەتی مەیدانی شەرەکەیان بە جێ هێشتبوو.

هەر لەو ڕۆژەدا هێزی شەهید پێشەوا دەستیان بە سەر پایەگای نیزامی "پیروبایز" لە چەند کیلۆمیتری شاری مەهاباد لە سەر جادەی مەهاباد، پەسوێ داگرت و دوای کوشتن و بەدیل گرتنی هەموو بەکرێگیراوەکان، مۆڵگەی ڕژێم تەفروتونا دەکەن و بۆ خۆشیان بە سڵامەتی دەرباز دەبن.

لە ڕۆژی ١٨ی پووشپەر لە تەنیشت شاری شنۆ، پێشمەرگە بەدەستوبردەکانی هێزی کێلەشین، لە سەر جادەی شنۆ بۆ پیرانشار ستوونی بەکرێگیراوانی ڕژێم دەخنە داوی خۆیان و زەربەیەکی توندیان لێدەدەن و بە دەیان کەسیان لێدەکوژن و هاوکاتیش ٢١ کەس لە کوژراوەکان شناسایی دەکەن و بۆ خۆشیان بە سڵامەتی بەرەو شوێنی دیاری کراوی خۆیان وەرێ دەکەون.

لە ڕۆژەکانی ١٨ و ١٩ی پووشپەر دا، هێزەکانی شەهید پێشەوا و بەیان لە ناوچەی گەورکی سەقز، دوای دوو شەو و دوو ڕۆژ شەری نابەرابەر توانیان زەربەیەکی قورس لە پەیکەری هێزی زۆر و بۆری ڕژێم بدەن و بە دەیان کەسیان لێ بکوژن و هاوکاتیش بە دەیان کەسیان لێ بەدیل بگرن و دواتر بە داخەوە بە دانی ٨ شەهیدی قارەمانی پێشمەرگە مەیدانی شەرەکە بە جێ دێڵن.

ئەوانە تەنیا بەشێکی بچووکن لە عەمەلیاتی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات لە بەرەبەری ساڵرۆژی شەهید بوونی شەهیدی مەزن دوکتور ڕەحمان قاسملوودا.

ئەگەر رژێم لە ترسی زەربەی هێزی پێشمەرگەی دێموكرات، نەیدەوێرا سەر لە قاوخی خۆی بێنێتەدەر، هاوكات رژێم بۆ زەربە لێدان لە هێزی پێشمەرگەی كوردستان و بە تایبەت پێشمەرگەكانی حیزبی دێموكرات بە شێوەیەكی ناجوانمێرانە، لە پیلان و بەرنامە دابوو. رژێم بە ناردنی سیخور و نۆكەر و تیرۆریست بۆ نێو هێزی پێشمەرگە دەیهەویست وڕەی پێشمەرگە دابەزێنێ. یەكێك لەو سیخوره نۆكەر سفەتانە لە هێزی ٢ی ڕێبەندان دا خۆی مەڵاس دابوو.

هێزی ٢ی ڕێبەندان هێزێكی دەست وەشین و پارتیزانی دێموكرات بوو، دوژمن لە ناوچەی سەقز و هاوشار و دەوروبەری سەقزدا نەیدەوێرا سەر ببزوێ و هەر بۆیە رژێم بۆی لە بەرنامەی جۆراوجۆر دابوو بۆ زەربە لێدان. مەڵبەندی ٢ بە گشتی دوای چەند ڕۆژ بە ڕێگا دا ڕۆیشتن دەچنە شوێنێك بە ناوی هەرمێ دۆڵ لە ناوچەی شلێری سەقز.

دەستەیەك پێشمەرگەی ١٢ كەسی بۆ چاوەدێری دەچنە شاخێك بە ناوی پەڕەژاڵ. ئەو دەستە پێشمەرگەیە لەبەر ئەوە پێشتر ڕیگایەكی دوور و درێژیان بریبوو، زۆر شەكەت و ماندوو دەبن. هاورێی فەرماندە لیستەی نیگاهبانی ئامادە دەكات و دواتر پێشمەرگەكان لە بن سێبەری گاشەبەردێك و لە تەنیشت یەك لە كیسەخەوەكانیان دا سەر وەسەر ڕەخت و فیشەكدانەكەیان دەكەن و وەك فریشتە چاو لێكدەنێن. خەوێكی قورس بە سەریان دا زاڵ دەبێ.

ئەوان لەوە دڵنیان كە ئەو شوێنەی لێی ماونەوە شوێنێكی ئەستەم و جێگای مەترسی نییە، هەر بۆیەش زۆر بە ئارامی و لە ژێر ترووسكە تروسكی ئەستێره و تریفەی مانگەشەوی پووشپەر دا لە بەر ماندوویی و شەكەتی و بە ئاواتی ئاسۆ و ڕۆژێكی نوێ چاوەگەشەكانیان لێك دەنێن و دەخەون.

بەرەبەیانی ئەبووبەكری سیخوور و نۆكەر سففەت، دەرفەت دێنێ و بە هەڵگرتنی چەند چەكێكی تەنیشت پێشمەرگەكان لە سەر گاشەبەردەكە ڕا، هەر ١١ پەپوولە خەوتووەكان، لە نێو كیسەخەوكانیاندا وەبەر دەستڕێژی گوللە دەدا و ١٠ كەس لە باشترین ڕۆڵەكانی گەل، ئەوانەی بە دڵێكی ئاسوودەوە خەوت بوون بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاسۆی بەیانی و شەبەقی ڕۆژ، جارێكی دیكە چەك لە شان بەرەو خەبات هەنگاو بنێن شەهید دەكا و بۆ خۆشی بەرەو مۆڵگەیەكی ڕژێم ڕادەكا و خۆی دەگەیێنێتەوە باوەشی رژێمی تیرۆریست پەروەری كۆماری ئائیسلامی ئێران.

دواتر یەکێک لە پێشمەرگە دەربــاز بووەکـان، هەواڵـی جەرگبـڕی شـەهید بـوونی ١٠ کەس بە کـادرو پێشمەرگەکان ڕادەگەیێنێ و هاوڕێیانی مەڵبەندی ٢ بە دڵێکی خەمین و بە پەرۆشەوە تەرمی ١٠ کوڕە پێشمەرگەی دڵ پڕ لە هیوا لە تەختی عەواڵان بە خاکی نیشتمان دەسپێرن.

*ناوی ئەو ١٠ شەهیدە سەربەرزەی گەلەکەمان بریتنلە:*

**شەهیدان:**

١- خالید عەبدوڵڵاهی،
٢- خالید شەعبانی،
٣- سەیفوڵلا نەعلبەندی،
٤- مستەفا حاجی زادە،
٥- جەماڵ کورتەکی،
٦- هادی پاڵانی،
٧- ڕەحیم بەهانەت،
٨- محەممەد سەدیقی،
٩- فەریدوون قـادری
١٠- لوقمان ئەلیاسی.

ئەو پـۆلە پێشمەرگەیە لە هەمـان ڕۆژ دا شـەهید کـران کە ڕێبەرەکەیـان سـاڵێک پێشـتر بە دەسـتی تیرۆریسـتانی کۆماری ئیسلامی لە ویەن شەهید کرابـوو. ئەوان چـرای تەمەنیـان بە دەسـتی ڕەشـی تیرۆریسـتانی کۆمـاری ئیسلامی کوژایەوە، بەڵام تـرووسکەی چاوەکانیـان وەک بریسکە بریسـکی ئەسـتێرە لە ئاسمانی سـاماڵی کوردسـتان دا هەروا دەبریسـکێنەوە، ئەوان بە جەسـتە لە گەڵمـان نەمـاون، بەڵام بیـر و ڕیبـاز و ئامانجیـان هەروا پـڕ ڕێبـوارە و هەنووکەش لاوانی وڵات لە سەر باوەر و ئیمـان و ئیرادەی ئەوان خەبـاتی خۆیـان لە سـەنگەری بەرگـری کوردسـتان دا، لە سەنگەری قوتـابخانەدا، لە سەنگەری بەندیخانە و سەنگەرە جۆراوجۆرەکانی دیکە دا درێژە دەدەن.

**لە کۆتایی دا هیوادارم کە ناو و ناوبانگی ئەو ١٠ شەهیدەم بە درووستی نووسیبن، چونکە ٢٥ ساڵ بە سەر ئەو کارەساتە تیرۆریستیەدا تێپەر دەبێ.**

**ڕووحیان شاد و ڕیگای خەباتیان پڕ ڕێبوار بێ.**

**ڕووڕەشی بۆ کۆماری سێدارەی ئێران و تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی.**

**وێنەکان لە ماڵپەری شەهید وەرگیراون**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٦ی جوولای ٢٠١٥**

---

***ئەو چەند دێرە بۆ خاتوونێکی ماندوونەناس کە ماوەیەکە بەیانیان ژنێکی تێکۆشەری ڕێگای ئازادی و یەکسانیمان پێ دەناسێنێ، پێشکەش دەکەم.***




**سپێدە باش کچی سابڵاغی**

**بەیانیت باش شەهلای خەمخۆر و شەهلای نەبەز!**

**بەیانیت باش قوتابی‌یە زیرەک و بزۆزەکەی، گەڕەک و شار و قوتابخانە! بەیانیت باش خاتوونە بە ئەزموونەکەی**

شار و شاخ و تاراوگە.

دەنگت هاواری ئازادی و یەکسانی‌یە و زایەڵەی دەنگت بلاوێنی دڵی بریندارى کچان و ژنانی زوڵم لێکراوە. ڕەنگت لە ڕەنگی گەنمەجار و دەستەکانت لە دەستی دایکی دڵسۆزی پیرە نیشتمان دەچێ و باڵای بیرت چنارئاسا هەروا بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ.

لەو کاتەوە لە قەندیل لە تەنیشت بنکەی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات چاوم پێت کەوت، پێڵاو و جلکی ڕەنگ خاکیت هەروا دانەناون و هەروا ماندوو نەناسانە هەنگاو بۆ باشتر کردی ژیانی کۆمەڵگا هەڵدێنیەوە.

لە ئەستێرۆکانی بناری قەندیل چاوم بە ژنێکی نەشمیلی ئامالْ ئەسمەر کەوت، بە کۆڵێک ئازار و خەمی نیشتمانەوە، بەرزایەکانی دەبڕی و خۆی بۆ خەباتێکی ڕەوا و یەکسانیخوازی ئامادە دەکرد. ئەو ژنە ژیانی لێوڕێژ لە نەسرەوتن و خەبات بوو، جاران لە چیا و شەقام نەسرەوتنی نەبوو، ئێستا لە تاراوگە و لە پێتەختی وڵاتانی دونیا.

ئەگەر پێناسەی پێشمەرگەیەک، سەنگەر و بەرگری و هەڵمەت و باوەڕ و چاونەترسی‌یە، ئەوە پێناسەی ئەو ژنە، ماندوونەناسی و وەفاداری و ئەمەگ و دڵسۆزی‌یە، پێناسەی ئەو کار کردنە بۆ باشتر کردنی ژیانی منداڵان و ژنان و بەساڵاچوانی کوردستان. ئەو ژنە سنوورەکان ناناسێ، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باشوور و لە سوئێدەوە بۆ سنووری ڕۆژئاوای کوردستان و لە شارو پێتەختەکانی وڵاتانیش هەروا هەنگاو دەنێ و لە کۆڕ و کۆبوونەوە و خۆپێشاندان و نارزایەتی‌یەکان دا لە گۆڕەپانی شارەکان ئاڵای کوردستانی وەک کۆڵوانەی دایکانی بە تەمەنی کوردستان لە پشت بەستووە، دەستێکی ئاڵای ئازادی و دەستێکی پلاکاردی یەکسانی، دەسرەی دەستی، ڕەنگی سوور و سپی و سەوزە بە تیشکی خۆری زەرد ڕەنگەوە.

دەزانم ئەو هەموو مێهرەبانی و وەفا و سۆزە لە دایکی فێر بووە، دەزانم ئەو هەموو خۆڕاگری و چاونەترسی و بەرگری کردنە لە دایکی نیشتمان فێر بووە کە وایە با بە هەمووومان ڕێز لە دایک و دایکی نیشتمان بگرین و سەری ڕیزیان بۆ دانەوێنین و چەپکە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ وەک ملوانکەیەکی بە مێخەک داڕێژراو لە گەردنی چنارئاسای دایکەکانمان بکەین و بڵێین سوپاس دایە بۆ ئەوەی ئەو کچە خەمخۆرەت وەک خوشکێکی بە ئەمەگ پێشکەش بە

**کۆمەڵگا و بە نیشتمان کردووە. سوپاس دادە شەهلا بۆ ئەو هەموو کارو چالاکی ماندوونەناسییەت. هەر بژی و سەرفەراز بی.**

**ئەم هەڵبەستەو ئەم وێنەیەش وەک دیاری بە تۆی تێکۆشەر پێشکەش بێ.**

**حەمەرەسووڵ کەریمی**

........................................

*دایە!*

*ئێستەش*

*زایەڵەی دەنگت لە ئەوکی*

*ڕەوەزی رۆح و بیرما دەزرینگێتەوە:*

*. «ڕۆڵە برۆ*

*ئەگەر لە ژێر لێزمەی بارانی ئاگردا،*

*لە ژێر تین و تەوژمی ڕمب و خەنجەری*

*تیشکی هەتاودا هەڵقرچای،*

*مەچۆ ژێر سێبەری باخێ*

*دار گەڵای خۆی برنێتەوە،*

*گەڵاش دەستی پەرپوی خۆی*

*هەڵگرتبێ و*

*بە حەواوە بخولێتەوە،*

*چاوەڕوانی باگەرێک بێ*

*دوور بیبات و*

*لە باوەشی سرِی دایکی دوورخاتەوە!»*

*دەنگی باوکم*

*ئێستەش لە نێو دەمارەکانی لەشمدا*

*لەگەڵ خوێنم دەستەملانە:*

. «بڕۆ، بڕۆ!

بە غەریبی سەر بنێوە،

لە نێو دڵی تەنگی بێکەسیدا بژی

لە ژێر چزووی

چاوی ساردی بێگانەدا

جینگڵ بدە،

بەڵام، بەڵام

هەرگیز ڕوو لە شارێک مەکە

مەیدان، سەری شەقام ببڕێ،

شەقام، کۆڵان بخنکێنێ،

کۆڵان، ماڵ زیندەبەگۆڕ کا و

ماڵ، بەندیخانەی مرۆڤ بێ،

مرۆڤیش، مێشک و دڵی خۆی

لە نێو کاسەسەری خوێدا هەڵگولۆفێ!»

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٧ی جوولای ٢٠١٥

## لە پەراوێزی لە دایکبوونی خاتوو کوێستان بابایی!




بە بۆنەی ڕۆژی لە دایکبوونت لە ناخی دڵەوە جوانترین پیرۆزباییت لێدەکەم و ئاواتەخوازم کە داری تەمەنت ڕیشەدار و پڕ لق و پۆپ بێ و ژیانت لیوڕێژ لە شادی و خۆشی و سەرکەوتن بێ و لەگەڵ کاک مەریوان و منداڵە چاوگەشەکانت ژیانێکی بەختەوەرانە و خۆشتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

با ڕۆژی لە دایکبوونت بکەم بە دەرفەت بۆ ئەوەی سوپاسێکی گەرمت بکەم بۆ هەموو ئەو کارانەی کردووتن، سوپاسێکی گەرم بۆ ئەو هەموو هەست و سۆزەی کە دەرحەق بە گەل و نیشتمان و هاوڕێ و دۆست و ئاشنایانت دەردەبڕی.

لە سەرەتایی منداڵییەوە لە ڕیگای پێشمەرگایەتییەوە دادە کوێستان دەناسم، کیژێکی لە سەرخۆ و هێمن و هێدی و قوتابییەکی خوێن شیرین و دەرس خوێن و سەرکەوتوو بوو، ئێستاش بە خۆشیەوە لە بواری خوێندن دا پلە بەرزەکانی خوێندنی بڕیون و هەروەک منداڵی و بگرە زیاتریش لە خوێندن دا سەربەرز و سەرکەوتوویە.

بۆ زیاتر ناسینی دادە کوێستان دەبێ بڵێم دوای زەماوەندی لەگەڵ برای خۆشەویستم کاک مەریوان نستانی ئەو خاتوونەم باشتر ناسی. ئەو لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی لاوان و ژنان دا ماندوونەناسانە بەشداری دەکرد و هەنووکەش هەروا قورس و قائیم بە دڵێکی پڕ هیواوە کار دەکا و بوێرانە بە گژ داب و نەریتە کۆنەکان دا دەچێتەوە، کیژێکی بە ئەمەگ و وەفادار و قوتابییەکی سەوداسەری ئازادی نیشتمان و تێکۆشەرێکی هەڵسووری بواری یەکسانیخوازییە.

هه‌ر كات بۆ كار و كۆڕوكۆبوونه‌وه‌یه‌ک ڕووت تێكرد، به‌ بزه‌و خه‌نده‌ و به‌ ڕاوێژێكی خۆش وه‌ڵامت ده‌داته‌وه‌ و كاره‌كه‌ وه‌ئه‌ستۆ ده‌گرێ و تا راپه‌راندنی ئه‌ركه‌كه‌ی به‌رده‌وام خه‌ریكی ڕاوێژ و ته‌كبیره‌. كه‌سێكه‌ كه‌ بۆ هه‌موو كارێک پشت به‌ كۆمه‌ڵ ده‌به‌ستێ و جێ په‌نجه‌ی خۆی به‌ كاره‌كانه‌وه‌ دیاره‌ و ماندووونه‌ناسانه‌ ئه‌ركه‌كانی له‌و كاره‌ گرووپی‌یه‌ش دا به‌وپه‌ری دڵسۆزی‌یه‌وه‌ جێبه‌جێ ده‌كا.

له‌ كاری ڕێكخراوه‌یی دا كه‌سێكی شاره‌زا و لێزان و خه‌مخۆره‌، كاری لاوان و ژنان و كۆمه‌ڵه‌ كوردی‌یه‌كانی دیكه‌ به‌وپه‌ری هه‌ست به‌ به‌رپرسایه‌تی كردنه‌وه‌ جێبه‌جێ ده‌كا، له‌ كاری حیزبی دا وه‌ک ئه‌ندامێكی چالاک و هه‌ڵسوور دیاره‌ و مرۆڤێكی چاوكراوه‌ و بوێر و به‌ هه‌ڵوێسته‌، ئه‌و هه‌موو ئاكار و ڕه‌وشته‌ به‌رزه‌ ئینسانی‌یه‌، ئه‌ویان له‌ نێو كۆڕی هاورێیان و دۆست و ئاشنا و خزم و كه‌س و كاری دا خۆشه‌ویستر كردووه‌ و ئه‌ویش به‌ دڵه‌وه‌ هاورێ و هاوكار و خزم و دۆست و ئاشنایانی خۆی خۆش ده‌وێ.

له‌ هه‌ڵسوكه‌وتی بنه‌ماڵه‌ییش دا له‌ ژێر سێبه‌ری دایک و بابێكی شۆڕشگێر و كوردپه‌روه‌ردا گه‌وره‌ بووه‌ و له‌وان وانه‌ی ژیان فێر بووه‌ كه‌ جێگای ڕێز و پێزانینه‌، هه‌ركات لێی میوان بی ئه‌وه‌ به‌و په‌ری ڕێزه‌وه‌ له‌گه‌ڵ كاک مه‌ریوان پێشوازیت لێده‌كا و له‌ ته‌نیشتیان و له‌ قسه‌ و گفتگۆیان وه‌ڕه‌ز و ماندوو نابی.

سوپاس بۆ ئه‌و هه‌موو وه‌فا و هه‌ست و سۆزه‌ كوردانه‌ت، هیوای ژیانێكی ئاسووده‌ و به‌خته‌وه‌رانه‌تان له‌گه‌ڵ كاک مه‌ریوان بۆ به‌ ئاوات ده‌خوازم و هیوادارم كه‌ منداڵه‌ چاوگه‌شه‌كانتان له‌ ئامێزی ئێوه‌دا به‌ ساخی و سه‌لامه‌تی گه‌وره‌ ببن و ژیانیان پڕ بێ له‌ خه‌نده‌ و خۆشی و هه‌ر ته‌مه‌ن درێژ بن.

دیسان جێژنی له‌ دایكبوونت هه‌زارجار پیرۆز بێ و سڵاو له‌ بنه‌ماڵه‌ی به‌رێزی ئێوه‌ كه‌ هه‌موو ژیانیان ته‌رخان كردووه‌ بۆ ئازادی گه‌ل و نیشتمان و خزمه‌ت كردن له‌ ریزه‌كانی دێموكرات دا.

برات : حه‌مه‌ره‌سووڵ كه‌ریمی

سه‌رچاوه‌: دیواری فه‌یس بووكی نووسه‌ر - ڕێكه‌وتی: ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠١٥

## بۆ یادی هاوڕێ و پێشمەرگە و نووسەر و وەرگێر كاك نیعمەت مەلا و ڕیز گرتن لە خەبات و تێكۆشانی لە ریزەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستان دا .




كاك نیعمەت گیان دەزانم هاتی بە خەونەكانت بگەی و كەمێك بحەسێیەوه و پەره بە نووسین و ەرگێران و خەبات و تێكۆشانت لە شوێنێكی دیكەی ئەم جیهانە بدەی، مخابن بەخت یار نەبوو و ئێستا لە بەندیخانەی وڵاتێكی ئوروپایی دایی و بە گیرانت هەموو ئەوانەی دەتناسن بۆت نارەحەت و بە پەرۆشن، هیوادارم كە بە هیممەت و خۆراگری خۆت و دواتریش بە هیممەتی هاورێیانی حیزبی لە دەرەوه و بە تایبەت كۆمیتەی دەرەوەی وڵات ئازاد بكرێی و بە شوێنی مەبەستی خۆت بگەی و ئازادی و فرین لە باوەش بگرییەوه و هاوكات لەگەڵ كۆڕی هاورێیانی بە گەرم و گوڕی یەكتر لە ئامێز بگرنەوه.

چاومانی نیعمەت گیان هەموو ئەوانەی دەتناسن و یا لەگەڵت بوون بۆت بە پەرۆشن و شانازیت پێوه دەكەن.

### فەرموون لەگەڵ ئەو كورتە نووسینەی كاك نیعمەت.

هەست بە تەنیایی دەكەم، دەورووبەرم زۆر شلوقە بەڵام، ئەم رێگەیەش كۆتایی نایە، لەم ساتە وەختەی شەویشدا، قاوەخانەكانی نێوان رێگە بێ كۆتایین. ئەوانیش وەكوو من ماندوون، ماندووی هەموو ئەو رێبوارە نەناسراوانەی بە ئەسپایی دێن و دەچن.

هەموویان وەكوو یەكن، ریبوارەكان دەڵێم، ئەو رێبوارانەی وەكوو من شیك پۆش و جوان چاكن، هەموویان شەو و

شەبەقی چرای ماشێنەكان دەبیینن، لەگەڵ هەر تروسكەی ئەستیرەكان ئاواتەكانیان دەبینن، بەڵام ئەم ڕێگایە تا كۆتایی هەر ئاوایە.

سەفەر ئەستەمەو وای بەحاڵی ئەو ریبوارەی خەوی لێكەوێ. لە هەر شارێك تۆزە راوەستانێك، لەپەنا هەر قاوەخانەیەك، مانەوەیەك. ئەم ئووتووبووسەش ئەوەندە بۆن مێخەكی تێدا گەڕاوە كە دەمباتەوە دێهاتەكەی خۆمان، دەمباتەوە نێو باوەشی نەنكم، ئەو ساتانەی دەستە خەنەیییەكانی بەسەرم دادێناو بە بۆنی مێخەك شەیدای دەكردم، لەنەكاو وەخۆ دێمەوە، ئێرەش وێزگەیەكی دیكە بۆ پشوودانە، پشوو، دیسان كوڕێژگەكە بەخۆی و كەشەفیكەوە خەریكە بەم درەنگ شەوە ئیسكانە بەتاڵەكانی سەر میزەكان كۆ دەكاتەوە و كورسیە چكۆلەكان ریز دەكا كە دیسان ئێمەی ڕێبوار تێكیان بدەینەوە.

*دەنگێك لە دوورەوە بانگم دەكا:*

*نێهمەت!! تە باشی؟*

*. ئەز باشم...*

*كەرەم كە، چایی...*

منیش وەكوو لاڵیك بەدواییدا لە ماشێن دادەبەزم. بەدوایی ئێمەدا كەس نایە، كەس بەدوامانداا ناگەڕێ، كەس لێمان ناپرسێ. بە ئەسپایی چایی دەخۆمەوە و سەیری ئەو ڕێبوارانە دەكەم كە نایاناسم، بەڵام وەكوو خۆمن، وەكوو من ڕێبوارن، وەكوو من لە ڕیگەیەكدان بەرەو شوێنێك كە مەبەستیانە.
شەوتان شیرین هەموو ڕێبوارەكان، شەوتان خۆش ئەو كەسانەی لەنێو ئەم ڕێگەیەدا وەكوو من، ونن...

---------------------

لە ڕۆژی جل و بەرگی كوردی دا با لەگەڵ هاوڕێم نیعمەت مەلا ئەم وێنەیە بڵاو بكەمەوە و بڵێم نیعمەت لە هەر شوێنێك بی هەر كوڕەكەی جارانی و خۆشمان دەوێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووكی نووسەر - ڕێكەوتی: ١٦ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٥

## شاعیرێکی شاری سەردەشت بە هۆیەکی نادیار لە سولێمانی باشووری کوردستان دەکوژرێ.



بە پێی هەواڵ شەوی شەممە ڕێکەوتی ٢٤ -١٠- ٢٠١٥ شاعیری گەنج و خۆشناوی شاری سەردەشت کاک حوسێن ڕەحیم‌ئەقدەم لە لایەن چەند کەسێکەوە بە چەقۆ هێرشی دەکرێتە سەر و دوای ئەوەی بە توندی بریندار دەکەن، تەرمی نیوەگیان و خوێناوی ناوبراو لە شوێنی هێرشەکە بە جێ دێڵن.

ئەگەرچی تەرمی نیوەگیان و خوێناوی شاعیری گەنج بە هیممەتی هەندێک خەمخۆر دەگەیێندرێتە نەخۆشخانەی سولێمانی، بەڵام مخابن بە هۆی کاریبوون و سەختی برینەکانی و وێرای هەوڵی دوکتورەکان لە نەخۆشخانە گیان لە دەست دەدا.

کاک حوسێن ڕەحیم ئەقدەم، ساڵی ١٩٦٤ ی زائینی لە بنەماڵەیەکی خۆشەویست و جێ باوەری شاری سەردەشت لە دایک بووە، ناوبراو مرۆڤێکی خۆشناوی شاری سەردەشت بوو، لە بوارەکانی وەرزش و کاری هونەری و فەرهەنگی شار دا مرۆڤێکی دڵسۆز بوو، بۆ کاری هەرەوەزی و گشتی هەمیشە وێرای لاوانی دیکە خەریکی ڕاپەراندنی ئەو کارانە دەبوو کە دەبوو بە گشتی بەرێوەیان بەرن، لە سەریەک سیمایەکی باش و دیاری سەردەشت و دەوروبەری بوو و وەک یەکێک لە چالاکانی مەدەنی شار خەمی لە ژینگە و ئاژەڵ و مرۆڤەکان دەخوارد و هەوڵی بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان دەدا.

کاک حوسێن وێرای کاری ڕۆژانەی خۆی بەشێک لە کاتی خۆی بۆ نووسینی هۆنراوە و شێعر تەرخان کردبوو، بەشێک

لە شێعرەکانی ناوی خۆی لە سەر نەنووسیوون و هەروا خوێندوونیەوە و یا لە لاپەرەی فەیسبووکی خۆیدا بڵاوی کردوونەوە، هەر لەو پەیوەندییەدا چەندین شێعر و هۆنراوەی جۆراوجۆری وەک بەرهەم لە دوای خۆی بەجێ هێشتوون و لە بەرنامە شێعرییەکانی شاعیرانی دیکەش دا بەشداری چالاکانەی دەکرد.

ئەگەرچی تاکوو ئێستا ڕوون نەبۆتەوە بۆچی لە لایەن چەند کەسێکەوە بە چەقو هێرشی کراوەتە سەر، بەڵام وتەبێژی پۆلیسی سولێمانی "سەرکەوت ئەحمەد ڕایگەیاندوە کە تاوانبارەکان دەستبەسەر کراون و ئێستا لە گرتووخانەدا راگیراون و تا کاتی لێکۆلینەوەی گشتی دۆسیەی کوژرانی کاک حوسێن کراوەتە و هەوڵ دەدرێ بە زووترین کات هۆکاری کوشتنی شاعیری گەنجی شاری سەردەشت ڕوون بکرێتەوە.

بە بۆنەی کوژرانی و کۆچی ناوادەی ڕیزدار حوسێن ڕەحیم ئەقدەم لە ناخی دڵمانەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەرێزیان لە نیوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵات و هەموو بنەماڵەی بەریزیان دەکەین و ڕووحی شاد و لە دڵاندا هەردەم زیندوو بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

## بیرەوەرییەک لەگەڵ نەمر مامۆستا مەلا خدر عەبباسی.



ئەوەی لە خوارەوە نووسراوە و ئاماژەی پێکراوە، باسێکی کورتە لە ژیانی مامۆستا مەلا خدر سارتکەیی. ساڵی ١٣٧٢ ی هەتاوی لەگەڵ نەمر بەرێز مام حەسەن حەکیمزادە تێکۆشەری ناسراوی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی

کوردستان، لە بناری قەندیل وەک سەردان چووینە بنکەی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێری کوردستان بۆ خزمەت ماموستا مەلا خدر عەبباسی.

بەڕێز ماموستا لە ژوورێکی سادە و ساکار لەگەڵ چەند کەس لە هاوبیرانی خەریکی قسەو باس و لێکدانەوەی باردۆخی ناوچە بوو، پێشمەرگەیەکی ڕێکخراوی خەبات چوونی ئێمەی ڕاگەیاند بوو، ماموستا بە گورج و گۆڵی هاتە بەرهەیوانی ژوورەکە و لەگەڵ مام حەسەن یەکتریان لە ئامێز گرت و دواتریش منی لە ئامێزی پڕ هەست و سۆزی خۆی گرت، پێشتر لە سولێمانی لە ڕێگای "حاجی حەسەن نەجەفی" خاڵمەوە چەند جار بە خزمەتی گەیشت بووم، بۆیە دوای ئەو دیدارانە، بەڕێزیان منی وەک ناسیاو و دۆست و برا و کوڕی خۆی سەیر دەکرد.

ماوەی چەند کاتژمێرێک لە خزمەتی دا دانیشتین، وڵات هەندێک سارد بوو، کورەی ژوورەکەی خۆش کرد و بە دەم خۆش کردنی کورەوە، چەند بەیت شێعری خۆی بۆ مام حەسەن خوێندنەوە، شێعرەکانی ماموستا زۆر ناسک و هەست بزوێن و شۆڕشگێرانە بوون. لەو ماوەیەدا پێم دەرفەت بوو، هەر بۆیە لە سەر شۆڕش و لە سەر بزووتنەوە و لە سەر لەتبوونی سازمانی خەبات زۆر پرسیاری جۆراوجۆرم لێکردن.

بە زەردەخەنەوە گووتی ڕۆژنامەنووسی؟ یا هەر ئاوا دەپرسی؟ ئەگەر ڕۆژنامەنووسی ئەوە کاتم پێ بدە بۆ ئەوەی لە دەرفەتێک دا بە یەکەوە بدوێین؟ ئەگەریش هەروا خۆماڵیانە دەپرسی تا بۆتی باس بکەم؟ دیارە ئەمن ڕۆژنامەنووس نەبووم، هەر بۆیە بەڕێزیان بە حەوسەلەیەکی تایبەت بە خۆی بە وردی و بە سرنجەوە زۆر شتی بە نەرمی و نیانی وەک عادەتی سرووشتی خۆی، بۆ باس کردم. بە تەواوی نوقمی گێرانەوەی بەسەرهاتی حوجرە و فەقێیایەتی و دواتر مەلایەتی و کاری ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەندیخانە و کاری حیزبی بەڕێزیان ببووم، لە نێو باسەکانی دا جارجار مام حەسەن حەکیم زادە دەیگووت ڕەسووڵ دانیشتنەکەمان لێ تێک مەدە، ئەوەندە کاتەمان هەبوو لە لای ماموستا و ئەویشت لێ کردینە باس و خواستی حیزبایەتی. هەڵبەت مام حەسەن زۆرجار هەندێک شت و ڕووداوی وەبیر ماموستا دێنانەوە و بە یەکەوە باسی سەفەرەکانی خۆیان بۆ ناوچەی گەورکی مەهاباد و ناوچەی بانە و گوندەکانی دەوری بۆکان دەکرد.

نازانم ئەو چەند کاتژمێرە بۆ ئاوا زوو تێپەر بوو، بەڵام باسەکانی، بیرەوەرییەکانی، لێدوانی ورد و جوانی بۆ من هەموویان دڵنشین و دڵگیر بوون. ئەزموونێکی پڕاوپڕ و لێوڕێژ لە کاری سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی و

فەرهەنگی هەبوو، لە سەر هەر شتێک پرسیارت کردبایە، زانیاری خۆی بۆ ڕوو دەکردی و خەرمانەی زانایی خۆی بۆ هەڵدەڕشتی، لە وشەی کوردی دانەدەما، وشەی فارسی و عەرەبی زۆر دەزانین و وەسەرێکی دەخستنەوە و قسەی پێدەکردن. هەڵبەت وەک بۆ خۆی گێڕایەوە خوێندنی لە حوجرە و مزگەوت وای لێکردووە، فێری شێعر خوێندنەوەی ببێ و شێعری شاعیرانی کۆن و سەردەم لەبەر بکات، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ خۆی شێعر بنووسێ و لە کاتی وتار و لە کاتی قسە کردن دا بە پشت بەستن بە شێعر و ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و عەرەبی لێدوانی پڕ نێوەرۆک بدات. حەوتووانە وتاری تایبەت بە خۆی بۆ ڕۆژنامە و ڕادیۆی ڕێکخراوی خەبات ئامادە دەکرد، بەردەوام خەریکی خوێندنەوە و نووسین بوو. هەر کەس سەردانی کردبایە دەرگای ژوورەکەی دەکردەوە و لەگەڵی دەکەوتە قسە کردن و لە نەهایەت دا ڕێزی لە بیروبۆچوونی کەسەکە دەگرت.

کەسێکی تێکەڵ و کۆمەڵایەتی بوو، سەردانی دۆست و هاوڕێ و جیران و خزمانی دەکرد و لەگەڵ کادرو پێشمەرگەکان وەک برا هەستان و دانیشتنی هەبوو. کەسێکی خۆش مەشرەف و قسەزان و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لێزان و شارەزا بوو. وردبین و خوو ڕەوشت بەرزی ئینسانی بوو، هەموو لایەکی خۆشدەویست و لە هەڵوێستی سیاسی دا کەسێکی ساحەب هەڵوێست و لە کاری ڕۆژانەش دا مرۆڤێکی بە تەدبیر و مشوورخۆر بوو.

ئەو چەند جارەی لە نزیکەوە ملاقاتم کردووە، هەموو جارێک وەک خەرمانێکی باش بەرەکەتی خۆمم لێ هەڵگرتووە و کورد گوتەنی هەموو جارێک چەندین شتی جوان و بە کەڵکی لێ فێربووم و ئەوەش وەک کورد دەڵێ: دەلاقەیەک بوو کە ڕووناکی بۆ دڵەکانی پێدا دەهاتە ژوور و دڵی خۆمم پێ ئاوپڕژێن دەکردەوە.

ئەو چەند دێرەی خوارەوە لە زمانی خۆی و بە زاراوەی تایبەت بە ناوچەی خۆمان و یا شوێنی ژیانی مامۆستا بۆ باس کردم و زۆر شتم لەبیر نەماوە، بەڵام ئەوانە و زۆر شتی دیکەش نابێ بفەوتێن و هەر کات دەست بە نووسینەوەیان بکەین هەر باشە و ئەوەش بۆ خۆی خزمەتێکە بە مرۆڤێکی تێکۆشەری وەک مامۆستا. ئەگەر مامۆستا هەمو ژیانی خۆی بۆ ڕزگاری گەلی کورد تەرخان کرد و ژیانیشی هەر لە سەر ئەو ڕێگایە بەخشی، حەق وایە هەمووی ئەوانەی مامۆستا دەناسن و لەگەڵی بوون، یادی مامۆستا بە بەرزی ڕابگرن و شتە جوانەکان و کرداری مرۆڤدۆستانەی مامۆستا بۆ شادی ڕووحی مامۆستا بنووسنەوە. منیش ویستم لەو ڕێگەیەوە ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی ئەو گەورە پیاوەی گەلەکەمان بگرم و باری قورسی سەرشانم هەندێک سووکتر بکەم.

مامۆستا لە یەکەم باسەکانی خۆیدا گووتی: منیش ئینسانم و ئەوەی ئینسان بێ و بیهەوێ کار بکات هەڵەش دەکا و بێ کەم و کوڕیش نابێ، زۆر خۆشە ئەگەر ئینسان هەستی بەوە کرد کە هەڵەی کردوە، هەوڵ بدات بە زووترین کات هەڵەکەی راست بکاتەوە و هەوڵ بدات کەم و کوڕیەکان لە سەر ڕێگای خۆی چاک بکاتەوە. ئەگەر دڵی کەسێکی ئێشاندووە داوای لێبوردنی لێبکات. تەنانەت گووتی: ئەوانەی دڵیان هێشاندووم و قسەی ناڕەوایان لە سەر گووتووم، ئەوانیشم خۆش ویستوون و قەت هەوڵم نەداوە بیان بوغزێنم، بەڵکوو هەوڵم داوە تێیان بگەیێنم کە ئەو قسانە نارەوا بوون و پێویستە لە یەکتر خۆش ببین و داوای لێبوردن لە یەکتر کردن ڕەوشتی ئینسانەکان بەرز دەکاتەوە.

مێژووی ڕزگاریخوازی گەلی کورد هەوارز و نشێوی زۆری بڕیوە، لەو مێژووەش دا کەسانێک سەریان بە قەد مێژووی پڕ سەروەری کورد بەرزە، ئەو کەسانە شان بە شانی کۆمەڵێک لە بیرمەند و هاوبیر و هاوڕێباز، چەندین قۆناخی سەختیان بۆ ڕزگاری ڕێگای کوردستان پێواوە و ماندوونەناسانە و نەبەزانە هەوڵیان بۆ ڕزگاری گەلەکەیان داوە.
یەکێک لەو مرۆڤە دڵپاک و شۆڕشگێر و نیشتمانپەروەرانە، بەرێز ڕەوانشاد مامۆستا مەلا خدر عەبباسیە کە هەر لە هەرەتی لاوەتیەوە و لەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان ئۆگری پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان دەبێ و خۆشەویستی گەل و نیشتمانی لە دڵ و دەروون دا بڵێسە دەگرێ، لەو کاتەوە خۆی بۆ خزمەتکردن بە گەڵ و نیشتمان تەرخان دەکا و لەگەڵ کۆمەڵێک لە خەمخۆرانی گەلی کورد لە ناوچەی ڕەبەت و سەردەشت، لە ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا دەست بە خەبات دژی سیستەمی شاهەنشاهی دەکەن و بە خەباتی لێبراوانەی خۆیان دڕ بە شەوزەنگی نەزانی حەمەرەزاشای پەهلەوی دەدەن.

خەباتی مامۆستا و چاونەترسی بەرێزیان و وتار و گوتاری نیشتمانی و نەتەوەیانەی لە نێو حوجرە و مزگەوت و شوێنە گشتیەکان دا دەبێتە مایەی نیگەرانی حکوومەتی پەهلەوی و لە سەر بانگەشەی ئازادیخوازی لە پاییزی ساڵی ١٣٣٨ ی هەتاوی لەگەڵ ١٥٠ کەس لە دڵسۆزان و هەڵسووراوان و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن ساواکەوە دەگیرێن و ڕەوانەی تاران و زیندانی قەزەل قەلعە دەکرێن. ساڵێک دواتر بە تاوانی چالاکی دژی رژێم و جیاوازیخوازی و چەند شتی دیکە لە دادگایەکی ئەرتەشی و سەحرایی دا بە ١٠ ساڵ حوکم دەدرێ و لە بەندیخانەی بێدادی دا لەگەڵ هاوبەندیەکانی شانازی دیکە بۆ خۆیان و بۆ گەلەکەیان تۆمار دەکەن. بەندیخانە بۆ مامۆستا شوێنی خۆراگری و نیشاندانی ورەی بەرزی شۆڕشگێری دەبێ و هەڵسوکەوتی مرۆڤدۆستانە و خۆراگری مامۆستا لە نێو هەموو زیندانیەکان دا دەنگ دەداتەوە و لە زیندانیش دا وەک مرۆڤێکی بە ئەمەگ و وەفادار بە

ڕیبازی دێموکرات و کوردایەتی نێوبانگ دەردەکات.

دواتر مامۆستا ساڵی ١٣٤١ ی هەتاوی دوای چاکسازی حکوومەتی شاهەنشاهی لەگەڵ چەند کەسی دیکە ئازاد دەکرێن، بەڵام دوای ئازادکرانیشی هەروا لە ژێر چاوەدێری ساواک و پیاوانی چڵکاوخۆری رژێم دا دەبێ و کەسانێک هەبوون کە بۆ خۆش خزمەتی بە رژێم سیخوریان بە سەر بەرێزیان دا دەکرد.

دوای گەرانەوەی لە بەندیخانە ماڵێکی بچکۆلانە لە گوندی سارتکێ دادەنێ و خۆی گووتەنی: بە خزمەت کردنی لەو گوندە دا دەیهەویست قەرەبووی چاکەکانی خەڵکی بە ئەمەگی ئەو گوندە بداتەوە، بە تایبەت ئەو کاتانەی لە گرتووخانەی شا دابوو، خەڵکی ئەو گوندە خزمەتی بنەماڵەی مامۆستایان کردبوو، هەر بۆیەش مامۆستا بە هەموو هێز و تواناوە هەوڵی دەدا کە لەو گوندەدا و لەو ناوچەیە دا ئاڵوگۆڕ لە بواری زانستی ئایینی و زانستی سەردەمیانە دا پێک بێنێ و بەم شێوەیە منداڵانی ئەو گوندە و لاوەکان فێری خوێندن و نووسین و نیشتمانپەروەری بکات.

لەگەڵ راپەرینی چەکداری ساڵانی ٤٧ و ٤٦ ی هەتاوی دا مامۆستا وەک مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و دێموکرات دەبێتە پشتیوانی سەرەکی ئەو جووڵانەوەیە و و دواتریش دەبێتە چاو ساخ و رێنوێنی دەری کاری تەشکیلاتی‌یەکانی ئەو ناوچەیە و لەگەڵ پۆلێک لە هاوکار و ئەندامانی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ماڵ و مووچە و مەزراکانی خۆیان دەکەن بە شوێنی حەسانەوە و شاردنەوەی کادر و پێشمەرگەکانی دێموکرات. دوای ماوەیەک لە پاییزی ساڵی ١٣٤٧ ی هەتاوی دا لە لایەن ساواکەوە دەگیرێ و پێش ڕەوانە کردنی بۆ بەندیخانە، لەگەڵ چەند کەسی دیکە بە شێوەی قاچاخ و دوای رێگا ڕۆیشتنێکی زۆر دەچێتە باشووری کوردستان و لەوێ دەگیرسێتەوە و خەریکی ژیانی ئاسایی و سیاسی خۆی دەبێ و دواتریش لە دەرفەت و فەزایەکی ئاواڵەتر دا دەگەرێتەوە نێوخۆی ئێران و هەر لە سارتکێ خەریکی کارەکانی خۆی دەبێ.

لەگەڵ یەکەم چەخماخەی ئاگری ڕاپەرینی شۆڕشی گەلانی ئێران، مامۆستا دەبێتە پێشەنگ و ڕقی پنگ خواردووی خۆی دەکاتە مستی ئاسنین و بە هاندانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستان و لاوانی ئەو دەڤەرە بەگژ دامودەزگای پەهلەوی دا دەچنەوە و وێرای زۆربەی شارەکانی دیکەی کوردستان ئەو ناوچەیەش لە هێزەکانی ئەرتەش و ژاندارمی شاهەنشاهی پاک دەکەنەوە.

**مامۆستا زۆر زوو وەک کەسایەتی‌یەکی خۆشناو و بە بیروباوەڕ و جێگای متمانەی خەڵک دەست بە کارو تێکۆشانی ئاشکرا دەکا و لەگەڵ مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی دەبێتە هاوڕێ و هاوکار و پاش ماوەیەک دواتر دەفتەری مامۆستا بە جێ دێڵێ و لەگەڵ چەند کەسی دیکە سازمانی خەبات،ی نەتەوایەتیی و ئیسلامی کوردستان دادەمەزرێنن و تا کاتی ماڵئاوایی یەکجارەکی هەروا قورس و قائیم لە سەر ڕێباز و کاری سیاسی و مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد هەنگاو هەڵدێنێتەوە و لە هەموو قۆناخەکانی ئەو دەورەیەدا وەک مرۆڤێکی پێشەنگ و دیار لە بزووتنەوەی کورد جێ پەنجەی بە شۆڕش و بزووتنەوە و جوڵانەوەی کوردەوە دیار بووە.**

**کۆچی دوایی مامۆستا لەگەڵ ئەوەدا خەسارێکی گەورە بوو بۆ ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێری کوردستان، لە هەمان کاتیشدا خەسارێکی گەورە بوو، بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە گشتی و بۆ خەڵکی ناوچەی سەردەشت و ڕەبەت و بنەماڵەکەی بە تایبەتی.**

**ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کار و ئەرک و ماندوونەناسی مامۆستا، بێشک ئەوانەی لەگەڵی هاوخەبات بوون و لەگەڵ بەرێزیان لە یەک ڕێکخراو دا کاریان کردووە، زیاتر لە من کە تەنیا بە چەند دیدارێک لەگەڵ بەرێزیان چاوم پێ کەوتووە، هەگبەیان پڕتر و ناسینیان لە سەر بەرێزیان زیاترە و هەڵسوکەوتی مامۆستا چاکتر دەناسن. هیوادارم کە گەورە پیاوانی گەلەکەمان لەبیر نەکرێن و هەردەم لە ئەزموونی ئەوان بۆ بەرەو پێشبردنی خەباتی نەتەوایەتی خۆمان کەڵک وەر بگرین.**

**لەگەڵ داوای لێبوردن لە کەم و کوڕی‌یەکان.**

**هیوادارم کە ڕووحی بەرێزان مامۆستا مەلا خدر و مام حەسەن حەکیم زادەی تێکۆشەر هەردەم شاد و جێگایان بەهەشتی بەرین بێ و یاد و ناویان هەردەم لە دڵان دا زیندوو بێ.**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥**

## شاری شنگال و دەوروبەری لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە ئازاد کرا.



دوای هێرشە خوێناویەکەی هێزە ڕەشە و تیرۆریستیەکەی داعش بۆ سەر شاری شنگال و بە دەستەوە گرتنی ئەو شارە و گوندەکانی دەوربەری و هەروەها کوشتن و بڕینی ئیزەدی‌یەکانی ئەو شارە کوردنشین و دێرینەی کوردستان،

چاوەڕوان دەکرا کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هاوکاری فرۆکە شەرکەرەکانی ئەمریکا و هاپەیمانان، ئەو شارە لە دەستی داعش و تیرۆریستان ئازاد بکەن.

دوای زیاتر لە ساڵێک ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٢ - ١١ - ٢٠١٥ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ژێر فەرماندەیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مەسعوود بارزانی و بە پشتیوانی فرۆکە شەرکەرەکانی ئەمریکا و هاپەیمانان و بەشێک لە خەڵکی ئیزەدی لە چەند قۆڵەوە بە چەکی سووک و نیوە سووک و قورس هێرشیان کردە سەر تیرۆریستانی داعش و دوای ٢ ڕۆژ شەڕی بەردەوام ڕۆژی هەینی ١٣ - ١١ - ٢٠١٥ توانیان شاری شنگال و گوندەکانی دەوروبەری ئازاد بکەن و شنگال بگەڕێننەوە سەر حکووومەتی هەرێمی کوردستان و داعش لەو دەڤەرە پاک بکەنەوە.

هەر وەک لە مێدیاکان دا بڵاو کرایەوە، دوای ئازاد کرانی شنگال سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مەسعوود بارزانی لە ڕێگای پرێس کۆنفرانسێکەوە لە شنگال را مزگێنی ئازاد کرانی ئەو شار و دەڤەری ڕاگەیاند و وێرای پیرۆزبایی کردن لە خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە گشتی و خەڵکی ئیزەدی و دانیشتووانی

ئەو دەڤەرە بە تـایبەتی ، ئامـاژەی بەوە دا کە هیـزی پێسـمەرگەی کوردسـتان ئەرکـی ئـازاد کردنـی شـنگال و دەوروبەری بە ئەستۆوە بووە و بە هیممەت و خۆراگری و بوێری پێشمەرگەی کوردستان و بە شەهید بـوونی چەنـدین قارەمانی پێشمەرگە شنگال ئازاد کراوە و وەک ئەرکێکی نەتەوەیـی پێویسـتە کە سوپاسی ئەمریکـا و هاوپەیمانـان وهەموو ئەو هێز و لایانانە بکەیـن کە یارمەتیـان دایـن کە پلانـی ئـازادی شنگال بە هەڵمەتـی پێشمەرگە لە ژێـر هێرشی هەوایی فرۆکە شەڕکەرەکان دا بگاتە ئاکام و شنگال ئازاد بکرێ.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هەڵمەت و هیممەت و خۆراگری خۆی نیشانی دا کە دەتوانێ هێزی سـەرەکی بـێ بـۆ راودوونانی تیرۆریستان و پاراستنی کوردستان و هێزی پێشمەرگە هەر کات ئیرادە بکات دەتوانێ بەگژ هەمـوو ئەو هێزە تیرۆریستانە دا بچێتەوە کە چاوی داگیرکەریان لە سەر کوردستانە. هەڵدانی گەورەترین ئاڵای کوردستان بە دەسـتی پێشـمەرگەی کوردسـتان لە سـەر سـایلۆی نێـو شـاری شـنگال نیشـانەی ورە بەرزی و ئیمـانی پێشـمەرگەی کوردستانە.

سڵاو لە هێزی پێشمەرگە و هەموو ئەو لایانانەی کە بەشداری ئازاد کردنی شنگال بوون.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

## تابلۆی زمزیران دیاری هونەرمەندی دەست ڕەنگین و نیگار کێشی بە توانا کاک ناسر

### قازیزاده





ئەوانەی لە نزیکەوە کاک ناسر قازیزادە دەناسن شاهیدی بۆ کوردبوون و نەتەوەیی بوونی وەک کورد دەدەن. مامۆستا ناسر ئەگەرچی هیچ کات چەکی پێشمەرگایەتی لە شان نەکرد، بەڵام هەمیشە پێشمەرگەئاسا کاری بۆ گەلەکەی کردوە.

ئەگەر لە لایەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناوی بەرز و پیرۆزی پێشمەرگە، شوێنی پێشمەرگە، ئاڵای دەستی پێشمەرگە و ئامانجەکانی پێشمەرگە، هەیبەت و هەڵمەتی پێشمەرگە ببوونە ئارەزوو و خەونی ئازادیخوازان و شاییان لە دڵ دا دەگەڕا، لە لایەکیترەو کۆماری ئیسلامی زەندەقی لە هەیبەت و ناوی پێشمەرگە چوو بوو، هەر کەس بۆن و ڕەنگی پێشمەرگەی لێ هاتبایە و هەرچی هێمای پێشمەرگەی نیشان دابایە، ئەوە لە لایەن ڕژێمەوە ڕاپێچی گرتووخانەکان دەکرا و بە تووندترین شێوە ئەشکەنجە دەکرا و زۆرجاریش بە ناحەق و نارەوا ئێعدام و شەهید دەکرا.

دوژمن بۆ ئەوەی ناو و ناوبانگی پێشمەرگەی کوردستان لە نێو خەڵکدا بەدناو بکا، دەستی لە هیچ شتێک نەپاراست و بە هەزاران پیلانی جۆراوجۆری داڕشت بۆ ئەوەی ئەو ناوە خەڵک پەسەندە خەوشدار بکات، ڕژێم لەگەڵ ئەوە هەوڵی زۆری دا، بۆ بەدناوکردنی پێشمەرگە، بەڵام بە خۆشیەوە تاکوو ئێستاش نەیتوانیوە ئەو ناوە بەرزە کەم ڕەنگ بکاتەوە و لە دڵی خەڵکی کوردستانی دەر بێنێ.

ئەو کاتانەی دوژمن بە خەیاڵی خۆی هەموو شتێکی کۆنترۆڵ دەکرد، ئەوە بەشێک لە خەڵکی کوردستان، " شاعیران شێعریان بۆ باڵای پێشمەرگە دەهۆنیەوە، نووسەران وتاریان لە سەر بەرزی ناوی پێشمەرگە دەنووسی، گۆرانیبێژان گۆرانی و سروودیان بۆ دەچرین و ئەوانەی دەست ڕەنگین بوون پەیکەر و تابلۆیان لە پێشمەرگە درووست دەکرد".

یەکێک لەو هونەرمەندە دەست ڕەنگینانەی کورد کاک ناسر قازیزادەیە کە بە دەستی بە توانای خۆی چەندین تابلۆی لە سەر بەرزی ناوی پێشمەرگە و خۆشەویستی پێشمەرگە بە جوانترین شێوە درووست کردوون و ئەوانەی شارەزایان لە هونەری نیگارکێشی دا هەیە هەموویان شاهیدی بۆ بەرزی و جوانی کارەکانی مامۆستا ناسر دەدەن. ئەو هونەرمەندە دەست ڕەنگینە نەک تەنیا لە سەر پێشمەرگە بەڵکوو لە سەر سرووشتی کوردستان، لە سەر خەباتی ژنان و زیندانیانی سیاسی و لە سەر سەرکردە و ڕێبەرە گەورەکانی کورد وەک پێشەوا قازی و چەندین کەسایەتی دیکە و هەروەها کارە چەوت و ناحەزەکانی دوژمنان و دواتریش لە سەر ئاڵای بەرزی کوردستان و نەورۆز و داب و نەریتە ڕەسەنە کوردیەکان بە دەیان تابلۆی جوانی نەخشاندوون.

یەکێک لە تابلۆکانی مامۆستا ناسر قازیزادە کە لە مێژە سرنجی زۆر خەڵکی و یەک لەوان منی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە تابلۆی گەردەنەی زمزیرانە. ئەوانەی خەڵکی ئەو ناوچەیەن دەزانن ئەو تابلۆیە چەندە لەگەڵ سرووشتی گەردەنەی زمزیران وەک یەک دەچن. لە وێنەکە دا جادەی نێوان سەردەشت بۆ مەهاباد وەک مارێکی راکشاو لە نێو خڕو دۆڵ و چیای گەردەنەی زمزیران دا بە چەند پێچی جادەوە دیارە، لە نێو ئەو خڕو دۆڵەدا دەستەیەک پێشمەرگە لە خەتێکی دوور و درێژ دا بەرەو گەردەنە و لووتکەی چیای زمزیران هەڵدەکشێن و لە نێو ئەوانیش دا ئاڵایەک کە ئاڵای کوردستانە بە دەست پێشمەرگەوە لە نێوبەندی سەفی پێشمەرگەدا بەرز کراوەتەوە.

مەبەستی نووسینەکەم، ڕاست ئەو ئاڵایە و ئەو پێشمەرگانەن کە کاک ناسر لە شوێنێکی زۆر ئەستەم و هەستیار دا وەک نیگار کردوونی بە تابلۆیەکی جوان و پڕمانا، هەستی کاک ناسر و خۆشەویستی بەرێزیان بۆ پێشمەرگەی کوردستان وای لە بەرێز مامۆستا ناسر کردووە بە فڵچە و ڕەنگی دەستی و بە بیرو هزر و خۆشەویستی خۆی بچێتەوە شوێنێک کە مەڵبەندی خۆراگری و مەڵبەندی بووژانەوەی شۆڕش و کوردایەتیيە.

ماملێ گوتەنی:

*دەنگی قورینگان دێ لە هەوای دەڵێن کوێستان چین دێنەوە*

### شەو دەعوتیان تێکرا دەکرد لالە بەدەستان

گەردەنەی زمزیران بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزی زمزیران بە تایبەتی وەبیرهێنەرەوەی دەیان و بگرە سەدان حەماسەی گەورە و لەبیر نەکراون، ئەو حەماسە و عەمەلیاتانەی پێشمەرگە لەو خڕو دۆڵ و چیا گەردەنکەشە دا دەنگیان دابۆوە. هەموو ڕۆژێک بە دەیان کەس لە هێزە ترسنۆکەکانی ئەو رژێمە بە دەست و چەکی پێشمەرگە جەندەکیان دەکەوتە سەر عەرز. عەمەلیاتی پێشمەرگە و کوژراوەکانی دوژمن وای لە کاربەدەستانی رژێم کرد بوو، کە لە ڕۆژی ڕووناک دا تەنیا چەند کاتژمێرێکی تایبەت هاتووچۆ بکەن و ئەگەریش هاتووچۆیان کردبا ئەوە بە هێزێکی زۆرەوە بەو ناوچەیەدا هاتووچۆیان دەکرد. بیرەوەری ئەو ڕۆژانە بۆ دوژمن بیرەوەری تاڵ و ناخۆشە. لە کاردانەوەیەکی رژێم دا لە سەر ئەو خڕو دۆڵە، رژێمی کۆماری ئیسلامی و دام و دەزگای سوپای پاسداران ئەو خڕو دۆڵەی بە ناوی "دره شیطان" واتە دۆڵی شەیتان ناودێر کردبوو. ناودێر کردنی دۆڵی شەیتان بۆ ئەو ناوچەیە لە لایەن رژێمەوە وای لە هێزەکانی خۆی کرد بوو کە هەمیشە ترسیان هەبێ و بە چەشنێک کە ئەگەر لە بنکە و مۆڵگەکانی خۆیان لەگەڵ یەکتر شەڕ و کێشەیان هەبایە ئەوە بە یەکتریان دەگووت ئەگەر پیاوی لێرە قسان مەکە و بڕۆ بۆ دۆڵی شەیتان و لەوێ لەو قسانە بکە.

لێرە نامهەوێ باسی هیچ چالاکی و عەمەلیاتێکی پێشمەرگە بکەم، بەڵام ئەوەی دەمهەوێ لە کۆتایی دا باسی بکەم ئەوەیە کە ئەگەرچی کاک ناسر هیچکات لە سەفی پێشمەرگایەتی دا بەو خڕ و دۆڵەدا هاتووچۆی نەکردووە، بەڵام وەک ئەوە دەچێ بۆ خۆی پێشرەوی هەموو هاتووچۆکان بوو بێ، ئاخر ئەو وێنەیەی کاک ناسر و سەفی پێشمەرگەکان و ئاڵای دەستی پێشمەرگە ڕێک وەک ئەوە دەچێ کە بۆ خۆی پێشرەوی ئەو ریزە پێشمەرگەیە بێ. مامۆستا ناسر بە چەکی بیرو هزر و فڵچە و ڕەنگی دەستی پێشمەرگە بووە و دەست ڕەنگینی و خۆشەویستی بەرێزیان بۆ پێشمەرگە ئەو تابلۆیە و دەیان تابلۆی دیکە نەخشاندوون.

بۆیە لەم ڕۆژەدا و لە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ڕۆژی ٢٦ ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دا جوانترین پیرۆزبایی لە مامۆستا ناسر و هەموو ئەو کەسانەی کە وەک کاک ناسر جوانی پێشمەرگەیان بە نووسین، بە پەخشان و شێعر و سروود و گۆرانی و بە تابلۆ نەخشاندوە پیرۆزبایی دەکەم و هیوادارم کە نموونەیان زۆر بێ. پێشمەرگەی کوردستانیش ئێوە و هەست و خۆشەویستی گەلەکەمان دەبینێ بۆیە سینگی خۆی کردۆتە قەڵغانی بەرگری لە کوردستان.

**بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل**

**سڵاو لە خەڵکی کوردستان پشتیوانی ڕاستەقینەی پێشمەرگە**

**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٨ی دێسەمبەری ٢٠١٥**

# بابەتەکانی: ٢٠١٦

---------------------------------------------------

## گەورە هونەرمەندی کورد مامۆستا کەریم کابان کۆچی دوایی کرد.



**سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٤ ـ ٠١ ـ ٢٠١٦ هونەرمەندی بە توانا و دەنگخۆشی گەلەکەمان کاک کەریم کابان لە تەمەنی ٨٩ ساڵی دا و دوای ماوەیەک نەخۆشی لە شاری سولێمانی کۆچی دوایی کرد.**

**مامۆستا کەریم کابان یەکێک لەو هونەرمەندە دەنگخۆشە دەگمەنانەی گەلەکەمان بوو کە لە ساڵی ١٩٤١ دا یەکەم گۆرانی خۆی پێشکەش کردووە و دواتر لە ساڵی ١٩٤٥ دا یەکەم ئالبۆمی گۆرانی خۆی کە لە ٨ گۆرانی پێک هاتبوون تۆمار کردوە و لەو کاتەوە ئەو گۆرانیانە بوونە بەشێک لە ژیانی ئەویندارانی گۆرانی ڕەسەنی کوردی، هونەرمەند مامۆستا کەریم کابان زیاتر لە ٢٠ گۆرانی جۆراوجۆری پێشکەش کردوون، کە دیاری‌ترینیان گۆرانی‌یەکانی " یاران وەسیەتم، قەت نەدی ئازاری گیانی مەست و بێدارانی شەو، ئەی تەمەنی پڕ ئەسرینم" ە ، کە لەسەریەک لە دڵی بەشی زۆرینەی خەڵکی کوردستان دا جێگای خۆیان کردۆتەوە و ساڵانێکی زۆرە لە لایەن خەڵکەوە دەگوترێنەوە.**

**مامۆستا کەریم کابان ساڵی ١٩٢٧ ی زایینی لە سولێمانی لە دایکبووە و وێرای کارو کاسبی خۆی هاوکات وەک**

هونەرمەندیکی گەلەکەمان لە بواری گۆرانی و ئاوازەوە بە هەزاران کەسی شەیدای دەنگە سێحراویەکەی خۆی کردووە، مامۆستا کەریم کابان جیا لە گۆرانی گوتن چەندین ئاوازی بۆ هونەرمەندانی دیکەی گەلەکەمان داناون و یەکێک لەو هونەرمەندانەش کە دەنگێکی ئەفسووناوی و سرنج ڕاکێشی هەبوو، کاک قادر کابانی برای بوو، کە بەداخەوە بێ سەروشوێن کرا و ئێستاشی لەگەڵ بێ هیچ کەس نازانێ گۆڕی ئەو هونەرمەندە دەنگخۆشەی گەلەکەمان لە کوێیە.

مامۆستا کەریم کابان مرۆڤێکی هەست ناسک و بە هەڵوێست و نیشتمانپەروەر بوو، هونەرمەند کەریم کابان ساڵی ١٩٦٣ تا ١٩٦٩ لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە بۆ ناوچەکانی ناوەراست عێراق دوور خراوەتەوە و هەروەها ساڵی ١٩٧٤ یش جارێکی دیکە بە هۆی هەڵوێستی سیاسیەوە بۆ جاری دووهەم دوور خراوەتەوە بۆ ناوەراستیی عیراق.

هونەرمەند لە زۆربەی کۆڕو کۆبوونەوەکانی خەڵک دا بەشداری دەکرد و خەڵکیش بە ڕیزەوە سەیری مامۆستا کەریم کابانیان دەکرد، لە باری نیشتمانپەروەریشەوە کەسێکی دیار و جێگای متمانەی گەلەکەی بووە و هەمیشە هەوڵی بۆ برایەتی و یەکریزی داوە و ساڵانێکیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژیاوە و لە خەم و ئازارەکانی ئەو بەشەش دا بەشداری کردووە.

سەرەخۆشی لە ئەندامانی بنەماڵەکەی و گشت خەڵکی کوردستان و بە تایبەت ئەویندارانو ئۆگرانی دەنگی ئەفسووناوی ئەو هونەرمەندە بەرزەی گەلەکەمان دەکەم.

ڕووحی شاد

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی جانێوێری ٢٠١٦

## بۆ کچی شیرین و خۆشەویستمان باوان گیان، چرای ڕووناکی ماڵ و ژیانمان!



سەرەتا بە بۆنەی لە دایک بوون و بوونت بە ١٨ ساڵ لە ناخی دڵمانەوە جوانترین و ڕازاوەترین پیرۆزباییت ئاراستە دەکەین و ئاواتەخوازین کە داری تەمەنت پڕ لق و پۆپ و ڕیشەدار بێ و ژیانت لێوڕێژ لە شادی و خەندە و سەرکەوتن بێ و داهاتوویەکی گەش و پڕشنگدار و ژیانێکی ئاسوودە و بەختەوەرانەت بۆ بە ئاوات دەخوازین.

### کچی ژیر و وریامان باوان گیان!

خۆمان بە بەختەوەر دەزانین کە ماوەی ١٨ ساڵە ژیانت پڕ کردووین لە بزەو خەندە و خۆشی و ماڵەکەمانت ئاوەدان و ژیانمانت چراخان کردووە.

کاتەکان زۆر بە پەلە تێپەڕ بوون، لە چەند چاو تروکانێک دا و لە چەند قۆناخی یەک بە دوای یەکدا کاتەکانمان لەگەڵ یەکتر بەڕێ کردن، بەڵام یادەکان هەروا لە دڵمان دا گەشتر و گەشتر دەبن.

بوونت مانای ژیانی بە ئێمە بەخشیوە. خۆم و هاوسەری ژیانم شلێر بەختەوەرین بەوە کە کچێکی ژیر و وریا و نیشتمانپەروەرمان لە بنەماڵەدا هەیە و بە بوونی خۆی جێگای گەلێک ئازیزی دیکەی بە هەست و سۆزی خۆی بۆ پڕ کردووینەوە.

## کەسی دایە و بابەی!

لە هەرێمی پڕ لە سەربەرزی پێشمەرگایەتی دا، ئەو کاتانەی سینگمان دەکردە قەڵغانی گوللەی دوژمن بۆ ئەوەی گەلەکەمان لە زوڵم و زۆر و چەوسانەوە بپارێزین، ئەوینی ئێمە تینووی کەسێک بوو کە تینوێتیمان بشکێنێ و لە کاتە دژوارەکان دا ببێتە هەوێنی ژیانێکی نوێ.

کاتەکان لە گەڵ دژوارەیەکان وردە وردە تێپەر دەبوون و لە وەرزی ساردی و سەرما دا و لە ڕۆژی شەشی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٧٦ ی هەتاوی دا (٢٥-٠٢-١٩٩٨ ی زائیینی دا) لە هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان لە شەوێکی تاریک و بارانی دا لە دایکبووی. ئەگەرچی ئەم شوێنە زێدی لە دایکبوونی من و دایکت نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆمان بە بەختەوەر دەزانی کە لە ئامێزی دایکی نیشتمان دا لە کوردستانی ئازیز دا لە دایک بووی و لە خانووە قورینەکانی پێشمەرگایەتی دا بوویە هیوا بەخشی ژیانمان، لەو کاتەوە ١٨ ساڵ تێپەر دەبێ، ١٨ ساڵ خەندە و بزە و خۆشی، ١٨ ساڵ لە تەنیشت یەکبوون و بە یەکەوە بوون، زۆر زوو تێپەر بوو، بەڵام ڕۆژەکان و حەتوو و مانگ و ساڵەکان بە تەنیا نەبووین، بەڵکوو شەوق و نووری ئەستێرەیەک کە لە ژیانمان دا هەڵبوە، تاریکایی ژیانی تاروگەیی و غەریبی بۆ ڕووناک و چراخان کردووینەوە، ئەم نوورە، ئەم شەوق و جوانییە لە ژیانمان دا بێ وێنەیە و تاکوو ئەبەدیش هیچ کەس ناتوانێ جێگای بگرێتەوە.

ئەگەر چاوێک بە ١٨ ساڵ تەمەنی تۆی شلک و لاو دا دەخشێنین، ئەو سا هەموو کاتەکان وەک فیلمێکی سینەمایی دوور و درێژ لە بەرچاومان لێدەدرێتەوە، گاڵە وگغەی منداڵی، گاگۆڵکە و هەستان و کەوتنەکانت، بزە و خەندە و لیکاوی دەم و چەنەگەت، فێربوونی دایە و بابەت، هەڵبەز دابەزو جارجارەش نازی منداڵانەت و کایە و گریان و زوێربوون و گۆرانی گوتنەکانی منداڵیت هەر هەموویان بۆ ئێمە هیوابەخش و پڕ لە خۆشی ژیان بوون و ڕۆژە ناخۆشەکانی تاراوگەمان بە هەڵس و کەوتی منداڵانەت بە خۆشی تێپەر کردن.

ئەوەی کە تۆ وەک چنار باڵا دەکەی، ئێمەش لە دەروونمان دا وەک تۆ باڵا دەکەین، ئەتۆ هەروا قەد دەکێشی و جوان و رازاوە دەبی و ئێمەش هەروا دڵمان بە جوانییەکانت خۆشتر و خۆشتر دەبێ، ئەتۆ باڵا دەکەی و ئێمەش بە هۆی بە ساڵاچوویی لە تەنیشت تۆ سەر و قژمان سپی و سپیتر دەبێ و وەک شۆڕەبی سێبەر بۆ تۆی نەو نەمام

دەکەین.

ئەوانە هەموویان بۆ ئەویندارانن و بۆ خۆشەویستان چرکەییکن، بەڵام ئەم چرکەیە هەموو کات پڕە لە هەست و گەرما و سۆزی دایک و باب و بنەماڵە، ئەگەر تەمەن مەودا بدا ئەوە ئێمە ئەو کات دڵخۆش و شاگەشکە دەبین کە سێبەر و فێنکایی تۆی نەو نەمام بە سەر سەرمانەوە بێ و ئاوات و خولیاکانی منداڵی خۆت وەدی هاتبن و هەوڵ بۆ ژیانێکی سەربەرز و بەختەوەرانە بدەی و لە سوێنگەی خوێندن و خۆ پێگەیاندنت دا خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەت بکەی و وەک ئێمە و بگرە زیاتریش هەوڵ بۆ ئازادی و سەربەرزی گەل و نیشتمان بدەی.

## کچە تاقانەکەمان!

هەست و سۆز و بوون و خۆشەویستیت لە لای ئێمە ئەوەندە بەرزە کە ناتوانین بە چەند وشەیەک باس لە خۆشەویستی نێوانمان بکەین، ئەو کاتانەی کە نەخۆش و ناساز و بێ تاقەت دەبی، ئێمەش وەک تۆ پەشێو دەبین، ئەو کاتانەی لێوەکانت پڕن لە بزەو خەندە ، ئەوە ئێمەش وەک تۆ دڵمان خۆش و گەشە، بە گشتی ڕوانین و بزە و ئازارەکانت ئی ئێمەن، دەرکەوتن و هاتنەوەت، هەستان و دانیشتن و خۆشی و ناخۆشی‌یەکانت هەموویان هەوێنی ژیانی ئێمەن و ناتوانین بێ تۆ ساتێک بەرێ بکەین. ئەو کاتانەی لە ماڵی و نارە و هەست و سۆزی گۆرانی و مەقامەکانت دەبنە زایەڵەی بێ دەنگی شکێنی بنەماڵەکەمان، هەست بە خۆشییەکی بێ سنوور دەکەین و نارەنارەی دەنگت دەبێتە سەمفۆنیایەکی ئارام و هیوابەخش و ئێمەش بۆ ساتێک ئارام دەبین و دەچینە ناخی مەقام و گۆرانی‌یەکانتەوە.

ئارەزوومانە کە هەموو کات هەوڵ بدەی بۆ ئەوەی یارمەتیدەرێکی باش بی بۆ هەموو ئەو کەسانەی پێویستیان بە یارمەتی هەیە و تۆش دەتوانی یارمەتیان بدەی، ئەو کاتە دڵخۆش دەبین کە خوێندنی باڵات وەک بۆ خۆت دەتهەوێ تەواو بکەی بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانی خزمەت بە گەل و نیشتمان بکەی و لەگەڵ ئەوەشدا لاپەرەکانی ژیانی خۆت ڕەنگینتر و پڕ بایەختر بکەی.

لە کۆتایی دا سەدان ڕستە و وشەی جوانمان هەن، کە هەر هەموویان وەک ملوانکەیەک دەهۆنینەوە و دەیخەینە گەردنی چنارئاسای تۆی خۆشەویست بۆ ئەوەی قەرەبووی هەموو کەم و کوڕی‌یەکانمان کردبێتەوە و لەم کۆتاییەدا

دەڵێین لێمان ببووره ئەگەر ڕۆژێک لەبەر هۆکارێک و یا گرفتێک نەمانتوانیوه لە تۆی خۆشەویست حاڵی بووبین و یا نەمانتوانی بێ هەموو ئەو شتانەی بە دڵی تۆی خۆشەویست بوون وەک خۆی بەرێوەمان برد بن و دڵی تۆ ڕازی بکەین.

سوپاس بۆ یەزدان و بۆ تۆی خۆشەویست کە گەورەی بووی و ئەمرۆ دەتوانی لە دەروونی ئێمە بگەی کە چەندە خۆشحاڵ و چەندە بە پەرۆشی تۆی ئازیز و "ئالین"ی براتەوەین و تەنیا ئەوەندە دەڵێین کە هەموو کات لە لای ئێمە هەر ئەو کاتەیە کە گریانی یەکەمت بوو بە خەندەی من و دایکت و ئەوەش هەمان زایەڵەیە کە هەموو کات لە مێشک و دەروونمان دا دەنگ دەداتەوە.

لە ئامیزت دەگرین و هەزار جار هیوای تەمەن درێژی و بەختەوەریت بۆ دەخوازین.

جێژنی لە دایکبوونت پیرۆز بێ و تەمەن درێژی و ساخی و سەلامەتی و سەرکەوتنت بۆ بە ئاوات دەخوازین.

*پێم ئەڵێن؛ فەرمووتە شێتم! ئەی بەقوربان ئەو دەمە!*  
*باسی شێتیم تا قیامەت گەر بکەی، هێشتا کەمە...*  
*نەک ئەتۆ، عالەم بزانن؛ شێت و سەرگەردانتم!*  
*شێتە گیان! عاشق چ باکێکی لە لۆمەی عالەمە؟!*

دایک و باوکت

شلێر و حەمەڕەسووڵ

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٥ی فێبریوێری ٢٠١٦

## چەند پەیڤێک بۆ تێکۆشەر و نەمر، فەرماندەی چاونەترس خاڵە مەحموود خاس!




کە باس لە مردن و ژیان دەکەیەوە، مرۆڤ دەبێ ڕۆژێک دوای لە دایکبوونی چاوەڕوانی ڕۆژی مردنیش بکات، ئەوەی بۆ مرۆڤ گرینگە ئەوەیە کە چۆن خزمەت دەکا و لە کاتی بەجێ هێشتنی دونیا دا چی لە پاش خۆی بە جێ دێڵێ و یا هەڵس و کەوتەکانی چەندەیان دەبنە ئاوێتەی ژیانی کەسەکانی دیکە.

بە بیستنی هەواڵی کوژران و نەمانی کاک مەحموود خاس هاوڕێ و فەرماندەی دەورانی پێشمەرگایەتیم بۆ ساتێک تاسام، چەند ڕۆژ پێشتر بیستم کە دەگەڕێتەوە کوردستان و هەر کە هەواڵی ڕووداوەکەم بیست، یەکراست بیرم چۆ لای گەڕانەوەی بۆ کوردستان و بە گشتی پێم وابوو کە لە کوردستان شەهید کراوە، بەڵام کاتێک بەدواداچوونم کرد هەواڵەکە زیاتر ڕوون بۆوە کە هەر لە نۆرویژ و لە ماڵی خۆی دا کوژراوە، ئەم هەواڵە زیاتر لە پێشوو تاساندمی و بۆ ساتێک، تووشی شۆک و ڕاوەستان بووم، بەڵام لەگەڵ ڕووداو و کارەساتی ناخۆش هیچ ناکرێ و تەنیا دەبێ دڵت گەورە بێ و ڕووداوەکە چۆنە وای قەبووڵ بکەی و هەوڵ بدەی لە داهاتوو دا ئەزموون لە ڕووداوەکە بە قازانجی گشتی وەر بگری، بۆ ئەوەی دووپات نەکرێتەوە، تا ئێرەش نە پۆلیس و نە بنەماڵەکەی لێدوانی تایبەتیان لە سەر ڕووداوەکە و یا چۆنیەتی ڕووداوەکە و بکووژانی ڕووداوەکە بلاو نەکردۆتەوە و ئەوەش بۆ هەموو لایەک جێگای داخ و پەژارەیە.

لە مێژ ساڵە لە نیزیکەوە کاک مەحموود خاس دەناسم، ناسینەکەمان دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئەوەی ببمە پێشمەرگە، ئەو کات کاک مەحموود وەک گەنجێکی خوێن گەرم و بە هەیبەت هاتووچۆی سەردەشتی دەکرد و لە ڕێگای دوکانی مامەوە دەمناسی، دواتریش لە پێشمەرگایەتی دا وەک کەسێکی هەڵسوور و بە ورە و پێشەنگی تیمەکانی پێشمەرگە زیاترم ناسی و کاتێکش بە یەکەوە بۆ کاری حیزبی دەچوینەوە ناوچە چاکترم ناسی.

کاک مەحموود کەسێکی تێکەڵ و کۆمەڵایەتی بوو، پێشمەرگە و فەرماندەیەکی لێزان و هەروەها کەسێکی شارەزا بە سرووشتی ناوچە و هەموو شوێنەکانی ئەم دەڤەرە و بەشێک لە ناوچەکانی دیکە بوو، چاوساخ و بە دەست و بورد و هاوکاتیش پێشمەرگەیەکی بە ئیمان و ورە و فەرماندەیەکی چاونەترس و بە تەرح و بەرنامە بوو.

ئەو کاتانەی کەس نەیدەتوانی سنووری نێوان باشوور و رۆژهەڵات لە بەر کەمینی دوو دەوڵەتی شەڕی نێوان ئێران و عێراق و هەروەها لە بەر بوونی مین و بۆمبی چێندراو ببڕێ، ئەوە خاڵ مەحموود وەک پێشەنگ و پێشرەو و شارەزا لەگەڵ چەند کەس لە پێشمەرگەکانی دەستەکەی، خۆیان دەکردە قەڵغان و پێشمەرگەیان دەگەیاندە شوێنی مەبەست و دیاری کراو.

ئەو کاتانەی کە پێشمەرگەیەکی بریندار هەموو ڕێگا و بانی لێدەگیرا و مەترسی گیران و لە کەمین کەوتنی لە سەر بوو، ئەوە مەحموود خاس وەک کەسێکی بە مشوور و خەمخۆر، وەک هەڵۆ دەگەیشتە پێش تیمی پێشمەرگەی بریندارهەڵگر و دیسان بە لێزانی خۆیی دەیگەیاندەوە بنکەی پێشمەرگەکان و لەوێشەوە ڕەوانە نەخۆشخانە دەکرا. ئەو کاتانەی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات پێویستی بە چەک و تەقەمەنی زیاتر دەبوو، ئەوە دیسان خاڵ مەحموود و تیمەکەی دەیان بار تەقەمەنیان بە وەڵاغ دەگەیاندە شوێنی مەبەست و دواتریش دەستیان بە جەولە و حەرەکەتی تایبەت بە خۆیان دەکرد.

لێزانی و شارەزایی و هەڵسووڕانی وەک پارتیزانێک، مانەوە و خۆ حەشاردان و شاردنەوەی تیمی گەورە و بچووک لە نێو سەدان مۆڵگە و پایەگا و گوردان و پادگانی جۆراوجۆر دا بۆ کاک مەحموود زۆر ئاسان و سادە بوو. شارەزایی لە ڕێگا و بان دا، خەڵک ناسی و تێکەڵبوونی لەگەڵ خەڵک و دواتریش زەربە لێدان و شناسایی مۆڵگە و هێزەکانی ڕژێم، کاک مەحموودی زیاتر لە پێشمەرگەکانی دیکە لە نێو هێز و کۆمیتە شارستان و خەڵک دا خۆشەویستتر کردبوو و ئەوانەش وایکرد بوو کە ڕژێم حیسابی تایبەتی بۆ بکات و هەمیشە بۆی لە پیلان دابێ.

ئەو کاتانەی کە دەبوو ببێتە پێشەنگ، ئەوە فەرماندەی نیزامی هێزی پێشمەرگەش لە بەرامبەر دەستوورەکانی خاڵ مەحموود دا هیچ قسەیەکی بۆ گوتن نەبوو و بە دوای هەنگاوەکانی تیمی پێشەنگ دا ملی ڕێگەیان دەگرت و هەوراز و نشێوەکانی نێوان شوێنی وەرێ کەوتن و گەیشتنیان بە بێ پرسیار کردن دەبڕێ، هەموو لایەک دەیانزانی کە شارەزایی و لێزانی کاک مەحموود بە رادەیەکە کە جێگای پرسیار و تێبینی بۆ کەس ناهێڵێتەوە.

کەسێکی ورد و بە مشوور و ساحەب ئێختیار لە کاری پێشمەرگایەتی دا، بوێری، چاونەترسی و خۆ نەدۆڕانی لە کاتی تەنگانەدا ، کاک مەحموودی لە گشت پێشمەرگەکان جیا دەکردەوە، لە سەر ئەرکی حیزبی زۆرجار کەس و کاری و هەروەها دایکی خاڵ مەحموود "پوورە خاس" لە لایەن رژێمەوە گیران و بێ حورمەتیان پێکرا، بەڵام هیچ هەڕەشەیەک نەیتوانی چۆک بە کاک مەحموود دابدا و بەڵکوو زیاتر لە پێشوو بە ئەرکە حیزبییەکانی خۆی هەڵدەستا و چاونەترسانە بە گژ هەموو هەڕەشە و کەند و کۆسپەکان دا دەچۆوە.

کاتێک هەواڵی شەهید بوونی هاورێیەکی دەبیست ئەوە خەم میوانی دەبوو و هەوڵی دەدا لە یەکەم دەرفەت دا سەردانی بنەماڵەکەی بکات و لە رێگای پێشمەرگایەتی دا تۆڵەی هاورێیەکەی بستێنێتەوە.

کاک مەحموود لەگەڵ ئەوەدا چەندین منداڵی ورد و بچووکی هەبوون، هەمیشە بۆ هەموو کارێک و بۆ هەموو مەئموریەتێک ئامادەگی خۆی دەر دەبڕی و بنەماڵەکەشی بە دڵسۆزیەوە یارمەتیدەری بوون بۆ سەرکەوتنی کارەکانی و ئەم پشتگیرییەش زیاتر کاک مەحموودی دڵنیا دەکردەوە بۆ بەرێوەبردنی کار و ئەرکەکانی لە بنکە و بارەگا و هەروەها لە جەولە و مەئموریەتەکانی حیزبی لە نێوخۆی وڵاتدا، بێ شک بەشێکی بەرچاو لە سەرکەوتنەکانی خاڵ مەحموود هاوکاری هاوژین و هاوسەری ژیانی لەگەڵ بووە کە ئەو بەشە لە ژیانی شۆرشگێرێک دا زۆر گرینگە.

لەگەڵ ئەوە دا مرۆڤ دەتوانێ خۆی بکاتە پێشەنگ و هەروەها کەسێکی دیار و بەرچاو، لە هەمان کاتدا وەک مرۆڤیش ناتوانێ بێ کەم و کوڕی بێ و بێشک کاک مەحمودیش لە ژیانی دا بێ کەم و کوڕی نەبووە، بەڵام کارەکانی و هەڵس و کەوتە بەهێز و باشەکانی ئەوەندە زۆرن کە دەتواندرێ بڵێین کە بە حەق کاک مەحموود لە ئەرکی پێشمەرگایەتی و دۆستایەتی دا مرۆڤێکی سەرکەتوو و تا بڵێی جێکەوتوو بوو. کاک مەحموود لە دەرەوەی وڵاتیش بە هەموو جۆرێک یارمەتی‌یەکانی خۆی دەگەیاندە هاورێیانی و لە وڵاتی نۆرویژیش یەکێک لە ئەندامە هەڵسوورەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

دوای واز هێنانی لە پێشمەرگایەتی دا و چوونی بۆ وڵاتی نۆرویژ، هەمیشە حەسرەتی دەخوارد کە بۆچی وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە و بۆچی لە زێد و نیشتمانی خۆی دوور کەوتۆتەوە، ئەو مەسەلەیە هەمیشە ئازاری رووحی و دەروونی دەدا و لە قسە کردن و لە هەڵس و کەوتی دا بە جوانی دەر دەکەوت کە کاک مەحموود تەنیا بە جەستە لە وڵاتی نۆرویژ دەژیا و رووح و رەوانی هەر لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بوو، ئەو پرسە رەنگ

بێ تەنیا ڕووی لە کاک مەحموود نەبێ و بەڵکوو هەمو ئەو کەسانەی وەک کاک مەحموود بۆ گەلەکەیان خەباتیان کردووە و ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژین وەک جەستە لە دەرەوەی وڵاتن و هەموویان هەست بەوە دەکەن کە جێگایان هەر نێوخۆی وڵاتە و هەر دەبێ لە نیوخۆی وڵاتیش خەبات بکەن و ڕۆژێک دەبێ بگەرێنەوە زێد و نیشتمانی خۆیان.

ئەو چەند دێرەم تەنیا وەک ئەمەگ بۆ هاورێیەتی و بۆ ئەو هەموو تێکۆشانەی کاک مەحموود نووسیوە و ئەوەش قەترەیەک لە دەریای بێ سنووری هەڵسووران و پێشمەرگایەتی کاک مەحموود خاسە و لە ڕیگای ئەم کورتە نووسینەشەوە سەرەخۆشی لە ئەندامانی بنەماڵەی کاک مەحموود بە گشتی لە نۆروێژ و لە نێوخۆی کوردستان و بە تایبەت خزمان و دانیشتوانی گوندی گرژاڵی پێشمەرگە پەروەر دەکەم و ئاواتەخوازم کە ئەم ڕووداوە دوایین ڕووداوی ناخۆش بێ بۆ هەموو خۆشەویستان و دۆستان و ئەندامانی بنەماڵەی کاک مەحموود.

ڕووحی شاد بێ و هیوای تەمەن درێژی بۆ منداڵە چاوگەشەکانی بە ئاوات دەخوازم.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١ی مارچی ٢٠١٦

## کورتەیەک لە ژیانی شەهید مەولان عەبدوڵڵاخانی ناسراو بە مەولانی سوارە



شەهید مەولان ساڵی ١٩٤٩ لە باوەشی بنەماڵەیەکی مامناوەندی شاری سەردەشت لە دایک بووە، ناوبراو لەگەڵ شۆرش و ڕاپەرینی گەلانی ئێران بۆتە ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە بنکەی کۆمیتە شارستانی سەردەشت دا دەست بە خزمەتی پێشمەرگایەتی دەکا و دواتر وێرای هێزی پێشمەرگە ڕوو لە شاخ و دۆڵەکانی کوردستان دەکا. لەگەڵ درووست بوونی هێزی مێنەشەم و کۆمیتە شارستانی ڕەبەت وەک کادر نەقڵی ئەو کۆمیتەیە دەبێ و ساڵانێکی زۆر لەو کۆمیتەیە وەک کادر خزمەت بە گەل و نیشتمان دەکا و لە ساڵی ١٩٨٨ لە سەر داوای کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی نەقڵی بنکەکانی دەفتەری سیاسی حیزب دەبێ و لە کۆمیسیۆنی ماڵی دا ئەرک وەخۆی دەگرێ و تا کاتی شەهید بوونی چەندین ئەرکی جۆراوجۆر لەو کۆمیسیۆنە دا بەڕێوە دەبا. لە ڕێکەوتی ٣ - ٦ - ١٩٩٧ دا لە کاتی مەئموریەتی حیزبی دا لە ڕێگای سلێمانی بۆ کۆیە بە دەستی چەند تیرۆریست و چڵکاوخۆری سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆر و شەهید دەکرێ و دواتر لە گۆرستانی شەهیدانی حیزب بە خاک دەسپێردرێ.

شەهید مەولان لە ماوەی نزیک بە ١٨ ساڵ پێشمەرگەیاتی دا لە کۆمیتە شارەستانەکانی سەردەشت و ڕەبەت، لە زیندانی ناوەندی حیزب و لە کۆمیسیۆنی ماڵی حیزب دا وەک کادر کاری کردووە، ئەوانەی لە نزیکەوە دەیانناسی، دەزانن کە شەهید مەولان مرۆڤێکی ڕووح سووک و کارجوان و لە هەمان کاتدا کادری دڵسۆز و شۆرشگێری و بە ئیمانی حیزبەکەمان بوو. ئەو کەسێکی قسەی خۆش و دەم بە پێکەنین و خۆش ڕەفتار بوو، هەمیشە لایەنگری لە

ئاشتی و تەبایی دەکرد. هەموو لایەکی خۆش دەویستن و خەڵک و کادرو پێشمەرگەکانیش ئەویان خۆش دەویست.

هەر بەم بۆنەشەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە عەبدوڵلاخانی و دۆستان و ئاشنایان و بنەماڵەی کاک یۆسف ڕەحمانی و گشت خزم و ئاشنایان دەکەم و ئاواتەخوازم کە جێگایان بەهەشت بێ و ڕووحیان شاد بێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: فێبریوێری ٢٠١٦

---

## سەروان چەکۆ ڕەحیمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حدکا کۆچی دوایی کرد.




بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٦.٠٥.١١ بەرێز و تێکۆشەر، کاک سەروان چەکۆ ڕەحیمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسی کۆمیتەی ئەمنییەتی ئەو حیزبە بە هۆی ڕاوەستانی دڵەوە کۆچی دوایی کرد.

شایانی باسە کە کاک چەکۆ ڕەحیمی یەکێک لەو ئەفسەرە شۆڕشگێرانە بوو کە هەر لەگەڵ یەکەم چەخماخەی ڕاپەرینی شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی حکوومەتی پەهلەوی ڕیزی ئارتەشی ڕێژیمی شای بەجێ هێشت و بە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پەیوەست بوو. بە هۆی شارەزایی نیزامی و هەڵسوورانی بێ وچانی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا وەک فەرماندە هێز سازمان دراو و دواتریش بە هۆی شارەزایی و پسپۆری لە سەر چەک و چۆڵی قورس لە سەر تۆپ و خۆمپارە هاوێژ و تۆپی ١٠٦ میلیمیتری و جۆرەکانی دیکەی

چەک کاری دەکرد.

سەروان چەکۆ زۆر زوو توانی بە هۆی لێوەشاوەیی و ڕاوەستاوی خۆی پلە جۆراوجۆرەکانی پێشمەرگایەتی ببڕێ و دواتریش ببێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

کاک سەروان چەکۆ یەکێک لە مامۆستا هەرە شارەزاکانی فێرگەی سیاسی نیزامی حیزبی دێموکرات بوو و بە هەزاران کەس لە ریزەکانی حیزبدا لە سەر دەستی ناوبراو فێرگەی سیاسی و نیزامی حیزبیان بە سەرکەوتوویی بریوە و بە خۆشیەوە بۆ خۆشم لە کاتی پێشمەرگایەتی دا وەک قوتابی لە چەند دەورەی تایبەتی دا لە تەنیشت بەرێزیان بووم و یەکێک لە مامۆستا هەرە بەرزەکانی من بووە. کاک سەروان چەکۆ کەسێکی خاکی و شۆڕشگێر و تێکۆشەرێکی ڕاستەقینەی ڕێگای ئازادی گەلەکەی بوو، جێی متمانەی حیزب و هاورێیانی بوو.

ئەوەی جێگای داخە لە ماوەی نزیک بە حەوتوویەک دا دوو تێکۆشەری دیاری بنەماڵەی دێموکرات دوو ئەندامی هەڵسوور و چالاک و دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حدکا، ڕێزداران کاک سەید ڕەزا دروودگەر و کاک چەکۆ ڕەحیمی کۆچیان کرد، هەر دوو بەرێزیان دەیان و بگرە سەدان مەئموریەتی جۆراوجۆریان بۆ حیزبی دێموکرات بەرێوە بردووە و چەندین بەرپرسایەتی گرینگیان لە نیو ریزەکانی حیزبدا بەرێوەبرد، ئەو کۆچە ناوادەیان هەموو لایەکی خەفەتبار کرد و بە تایبەت دڵی ئەو کەسانەی کە لە نزیکەوە بە یەکەوە بوون و بیرەوەریان بە یەکەوە هەیە لە هەموو کەس زیاتر خەمبار و بە پەرۆش کرد، ڕووحی هەر دووکیان شاد و ڕێگای خەباتیان بەردەوام بێ و سەرەخۆشی لە گشت لایەکیان دەکەم.

لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەریزی کاک سەید ڕەزا و کاک چەکۆ، لە هاوسەرانی بەوەفایان و کچ و کوڕەکانیان و هەروەها برای ئازیزمان کاک کاوە ڕەحیمی و کەس و کاریان لە نێوخۆی وڵات و تێکرای هاورێ و هاوسەنگەرانی لە ڕیزەکانی حدکا و خزم و ئاشنایانیان دەکەم.

ڕووحی شاد و ڕێگای خەباتیان پڕ ڕێبوار بێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١١ی مای ٢٠١٦

## چەند دڵۆپ فرمێسک بۆ یارە بە وەفاکەی شەهید مەلا ئاوارە، بەرێز کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور




بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئێوارەی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٣١ - ٠٥ - ٢٠١٦ یەکێک لە سیما خۆشناو و ناسراوەکانی شاری سەردەشت و یەکیک لە کادرە دیار و بەرچاوەکانی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێز حەمەرەسووڵ حەسەنپوور دوای ماوەیەک نەخۆشی و ناسازی لە نێو کۆڕی ئەندامانی بنەماڵەی لە کۆیە لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا چاوەگەش و پڕ لە هیواکانی لە سەریەک دانان و کۆچی دوایی کرد.

کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپور ساڵی ١٣٢١ ی هەتاوی لە باوەشی بنەماڵەیەکی دیارو ناسراوی شاری سەردەشت دا لە دایک بوو، ئەو هەر لە منداڵییەوە ڕێگای قوتابخانەی گرتۆتەبەر و هەموو قۆناخەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی بڕیوە و دواتر بۆتە مامۆستا و بەرێوەبەری قوتابخانە و لە ژیاندا، ئەوەی لە توانای دابوو وەک مرۆڤێکی دیارو بەرچاو بۆ باشتر کردنی بنەماڵە و کۆمەڵگا و قوتابخانە و قوتابییەکان درێغی نەکردووە. کاک حەمەرەسووڵ وەک لاوێکی بە هەست و نیشتمانپەروەر لە بنەماڵەیەکی تەواو شۆڕشگێر و تێکۆشەردا چاوی بە دونیا نابەرابەری و ستەم کراوەتەوە و هەر بۆیە لە هەڕەتی لاوەتی دا خولیای وەدەست هێنانی ئازادی بۆ گەلەکەی دەبێ.

باب و مامەکانی لە کەسە شۆڕشگێر و دیارەکانی حیزب و سەردەمی کۆمار دەبن و کاک حاجی برایم حەسەنپوور باوکی کاک حەمەرەسووڵ لە ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف و سوێندخۆری کۆمەڵە و کۆماری کوردستان و پێشمەرگەی کۆمار بووە. ئەمر حاجی حەمەدەمین مامی یەکێک لە ئەندامە هەڵسووڕێنەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەشت دەبێ و ناوبراو بە هۆی هەڵسووڕانی بەردەوامی و هەروەها ئاشکرابونی بەشێک لە ئەندامانی حدک لە ساڵی ١٣٣٢ ی هەتاوی لەگەڵ پۆلێک لە تێکۆشەران دەکەوێتە زیندان. شۆڕش و شۆڕشگێری و ئازادیخوازی زۆر زوو دەکەوێتە بیرو فکری کاک حەمەرەسووڵی تازە لاو و ئەو ڕووداوە دەبێتە هەنگاوێکی دیکە بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر لە سەر شۆڕش و هەروەها ناسینی دیکتاتۆری حەمەرەزا شای پەهلەوی.

هەموو ئەو کەسانەی کە کاک حەمەرەسووڵیان دەناسی، هەستیان بە دڵپاکی و ڕاستگۆیی و ئەمینداریی ئەو لاوە خوێن گەرمە دەکرد و وەک کەسێکی جێگای باوەر وەک مرۆڤێکی بە هەست و شۆڕشگێر، وەک گەنجێکی لێزان و چاوکراوە سەیریان دەکرد بە گشتی لە ئەزموونی ژیانی مامۆستایەتی و دواتریش ئەزموونی کاری سیاسی کەڵکیان وەردەگرت. کاک حەمەرەسووڵ بە هۆی ئەوە کە بنەماڵەکەیان وەک یەکێک لە بنەماڵە شۆرشگێرەکانی دژ بە حکوومەتی پەهلەوی و ئاخووندی ناسرا بوو لە هەر دوو حکوومەت دا زۆر لێبراوانە و نەترسانە کاری سیاسی کردووە و بە گشتی بۆتە یەکێک لە سیما دیار و ناسراوەکانی شاری سەردەشت.

دوای تەواوکردنی خوێندن وەک مامۆستای قوتابخانە وانەی بە قوتابییان گوتووتەوە و ساڵی ١٣٤٢ موعەلیمی ئاوایی دیوالانی سەردەشت و ساڵی ١٣٤٣ موعەلیمی شلماش و ساڵی ١٣٤٤ موعەلیمی ژاژۆکە و باساوەی سەردەشت بووە و زۆرجار کادرەکانی حیزبی دیوە و لە کۆبوونەوە یەک دوو کەسی‌یەکاندا بەشداری کردووە و زیاتر باری سیاسی خۆی بردۆتە سەر و لە ساڵی١٣٤٢ی هەتاوی دا بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

لە ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی دا کاتێک رژێمی پەهلەوی بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک پەنا بۆ تەبعید و دوورخستنەوەی سیما دیارەکانی ناوچەی سەردەشت و دەوروبەری دەکات، کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور یەکێک لە دوورخراوەکان دەبێ و جارێک بۆ دەوروبەری شاری گورگان لە باکووری ئێران و پاش ئەوە بۆ شاری تەفریشی نزیک شاری قوم دوور خرابۆوە، کاک حەمەرەسووڵ لەو ماوەیەشدا هەوڵی دابوو کە جوانترین ڕەوشتی ئینسانی لە خۆی نیشان بدا بۆ ئەوەی سیمای کورد لەو شوێنانە وەک مرۆڤێکی سەردەمیانە و بە مشوور و خەمخۆر نیشان بدات. ئەم دوورخستنەوەیەش دەبێتە قوتابخانەی ناسینی شوناسی نەتەوەیی و وەک بۆ خۆی دەیگووت ئەگەرچی زۆرم ئازاری

دووری چێشت، بەڵام ئەم دوورخستنەوەیەش قوتابخانەیەک بوو بۆ لێ فێربوون و ڕێزگرتن لە خۆم و لە سرووشت و خەڵکی ناوچەی سەردەشت و کوردستان.

دوای گەرانەوەی بۆ سەردەشت لە لایەن خەڵکەوە ڕیزی تایبەتی لێ گیراوە و بە هۆی ژیری و وشیاریەوە توانیویەتی خۆی لە دڵی چینی وەرزێر و کاسبکار و فەرهەنگیان و بازاریان دا جێ بکاتەوە و لەگەڵ ئەواندا بۆ بووژانەوەی شۆڕش کاری زۆر نەترسانە بکات. جیالەوانە کاک حەمەرەسووڵ کەسێکی کۆمەڵایەتی و تێکەڵ و مرۆڤێکی خاکی و قسەخۆش و مامۆستایەکی شارەزا و بەڕێوەبەرێکی لێهاتوو بوو.

کاک حەمەرەسووڵ بە هۆی شارەزایی لە سەر کولتور و جوغرافیای ناوچە و بە هۆی خوێندەواری دیارو بەرچاویی و هەروەها خوێندنەوە و نووسینی جۆراوجۆر، پسپۆڕیەکی زۆری لە کار لەگەڵ خەڵکی گوندنشین و لادێیەکانی ناوچە و هەروەها کاسبکار و بازاریان و لەوەش گرینگتر فەرهەنگیان و ڕووناکبیرانی سەردەمی خۆی و قوتابخانەکان هەبوو. بە هۆی هەڵسووڕانی بێ وچانی و بە هۆی ئیمانی پتەوی بە ئازادی گەلەکەی زۆر زوو خولیای شۆڕش و کاری سیاسی دەبێ و لە ڕێگای کاک کەریم حەدادد و شەهید مەلا ئاوارەوە لە ساڵی ١٣٤٢ ی هەتاوی دا دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دواتریش دەبێتە یەکێک لە کادرە هەرە دیار و هەڵسورەکانی حیزبی دێموکرات. بە هۆی خۆشناوی و شارەزایی و بوێریەوە لە کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی لە گەڵ ئەوەدا لە کۆنگرەش دا حزووری نەبووە لە لایەن بەشدارانی کۆنگرەوە وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نیوخۆی وڵات هەڵدەبژێردرێ و متمانەی گشتی بۆ کارو ئەرکی سیاسی و حیزبی لە نێوخۆی پیدەدرێ و ناوبراو بە حەق یەکێک لە دامەزرێنەرانی شانە و کۆمیتەکانی حیزبی لەو ناوچەیە دەبێ و هەروەها یەکێک لەو کادرە هەڵسووڕاوانەی حیزب دەبێ کە چاونەترسانە نامە و راسپاردە و وتەکانی حیزب دەگەیێنێتە تاران و ناوچەکانی دیکەی کوردستان و دەبێتە بەرپرسی تەشکیلاتی سەردەشت و ناوچەکانی دەوروبەری و تا گرتنی کۆنگرەی ٤ ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ دا بەوپەری لێزانی و شارەزاییەوە لە نێو شەوەزەنگ و زەبروزەنگی ساواک و ژاندارمی پەهلەوی دا نەترسانە کاری سیاسی و تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێوە دەبا.

لە ڕاپەرینی پڕ شکۆی گەلانی ئێران دا لە سەردەشت ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو، زۆر پێش ڕاپەرین، لە ڕیگای کاک حەمەرەسوڵەوە، شەهید دوکتور قاسملوو و چەند هاورێیەک دەگەیێندرێنە مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ

ئەوەی لە ڕاپەرین دا بەشدار بن.

دوای دامەزرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزی موعینی و کۆنگرەی ٤ ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک حەمەرەسووڵ وەک کادر و بەرپرسی تەشکیلاتی سەردەشت و دواتریش لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردوو دا وەک بەرپرسی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی خوێندن، بەرپرسی بنکەی تداروکات و تەقەمەنی گشتی حیزب، ئەندامی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی، بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی و بەشی دارایی و هەروەها لە ئۆرگانە جۆراجۆرەکانی دیکەدا خزمەتی زۆری بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد بە گشتی کردووە و لە نێو شۆڕشیش دا بە سەدان قوتابی فێری وانەی خوێندن و وانەی شۆڕشگێری کردووە. لە ریزەکانی پێشمەرگایەتی دا کەسێکی ساحەب ئیرادە و بە هەڵوێست و شۆڕشگێر بوو، مرۆڤێکی دەست و داوێن پاک و خوو ڕەوشتی ئینسانی و ئەخلاقی شۆڕشگێری هەر هەموویان بۆ لێ فێربوون دەبون، جیالەوە لە هیچ مەئموریەتێکی حیزبی دریغی نەکردووە و هاوکاتیش هەمیشە هەوڵی بۆ یەکبوون و یەکریزی دەدا و تا بڵێی جێگای متمانەی ڕێبەری حیزب و هەموو کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بووە و کەسێکی شەرم بەخۆ و جێی متمانەی گشتی بوو.

بە هۆی ڕاوەستاوی و شۆڕشگێربوون و بوێری و چاونەترسی کاک حەمەرەسوڵ لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە حیسابی زۆری لەسەردەکرا و حکومەتیش بۆ ئەوەی کاک حەمەرەسووڵ بە چۆک دابێنێ. خانوو و سەروەت و سامانی ناوبراوی بە تەواوی دەست بە سەرداگرت. بەڵام کاک حەمەرەسووڵ کێوی ورە و ئیمان و ئیرادە بوو و هیچ کات گوێی بەوە نەدەدا کە سەروەت و سامان و مڵک و ماڵی بە دەست حکوومەت و جاشەکانەوە بە تاڵان چووە.

لە شۆڕشدا هەم شەهیدی داوە (شەهید حەمەساڵح حەسەنپوور و شەهید کاوە حەکیمزادە) و هەمیش نرخی زۆر و سەرمایەی ژیان و لاوەتی بۆ ئازادی گەلەکەی داوە، هەرچەند پێشمەرگە بووە، بەڵام منداڵەکانی لە خوێندن بێ بەش نەکردووە و هاوکاتیش هەمیشە هاوکاری ئەو کەسانەی کردووە کە ویستوویانە درێژە بە خوێندن بدەن.

لەگەڵ ئەوەدا ریزەکانی شۆڕش واتە نەبوونی و کەم و کوڕی بەڵام هەمیشە هەوڵی داوە کە بە باشترین شێوە یارمەتی بە دەوروبەری خۆی بکا و بۆ خۆم یەکێک لەو کەسانە بووم کە لە خزمەتی دا کاری سیاسی و کاری بەرێوەبەریم لە تەنیشت کردووە و کەسێکی سادق و خۆنەویست و دڵفراوان و خاکی بوو.

بە هۆی ئەوە لەگەڵ بنەماڵەکەیان لە شاری قەڵادزێ ژیاوە، لە ناوچەی پشدەر و بتوێن و بە گشتی خەڵکی شاری کۆیە و ئەو شوێنانەی دیکەی کە بە هۆی شۆڕشەوە لێی ژیاوە ناسیاوی زۆری لەگەڵ خەڵکی باشووری کوردستان هەبوە و لە شۆڕشی ئەیلوول و ئاوارە بوونی خەڵکی قەڵادزێ دوای بوردوومانی ساڵی ١٩٧٤ی زائینی دا لە کەسە دیارەکانی سەردەشت بووە کە یارمەتی بە ئاوارەکانی دەڤەری قەڵادزێ داوە و بە هۆی شارەزایی و مەئموریەتی حیزبی لەگەڵ شۆڕشی باشووری کوردستان تێکەڵ بووە و ماڵەکەی هەمیشە شوێنی حاوانەوە و حەسانەوەی کوردەکانی باشووری کوردستان بووە و بێ شک مێژووی شۆڕشی باشووری کوردستان قەرزداری کاک حەمەرەسووڵ و بنەماڵە شۆڕشگێرەکەیەتی.

کاک حەمەرەسووڵ خەمخۆری بنەماڵەی شەهیدان و زینندانیانی سیاسی و خەڵکی کەم داهات و هەژار بوو، خۆشەویستی شەهیدانی ڕێبەر دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی بوو، کەسێک بوو کە بەرگری لە سیاسەتە درووستەکانی حیزب دەکرد و هاوکاتیش کەسێکی قسەورگر بوو، ڕەخنەی دەگرت و ڕەخنەی قەبووڵ دەکرد و بۆ گەورەیی حیزب و بۆ ڕاپەراندنی ئەرکەکانی حیزبی کەسێکی تا بڵێی بەکار و بە هیممەت بوو، ڕۆڵی کاریگەری لە شوێنی کار و بەرپرسایەتی‌یەکانی دا هەبوو و هەمیشە بە چاوی کراوەوە دەیڕوانیە کەم و کوڕی‌یەکان و بۆ نەهێشتنی کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگا هەوڵی بێوچانی دەدا.

لەگەڵ ئەوەدا هەمیشە و بەردەوام لە هەڵسووڕانی حیزبی دابووە، هاوکات لە نووسین و وەرگێڕانیش دوور نەکەوتبۆوە و چەند کتێب و نوسراوەی بۆ دەوڵەمەندتر کردنی کتێبخانەی کوردی پێشکەش بە گەلەکەی کردووە، کە چەند دانەیان بریتین لە: مێژووی سەردەشت، (یادی یاران ١) ساتێک لەگەڵ مەلا ئەحمەد شەڵماشی (مەلا ئاوارە) دا، (یادی یاران٢) بەسەر کردنەوەیەکی سەرپێیی لە هەڵبەستەکانی مەلا غەفوور دەبباغی (حافزی مەهابادی) ، لە بارەگای سوڵتاندا (مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران بەرگی حەوتەم) و هەروەها چەند کتێبی ئامادەی چاپن کە بەداخەوە بۆ خۆی چاوی پێ نەکەوتن، جیا لەوە لە بۆنەی جۆراوجۆردا نووسین و تەنانەت هەڵبەست و نووسراوەی کورت و پڕ مانای نووسیون و بەشێک لەوان لە ڕۆژنامەی کوردستان و ماڵپەرەکان دا چاپ و بڵاو بوونەوە.

زۆربەداخەوە کاک حەمەرەسووڵ ماوەی ساڵێک دەبوو تووشی نەخۆشی و ناسازی ببوو، وێرای ئەوە کە بەردەوام لە ژێر چاوەدێری پزیشکی دابوو بەڵام مخابن لەوە زیاتر نەژیا کە ئازادی ئەو بەشەی کوردستان بە چاوی خۆی ببینێ

و هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی بۆ جارێکی دیکە لە تەنیشت خۆی کۆبکاتەوە و زامی ئازاری دووریەکان بە دیتنەوەی کورو کچ و نەوەو برازا و هەموو خزمانی دیکە سارێژ بکاتەوە. بێشک ماڵئاوایی یەکجاریی کاک حەمەرەسووڵ کۆستێکی گەورەیە بۆ هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی و تێکرای دۆستو ئاشنایانی و هەروەها بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە کاک حەمەرەسووڵ لە نێو ریزەکانی حدک دا زیاتر لە ٥٠ساڵ تەمەنی خۆی بۆ خزمەت کردن بە گەل و نیشتمان تێپەر کرد و لە نێو ئەو حیزبەدا وەک قەڵای خۆراگری سەیری دەکرا. بە هیوای ئەوە کە گەلی کورد مرۆڤی تێکۆشەر و ماندوویی‌نەناس و خۆشناوی وەک کاک حەمەرەسووڵ حەسەن‌پووری هەر زۆر بن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان فێری وانەی چاونەترسی و مافپارێزی بکەن.

کۆچی نابەوەختی کاک حەمەرەسووڵ بۆ من و ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دەمانناسی زۆر دژوارە و هەرچی لە سەر ناوبراو بینووسین، ئێستا قەڵەم هەر کەمی دێنێ و تەنیا ئەوەندە دەڵێم بنوو و بە ئاسوودە سەر بنێەوە کە ئێمە هەر قوتابی جەنابت دەبین و لە دڵمان دا هەموو کات زیندووی و تا هەین وانە و دڵفراوانی و خۆشەویستی تۆی تاجی سەرمان لە بیر ناچێتەوە. بە ئاسودەیی سەر بنێەوە کە ئێمە تا وەدیهێنانی ئامانجەکانت، ئازادی گەل و نیشتمان هەر بە ڕێگای خەباتی تۆی نموونەی وەفاداری دا دەرۆین و تا سەر هەنگاوەکانمان بە جێی هەنگاوی بە جێماوی تۆی ئازیزدا هەڵدێنینەوە.

لە ڕێگای ئەم کورتە نوسینەوە سەرەخۆشی لە هاوسەری ژیانی و کوڕ و کچ و نەوەکانی، لە بنەماڵەی بەرێزی حەسەن‌پوور لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات و لە نێو قەڵای دێموکرات لە کۆیە و خزم و ئاشنایانی بە گشتی و هەروەها لە هاورێ و هاوسەنگەرانی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەکانی حەسەن‌پوور، حەکیم‌زادە و حەددادەکان بە گشتی دەکەم و خۆم بە شەریکی ئەو خەمە گەورەیە دەزانم و سەری ڕێز لە بەرامبەر گەورەیی و نەبەزی و وەفاداری کاک حەمەرەسووڵ حەسەن‌پوور و بنەماڵەکەیان دا دەنوێنم.

رووحی شاد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ای جوونی ٢٠١٦

# سڵاو له خۆراگری پێشمەرگەی کوردستان

له ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوو دا و له ئاکامی جەولەی سیاسی و تەسکیلاتی و نیزامی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا، بەداخەوه به هۆی میلیتاریزه بوونی کوردستان و ترسی زۆری ڕێژیم له پێشمەرگەی دێموکرات، هێزه سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی و جاشه خۆفرۆشەکانی ناوچه به دانانەوەی کەمین بۆ پێشمەرگەکان، جەوێکی تەواو نیزامیان به سەر کوردستان دا سەپاندووه.

درووست کردنی فەزا و جەوێکی نیزامی له لایەن رژێمەوه ناتوانێ وره و ئیمانی پێشمەرگه و به تایبەت پێشمەرگەی دێموکرات دابەزێنێ و هەر ئەو وره و ئیمان و ئیرادەیه بۆته هۆی ئەوه که دوژمن ترسی زیاتری لێ بنیشێ و له ئاکام دا بۆ سەرکوتی پێشمەرگه هێزی زیاتر کۆبکاتەوه و لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شوێنانەی گومانی مانەوەی پێشمەرگەی لێدەکرێ تۆپباران دەکات و دواتریش هێرشی نیزامی دەکاته سەر شوێنەکان.

هەر لەو پەیوەندییەدا و له جەریانی هەڵسوورانی کادرو پێشمەرگەکانی حدکا دا بەداخەوه له ناوچەی شنۆ شەش شۆڕەسواری ڕێگای ئازادی شەهید دەبن و دواتریش له دوو تێکهەڵچوونی جیاجیا له ناوچەی مەریوان دا بەداخەوه سێ کەس له کادرو پێشمەرگەکانی حدکا به ناوەکانی شۆڕش مینبەری، شاخەوان مینبەری و دواتریش کادر و فەرماندەی هەڵسوور و تێکۆشەر کاک ئەکبەر مینبەری له بەرگرییێکی قارەمانانەدا شەهید دەبن.

ئەو سێ شەهیده نوێیەی دێموکرات خەڵکی ئاوایی نییەری مەکۆی دێموکرات و مەکۆی شەهیدانی گەل بوون و به شەهید بوونی ئەو سێ تێکۆشەرەش جارێکی دیکه نییەری خۆراگر سەری بەرزتر و قەڵافەتی مێرانەتر له جاران نیشان دا.

شایانی باسە لە هەمو ئەو شەڕانەدا پێشمەرگەی شۆڕشگێری گەل، وێڕای ئەوە کە بەرگری کردووە لە هەمانکاتیش دا بە ورەی بەرز و بە خۆراگری و هیممەتەوە، توانیویەتی زەربەی کاریگەر لە جەندەکی هێزی زۆر و بۆری سوپای پاسداران و جاشە خۆفرۆشەکان بدا و لە ئاکامدا تامی شکست بە دوژمن بچێشن، هەواڵی ئەم شکستە بۆ دوژمن کە بەردەوام ئیدیعا دەکا کە دەتوانێ لەگەڵ دەوڵەتانی زلهێز بەرەورووو ببێتەوە ئەوەندە قورس و گەورە بووە کە لە زۆربەی مێدیاکانی نێوخۆی ئێراندا ڕەنگی داوەتەوە و وێڕای ئەوە کە ڕاستیەکانی چەواشە کردووە لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانیوە کە ناوی ژمارەیەک لە کوژراوەکانی بشارێتەوە.

وێـرای دەستخۆشی لە پێشـمەرگەکانی حـدکا، هاوکـاتیش لە نـاخی دڵەوە سەرەخۆشـی لە بنەمـاڵەی شـەهیدانی سەربەرزی ئەم قۆنـاخە نـوێیەی حـدکا و خـزم و کەس و کـار و هاوڕێیـانی ئەو پـۆلە شـەهیدە دەکەم و خـۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم.

لە مـاوەی نزیـک بە ١٠ سـاڵی ڕابـردوودا حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان وەک حیزبێکـی دیـاری گۆڕەپـانی خەبـاتی نەتەوایەتی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دا خەباتی پێشمەرگانەی خۆی بەوپەڕی وریایی و لێزانیەوە بەرێوە بردووە و لە چەند شوێن و ناوچەی کوردستان زەربەی قورسیان لە دوژمن وەشاندووە و بە دەیان کەسیان لە دوژمن بـە سزای کرداره چەپەڵـەکانی خۆیـان گەیانـدووە و لەو تێکهەڵچـوون و بەرگریـانەش دا، زۆر بەداخەوە حدک ١٠ کەس لە باشـترین ڕۆڵەکـانی خـۆی کـردوونە قوربـانی گەلەکەی و ١٠ کەس لە باشـترین کـادرو پێشـمەرگەکانی لـە ڕێگای ڕزگاری گەلەکەی دا بە سەخاوەتەوە گیانیان داوە و شەهید بوون.

وێڕای سەردانەواندن بـۆ خەبـاتی نەپساوەی پێشمەرگەکانی حدک و حدکا هیـوادارم کە ڕووحی ئەو شـەهیدانە و تێکرای شەهیدانی گەل شاد بێ و ڕێگای خەباتیـان پڕ ڕێبوار و بەردەوام بێ.

مەرگ و نەمان بۆ کۆماری سێدارەی ئێران

مەرگ و سەرشۆڕی بۆ جاشە خۆفرۆشەکان کە بوونە چاوساخ و کاسەلێسی دوژمن.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٦

## دوکتور فرێدریک تیسۆ بە مانای وشە مرۆڤ و مرۆڤدۆست و ئازادیخواز




ئەو کەسەی کە هەردەم بە پێوە و وەک رووباری هەرگیز نەوەستاو هەر وا هەرد و شیو و دۆڵ بەرەو دەریای مەندی ژیان دەبڕێ. ئەو کەسەی کە هەرەتی لاوەتی خۆی لە شاخەکانی کوردستان بە خزمەت کردن بە پێشمەرگە و خەڵکی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان تێپەر کرد.

خزمەتەکانی ئەوەندە زۆر و گەورەن کە هیچ وشەیەک ناتوانێ باس لە گەورەیی و خاکەڕایی و دڵسۆزی و ئازادیخوازی ئەو مرۆڤە نەسرەوتووی نیشتمانی فەرانسە بکات.

دوکتور فرێدریک خەڵکی فەرانسەیە و بۆ خزمەت بە مرۆڤایەتی دەستی لە ژیانی ئاسایی خۆی لە وڵاتی جوان و رازاوە و پڕ لە ئەمنییەتی فەرانسە هەڵگرت و ساڵانێکی دوور درێژ بە جل و بەرگی پێشمەرگانەوە چیا و دۆڵ و پێدەشت و سنوورەکانی کوردستانی بڕی و وەک هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان لە ژێر مەترسی بۆمباران و گیران و کوژران دابوو.

ئەو هیچکات مرۆڤایەتی پشت گوێ نەخست و بۆ خزمەت بە مرۆڤایەتی نەخۆشخانەکانی حدک و شۆڕشی لە رۆژهەڵات هەڵبژارد و شار بە شار و گوند بە گوند، بۆ چارەسەری بریندار و نەخۆش و پاراستنی تەندرووستی منداڵان و خەڵکی ئاسایی گەڕا و خزمەتێکی یەکجار بەرچاو و دیاری بە هێزی پێشمەرگە و خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها باشووری کوردستان کردووە.

***فرێدریک تیسۆ!***

**ئاشق و سەوداسەری ئازادی و دێموکراسی بوو، خۆی گوتەنی: شەهید دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکرات و گەلی کوردی پێ ناساندوە و خولیای دیدار و دانیشتن لە گەڵ شەهید دوکتور قاسملوو و شەهید دوکتور شەرەفکەندی بووە. بە حەسرەتەوە باس لە گەورەیی و لێزانی و خۆشەویستی ئەوان دەکا و دەڵێ ئەوان ئەمنیان وەک منداڵی کورد راهێنا و بۆیەش هێندە ئاشق و خولیای کورد و کوردستان و پێشمەرگەی کوردستان و دێموکراتم.**

**دوکتور فردرێک گووتی: ماڵێ ئێستام ٣٠٠ میتر لە مەزارگەی شەهیدان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرفکەندی دوورە، هەر بۆیە لێرە وەسیەت دەکەم کە ئەگەر مردم لە تەنیشت ئەوان بە خاکم بسپێرن بۆ ئەوەی لەو دونیاش لە تەنیشت ئەوان بم و ڕووحمان ئاوێتەی یەکتر ببێتەوە.**

**دوکتور فرێدریک بە حەسرەتەوە باس لە یەکریزی و یەکبوونی دێموکراتەکان دەکا و ئارەزوو و ئاواتی ئەوە بوو کە جارێکی دیکە ئەم حیزبە وەک جاری جاران بە یەکەوە بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی شەهیدانی ڕێبەر بە دژی کۆماری ئیسلامی خەبات بکەن.**

**ئەو باسێکی تێر و تەسەلی لە سەر نێوەرۆکی کتێبەکەی " مرۆڤێک بە پێوە " کرد و بیرەوەری و ژیان و کار و ئەرکی خۆی لە ماوەی مانەوەی لە کوردستان دا چ ئەو کات کە وەک برین پێچ و دوکتور کاری دەکرد و چ دواتر کە وەک سەرکۆنسولی فەرانسە لە هەرێمی کوردستان کاری دەکرد و ئەزموونەکانی خۆی لە گەڵ دێموکرات و خەڵکی کوردستان بۆ گشت لایەک باس کرد.**

**لە نێو قسەکانیدا باسی لە کۆمەڵێک مرۆڤی خۆنەویستی پێشمەرگەی دێموکرات کرد و ئاماژەی بە ناوەکانی شەهیدان دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی، نەبی قادری ، مەحموود ڕەحمەتپوور، جەلیل گادانی، مامۆستا حەسەنزادە، حەسەن شەرەفی ، خەجیج مەعزوور، عەلی و قادر فەتحی، ماپەرە قەرەگۆلی و محەمەد حەسەنپوور و چەندین کەسی دیکە کرد و وێرای سوپاس کردن لەو بەرێزانە بە حەسرەتیشەوە باسی شەهیدانی دەکرد.**

باسی له خەباتی ژنان و دایکی شەهیدان و بە گشتی بزووتنەوەی کورد کرد و دواتر گووتی: ئەگەر دەوڵەتانی زلهێز غەدریان له کوردستان و گەلی کورد کردووه، هۆکارەکەی یەک نەبوونی کورد و پرش و بڵاوی و نەبوونی یەکریزی و یەکگرتوویی کورد بووه و لەو پەیوەندیيەدا چەندین نموونەی جۆراجۆری هێنانەوه و له کۆتایی دا گووتی که له مێژ ساڵه کورد بۆ ئەوەی به مافەکانی بگات، خەبات دەکا و له درێژەی باسەکەی ئاماژەی بەوە کرد کە، مەرجی سەربەخۆیی و گەیشتن به مافەکان تەنیا کۆدەنگی و یەکریزی و بە یەکەبوونەوه و گووتی: ئەوەش زۆر قورس و گران نییه و تەنیا یەکتر تەحەموول کردن و ئیراده و هیممەتی زیاتری پێویسته.

*دوکتور فردریک!*

سوپاس بۆ ئەو هەموو خزمەته بەرچاوەی که به دێموکرات و گەلی کوردت کردووه.

سوپاس بۆ وەفاداریت به دێموکرات و شەهیدان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی.
سوپاس بۆ سەردان و بۆ قسه به نرخ و پڕ نیوەرۆک و هەست بزوێنەکانت.

سوپاس بۆ ئەوەی که به دڵەوه چەند وشه و ڕستەیەکت وەک یادگاری و ڕێزلێنان له سەر کتێبەکەت بۆ منی هاورێی خۆت نووسی و دوای تێرامان و سەیر کردنێکی قوڵ و مانادار له کۆتایی ڕسته هیوابەخشەکەت دا بۆت نووسیم : " ئەویش پیاوێکی به راستی به پێوەیه". به پێشکەش کردنی کتێبەکەت و نووسینی ڕسته هیوابەخشەکەت زیاتر قەرزداری هەست و سۆز و خزمەتەکانی خۆتت کردم .
هەر بژی به شادی و هیوای باشترینەکانت بۆ به ئاوات دەخوازم.

به هیوای ئەوه که ئاواتی هەموومان که ئازادی و یەکریزی و سەربەستیيه وەدی بێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

## بۆ مرۆڤە تێکۆشەرەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک ناسر سادقی



حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی زۆر شتی شەخسی خۆم و زۆر خولیا و ئاواتی منداڵی و لاوەتی لێ ستاندم و زۆرێک لەو خولیایانە بۆ من وەک خەونیان لێهات، لە لایەکی دیکەشەوە حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی لە پێناو گەلەکەم دا زۆر شتی دیکە و گەورەی پێ بەخشیوم، کە گەورەترینیان بوونی ئەو هەموو هاورێ و برا و هاوسەنگەر و هاورێبازەیە کە وەک سەروەت و سامانێکی گەورە سەیری دەکەم و ڕێزی لێدەگرم.

لە نێو ریزەکانی شۆڕش دا زۆر خۆشەویستم لە دەست دان و زۆر خۆشەویستی دیکەشم پەیدا کردن، باس کردن لە هەر یەک لەو خۆشەویستانە و وەرد دانەوەی ژیانیان ڕەنگ بێ بە تەنیا کاری من نەبێ و پێنووسی دەستیشم نەتوانێ ئەرکی تەواوی خۆی بەجێ بگەیێنێ و لە ئاکام دا لە جیاتی ناساندنێکی تێر و تەسەل ئەوە تووشی عەیبداری و قەرزداری زیاتری ئەو هاورێیانە بم بۆیە لە نووسین خۆ دەبوێرم.

ئەم کورتە نووسینەم بۆ مرۆڤێکی خاوەن بڕوا و خاوەن کەسایەتی و خۆشەویستی ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک ناسر سادقی‌یە.

ماوەی نزیک بە ١٠ ساڵ دەبێ دوور و نزیک و بە بۆنەی جۆراوجۆر و لە ڕێورەسمی تایبەتی دا هەم بە حزووری و هەم بە وێنە و راپۆرت، مرۆڤێکی خوێن شیرین و لەبەردڵان و کوردێکی پاک و خالیس و ئەندامێکی بە وەفای ڕێگای شەهیدان قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی دەبینم.

مرۆڤێکی دەم بە خەندە، مەشرەف خۆش و بە مشوور، مرۆڤێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو و بێ ئیدیعا، ئەندامێکی دڵسۆز و چالاکی ریزەکانی حدک.

کاک ناسر کەسێکی خەمخۆر بە گەل و نیشتمان و حیزبی دێموکراتی کوردستانە و ئەندامێکی هەڵسوور و ماندوویی‌نەناس و ڕووح سووک و بە دەستەوەیە بۆ کار و ئەرکی حیزبی.

لە ڕێگای جۆراوجۆر لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەیوەندی دایە و بۆ سەرکەوتن و سەربەرزی حیزبەکەی زۆر سەردەمیانە و شارەزایانە لەگەڵ خەڵک دەجووڵێتەوە و بە گوتار و قسە و کرداری باس لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکا.

لە شەقام و شوێنە گشتی‌یەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستان و بە تایبەت هەولێر و شارەکانی دەوروبەری بە هەموو شێوەیەک کار بۆ ناساندنی حیزبەکەی دەکا، لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی حیزبی و سیاسی کە حدک پێکی بێنێ بێ ئەوەی خۆی سڵ بکا کار و ژیان بەجێ دێڵێ و دەچێ بەشداری دەکا.

لە سەفەری ئەمجارەم دا بۆ کوردستان چەند جار لە نزیکەوە لە ئامێزم گرت و بەرێزیشیان لە هەست و سۆز و برا گەورەیی خۆی بێ‌بەشی نەکردم و بە گشتی لە لوتف و مەرحەمەتی خۆی بێبەری نەکردم. لە دەرفەتێک دا بە بێ ئەوەی بێڵم ئاگای لێ بێ، ئەم وێنەیەم گرت.

ئەم وێنەیەش نیشان دەدا کە لە هەموو دەرفەتێک دا بە قازانجی حیزبەکەی و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان کەڵک وەردەگرێ و لە سەر شەقام و کۆڵان و شوێنە گشتی‌یەکان بە ئێعتبار و کەسایەتی خۆی و حیزبەکەی ناهێڵێ کە حیزبەکەمان تووشی قەیران و کەم و کوڕی بێ. پێنووس بەدەست و بە هیممەت و ئیرادەوە، بە بەڵگە و دەستەچەکی ئامادەکراوی حیزبی‌یەوە، دەچێتە بەردەم ئەو کەسانەی کە دەتوانن یارمەتی دارایی بە حیزب و شۆڕش بکەن، ئەو کەسە فەرق ناکا کێ‌یە؟

. دۆست، ئاشنا، ئەندامی حیزب، خەڵکی دڵسۆز لە هەموو چین و توێژێک ئەوەی بزانێ دەتوانێ یارمەتی بە حیزب بکات بە ڕووخۆشی دەچێتە بەردەمی و دوای باس و خواست و ڕاوێژێکی باش ئەوە داوای یارمەتی بۆ

حیزبەکەی لێدەکا، کاک ناسر بەوەندەش نەوەستاوە، هاوکات ئەگەر تووشی ئەندامانی حیزب بێ ئەوە داوای ئەندامەتیان لێدەکا و بەم شێوەیە هەم ئەرکی خۆی بەڕێوە دەبا و هەمیش ئەندام ئەرکدار دەکا کە حەقی ئەندامەتی خۆی بە شانە و کۆمیتەی هەولێر و کۆمیسیۆن بدات. (ئەمن ئەمجارە ئاوام دیت)

خۆزگە هەموو ئەو کەسانەی کە لە حیزبدا ئەندامن و کاری حیزبی دەکەن، وەک کاک ناسر شان وەبەر قورسایی کاری حیزبی بدەن و هەر کەس بە شێوەی لێزانی خۆی لەو بوارەی لێی شارەزایە کار بۆ بەرەو پێشچوونی حیزب بکات.

لە ڕێگای ئەم کورتە نووسینەوە کە قەترەیەکە لە دەریای بێ سنووری کارو تێکۆشانی کاک ناسر، دەڵێم هاوڕێ و برای شیرینم کاک ناسر زۆر سوپاس بۆ زەحمەتەکانت، زۆر سوپاس بۆ ماندوویی‌نەناسیت و سەربەرزم بەوە کە حیزبەکەمان کەسی دڵسۆز و بە وەفای وەکی جەنابت و کاک ناسرەکانی تێدان.

گەلێک سوپاس بۆ هەوڵ و تێکۆشانت و بۆ خەمخۆرییەکانت و بۆ بەشداری چالاکانەت لە ئەرک و کاری حیزبی و سیاسی دا لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا.

هیوای سەربەرزی و ساخی و سەلامەتیت بۆ بە ئاوات دەخوازم و هەر بژی بە شادی و سەرفەرازی.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

## ڕێز و سوپاس و قەدرزانی بە بۆنەی جێژنی ٥٠ ساڵەی لە دایکبوونم



مرۆڤ بە خواستی خۆی لە دایک نابێ، مرۆڤ نازانێ کەی لە دایک دەبێ و کەی مۆتەکەی مەرگ سواری شان و ملی دەبێ و ژیانی کۆتایی پێ دێنێ. بەڵام مرۆڤ دەتوانێ لە ماوەی ژیانی دا لە کۆمەڵگادا هەوڵ بدا کە بۆ بەرژەوەندی گشتی هەنگاو هەڵبێنێتەوە و لەو سۆنگەیەوە، لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە، خزمەت بە گەل و نیشتمان و کۆمەڵگا بە گشتی بکات.

لەو کاتەوە تەمەنم گەیشتۆتە، تەمەنێک کە دەستی چەپ و ڕاستی خۆم بناسم، هەوڵم داوە کە لەگەڵ پۆلێک لە گەنجانی گەڕەک و شارەکەمان بە یەکەوە کار بۆ ئاوەدانی شارەکەمان بکەین، لە قوتابخانە، لە ساڵۆنی وەرزیش، لە گەڕەک و لە شەقام و بە گشتی ئەو شوێنانەی کە پێویست بووە کاری هەرەوەزی لێ بکرێ، بە هیممەتی هەمووومان کارە گشتی و هەرەوەزەیەکەمان بە باشی بەڕێوە بردووە، ئێستاش هەر یادی ئەو کاتانە دەکەمەوە.

تەمەنم خوار ١٧ ساڵان بوو، ڕێگای خەبات و شۆڕشم گرتەبەر و ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانم هەڵبژارد و دونیایەکی گەورەتر و پان و بەرینترم چاو پێکەوت.

ئەگەر لە شارەکەمان تەنیا کەسانێکم دەناسی کە خەڵکی گەڕەک و شارەکەمان بوون، ئەوە لە نێو ریزەکانی حدک دا بە هەزاران کەسم ناسین، هەموویان گیان لە سەردەست و فیداکار و شۆڕشگێر و پێشمەرگە بوون و هەر کامەیان خەڵکی شار و گوند و ناوچەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، لە ئیلام و کرماشانەوە تاکوو خۆی و ماکۆ و ورمێ لە باشترین کوڕ و کچەکانم ناسین و لەگەڵ بەشێکی بەرچاویان وەک برا و هاوسەنگەر خەباتمان کرد و

ئێستاش ئەو خەباتە هەروا درێژەی هەیە.

مردن و ژیان لەگەڵ پێشمەرگەکان مانای خۆی هەبوو، لەگەڵ ئەوان بە شاخ و هەڵدێر و هەڵەمووت دا دەرۆیشتین، پێمان وابوو لە دەشتایی و لە مێرگ و چیمەن دا هەنگاو هەڵدێنینەوە، لەگەڵ ئەوان بەرەو مەرگ و نەمان و شەڕ بە دژی داگیرکەران دەرۆیشتین، لامان وابوو دەچینە زەماوەند و شایی و خۆشی و بە یەکەوە کارەکەمان ڕادەپەڕاند.

زۆرجار پێش ڕۆیشتنمان گۆڤەندێکی خۆماڵیانەمان بە چەک و ڕەختەوە دەگرت و دواتر بەرەو مەبەست شۆڕ دەبووینەوە و لە دوای ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەمان، یەک و یا چەند هاورێی خۆشەویستمان لێ شەهید و بریندار دەبوون، لەو کاتەدا بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی لە بەرامبەر گیانی یەکتر دا، پشت و باسک و مەچەکی خۆمان بۆ یەکتر دەکرد بە پێژەی سەرکەوتن و گەرانەوە و دوای خەمێکی قووڵ و بە ژان بۆ لە دەستدان و برینداری هاورێکەمان، بە سەرکەوتنەوە دەگەڕاینەوە شوێنی گۆڕەپانی گۆڤەندی ڕۆژی پێشوومان.

هەموومان بە یەکەوە و بە هەرەوەز کارمان دەکرد، سفرە و نان و خوانمان یەک بوو، ژووری خەو و حەسانەوە و ماڵمان یەک بوو، جل و بەرگ و ژیانمان وەک یەک بوو، ئەگەر یەکمان خەمی شتێکی خواردبا بە هەموومان خەمەکەمان لەگەڵ بەش دەکرد و یەکێکمان بە هەر هۆیەک کەوت با، بە هەموومان هەوڵی هەستانەوەمان لەگەڵ دەدا و بە یەکەوە لە خەم و شادی و هەژاری و دەوڵەمەندی دا شەریک بووین.

بە هەموومان هەوڵمان دەدا پارێزەر و درێژەدەری ڕێگای شەهیدان بین و لەو پەیوەندیەش دا بە یەکەوە بە کەمترین کەرەسەی ژیان، ساردی و گەرمای کوێستان و پێدەشتەکانمان تەحەموول دەکرد.

زۆربەمان ئێستاش هەروا بە حەسرەتی ئەو ڕۆژانەوە دەناڵێنین و بیرکردنەوە لەو ڕۆژانە و گەرانەوە بۆ ئەو ڕۆژانە بۆ هەموومان بۆتە خەون و خولیا و هاوکات ئارەزوو دەکەین کە هەر وەک جاران لە دەوری یەک و بە یەکەوە بمرین و بە یەکەوە بژین.

ئەمرۆ دوای ساڵانێک ژیان لە شار و شاخ و لە هەندەران، تەمەنم گەیشتە ٥٠ ساڵ و بە کوردی گەنجیەتی

جارانم لە دەست دا. لە ماوەی ٣٣ ساڵ کاری سیاسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بە دژی کۆماری سێدارەی ئاخوندی، بە سەدان و بگرە بە هەزاران هاورێی گیانی بە گیانیم ناسین کە هەموویان لە برا و کەس و کاری دایکی و بابی زیاتر زەحمەتیان بە منەوە کێشاوە، بە هەزاران کوردی دڵسۆزم لە گوند و شارەکانی کوردستان ناسین و پەنایان دام و لە ڕۆژە دژوار و سەختەکان دا وەک دایک و باوکم و بگرە زیاتریش دەستیان بە سەر داهێنام. زۆر کورد و نیشتمانپەروەرم لە حیزب و ڕێکخراوەکان دا ناسین کە وەک ئێمە خەباتیان کردووە. لە نێو ئەو هەموو خۆشەویستەش دا کەسایەتی زۆر بەرز و بەناوبانگم ناسین کە ژیان و خەباتیان بۆ لێ فێربوون دەبوو، هەوڵم دا ، کارە باش و چاکەکانی هەموو لایەک هەڵبژێرم و بە کردەوە ئەزموون لە خەباتیان وەر بگرم و کارەکانیانم، بە دڵەوە کردنە، چرای ڕێگای خەبات و تێکۆشان و بە یەکەوە بوون، لە گەورەیی و لە ژیانیان فێری وانەی هەستانەوە و نەبەزی بووم.

زۆرێک لەو هاورێ و هاوخەباتیانە سنووری خۆشەویستیان دەرحەق بە منی پێشمەرگەی هاورێیان، بەزاند و تاکوو ئێستاش نەمتوانیوە قەرەبووی هەست و سۆز و خۆشەویستیان بکەمەوە و لە تاراوگە و لە هەندەرانیش زیاتریان قەرزداری خۆیان کردووم.

ئەمرۆ لە ٥٠ ساڵەی تەمەنم دا سنووری ئەو خۆشەویستیانە گەیشتە لووتکەی هەست و سۆز و برایەتی و زیاتر لە هەموو کات قەرزداری لوتف و مەرحەمەتی خۆتان کردم.

بە نووسینی پیرۆزبایەکانتان، بە ناردنی گوڵ و ڕیحانە و لایەکەکانتان، بە ناردنی وێنەی کۆن و نوێی خۆمان و بە درووست کردنی لاپەرەی پیرۆزبایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتی‌یەکان دا، سەد هێندەی جاران و بگرە زیاتریش قەرزداری خۆتان کردم، چیم نییە کە بتوانێ قەرەبووی گەورەی‌یەکانی ئێوەی بکاتە جیا لە خۆشەویستی بۆ ئێوە و ڕێز گرتن لە گەورەییتان.

بە نووسینی ئەم چەند دێرە وەک وەفا و خۆشەویستی بۆ هەموو ئێوە ئازیزان هەستی خۆم بۆ گەورەیی ئێوە وەک سوپاس دەر دەبرم و هیوادارم کە ئەو چەند دێرەم لێ قەبووڵ بکەن.

سەرەتا منیش بەڵێن دەدەم کە هەروا برای بچووکی هەموو ئێوە خۆشەویستان بم و هەروا تا گەیشتن بە لووتکەی

سەربەرزی گەل و نیشتمان، درێژەدەری ڕێگای خەبات و تێکۆشانی هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی گەلەکەمان بم.

سوپاسی بێ سنوور بۆ ئێوە خۆشەویستان کە جێگای بە تاڵی هەموو خزم و کەس و کارمتان پڕ کردۆتەوە. لێرەوە سوپاسێکی گەرمی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەستیان گرتووم و ڕێگای ڕاستی ژیان و خەباتیان پێ نیشان داوم.

سوپاس بۆ ئەندامانی بنەماڵەکەم بۆ هاوسەری ژیانم و بۆ منداڵەکانم کە هەمیشە یارمەتیان داوم و سوپاس بۆ هاوسەری ژیانم کە بەردەوام هانی داوم، بۆ ژیان و خەبات تێبکۆشم و ئەو کەسە بم کە دۆستان و گەلەکەمان چاوەروانیان لێم هەیە، هەر بۆیە منیش دەڵێم هیوادارم کە شایانی ئەوە بم کە دۆستان چاوەروانیان لێم هەیە.

سوپاس بۆ ئەو دڵسۆزانەی لە نێوخۆی وڵات لە ژێر هەرەشەی دوژمن دا ماڵ و ژیانیان لەگەڵ بەش کردم، ئەوەش لە سەروەری و خۆشەویستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وەڵات دەزانم.

ناوەکان ئەوەندە زۆرن نەمتوانی لەم چەند دێرەدا ئاماژەیان پێ بکەم، بەڵام لە ڕێگای ئەم نووسینەوە سوپاستان دەکەم و سەری ڕێز و خۆشەویستی بۆ هەموو لایەکتان دادەنوێنم و چەپکێک گوڵی جوانی کوێستان و باخچەکانی کوردستانتان پێشکەش دەکەم.

وێنەیەک وەک پەنجا ساڵ لە ژیانم بڵاو دەکەمەوە دەزانم چەند وێنەی دەورانی٥ ، ٤ ، ٣ و یەک ساڵیم دەست نەکەوتۆتەوە، بەڵام وێنەکانی دیکەم هەموویان ساڵ بە ساڵی ژیانم و گۆڕانی دەم و چاوم نیشان دەدا و هیوادارم کە ئەوانەی لە سەردەشت بە جێم هێشتوون قۆناخەکانی منداڵی و مێرمنداڵی منیان لەبیرە، وێنەی ئەو چەند ساڵەشم بۆ پەیدا بکەنەوە و زیاتر قەرزداری خۆیانم بکەن و هەروەها هاوڕێ و دۆست و براکانم کە ئێوەن دەتوانن قۆناخەکانی ساڵانەی ناسین و ژیانمان بەم وێنانە وەبیر بێنەوە. لە هەندێکیان دا خوێن شیرین و لە بەشێکیان دا خوێن تاڵ دیارم، لە هەر دوو بەشەکەی دا بە زیاترەوە هەر حەمەرەسوولەکەی جاری جارانم و لە خزمەت هەموو ئێوە ئازیزان دام.

هیوای تەمەن درێژی بۆ هەموو لایەکتان بە ئاوات دەخوازم، لە کەم و کوریەکانم ببوورن، ئەگەر بە هەڵکەوت

کەسێک دڵی لێم هێشا بێ لێرەوە داوای لێبوردنی لێدەکەم، ئەگەر نەمتوانیوە لە حەددی چاوەڕوانییەکانی ئێوەدا بم دیسان لێم ببوورن، چوونکە ئێوە لە ئازیزترین کەسەکانی ژیانمن.

لە لای خۆمان قەدیمییەکان دەیانگووت شتی کۆن هەر دەبێ دوایە فڕێی بدەی، بەڵام ئەوەی کە دەمێنێتەوە هاوڕێ و دۆستی کۆنە و نرخی لە هەموو شتێک لە ژیان دا لە سەرترە. لە نێو ئەو دۆستانە دا چەند هاوڕێیەک شک دەبم کە لە هەموو تەمەنی ٥٠ ساڵی دا بە یەکەوە بووین و پەیوەندیمان بە یەکەوە هەبووە و ئێستاش هەروەک جاران بە دڵ لێک نزیکی یەکترین.

بەشی کۆتایی لە هەموان زیاتر قەرزداری دایکی خۆشەویستمم، لە هەموو ئەو ٥٠ ساڵە دا نەمتوانی لە خزمەتی دابم و هەر بۆی مایەی نیگەرانی و نارەحەتی و گریان بووم، دوای ئەوە بوومە پێشمەرگە، کوێستان و گەرمێن گەڕا و لە هەموو شوێنێک لە تەنیشتم بوو، بە کوڵ و کۆڵوانەوە، بە بوخچە و بە ساکەوە، بە فرمێسک و بە پێکەنینەوە، هەر شادی خستۆتە ناخی دڵمەوە.

دایە گیان لە هەموان زیاتر قەرزداری گەورەیەکانی تۆم، ئەگەر نەمتوانی چاکەکانی باوکی ڕەحمەتیم بە خزمەت کردن بدەمەوە، ئەوە هیوادارم کە بتوانم بۆ تۆی خۆشەویست کارێک بکەم کە دڵی خۆمی پێ ڕازی بکەم. فاتێ گیان ئەتۆ لێم خۆش نەبی، لێ خۆش بوونی ئەو دونیاشم پێ خۆش نییە. قوربانی مێهر و وەفا و هەست و سۆزی گەرمت بم، ئاوات و ئارەزووم سەرکەوتنی گەلە بە سەر دوژمنان دا، بە هیوای سەرکەوتن خەبات دەکەم، بۆ ئەوەی تۆی شیرینتر لە گیان لە ئامێزی دائیمی بگرمەوە و بتوانم لەو بە ساڵداچوویەت دا گۆچانی دەستی پیریت بم.

لەگەڵ ڕێز و حورمەتی زۆر.

حەمەرەسووڵ کەریمی

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

# کێ پڕۆسەی یەکگرتنەوەی حدک و حدکای پەک خست؟




بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویست ناکا ئاوڕ لە کاتی لەتبوون و لێک جیابوونەوەی دوای کۆنگرەی ١٣ی حدکا بدەمەوە، بەڵکوو پێویستە بێ درێژکردنەوەی بابەتەکە بچینە نێو وردەکاری پەک خستنی پرۆسەی یەکگرتنەوە و یا وەسەریەک کەوتنەوە و یا هەر ناوێک کە قەرار بوو لە سەری دابندرێ.

یەکێک لە شانازییە گەورەکانی حدک راستبێژی و وتاری سەردەمیانە و دێموکراتیکە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و هێزە و رێکخراوەکانی گۆڕەپانی خەبات لە کوردستان بەگشتی و، لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی.

کاتێک دەرگای دیالۆگ لە نێوان حدک و حدکادا لە لایەن حدکاوە بە گشتی گاڵ درابوو، کاتێک دانیشتن تەنانەت لە لای حیزبەکانی دیکە لە پارچەکانی دیکەش بە بیانووی ئەوە کە حدک بەشدارە و "ناکرێ بە دوو ناوی دێموکرات" بەشدار بین و لە لایەن حدکاوە بایکۆت دەکرا، کاتێک کە سەهۆڵبەندانی نێوانمان گەیشتبووە ئەوپەڕی ساردی خۆی، هەر لەو کات و ساتەدا بە بۆنەی خۆش و ناخۆش و بێ بیانوو گرتن بە حدکا، ئەوە حدک بوو باسی لە دیالۆگ و تواندنەوەی سەهۆڵەکانی نێوان دێموکراتەکان دەکرد و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی کوردستانی و غەیرە کوردستانیدا باسی لە بەیەکەوە کارکردن و یەکتر تەحەموول کردن و تەنانەت پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و کاری گەورەتر دەکرد.

هەموو ئەو باسانە لە زمان و گوتاری کەسایەتیی یەکەمی حدک، بەرێز خالید عەزیزیەوە دەگوتران و ئەوەش هەم پشتیوانی رێبەری و هەمیش پشتیوانی بەدەنەی حدکی لەگەڵ بوو و لە لایەکی دیکەشەوە خەڵکپەسەند و

سەردەمیانە بوو. لێدوانەکانی کاک خالید سەبارەت بە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ئەوەندە روون و شەفافن کە هەڵوێستی یەکگرتنخوازانەی حدک بۆ هەموو لایەک دەردەخەن.

گوتارە خەڵکپەسەند و سەردمیانەکانی حدک بە رووی نیوخۆی وڵاتدا، هاتوچۆی بەردەوامی پێشمەرگەکانی حدک لە دوای لەتبوون بۆ نێوخۆی وڵات، خەباتی فرەڕەهەندی، رۆژهەڵاتتەوەری، پێکهێنانی پارێزەرانی رۆژهەڵات، رێزدانان بۆ کۆمەڵگە و رێکخراوە مەدەنییەکانی نێوخۆی رۆژهەڵات، دروستکردنی متمانە و دیالۆگ لەنێو خەڵکدا بۆ خەبات لە نێوخۆی وڵات، کردنەوەی دیالۆگ لە مێدیاکانی حدک لەگەڵ خەڵک و بژاردەکانی نێوخۆی وڵات، دەرکەوتنی رێبەران و بەرپرسانی حیزبی لە مێدیاکانی باشووری کوردستان و هەروەها لە رادیۆ و تەلەفزیۆنە جۆراوجۆرەکانی جیهانی، دانیشتن لەگەڵ کاربەدەستە باڵاکانی هەرێمی کوردستان، حیزبە کوردستانییەکانی باشوور و باکوور و رۆژئاوا، کۆبوونەوە لەگەڵ ئێرانی و خاریجییەکان و هەروەها سەردانی چەندین سەکۆ و پارلەمانی ئوروپایی و جیهانی و بوون بە ئەندامی رەسمی کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سوسیالیستی جیهانی و کاری دیپلۆماسی حیزب، ناکرێ نەبیندرێ و ئی "تاقمێکی چەند کەسی" بن، بەڵکوو ئەو تێکۆشانە دیار و بەرچاوە و تێکۆشانی نەهێنی شانە تەشکیلاتییەکانی نێوخۆی وڵات، ئی حیزبێکی رەسەن و ماندوویینەناسی وەک حدکە کە هەڵقوڵاوی نێو خەڵکی خۆشەویستی رۆژهەڵاتی کوردستانە، کە لایەنی حدکا لەهەمبەر ئەم راستییەدا چاوی دەنوقاند.

ئەوانە و زۆر کاری دیکە پێناسەی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانن، لەگەڵ ئەوانەشدا حدک لە خەبات و تێکۆشاندا بێ هەڵە و کەم و کوڕی نەبووە و لە زمان و گوتاری کەسایەتی یەکەمی حیزبەوە بەڕیز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حدک و ئەندامانی رێبەری حیزبەوە، باس لە کەم و کوڕی و لە خەباتی دووروودرێژی قۆناخەکانی ئەو حیزبە کراوە و لە قۆناخی دوای لەتبوونیشدا حدک دیسان بێ کەم و کوڕی نەبووە، بەڵام بەخۆشیەوە کار و خەباتی نەپساوە و گەشاوەی دوای لەتبوون، بۆ دۆست و دوژمن دیار بووە و بە کوردی حدک سەری لە نیو سەراندا دیار و بەرزتر بووە و ئەوەش نیگەرانی لە لای دۆستانمان لە حدکا دروست کردووە.

سەبارەت بە یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات ئەوەندە بەسە بڵێم کە هەر کات هەوڵەکان بۆ وەسەریەک خستنەوە گەیشتۆتە لێک نزیکبوونەوە، بەشێک لە رێبەری حدکا بە بیانووی جۆراوجۆر، بەیاننامە و لێدوان دەدەن و بە شێوەیەک لە شێوەکان هەوڵ دەدەن کە ئەم پرۆسەیە پەک بخەن و دوای هەر دیدارێک هەوڵیان دا کە بڵێن دیدارەکان هەروا دۆستانە بوون و هیچی دیکە، زۆر جاریش بە بیانووی ئەوە کە لایەنی حدک بە مێدیاییان کردووە

و نەهێنیان نەپاراستووە ئەوە بۆ ماوەیەک دانیشتنەکانیان راگرتووە.

لە بەرەبەری کۆنگرەی ١٤ و ١٥ی حدکادا بەشێک لە رێبەرییان جەوێکیان دروست کردبوو کە ئەوانەی باس لە یەکریزی و یەکگرتنەوەیان دەکرد بە شێوەیەک کۆسپیان دەخستنە سەر رێ و یاخود کاریان لەسەر دەکردن کە دەنگ نەهێننەوە و بە گوتارێکی ئاڵۆز و پڕ لە کێشە لەسەر حدک هەنگاویان بۆ کۆنگرەکانی ١٤ و ١٥ی خۆیان هەڵێنایەوە و وەکوو دەرکەوت لە کۆنگرەی ١٤دا بە تەواوی دەرگاکانیان داخست و دواتر لە کۆنگرەی ١٥شدا تا رادەیەک لەسەر گوتاری پێشووی خۆیان کە هاوڕێیانی پێشوو، "چۆن رۆیشتوون ئاوا دەتوانن بگەڕێنەوە" و ناویان نەهێنین کۆتایی بە بریاری کۆنگرەیان لەسەر حدک هات.

هەر ئەوەش وایکرد لە دانیشتنەکاندا دەیانگوت بڕیاری کۆنگرەمان هەیە و ئەوەش وایکرد تا دەگەنە کۆنگرەی ١٦ هیچ ئاڵۆگۆڕێک لە خۆیان و گوتاریاندا پێک نەهێنن و لە ناو هێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆ ببوێرن، هەڵبەت بە بۆچوونی ئەوان ناو هێنانی حدک دەبێتە شکستی خۆیان و ئەوەش ئەوانی دوگم و داخراو کردووە، بێخەبەر لەوەی کە شەرعییەتی ناوی حدک لە دەست کۆنگرەی حدک و ئەندامانی حدک دایە نەک دەستی ئەوان.

دوای دوایین لێکنزیکبوونەوە، کاک مستەفا هیجری بە نووسین و دەرکردنی کتێبی (نسکۆ و دابڕان)، فەزای یەکگرتنەوەیان ئاڵۆز و لێڵ کردەوە و لەو کاتەوە کەمتر باس لە دانیشتن و دیالۆگ کراوەتەوە. ئێستا کە دەیانهەوێ بەرەو کۆنگرەی ١٦ی خۆیان بچن، ئەوە جارێکی دیکە کاک حەسەن شەرەفی کەسی دووهەمی حدکا لە رێگای تەلەفزیۆنی رووداو لەبری ئەوەی راستییەکان بڵێ، راستەوخۆ دەڵێ: "شەخسی یەکەمی هاوڕێیانی پێشوومان کاک خالید عەزیزی یەکگرتنەوەی پەک خستووە، بۆ ئەو بەشەش دەڵێ کە ئەوان بۆچوونیان سەبارەت بە ئێران و خەبات بە دژی ئێرانیان گۆڕیوە و دژی خەباتی چەکدارین، ئەوەش ئەوان و ئێمەی زیاتر لێک دوور کردۆتەوە و دواتریش هیوا دەخوازێ کە ئەم گوتارە ئی ئەوان نەبێ"(گێڕانەوە بە نێوەرۆک).

سەبارەت بە وتوویژ لەگەڵ رێژیم و یا هەوڵی حدک سەبارەت بە کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان دەبێ چ دژایەتییەکی لەگەڵ سیاسەتی حدکا هەبێ، وەلامەکەی دەبێ کاک حەسەن و هاوڕێیانی بیدەنەوە و بڵێن ئایا ئیختلافمان لە دانیشتنەکانی یەکگرتنەوەدا لەسەر ئەو خاڵانە بوو؟

ئەم دوو پرسە نەک هەر نوێ نین بەڵکوو لەمێژ ساڵە وەک بنەمای کاری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە پێش لەتبوون هەبوون و هەنووکەش حدکا وتووێژی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وەک ئەسڵێک ڕەد نەکردۆتەوە و ئەگەر نێوبژیوان هەبن ئەوە دەچنە سەر مێزی وتووێژ.

سەبارەت بە وتووێژ لانیکەم کاک حەسەن بۆخۆی یەکێک لەو کەسانە بووە کە هاوڕێ لەگەڵ بەڕێز مامۆستا حەسەنزادە بۆ ناشتن و بە خاکسپاردنی ڕێبەری شەهیدکراومان کاک دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی کە لە سەر مێزی وتووێژ شەهید کران لە گۆڕستانی پێرلاشێز لە پاریس ئامادە بوو. کە وایە بۆچی پرسی وتووێژ بۆ حدک هێڵی سوورە و وتووێژ دەکرێتە بیانوو بۆ دووربوونەوە لە پرسی یەکگرتنەوە؟

سەبارەت بە کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکانیش حیزبی ئێمە لە سەردەم و قۆناخی جیاوازدا هەڵوێستی لێبراونە و بەجێی گرتووە و نموونەی هەرە دیاری ئەو هەڵوێستە ئەوە بوو کە شەخسی شەهید دوکتور قاسملوو بۆ خۆی کاندیدی ڕەسمی حیزبی دێموکرات بوو بۆ بەشداری لە مەجلیسی خیبرەگان و دەنگهێنانەوەشی نیشانەی هەڵویستی دروستی حیزبی دێموکرات و خۆشەویستی دوکتور قاسملوو بوو، کە وایە ئەم پرسەش، لە نێو خەباتی حدکادا هەر لە سەرەتاوە وجوودی هەبووە و ناکرێ ئێستا کە ئێمە ئەم پرسە جارێکی دیکە بەهێزتر نیشان بدەین، بڵێ کە ئەوە جیاوازیی نێوانمان زیاتر دەکا و ئەوە ئەگەر گوتاری هەمووی ئەوان بێ ئەوە زیاتر لێکمان دوور دەکاتەوە. ئەو پرسانەی لە وتار و قسەکانی خالید عەزیزی لە مێدیاکانی دەرەوە و نێوخۆی حیزب بڵاو بوونەوە گوتاری سیاسی حیزبەکەمان بوون و هەموو لایەکمان پشتیوانیمان لێکردووە و ئەگەریش گرفتێکی تایبەت لەسەر وتاری کاک خالید هەبووبێ ئەوە زۆر دڵفراوانە گرفتەکانمان لەگەڵ باس کردوون و لە داهاتووشدا باس کردن لە گرفتەکان دەتوانێ زیاتر لە ئامانجی خۆمان نزیکترمان بکاتەوە.

سەبارەت بە خەباتی چەکداری یان ڕەد کردنەوەی خەباتی چەکداری بەدژی ڕێژیم گوایا لە لایەن حدکەوە! بە دڵنیاییەوە کاک حەسەن شەرەفی بۆخۆشی زۆر چاک دەزانێ کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئەوەی خەباتی بە دژی ڕژێمی ئێران کردووە حدک بووە و لە ماوەی دوای لەتبوونەوە یەکەم هێزەکانی دژ بە ڕێژیم بووین کە کادر و پێشمەرگە و ڕێبەریمان لە نێوخۆی وڵات خەباتیان کردووە و لەو پێناوەشدا زیاتر لە ١٠ شەهیدمان پێشکەش بە بارەگای پڕ سەروەری شەهیدان کردووە و وەک لە دێرەکانی سەرەوەدا ئاماژەم پێداوە ڕەچەشکێنی خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە.

کاک حەسەن شەرەفی بۆ ئەوەی جەوی کۆنگرەی ١٦یان جارێکی دیکە بەرەو ئاقارێک بەرێ کە باسی دیالۆگ و لێک نزیکبوونەوە کزتر بکاتەوە لە ئێستاوە خەتا و هەڵە گەورەکانی خۆیان بە سەر حدک و کاک خالید عەزیزیدا دەشکێنێتەوە و لە جیاتی ئەوە کە تۆوی هیوا و ئومێد بچێنێ جارێکی دیکە بە پشت بەستن بە قسەی بێ بەڵگە، باس لە یەک خستنی یەکگرتنەوە دەکا، ئەویش بە تاوانبار کردنی ڕێزدار خالید عەزیزی.

ئەوەی بۆ من جێگای تێرامانە ئەوەیە کە ئەگەر حدک بە قسەی دوای لەتبوون هەر ئەو تاقمە چەند کەسی‌یەن، چ گرینگی‌یەکی هەیە کە هێندە باس لە حدک بکەن، گوتار و کاتی خۆتان بۆ لە سەر ئەوان خەسار دەکەن؟ وەڵامی ئەو پرسیارە خەڵک بە باشی دەیزانێ و پێویست ناکا خۆڵ لە چاوی خەڵکی کوردستان بکەین.

کاک حەسەن شەرەفی ئەوەش زۆر چاک دەزانێ کە، حیزبی دێموکراتی کوردستان جێ پێی پتەوی لە نێوخۆی وڵات هەیە و بۆیە هەر نێوەنێوە بۆ ئەوەی جێ پێی حدک کەمرەنگ بکاتەوە بە گوتارێکی یەکلایەنە چەند قسەیەک بە دژی حدک دەکا و جەوی لێک نزیکبوونەوە تێک دەدا و یەک لایەنە لە لای قازیڕا بە رازی بەرەو ماڵێ دەگەڕێتەوە و خۆراک بۆ ئەو کەسانەی کە دژی یەکگرتنەوەن دروست دەکا و هەم دونیای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتی‌یەکان ئاڵۆز دەکا و هەمیش تۆوی نائومێدی لە نێو دڵی خوازیارانی یەکگرتنەوەدا دەچێنێ و بەو کارەش دڵی دوژمن و نەیاران خۆش دەکا.

کاک حەسەن شەرەفی لە جیاتی ئەو باسانە، باشتر وایە ئاوڕێک لە دوژمنی سەرەکیی هەر دوو لامان بداتەوە و وتارەکانی لەسەر ئەوان چڕتر بکاتەوە و سیاسەتی خۆیان بەهێزتر بکات. سروشتی کاری سیاسی وا دەخوازێ کە ڕەقیبی سیاسی دەبێ هەوڵ بدا خۆی پتەو بکات تا لە کێبەرکێ و ململانەی سیاسی‌دا بە گوتار و بەڵگەی سیاسی‌یەوە مەیدانداری بکات نەک بە قسەی بێ بەڵگە و یەک لایانە.

ئەگەر ڕێگای یەکگرتنەوە بۆ لایەنی حدکا چەتوون و پڕ هەوراز و نشێوە و بیانوو دێنێتەوە بۆ یەک نەگرتنەوە، باشتر وایە کە وەک دوو حیزبی کوردستانی ، وەک دوو حیزبی لێک نزیک و دوو حیزبی هاوپەیمان و هاوخەبات، یەکتر تەحەمووڵ بکەین و هاوکات هەر کامەمان لە راستای بەرژەوەندی گەل دا کار بە دژی کۆماری ئیسلامی بکەین و هاوکاتیش ڕێز بۆ خەبات و تێکۆشانی دەیان ساڵەی یەکتر دابنێین.

لە کۆتاییدا هیوا دەخوازم کە بە چاوی کراوە و بە دوور لە دەمارگرژی هەوڵەکانمان بۆ یەکگرتنەوەیەکی دروست و ئوسوولی چڕ بکەینەوە بۆ ئەوەی کە لە داهاتوودا لە چوارچێوەی حیزبێکی یەکگرتوودا، کە ڕێزی هەمووانی تێدا پارێزراو بێ و هی هەمووان بێ، لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیی گەلدا تێبکۆشین.


تێبینی ئەم نووسینە ڕوانگە و بۆچوونی خۆمە و وەک ئەندامێکی حدک بە مافی خۆمی دەزانم بەرگری لە سیاسەتی درووست و ئوسولی حیزبەکەمان بکەم و سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بە نووسین بیروبۆچوونی خۆیان دەردەبرن.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

---

## گەورەم، سەروەرم شەهید قاسملوو!

باوەش بۆ کوڕە شەهیدەکانت ، بۆ کۆترە باڵ بەخوێنەکانی دێموکرات بکەوە، ئەوان بۆ ڕووناکی و خەندە و لە دایکبوونت، بوونە شەمی ڕووناکی و هاتنە لات.



کوڕە شەنگ و چەلەنگەکانی حدک، سووری دەنکی هەناریان بە خوێنی خۆیان سوورتر کرد و خوێن و جەستەی خۆیان بۆ لە دایکبوونت کردە نوقڵ و شەربەتی سووری گوێزەبانە و گەشی چاوەکانیان کردە ڕووناکی شەمێک بۆ نێو تاریکی و بۆ تاریک پەرەستان.

هێژام شەهید قاسملوو!

مێژەر بەسەرانی تاران تۆیان لە سەر مێزی ئاشتی و وتووێژ

خەڵتانی خوێن کرد، بۆ ئەوەی ئێمە چاوترسێن بکەن، ئەمشەو جارێکیتر لە یادی لە دایکبوونت دا پۆلێک هاوڕێ و هاوڕێباز و پێشمەرگەی باوەر و ئامانجەکانتیان وەک پیشەی هەمیشەیان کردە ئامانجی تیرۆریستی خۆیان و لە دوای خۆشی لە دایکبوونت، تاریک پەرەستان بە چرکەیەک هەناسەی گەرم و هەستی دڵی پڕ لە ئەوینی درێژەدەرانی ڕێگەی تۆیان لە گەرمی و لە لێدان خست.

حاکمانی ترسنۆکی ئێران، بە نیازی گوڵاویان جەستەی تۆیان لێ ستاندین، تۆیان لێ دوور کردینە بۆ ئەوەی بە جێ پێ و هەنگاوەکانی تۆ دا هەنگاو بەرەو لووتکە هەڵنەهێنینەوە، بەڵام ئەوان خەیاڵیان خاو بوو، چوونکە باوەر و ئیمان و ورە و ڕێبازت، دەرس و وانە و ئامۆژگاریەکانت وەک ملوانکەی زێرین لە گەردنی ڕێبوارانت دا هەروا دەدرەوشێتەوە و بە شەهیدبوونی ڕێبوارانی ڕێگاکەت زیاتر لە تۆ و ئامانجەکانت نزیک دەبینەوە.

ئەمشە لە یادی لە دایکبوونی خۆری چاوەکانت دا، پۆلێک ئەستێرە هاتنە سەر مەزارت، ئەوان بە خەندە و بزە و شادی لە ئاسمانی ساماڵی ژیانت بوونە میوان. هەروەک چۆن تۆی سەروەرمان لە سەر سەرمان دەدرەوشێیەوە، ئەوانیش بە عیشقی درەوشانەوە لە تەنیشت شەوقی پڕ لە تروسکەی تۆدا لە تەنیشت تۆ دەدرەوشێنەوە و ڕێگای خەباتمان بۆ ڕووناکتر و واڵاتر دەکەن.

بە دڵنیایەوە هەروەک چۆن لە یادی شەهیدبوونی تۆی تاجی سەرمان دا، پەیمان و بەڵێنیمان دا تا وەدیهاتنی ئامانجەکانت ڕێبواری شێلگیری ڕێگای پڕ لە هەوراز و نشێوت بین، ئەوە ئەمشەویش لە یادی لە دایکبوونت دا و لە یادی یەڵدای سووری دێموکرات دا بەڵێن دەدەین بە جێ پێ و هەنگاوەکانتان دا هەروا بێین و زیاتر لە جاران لێتان نزیک بینەوە و بە یەکریزی و یەکدڵی و یەکگرتوویی خۆمان دڵی دوژمنان و تیرۆریستان و شەوپەرەست و تاریک پەرەستانی کۆماری ئیسلامی وەلەرزە بخەین.

ڕووحی شەهیدانی شەوی یەڵدای سووری دێموکرات شاد و ڕێگای خەباتی هەموو شەهیدان پڕ ڕێبوار بێ.
نەفرەت لە تیرۆر و نەفرەت لە بکوژ و بکەرانی ئەم تاوانە قێزەون و دوور لە ئینسانیە.

***شەهیدەکانی ئەم ڕووداوە بریتین لە:***

***١- عەلی قۆیتاسی، کادری حیزب***

٢- وەهاب میر خزری، پێشمەرگەی حیزب

٣- سالار باقری، پێشمەرگەی حیزب

٤- ئەرسەلان عەباس نیا، پێشمەرگەی حیزب

٥- ناسر کەریمی، ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات،

٦- عەدنان عەبدوڵلا، مفەوەزی ئاسایش

٧- سەنگەر ستار پۆلیسی ئاسایش

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٦

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٧

-----------------------------------------------------------

## بۆ کاک فەتاح کاویان یەکێک لە ئازیزترین کەسەکانم

## (هاوڕێ، برا، باب و مام و مامۆستا)



ساڵانێک بوو ناوی کاک فەتاح کاویانم لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بەر گوی دەکەوت و لە هەموو ئەو ماوەیەدا سیمای کاک فەتاح کاویانم لە پێش چاوان وەک مرۆڤێکی باڵابەرز و بەخۆوە، سمێل زل و پشتێند پان دەهاتە بەرچاو.

دوای ساڵانێک یەکەم جار کە لە هێزی مینەشەم ڕا بە مەئموریەت لەگەڵ چەند برینداریک چووینە نەخۆشخانەی حیزب لە باشووری کوردستان و بە هۆی ئەوە پاییزێکی درەنگ وەخت بوو، کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی داوای لێکردین کە ئەو چەند کەسە لە بنکەکانی دەوری دەفتەر تا وەرزی بەهار بمێنینەوە. لەگەڵ ئەوەدا هیچ مەیلی مانەوەم لە بنکەکانی دەوری دەفتەر نەبوو، بەڵام دەبوو بڕیاری کۆمیسیۆن جێبەجێ بکەین.

وەک پێشمەرگەیەک ناردمیانە بنکەی تەقەمەنی حیزب کە سەر بە سکرتاریای حیزب بوو و شەخسی نەمر شەهید دوکتور قاسملوو لە سەر ئەم بنکەیە بڕیاری سەرەکی و کۆتایی دەدا.

یەکم جار بوو دەچوومە دەفتەری سیاسی و هەموو کەسەکان بۆ من نەناسیاو بوون، جارجار کەسانێکم دەدیتن کە دەمناسین. بە هاتووچۆی بەردەوام توانیم بەرەبەرە کادرو پێشمەرگەکان بناسم، لە مەیدانی فوتباڵ و ساڵۆنی نان خواردن و لە ساڵۆنی پینگ‌پۆنگ زۆرێک لە کەسەکانم ناسین.

ئێوارەیەک لە ساڵۆنی پینگ‌پۆنگ کادرێکی حیزبی بە بالاکورت و تەمەن ٥٠ ساڵان بە دەستێک لیباسی جوان و کلێتێک لەسەر هاتە ژوورەوە، هەمووان تێکرا گووتیان کاک فەتاح بەخێر بێی، وەرە ئەوەی لێدەگەڕێی لێرەیە.
ئەو کات یەکێک لەو کەسانە بووم کە کەیفم بە یاریکردن دەهات و زۆربەی ئەو کاتانەی بێکار دەبووم دەچووم بۆ ساڵۆنی پینگ‌پۆنگ. لەگەڵ کاک فەتاح سەرو راکێتی پینگ‌پۆنگیان دەست دایە و هەر یەکەی لە لایەکی میزەکە راوەستاین.

کاکی خۆم ناوت چیە؟ خەڵکی کوێی؟ پێشمەرگەی کام بنکەی؟

ناوم حەمەرەسووڵ کەریمی‌یە، خەڵکی سەردەشتم و لە بنکەی تەقەمەنیم!

هەی بەخێر بێی وەڵلا مادام سەردەشتی لە یاری‌یەکە ناترسم، ئاخر سەردەشتی ئەو جۆرە یارییانە نازانن.
هەموو ئەوانەی لەوێ بوون لە قاقای پێکەنینیان دا و لە یەک چاوتروکان دا گووتی: دەی وەرە بزانم چەند مەردە هەلاجی؟

منیش گووتم: کاکی خۆم پرسیار عەیب نییە دەی باشە جەنابت ناوت چییە؟ خەڵکی کوێی؟

ئەمن فەتاح کاویانم و خەڵکی سابڵاغم!

سابڵاغەکەی لە نێوی دڵی ڕا هێنا دەرێ و گووتی جا کوا سەردەشتی بە سابڵاغیان دەوێرن؟
باوەرم نەدەکرد ئەو کەسە کاک فەتاح بێ، ئاخر کاک فەتاح لە مێشکی من دا بالابەرز و سمێل زل و بەخۆوە بوو، پێم وانەبوو کە کاک فەتاح، ئاوا وردیلە و سەر و سیمای جوان و سپی پێست بێ.
یاریمان دەست پێکرد و دوای چەند گەیم و چەند یاری‌یەک کاک فەتاح گووتی پێم وانییە ئەتۆ سەردەشتی بی.

دوای ئه‌و ڕۆژه‌ له‌گه‌ڵ كاك فه‌تاح بووینه‌ هاوڕێ و دواتر كاك فه‌تاح هه‌ستی خۆی وه‌ك برا و باب و مام و مامۆستا بۆ من نیشان دا و له‌ هه‌موو قۆناخه‌كانی ژیانی پێشمه‌رگایه‌تیم دا چ ئه‌و كاتانه‌ له‌ ناوچه‌ ده‌بووم و چ ئه‌و كاتانه‌ی سه‌ردانی ده‌فته‌رم ده‌كرد په‌یوه‌ندی‌یه‌كی گه‌رم و گوڕمان هه‌بوو، له‌و ماوه‌یه‌شدا له‌ من و له‌ بنه‌ماڵه‌كه‌مانی كۆڵی بۆوه‌ و تا راده‌یه‌ك بنه‌ماڵه‌كه‌مانی ده‌ناسی.

له‌گه‌ڵ كاك فه‌تاح بووینه‌ هاوڕێ و كوڕ و باب، زۆرجار به‌ تایبه‌تی نامه‌ی بۆ ده‌نووسیم و ڕێنوێنی ده‌كردم كه‌ ئاگام له‌ خۆ بێ و حیزب پێویستی به‌ گه‌نجی وه‌كی تۆ و هه‌زارانی وه‌ك تۆ هه‌یه‌، به‌ هۆی ئه‌وه‌ سه‌ردانی به‌غدا و ده‌ره‌وه‌ی وڵاتی ده‌كرد هه‌موو جارێك شتی جوانی وه‌ك خودكار و كراس و خودنویس و شه‌تره‌نج و ئه‌و جۆره‌ شتانه‌ی به‌ دیاری بۆ ده‌ناردم و منیش وه‌ك یادگاری هه‌ڵم ده‌گرتن.

هه‌ر كات ده‌چوومه‌ ناوچه‌ بۆ نێو خه‌ڵك ده‌مزانی كاك فه‌تاح كه‌یفی به‌ شتی ده‌ستچن دێ، هه‌ر ساڵه‌ی شتێك و یا دوو شتی وه‌ك گۆره‌وی و پوزله‌خ و كراسی مه‌ره‌ز و سه‌ركولاوی گوڵینگه‌دار و یا كلێتم بۆ به‌ درووست كردن ده‌دا و پاییزان له‌گه‌ڵ ده‌ستی خۆم له‌ نێو كۆڵه‌پشتی دا وه‌ك دیاری بۆم دێنایه‌وه‌ و هه‌ر كات پێشكه‌شم ده‌كرد ده‌یگووت: ئه‌گه‌ر كوڕه‌كانی ڕادیۆ و هێندێك له‌ پێشمه‌رگه‌كان لێم گه‌ڕێن ئه‌وه‌ وه‌ك یادگاری هه‌ڵیان داوه‌سم، به‌ڵام مه‌جبوورم هه‌ڵیان بگرم و جارجار له‌به‌ریان بكه‌م، ئه‌گینا ئه‌و یادگاریانه‌م لێ ده‌ستێنن.

كاك فه‌تاح به‌ ڕاستی مامۆستا بوو، پێش هاتنی بۆ پێشمه‌رگایه‌تی به‌ سه‌دان قوتابی هه‌بووه‌، وه‌رزشكار بوو، سیاسه‌توان بوو به‌ مانای لیزانی له‌ سیاسه‌ت دا، دیپلۆمات و مرۆڤدۆست بوو، خه‌تخۆش و قسه‌ خۆش بوو، له‌ شێعر و ده‌ربڕینی وشه‌دا ڕووحی وه‌به‌ر شێعر و گوتاره‌كانی ده‌دا، هه‌موو كه‌س له‌ زمانی شیرینی كاك فه‌تاح حاڵی ده‌بوو، شێعری كوردی و فارسی و توركی ده‌زانین، شێعر له‌ لای ئه‌و مانای خۆیان هه‌بوو، بۆ خۆشی چه‌ندین شێعری جوانی كوردی و فارسی هه‌بوون و زۆرجار له‌ مه‌جلیس و له‌ كۆڕوكۆبونه‌وه‌كانیش دا كه‌ڵكی لێ وه‌رده‌گرتن و هاوكات بۆ ئه‌وانه‌ی كه‌ خۆشی ده‌ویستن به‌ ده‌ستخه‌تی خۆی بۆی ده‌نووسینه‌وه‌ و زۆرجاریش به‌ جیا بۆی ده‌خوێندنه‌وه‌، كاك فه‌تاح قسه‌خۆش و نوكته‌زان و ڕووخۆش بوو و وه‌ك ده‌ڵێن گوڵی نێو هه‌موو مه‌جلیسه‌كان بوو. له‌ به‌خشینیش دا ده‌ست و دڵ ئاواڵه‌ و دڵفراوان و به‌ سه‌خاوه‌ت بوو.

كاك فه‌تاح زمانزان و ئه‌دیب بوو، زمانه‌كانی كوردی، فارسی، ئینگلیزی ده‌زانین و تا ڕاده‌یه‌كیش توركی ده‌زانی و

بە ڕاستی لەم بوارەدا زەحمەتی زۆری کێشا و وەرگێران و نووسینەکانی ئەوەندە زۆرن کە لە نووسین نایەن. کاتێک کتێب و فەرهەنگی حەوتەوانەی تەنزیم دەکرد لە تەنیشتی بووم کە چەندە لێزانانە ئەو هەموو کاغەز و ئەو هەموو کوتە کارتۆنەی لە تەنیشت یەک ڕیز کردبوون و زۆر بە شێوەیەکی ڕێک و پێک تەنزیمی دەکرد. فەرهەنگی حەوتەوانە و هەروەها وەرگێڕانی کتێبی "خولیا و مەرگی قاسملووی کورد" لە ئینگلیزییەوە بۆ سەر زمانەکانی کوردی و چەند بەرهەمی دیکە لێزانی کاک فەتاح لە بواری نووسین و وەرگێرانەوە جوانتر و باشتر نیشان دەدا. فەرهەنگی حەوتەوانە کە دواتر لە ساڵی ٢٠٠١ دا لە چاپ درا و دانەیەکی وەک دیاری پێشکەش کردم نیشان دەدا کە لە بواری ئەدەبیات و وشەدا کاک فەتاح چەندە ورد و لێزان بووە. حەوتەوانە لە نێوەکەی ڕا دیارە کە بە حەوت شێوە دەتوانی کەڵک لەم فەرهەنگە وەر بگری بۆ نموونە:

*کوردی ـ کوردی*

*کوردی ـ فارسی*

*کوردی ـ ئینگلیزی*

*فارسی ـ کوردی*

*فارسی ـ فارسی*

*فارسی ـ ئینگلیزی*

*ئینگلیزی ـ ئینگلیزی*

دۆستایەتی نێوان ئێمە بە لەتبوون و لێکترازانی حیزبیش دوای کۆنگرەی ٨ کۆتایی نەهات، ئەو لەگەڵ تەشکیلاتی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر و منیش لەگەڵ تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، زۆرجار وەڵامی لێ دەناردم کە ئاگام لە خۆم بێ و زۆرجاریش دیاری بۆ دەناردم و چەند جارێکیش لە سولێمانی لە دووکانی حاجی حەسەنی خاڵم چاومان بە یەکتر دەکەوت، گەورەیی کاک فەتاح لەوە دا بوو کە نە خوێندەواریەکەی و نە بەرپرسایەتی گەورە و نە تەمەنی هیچیان نەبیوونە ڕێگر لەوە کە خۆی لە من و هاوڕێیانی دیکە جیا بکاتەوە و خاکی و خاکەڕایی لە سەروسیما و لە هەست و وجوودی دەباری، گورجوگۆڵ و بە هەڵوێست، شۆڕشگێر و خۆنەویست بوو، ئەوەی لە لای کاک فەتاح گرینگی نەبوو سەروەت و سامان بوو، هەموو کاتی خۆی بە خوێندنەوە و بە نووسینەوە تێپەر دەکرد و خەرمانەی ئەو نووسینانەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی حیزبەوە دیارن و زۆر جاریش لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دا وتاری بڵاو دەبوونەوە.

خەمی گەورەی کاک فەتاح تەنیا و تەنیا حیزبەکەی و شۆڕشەکەی بوو، هەموو لایەکی خۆش دەویستن و کادرو پێشمەرگەکانیش کاک فەتاحیان خۆش دەویست.

لەگەڵ هەر ڕووداوێک لە حیزبدا جەرگی ژانی دەکرد و لە شادی و خۆشی و خەمی هەموو لایەک دا بەشداری دەکرد. ئەوە هەر تەنیا بۆ کادر و پێشمەرگەی حیزب نەبوو بەڵکوو زۆرێک لە کادر و پێشمەرگەی هێزەکانی دیکەی لە ڕێکخراوەکانی دیکەش دەناسی، پەیوەندی لەگەڵ سەرکردەکانی حیزبەکانی باشووری کوردستان و لایەنەکانی دیکە هەبوو. یەکێک لەو دەگمەنە شۆڕشگێرانە بوو کە لە قسەکردن دا ورد و لە دانی زانیاری دا ئەو پەری سەداقەتی لە خۆی نیشان دەدا و مرۆڤێکی بە تەدبیر و جێگای متمانە و سەرکردەیەکی سیاسی و لێزان و وریا و خۆشناو بوو، ئەوەندەی تەمەنی مەجالی پێدا لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا خزمەتی بە گەل و نیشتمان کرد و تا توانی لە سەر ڕێبازی پێشەوا قازی و هەموو شەهیدانی گەل پێداگری کرد و لە سەر ئەم ڕیگایەش هەروا تا کاتی کۆچی دوایی و ماڵئاوایی یەکجارەکی درێژەی بە خەبات و تێکۆشان دا.

کۆچی دوایی کاک فەتاح بۆ من وەک حەمەرەسووڵ یەکجار بە ژان و قورسە و هیچ کات ناتوانم قسە و ڕێنوێنی و هەست و سۆز و وەفای کاک فەتاح ، تەنز و ڕوانینەکانی، زەردەخەنە و پیاسە کردنی بەیانی و ئێوارانی لە یاد بکەم، چوونکە کاک فەتاح لەگەڵ ئەوەدا تووشی نەخۆشی لە یادکردن و لە یادچوونەوە (ئالزایمێر) ببوو، بەڵام لەو حاڵەتەش دا هیچ کات سیمای منی لە یاد نەکرد و لەو ماوەیەدا بەردەوام هەم بەدیدار و هەم بە تەلەفوون لە یادی دابووم و منیش وەک کەسێک دەبوو ئەو هەستە جوانەی کاک فەتاح پاراو بکەم و هەمو جارێک زۆربەی کاتەکانم لە قەڵای دێموکرات لەگەڵ ئەو تێکۆشەرە ماندوویینەناسەی دێموکرات لە ژوورە یا سەفاکەی و یا لە ژوورەکەی شوێنی مانەوەم و یا لە حەساری قەڵا بە قەدەم لێدان تەرخان دەکرد و لە قسە و لە گێرانەوەی بەسەرهاتی ژیانی هەم ئەزموونم وەردەگرت و هەمیش زۆرجار تووشی خەمێکی قوڵ دەبووم کە بۆچی کاک فەتاح لە دوایین ساڵەکانی تەمەنیشی دا هەروا بە تەنیایە.

لەو نێوەدا کەسێک کە هەموو کات لە تەنیشت کاک فەتاح بوو کاک قاسم سوڵتانی بوو، کە بە ڕاستی جێگای هەموو لایەکی بۆ کاک فەتاح پڕ کرد بۆوە، وەک کەسێکی بە ئەمەگ لێرەوە سەری ڕێز بۆ کاک قاسم دادەنوێنم و سەرەخۆشی لە کاک قاسم وەک تاقە کەسێک کە ژیانی خۆی بۆ خزمەتی حیزبەکەی و کاک فەتاح تەرخان کردووە دادەنوێنم و لە ئامێزی برایانە و پێشمەرگانەی دەگرم.

لە کۆتایی دا سەرەخۆشی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گشتی و ئەندامانی بنەماڵەکەی و خاتوو سەرگوڵ کاویان و بە تایبەت کاک قاسم سوڵتانی دەکەم کە لە هەموو ماوەی ژیانی شۆڕشگێری دا لە تەنیشت کاک فەتاح ژیا و هەموو داواکاری و پێویستییەکانی ڕۆژانەی وەک دڵسۆزێک بۆ ڕادەپەراندن و کەل و پەلی پێویستی بۆ دابین دەکردن.

رووحت شاد مامۆستا و خۆشەویستی هەموومان کاک فەتاح کاویان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٩ی جانێوێری ٢٠١٧

## بە هۆی هەرەس و ڕنووە بەفر چەند کاسبکار و کۆڵبەر لە ناوچەی سەردەشت گیانیان لە دەست دا



بە پێی هەواڵی گەیشتوو ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٨ - ١ - ٢٠١٧ کۆمەڵێک لە کاسبکار و کۆڵبەرانی سەر سنوور لە پشت ئاوایی بێورانی خوارێ لە ناوچەی سەردەشت بە هۆی هەرەس و ڕنووە بەفر گیانیان لە دەست دا.

بە پێی هەواڵ و زانیاری ١٢ کەس لە کاسبکار و کۆڵبەران لە کاتێکدا دەیانهەویست لە سەرما و سۆڵی زستاندا بۆ بژێوی ماڵ و منداڵیان سنوورەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببرن، بەداخەوە بە هۆی هاتنی ڕنووە بەفر ٤ کەس بە ناوەکانی دیاری محەممەد نەژاد، کوڕی هەمزە تەمەن١٨ساڵ و شێرزاد عەبدوڵڵاهی، تەمەن ٢٧ساڵ

کوڕی عومەر و هیوا ئیبراهیم نیا ، کوڕی عەبدوڵڵا تەمەن ۲۲ ساڵ و محەممەد هەمزەزادە ، گیانیان لە دەست دا و ۷ کەسیش بە هەوڵ و هیممەتی خەلکی ئاوایی بێوران و چەند شاخەوانێک لە ژێر بەفرەکە ڕزگار کران.

بەداخەوە ئەو پۆلە لە کاسبکاران بۆ ئەوەی نەکەونە بەردەستی سەرباز و پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بۆ ئەوەی بە دوور لە چاوی ئەوان کۆڵەکانیان بگەیێنە شوێنی مەبەست ، ڕێگای خۆیان دەگۆڕن و دواتر دەکەونە شوێنێک کە مەترسی ڕنووی لێدەکرا و بە هۆی دەنگە دەنگ و هەلاتنی کۆڵبەرەکان ڕنوو دەتەقێ و لە ئاکام دا چوار کەس گیان لە دەست دەدەن و چەندین کەسی دیکەش برینداردەبن. دوای ڕزگار کردنی چەندین کەس لە مەرگ خەڵکی ناوچە بە گورج و گۆڵی بە کەڵک وەرگرتن لە ماشێنەکانی خۆیان ، بریندارەکان دەگەیێنە نەخۆشخانەی سەردەشت و بەم شێوەیە گیانیان لە مردن ڕزگار دەکەن.

کۆڵبەر و کاسبکارانی کورد لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا و بە تایبەت لە وەرزی زستان دا گیانیان لە مەترسی دایە، جیا لە کوشتن بە دەستی چەکدارانی ڕژێمەوە، هاوکات بە هۆی تەقینەوەی مین لە سەر سنوورەکان، بە هۆی لافاو و هەستانی چۆم و ڕووبارەکان، بە هۆی هەرەس هێنانی شاخ و هەروەها ڕنووی بەفر و ڕووداوە سرووشتییەکان بەشێکی بەرچاو لە کاسبکارەکان گیان لە دەست دەدەن و یا کەم ئەندام و نەخۆش دەبن.

سەرەرای ڕووداوە سرووشتییەکان، کاسبکاران هەموو کات لە لایەن چەکدارانی ڕژێمەوە گیانیان لە مەترسی دایە و سالانە بە دەیان و سەدان کەس لە کۆڵبەران گیان لە دەست دەدەن و زۆرێکیش بەداخەوە کەم ئەندام و نەقوستان دەبن.

گرانی و نەبوونی شتوومەک و نەبوونی کارخانە لە کوردستان بۆتە هۆی ئەوە کە بەشێک لە خەڵک بۆ بژیوی خۆیان و بنەماڵەیان ڕێگای دژواری کۆڵبەری لە سەر سنوورەکان هەڵبژێرن و گیانی خۆیان لە مەترسی بخەن. دەسەڵاتدارانی ئێران لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە زەختیان لە سەر خەڵک زیاد کردووە، نەبوونی کارخانە و کارگەی سەرەتایی لە کوردستان دا خەڵکی زیاتر تووشی بێکاری کردووە و ڕژێم بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدا کە خەڵکی کوردستان تووشی نەهامەتی و بێکاری بکەن و لە هەمان کاتدا بە کردەوەی نامرۆڤانە و فاشیستی خۆیان و چەکدارەکانیان زیاتر خەڵک دەکوژن و گیانیان لە مەترسی دەخەن.

سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قوربانیانی ئەو کارەساتە و هەموو خەڵکی ناوچەی سەردەشت و خزم و کەس و کاریان دەکەین و هیوای ساخ بوونەوەش بۆ برینداڕەکان بە ئاوات دەخوازین.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٩ی جانێوێری ٢٠١٧

## حەمە گۆرانیش دوای زیاتر لە ٣٣ ساڵ خەبات و تێکۆشان و نەبەزی بە جێی هێشتین



زیاتر لە ٣٠ ساڵە لە نزیکەوە کاک حەمە گۆران و بنەماڵەکەی و برا شەهیدەکانیم دەناسی، لە هەموو ئەو ماوەیەدا و بە تایبەت ئەو کاتانەی کە لە هێزی گیارەنگ بە یەکەوە بووین و بە بنەماڵەش جیران و هاوسێ بووین چاکتر حەمە گۆران و براژنە نازدارم ناسین.

حەمە گۆران یەکێک لەو مرۆڤە دڵپاک و سادقانە بوو کە زۆر سادقانە و بە باوەڕەوە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی هەڵبژارد بوو، پێشمەرگەیەک بوو، تەژی لە خەندە و بزە، لێوڕێژ لە پاکی و خاکەڕایی، پڕاوپڕ لە هێز و وورەی پێشمەرگانە.

کاک حەمە گۆران و بنەماڵەکەی لەگەڵ ئەوەدا ساحەب مڵک و ماڵ و سەروەت و سامان بوون، بەڵام بە هەست کردن بە زوڵم و زۆری حکوومەت و جاش و خۆفرۆشەکانی ناوچە، وێڕای بنەماڵەکەی پشت لە سەروەت و سامان و مڵک و زەوی زاری خۆیان و ڕوو لە چیاکانی کوردستان دەکەن، بە هۆی ئەوە کە پێشتر پەیوەندی بە ریزەکانی

حیزبەوە هەبووە، ڕاستەوخۆ دەبێتە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە هێزی موعینی سازمان دەدرێ.

کاک حەمەگۆران وێرای ئەوە کە پێشمەرگەی هێزی گیارەنگ بووە و لەو هێزەدا بە دەیان مەئموریەتی و ئەرکی جۆراوجۆری حیزبی بەڕیوە بردوون هاوکاتیش توانیویەتی بە هەوڵ و هیممەتی خۆی و بنەماڵەکەی پشتیوانی سەرەکی کادرو پێشمەرگە بێدەرەتانەکانیش بێ و برا و منداڵەکانی لە ژێر سایەی خۆیدا پەروەردە بکا.

حەمە گۆران لەگەڵ ئەوەدا کە بە تەمەنیش بووە بەڵام هیچ کات تەمەنی نەبۆتە بەربەست بۆ ئەوەی کاری پێشمەرگانە نەکات ، بەڵکوو هەر لە سەرەتاوە پێشمەرگەی دەستە و پەل و لک بووە، هاوکاتیش بەشێکی بەرچاو لە پێشمەرگایەتی کاک حەمە ڕاستەوخۆ لە ژێر بەرپرسایەتی کۆمیتە شارستان دابووە و لەو پەیوەندی‌یەدا لە بنکەی کۆمیتەی شارستان، لە بنکەی تەقەمەنی سەر بە کۆمیتە شارستان، لە بنکەی تداروکاتی گشتی سەر بە کۆمیتە شارستان، لە بنکەی ئەمنییەتی سەر بە کۆمیتە شارستان و لە چەندین شوێنی دیکە دا خزمەتی بەرچاوی بە حیزبی دێموکرات و گەلی کورد کردووە.

لە ماوەی پێشمەرگایەتی دا دوو برای بە ناوەکانی سمایل گۆران و هەمزە گۆران و هەروەها چەندین خزمی نزیکی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا شەهید بوون. هەر کات ڕووت لە حەمە گۆران کردبا و بە شێوەیەک لە شێوەکان بە نائومێدی قسەت کردبا، ئەوە کاک حەمەگۆران وەک چیای خۆراگر ورە و ئیمانی پێدەبەخشی و نەیدەهێشت نائومێدیت پێوە دیار بێ.

ساڵانێک لەگەڵ کاک حەمەگۆران و باجە نازدار و منداڵەکانی ماڵمان دیوار بە دیوار بوو، زۆرجار سەردانی یەکترمان دەکرد و بەیانی و ئێواران و بە تایبەت شەوانەش لە دەوری یەک کۆدەبووینەوە، کەسێکی قسەخۆش، میواندۆست، بە مشوور و خەمخۆر و کەسێکی بە هەست و نیشتمانپەروەر بوو.

بیرەوەری یەکجار زۆرمان بە یەکەوە هەبوون، خەمی لە ژیانی زۆربەی ڕەفیق و هاوڕێیەکانی دەخوارد و بە خەمی هەموو لایەکەوە دەتلایەوە، کاتێک دوای لاق پەرینم هاتە نەخۆشخانە، گووتی خۆزگە سمایل و هەمزەی برام وەکی تۆ کەم ئەندام بان ، بەڵام هەروا لە تەنیشتم بان، دواتر بە دەم زەردەخەنەوە گووتی: ئێستا گەلێک خۆشحاڵم کە بە زیندوویی لە تەنیشت من و پێشمەرگەکانی و بە دڵنیایەوە هەموومان دەبینە دارشەقەی دەستی تۆ.

قسەکانی حەمەگۆران، ئەوەندە بە هەست بوون کە هیچ هەستم بەوە نەدەکرد کە لاقێکم لە دەستداوە، ئەو کات و ئێستاش پێم وایە کە سەردان و قسەکانی هاوڕێیان و بە تایبەت کاک حەمە گۆران لە هەستانەوەم دا کاریگەری زۆریان هەبووە.

حەمەگۆران کەسێکی بە جووڵە و هەڵسووڕ بوو، لە کاری هەرەوەزی دا لە هەموو لایەک زیاتر شانی وەبەر راپەراندنی کارەکان دەدا، سفرەی دڵی و هەروەها سفرەو خوانی ئی هەموو لایەک بوو، مرۆڤێکی قانیع و بێ ئیدیعا، شۆڕشگێرێکی بە ئیمان، پێشمەرگەیەکی ئەرک وەخۆگر، کەسێکی بە هەڵویست و ساحەب قسە و لە یەک وشەدا مرۆڤ بە مانای بەرزی و ئەخلاق و خوو ڕەوشتی جوان.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا بە هۆی بە ساڵاچوویی و نەخۆشی خانەنشین کرا بوو، زۆربەی کاتەکانی لە ڕێگای قەلا و هاتووچۆی ژیانی دابوو، لە ماوەی چەندین ساڵی رابردوو دا زۆرجار سەردانم دەکرد و لە نزیکەوە بە یەکەوە لە زۆر شت دەدوایین، باسی ژیانی پێش پێشمەرگایەتی و ئەزموونەکانی ژیانی بۆ دەکردم، هەموو جار دەیگووت ژیان هیچ نییە، گرینگ ئەوەیە لەو ماوەیدا کە لە قەیدی حەیات و ژیان دای چۆن دەژی، دەوڵەمەندی ئینسانەکان بە پووڵ و پارە نییە، بەڵکوو دەوڵەمەندی مرۆڤەکان تەنیا گەورەیی و دڵفراونی و بە دڵ بوونە، ئەگەر دڵت پڕ بوو لە هەستی ئینسانی ، ئەوە دەوڵەمەندی و ئەگەریش دڵ ڕەق و بێ هەست بی و بە تایبەت دەرحەق بە گەلە و نیشتمان و مرۆڤەکان هیچ نەکەی، ئەگەر هەموو دونیا ئی تۆ بێ دیسان هیچت نییە و دەوڵەمەند نی.

چەند جار دووپاتی دەکردووە: حەمەرەسووڵ گیان وەرە سەردانم بکە بە دڵنیایەوە بە سەردانەکانت گەنج دەبمەوە و هەموو کات وەک جاری جاران کە دراوسێ و جیران بووین دڵم پێت دەگەشێتەوە و منیش هەموو جارێ دەچووم سەردانم دەکرد و زۆرجاریش هەر لە پشت ماڵەکەی خۆیان بە دەم پیاسەوە خەمەکانی خۆی بۆ باس دەکردم.
بنەماڵەی گۆرانزادە یەکێک لەو بنەماڵە شۆڕشگێر و تێکۆشەرانەی گەلەکەمانن کە سەریان بەرزە بە قەد چیاکانی کوردستان، شەهید بوونی سمایل و هەمزە گۆران و کۆچی دوایی کاک حەمەگۆران لە ریزەکانی حدک دا نیشان دەدا کە ئەو بنەماڵەیە چەندە ئۆگری ئازادی گەل و نیشتمان و شۆڕش و پێشمەرگایەتی بوون، ئەوان بۆ ئازادی گەلەکەیان ژیانی خۆیان و بنەماڵەکەیان تەرخانی خزمەت کردن بە گەل کردو لەو پێناوەدا گەورەترین سەرمایەی ژیانیان کە رووح و گیان بوو پێشکەش بە گەل و نیشتمان کرد، ئەو هەموو سەخاوەتە و ئەو هەموو گەورەییە

نیشانەی دەوڵەمەندی و بیر و هەستی نەتەوایەتی ئەو بنەماڵەیە زیاتر دەردەخا و بە دڵنیایەوە بیرو هەستی نیشتمانپەروەری ئەو بنەماڵەیە کاریگەری لە سەر کچ و کوڕ و زاوا و نەوەکانی کاک حەمەش هەبووە و هەیە و هیوادارم کە براژنە نازدار ئەو کەسەی کە لە سەختترین ڕۆژەکانی ژیانیان دا هەمیشە وەک کێوێک لە پشت حەمەگۆران راوەستاوە و بە نەبوونی و بە بێ ئیمکاناتی لە ژیانی پێشمەرگایەتی دا توانی بە باشترین شێوە و بە سەربەرزی، کوڕ و کچەکانی پەروەردە بکات و ئەوانیش وەک خۆی دل گەورە و دڵفراوان و شۆڕشگێر و حیزبی بار بێنێ و فێری گەلدۆستی و نیشتمان پەروەریان بکات.

بەداخەوە لە چەند حەوتووی رابردوودا بە هۆی نەخۆشی شەکرە و بە نیازی ئەوە کە زیاتر بژی جارێک بە هۆی نەشتەرگەری قامکی گەورەی لاقیان بریەوە و دواتریش جارێکی دیکە لە ئەژنۆ بۆ خوارەوە لاقیان بڕیەوە ، مخابن ئازارەکان و نەخۆشییەکەی مەجالی زیاتری بە کاک حەمە نەدا کە ئازادی گەلەکەی ببینێ . دوای بیستنی برینەوەی لاقی ، ئەمجار من دەمهەویست هەمان قسە بە کاک حەمە بڵێمەوە کە ئەمجارە ئەمن دەبمە دارشەقەی دەستی تۆی تێکۆشەر، بەڵام سەد حەیف و مخابن و نەگەیشتمە ئەوە کە جارێکی دیکەش بیبینمەوە و ماڵئاوایی یەکجارەکی لێ کردین.

سوپاس براژنە نازدار بۆ خەمخۆری و بۆ ئەو هەموو پشوو درێژی و دڵسۆزییەت بۆ کاکە حەمە و منداڵەکان و بۆ نیشتمانەکەت.

لە کۆتایی دا لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە براژنە نازداری هەردەم پێشمەرگە و لە کوڕ و کچەکانی کاک حەمە گۆران و لە زاوا و لە هاورێ و هاوسەنگەرانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە خەڵکی کوردستان و بە تایبەت گوندی گۆرانئاوا دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی کاکە حەمەی هەردەم شۆڕشگێر و پێشمەرگە دەکەم و هیوادارم کە تەمەنی ئەندامانی بنەماڵەکەی درێژ بێ و ڕووحی هەردەم شاد و لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٩ی فێبریوێری ٢٠١٧

# شەهید بوونی کچە مێدیاکاری تۆڕی مێدیایی ڕووداوە خاتوو شیفا گەردی



بەداخ و پەژارەیەکی یەکجار زۆرەوە هەواڵی شەهیدبوونی شیفا گەردی، ڕاگەیەندکار و مێدیاکاری لاو و هەڵسوور و سەرکەوتووی تۆڕی میدیایی ڕووداو لە پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ دا و لە کاتی ڕوومالکردنی هەواڵ و ڕاپۆرتدا بە هۆی تەقینەوەی مینێکی چێندراوی دەستی داعش شەهید بوو و هاوکارەکەشی بە توندی بریندار بوو.

شیفا گەردی یەکێک لەو خاتوونە بوێر و چالاکانەی بواری مێدیایی بوو کە بۆ گەیاندنی ڕاستی‌یەکان بە جیهان و بە کوردستان لە تۆڕی مێدیایی ڕووداو دا کاری دەکرد و لە زۆربەی شوێنەکان و تەنانەت شوێنە پڕ مەترسیدارەکانیش دا بەشداری دەکرد و لە ژێر رێژنەی گوللە و بۆمب دا هەواڵەکانی راستەخۆ ڕوومالّ دەکرد، شەهید شیفا گەردی زۆرجاری دیکەش گیانی لە مەترسی کەوت بوو، خاتوونی بوێر شەهید شیفا گەردی نموونەی ژنی ئازا و بەجەرگی کوردە ، کە شان بە شانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ڕاودوونانی دوژمن لە سەفی پێشەوەی شەڕەگەکان دا بەشداری دەکرد ، بەداخەوە بە هۆی تەقینەوەی مینی چێندراوی دوژمن لە کاتی ئازاد کردنی شاری موسڵ دا شەهید دەبێ و بە شەهید بوونی خەمێکی گەورەی خستە نێو دڵی هەموو ئەو کەسانەی کە خاتوو شیفا گەردی یان دەناسی و لە هەمان کاتیشدا مێدیایی کوردی کەسێکی خەمخۆر و بوێر و شارەزای لە دەست دا و هیواداریین کە نموونەی خاتوونی بوێر و ئازا و ئازادیخوازی وەک شیفا گەردی لە نێو گەلەکەمان دا هەر لە زیاد بوون دابن.

وەک بەرێوەبەرانی ماڵپەری گیارەنگ لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە ئەندامانی بنەماڵەکەی خزم و کەسوکاری شەهید شیفا گەردی، هاوکارانی لە تۆڕی میدیایی ڕووداو و بە گشتی هاوڕێ و هاوکارانی و هەموو خەڵکی

کوردستان و میدیاکاران دەکەین و هاوکاتیش هیوای چاکبوونەوە بە کاک یونس مستەفا کە لەم تەقینەوەیەدا زامدار بووە بە ئاوات دەخوازین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریوێری ٢٠١٧

## ڕووحی کاک جەلال بێتووشی خۆشەویست و قوربانییەکان شاد بێ.



زۆر بەداخەوە لە وەرزی گوڵ و جوانی و ژیانەوەی سرووشت دا ، لە کاتی سەر وەدەرنانی گەزیزە و بەیبوون و گوڵە مێلاقەی کوێسانەکانی هۆمل و زەردکە و دۆلان و نۆڕێ دا، ڕێک لەو کاتانەی مرۆڤەکان خۆیان بۆ چوونە نێو سرووشت و جوانی ئامادە دەکەن، بەداخەوە هەواڵی ڕووداوی دڵتەزێنی وەرگەرانی ماشێنێک لە هۆمل بڵاو و بۆوە و دوای ماوەیەکی کورت بەداخەوە ناوی کوژراوەکانی ئەم ڕووداوە ئاشکرا کران، لەگەڵ ئەوەدا غەمبار و پەشێوی هەر هەموویانم، بەڵام لە نێو ئەواندا یاری دێرینی دێموکرات و پێشمەرگەی نەسرەوتووی ڕۆژانی سەختی خەبات کاک جەلال ئیبراهیم پور ناسراو بە جەلال بێتوشی تاساندمی.

لەگەڵ جەلال بێتووشی دۆست و هاورێ و پێشمەرگەی کاتە سەختەکانی خەبات بووین و بە یەکەوە بیرەوەری و هەڵسوورانی جۆراوجۆرمان لە ناوچە دا هەبوو بە تایبەت لە ناوچەی ئالانی پڕ لە هەستی کوردایەتی.

کاک جەلال کوڕێکی باریکەڵەی گەنج و پێشمەرگەی چەلەنگ و هەڵسووری ڕیزەکانی حدک بوو، تا بڵێی ڕووح

سووک و دەم بە خەندە و لە هەمان کاتیشدا دڵسۆز و بە ئەمەگ و تێکۆشەر بوو، لە هەموو مەئموریەتەکان دا پێشەنگ و پێشرەو بوو، ئازا و لە خۆبردوو و گیان فیدا بوو، لە یەک ڕستەدا پێشمەرگەی چاونەترس و بوێری نێو سەنگەر بوو.

کاک جەلال دواتر بە هۆی تایبەت بە خۆی وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا و گەرایەوە گوندی بێتووش و وەک مرۆڤێکی خۆشەویست لە نێو خەڵک دا دەستی بە ژیانی ئاسایی خۆی کرد و تا کاتی مەرگی لەنەکاوی هەروا دڵسۆز بە گەل و نیشتمان بوو.

لە ڕێگای ئەم کورتە نووسینەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قوربانیانی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی هەر پێنج قوربانی‌یەکە دەزانم و هیوادارم کە بنەماڵە و کەس و کاری قوربانی‌یەکان تەمەنیان درێژ بێ.

ڕووحی کاک جەلال بێتووشی خۆشەویست و قوربانی‌یەکان شاد بێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٩ی ئەپریلی ٢٠١٧

## گیارەنگ و ١٥ ساڵ خزمەتی بێوچان لە دونیای ڕۆژنامەگەری دا




بە بۆنەی داگیرسانی مۆمی ١٥ ساڵەی دەست پێکردنی کاری ماڵپەری گیارەنگ و کاری بەردەوام و نەپساوەی ڕۆژنامەگەری لە ڕێگای ئینترنێتەوە، پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاراستەی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین

کە بۆ وەرگرتنی زانیاری چرکەیان لە لاپەڕەی ئینترنێتی گیارەنگ کردووە و هەر لەم ڕۆژەدا بە پێویستی دەزانین کە ڕێز لە کارو ماندوویی‌نەناسی ئەو بەریزانە بگرین کە بۆ دەوڵەمەندتر کردنی گیارەنگ بە ناردنی بابەتگەلی جۆراوجۆر لە گشت بوارەکاندا و لە هەموو قۆناخەکان دا هاوکار و یارمەتیدەری ماڵپەری گیارەنگ بوون.

پێش دەست بەکار بوون و تاقیکاری یەکەم ڕۆژی وەشانی گیارەنگ لە ئینترنێتدا دا چاومان لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی بوو، هەر بۆیە دوای چەند ڕۆژ تاقیکاری ماڵپەرەکەمان لە ڕۆژی ٢٢ - ٤ - ٢٠٠٣ دا و بە لەبەر چاوگرتنی ئەم ڕۆژە ماڵپەری گیارەنگ وەشانی خۆی ڕاستەوخۆ بە ئۆگرانی ڕۆژنامەگەری ڕاگەیاند و لە ڕۆژی ٢٤ - ٤ - ٢٠٠٣ دا هاوکات لەگەڵ بوردومانی قەلادزێ کە لە ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ ی زائینی لە لایەن حکوومەتی بەعسەوە ڕوویدا بوو، کارەکانی خۆی بە تەواوی بڵاو کردنەوە، هەر بۆیە لە ڕێگای ئەم نووسینەوە چەپکە گوڵی ڕێز و خۆشەویستی لە بەرۆکی هەموو نووسەران و ئەدیبان و وەرگێر و شاعیران و چیرۆکنووسان و هەموو خوێنەرانی بەڕێزی گیارەنگ دەدەین و هیوای بەردەوامیان لە کارەکانیان دا بۆ بە ئاوات دەخوازین.

دیارە هەم ڕۆژی ٢٢ - ٤ - ١٨٩٨ ی زائینی کە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردیە و هەم ڕۆژی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ی زائینی

کە ڕۆژی بۆردوومانی شاری قەڵادزێی باشووری کوردستانە، هەر کامیان بە شێوەیەک مێژووی دیاری گەلەکەمانن و بۆیە گیارەنگ بە وردبینی و تێرامانەوە ئەم ڕۆژەی بۆ وەشانی خۆی دیاری کردووە.

لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر ڕۆژی ٢٢ - ٤ - ١٨٩٨ ی زائینی ڕۆژنامەگەری کوردی، وەک نوورێک لە تاریکستانی ئەو سەردەم دا درەوشایەوە، ئەوە ڕۆژی ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ ی قەڵادزێش بۆتە مەشخەڵی هەڵگیرسانی خەبات و شۆرش بۆ ڕزگاری کوردستان، هەر بۆیە بە چاوی ڕێزەوە دەروانینە ئەم دوو ڕۆژە پڕ لە مێژووەیەی گەلەکەمان.

لەم ڕۆژەدا سوپاسی هەموو ئەو بەرێزانە دەکەین کە لە ڕێگای نووسین و تەلەفوون و ئێمێلەوە، بۆچوون و تێبینی و پێشنیار و ڕەخنەی خۆیان بۆ باشتر کردنی گیارەنگ بۆ ڕەوانە کردووین و لە سەر یەک هاوکارمان بوون بۆ بەردەوام بوونی زیاتری وەشانی ماڵپەرەکەمان.

سوپاسی گەرمی خۆمان ئاراستەی بەرێزان کاک مەریوان نستانی و کاک ئیبراهیم عەزیزی دەکەین کە وەک هەمیشە بە دڵ ئاواڵەیەوە کەم و کوڕی و گیروگرفتە تیکنیکی‌یەکانی ماڵپەری گیارەنگیان چارەسەر کردووە.

بەرێوەبەری گیارەنگ حەمەرەسووڵ کەریمی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٩ی ئەپریلی ٢٠١٧

# کوڕە خوێن شیرین و لەبەر دڵانەکەی سەردەشت کاک جەعفەر نەباتی کۆچی دوایی کرد.




لە وەرزی بەهار و ژیانەوەدا ، لە وەرزی گوڵ و پەپولە دا، لە وەرزی سەوزی و جوانییەکان دا، گوڵێکی بە بۆن و بەرامی نێو باخچەی ژیان بە بای نامورادی پەرپەرڕ بوو. ئەمرۆ یەک شەممە ڕێکەوتی ٠٧ ـ ٠٥ ـ ٢٠١٧ کاک جەعفەر نەباتی لە تەمەنی ٦٣ ساڵی دا دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری تۆرکۆ لە وڵاتی فینلاند کۆچی دوایی کرد.

کاک جەعفەر ساڵی ١٣٣٣ ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی خۆشەویست و کوردپەروەری شاری سەردەشت لە دایکبووە و وەک زۆربەی منداڵانی هاوتەمەنی خۆی لە لایەن بنەماڵەکەیانەوە وەبەر خوێندن نراوە و دواتر بە هیممەتی خۆی توانیویەتی پلەکانی خوێندن تا دیپلۆم بە سەرکەوتوویی ببڕێ و بەرەو قۆناخەکانی دیکەی ژیانی هەنگاو هەڵبێنێتەوە.

کاک جەعفەر مرۆڤێکی خۆشەویست و لەبەردڵان، کەسێکی شەرم بەخۆ و تێگەیشتوو، دڵپاک و بێ ئیدیعا، مشوورخۆر و ڕاستگۆ و هاوکات مرۆڤێکی دڵسۆز بە گەل و نیشتمانەکەی بوو، لە دۆستایەتی و هاوڕێیەتی دا مرۆڤێکی تەژی لە مێهرەبانی و پڕاوپڕ لە هەست و سۆز و خۆشەویستی بوو. کاک جەعفەر تا بڵێی جێی باوەر و متمانەی هەموو دۆست و ئاشنایانی بوو و ئەوانەی لە نزیکەوە لەگەڵ کاک جەعفەر پەیوەندیان هەبوو هەموویان دەزانن کە چەندە مرۆڤێکی مەند و شەرم بەخۆ و هێدی و لە سەرەخۆ بوو، کاک جەعفەر خۆشەویستی هەموو لایەک بوو، دۆستان و ئاشنایان بە چاوی ڕێزەوە مامەلەیان لەگەڵ کاک جەعفەر دەکرد و هاوکاتیش کاک جەعفەر بە

چاوی ڕێزه‌وه‌ ده‌یروانییه‌ هه‌موو لایه‌ک.

کاک جه‌عفه‌ر ساڵی ١٣٦٣ ی هه‌تاوی دوای ئه‌وه‌ که‌ کۆماری ئیسلامی فشاری زیاتری خسته‌ سه‌ر چالاکانی سیاسی نێوخۆی وڵات ڕێگای باشووری کوردستانی گرته‌به‌ر و دوای ماوه‌یه‌ک به‌ نیازی ده‌ربازبوون بۆ وڵاتێکی ئارام خۆی گه‌یانده‌ ئۆردووگای ڕوومادیه‌ و وێرای هه‌زاران که‌س له‌ په‌نابه‌رانی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان چاوه‌ڕێی ده‌رباز بوون بۆ وڵاتی سێهه‌می ده‌کرد، له‌ ماوه‌ی مانه‌وه‌ی دا له‌ ئۆردوگای رومادیه‌ به‌ دڵه‌وه‌ وه‌ک مامۆستایه‌ک وانه‌ی به‌ قوتابیان ده‌گووته‌وه‌ و به‌شێکی به‌رچاو له‌ منداڵانی ئۆردوگای ڕوومادیه‌ له‌ ژێر هێژموونی مامۆستا جه‌عفه‌ر دا فێری ئه‌لف و بێ کوردی و نووسین و خوێندنه‌وه‌ بوون. له‌ به‌هاری ساڵی ١٣٧٠ ی هه‌تاوی دا کاتێک له‌ باشووری کوردستان ڕاپه‌رین ده‌ستی پێکرد کاک جه‌عفه‌ر له‌ ڕوومادیه‌ را به‌ تامه‌زرۆیه‌وه‌ گه‌رایه‌وه‌ شاری رانیه‌ و له‌وێ درێژه‌ی به‌ ژیانی خۆیدا و دواتر ڕێگای هه‌نده‌رانی گرته‌به‌ر و دوای ماوه‌یه‌ک چاوه‌روانی له‌ تورکیه‌ و له‌ ڕێگای یوئێنه‌وه‌ ساڵی ١٣٧٣ ی هه‌تاوی گه‌یشته‌ فینلاند و له‌وێ ده‌ستی به‌ ژیانی ئاسایی و تاراوگه‌یی خۆی کرد.

له‌ ماوه‌ی ژیانی خۆی دا چ ئه‌و کاته‌ی له‌ زێدی له‌ دایکبوونی ده‌ژیا و چ دواتر که‌ له‌ تاراوگه‌ و له‌ فینلاند ده‌ژیا که‌سێکی بێ ئازار، مرۆڤێکی به‌ هه‌ڵوێست و که‌سێکی دیاری نێو کۆمه‌ڵگاکه‌ بووه‌ و له‌ کاری به‌ کۆمه‌ڵ و به‌ یه‌که‌وه‌ بوون دا بێ دوو دڵی کاره‌کانی راده‌په‌راندن. کاک جه‌عفه‌ر که‌سێکی میواندۆست و خه‌مخۆر بوو، له‌ خۆشی و ناخۆشی‌یه‌کانی گشت لایه‌ک دا به‌شداری ده‌کرد و هه‌میشه‌ هه‌وڵی ده‌دا که‌ کێشه‌ و گرفته‌ کۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌کانی ده‌وروبه‌ری خۆی به‌ لێزانی و مه‌ندی و له‌سه‌رخۆیی چاره‌سه‌ر بکا.

له‌ هه‌موو دیداره‌کانی نێوانمان دا ته‌نیا باسی له‌ خۆشه‌ویستی گه‌ل و نیشتمان ده‌کرد و به‌ تاسه‌وه‌ باسی ئازادی گه‌له‌که‌ی ده‌کرد و هه‌میشه‌ به‌ چاوی ئۆمێده‌وه‌ ده‌یروانییه‌ شۆڕش و شۆڕشگێران و ڕێزی له‌ خه‌بات و تێکۆشانی هه‌موو ئه‌و که‌سانه‌ ده‌گرت که‌ وه‌ک مرۆڤی سیاسی و دژبه‌ری کۆماری ئیسلامی خه‌باتیان بۆ ڕزگاری گه‌له‌که‌یان ده‌کرد و به‌ حه‌سره‌ته‌وه‌ گوێی له‌ ده‌رد و ئازاره‌کانی زیندانیانی سیاسی، زامدارانی شیمیایی سه‌رده‌شت و هه‌ڵه‌بجه‌ و بیره‌وه‌ری‌یه‌کانی ڕۆژانی سه‌ختی خه‌باتی پێشمه‌رگایه‌تی ده‌گرت و جارجاریش به‌ پرسیارێک باسه‌کانی گه‌رمتر ده‌کرد و خه‌می له‌ ئازاره‌کانی گه‌له‌که‌ی ده‌خوارد.

کاک جه‌عفه‌ر ئه‌وه‌نده‌ی ژیا زۆر سه‌ربه‌رزانه‌ ژیانی تێپه‌ر کرد و هیچ کات خۆی به‌ سه‌ر هیچ که‌س دا فه‌رز نه‌کرد و

یارو یاوەری هەژار و نەدار و دۆست و ئاشنایانی بوو. مەرگی نابەوەخت و کۆچ و ماڵئاوایی کاک جەعفەر هەموو لایەک و بە تایبەت ئەوانەی لە نزیکەوە ساڵانێکی زۆرە دەیناسن خەفەتبار کرد و بە گشتی خەمی گەورەی خستە دڵی ئەندامانی بنەماڵەکەی خوشک و برا و هاوسەر و نزیکانی خۆی و لەوانیش زیاتر دۆست و ئاشنایانی دوور و نزیکی وەک خزمە نزیکەکانی خەفەتبار کرد.

هاورێ و برای ئازیزم کاک جەعفەر ئۆغرت خێر بێ و یاد و ناوت لە دڵمان دا بۆ هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە، کاتێک بیستم کە لە بەشێک لە وەسییەت و قسەکانت دا ئارەزووت کردووە کە دوای مردنت ، ئالای کوردستان لە دەوری تابووت و تەرمت بپێچن و لە ژێر سێبەری ئالای کوردستان دا بە خاکت بسپێرن، بە دڵ ئارەزووەکەتم پێ گەورەترین ئارەزوو بوو، هەر بۆیە دەڵێم: هاورێم جەعفەر گیان! خۆ ئەگەر وەسیەتیشت نەکردبایە ئەوە هاورێ و هاوسێ و دۆست و ئەندامانی بنەماڵەکەت هەر لە ژێر سێبەری ئالای کوردستان بەرەو دوا مەنزڵگەی خۆتیان دەبردی، چوونکە لە ماوەی ٣٣ ساڵ دووری لە زێدەکەت دا دووری ئازیزان و خۆشەویستانت لەبەر گەورەیی کوردستان و ئازادی کوردستان تەحەموول کرد و بە پشوو درێژەی‌یەوە کۆچی ئازیزانت تەحەموول کرد. ئەمرۆش بە هۆی باری سیاسی تۆی خۆشەویست نەمان توانی لە زێدی لە دایکبوونی خۆت لە تەنیشت گۆری دایکت بە خاکت بسپێرین، هیوادارم کە ڕووحی پەپولەئاست لە تەنیشیت کۆچکردوانی دیکەت ئۆقر بگرێ و ئەگەر لەم دونیایە لە تەنیشت یەک نەبوون ئەوە ئەمجار ڕووحتان لە تەنیشت یەک بێ.

لە ڕێگای ئەم کورتە نووسینەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گەورەی نەباتی لە خوشک و براکانی و بە تایبەت دادە زیبا و کاک عەلی و کاک هیوا و کاک سولێمان و لە هاوسەری بەوەفا و مێهرەبانی لە منداڵە چاوگەشەکانی و بە گشتی لە هەموو دۆست و ئاشنایانی لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوەی وڵات دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی کاک جەعفەر دەزانم و رووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٧

# سپتامبر ڕۆژێكی زێرین بۆ كوردەكان بە گشتی و بۆ باشووری كوردستان بە تایبەتی




ئەمرۆ چوارشەممە ڕێكەوتی ٧ - ٦ - ٢٠١٧ لە كۆبوونەوەیەكی هێزە سیاسییەكان و حیزبە كوردی و خەباتكارەكانی باشووری كوردستان و بە سەرپەرەستی سەرۆكی هەرێمی كوردستان

ڕێزدار كاك مەسعوود بارزانی دوای دانیشتن و تاوتوێ كردنی باسەكانیان و گۆرینەوەی بیروڕای خۆیان هەموویان یەكدەنگ ساخ بوونەوە كە رۆژی ٢٥ ی سپتامبری ٢٠١٧ بكەنە ڕۆژی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان.

لەو پەیوەندییەدا لە لایەن حكوومەتی هەرێمی كوردستانەوە راستەوخۆ ڕۆژی ٢٥ - ٩ - ٢٠١٧ وەك ڕۆژی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان راگەیاندرا و ئەوەی جێگای ئاماژەیە كە جیا لە حیزبە كوردییەكان چەندین حیزبی دیكەی نەتەوەكانی دیكەش وەك حیزبەكانی ئاشووری و توركمەن پشتیوانی خۆیان لەو بریارەی حكوومەتی هەرێمی كوردستان راگەیاند.

شایانی باسە كە لە ماوەی نزیك بە ١٠ ساڵی رابردوو دا حكوومەتی ناوەندی عێراق لە سەر دوو ناوچەی كەركووك و شەنگال بەڵێنی ڕێفراندۆمی دابوو و پرسیار ئەوە بوو كە ئایا دانیشتووانی كەركووك و شەنگال دەیانهەوێ سەر بە هەرێمی كوردستان بن و یا سەر بە حكوومەتی ناوەندی. هەر بۆیە ئەم دوو ناوچەیەش تێكەڵ بە ڕێفراندۆمی ٢٥ی سپتامبر دەبن.

لە سەریەك ئەم بریارە بۆ هەموو كوردەكان بە گشتی و بە تایبەت ئەوانەی چاویان لە سەربەخۆیی كوردستان و باشووری كوردستانە، جێگای دڵخۆشییە و كوردەكان بە گشتی دەبێ بۆ وەدیهێنانی خەونی سەربەخۆیی و ڕێفراندۆم

**هەوڵی بێپسانەوە و بوێرانە بدەین، لە لایەکی دیکەشەوە سەربەخۆیی خوازان نابێ لە نەیارانی سەربەخۆیی کورد کە لە هەموو بەشەکان دوژمنی کوردەکانی بەشەکانی خۆیانن بترسن. تورکیە، ئێران، عێراق و سوریە بە توندترین و دڕندەترین شێوە کوردەکانی نیشتەجێی وڵاتی خۆیان دەچەوسێننەوە و ئەوان بۆ ئەوەی نیشان بدەن کە دۆستی کوردن، دەستی دۆستایەتی بۆ کوردەکانی پارچەکانی دیکە لە سینگ دەدەن، ئیمە نابێ لەوە غافڵ بین کە دوژمنانمان هەروا دەست لە سەر دەست دادەنێن و هیچ ناکەن بەڵکوو ئەوان دیسان هەوڵی بنکۆڵ کردنی ئەم بڕیارە بە شێوازی خۆیان دەدەن.**

**بە هیوای ئەوە کە بە چاوی کراوە و بە ورە و ئیمان بە سەربەخۆیی کوردستان هەموو هەوڵەکانی دژبەران و نەیاران و دوژمنانمان پووچەڵ بکەینەوە.**

**بۆ پێشەوە بەرەو ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان. بەڵێ بۆ ڕێفراندۆم و بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٧ی جوونی ٢٠١٧**

---

## باوان گیان تەواوکردنی ئەم قۆناغەی خوێندنت لێ پیرۆز بێ




**دایک و باب هەمیشە چاویان لە ساغی و سەلامەتی و تەندروستی منداڵەکانیانە، تەندرووستی باشترین دیارییە بۆ هەموو مرۆڤێک، ژیان لە تەنیشت بنەماڵە و ڕێز گرتن لە یەکتر گەورەترین نیعمەتە بۆ ئینسانەکان و هەر**

بۆیه ساغی و سەلامەتی و ژیان له لای بنەماڵه له ڕوانگەی ئێمەوه گەورەترین دیارییه. شتێكی دیكه كه بۆ هەموو دایك و باپێك گرنگه عاملاندن و تەربیەت كردنی منداڵه كه بەخۆشیەوه بەهەموو گرفتاریەكانی ژیانی شەخسی و حیزبی و رێكخراوەیی لەو بواره دا تا ئێستا كەمیمان نەهێناوه و توانیومانه فێری منداڵەكانمان بكەین كه رێز گرتن له خزم و دۆست و هەڤاڵان رێز گرتنه له خۆیان.

منداڵ له هەر تەمەنێك و له هەر پۆست و بەرپرسایەتی كاری دابێ، بۆ دایك و باب هەر منداڵ و جگەرگۆشەیه، بۆیه دایك و باوك هەمیشه چاویان بەسەر كار و ئاكار و كرداری منداڵەكانیانەوه هەیه. ماوەی ١٩ ساڵه لەگەڵ منداڵێكی چاوڕەش و خوێن گەرم ، لەگەڵ كچێكی جوان و به ڕەوشت لەگەڵ باوان گیان دەژین. ئەو ماوەیه بۆ ئێمه ئەگەر زوو تێپەر بوو، بەڵام پڕ بوو له یاد و بیرەوەری خۆش و ناخۆش، بیرەوەرییه خۆشەكان ئەوەنده زۆرن كه له گوتن و نووسین نایەن و بیرەوەرییه ناخۆشەكانیش له ژیانمان دا ئەگەرچی به خۆشییەوه دەگمەن بوون بۆ ئێمه بوونه ئەزموون.

رۆژی هەینی رێكەوتی ٢٠١٧ - ٦ - ١٦ بۆ ئێمه و هەروەها بۆ خزم و هاوڕێیەكانی باوان رۆژێكی تایبەتی بوو. لەو رۆژه دا باوان وێڕای زۆربەی لاوانی شاری لینشۆپینگ، به هیممەت و بەردەوامی خۆی یەكەم قۆناغی خوێندن، واته دیپلۆمی به پله و دەرەجەیەكی بەرز وەرگرت و خۆشییەكی دیكەی به ژیانی ئێمه له تاراوگه بەخشی. وێڕای دەست خۆشی كردن له باوان گیان هیواخوازین له داهاتووش دا قۆناغەكانی دیكەی خوێندن به سەربەرزی و سەركەوتووی ببڕێ و به سەرفرازی هەنگاو بۆ خزمەت كردن به گەل و نیشتمان و كۆمەڵگا هەڵێنێتەوه.

له كاتی جێژنی تەواوكردنی خوێندن دا له وڵاتی سوئێد و له هەر قۆناغێك دا كه خوێندن تەواو دەبێ، له لایەن قوتابخانەوه جێژنی جۆراجۆر دەگیرێ و به تایبەت له كاتی تەواو كردن خوێندن و وەرگرتنی دیپلۆم دا ئەم جێژنه له هەموو قوتابخانەكانی سوئێد دا به شێوەیەكی جوان و ڕێكوپێك بەرێوه دەچێ و وەك كولتوری ئەو وڵاته به حیساب دێ.

دایك و باب و خوشك و برا و خزم و دۆست و ئاشنا له كاتی تەواو كردنی خویندن دا به وێنەیەكی جوان و سەرنج راكێشی منداڵەكانیان لەبەردەم قوتابخانه رادەوستن. كاتێ دەرگاكان دەكرێنەوه هەمووان بەراكردن له مەكتەب دێنەدەرەوه و دەست دەكەن به رەقس و سەما و هەلهەله كێشان و فیكه لێدان و هەڵبەزدابەز و خۆ هەڵاویشتن و

سەما کردنێکی زۆر، ئەو دیمەنە جوان و سرنج ڕاکێشە دەبێتە بیرەوەرێکی خۆش و لەبیرنەکراو بۆ قوتابییەکان.

دواتر قوتابی‌یەکان بە یەکەوە سواری پشتی ماشێنی گەورە و ترێلی تراکتۆر دەبن، دیارە ئەو ماشێنە گەورانە و ترێلی‌یە تراکتۆرەکان بە نووسینی جۆراوجۆر وەک گەڵتە و گەپ بیرەوەریەکانیان لە گەل ماموستاکان وهەروەها گوڵ و دار و سیمبولی قوتابخانەکە ڕازاونەوە و بە شەقامە سەرەکی‌یەکانی شار دا بە بەردەم خەڵکیکی زۆری سەر شەقام دا بە هەلهەلە و گۆرانی و چەپلە و فیکە لێدان تێپەر دەبن، دوایی دوو کاتژمێر گەڕان هەرکام بەرەو ماڵ و یا سالۆنی جێژن کە لە پێش دا بنەماڵەکان بۆیان ئامادە کردوون دەچن دیارە پێویستە ئەوەش بلێم کە بەشێک تەواوی ڕۆژەکە لە دەرەوە دەبن.

ئەو چەند وێنە هی ئەو ڕۆژەن. باوان گیان سپاس بۆ زەحمەتەکانت و ئێمە شانازییت پێوە دەکەین و هیوای باشترینەکانت لە ژیان دا بۆ بە ئاوات دەخوازین و هەر بژی بە شادی و کامەرانی.

لە ڕێگەی ئەم کورتە نووسینەوە سوپاسی هەموو خزمان و دۆست و هاورێ خۆشەویستەکانمان دەکەین کە لەم ڕۆژەدا هاتن و خۆشی‌یەکەیان بۆ ئێمە زیاتر کرد و سوپاس بۆ بەشداری هەمو لایەک و هەر بژین و هیواداریین کە ئێمە بتوانین لە خۆشی‌یەکانی ئێوە دا بەشداری بکەینەوە و قەرەبووی زەحمەتەکانتان بکەینەوە.

جێگای خۆیەتی کە لەم نووسینەدا پیرۆزبایی لە پۆلێک لە کوڕ و کچە کوردەکان، جگەرگۆشەی هاورێ و دۆستە لە مێژینەکانمان بە گشتی و بە تایبەتی ئی شاری لینشۆپینگ بکەین کە هاوکات لەگەڵ باوان توانیویانە قۆناغی دیپلۆم بە سەرکەوتوویی ببرن و خۆشی بخەنە دڵی دایک و باوک و ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەیان، بە هیوای ئەوە کە ئەوانیش بە سەربەرزی قۆناغەکانی دیکەی خوێندن و ژیانیان بە سەربەرزی ببرن. لێتان پیرۆز بێ و سوپاس بۆ هەموو دایک و باوکەکان کە پشتگیری لە منداڵەکانیان دەکەن.

حەمەرەسووڵ و شلێر و ئالین

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٨ی جوونی ٢٠١٧

## ٧ی پووشپەڕی ئەمساڵ بە ڕۆژی نا بۆ کوشتنی کۆڵبەرانی کورد تەرخان کرا



ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٧ - ٤ - ١٣٩٦ ی هەتاوی منداڵ و مێرمنداڵ و گەنج و لاو و بە ساڵاچوانی سەردەشت بە ژن و پیاو و کچ و کوڕەوە بە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگای شارەوە لە ناوەندی شاری سەردەشت، لە مەیدانی سەرچاوەی شار کۆبوونەوە و بە حەشیمەتێکی زۆرەوە بە ڕێپێوان و بە درووشم دان و خوێندنەوەی سروودی نیشتمانی و نەتەوەیی و هەڵگرتنی دەیان پلاکارد و نووسینی تایبەت بە شاری خنکێندراوی سەردەشت و نا بۆ کشتی کاسبکار و کۆڵبەران بەرەو گۆرستانی گردەسوور کەوتنە ڕێ.

گەنج و لاوانی شاری سەردەشت لە ماوەی ڕێگادا بە گووتنەوەی چەندین سروودی نیشتمانی و نەتەوەیی سرنجی هەموو لایەکیان بۆ لای خۆیان راکێشا و لە ماوەی ڕێپێوانەکەدا خەڵکی گەڕەکەکانی دیکەی شاریش بە ڕێپێوانەکەوە زیادی دەکرد و تا دەهات ئاپۆرای خەڵک زیاد و زیادتر دەبوو، جێگای ئاماژەیە کە خەڵکێکی زۆر لە ناوچە جیاجیاکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکی هەڵەبجە و چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی مەدەنی جۆراوجۆر لە یادی ٣٠ ساڵەی ژینوسایدی سەردەشت دا بەشداریان کرد و یادو بیرەوەی ئەمساڵی شیمیابارانی سەردەشت ڕەنگ و بۆن و بەرامەی تایبەت بە خۆی هەبوو.


یادو بیرەوەری ئەمساڵ لە لایەن چالاکانی مەدەنی و فەرهەنگی و ژینگەپارێزانی کورد، پێک هاتبوو ، جێگای سرنجە کە خەڵک بە گشتی لە ئاست کەم تەرخەمی و پێرانەگەیشتن بە زامداران و قوربانیانی ئەم کارەساتە ڕوویان لە حکوومەت کرد کە ناکرێ ئەم هەموو زامدارە پشت گوێ بخرێن و پێویستە کە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و لە هەمان کاتدا هەر جۆرە کەمتەرخەمیەک بەرامبەر بە زامداران و زیان بەرکەوتووانی شیمیابارانی سەردەشتیان بە


تووندی شەرمەزار کرد و هاوکاتیش هاوخەمی و هاوپەیوەندی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان و زامداران دووپات کردەوە.

بەشێکی دیکەی ئەم خۆپیێشاندانە هێمنانەیە تەرخان کرا بوو بۆ پرسی کاسبکار و کۆڵبەرانی کورد و تەقەی هێزە بە ناو ئەمنییەتی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی لە کۆڵبەران و کاسبکارانی بێ دیفاعی سەر سنوورەکان . لەو پەیوەندی‌یەدا بە دەیان درووشم و پلاکاردی ڕەنگی و بە نووسینی پڕ نێوەرۆکەوە بە دەستی خۆپیێشاندەرانەوە دەبیندرا و ئەوەش نیگەرانی بۆ بەرپرسان و بۆ هێزە بە ناو ئەمنییەکان و لیباس شەخسی‌یەکان درووست کردبوو، هەر بۆیە چەندجار لە لایەن لیباس شەخسی‌یەکانەوە هەوڵ درا کە ئەو پلاکارد و نووسینانەی تایبەت بە کۆڵبەران بوو کۆ بکەنەوە، بەڵام بە هۆی راوەستاوی و یەکگرتوویی خەڵک نەیانوێرا کە زیاتر لەوە پێی خۆیان درێژ بکەن.


سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠١٧

## ئەمەگ و وەفا بۆ کاراونی لە پسان نەهاتووی شەهیدانی کوردستان







لە سەفەرێکی چەند حەوتوویی بۆ کوردستان دا و لە کاتی دیدار لەگەڵ گۆڤەندگێرانی ئازادیخوازی حدک دا، بەداخەوە نەمتوانی سەردانی زۆرێک لە بنکە و بارەگاکان و کادرو پێشمەرگەکانی حدک بکەم، لە ڕێگای ئەم کورتە نووسینەوە داوای لێبوردن لە هاورێیان و هەروەها لە هەموو ئەو شوێنانە دەکەم کە وەک جارانی پێشوو نەمتوانیوە لە خزمەتیان دابم و سەردانیان بکەم.

دیارە وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و حیزبی و هەروەها وەک وەفایەک بۆ شەهیدان، دوو ڕۆژ، لە دوو کاتی جیاواز دا سەردانی مەزاری شەهیدانم کرد و لە نزیکەوە بەشێک لە کێلی مەزارەکانم لە ئامیز گرتن و پەیمانی وەفاداری و درێژەدانی ڕێگایانم هەر لە سەر ئەم گۆرستانە پیرۆزە لە نێو ئەو پۆلە ئەستێرە درەوشاوەی گەلەکەمان دا نوێ کردووە، هیوادارم کە شایانی ئەوە بم کە درێژەدەری ڕاستەقینەی شەهیدانی گەل و نیشتمان بم.

کاتێک بە چاوی دڵ لە دەشتێکی بێ ئاو و قاقڕ و ئیشکارۆدا دەڕوانی، تەپۆلکەیەک بە هەندێک داری سەوزی ئەرخەوانی و بە چەند ئاڵا و ئارمی حیزبەوە سرنجت ڕادەکێشێ. ئەوانەی پێشتر ئەو شوێنەیان دیتوە زۆر باش لە بیریانە کە ئەو تەپۆلکەیەش هەروەک دەشتەکانی دەوروبەری زەرد و کەم ئاو و ئیشکارۆ بووە.

دوای ئەوە حیزبی دێموکرات لەم شوێنە بنکە و بارەگاکانی خۆی درووست کردن، دەبوو شوێنێکیش بۆ حەسانەوەی ئەو خۆشەویستانەی گیانیان لە پێناو ئازادی دا پێشکەش بە بارەگای گەل دەکەن دیاری بکەن . بێشک ئەم

تەپۆلکەیە وەک بە نرخترین شوێن لە مێژووی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان دا کە ئامێزی بۆ ڕۆڵەکانی خۆی کردۆتەوە، بۆ هەتا هەتایە بە سەربەرزی دەمێنێتەوە.

کاتێک دەڕوانیە ئەو مەزارگە پیرۆزە، ئەو کات گەورەیی یەکە یەکەی ئەو کەسانەی گیانی خۆیان بەختی ئازادی و سەرفەرازی گەلەکەیان کردووە، باشتر بۆ دەردەکەوێ. ئەم گۆڕستانە لە منداڵی بچووکەوە تا مرۆڤی خۆنەویست و بە تەمەنی لەخۆ گرتووە، قەبرەکان و کێلەکان نیشان دەدەن کە ئەم شوێنە پیرۆزە، ژن و کچان و دایکانی دێموکرات، کوڕ و پیاوان و باوکانی بە ئەمەگی دڵ پڕ لە ئازادی، گەورە مامۆستایانی پێشڕەو و پێشەنگ و ئەندام و کادر و پێشمەرگە و ڕێبەرانی ئەم شۆڕشە خوێناویەی گەلەکەمانی لە حیزبی دێموکرات دا لە ئامێزی خۆیدا کۆکردۆتەوە و بە نەسیمی بای بەیانیان و ئێواران، ئاڵای شۆڕش و ئاڵای کوردستان لە سەر باڵای بە قەد چناری ئەو شەهیدانە دەشەکێتەوە.

لەوە کە ئەو مرۆڤە گەورە و شۆڕشگێر و تێکۆشەرانەی دێموکرات تەنانەت بە مردنیش لە زێدی لە دایکبوونیان دوورن، لەوە کە بەشێکیان زۆر بێ بەزەییانە بە دەستی زۆلە کوردی خۆفرۆش و چڵکاوخۆر و سیخورانی دوژمن شەهید کراون، لەوە کە بەشێکیان لەبەر بێ ئیمکاناتی داو و دەرمان و نەبوونی نەخۆشخانەی تایبەتی بە هەناسە ساردیەوە گیانیان داوە، لەوە کە بەشێکیان بە ناحەق و نارەوا بە فیت و سات و سەودا تیرۆر کراون، خەمێکی قوڵ جەستە و دڵ و دەروونت دادەگرێ و هەمیسان، گڕ و ڕقی تۆڵەستاندنەوە لە دەروون دا زیاتر و زیاتر دەبێ و هەنگاوەکان بۆ درێژەدان بە ڕێگای پڕ سەروەریان پتەوتر دەبن و هەوڵ دەدەی کە بۆ وەدیهێنانی ئامانج و ڕێبازی ئەو شەهیدە سەربەرزانە زیاتر تێبکۆشی.

لە سەریەک هیوادارم کە ئەگەر نەمتوانیوە سەردانی یەکەیەکەی کادرو پێشمەرگەکان، دۆستان و هاوڕێیان بکەم لانیکەم توانیبێتم قەرزداری ڕووحانیەتی ئەو شەهیدانە نەبم. بە دڵەوە لە گەڵتانم، بە دڵەوە خۆشم دەوێن، ئەگەر بە دیتنی ئەم تەپۆلکە سەربەرزەی شەهیدان خەمێکی قوڵ دامدەگرێ، بە دڵنیایەوە بە دیتنی ئێوە شاگەشکە دەبم و وزە و وورە و باوەر و ئیمانم زیاتر و زیاتر دەبێ و خۆشەویستی پێشمەرگە و جل و بەرگی خاکی و پێشمەرگانەتان سەد هێندە زیاتر لە لام خۆشەویست و خۆشەویستر دەبێ و بەخیلی بە ناوی بەرزتانەوە دەبەم، بۆیە هەم کڕنۆش بۆ مەزارگەی شەهیدان دەبەم و هەمیش لەبەرامبەر گەورەیی و خۆراگری ئێوەدا سەری ڕێز دادەنوێنم.

لە کۆتایی دا سوپاسی هەموو ئەو خزم و هاوڕێ و کەس و ئاشنا و دۆستانە دەکەم کە ماڵی دڵیان کردە شوێنی حەسانەوەی من و بنەماڵەکەم و هەروەها داوای لێبوردنیش لەو کەسانە دەکەم کە بە هۆی کەمی کات و گرفتاری دیکە نەمتوانیوە لە نزیکەوە سەردانیان بکەم و لە ئامێزیان بگرم.

ئەم چەند وێنەیەش کە لە مەزارگەی پڕ سەروەری شەهیدانی دێموکرات و هەروەها لە گۆرستانی قەلادزێ کە چەندین شەهیدی دێموکراتی لێ بە خاک سپێردراون گیراون ، ئەم وێنانە وەک وەفا و ئەمەگ بڵاو دەکەمەوە، هاوکاتیش بەداخەوە بە هۆی ئەوە کە بە تەنیا وێنەکانم دەگرتن بەشێکی زۆر لە کێل و مەزاری خۆشەویستانم بۆ وێنا نەکراوە و ئەم وێنانەش تەنیا ئی بەشی خوارەوەی گۆرستانەکەن و ئەگەر وێنەی خۆشەویستێک لەم بەشەدا نییە هەوڵ دەدەم لە داهاتوو دا و لە دەرفەت داوێنەی ئەوانی دیکەش بلاو بکەمەوە.

رووحیان شاد و رێگای خەباتیان پڕ رێبوار بێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٧

---

## گریانی نیوەشەو و ژانی بەیانی بۆ هەواڵی شەهید بوونی دوو پێشمەرگەی حدک







ژیانی مرۆڤ پڕە لە کەوتن و هەستانەوە و پڕە لە گریان و خەندە و پڕە لە هەست و سۆز و نامێهرەبانی.

بۆ مرۆڤی ئاسایی و ئەوانەی لە ماڵ و حاڵی خۆیان، دانەبڕاون و تەنیا رێگای هاتووچۆ و ژیانیان، بەیانی چوون

بۆ شوێنی کار و ئێوارە گەرانەوە بۆ نێو باوەشی بنەماڵەیە، زۆر ئاسایە کە هەست بە گریانی نیوەشەو و ژانی بەیانی کەسانی دیکە نەکەن.

بۆ مرۆڤی تێکۆشەری چەک لە شان و پارێزەری خاک و نیشتمان و بۆ پێشمەرگە، کە دابڕاوی بنەماڵەی خۆیەتی و بەیانی لە سەنگەر دا و شەو لە لووتکەی چیا و کەژدا ڕۆژ دەکاتەوە، ئاسایی نییە کە هەست بە گریانی نیوەشەو و ژانی بەیانی خەڵکانی دیکە نەکا. جیاوازی نێوان ژیانی ئاسایی و ژیانی پێشمەرگایەتی لەو هەستە دا دەر دەکەوێ.

کاتژمێر یەک و بیست و دوو خولەکی نیوەشەوی ٧ - ٩ - ٢٠١٦ ی زایینی، بەرامبەر بە ١٧ - ٦ - ١٣٩٥ی هەتاویی، لە نێوخۆی وڵاتەوە، ئاگادار کرامەوە کە پێشمەرگەکانی حدک لە نزیک گوندی کانیزەرد وەسەر مەیدانی مین و تەڵەی بە بۆمب چێندراوی دوژمن پەریون و دواتریش کەوتوونە بەر ڕێژنەی چەکی دوژمنی هارِ و گورگ سفەتی کۆماری ئیسلامی ئێران. لەو نیوەشەوەدا ئارامم لێ بڕا و دەبوو وەدوای سەرەداوی ئەو هەواڵە ناخۆش و جەرگبڕە بکەوم.

هەر بۆیە لە فەیسبووک دا کاک هاوڕێم دۆزیەوە و بە خۆشیەوە بەخەبەر بوو و نەخەوت بوو. بە گورج و گۆڵی پرسیارێکم بۆ نووسی و داوای وەڵامم لێکرد.

ـ سڵاو کاک هاوڕێی تێکۆشەر!

وەڵام: سڵاو کاکە گیان ئەو کاتەت باش!

ـ لە بنەوخەڵێف دەرگیری بووە، کوڕەکانی ئێمەن؟ ئایا سەلامەتن؟

وەڵام: گیان! بەڵێ لەوێ تووشی دەرگیری بوونە، بە خۆشیەوە ساخ و سەلامەتن، ئێستاش لەو شوێنە نەماون و دەربازی باشوور بوونە.

ـ دەستەکانت خۆش بێ و سوپاس بۆ جەنابت و هەر بژی. شەو شاد

ئەم چەند وتەیەی هاوڕێ تا رادەیەک ئارامی کردمەوە و ئەوجار دەستم وەبن سەرم دا و لە میچ و سەقفی ماڵێ ڕامام، بە هیچ خەوم لێ نەدەکەوت، ئەو کەسەی لە نێوخۆی وڵاتەوە منی ئاگادار کردبۆوە لەوە دڵنیا بوو کە زۆر بە گەرمی و بۆ ماوەیەکی زۆر دەنگی تەقە و تەقینەوە هەروا بەردەوام بووە و ئەو بارودۆخەش بۆ منی کۆنە پێشمەرگە ئاشنا بوو و ئەو ناوچەیەش وەک لەپی دەستی خۆم شارەزا بووم و تەنانەت لاقێکم لەم شوێنەی ئاماژەی پێکرا بوو، بۆ هۆی تەقینەوەی مین لە دەست دابوو و گریانی نیوەشەوی چەند پێشمەرگەی هاوڕێی خۆمم لەو شوێنە دیت بوو و ژانی بەیانی دوای تەقینەوەی مینی ژێر لاقیشم هەست پێکرد بوو.

خەوم لێ نەدەکەوت و شەویش کۆتایی نەدەهات، هەودای خەیاڵم هەر جارەی بۆ شوێنێک دەرۆیشت و دەروونم پڕ لە گڕکان بوو، سەرەئەنجام شەوقی بەیانی دڕی بە تاریکی شەودا و دەرویەکی ڕوونم لێ بۆوە و هەستام و خۆم پێچایەوە. تازە خەریکبوو دەست ببزێوم کە تەلەفوونەکەم زەنگی لێدا و گورج هەڵم گرت و چاوم لە شاشەی تەلەفونەکە کرد بزانم کێیە بەم بەیانییە تەلەفوونی بۆ کردم. شاشەی تەلەفونەکەم وێنەی هاوڕێی تێکۆشەر و خۆشەویستم کاک مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی نیشان دا و هەموو لەشم جارێکی دیکە ژانی تێگەڕا.

ئەلۆ، بەیانی باش کاک مستەفا!

وەڵام: سڵاو کاکە گیان! هەستاوی لە سەر کار نی خۆ؟ کارێکی زۆر گرینگم پێتە و بە پەلە وەڵامم بۆ وەربگرەوە. هەواڵەکەی نیوەشەوی پشت ڕاست کردەوە و گووتی دوو پێشمەرگەمان شەهید بوون!

ـ وەدڵە خورپە کەوت بووم و فەوری گوتم کێن؟

وەڵام: وەڵڵا کاکە گیان زۆر زۆر بەداخەوە، ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی وەسەر مەیدانی مین و تەڵەی ئینفجاری پەریوون و شەهید بوون ، بە هۆی نالەباری ڕێگا و لە کەمین کەوتن تەرمەکانیان لە شوێنێک بە ئەمانەت داناون و بە هۆی مەیدانی مینەوە نەیانتوانیوە بۆیان بگەڕێنەوە. ئێستاش دەمهەوێ بزانم لە لای خۆت را چیت لەگەڵ

دۆستانی نێوخۆ بۆ دەکرێ؟ ئەوە ئێمەش لێرە هەروا خەریکین و تا ڕادەیەکی زۆر زانیاری تەواومان وەرگرتووە، بەڵام دیسان هەر پێویستە!

- ئەی بەداخەوە، سەرەخۆشیتان لێدەکەم و هاوخەمتانم و بە سەر چاوان هەر ئێستا خەریک دەبم و ئاگادارت دەکەمەوە.

دوای ئەو چەند قسەیە هەموو لەشم داهێزا و بۆ ساتێک نوقمی خەم و پەژارە بووم و کەوتمەوە بیری ژانی بەیانی و ئەمجارەش بە دڵ هەستم بەو ژانە قوڵ و ناخۆشە کردەوە.

نەچوومە سەرکار و لە پێشدا هەوڵم دا هەواڵ و چەواشەکاری جاش و خۆفرۆش و دواتریش فەرمانداری سەردەشت وەدرۆ بخەمەوە و ڕاستی‌یەکان بگەیێنمە دەستی هەموو ئەو کەسانەی بەم ژانەوە دەتلێنەوە و دوای ماوەیەک بەدواداچوون پەیوەندیم بە کۆیە گرتەوە و ڕاستی‌یەکانی کە بیستبوومن بە هاوڕێیان گوتەوە.

ڕژێم وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی و بە بڵاو کردنەوەی درۆ و ناراستی‌یەکان شەڕێکی ڕەوانی لەگەڵ شۆڕشگێران و دژبەرانی خۆی دەکا، هەر بۆیە ئەمجارەش ڕژێم و دارو دەستەکەی تۆوی نائومێدیان بڵاو کردبۆوە و هاوکاتیش درۆ و چەواشەکاری زۆریان بەو تێکهەڵچوونەوە کرد بوو، لە سەریەک ڕژێم بڵاویان کردبۆوە کە تەرمی ٨ پێشمەرگەی شەهیدیان بە دەستەوەیە و ئەوەش هێندەی دیکەی هەموو لایەکی تووشی خەمباری کردبوو و جارێکی دیکە خەمی لە دەست دانی شەهیدانی وەبیر هەمووان دێنایەوە.

ئەگەرچی شەهید بوونی ئازاد و ئەمیر یەکجار قورس و بە ژان و گەورەیە، ئەگەرچی هەواڵی بە درۆ و بڵاو کراوەی ڕژێم لە مەڕ شەهید بوونی ٨ پێشمەرگە هەموومانی تووشی شۆک و نارەحەتی و خەمباری کردبوو، بەڵام لە پڕ هەواڵی ساخی و سەلامەتی و دەربازبوونی ئەو پۆلە پێشمەرگە چاونەترس و بوێرە لە بۆسەی دوور و درێژ و لە مەیدانی بە مین و بۆمب چێندراوی ڕژێم دا، تامی بە ژانی ئەو هەواڵەی لە سەر کەمتر کردینەوە و لە هەمان کاتیش دا بەرگری و قرمژنی چەکی گەرمی دەستی کوڕانی دێموکرات، ئەمجاریش لمبۆزی دوژمنان و سوپای جەهل و نەزانی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی لە عەرز دا و پیلانی لە پێش دا دارێژراوی ڕژێمی نزیک بە تەواوی پووچەڵ کردەوە.

گریانی نیوەشەوی پێشمەرگەکانی هاوڕێم لە کاتی لاق پڕینی خۆم دا وەبیر هاتەوە، ئاخر هەر ئەمساڵە کوڕێکی مێرمنداڵی ڕەش ئەسمەر و دەست قەڵشیو، کوڕێکی دەم و چاو بە تاو سوتاومان پێوە زیاد بوو و بە هەموومان هەوڵمان دەدا لەبەر کەم تەمەنی، پەشیوانی بکەینەوە و بگەڕێتەوە بۆ ئاوایی خۆیان.

ئەو کوڕە مێرمنداڵە ئازاد ئاڵی بوو، ساردی و سەرمای کوێستانەکانی دەوروبەری ئاوایی دۆڵەگەرمی بۆ بژیوی ژیانی خۆی و ئەندامانی بنەماڵەکەی تا سەر ئێسقان هەست پێکرد بوو. هاتن بۆ پێشمەرگایەتی یەکەم هەنگاو و بڕیار بوو بۆ ئازادی شلک و مێرمنداڵ کە ئەمجار لە جیاتی شوانی و چوون بۆ کوێستانەکان بۆ پەیدا کردنی لەوەڕگەی باشتر، بە هەستێکی پاک و خالیسانەوە، ڕوو لە پێشمەرگایەتی بکات و ئەمجار لە کوێستانەکان بە دوای ئازادی گەلەکەی دا بگەڕێ و ببێتە سەوداسەری ئازادی و ڕاونەری دوژمن و هەروەها بە چەکی شانی و بە ئیرادەی پۆلایینی کوێستان و پێدەشتەکان بکاتە مەکۆی مانەوە پێشمەرگە و سەنگەری بە گژداچوونەوەی دوژمن.

لەو کاتەوە ٢٣ ساڵ تێدەپەڕێ و ئازاد دوو لە سەر سێی تەمەنی خۆی وەک پێشمەرگە و وەک سیمبوولی فیداکاری لە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بە شانازییەوە تێپەر کرد. ئازادی شلک و مێرمنداڵ کە وەک نەونەمایێکی تازە پێگەیشتوو دەچوو، دوای خزمەتی سەربەرزانەی، ببوو بە گەنجێکی بالآبەرزی چنار ئاسا و ڕیشەی لە ناخی زەوی دا و جێگەی لە دڵی هاوڕێیانی دا چێ کرد.

ئازاد کوڕێکی بەهەست و سۆز و وەفادار، پێشمەرگەیەکی تا بڵێی سادق و پاک و بێگەرد، پێشمەرگەیەکی ئامادە و بە دەستەوە بۆ هەمو قۆناخەکانی خەبات و پارێزەرێکی جێگای متمانەی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی دێموکرات و کەسێکی خاوەن ئیرادە و بە ئیمان و پێشمەرگەی لە مەرگ نەترس و بوێر و هەڵگری بیری ئازادی لێ دەرهات و بوو بە جێگای شانازی خۆی و حیزب و بنەماڵەکەی.

ئازاد کەسێکی وەفادار بە هاوڕێیەتی و کەسێکی وەفادار بە شەهیدان و خۆشەویستی هەموو لایەک بوو، سادە و ساکار و خاکەڕایی، دەم بە خەندە و تێکەڵ و کۆمەڵایەتی بوو، ئەوەی بۆ گرینگ نەبوو سەروەت و سامان بوو و ئەوەی لە لای شەهید ئازاد شیرین و گرینگ بوو ڕێزگرتن لە هاوڕێ و کادرو پێشمەرگە و درێژەدانی ڕێبازی شەهیدان بوو.

پێنووس لە ئاست وەفاداری و ئیرادە و هیممەتی شەهید ئازاد دا وشەی پڕ باڵا شک نابا و تەنیا بە دووپات کردنەوەی وشە کۆنەکانی باس لە گەورەیی و دڵفراوانی و خەندە پڕ لە قاقا شیرینەکەی دەکا و چەند ڕستەیەک بە دوای یەک دا ریز دەکا و سەر بۆ شەهید ئازاد نەوی دەکا. ڕووحت شاد کوڕە باڵا بەرز و بە ئیمانەکەی دێموکرات.

شەهید ئەمیر نستانیم لە پێش شەهید ئازاد دا دەناسی، بەڵام بە قەد ئازاد لەگەڵی نەژیام، ئەوەندەی بە یەکەوە بووین، بەسە بۆ ئەوەی چەند وشەیەک بۆ مەرگی پڕ لە شانازی ئەمیر بنووسم.

ئەمیر کوڕی چیای نستان و پەروەردەی گوندێکی پێشمەرگە پەروەر بوو و هەر لەم گوندەش دا و لە ئامێزی سرووشتی ئەو ناوچە دڵڕفێنەدا لە تەنیشت شۆڕەسوارانی دێموکرات دا گەورە بوو. شەهید ئەمیر دوای ئەوە هەستی بە زوڵم و زۆری ڕژێم کرد، ڕێگای نەبەزین و فیداکاری دێموکراتی هەڵبژارد و بوو بە ئەندامی هەڵسوور و چالاکی دێموکرات.
شەهید ئەمیر کوڕی ڕۆژی تەنگانە و پێشەنگی چاوکراوەی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بوو، بوێر و چاونەترس و خۆڕاگر، بە چەشنی چیای سەرکەش و سەر بە تەمی نستان، خەمخۆر بە وێنەی کۆتری سەوداسەری ئازادی و خۆنەویست وەک پەپوولەی ئاشقی ڕووناکی سەر شەم.


شەهید بوونی ئەو دوو هاوڕێیە لەم قۆناخە ناسکەی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ، خەسارێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی.

هەر بۆیە وێرای بەداخ بوون بۆ شەهید بوونی ئەو دوو پێشمەرگە تێکۆشەرەی کوردستان، سەری ڕێز بۆ گەورەیی و خەبات و تێکۆشانی شەهید ئازاد و شەهید ئەمیر و هەموو شەهیدانی ڕیگای ڕزگاری کوردستان دادەنوێنم و دەڵێم ئێوە بوونە میداڵی سەر شانی هاوڕێ و هاوسەنگەر و هەموو ئەو کەسانەی بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکانی شەهیدان هەوڵ دەدەن.

ڕووحتان شاد و ڕێگای خەباتتان پڕ ڕێبوار و لە دلان دا هەردەم زیندوون.


سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## ئەو چوار هەڵوێستەم پێ جوان و کوردانە و نیشتمانی بوو.










ئەو چوار هەڵوێستەم پێ جوان و کوردانە و نیشتمانی بوو، چاوی هەموویان ماچ دەکەم و سەری ڕێز بۆ گەورەییان دادەنوێنم. ئەمرۆ زۆر هەڵوێستی جۆراوجۆرم چاو پێکەوتن بۆ هەندێکیان لە خۆشیان گریام و بۆ هەندێکیان خەمم خوارد. لە سەریەک دڵخۆشم بەوە کە گەلەکەمان بەرەو سندووقەکانی دەنگدان بۆ دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسینی خۆی هەنگاوی هەڵێناوەتەوە و ئاکامەکەشی وەک ڕۆژی ڕوون دیارە و بە هەڵویستی یەکگرتووانە، مستێکیتووندیان لە دەمی تورک و فارس و عەرەب و زلهێزە بەرژەوەندیخوازەکان دا.

### وێنەی یەکەم

ئەوەیە هەڵویستی نیشتمانی و نەتەوەیی شاعێرێکی کورد و کەسایەتی سیاسی و ئەدەبی کوردستان کاک عەولا پەشێو، با هەموومان ئاوا بە دڵەوە بەرەو سندووقەکانی دەنگدان بچین و دوای پرۆسەی دەنگدان گلەیی و ڕەخنە و گازەندەکانمان بۆ چاکسازی حکوومەتی نوێی کورد بەرەو رووی کاربەدەستانی حکوومەت و حیزبەکان بکەینەوە.
بژی ڕێزدار عەبدوڵلا پەشێو

### وێنەی دووهەم

خواردنی بەیانی ئەمرۆی بنەماڵەیەکی هەرێمی کوردستان وەک جێژنانە، دەڵێن هەمو ساڵێک بۆ جێژنی ڕەمەزان و

قوربان نانمان خواردووە بەڵام هیچیان بە قەد ئەو ژەمە نانەی ئەمرۆ بەیانی تام و چێژی نەبووە و بەڵێ بۆ ژیانی نوێمان.

### وێنەی سێهەم

دایکێکی کوردی پشت چەماوە کە ئەمرۆ تین و گوڕی بە خۆی داوە بەشداری لەو ڕۆژە مێژوویەدا بکات، قەزا و دەرد و بەڵات لە هەموو ئەو کەسانەی تەنیا قسەیان هەیە و بە کردەوە لە ژێر هێلی سیفرەوەن و تەنیا گوتاری خاڵی و قسەی زەلام و بێ بنەما دەکەن. تاجی بە سەر سەرمانەوە دایە گیان.

### وێنەی چوارەم

وێنەی دوکتور فردریک تیسۆ، یاری بە ئەمەگی شەهید دوکتور قاسملوو، دوکتوری چیا و کەژ و بن کەپر و خێمەی پێشمەرگەکانی کوردستان، خەباتکاری هەموو وەرزەکانی تێکۆشان، لە چیا و ژێر خێمەوە بۆ کۆشک و بۆ کونسولخانە و سەفارەتخانە، نووسەر و ڕۆژنامەوان و دوکتور و برین پێچ و خەمخۆری گەلی کورد، ئێستاش چاوەدێری بەشێک لە هەڵبژاردنەکان، هەر بژی کاک دوکتور تیسۆی ئازیز و خۆشەویست.

ئەم چوار وێنەیە لە فەیسبووک و ئینترنێت وەرگیراون و سوپاس بۆ وێنەگرەکان و بۆ ئەو کەسانەی بڵاویان کردۆتەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئاگۆستی ٢٠١٧

# ڕێفراندۆمی کوردستان چەقڵی چاوی فاشیزمی فارس


سەشنبە ۴ مهر ۱۳۹۶ - Sep 26 2017

غربی‌ها نمی‌خواهند منطقه آرام باشد؛

رفراندوم کردستان پروژه نوین جهان غرب برای دوران پساداعش/ رژیم صهیونیستی به دنبال خلق بحران‌های جدید در کل منطقه

رفراندوم استقلال کردستان با توجه به تأثیراتی که ممکن است بر روی کشورهای مختلف، علی‌الخصوص ترکیه ، عراق و سوریه داشته باشد دارای اهمیت بسیار بالایی است که می تواند آبستن حوادث متعددی در کل منطقه باشد.

سرویس جهان مشرق - رفراندوم استقلال کردستان با توجه به تأثیراتی که ممکن است بر روی کشورهای مختلف، علی‌الخصوص ترکیه ، عراق و سوریه داشته باشد دارای اهمیت بسیار بالایی است ، چراکه رشد احساسات ناسیونالیستی-کردی، باعث شکل‌گیری بحران‌های مهمی در منطقه خواهد شد. در پی تحولات جدید پس از فروپاشی رژیم بعث در عراق،کردها توانستند حاکمیت فراگیر خود را بر سه استان کردنشین شمال آن کشور، یعنی استان‌های اربیل (هولیر)،دهوک و سلیمانیه را قطعی کرده و با توجه به تصویب نظام فدرال در قانون اساسی جدید، یک حکومت خودمختار کردی را در شمال عراق ، تحت عنوان «اقلیم کردستان» ایجاد نمایند.

لەگەڵ دەنگۆی بڵاو بوونەوەی پرسی ڕێفراندۆم، دوژمنانی کورد حکوومەتەکانی ئێران ، تورکیە ، عێراق و سوریە کێچیان کەوتە کەوڵ و لە هەموو دەرگایەکیان دا بۆ وەستانی ئەو ڕێفراندۆمە و دواتر دار و دەستە و گۆپاڵ بەدەستەکانی خۆیان لە هەموو شوێنەکان بە دژی ڕێفراندۆم هاندا.

دوای ئەوە هەوڵەکانیان شکستیان هێنا، ئەوجار کەوتنە شانتاژ و درۆ و بوختان ساز کردن و بە شۆڕشگێر و دژە شۆڕشگێرەوە، بە باوەری چەپ و ڕاستەوە، بە ئیسلامی و عیلمانی‌یەوە، بە ئیماندار و بێ ئیمانەوە، بە ڕووناکبیر و بە جیرەخۆرەوە وەک یەک هەڵیان کوتایە سەر ڕێفراندۆمی هەرێمی کوردستان و بە کەیفی خۆیان ڕۆژنامە بێ پرنسیپەکانی خۆیان پێ شین و مۆر کردنەوە و بە نووسینی بابەتگەلی پڕ لە درۆ ڕۆژنامە و گۆڤار و حەوتوونامە و تەنانەت ماڵپەرە ئێلکترونی‌یەکانیشان پێ ڕەش کردنەوە. هەموو نووسینەکانیان ڕوویان لە ڕێزدار بارزانی و هەروەها تێکۆشەرە دیرینەکانی باشووری کوردستان و خەڵکی بە ئەمەگی کوردستانە و بە کاڵ فامی خۆیان گۆیا بە فیتی ئیسرائیل خەریکی دامەزرانی دەوڵەتی کوردستانن و ئەوجار دونیایان لێ پڕ کردووە و پێیان وایە دونیای ئەوان خەراپ دەبێ.

ئەوەی قەت لە لام سەیر نەبووە هەر ئەو فارسە زمان لووسانەن کە دەگەنە لای حیزبە کوردستانی‌یەکان ئەوە سەد شێر و ڕێوی لە سەر خەبات و تێکۆشان و قارەمانەتی و بوێریان باس دەکەن و ئەگەر کار گەیشتە ئەوە کە کوردەکان و حیزبەکان کارێکی بە دڵی ئەوانیان نەکرد جا ئەوەجار وەردەسوورێن و هەموویان دەبن بە داکۆکیکاری ئێران و وەک دەورانی ڕەزا شا و خومەینی و خامەنەیی و سەددامیان لێ دەێ و دەبنە بەشێک لەو زاتە

ناموبارەکانە.

ئەمشەویش وەک شەوانی رابردوو بە دوای بابەت و هەواڵی پەیوەندیدار بە کوردستان دا دەگەرام، چاوم بە هەر ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەرێکی فارسی دەکەوت شینی حەسەن و حوسێنیان لە سەر ڕێفراندۆمی باشووری کوردستان دەگێرا و دەتگووت ئەوە ئەمرۆ بۆ یەکەم جارە حەسەن و حوسێنیان لێ سەر بریون.

نامهەوێ زیاتر بنووسم خۆتان سەیری ئەو بەشە لە سەر دێری ڕۆژنامەکانیان بکەن و هەندێک حەوسەلە و تاقەت وەبەر خۆتان بدەن و بە ماڵپەرەکان دا بگەرێن جا ئەو جار زیاتر لە شوڤێنیسم بوونی فارسەکانت بۆ دەر دەکەوێ. لە کۆتایی دا سڵاو لە خەڵکی خۆراگری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ژێر گوشار و هەرەشەی چاو زەقەکانی کۆماری ئیسلامی دا پشتیوانی و خۆشحاڵی خۆیان بە گەرم و گوڕی نیشان دا و بە شایی و گۆڤەند و دیلان و بە سروود و گۆرانی و بەهەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان بە دوژمنیان گوت کە کوردستان هەر کوردستانە و درەنگ یا زوو خەونی پارچەکانی دیکەش دێتە دی، ڕۆژهەڵاتی‌یەکان ئەمجاریش نیشانتان دا کە ئێوە هەموو کات پشت و پشتیوانی براکانی دیکەتانن لەو دیو سنوور و چارەنووسی هەمووان هەر یەک چارەنووسە.

جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی هەموو هاونیشتمانیانی کوردستان دەکەم و دەڵێم دەستتان خۆش بێ بۆ ئەو مستەی لە دەمی دراوسێ تۆقیو و دۆراوەکانی ئێران ، تورکیە ، سوریە ، عێراق و دەوڵەتە زلهێزە بەرژەوەندیخوازەکانتان دا.

هەر لە بەر خۆشەویستی ئاڵای کوردستان بۆ ئەوەی نەیار و دوژمنانی کورد چاویان پێی بکەوێ ، یەکەم وێنە دەکەمە وێنەی شەهید پێشەوا و ئاڵای پیرۆزی کوردستان.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## سەرۆک مام جەلال سکرتێری ینک و کەسایەتی سیاسی هەموو قۆناخەکانی خەبات کۆچی دوایی کرد.



ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٠٣ ـ ١٠ ـ ٢٠١٧ سەرۆک مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی سەکتەی مێشکەوە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی وڵاتی ئاڵمان کۆچی دوایی کرد.

دوا بە دوای ئەوە کە لە ڕێکەوتی ١٧ - ١٢ - ٢٠١٢ مام جەلال وەک سەرۆک کۆماری عێراق کەسی یەکەمی عێراق باری تەندرووستی تێکدەچێ، لە بە غداوە بۆ چارەسەری پزیشکی بەرەو ئاڵمان دەنێردرێ و پاش ماوەیەک چاوەدێری توند و تۆکمەی پزیشکی بۆ ژیان دەگەڕێتەوە کوردستان و لە شاری سولێمانی لە ماڵی خۆی دەخرێتە ژێر چاوەدێری پزیشکی و لەو ساتەوە بەداخەوە باری تەندرووستی مام جەلال باش نەبۆتەوە و دوای چەندین جار سەردان بۆ ئاڵمان و بۆ چارەسەری پزیشکی بەداخەوە ئەمرۆ سێی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ دڵە گەورەکەی لە لیدان کەوت و بۆ هەمیشە بە جەستە ئەویندارانی ئازادی کوردستان و بە تایبەت یەکێتیی نیشتمانی کوردستانی بە جێهێشت.

دوای ئەوە مام جەلال تووشی نەخۆشی بوو، باڵانسی سیاسی و باری ئارامی و ئاسایشی عێراق بە گشتی و کوردستان بە نیسبەت پێشووەوە بە تەواوی تێکچوو و هەنووکەش هیچ یەک لە سەرکردە سیاسی‌یە عێراقی و کوردستانی‌یەکان نەیانتوانیوە جێگای بۆشایی مام جەلال پڕ بکەنەوە و لەم قۆناخەش دا مام جەلال جێگای بە تەواوی دیارە و بۆشایی ئەو سەرکردە گەورەیە بە دەسەڵاتی کوردی و بە خەباتی نەتەوایەتی کوردەوە دیار دەبێ. مام جەلال یەکێک لە دیارترین سەرکردەکانی مێژووی خەباتی سیاسی و چەکداری و مەدەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، پراگماتیسم و سەرۆک و ڕێبەرێکی بە کردەوە بوو، خەباتکاری شاخ و ژێر خێمە و پێشمەرگەی سەنگەری

مەردایەتی بوو ، سەرۆکێک کە لە نێو شیو و دۆڵە قوڵ و چیا سەرکەشەکانی کوردستانەوە، سەربەرزانە بەرەو کۆشکی سەرۆک کۆماری هەنگاوی نابوو ، مام جەلال کەسایەتی‌یەکی جیهانی و نێونەتەوەیی هەبوو، لە سێ کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دا وەک سکرتێری گشتی هەڵبژێردراوە، پێکهێنەر و ئەندازیاری سەرەکی بەرەی کوردستانی بووە، دوای ڕزگاری باشووری کوردستان و لە نیوەی دووهەمی ساڵانی نەوەد دا سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئیدارەی سولێمانی بووە، لە مێژووی عێراقدا بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٥ دا کوردێک بوو بە سەرۆک کۆمار کە ئەویش بەڕێز مام جەلال بوو، لە سەریەک مام جەلال دوو خول سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ بوو.

سەرۆک مام جەلال نووسەر، وەرگێر، ڕۆژنامەنووس، سەرکردە و پێشمەرگەی شار و شاخ بوو، شارەزایی بە سەر چەند زمانی جۆراوجۆری جیهانی دا هەبوو، دیپلۆماتێکی دیاری کورد بوو بۆ ناساندنی دۆخی کورد و مافەکانی کورد بە جیهانی دەرەوە، مرۆڤێکی تەژی لە نەبەزی و خۆراگری بوو، دووربین و پشوو درێژ و خەباتکاری هەموو قۆناخەکانی مێژووی سەدەی ڕابردوو و سەدەی ئێستا بوو، ساحەبی سەدان وتاری سیاسی و لێدوان و گوتاری پڕ نێوەرۆک بوو، خوێندەوار و ڕووناکبیر و شۆڕشگێر بوو، لە نێو کۆڕی هاورێ و هاوخەباتیانی دا، لە دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵک و مێدیاکان دا، مرۆڤێکی قسەخۆش، شارەزا بە سەر شێعر و ئەدەبیات دا بوو، کەسێکی تێکەڵ و کۆمەڵایەتی و بە مانای وشە خولیای سرووشت و جوانی و ژیانی خەڵک بوو، شارەزایی بە سەر مێژووی گەلان و بە تایبەت مێژووی گەلی کورد دا هەبوو.

مام جەلال لە ساڵی ١٩٧٠ ی زائیینی دا لەگەڵ خاتوو هێرۆ کچی کەسایەتی ناسراوی کورد ئیبراهیم ئەحمەد ژیانی هاوبەشی پێکهێنا بوو، دوو کوڕی بە ناوەکانی قوباد و پاڤێل لە دوای خۆی بە جێهێشتوون. بەداخەوە مام جەلال زیاتر نەژیا تا ئاواتی لە مێژینەی خۆی کە مافی چارەی خۆنووسین بوو لە کوردستان دا ببینێ و لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، بێ‌شک ناو و خەبات و تێکۆشانی نەمر مام جەلال بە درەوشاوەیی لە مێژووی کورد دا دەدرەوشێتەوە.

ماڵپەری گیارەنگ بە بۆنەی کۆچی دوایی مام جەلال لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی ئەندامانی بنەماڵەکەی، هاورێ و هاوخەباتیانی لە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و هەموو خەڵکی کوردستان بە گشتی و ئەویندارانی سەرۆک جەلال تاڵەبانی بە تایبەتی دەکات و هیوا دەخوازین کە ئاواتی سەرەکی مام جەلال کە ئازادی و سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسین بوو بە هیممەتی هەموو لایەک وەدیبێ .

ڕووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ و ڕێگای خەبات و تێکۆشانی بۆ سەربەخۆیی کوردستان پڕ ڕێبوار و پڕ تێکۆشان بێ.

حەمەرەسووڵ کەریمی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧

## مێژوونووس و نووسەری بەناوبانگ ، مامۆستا کەریم زەند کۆچی دوایی کرد



یەکەم مامۆستای وانەی کوردی لە سەردەمی کۆماری کوردستان و نووسەر و مێژوونووسی ناودار و کەسیاتی خۆشناوی کوردستان، مامۆستا کەریم زەند لە تەمەنی ٩٣ ساڵی دا لە شاری سولێمانی کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٠ - ١٠ - ٢٠١٧ مامۆستا کەریم زەند، خەباتکار و تێکۆشەری ناوداری کورد و یەکێک لە قەڵەم بەدەست و خامە ڕەنگینەکانی دێرینی کوردستان دوای ساڵانێک خزمەتی جۆراوجۆری ئەدەبی و سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی کۆچی دوایی کرد. مامۆستا کەریم زەند یەکێک لەو لێکۆڵەرە بە ناوبانگانەی گەلەکەمان بوو کە خزمەتێکی دیار و بەرچاوی لە بواری مێژوونووسی و زانیاری جوغرافیایەوە کردووە و بە شەونەخوونی و بە هیممەتی خۆی لە چەند بواردا کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند کردووە.

مامۆستا کەریم زەند لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد وەک یەکەم مامۆستای سەردەمی کۆمار بووە کە بە گووتنەوەی وانەی کوردی لە قوتابخانەی گەلاوێژ لە مەهاباد خزمەتی بە زمانی کوردی و بە ئیدارەی پەروەردەی کۆماری کوردستان کردووە و لەو پەیوەندی‌یەدا زەحمەتی زۆری کێشاوە.

مامۆستا کەریم زەند وەک کەسێکی شارەزا، بە هەڵسووڕانی و گەریدەیی خۆی هەموو کوردستانی گەورە گەڕاوە و لەو زۆربەی پارچەکانی کوردستان هەوڵی خۆی بۆ ناسینی باری مێژوویی، جوغرافیایی، فەرهەنگی و کولتوری، هۆز و زارەوەی ناوچەکان و شێوەی جلوبەرگ لەبەر کردنی خەڵکەکەی داوە و بەشی بەرچاوی ئەو سەفەرانەی خۆی بە وردی لە مێژووی کوردستانی گەورەدا تۆمار و کۆ کردۆتەوە و خاوەنی چەندین کتێب و نووسراوەی پڕ نێوەرکە و لە کتێبی تۆماری تەمەن دا کە پێنج بەرگە ئاوڕی لە جوگرافیای هەموو ناوچەکان داوتەوە و هاوکات کتێبی ئینجیلی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی.

بە بۆنەی کۆچی گەورە مامۆستای کورد، ئەمر کاک کەریم زەند، سەرەخۆشی لە هەموو خزم و کەس و کاری لە دەرەوەی وڵات و لە نێوخۆی وڵات و بە تایبەت ئەندامانی بنەماڵەکەی و ئامینەخان دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی ئەو کەڵە پیاوەی گەلەکەمان دەزانم کە ژیانی خۆی تەرخانی ئەدەب و وێژەی کوردی و مێژوو و جوغرافیای کوردستان کرد. هەزار سڵاو لە ڕووحی پاک و خزمەتەکانی مامۆستا کەریم زەند.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧

# له‌ به‌شێك له‌ مێدیاكانی باشووری كوردستان دا پڕنسیپی مێدیایی نابیندرێ




وه‌ك ئاگادارن ڕاگه‌یاندن و ماسمێدیا، له‌ سه‌رده‌می ئه‌مرۆ دا گرینگترین كه‌ره‌سه‌ی په‌یوه‌ندی گرتنن به‌ كۆمه‌ڵگا و خه‌ڵكه‌وه‌یه‌وه‌، پێشتر به‌شی هه‌ره‌ زۆری مێدیاكان له‌ ده‌ستی ده‌سه‌ڵاتداران و حاكمانی زاڵ به‌ سه‌ر كۆمه‌ڵگادا بوون. به‌داخه‌وه‌ له‌ حكوومه‌ته‌ دیكتاتۆر و سه‌ره‌رۆكاندا سانسۆر كردن و به‌رگری كردن له‌ بڵاو كردنه‌وه‌ی بیری ئازاد بۆته‌ كاری ڕۆژانه‌ و ئه‌وه‌ش بۆته‌ هۆی ئه‌وه‌ كه‌ خه‌ڵك و كۆمه‌ڵگا به‌ گشتی به‌ دوای مێدیای ئازاد و سه‌ربه‌خۆ دا بگه‌ڕێن و یا لانیكه‌م ڕوو له‌و مێدیایانه‌ بكه‌ن كه‌ دژی ده‌سه‌ڵاتدار و حكوومه‌تی ناوه‌ندین. ئه‌و پێشه‌كی‌یه‌ كورته‌ بۆ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ زیاتر گرینگی ڕاگه‌یاندن ده‌ر بخه‌ین و له‌ ژێر ڕووناكایی ئه‌و كورته‌ نووسینه‌دا كاری ڕاگه‌یاندن له‌ كوردستان دا باس بكه‌ین، له‌ بنه‌ره‌تدا مێدیا ده‌بێ بێلایه‌نی له‌ پیشه‌كه‌ی خۆیدا بكاته‌ ئه‌ساسی كار و زانیاری درووست بدا به‌ كۆمه‌ڵگا و سه‌رچاوه‌ی هه‌واڵ و زانیاری‌یه‌كانی به‌ درووستی بدا به‌ خه‌ڵك.

له‌ سه‌ریه‌ك له‌ كوردستان جیا له‌ ده‌یان كاناڵی نێوخۆیی كه‌ ڕۆژانه‌ له‌ كۆمه‌ڵگادا به‌ ئانتێنی جۆراوجۆر و ئاسایی وه‌رده‌گیرێ، له‌ هه‌مان كاتدا به‌ ده‌یانی دیكه‌ش له‌ ڕێگای مانگی ده‌ستكرد (ماهواره‌) وه‌ وه‌شانه‌كانی خۆیان بڵاو و په‌خش ده‌كه‌نه‌وه‌.

مێدیای جیهانی له‌ كاتی هه‌ڵبژاردنه‌كانی نێوخۆیی، كاره‌ساته‌ سرووشتی‌یه‌كان، ڕووداوه‌ نه‌خوازراوه‌كان، هه‌واڵ و دانی زانیاری به‌ كۆمه‌ڵگا و له‌ كاتی گوازتنه‌وه‌ی ڕاسته‌وخۆدا هه‌میشه‌ پرنسیپ ده‌كه‌نه‌ پیشه‌ و زۆر به‌ ده‌گمه‌ن هه‌واڵی به‌ درۆ بڵاو ده‌كه‌نه‌وه‌.

لە کوردستانی بەڵالێدراوی ئێمەدا مێدیاکانی وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاڤۆکی جۆراوجۆر ئەوە یا لە دەستی حیزبەکان دان و یا لە دەستی تاکی دەست ڕۆیشتوودایە و زۆرترین ئیمکانات و پووڵ و داهاتیان بۆ دیاری کردوون.

مێدیا حیزبی و شەخسییەکان زۆرتر هەوڵ دەدەن کە سەمپات و لایەنگری کردەوەکانی بە حەق و ناحەقی خۆیان بن و ئەوەش بۆتە هۆکارێک بۆ کێبەرکێ و ململانی ناشیاو و بە دوور لە پرنسیپ و بنەما و کۆڵەکە سەرەکییەکانی ژورنالیستی بە هەموو جۆرەکانییەوە.

ئەوەی جێگای سرنجە ئەوەیە کە مێدیاکان بە هۆی ئەوە کەرەسەو پووڵی هەڵرژاوای بێ ئەژماریان لەبەر دەست دایە بۆیان گرینگ نییە دەچنە کوێ و لە کوێ سەر وەدەر دەنێن و لە چی ڕاپۆرت ئامادە دەکەن و چی دەکەنە هەواڵ و کام بابەت وەک زانیاری دەگەیێنە بینەر و بیسەر و خوێنەرەکانیان و چ نابێ بڵاو بکەنەوە و یا نابێ ئەمرۆ و راستەوخۆ بڵاو بکرێتەوە.

مێدیای باشوور زۆرتر هەوڵی داوە کە خۆی بەو حیزبەوە ببەستێتەوە کە ئەو ئیمکانات و دەزگایەی بۆ دابین کردووە، کە ئەوەش بە گوناح و تاوان دانانێم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوە بە گوناح نابینم، ئەوەش بە درووست نازانم کە ئەو حیزبە و یا ئەو شەخسە کە ئەو دەزگایەی وەرێ خستووە هەرچی کردی "بە چاک و بە خەراپ" هەر بە چەواشەکاری زانیارییەکان بگەیێنێ و حیزب و کەسەکە وا نیشان بدەی کە بەندەی بێ عەیب و بێ هەڵەن.

لە بەرەبەری پرسی ڕێفراندۆم دا بە هۆی نایەکگرتوویی نێوخۆیی حیزبەکان، ئەوە هەر کامەیان بە قازانجی خۆیان بابەت و هەواڵ و نووسراوەی جۆراوجۆریان بڵاو دەکردەوە، بۆ نموونە تەلەفزیۆنێکی وەک ئێن ئارتی بۆ ئەوەی نیشان بدا کە ئەوان ڕاست دەکەن، هەرچی دژبەری حکوومەتی هەرێم بوو، دەیان دۆزیەوە و وتار و گوتاریان لێ وەردەگرت و مێزگرد و بەرنامەی جۆراوجۆریان دژ بە ڕێفراندۆم بڵاو دەکردەوە و هەر لەو کاتەش دا پێشکەشکار و میوان گلەییان دەکرد کە لە کوردستان هیچ جۆرە ئازادییەک نییە و هەموو دەنگەکان خنکێندراون و بە هۆی گەندەڵی پێشووی حیزب و شەخسە دەست ڕۆیشتووەکان نابێ ڕێفراندۆم بکرێ، گۆیا ئەگەر ڕێفراندۆم نەکرێ ئەوە ئازادی زیاتر دەبێ و گەندەڵی نامێنێ. ( تەنیا لە یەک ڕۆژ دەسەڵاتی حەشدی شەعبی دا نەیانهێشت

پۆلیسی شاری كه‌ركووک به‌ كوردی لێدوان پێشكه‌ش به‌ خه‌ڵک بكات) ئایا به‌ راستی كوردستانی ئازادی تێدا نییه‌؟

ته‌له‌فزیۆنه‌كانی دیكه‌ش كه‌ بانگه‌شه‌یان بۆ ڕێفراندۆم ده‌كرد هه‌وڵیان ده‌دا هه‌ندێک قسه‌ی بریقه‌داری خوازیارانی ڕێفراندۆم بڵاو بكه‌نه‌وه‌ و له‌ هه‌ستی خه‌ڵكی تامه‌زرۆی ئازادی و سه‌ربه‌خۆیی به‌ قازانجی خۆیان و حیزبه‌كه‌یان كه‌ڵک وه‌ربگرن و ڕێژه‌ی ده‌نگی به‌ڵێ بۆ ڕێفراندۆم و سه‌ربه‌خۆیی زیاد بكه‌ن و زۆرجار به‌ نیشاندانی وێنه‌ی هه‌ست بزوێن، هه‌ستی خه‌ڵكیان ده‌بزواند، بۆ ئه‌وه‌ به‌ره‌و ئه‌و قۆناخه‌یان هان بده‌ن و خه‌ڵک به‌ره‌و سندووقه‌كانی ده‌نگدان بنێرن و له‌و حاڵه‌ته‌ش دا زۆر شتی ناشیاویش بلاو كراونه‌وه‌.

له‌ هه‌ر دوو حاڵه‌ت دا چ ئه‌وانه‌ی به‌ره‌ی نه‌خێر بوون كه‌ ڕێژه‌یان زۆر كه‌م بوو و چ ئه‌وانه‌ی كه‌ به‌ره‌ی به‌ڵێ بوون و ڕێژه‌یان زیاد بوو، هه‌ر دوولا له‌ حكوومه‌تێكی ئاسایی دا ده‌بێ ڕێزیان لێ بگیرێ و ئاكامه‌كه‌ی ئه‌گه‌ر بۆ لایه‌نێک باش و بۆ لایه‌نێک باش نه‌بێ، بێ‌شک ده‌بێ هه‌ردوولا هه‌وڵ بده‌ن له‌ ژێر ئالایه‌ک دا خۆ بحاوێننه‌وه‌ و یه‌كتر خه‌وشدار نه‌كه‌ن.

ڕێفراندۆم هه‌ر چۆنێک بێ و ئاكامه‌كه‌ی چی بوو، باسی ئه‌و بابه‌ته‌ نییه‌ و ده‌وڵه‌تان چۆن و چییان كرد و لایه‌نگر بوون و یا هاوكاری بوون، دیسان له‌م بابه‌ته‌دا هیچی له‌ سه‌ر نانووسم و ئه‌وه‌ی مه‌به‌ستمه‌ ، مێدیاكانی باشووره‌.
مێدیاكان زۆرجار و هه‌میشه‌ بۆ ئه‌وه‌ی به‌ خه‌ڵک بڵێن كه‌ ئێمه‌ یه‌كه‌مین و یا مێدیای ئازادین، یا مێدیای بێ ڕكابه‌رین و یا مێدیای ده‌نگی خه‌ڵكین و زۆر شتی له‌و بابه‌ته‌... ، هه‌وڵیان داوه‌ خۆیان بكه‌نه‌ یه‌كه‌م و بۆ ئه‌م كاره‌ش په‌نایان بۆ بڵاو كردنه‌وه‌ی هه‌موو جۆره‌ هه‌واڵ و لێدوان و دیمه‌ن و كاره‌ساتێک بردووه‌، به‌ڵام به‌داخه‌وه‌ نه‌ک نموونه‌ نین به‌ڵكوو زۆریش به‌ خه‌راپی له‌ كاته‌ هه‌ستیاره‌كاندا ڕاپۆرت و دێكۆمێنت و هه‌واڵ و بابه‌ته‌كانیان بڵاو ده‌كه‌نه‌وه‌.

دوای هه‌ڕه‌شه‌كانی عه‌بادی، دوای دانیشتنه‌كانی پارتی و یه‌كێه‌تیی له‌ هاوینه‌ هه‌واری دووكان و په‌یامه‌ هاوبه‌شه‌ پێنج خاڵی‌یه‌كه‌یان و دوای خرۆشانی خه‌ڵک بۆ سه‌ر شه‌قامه‌كانی شاری كه‌ركووكی كوردان و هه‌روه‌ها نیشاندانی ده‌م و چاوی هه‌ندێک كه‌س، بۆمان ده‌ركه‌وت كه‌ ئه‌و مێدیایانه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا دڵسۆزن بۆ گه‌ل و نیشتمان و حیزبه‌كه‌یان، هیچیان زانستی و سه‌رده‌میانه‌ و شاره‌زایانه‌ گرته‌ و ویدیۆكانی خۆیان بڵاو ناكه‌نه‌وه‌، به‌ڵكوو به‌داخه‌وه‌ له‌ هه‌ندێک بواردا و به‌ تایبه‌ت له‌ بواری سه‌ربازی و چه‌كداری و ئاماردان دا، بێ مه‌به‌ست بوونه‌ هۆی

دانی زانیاری سەربازی و زانیاری دیکە بە دوژمن و نەیاران و هێرشکەرانی حەشدی و سوپای قودس و هێزە پشتیوانە ترسنۆکەکەی قاسم سولێمانی.

بەداخەوە بڵاو کردنەوەی هەندێک زانیاری وەک: کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی بە سێ هەزار پێشمەرگەوە گەیشتە کەرکووک، هاتنی هێزی زریڤانی، هاتنی خەڵکی خۆبەخش، هاتنی پارێزگای کەرکووک دوکتور نەجمەدین کەریم، کۆبوونەوەی فەرماندەیی لە پارێزگا و لە بنکەی مەڵبەند و لە سەربازگەی کەیوان و فرۆکەخانە، دواتریش پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە، گریانی پێشمەرگە و خەڵک و مێدیاکاران، نیشاندانی شەهید و بریندارەکان، ئاماری جۆراوجۆر لە هێرش و لە بەرەنگاری، ڕاکردنی خەڵک و پێشمەرگە، تێکهەڵچوون و دەست بە یەخەبوونی خەڵک و پێشمەرگە، لێدوانی بێ جێی فەرماندە و پێشمەرگەکان و یەکتر تاوانبار کردن و هێرش کردنە سەر یەک و زۆر شتیتر، چەند نموونەیەکن، لە کاری مێدیایی ئەو چەند ڕۆژەی مێدیاکانی باشووری کوردستان و باسی ڕۆژانی پێشتریش هەر نانووسم.

هاوکات ئەگەر چاوێکیش بە شێوەی پرسیارەکانی مێدیاکارە بوێر و ماندوویینەناسی بەرەکانی شەردا بخشێنین، بۆمان دەر دەکەوێ کە بەشێکی بەرچاو لە پرسیارەکان زۆر نابەجێ لە فەرماندە و یەکە سەربازییەکان دەکرا بۆ نموونە:

*چەند کەس لێرە ماون؟*

*چەکی گەورە و قورستان لە لا ماوە؟*

*ئایا ئێوەش ئێرە بەجێ دێڵن؟*

*ئەوانەی لێرە ماون، سەر بە کام لیوان؟*

*کام لیوا ئێرەی بە جێ هێشتووە؟*

*پەیامتان لەو کاتەدا چییە؟*

*بەرپرسەکانتان کوان و کێ بوون؟ ...*

وەڵامەکانیش ئەگەرچی دڵسۆزی و خەمخۆریان پێوە دیار بوو بەڵام نائومێدی و پاشەکشەی تێدا بوو، ئەوانە باشترین بەڵگە بوون بۆ زانیاری دان بە هێزی ڕەش و ئەهریمەنی حەشدی شەعبی و هێزەکانی دیکە و هاوکاتیش

پەیامێکی ناخۆش بوو، بۆ دابەزینی وورەی خەڵک و پێشمەرگەکانی دیکە کە ئاگایان لەو جەبهە و لەو شوێنانە و ئەو شەڕگانە نەبوو.

دوای پاشەکشە کردن و گیرانەوەی بەشێک لە کوردستان، ئەوجار مێدیاکارانی حیزبی و نا حیزبییەکان کەوتنە شێوەی دیالۆگێکی ناسەردەمیانە و یەکتر تۆمەتبار کردن و ئەوەش سیگنالێکی باش نەبوو، لە پێشدا بۆ خەڵک و کۆمەڵگا و دواتریش بۆ خۆیان و بۆ حیزبەکەیان.

بەرەی نەخێر، ڕێفراندۆمی خەڵک پەسەندیان کردە هۆکاری سەرەکی و بە خەڵکیان گووت کە ئێمە راستبووین و بەرەی بەڵێ ناراست، هەندێک لە مێدیاکارەکان چەند کەسێکی بەرەی نەخێریان هێنا و لە جیاتی شرۆڤە و خەسارناسی باردۆخەکە بکەن، بەداخەوە هەڵیان دەکوتایە سەر کەس و لایەنەکان و بۆ تۆڵەستاندنەوە، کەوتنە هێرش و تەنانەت قسەی سووک بە هەڵسووڕێنەرانی بەرەی بەڵێ، لەوەش خەراپتر ئەوە بوو کە، بەرپرسی حیزبێک و یا دژبەرێک بدۆزیەوە و چەند پرسیارێکی لێ بکەی، جا ئەوجار بۆ پاساوی پاشەکشەکە و گیرانەوەی شارەکانی دوای گیرانەوەی کەرکووک و بۆ ئەوەی پاساوەکە جوان شەرح بدات، کاکی مێدیاکار بۆ خۆی پرسیارەکەی دەکرد و شتێکی دەزاری کاکی میوان و بەرپرس داویشت بۆ ئەوەی ئەویش بەو ئاراستەیە دا قسەکانی بکات و وەڵام بداتەوە، مێدیاکار مافی پرسیار کردنی هەیە و نابێ بۆ خۆی وەڵام بۆ میوانەکەی بدۆزێتەوە. ئەو جۆرە کارکردن لە مێدیا دا دەبێتە هۆی بێ متمانەیی بە کاری مێدیایی و کاری ڕاگەیاندن و ئەوەش زۆر ناشیاو و ناسەردەمیانەیە و هیچ ڕاستی ناگەیێنێتە نێو کۆمەڵگای کوردستان جیا لە خۆڵ لە چاوکردنی خەڵک نەبێ.

ئێستا کە خەڵکی کوردستان و شارە داگیرکراوەکانی دوێنێ، پێویستیان بە یارمەتی هەیە هەموو لایەک دەبێ هەوڵ بدەین کە دەنگی ئەوان و شێوەی ژیان و بە سەرهاتیان بە شێوەیەک بگەیێنینە گوێی دام و دەزگای دەوڵەتە زلهێزە بەرژەوەندیخوازەکان و ژیانێکی دیکەیان بۆ دابین بکەین و هەم خەڵک خۆیان ڕێکبخەنەوە و هەمیش هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە شێوەیەکی سەربازی خۆیان ڕێکبخەنەوە و شکۆی گەل و نیشتمان بگێڕنەوە.

مێدیاکارە خۆشەویستەکانیش لە کاتی راپەرینی خەڵک بە دژی حەشدی شەعبی و چوونی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە بە وریاییەوە، هەواڵ و بابەت بڵاو بکەنەوە و کاری ئەو چەند ڕۆژەی پێشوو دووپات نەکەنەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە بە باشترین شێوە ڕاپەرینەکە شکۆی گەل و نیشتمان و ئاڵا و خاکمان بگەڕێنێتەوە جێگای خۆی و بە

هەموو دونیا بڵێین کە ئەوەی بە سەر کەرکووک هات گەلەکۆمەکی وڵاتانی دەراوسێ بوو بۆ شکاندنی شکۆی گەل و ڕیفراندۆم.

کۆتایی:

ئەم نووسینە بۆ ئەوەیە کە مێدیاکاران وێرای ئەوەکە دەبێ خۆیان بپارێزێن لە هەموو چەشنە لاگرییەک، هاوکات دەبێ بوێرانە و راستگۆیانە دەر بکەون و ئەوەی دەیدەن بە خەڵک، کاکلەیەک بێ لە خەرمانەی هەواڵ و راپۆرتەکانیان، نەک هەموو چرکە و خولەکێک هەرچی ڕوودەدا بڵاوی بکەنەوە، دەکرێ هەموو چرکە ساتەکان تۆمار بکرێن، بەڵام ناکرێ هەموو چرکە ساتەکانیش بڵاو بکەینەوە، مێدیا کاران چیدی بە هۆی سادەیی و ساکاری و دڵپاکی خۆیان نابێ زانیاری سەربازی بڵاو بکەنەوە.

هیوای تەمەن درێژی بۆ مێدیاکارانی کوردی و بەردەوامی کاری مێدیای لە کوردستان دا بە ئاوات دەخوازم.

ئێستا کە ئەم وتارە کرچ و کاڵە دەنووسم هاوکاتە لەگەڵ چوونە دەری هێزە ڕەشەکانی حەشدی شەعبی لە شارەکانی کوردستان و هەروەها خرۆشانی گەنجان و لاوانی شارەکانی کەرکووک و خانەقین و گەرمیان دەستی پێکردووە. بە هیوای ئەوە کە ئاڵای کوردستان لە سەر هەموو ئەو شوێنانەی بە دەستی ڕەشی هێزی ئەهریمەنی حەشدی و سوپای پاسداران و قودس دابەزێندرابوون جارێکی دیکە بە دەستی بە توانای لاوانی دڵ پڕ لە ئەوینی ئازادی بشەکەینەوە و پەیکەری پڕ لە هەیبەتی پێشمەرگەی کوردستان کە لە لایەن حەشدی دا بێ حورمەتی پێکرا لە جێگای خۆی دابندرێتەوە.

سڵاو لە شەهیدان و بریندارانی شەری کەرکووک و هیوای ساخ بوونەوە بۆ بریندارەکان و سێبوری بۆ بنەماڵەی شەهیدان بە ئاوات دەخوازم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧

## پوور ئەستی، ئەو ژنەی سنوورەکانی کار و ژیانی بەزاند.




زۆرن ئەو ژنانەی کە بۆ ژیان دەست و پەنجە لەگەڵ کارە قورسەکان نەرم دەکەن و هاوکاری دابین کردنی بژیوی ژیانی بنەماڵەی خۆیانن، ژنانی کورد لە مێژ ساڵە کاری قورسی جۆراجۆر لە ماڵ و لە دەرەوە لە موچەومەزرا و کێڵگە و هەوار دا دەکەن و پیشەی جۆراوجۆری سووک و قورس بەرێوە دەبەن، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئەم نووسینەیە کاری ژنێکە کە لە هەموو وەرزەکانی ساڵ دا بێ پشوودان ئەسپی ژیانی خۆی لینگدا بۆ ئەوەی بگاتە لووتکەی ژیانێکی سەربەست ، بۆ ئەوەی ژیانی خۆی و منداڵەکانی بە ئارەقە و شەونخوونی خۆی دابین بکات.

ئەستی قادرزادە خەڵکی دەرماناوێی ناوچەی هۆملی سەردەشت بوو، ئەو بە هۆی مێردکردن و پێکهێنانی ژیانی خێزانداری لە شاری سەردەشت دەژیا. هەر لە منداڵییەوە لە شەقام و لە شوێنە گشتییەکانی شاردا چاوم پێدەکەوت، پوور ئەستی وێرای چەند منداڵێکی لە خانوویەکی قوڕین دا ژیانی بە سەر دەبرد، لەگەڵ مێردەکەی نەدەژیا و هۆکاری جیابوونەوەکەیان هەرچی بێ پەیوەندی بەو نووسینەوە نییە و تەنیا ئەوەی دەزانم کە بۆ بژیوی ژیانی چ ڕێگایەک سەخت و دژوار بوو، ئەوی هەڵدەبژارد و هیچ لە کێشە و کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگای کاسبییەکەی نەدەترسا .

هەر لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە، لەگەڵ عەلی کەریمیان کوری پوور ئەستی دۆست و هاوقوتابی بووین، بۆیە بەشێکی بەرچاو لە ژیانی ڕۆژانەی منداڵیم لەگەڵ عەلی و چەند هاوڕێیەک تێپەر دەکرد و تا ڕادەیەک لە ژیانی ماڵی پوور ئەستی ئاگادار بووم ، بە هەوڵ و هیممەتی خۆی لە سەر ڕێگای مارەغانی و ڕێک لە نزیک کانی فەقێیان خانوویەکی بە درووست کردن دابوو و لەوێ لەگەڵ منداڵەکانی دەژیا.

پوور ئەستی بۆ بژیوی ژیانی خۆی و منداڵەکانی کاری قورسی بەڕێوە دەبرد، هاتووچۆی سنووری نێوان گەرمێن و کوێستانی دەکرد و شارەکانی قەڵادزێ و ناوچەی پشدەر و بیتوێن و ناوچەکانی دیکەی وەک سولێمانی دەگەڕا و بە خۆی و بە وەڵاغ و بارەکەیەوە هەمیشە پێشەنگی کاروانچی و هاو قەتارییەکانی بوو.

ئەوەی پوور ئەستی لە هەموو لایەک جیا دەکردەوە دەست پاکی و ئەمینداری و دڵسۆزی بە گەل و نیشتمان و پێشمەرگە بوو، بە هۆی ئەوە کە کاری کەسابەتی هێنان و بردنی شتوومەکی ئێرانی و عێراقی دەکرد زۆرجار لە بازارەکانی سەر سنوور کاری کەسابەتی خۆی دەکرد و بە ئاڵوێرکردنی شتوومەکەکانی بژیوی ژیانی خۆی و منداڵەکانی دابین دەکرد.

لە کاتی هاتن بۆ دیوی سنوور و بازارەکانی دەوری سنوور، دایک و باوکی پێشمەرگەکانی دێموکرات و بە تایبەت شاری سەردەشت پێداویستییەکانی کوڕ و کچەکانیان کە لە بنکە و بارەگاکانی دەوروبەری سنوور بوون تەحویلی پوور ئەستی دەدا و ئەویش بە ئەمانەتەوە شتەکانی دەگەیاندن و هەموو کات گیرفان و باخەڵی کەواکەی پڕ بوون لە نامەی جۆراوجۆری بنەماڵەکان و تەنانەت نامەی هەندێک ئەندامی تەشکیلاتی نێوخۆی وڵاتیشی لە نێو بارەکانی دا بوو. پوور ئەستی جلوبەرگی پیاوانەی دەپۆشی و جاروبار کەوای ژنانەی لەگەڵ پانتۆڵی پیاوان دەپۆشی، هەڵبەت وەک کورد دەڵێ پانتۆڵی بە سەر لیباسی ژنانەکەی خۆی هەڵدەکێشا و لەو حاڵەتەدا جلوبەرگەکانی ژنانەی دادەپۆشی و دەبوو بە پێشەنگی کاروانچییەکان و هەر شوێنێک جێگای مەترسی بایە ئەوە پوور ئەستی دەبوو بە چاو ساخ و پێشڕەوی هەموو کاراوانچییەکان.

ژنێکی ئاماڵ ئەسمەر، دەم و چاوی خەمی ڕۆژگاریان لێ نیشت بوو، دەسرەی لە سەری دەبەست و خۆی گورج و گۆڵ دەکرد. ئەو کاتانەی کە وەڵات سارد بوو و لەگەڵ عەلی لە ماڵی پوور ئەستی دەبووین، ئەوە پوور ئەستی بە بیورێکی چەند کیلوێی قورس دەکەوتە گیانی لیژنە دارەکەی و لە چاو ترووکانێک دا داری کورەی بۆ حەوتوویەک لە تەنیشت دیواری ماڵی هەڵدەچنین. لە کاتی وردکردنی دارەکان دا و لەگەڵ وەشانی هەر بیورێک نرکەی چەند ماڵ ئەولاتر دەڕۆیشت. لە کاتی بەفر ماڵینی سەربان و ڕێگا خاوێن کردنەوەی زستاندا ئەوەی بۆی گرینگ نەبوو ساردی و سەرما و زوخمی دەرەوە بوو ، لە چەند خولەکێک دا ڕیگا و بانی ماڵی خۆی و جیرانەکانی خاوێن دەکردەوە و کوڕەی دارانی نوێڵ نوێڵ گرفەی دەهات، لە کاتی بێکاری دا خەریکی درووست کردنی کەرەسەکانی ژیانی خۆی دەبوو، باگردێن، بێڵ، وەروەرەی بەفر ماڵین، پێژە، دەسکە پێمەرە و دەسکەبیور و پاچ، سواخی دیوار

و گڵەبان و زۆر کاری دیکەی هەر بۆ خۆی دەکردن.

لە کاسبی و هاتووچۆ دا ژنێکی دەستپاک و سادق و راستگۆ بوو، لە خەمی دەوروبەری خۆی دابوو، ژنێکی بە ڕووحم و هەست و سۆز بوو، کورد و نیشتمانپەروەر بوو، ژنێکی قسەخۆش و تێکەڵ و کۆمەڵایەتی بوو، بە کوردیەکی پاراو و ڕەسەن قسەی دەکرد، لەگەڵ منداڵ و ژن و پیاو، لەگەڵ وەرزێر و کاسبکار، لەگەڵ کوێخا و گەورەپیاوان، لەگەڵ کوێخا ژن و ژنان و کچان، لەگەڵ پێشمەرگەی کوردستان، لەگەڵ مامۆستا، حاجی، شێخ، مەلا، سۆفی و دەروێش و بە گشتی لەگەڵ هەموو توێژەکانی کۆمەڵ دەحاوایەوە و بە زمانی هەمووان دەدوا. لە کاتی چوون بۆ کاروان و لە گەڕانەوەدا مێوژ و گوێز، دانەوێلە بۆ زستان، مریشک و قەل و قاز، شتی دەستچن و شتوومەکی دیکەی لە گوندنشینەکان دەکڕی و بۆ منداڵەکانی دێناوە، لە یەک قسەدا ژیانی خۆی بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی تەرخان کردبوو، تا بڵێی چاونەترس و قسە لەڕوو و بوێر بوو، شەوی ئەنگوستە چاوی دەکرد ڕۆژ و شاخە بەرزەکانی وەک پێدەشتەکان دەبڕی، شارەزای هەموو کوێرە ڕێ و کانی و دارستان و لێرەوارەکانی ناوچە بوو، بە هۆی شەڕی ئێران و عێراق و بوونی دەیان مەیدانی مین کە هیچ کەس زاتی ئەوەی نەبوو بە ڕۆژیش پێیدا بڕوا، ئەوە پوور ئەستی ڕێچکەیەکی بۆ کار و پیشەی خۆی درووست دەکرد و دەبوو بە چاو ساخ و پێشەنگی هەموو لایەک ، لە گەڕانەوەدا بەرەو ماڵ، لە سەر ڕێگای خۆی بنەدار، کۆلکەدار، تەرک و هەرچی بۆ سووتەمەنی زستان بەکەڵک هاتبایە بە ڕادەیەکی کەم لە نێوباری وەڵاغەکەی دەخست و تا کاتی سەرما و سۆڵە دادەهات لە حەوشەی ماڵەکەی لە سەریەکی هەڵدەچنین.

پوور ئەستی لە هەموو کارێک دا وەستا بوو، لە دار برین، لە بارلێنان، لە بەخێوکردنی ئاژەڵ و وەڵاغ ، لە ڕۆیشتن و حاوانەوە و خۆ دەرباز کردن لە ڕێگا سەخت و دژوار و کەمینی سەرباز و عەسکەری سەر سنوور و زۆر کاری دیکە دا نموونە بوو، زۆرجار لەگەڵ ڕەفیقە کاراوانچی‌یەکانی کە هەموویان پیاو بوون، دەکەوتە قسەکردن و لە کاتی پشوو و چا خواردنەوە و ئیسراحەت دا وێرای ئەوان قسەی خۆی لە سەر کارەکانی گشتی هەبوو، هیچ کام لە هاوقەتاری‌یەکانی نەیان دەوێرا زۆرەبانی لەگەڵ بگرن، دەستەکانی پوور ئەستی خارابوون، هێزێکی تایبەتی لە قۆڵ و مەچەکی دا کۆببۆوە، بە دەستە قەڵشیوەکانی هەموو جۆرە کارێکی دەکرد، لەگەڵ ئەوەدا بە تەمەن بوو، قالب سووک و هەڵسوور و بە جووڵە بوو، ڕاوەستانی نەبوو، وەلاغەکەی زۆر خۆشدەویست، بەردەوام کورتانی چاک، بەرچاوکەی بە قیمەت، سەرپاڵۆی گوڵینگەدار و قەیاسەی هەمەدانی و گوریسی دەستچنی باش و ئاوسار و ڕەشمەی دەستی وەستاکاری باشی بۆ وەڵاغەکەی دابین دەکرد.

پوور ئەستی وەڵاغەکەی لە لای باشترین ناڵبەندی شاری سەردەشت و لە لای ناڵبەندە بە نیوبانگەکانی گوندەکان ناڵ دەکرد و ئەوەندەی لە خەمی وەڵاغەکەی دابوو، کەمتر لە خەمی ئیسراحەتی خۆی دابوو، بە دەگمەن وەڵاغی دەگۆڕی، هەرکات وەڵاغی گۆڕیبا ، بێ ئەملاوئەولا نەیدەهێشت لە گۆڕینەوەی وەڵاغەکاندا زەرەر بکا، مەبەستی زەرەری ماددی نەبوو بەڵکوو هەوڵی دەدا وەڵاغێک بەکاتە هاوسەفەری کاروانەکانی خۆی، کە لە وەڵاغەکەی پێشتری بە هێزتر و کەم ساڵتر بێ و لە کاتی گۆڕینەوەشدا هەوڵی دەدا هەموو کەلوپەلەکانی وەڵاغەکەی دیکەی لە بەرامبەرەکەی وەر بگرێتەوە بۆ هاوسەفەرە نوێیەکەی.

پێدەشت و کێو و بەرزایی، لێرەوار و دوند و چیا بەرزەکان، ڕووبار و چوومە خورێنەکان، باران و تەرزە و بەفر و شەختە، گەرما و سەرمای وەرزەکان، ڕۆیشتن و شەونەخوونی و لە کەمین کەوتن و بە مەیدانی مین دا ڕۆیشتن و تەنانەت تانە و تەشەری کۆمەڵگا هیچیان نەبوونە کۆسپی سەر ڕێگای کار و ژیانی پوور ئەستی. ئەو بەوە دڵخۆش بوو کە توانیویەتی کاسبی‌یەکی سەربەرزانە و شەرەفەتمەندانە بۆ خۆی دابین بکا و بۆ خۆی رەئیس و بەرێوەبەری کارە قورسەکانی خۆی بێ، زۆرجار بەیانیان زوو بە وەڵاغە کەفەڵ پان و بە هێزەکەی، نەرمە غارێکی بە راستە شەقامی شاردا دەکرد و جوانی بە شار دەبەخشی و زەرق و بەرقی شار و دووکان و ترۆمبیلەکانی لەبەر حیلەی وەلاغەکەی دەمراند و دواتر لە قاوەخانەی کاک عەزیز لە تەنیشت کۆڵانی ئاسنگەران، لەگەڵ هاوقەتاری و دۆستەکانی یەکتریان دەگرتەوە و هاوکات لەگەڵ چا خواردنەوە، بەرنامەی سەفەری داهاتوویان دادەڕشت.

دوای ئەوە بوومە پێشمەرگە، زیاتر ئاشنا بە کاری سنوورەکانی دەستکردی نێوان شاری سەردەشت، قەڵادزێ، سولێمانی، بانە و ڕەبەت و پیرانشار بووم، لە زۆربەی ئەو سنوورانە بنکەمان هەبوون، لە تەنیشت ئەو بنکانە کاسبکارانی هەر دوو دیوی گەرمێن و کوێستان دوکان و بازاری بە نایلۆن سازکراویان دانابوو، وەڵاغدارەکان وەک پیشەی خۆیان باریان دێنا و دەبرد و لەو کاتانەدا پوور ئەستیم زیاتر دەدیت، هەر کات سەفەری لای بنکەکانی ئێمەی دەکرد، سەردانی باوکمی دەکرد و ئاگاداری دەکردەوە کە وێدەچێ حەمەی پێشمەرگە ببینێ، بۆیە هەر کاتێک پوور ئەستیم دەدیت دەمزانی دیاری و پێداویستی و نامە و پووڵی بۆ هێناوم، پوور ئەستی بۆ من ببوو بە پەیک و نامەبەر و زۆرجار نامە و شتوومەکی بنەماڵەکانی دیکەشی تەحویلی من دەدا، بە راستی پێشمەرگەی خۆشدەویست، زۆرجار دایک و بابی پێشمەرگەکانی ناوچەکانی دیکەی لەگەڵ خۆی دێنا و ڕێگای بنکەی پێ نیشان دەدان و دەیگەیاندنە لای کوڕ و کچ و نەوەکانیان کە پێشمەرگە بوون. لەوە دڵنیام کە هەموو ئەوانەی کە پوور ئەستی خزمەتی کردوون، بۆ نەمان و کۆچی دوایی پوور ئەستی بە پەرۆشن.

دوای چەند ساڵ عەلی کەریمیان کوڕی پوور ئەستی بوو بە پێشمەرگە و ئەوجاریش لەگەڵ عەلی یەکترمان گرتەوە، ئەو لە کۆمیسیۆنی کۆمەلایەتی و ئاسایشگا و کۆڕی هونەری حیزب و منیش لە هێزی مینەشەم (زمزیران) پێشمەرگە بووم. مانگەکانی ئاخیری پاییز و زستانان وەرزی حەسانەوەی پێشمەرگە بوو، لەگەڵ عەلی هاتووچۆمان بۆ لای یەکتر هەبوو، عەلی کوڕێکی دەست ڕەنگین بوو، وێرای درووست کردنی کەل و پەلی جۆراوجۆر لە دار و تەنەکە، زۆرجاریش بە شمشاڵ و فلووت و تەپەڵ شەوانی پێشمەرگایەتی بۆ دەڕازاندینەوە. دوای ئەوە عەلی بوو بە پێشمەرگە، ئەوجار پوور ئەستی زیاتر هاتووچۆی بۆ لای بنکە و بارەگاکانی حیزب هەبوو، ئەو وێرای عەلی, برازایەکەشی (حەسەن کوێخا سمایلی) لە ریزی حیزبدا خزمەتی دەکرد و زۆر جار میوانی بنەماڵەی کاک حەسەن دەبوو، دوای چەند ساڵ پێشمەرگایەتی عەلی ڕێگای هەندەرانی گرتەبەر و لە کانادا گیرسایەوە و ئێستا لەوێ ژیان تێپەر دەکا. بە دڵنیایەوە، عەلی لە ژێر کاریگەری و هەستی نیشتمانپەروەری پوورە ئەستی دا ڕێگای پێشمەرگایەتی هەڵبژارد و ژیانی ئاسوودەی شاری بە پێشمەرگایەتی گۆڕیەوە.

پوور ئەستی بە هەوڵ و هیممەت و پشوو درێژی و کاری سەخت و بەردەوامی خۆی منداڵەکانی لە خەم ڕەخساندن، بەڵام بۆ خۆی بەردەوام بۆ ئیدارەی ژیانی خۆی تا کاتێک نەخۆشی و بە ساڵاچوویی بڕستی لێبڕی هەروا لە سەرپێ و هەڵسوور و گورج و گۆڵ بوو.

ژیانی پوور ئەستی پڕ بوو لە دژواری و نەهامەتی و سەختی، بەڵام هەرکات پرسیارت لێ دەکرد وەزعت چۆنە؟ بە زمانێکی شیرین و بە بزەوە دەیگووت: شای بە سەپانی خۆم ناگرم، تا هێزم لە قۆڵ و باسک و ئەژنۆ دابێ، نان لە زاری ئەژدیهای دەردێنم.

ئەو ئیرادەیە، ئەو ئیمان بەخۆبوونەی پوور ئەستی، وایکردبوو کە هەموو کەس ئەو ژنەی خۆش بووێ، بە راستی مرۆڤی ئاوا هەڵسوور و بێ زەڕ و بێ ئیدیعا لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەگمەنن، پوورە ئەستیش لە هەمووان لە پێشتر و دەگمەنتربوو، زۆرجار یارمەتی کەسانی دەستکورت و هەژاری دەدا، خەڵکی گوندەکانی بە باشی دەناسی و هەموو لایەکی خۆشدەویست و لەسەریەک هەموو هەوڵەکانی لە پێناو ژیانێکی سادە و ساکاردا بوو، زوڵمی لە کەس قەبووڵ نەدەکرد و بۆ خۆشی زوڵمی لە کەس نەدەکرد.

ئەو ژن بوو! بەڵام لە تانە و تەشەری هیچ کەس نەدەترسا.

ئەو ژن بوو! بەڵام شەقی لە خشڵ و زێڕ و جوانی دونیا هەڵدا بۆ ئەوەی منداڵەکانی چاو لە دەست نەبن.

ئەو ژن بوو! بەڵام هەموو کارەکانی، کاری پیاوانە بوون.

پوور ئەستی لەوە نەدەترسا کە کۆمەڵگا چی پێ دەڵێ؟ بەڵکوو ئەو تەنیا لەوە دەترسا ڕۆژێک دەست بۆ کەسانێک درێژ بکا، کە هیچ هەستی ئینسانیان لە رووح و جەستە دا نەبێ، ئەو سەری بۆ هیچ کەس و دەوڵەت و ئیدارەیەک نەوی نەکرد، بەڵکوو ئەوەندە سەربەرز ژیا کە هەموو لایەک دەبێ لێی فێری ژیانی سەربەرزانە ببن و نەترسی و بوێری و دەستپاکی ئەو بکەنە وانەی لێ فێر بوونی خۆیان و منداڵەکانیان.

پوور ئەستی دوای ساڵانێک کاری قورس و تاقەت پڕوکێن، بە هۆی نەخۆشی و بەساڵاچوویی کۆچی دوایی کرد. قورسایی ژیان ئەو ژنە راوەستاوەی نەچەماند، بەڵام پیری و نەخۆشی هێز و گوڕ و تینی لێ ستاند، سرووشتی ژیان لە دایکبوون و مردنە، بەڵام چۆن دەژی و چۆن دەمری زۆر شەرتە و پوور ئەستی سەربەرزانە ژیا و لووتکە و بەرزایی و گەورەیی بە نسیبی خۆی کرد و میداڵی سەربەخۆیی ژیانی لە ملی کرد، خۆزگە پەیکەرێک لە بالای نەچەماوەی پوور ئەستی ساز دەکرا ، بۆ ئەوەی بۆ هەموو لایەک ببێتە نموونەی کار و ژیان و هەڵسووران.

دەزانم کە زۆر لایەنی شاراوەی ژیانی پوور ئەستی هەبوون کە هیچ کەس هەستی پێ نەکرد و ڕەنگ بێ منیش هەستم پێ نەکرد بێ. بەڵام بێشک پوور ئەستیش وەک مرۆڤەکان دڵی هەبوو، هەستی هەبوو، خەون و ئارەزوو و ئاواتی هەبوو، هەر بۆیەش بۆ وەدیهاتنی خەونەکانی نێو دڵ و هەست و رووحی هەوڵی بێوچانی داوە، وەک زۆربەی خەڵک تووشی کەوتن بووە، تووشی نەخۆشی و گیروگرفتی تایبەت بە خۆی بووە و تەنانەت ئەو کاتانەی تەنیا بووە بۆ ژیانی خۆی ناراحەت و پەشێو و دڵ بە خەمیش بووە، بەڵام لە دەرەوەی بازنەی بنەماڵەدا وەسەر خۆی نەهێناوە، ئەو لە خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانی کۆمەڵگاش دا بەشدار بووە ، بەڵام ئەو لە نێو کۆڕی هاوسەفەر و هاوقەتارییەکانی دا باسی لە خەمەکانی نەدەکرد بەڵکوو باسی لە داهاتووی ئەو چەند ڕۆژە دەکردەوە کە بە یەکەوەن. پوور ئەستی لە ژیاندا تووشی کەوتن بووە بەڵام بە هیممەت و ئیرادەوە هەستاوەتەوە سەر پێ و لە کەوتن و لە زەرەر نەترساوە و ئەوەی بۆ ئەو گرینگ بووە ساخی و سەلامەتی منداڵەکانی ، کار و کاسبییەکەی و وەڵاغەکەی بووە و بێ پشوودان هەنگاوی بۆ ژیان هەڵێناوەتەوە.

**سڵاو لە ڕووحی پاکی پوور ئەستی و هەموو ئەوانەی وەک پوور ئەستی بە سەربەرزی ژیان و بە سەربەرزی مردن.**

-----------------------------------

*من ئەو کەسەم، هەموو ڕۆژێ، هەی ژین، هەی ژین*

*ژیانی ئەمڕۆم ئەفرۆشم بۆ کڕینی نانی سبەی*

*ئەمڕۆش دیسان هاتوومە دەر، هەی ژین هەی ژین*

*ژیانی ئەمڕۆم بفرۆشم، بۆ کڕینی نانی سبەی*

*لێم ناکڕێ خاوەنی نان، لێم ناکڕێ*

*هەنایەکم پەنگاوەتە بین و گەروو*

*ئەی داد هەی داد، هەی داد هەی دا*

*لەم بازاڕە بێڕوحمە دا، ژیان هەرزانترە لە نان*

-----------------------------------

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧**

## وشەی جاش و جاشایەتی لە فەرهەنگی کوردی دا چۆن هاتووە.







**لە پەراوێزی کۆنگرەی جاشەکان، کۆنگرەی ١٢ هەزار کوژراو، کە لە ژێر ناوی کۆنگرەی (پیشمرگان ولایت) لە ڕۆژی ٩ - ٨ - ١٣٩٦ ی هەتاوی لە سابلاخی بیری کوردایەتی دا بە فیت و بەرنامە و پیلانی سوپای پاسداران بەڕێوەچوو.**

**زیندەوەر بە گشتی زاو و زۆ دەکەن و بەرهەمی زاو و زۆی ئەوان بێچووە، بێچو بۆ ئاژەڵ، مەل و خشۆک بەکار دەبردرێ و زۆرجار بۆ هەندێک لە ئاژەڵ و مەل و خشۆکەکانیش نێوی تایبەت بە خۆیان هەیە و یا هەر کامیان ناوێکیان هەیە، زمانی کوردی دەوڵەمەندە و زاراوەی جۆراوجۆری هەن و لەهەر ناوچەیەک بۆ ئەوانەش ناوی تایبەت بە خۆیان هەیە.**

**لە ناوچەی سەردەشت بە بێچووی هەندێک لە ئاژەڵ و مەل و خشۆکەکان ئاوا دەڵێن:**

**بۆ نموونە تووتک یا توڵە سەگ**

***فەرخە بەراز***

***جاشەکەر***

***جوانوئەسپ***

***بێوەڵە ورچ***

***گوێرەکە بۆ مانگا***

***بەرخۆلە بۆ مەڕ***

*کاریله بۆ بزن*
*جووچکه مریشک و پەلەوەر*
*پاڵاخ بێچووە گامێش.*

**جاش یا جاشکۆله به کوردی به مانای بەچکه کەر دێ، له راستی دا جاشه کەریش وەک زۆربەی بەچکه و بێچووەکانی ئاژەڵ و مەل و خشۆکەکان به بچووکی گەلێک جوانه و نەرم و رەنده، له کۆمەڵگا دا به هۆی کاری زۆری که له کەری دەکێشن، دەبوو کەر وەک نەمادێکی باش سەیری کرابایه، بەڵام له کۆمەڵگای ئێمه دا ئەم وشەیه ناوەڕۆکی سووکایەتبارانەی بەخۆوە کرتووە و به واتای خۆفرۆش و نەتەوەفرۆش و خەیانەتکار به گەل و نیشتمان و نەتەوە به کار دێت، هەر بۆیه ئەگەر کەسێک کاری چەوتی کرد و یا له شتێک حاڵی نەبوو و یا کارێکی به پێچەوانەی گەلەکەی کرد و بوو به داردەستی دوژمن پێی دەڵێن جاش و یان کوڕی کەرێ.**

**له کوردەواری دا بەو کەسانەی ئازا و دلێر و له خۆبردوو بوون له ناوی هەندێک ئاژەڵ کەڵک وەرگیراوە.**

*شێره کوڕەکان*
*هەڵمەتی هەڵۆ ئاسا*
*تەوارەکانی کوردستان بۆ ژنان*
*وەک پڵینگی چنگ بەگڕ*
*شێری مەیدانی نەبەرد*
*هەڵۆکانی کوردستان و زۆر ڕەسته و ناوی جوانی دیکه.*

**هەر له کوردەواری دا بەو کەسانەی ترسنووک و فێڵاوی و دۆڕاو و خەیانەتکارن له ناوی هەندێک ئاژەڵ کەڵک وەرگیراوە.**

*بۆ جاسووسی له ناوی ئاژەڵی سیخوڕ*
*بۆ فێڵ و تەڵەکه ناوی ڕێوی سفەت*
*ئەوانەی بیرتەسک و دژی ئازادین پێیان دەگوترێ وەک شەمشەمەکوێرەن*

*ئەوانەی بەدخوڵق و بەدڕەوشت و یا بە دژی گەل دەخوێنن دەڵێن وەک کوندەپەپوو وان*

*بۆ ئەوانەی لە بیری دەستوەشاندن دان ورچی بریندار*

*ئەوانەی لە بنەوە کار بۆ دوژمن دەکەن دەڵێن وەک دووپشک و ماری سڕ وان*

*ئەوانەی بێ چاو و ڕوون پێیان دەڵێن دەڵێی مراوین تەڕ نابن*

*کەسانێک کە بەرو پشتیان بۆ کەس نییە پێیان دەڵێن دەڵێی نیسکن*

*ئەوانەی موزاحیمی خەڵک دەبن پێیان دەڵێن وەک فسۆس و چەقەڵ وان و زۆر وشەی دیکەی کوردەواری هەن کە پڕ بە پێستی جاش و خائینان و جاسوسانن.*

ئەوەندە کورتە نووسینە بەسە بۆ ئەوەی باس لە کاری چەوت و ناحەز و بە دوور لە ئەخلاقی نێو کۆمەڵگا و بنەماڵەی هەندێک کەس بکرێ بۆ ئەوەی پێی بگوترێ کەر و یا جاشە کەر.

ئەو کەسانەی بە هەر هۆیەک لە بنەماڵە و گەل و کۆمەڵگای خۆیان هەڵدەگەڕێنەوە و دەبنە دار دەست و چاو ساخی دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان و چەک بۆ رژێمێک هەڵدەگرن کە ڕۆژانە بە هەموو توانایەوە، بنەماڵە و کۆمەڵگا و نەتەوەیەک قەلاچۆ دەکەن و ئەوانیش دەبنە چاو ساخ و پێشرەوی ئەو دوژمنە، لە کوردەواری دا پێیان دەگوترێ جاش. جاشەکان هەموو کارێکی قورس و ناشیاو بۆ دوژمنەکەی دەکەن، بۆ هەر کارێکی چەوت کە بەرامبەر بە گەلەکەیان دەیکەن لە لایەن دوژمنەکەیەوە بە نێو دەستخۆشانەیەکی بێ نرخی وەک پووڵ و ماشێن و کەلوپەلی جۆراوجۆر وەردەگرن و لە پێناو پووڵ و پارە و زەویدا، گەل و نیشتمان دەفرۆشن و ئەوەی لە لای ئەو جاشانە گرینگ نییە ئەخلاق و بنەما ئینسانی و کۆمەلایەتی‌یەکانە کە هەر هەمووی وەپشت گوێی خۆیان دەخەن.

خۆفرۆشان شەو و رۆژ خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری و جاسووسی کردنن بە سەر دراوسێ و کۆڵان و گەڕەک و گوند و شارەوە. ئەوان بۆ خۆش خزمەتی هەموو جۆرە کارێکی نارەوا دەکەن، جاشەکان بۆ ئەوەی زیاتر لە لایەن بەرپرسان و کاربەدەستانی میری و ناوەندی‌یەوە وەر بگیرێن، لە درۆکردن و لە درۆ ساز کردن و ڕاپۆرتدان و خەڵک بەگرتدان و جاسوسی کردن لە سەر کۆمەڵگا خۆیان نابوێرن و هاوکاتیش کەسانی ساویلکە و هەندێک مرۆڤی بێ دەرەتان بەدانی وەعدە و بەڵێنی درۆیین، لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە، بۆ ئەوەی زیاتر سرنجی کاربەدەستانی بالای حکوومەت بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

جاشەکان بە گشتی پشتیان لە گەل و نیشتمان کردووە و بە ناوی جۆراوجۆر خزمەت بە دوژمنەکەیان دەکەن، بە نیازی چاوترسێن کردن لە خەڵک دەدەن، ئەو کەسانەی خۆشناو و یا کار بۆ نەتەوەکەیان دەکەن، دەخەنە ژێر چاوەدێری و بوختان و درۆ و تۆمەتیان بۆ هەڵدەبەستن، دزی لە خەڵک و کۆمەڵگا دەکەن، ڕاپۆرت لە بنەماڵەی کەسە شۆڕشگێڕەکان دەدەن و لەوانیش گرینگتر بە چەکەوە هەڕەشە لە خەڵک و ژیانی دانیشتووانی گوند و شارەکان دەکەن و لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی وڵات هێرش دەکەنە سەر شاخ و لێرەوار و شوێنی حاوانەوە و حەسانەوەی پێشمەرگەی کوردستان و دژبەرانی حکوومەتی ناوەندی.

پێشمەرگەی موسڵمان ئەو ناوەی کە رژێمی ئێران بۆ چەکدار و جاشەکانی نێوخۆی هەڵبژارد بۆ ئەوەی وشەی جاشیان لەسەر وەلابرن، نزیک بە٤٠ ساڵ دەبێ ئێران هەوڵ دەدا کە وشەی پێشمەرگەی موسڵمان لە نێو کۆمەڵگادا جێکەوتوو بکا، بەڵام بە خۆشییەوە بە هۆی گەشەی فیکری و نەتەوەیی گەلی کورد تاکوو ئێستاش خەڵک ئەو ناوەی سوپای پاسداران بۆ جاشەکانی هەڵبژارد، لە کۆمەڵگادا جێ نەکەوتووە و هەروا خەڵک پێیان دەڵێن جاش و جاشەکەر.

رژێم لە ڕێگای دەست و پەیوەندییەکانی خۆی و بە تایبەت جاش و سیخورەکان، هەوڵ دەدا کە نەوەی نوێ زیاتر گیرۆدەی جاشایەتی بکا، هەموویان بە یەکەوە هەوڵدەدەن کە هەندێک ئیمتیاز بدەن بە گەنجەکان و یا بە بنەماڵەکانیان و لەو پەیوەندییەدا بە کوردی دەیانکڕن، هەر بۆیە لە کوردەواری خۆمان دا بەوانە دەڵێن جاش و خۆفرۆش. ئەو ناوە ناحەزانە بوونە هۆی ئەوە کە نەوەی ئاگای نوێی گەلەکەمان زیاتر وریا ببنەوە کە نەبنە داردەست و خۆفرۆشی دوژمن و گەلدۆستی و نیشتمانپەروەری بکەنە پیشەی خۆیان و لە نێو کۆمەڵگا دا ببنە خۆشەویستی گەل و نیشتمان.

جاشایەتی تەنیا چەک هەڵگرتن نییە، بەداخەوە هەندێک مرۆڤی ترسنۆک کە ناوێرن ڕاستەوخۆ خۆیان نیشان بدەن ، لەو نێوەدا پیشەی جاسووسی و سیخوریان بە سەر خەڵکەوە هەڵبژاردووە و لە ئاکام دا وەک میکرۆبێک کە نابیندرێ نادیارن و ئەوانە زۆر مەترسیدارن . زۆرجار لە دایک و باوکمان بیستوومانە کە پێیان گوتووین ڕۆڵە وریا بن دیوار مشکی هەیە و مشکیش گوێی هەیە. ئەو وریایە بۆ ئەوە بووە کە باسی هەموو شتێک لە لای کەس و یا کەسانێک کە نایان ناسی مەکە و ئاگات لە زار و گوتاری خۆت بێ. ئەو نامرۆڤە نادیار و خۆ بەدەستەوەدەر و خۆفرۆشە، لە گەیاندن و دانی زانیاری لە سەر خەڵک لە هەموو توێژەکان دا بۆ رژێم لە هیچ شتێک دریغی ناکا و

بە تایبەت لە هەڵبەستنی درۆ و بوختان و تۆمەت و تەنانەت دوو زمانی کردنیش دا ئەزموونی پەیدا کردووە و وەک کورد دەڵێ بۆتە مڵە و لە ژێرەوە لە ڕەگ و ڕیشەکان دەدا و بنکۆڵی پێی نەتەوەکەی کردۆتە پیشەی نارەسەنی خۆی.

جیا لەوانە گرووپێکی دیکە بە ناوی خوازیار و یا بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیان نووسین و گوتاریان بە دژی گەلەکەیان و ڕاستییەکانی کۆمەڵگا کردۆتە پیشەی خۆیان. ئەوان بەم شێوەیە گوتاری ناساز و بە دوور لە راستی بە دژی گەل و نیشتمان لە ڕۆژنامە و گۆڤار و تەنانەت تیڤییەکانیش دا بڵاو دەکەنەوە و بەم شێوەیە تۆوی دووبەرەکی و دوڕدوونگی لە کۆمەڵگا دا دەچێنن و لەو ڕێگایەوە دوژمنایەتی گەلەکەیان دەکەن و خزمەت بە نەیار و دوژمنان دەکەن. ئەوانە لە سەردەمی ئێستادا پێیان دەگوترێ جاش قەڵەم، ئەوانە هەوڵ دەدەن چەواشەکاری بکەن و بە نووسین و گوتارەکانیان خەڵک و کۆمەڵگا بە لاڕێدا بەرن و هەوڵ دەدەن مێژووی گەلەکەیان بە کەمرەنگی نیشان بدەن و یا بە پێچەوانە باس لە گەورەپیاوان و مێژووی نەتەوەکەیان بکەن.

ئەوان هەوڵ دەدەن کە ڕاستییەکان لە خەڵک بشارنەوە و بە دڵی دوژمن قسە بکەن و بەم کارەیان دەبنە هاوکاری جاشە چەکدار و سیخورەکان و لە سەریەک ئەوانیش بەم شێوەیە ئاو لە ئاشی دوژمن دەکەن و لە بەرامبەر گەلەکەیان دا ڕادەوستن و بە تەواوی وەک دەڵێن: لە جیاتی ڕووناکی بە گەل ببەخشن، وەک شەمشەمە کوێرە لە تاریکی دا دەژین.

گەل و مێژوو لە خۆفرۆشان و جاشەکان نابورێ و ئەوانەی ڕۆژی ٩ - ٨ - ١٣٩٦ ی هەتاوی لە سابلاخی بیری کوردایەتی بە پیلانی سوپای پاسداران نەخشە ڕێگای چەوتیان بۆ گەلەکەیان داڕشت و بانگەشە بۆ جاشایەتی و بۆ خۆفرۆشی دەکەن، بە دڵنیاییەوە دەکەونە بەر ڕق و تووڕەی نەوەی نوێی گەلەکەمان و ناهێڵن هەر ئاوا بە ئاسوودەیی لە شاری پێشەوا و لە شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەنگاو بۆ بەجاش کردن و خۆفرۆشی هەڵبێننەوە.

ئەو جاشانەی لە زەلکاوی خەیانەتی گەورە نەکەوتوون و تەنیا فریوی هەندێک وەعدە و بەڵێنیان خواردوە باشتر وایە بیر لەوە بکەنەوە کە بەرەی گەل و نیشتمان هەڵبژێرن و چیدی نانی سەرشۆڕی نەخۆن و نەهێڵن کە منداڵەکانیان لە دەرەوە لە گەڕەک و کۆڵان دا لە بەر منداڵانی هاوتەمەنی خۆیان سەر دابخەن و بیر لە مندالەکانیان و لە ژیانی سەربەرزانە بکەنەوە. گەل و نەتەوە با گەورەترین قوتابخانە بێ بۆ ژیانی ئاسوودەیی و

ژیانی سەربەرزانە.

لە کۆتایی دا هیوادارم کە گەلی کورد بە گشتی و ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی ، ئاراستەی خەباتی خۆی وەک پیشەی خەبات بە دژی داگیرکەران تا سەرکەوتنی یەکجارەکی توونودتۆلتر بکاتەوە و حیزبەکان بە گشتی، یەکریزی و یەکگرتوویی و هاوپەیمانی لەگەڵ یەکتر بکەنە هەوێنی خەباتی نوێی خۆیان و بە گیانی یەکتر قەبووڵ کردن و لێبوردوویی ریزی شۆڕش و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان گەورەتر و بەرینتر و گەشاوەتر بکەنەوە.

نەمویستووە کە لە وشەی نامۆ کەڵک وەربگرم و خۆماڵیانەم نووسیوە بۆ ئەوەی سادە و ساکار مەبەستی خۆم و نووسینەکەم گەیاند بێ.

تێبینی تکایە لە نووسینی بێڕیزی و ناو هێنان خۆتان ببوێرن و هەروەها داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر بە هۆی ناوهێنان و قسە و جنێو کۆمێنتەکان پاک بکەمەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

## کۆچی دوایی پێشمەرگە و تێکۆشەری دێرین کاک خالید عەبباسی لە وڵاتی سوئێد



بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئاگادار کراین کە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٨ - ١١ - ٢٠١٧ کاک خالید عەبباسی کوتوپڕ بە هۆی سەکتە و ڕاوەستانی دڵەوە تووشی گرفت دەبێ ، لەگەڵ ئەوەدا دەگەیێندرێتە نەخۆشخانە بەڵام

بەداخەوە هەوڵە پزیشکییەکان بێ ئاکام دەبن و لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی وڵاتی سوئێد کۆچی دوایی کرد.

خالید عەبباسی ساڵی ١٣٣٧ ی هەتاوی لە ئامیزی بنەماڵەیەکی خۆشەویست و کاسبی گوندی گەڵوانی ناوچەی نەغەدە لە دایکبووە و قۆناخەکانی ژیانی منداڵی و مێرمنداڵی لەو گوندە تێپەر کردووە و بە پێی پێویست و توانا هاوکاری سەرەکی کارەکانی بنەماڵەکەی بووە.

لەگەڵ یەکەم ڕاپەرینەکانی گەلانی ئێران وێرای خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستان لە خۆپێشاندان و مانگرتنەکان دا بە گەرمی بەشداری کردووە و دوای ڕووخانی حکوومەتی پاشایاتی و ئاشکرابوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ ی هەتاوی راستەوخۆ بۆتە ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و لەو کاتەوە وەک مرۆڤێکی تێکۆشەر و پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر لە کۆمیتە شارستانی نەغەدە و هێزی ئەفشین و لکی یەکی شەهید سمایل کرمانج ئەرکی پێشمەرگایەتی خۆی دەست پێکردووە و ساڵی ١٣٦٠ ی هەتاوی نەقلی لکی ٣ ی مراد شیرژ بووە و پلەکانی سەرپەلی و هاوکاری کادر و دواتر کادری سیاسی هەبوو، کاک خالید بە پێی هەلومەرج و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و هەروەها جێگۆرینی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات، ناوبراویش شوێنی تێکۆشانی گۆردراوە و لەو ئۆرگان و بنکانە دا لە بنکەی سنووری شیوەڕەز، بەندیخانەی ناوەندی، فێرگەی سیاسی نیزامی، نەخۆشخانەی گشتی حیزب، بنکەی تداروکاتی گشتی تەقەمەنی و دواتریش سەرپەرەستی نیزامی کۆمیتەی نەغەدە خزمەتی بەرچاوی کردووە .

ئەو لەو ماوەیەدا وێرای راپەراندنی ئەرکی پێشمەرگایەتی لە چەند دەورەی سیاسی و کادر دا بەشداری کردووە و پلەی زانیاری خۆی بردۆتە سەر و لە هەموو بوارەکاندا خزمەتی بە حیزب و گەل و نیشتمان کردووە. خالید عەبباسی مرۆڤێکی مەند و لەسەرەخۆ، مرۆڤێکی خۆش ئەخلاق و سادق و پاک و ڕووحسووک و دەم بە خەندە و کەسێکی خۆشەویست و جێگای باوەری گشت لایەک بووە و بەوپەری دڵسۆزییەوە خزمەتی کردووە و وێرای ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەی لە دژوارترین کاتەکان دا لە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دا سەنگەری لە داگیرکەرانی کوردستان گرتووە و وەک مرۆڤێکی بە هەست و نیشتمانپەروەر ئەرکی نیشتمانی خۆی بەرێوەبردووە.

شایانی باسە کە دوای ئەوە کە ماوەیەک لە باشووری کوردستان بوو ڕێگای هەندەرانی گرتەبەر و لە وڵاتی تورکیە ساڵانێک لە چاوەروانی قەبووڵی یوئێن دا مایەوە و لەو ماوەیە دا تووشی نەخۆشی دڵ دەبێ و هەر لە تورکیە نەشتەرگەری بۆ دەکرێ و دواتر ساڵی ٢٠٠٨ی زائینی دێتە وڵاتی سوئێد و لە شاری ئوپسالا درێژە بە ژیانی

ئاسایی خۆی دەدا و لێرەش وەک مرۆڤێکی بە هەست و نیشتمانۆەروەر لە هەموو ڕۆژە مێژوویی و گرینگەکانی گەلەکەمان و لە خۆپێشاندان و کۆڕوکۆبوونەوەکانی تایبەتی دا زۆر بە چالاکی بەشداری دەکرد و تا کاتی ماڵئاوایی یەکجارەکی بەردەوام کاری بۆ وەسەریەک خستنەوەی دوو باڵی دێموکرات دەکرد و هاوکاری کارەکانی ڕەوەندی کوردی لە وڵاتی سوئێد بوو.

بە بۆنەی کۆچی نابەوەختی کاک خالید عەبباسی سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆمان لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکەی لە وڵاتی سوئێد و لە کوردستان دەردەبڕین و هیوا دەخوازین ئاواتەکانی کاک خالید عەبباسی کە ئازادی و سەربەخۆیی گەلەکەی و وەسەریەک کەوتنەوەی دێموکراتەکان بوو وەدیبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

## بە بۆنەی کارەساتی سرووشتی بوومەلەرزەی پارێزگای کرماشان




بە بۆنەی کارەساتی سرووشتی بوومەلەرزەی پارێزگای کرماشان و گیان لە دەستدانی سەدان کەس و زامدار بوونی هەزاران کەسی دیکە و ئاوارەبوونی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی بە ئەمەگی پارێزگای کرماشان، لە قوولایی دڵمەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی تێکرای قوربانییەکان دەکەم و خۆم بە هاوخەمی لە دەستدانی هەموو ئەو ئازیزگەلە دەزانم، هیوادارم کە زامدارانی ئەم کارەساتە سرووشتییە بە زووترین کات تەندرووستیان باش بێتەوە و ئەوانەی لە ژێر گڵ و خانووە تەپیو و ڕووخاوەکان دا ماونەوە ڕزگاریان بێ.

هەر لە ڕێگای ئەم کورتە نووسینەوە داوا لە خەڵکی بە ئەمەگ و تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری کوردستان دەکەم کە لە هەر ڕێگایەکی بۆیان دەگونجێ یارمەتی خەڵکی ناوچەی کرماشان بدەن. با بە هەمووومان بە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆمان هەستین و لەم وەرزە ساردەی پاییزدا یارمەتیدەری خوشک و براکانمان لە هەموو گوند و شار و شاروچکەکانی پارێزگای کرماشان بین.

سەرەخۆشی لە خەڵکی کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەربەندیخان لە باشووری کوردستان دەکەم. ڕووحیان شاد.

کۆماری ئیسلامی ئێران وەک پیشەی دائیمی خۆی نەک هیچ یارمەتی بە لێقەوماو و وەبەرکەوتووانی ئەو بوومەلەرزەیەی پارێزگای کرماشان نەداوە بەڵکوو بە درۆ و بە قسە خەریکە بڵێ هەموو ئەو یارمەتیانەی کە خەڵکی شارەکانی دەوروبەر و شارەکانی دیکەی کوردستان کە کۆیان کردۆتەوە و ناردوویانە و یا گەیشتوونە شوێنی کارەساتەکە ، بکاتە ئی خۆی و ئی دەوڵەتە شەڕخوازەکەی.

وەک دەگوترێ لە زۆربەی شوێنەکان و بە تایبەت ئاوایی و گوندەکان تاکوو ئێستا هیچ کەرەسە و ئامرازێکی گەورە کە بتوانێ دیوار و دار و بەردی ڕووخاوی خانووەکان بگوازێتەوە وەکار نەخستوون و زۆرێک لە خەڵک لە ژێرخانووە تەپیوەکان دا ماونەوە و یا گیریان کردووە.

بە هەزاران کەس بە بێ ئەوەی لەم وەرزە ساردەی پاییزدا هیچ شوێنێکیان بۆ حاوانەوە هەبێ تەنیا بە چەند پەتوو و کارتۆن و زیلو و نایلۆن لە سەر عەرزی نەماوی و تەڕی پاییز شەو تا ڕۆژ هەڵدەلەرزن و بێشک بە نەخۆش کەوتنی خەڵکەکە کارەساتێکی دیکەی مرۆڤی درووست دەبێ.
ڕووڕەشی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران کە تەنانەت لە ڕۆژی لێقەومان و کارەساتەکانیش دا ئاوڕ لە هاووڵاتیانی کورد ناداتەوە.

سوپاس بۆ خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان و بۆ یارمەتیە مرۆیەکانیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

# هیوا عەبدوڵڵاهی چالاکێکی سیاسی کورد، ئەندامێکی حدک



چالاکێکی سیاسی کورد، ئەندامێکی حدک لەوڵاتی سوئێد دەست بەسەرکراوە و مەترسی دیپۆرتی بۆ عێراق لەسەرە وڵاتی سوئێد یەکێک لەو وڵاتانەیە کە ساڵانە بە هەزاران پەنابەر لەڕێگای جۆراوجۆرەوە بۆ ژیانی ئاسایی ڕووی تێدەکەن و ئیدارەی کۆچ و کۆچبەرانیش پەنابەرەکان بە پێی وەزعیەتی خۆیان وەردەگرێ و ئیقامە و شوێنی نیشتەجێبوون و مافی ژیانیان لەو وڵاتە پێ دەبەخشێ.

هیوا عەبدوڵڵاهی لە دایکبووی ساڵی ١٣٦٧ ی هەتاوی، کوڕی تێکۆشەری سیاسی کورد کاک حەسەن مامە قالەی سوتوو (بانە) پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوای نزیک بە شەش ساڵ ژیان لە وڵاتی سوئێد، بەداخەوە مەترسی ڕادەست کردنەوەی بۆ عێراقی لە سەرە.

هیوا وەک زۆربەی پەنابەرە ڕۆژهەڵاتیەکانی دیکە لە گەڵ بنەماڵەکەی لە یەکێک لە کەمپەکانی حیزبی دێموکرات لە قەندیل و لە کۆیە ژیانی ئاسایی خۆی تێپەر کردووە و دواتر ڕێگای تاراوگەی گرتۆتەبەر. ناوبراو دوای ئەوە کە گەیشتۆتە وڵاتی سوئێد هیچ بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی کە نیشان بدات خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یا باشووری کوردستانە پێ نابێ و بە ئاشکرا و بە ڕوونی باس لە چۆنیەتی هاتنی خۆی بۆ سوئێد دەکا و دەڵێ لەگەڵ بنەماڵەکەمان لە باشووری کوردستان ژیاوین و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە ئیدارەی کۆچ و کۆچبەران باوەری پێ نەکەن کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بە هۆی نەبوونی سجیلی ئێرانی و تەسکەرەی عێراقی و یا نەبوونی ناوی هیوا لە کۆلکەی وڵاتانی ئێران و عێراق دا، بە داخەوە هیوا تووشی گرفتی گەورە بووە و تەنیا ناسنامەیەک کە بە دەست هیوایەوە ناسنامەی کوردیە و بەس و ئەوەش بۆ وڵاتانی پەنابەر وەرگر بۆتە بیانوو و بەهانە کە نەزانن هیوا خەڵکی کوێیە.

لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا کەیسی پەنابەری هیوا چەند جار لە لایەن ئیدارەی کۆچ و کۆچبەرانەوە ڕەت کراوەتەوە و لە ئاکام دا هیوا عەبدوڵلاهی نائومێد و بێ هیوا دەبێ و بە ناچار دەچێتە وڵاتی ئاڵمان و دوای نزیک بە هەشت مانگ بەداخەوە پۆلیسی ئاڵمان ڕادەستی پۆلیسی سوئێدی دەکا و دەیگێڕنەوە بۆ وڵاتی سوئێد و ئێستا لە شوێنێکی تایبەت لە ژێر چاوەدێری پۆلیس دایە و ماوەی ٧٢ کاتژمێریان بۆ دیاری کردووە بۆ ناردنەوەی هیوا بۆ وڵاتی عێراق.

بێشک هەموو ئەو کەسانەی کە هیوا دەناسن دەزانن کە غەدرێکی گەورە لە کەیس و لە داواکاری‌یەکەی هیوا دەکرێ و لە ئەگەری ناردنەوەی هیوا دا بۆ عێراق و بە هۆی بوونی سوپای قودس و سوپای پاسدارانی ئێران لە عێراقدا، بێشک گیانی هیوا لە مەترسی‌یەکی گەورە دا دەبێ و لەو پەیوەندی‌یەدا دەوڵەت و ئیدارەی کۆچ و کۆچبەرانی سوئێد دەبێ وەلامدەری سەرەکی بن لە ئاست هەر ڕووداوێکی کە بۆ هیوا عەبدوڵلاهی دێتە پێش.

شایانی باسەکە بە هۆی ئەوە کە هیوا ئەندامی ڕەسمی حدک و هەروەها یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان بووە و هاوکاتیش بنەماڵەکەیان وەک بنەماڵەی پێشمەرگە خزمەتێکی زۆریان بە خاک و نیشتمان کردووە و باپیری هیوا واتە مامە قالەی سوتوو پێشمەرگەی هەموو قۆناخەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە و هەر لەم پێناوەشدا گیانی شیرینی پێشکەش بە گەل و نیشتمان کردووە، کۆمیتەی حیزب و کۆمیسیۆنی تەشکیلات هەر لە سەرەتادا هەموو جۆرە پشتگیری‌یەکی لە کەیسی ناوبراو کردوە، بەلام بەداخەوە بەڕێوەبەرانی ئیدارەی کۆچ و کۆچبەران بە بێ ئەوەی سرنجێکی تایبەتی بە داواکاری‌یەکان بدەن تەنیا لە یەک گۆشەنیگا و یەک ڕوانگەوە ڕوانیویانەتە کەیسی هیوا عەبدوڵلاهی و ئەویش هاتن لە باشووری کوردستان را بۆ وڵاتی سوئێدە.

هیوا کاتێک لەلایەن ئیدارەی کۆچبەران و پۆلیسەوە پێی ڕادەگەیندرێ دەبێ وڵاتی سوئێد بە مەبەستی گەرانەوە بۆ عێراق بەجێ بێڵێ بەناچار وڵاتی سوئێد بە جێ دێڵێ و دەچێتە وڵاتی ئاڵمان و بەداخەوە لەویش دوای چەند مانگ چاوەروانی بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری، ڕۆژی چوارشەممە بە هاوکاری پۆلیسی ئاڵمان و سوئێد لە ڕێکەوتی ١٥ ـ ١١ ـ ٢٠١٧ بە فرۆکە ڕەوانەی سوئێد دەکرێتەوە و ئێستا جارێکی دیکە هەمان داوا لەلایەن پۆلیسەوە بەرەورووی هیوا کراوەتەوە و پێیان گووتوە کە ئەوان بە پێی یاسای سوئێد بەرەو عێراق شوێنی ژیان و نیشتەجێبوونی پێشووی ڕەوانە دەکەنەوە و ئەوەش هەم پێشێلی مافی مرۆڤ و هەمیش مەترسی‌یەکی گەورەیە بۆ

سەر گیانی هیوا عەبدوڵلاهی.

لە ڕێگای ئەم نووسینەوە داوا لە هەموو ڕێکخراوە مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان و کوردانی بە هەست و نیشتمان پەروەری وڵاتی سوئێد دەکەین کە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵ بدەن پێش بە ناردنەوەی هیوا عەبدوڵلاهی و ئەو مەترسی‌یە گەورەیەی کە لەسەر چارەنووسی هیوایە بگرن و نارزایەتی خۆیان لە ئاست ئەو کەم کاری و پێشێلکاری‌یە دەر ببرن. بە هۆی بوونی سوپایەکی زۆری ئێران لە عێراق و بە تایبەت کۆنترۆڵی فرۆکەخانەکانی عێراق گیانی هیوا زیاتر لەهەموو کات لەمەترسی دایە و ئەگەری بردنەوەی بۆ ئێرانی لە سەرە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

## خاتوو شەهلا

لە ماوەی نزیک بە دوو مانگی رابردوو دا و دوای کارەساتەکانی باشووری کوردستان و بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشان زۆر کەسم دیتن و لەگەڵ زۆرێک لەوان بیرورامان گۆڕیوەتەوە . ئەو بەرێزانە هەر هەموویان لە ناخ و دەروون و جەستەدا دەسووتان و زۆرێک لەو خۆشەویستانە هیچ بیریان لە لەش ساخی خۆیان نەکردۆتەوە کە شەوانە و رۆژانە بە دەم بیستنی هەواڵی ناخۆش و بە دەم گریانەوە خەو و خواردنیان لە خۆیان و ماڵەوەیان حەرام کرد بوو، یەکێک لەو خۆشەویستە دڵ پڕ لە ئەوینانە، خاتوونی هەردەم دڵسۆز و پێشەنگ شەهلا دەباغی‌یە، کە بە حەق لە هەموو کۆڕ و کۆبونەوەکانی پێش ڕێفراندۆم و دوای ڕێفراندۆم دا بە هەستێکی پاک و بێگەردەوە لە نێو کۆڕەکان دا دەدرەوشایەوە، دوای گیرانەوەی کەرکووک و کارەساتی توزخورماتوو جارێکی دیکە بە شێوازێکی دیکە هاتەوە مەیدان، ئەو کارەساتە گەورەیە بە گشتی لە سەر رووح و ڕەوان و جەستەی شەهلا و زۆرێک لە دۆستان کاریگەری زۆری هەبووە، بەڵام هیچیان وەک دادە شەهلا پێیانەوە دیار نەبووە و نییە.

خاتوو شەهلا بە نووسین و لێدوان و بڵاوکردنەوەی بابەتی بە هەست و نیشتمانپەروەرانە هەستی کوردایەتی و نەتەوایەتی خۆی دەربڕیوە و هەنووکەش هەروا بە خەمخۆری و بە هیواوە هەنگاو هەڵدێنێتەوە.

دوای کارەساتی بومەلەرزەی پارێزگای کرماشان جارێکیتر خەم هەموو گیان و ژیانی داگرت و ئەوجار شەو ڕۆژ کەوتە کۆکردنەوەی یارمەتی ماددی و ئەو شتانەی کە پێویستن بۆ لێقەوماوانی ئەو بوومەلەرزەیە.

**شەهلا گیان!**

بە گشتی لە ڕێگای ئەم کورتە نووسینەوە سوپاست دەکەم و هیوادارم کە نموونەی وەکی تۆی خۆشەویست هەر لە زیادبوون دابن.

خاتوو شەهلا لە نووسینێکی بە هەست دا سەبارەت بە منی برای بچووکی خۆی لوتفی کردووە ئەو چەند دێرانەی خوارەوە کە لە ناخی دڵییەوە هەڵقوڵاوە، نووسیوە و پەنای بۆ منی برای خۆی هێناوە و راز و نیازی خۆی لەم نووسینەدا لەگەڵ هاورێ و هاوخەباتیانی دەربریوە.

سوپاس شەهلای خوشکم، هیوادارم کە هەموو کات ساخ و سەلامەت و سەربەرز بی. لە سەریەک گەلی کورد بە قۆناخی ناسک و هەستیار دا تێپەریوە و کەوتووە و هەستاوەتەوە، بەخۆشیەوە ئێستا بیری نەتەوەخوازی لە نێو لاوەکان و گەلی کورد دا ، لە هەموو کات زیاتر لە گەشە دایە و درەنگ یا زوو ئاواتی هەموو لایەکمان بە هیممەت و خۆراگری و راوەستاوی دێتە دی.

ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و رۆژی پێشمەرگە لە تۆی خۆشەویست و هەموو لایەک پیرۆز بێ و سەری ڕیز بۆ هەموو ئەو کەسانە دادەنوێنم کە بەشێک لە ژیانیان تەرخانی ڕزگاری و ئازادی گەلەکەیان کردووە.

سلاو لە بەندیە سیاسی ومەدەنییەکانی نێو چاڵە رەشەکان
سڵاو لە بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان و سڵاو لە خۆرگری خەڵکی کوردستان
مەرگ و نەمان بۆ خائین و خۆفرۆش و جاش و گەل فرۆشان
بژی پێشمەرگە

سوپاس و هەر جار سوپاس

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٨ی نوڤەمبەری ٢٠١٧

# پێشکەش بە حەمەڕەسوڵ کەریمی



لەسەر سەنەدڵییەک دادەنیشم و چاوەڕێی قەتارم. شاڵگەردنەمەم سەروچاومی داپۆشیوە و سەرم لەبەرە خۆم ناوە. بیر دەکەمەوە. خەیانەتی ناو خۆییش بارستای کڵاوی ئامریکا و ئورووپا ئازارم نادا. ئەوان ویستبایان کورد وای بەسەر نەدەهات. من بۆ لە ئورووپام؟ قلپەیەک لە ناو گەرووم دێتە دەر و کۆڵێک فرمێسک بە لێشاو دێنە خوار. قەتار دێ. دەچمە گۆشەیکی چۆل و دەست دەکەم بە یادداشت کردن. بەڵام فرمێسکەکانم هەر بەخوڕ دێنە خوار هۆی ئەوەیە لەماڵێ کەمتر دەگریم تا هەموویان لەوە زیاتر ئازار نەدەم.

ئەمڕۆ کە چاوم لە ئاوێنە کرد دیتم ئاسەواری زەلـزەلە و سووتانی خورماتوو دەبێ هەر ئەو وێرانییەی سەر دەموچاوی من بێ. بیرم کردەوە چۆن دەتوانم خۆم نەجات بدەم؟ تەنانەت ڕۆمان خوێندنەوە ئارامم ناکا. ڕستەکانی قەڵای دمدم تێکەڵاوی ڕووداوەکانی دووز و کەرکووک دەبن.

ئێوارە لەسەر سەکۆی قەتار لە تاریکی دا بە لێشاو فرمێسک دێنە خوار. هێندە هەنیسک دەدەم خۆم پێم سەیرە. لە گۆشەیەکی چۆلی قەتار ئارەزوو دەکەم کەسێک تلفونم بۆ بکا بەڵکو ژێر بمەوە. کێ تلفون بۆ شکاو دەکا؟ خۆم دەست دەبەم بۆ تلفون. وەک سەردارێکی شکاو بۆ ئەوە ڕێگایەکی نەجات ببینێتەوە. عەتا دەڵێ:

*- سەلام سەلام.*

*هەوڵ دەدەم دەنگم بگۆڕم و ئاسایی قسە بکەم.*

*عەتا: دەڵێ خەریکی چی؟*

*دەڵێم لە قەتاردام.*

*دەڵێ: چ بووە؟*

*دەڵێم: هیچ.*

*دەڵێ: دەگری؟*

*بە هەنیسکەوە دەڵێم:*

*- عەتا هەرچی دەکەم خۆم بۆ کۆنترۆڵ ناکرێ.*

*دەڵێ: وامەکە لە خۆت، هەموو ڕۆژێ مستێک ژەهر دەخۆی، دەمری.*

*دەڵێم: خەبەرەکانت دیت؟*

*دەڵێ: نا چ بووە؟*

*دەڵێم: وەزیری نەفتی ئێران و ئێڕاق باسی نەفتی کەرکوەک....*

*دەڵێ: دەی دیارە.*

مێشکم خەریکە بتەقێ. بیر دەکەمەوە ئاڵای ئێڕاق لەبەر با لەدەست پەیکەری پێشمەرگە نراوە، ئاڵای ئێڕاق لەسەر یادبوودی ئەنفال داندراوە. بیر دەکەمەوە نەفتی کورد بۆ ئێران. ئا ڕاستە پارەی ئەو نەفتە ڕەنگە بەشێک بە گەندەڵی خەسار ببا، بەڵام خۆ بەشێکی هەر بۆ کورد دەبوو. بیر لەو هەموو ساڵانە دەکەمەوە کورد دەیتوانی پلانی هەبێ.

نازانم بۆ لەناو هوروژمی بیردا، بیر لە کاک حەمەڕەسوڵ، لە دەستی، لە جەستەی پڕ لە برین و ئاسن و تیکە تۆپ و خۆمپارەی دەکەومەوە.

پێمخۆش بوو ئێستا سەرم لە کۆشی کاک حەمەڕەسول نابا و تێر بە گابۆڕ گریبام. دەبێ حەمەڕەسوڵ بەسەر جەستەی چەند هاوڕێی شەهید دا گریابێ. دەبێ چەند بیری لە سەربەخۆیی کردبێتەوە. دەبێ چەند بەو خەیانەتە تلابێتەوە.

دڵم بە بارزانی دەسوتێ، هەست دەکەم بارزانی، من، تۆ، کاک حەمەڕەسوڵ و هەزاران سەرەڕای هەموو هەڵەکانی ژیانمان بە دڵ کوردمان خۆش ویست و ئامانجی سەربەخۆییمان هەبوو.

**هێندە گریاوم کە گلێنەی چاوەکانم ژان دەکەن، بیر لە خۆڕاگری حەمەڕەسوڵ و هەزاران پێشمەرگە دەکەمەوە....**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧**

## ٣٠ ساڵ پێشمەرگایەتی و ٣٠ ساڵ تاجی سەروەری لە سەر




**سڵاو لە کاک حەسەن خۆشکەلام و هاوسەری بە وەفای دادە گوڵالە و منداڵەکانی**

**لە ماوەی بوونم لە نێو ریزەکانی حدک و شۆڕش دا شانازی ئەوەم هەبووە کە لەگەڵ زۆر کەسایەتی بەناوبانگ و هەڵکەوتوو و خۆشەویست و جێگای متمانەی خەڵک و شۆڕش تێکەڵ بم و لە نزیکەوە لە خزمەتیان دا بم و بیانناسم و ئێستاش ئەوە هەر بەردەوامە.**

**شۆڕش لە کوردستان و لە ڕۆژهەلات بە گشتی واتە هەوڵ دان بۆ ئازادی گەل و نیشتمان لە ژێر دەستەیی و لە ژێر چەپۆکی داگیرکەراندا. لە لای من شۆڕش واتایەکی دیکەی نییە. شۆڕش و پێشمەرگایەتی زۆر شتی تایبەت بە خۆمیان لێ ستاندم، بەڵام هەر لەم شۆڕشەدا زۆر شتی دیکەم بە نەسیب بوون کە ئەگەر پێشمەرگە نەبایەم هیچ کات نەمدەتوانی بە دەستیان بێنم، هەر بۆیە لە ڕێگەی ئەم کورتە نووسینەوە سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە دەستیان گرتم، ڕێنوێنیان کردم، فێری چۆنیەتی خۆگونجاندن لە ڕۆژە سەخت و دژوارەکانیان دا کردم، پێشەنگ و پێشرەوم بوون، پەنایان دام و خەمخۆر و دڵسۆز و پشتیوانم بوون و ئێستاش مامۆستا و سەروەرمن.**

با لە نووسینەکەم لە سەر حەسەن خۆشکەلام، حەسۆی نیشتمانپەروەر دوور نەکەومەوە. حەسەنم لە پێش شۆڕش دا لە ڕێگای قوتابخانەوە دەناسی، ئەگەرچی ۲ ساڵ لە من بە تەمەنتر بوو، بەڵام بە هۆی خاکەڕایی و مەندی و لەسەرەخۆیی‌یەکی کە هەیبوو، لە نزیکەوە لەگەڵی ئاشنا بووم و خۆشم دەویست، چەند ساڵ پێش کاک حەسەن ڕێگای سەروەری پێشمەرگایەتیم گرتەبەر و لە هێزی بە هێزی زمزیران مەکۆی شۆرەسوارانی ڕەبەت بوومە پێشمەرگە، خولیای گەورەم نەبوون، تەنیا دەمهەویست وەک پێشمەرگەکانی ئەو هێزە فێری چاونەترسی و بوێری و هەڵمەتی شێرانە بۆ سەر دوژمن ببم، مخابن تاکوو ئێستاش، ئەو خولیایەم هەر نەهاتە دی و نەمتوانی ببمە ئەو کەسەی کە دەبوو ببم، بەڵام بە شانازی‌یەوە توانیم لە تەنیشت پێشمەرگەکان هەنگاوی پێشمەرگانەی خۆم هەڵبێنمەوە و نزیک بە ۱۰ ساڵ لە خزمەت کوڕ و کچە قارەمانەکانی هێزی زمزیران دا بمێنمەوە و دواتریش چەند ساڵی دیکە لە هێزی گیارەنگ دا خزمەت بکەم و ئەو ماوەیە بۆ من لە خۆشترین کاتەکانی ژیانم بە ئەژمار دێ.

دوای تێپەرینی چەند ساڵێک لە پێشمەرگایەتیم، لە بنکە و مەقەراتی سونێ چاوم بە کاک حەسەن خۆشکەلام کەوتەوە، ئەو توانیبووی لە سەردەشت خوێندنی خۆی تەواو بکا و بە دەستی پڕەوە بێ بۆ پێشمەرگایەتی و دوای یەکتر لە ئامێز گرتن، جارێکی دیکە بووینەوە قوتابی، بەڵام ئەمجارە لە قۆتابخانەی شۆڕش دا، ئەمجاریش بووینەوە هاوپۆلی ، بەڵام نەک لە پۆلی خوێندنی ئاسایی دا بەڵکوو لە خوێندنی وانەی شۆڕش و شۆرشگێری لە نێو کێوپارە و چیا سەرکەش و سەربەرزەکانی کوردستان دا، ئەمجاریش بووینەوە هاورێ، بەڵام نەک هاورێی بەیانی و دوا نیوەرۆیانی شەقامەکانی کەمەربەندی و ڕێگای قوتابخانە، بەڵکوو بووینە هاورێی هەموو کات و ساتەکانی یەکتر لە هەموو قۆناخەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی دا.

کاک حەسەنی دڵ پڕ لە ئەوینی ئازادی لە هێزی زەبروەشێنی گیارەنگ و منیش لە هێزی دوژمن تەزێنی زمزیران، ئەو لە سەردەشت و من لە ڕەبەت، ئەو لە نێو شەپۆلی خۆشەویستی هاورێ و هاوسەنگەر و خزمانی دا و منیش لە نێو ئامێزی شێرە پێشمەرگەکانی ڕەبەت و زمزیران وخەڵکی ناوچە دا. لە سەریەک شوێنی پێشمەرگایەتیمان دوو شوێنی لێک جیا بوون، لەگەڵ سەوز بوونی دار و دەوەن و دەشت و دەر تا زەرد هەڵگەرانی دار و وەرینی گەڵاکان نزیک بە ۸ مانگ چاوم بە کاک حەسەن و بنکەکانی سونێ نەدەکەوتەوە و دوای گەرانەوەمان ئەوجار پێک شاد دەبووینەوە، لەو ماوەیەشدا کاک حەسەن و هاورێیانی لە هێزی گیارەنگ دا ناوچەکانی ئالان، باسکی کۆڵەسە، سوێسنایەتی و گەورکایەتی و نەڵێن دەگەڕان و دەستی خۆیان وەک هێزەکانی دیکەی پێشمەرگە لە دوژمن دەوەشاند. ڕاستە لە یەک هێز نەبووین بەڵام بنکە و بارەگاکانمان هەم لە سونێ و هەمیش دواتر لە بۆکریسکانی

بناری قەندیل لە پەنا یەک بوو، دیدارەکانمان و بە یەک گەیشتنەکانمان لە وەرزی کۆتایی پاییز و زستان دا هەموو ڕۆژێک بوو، هەر بۆیە بە دیتنی هەم خۆشحاڵ دەبووم و هەمیش زۆرجار بە یەکەوە لە مەیدانی فوتباڵ دا تا تاریکایی دا دەهات بە یەکەوە فوتباڵمان دەکرد و لەو نێوەشدا زۆرجار باس و خواستی خۆمانمان هەبوو.
دوای نزیک بە ١٠ ساڵ مانەوە لە هێزی زمزیراندا، ئەوجار لە سەر داوای هاوڕێیان و دۆستان لە کۆمیتە شارستانی سەردەشت و هێزی گیارەنگ چەک و ڕەخت و کۆڵەپشتی و شوێنی پێشمەرگایەتیم گوازتەوە بۆ کۆمیتەی سەردەشت و ئەوجار لە یەکەم سازماندەیی دا درام بە تیمی نێو شاری سەردەشت کە ئەو کات کاک محەممەد کەسرایی و کاک حەسەن خۆشکەلام و کاک حوسێن سەردەشتی و کاک موعتەسەم نوورانی تێیدا هەڵدەسووران.

جارێکی دیکە قەدەر لێکتری نزیک کردینەوە و ئەمن لە خزمەت ئەو پۆلە سەروەرەدا کەسێکی نامۆ نەبووم و لەگەڵ ئەوان بە یەکەوە دەمردین و بۆ یەکتر دەژیاین و لە نێو دەریای خرۆشانی گەل دا بووینە قەترەیەک و بە یەکەوە لە نێو ئەو دەریایە دا بە وریایی و وشیاریی ئەو سەروەرانە لە گەڵ شەپۆلەکان دا بەرەو قووڵایی دەریا شۆڕ دەبووینەوە و ماسیيە ڕەشە بچکۆلانەکانی دیکەمان لەگەڵ تێکەڵ دەبوون و شانازیمان بە یەکتر و بە شۆڕش و پێشمەرگایەتیيەوە دەکرد و هەنووکەش میدالی شانازی پێشمەرگایەتی وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار هەروا لە گەردنی بەرزی کاک حەسەن دا دەدرەوشێتەوە.

ساڵانێک لە تەنیشت کاک حەسەن درێژەم بە پێشمەرگایەتی دا، تا هەنگاوەکانم هەنگاوی پێشمەرگانە بوون ئەوە لەگەڵ کاک حەسەن و کوڕەکان لێک هەڵنەبراین و لە وریایی، خەڵکناسی، خۆشناوی و گەورەیی و قارەمانەتی و لەخۆبردوویی کاک حەسەن لە نێو خەڵک و لە ناوچەدا بە قازانجی شۆڕش کەڵکمان وەرگرت.

کاک حەسەن لەو دەگمەنە پێشمەرگانەیە کە هەموو وەرزەکانی ساڵی بۆ پێشمەرگایەتی تاقی کردۆتەوە، قۆناخە جۆراجۆرەکانی بە سەربەرزی و بە خۆراگری تێپەڕاندوون، لە چەند جەولەیەکی پێشمەرگانەدا کاک حەسەن لە نێو ئاپۆرای خەڵکدا ، لە گوندەکان و لە سەر جادە و شوێنە گشتیيەکان دا بە چاونەترسی و بوێری دەردەکەوت، ئێمەی هاوڕێی حەسەن گەورەیی ئەو مرۆڤەمان زیاتر و زیاتر بۆ دەردەکەوت. لە ساڵی ١٣٧٢ دا دوای چەند شەو و ڕۆژێک مانەوە لە نێو شاری سەردەشت دا هاتینە دەوروبەری شار و لە چەند سەد میتری شار دا خۆمان لە نێو دار و دەوەنەکان دا حەشار دا و ماوەیەکیش بۆ دیداری ئەندامانی حیزب لە نێوشار لەوێ خۆمان بە شێوەیەکی پارتیزانی شاردەوە. دوای کارەکانمان لە چەند سەرکێشیيەکی بێ وێنەدا کە لە سەر داوای منی پێشمەرگە بەرێوەمان بردن

حەسەن و حوسێن سەردەشتی بە بێ ئەوەی نێوچاوانیان تێک بنێن لە خۆم زیاتر هەنگاویان بۆ ئەو سەرکێشیانە لە نیو دەمی ئەژدیها دا هەڵێنایەوە. گێرانەوەی و نووسینەوەی ئەو سەرکێشیانە بۆ کاتی دیکە بێ بەڵام ئەوە کە لە باسکەدوو و لە قاوەخانەی مام هەباسی و سێ ڕێیانەی سەردەشت کە گەورەترین بنکەی بازدیدی ماشێنەکانی نێوان شارەکانی سەردەشت و پیرانشار و بانە و رەبەت دا بوو نیشانەی بوێری کاک حەسەن و کاک حوسێن بوو، ئەویش لە کاتێک دا کە حکوومەت بە هۆی ڕۆژی ٢٥ ی گەلاوێژ لە ئامادەباشی تەواو دابوو، بە ڕۆژی ڕووناک و لە نێوبەندی چەند پایەگا و لە نزیک شاری سەردەشت و لە شوێنێکی پڕ مەترسی دا، بە ورەی پێشمەرگانەوە چووینە نێو قاوەخانەی مام هەباس. قسەکردن بۆ خەڵک و ڕاگرتنی ماشێنەکان و کۆنترۆڵ کردنی ڕێگا، هەر لە توانای هێزی پێشمەرگە دایە و ئەویش تەنیا بە ٣ کەسەوە.

دوای تەواو بوون ، کاتێک داوام لە هاوڕێیان کرد و گوتم کە بە نێو بازدید و پرسگەی سەر ڕێگا دا تێپەر دەبین بێ یەک و دوو لێکردن گوتیان باشە و با وەڕێ بکەوین، ماشێنێکی تویوتای پشت ئاواڵەمان ڕاگرت بوو، لە پێشەوە و لای شوفێرەکە تەنیا جێگای یەک کەس دەبوو، من لە پێشەوە سوار بووم و کاک حەسەن و کاک حوسێن لە پشتەوەی تویوتاکە سوار بوون، ئەوان تفەنگەکانیان ئامادە و منیش نارنجۆکم ئامادە کردبوو، بریارمان دابوو کە ئەگەر هێزەکانی ڕژێم لەو پرسگەیە لە سێرێیان ڕایان گرتین و ئاشکرا بووین و موزاحیمی ڕەدد بوونمان بن، ئەوە بە گورج و گۆڵی دەستی خۆمانیان لێ بوەشێنین و دەرسێکی لەبیر نەکراوی دیکەیان پێ بدەین، ئەم پرسگەیە بەردەوام هەموو جۆرە ماشێنێکی کۆنترۆڵ دەکردن و خەڵکیان زۆر ئازار دەدا و زۆرجار خەڵکیان قۆڵ بەست دەکرد و ڕەوانەی گرتووخانەکانیان دەکردن. شۆفیری ماشێنەکە، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دانیشتووی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، لە ترسان حەجمینیان نەمابوو، چەند جار داوایان لێکردم کە ئەوان دادەبەزن و ماشێنەکە لەگەڵ خۆمان بەرین، بەڵام لەبەر ئەوە شۆفیری ماشێنەکە ئەو کات کەسێکی گۆمانلێکراو بوو ، هەوڵمان دەدا کە ئەویش لەم بەزمەی خۆمان دا شەریک بکەین، لە پێشی ماشێنەکەدا نارنجۆکێکم ئامادە کرد بوو، شۆفێرەکە ئەوەندەی لە نارنجۆکەکە دەترسا ئەوەندە لە پرسگەی سوپا نەدەترسا، هەر بۆیە دەیگووت ئیشاڵلا هیچ نابێ و ئایەتولکورسی دەخوێند و بە ترس و لەرزەوە دەیگوت ئەو نارنجۆکە وەلا بەرەوە، منیش جارجار سەرم لە پەنجەرەی ماشێنەکە دەبردە دەر، چاوێکم لە کورە بە جەرگەکان دەکرد. حەسەن و حوسێنیش شایی بەخۆ و پێشمەرگانە و تفەنگ بەدەستەوە چاویان لە پرسگە و لە هەموو لایەک بوو، گەیشتینە پرسگە، ماشێنەکە لەسەرخۆ دەرۆیشت، چەند ماشێنێک ڕاگیرابوون، کاتێک پاسدارەکان چاویان بە تفەنگەکان کەوت بە بێ ئەوەی ڕامان بگرن دەستیان ڕاتەکاند و گووتیان بڕۆن، شۆفیرەکە ئاهێکی هاتەوە بەر و کۆنە پێشمەرگەکەی یەکیەتییش گووتی : تەڵاقم

کەوت بێ لەو هەموو ساڵانەی پێشمەرگایەتیم کردووە، ئەوە بۆ یەکەم جار لە ژیانم دا، هەیبەتی پێشمەرگەم لە نزیکەوە چاو پێکەوت، وەی لەبەر وره و ئیمان و فیداکاریتان مرم و شەرت بێ منیش لەمرۆ بەدواوە ببمەوە پێشمەرگە و بگەڕێمەوە باشووری کوردستان.

ئێمە دواتر لە نێوان گوندەکانی بێزیلێ و شینوێ لە ماشێنەکە هاتینە خوار و بە شۆفیری گۆمانلێکراویشمان گووت ئەوە بەو پێشمەرگەیەی یەکیەتیمان بەخشی و بەرەو شوێنی دیاری کراوی خۆمان وەڕێ کەوتین. ئەو خەڵکانەی لە قاوەخانەی خاڵ هەباس دانیشتبوون و چاویان بە ئێمە کەوت بوو لە خۆشیان لە پێستی خۆیان دا جێگایان نەدەبۆوە و زۆرێک لەوان هەر سێکمانیان دەناسی و دوای ڕۆیشتنمان بە تویوتاکە زۆر نیگەران بوون و چاوەڕوان و گوێ بە زەنگی تەقە و لێکدان بوون، کاتێک زانیبوویان ئێمە بێ موشکیلە ڕەدد بووین، بە دوای ئێمەدا هاتبونە گوندی شینوێ و بە تەواوی هەوالەکەیان وەک خۆی و بگرە بە زیادیشەوە لە نێو خەڵکدا گێڕابۆوە.

کاک حەسەن ئەوەی دەبێ پێشمەرگەیەک هەیبێ، بە زیادەوە هەیەتی، پێشمەرگەیەکی ئازا، بوێر، بە تەرح و پلان، خۆشناو، خەڵکناس، شارەزای خڕ و دۆڵ و گوند و ئاوایی و شار و کانی و سەر ئاوەکان، کادرێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو، ڕێبەرێکی خەڵکی و خاکی و سیاسی، مرۆڤێکی بە توانا و هەڵسوور و بە ئەمەگ و نیشتمانپەروەر و کۆمەڵایەتی و تێکەڵ و داڕێژەری کاری هەرەوەزی و خەمخۆری هەموو لایەک، لە یەک وتەدا بە مانای وشە پێشمەرگە و خزمەتکاری گەل و نیشتمانە، لەم دەرفەتە دا سڵاو لە دادە گوڵاڵە هاوسەری بە وەفای کاک حەسەن کە هەموو کات وەک قەڵایەک لە پشت کاک حەسەن ڕاوەستاوە و هیوادارم کە لەگەڵ کچە جوانەکانی تەمەنیان درێژ بێ و سوپاس بۆ ئەوەی کە هەموو کات پشت و پەنا و یار و یاریدەدەری کاک حەسەن بوون و سەری ڕێزتان بۆ دادەنوێنم...

وەک خۆم قەرزداری ئەو زاتە گەورەیەم، ٣٠ ساڵ لە تەمەنی ٥٢ ساڵی خۆی تەرخانی پێشمەرگایەتی و خزمەت بە گەل و نیشتمان کردووە، مانەوەی خۆم لە کاک حەسەن دەزانم، کاتێک لە مەئموریەتێک دا کەوتمە سەر مین و دواتر بە چەکی قورس لێیان دایین ، ئەوە هەر حەسەن بوو کە وەک دەڵێن بە کێوی وره و ئیمانی خۆی سەنگەری بۆ من ساز کرد و بە کۆڵی خۆی منی زامداری گەیاندە شوێنی بێ مەترسی، سوپاس بۆ پێشمەرگەکانی هاوڕێی ئەم جەولەیە، ئەو بەشەیان و گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە و ئەو مەئموریەتە کاتی زۆری دەوێ ، هەر بۆیە لە گێڕانەوەی خۆ دەبوێرم و تەنیا ئەو بەڵێنیە بە کاک حەسەن و حەسەنەکان دەدەم کە تا سەر لەگەڵتان بم و خۆم

**بە قەرزداری هەموو لایەکتان دەزانم.**

**ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی هەڵکردنی ئالای کوردستان و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو لایەک پیرۆز بێ .**
**بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی دێسەمبەری ٢٠١٧**

---

## بۆ کوڕە خوێن شیرنەکانی گەرۆر و نەڵێن بە گشتی و بۆ جەعفەر قادری ناسراو بە جەعفەر گەرۆری




**گوندی گەرۆر یەکێک لە گوندەکانی نەڵێن لە ناوچەی ڕەبەتە، گوندێکی بە دیمەن و جوان و دڵڕفێنە، خەڵکێکی خۆش مەشرەف و بە دڵ و دەروونی هەیە. گوندی گەرۆر بە مووچە و مەزرا، ڕەز و باخ و باخات، دێبەر و ئەستێرەئاو و کانی، دارستان و لێرەوەار و بە کێو و چیا دەور دراوە و گوندێکی تا بڵێی سرنج ڕاکێشە و لە دورەوە سرنجی ڕێبواران ڕادەکێشێ. لە دەوروبەری خۆی چەندین گوندی گەورە و بچووکی دیکە لەگەڵ گەرۆر دەست لەملانی یەک بوون و لە سەریەک ناوچەی نەڵێن پێک دێنن.**

**خەڵکی ئاوایی گەرۆر بە وەرزێری، مەڕداری و باخەوانی و کاسبی سەر سنوور ژیانی ڕۆژانەی خۆیان تێپەر دەکەن و ژیانێکی مامناوەندیان بۆ خۆیان و ئاوایی درووست کردووە و هەندێک لە دەست ڕۆیشتووەکان لەم ساڵانەدا ماڵیان**

بۆ شارەکانی دەوروبەر بار کردووە، خەڵکی گەرۆر بەشی زۆریان خزمی نزیکی یەکترن و لەو بارەوە لە گوندەکانی دیکە زیاتر خزمایەتی تێدا دەبیندرێ.

گوندی گەرۆر کەسایەتی گەورە و کەیخودا و ریش سپی و مشوورخۆری چاکی هەبوون و لە زۆربەی کار و گرفتە کۆمەلایەتی‌یەکان دا ئەو کەسایەتی‌یانە دەور و ڕۆڵی خۆیان بۆ چارەسەری کێشەکان گێراوە و منداڵ و نەوەکانیان فێری وانەی خۆشەویستی و گەل دۆستی کردووە.

لە ساڵەکانی ١٣٤٧ و ١٣٤٦ دا مەکۆی پێشمەرگەکانی ئەو سەردەم بووە و دواتریش لە شۆرشی ڕاپەرینی گەلانی ئێران و ئاشکرابوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا گەرۆر وەک خۆی بۆتە مەکۆی دێموکرات و بنکە و بارەگای حیزبی دێموکراتی لێ دانـدراوە و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە کوڕەکانی گەرۆر بە کۆمەڵ ڕێگای شۆڕش و کوردایەتی بگرنە بەر و ببنە پێشمەرگە و پێشەنگ و ئاڵا هەڵگری ئازادی لە ناوچەکەدا.

بە هۆی ئەوە گوندی گەرۆر دەستە و پەل و پێشمەرگەی تایبەت بە خۆی هەبووە دوژمن حیسابی زۆری بۆ کردووە، دوژمن بۆ ئەوەی ئەم گوندە و گوندەکانی دەوروبەری داگیر بکاتەوە هێرشی گەورەی کردۆتە سەر و بۆ گرتنەوەی گەرۆر لە هەموو جۆرە چەکێک کەڵکی وەرگرتووە و بە دانانی مۆڵگەی جۆراوجۆر و درووست کردنی ناوەندی گەورە و بە زۆر چەکدارکردنی برا و کەس و کاری پێشمەرگەکان هەوڵی داوە کە خەڵکی ئەو گوندە و گوندەکانی دەوربەری بە چۆک دابێنێ.

بە خۆشیەوە وریایی و تێگەیشتوویی پێشمەرگەکانی گەرۆر و ناوچەی نەڵێن بوو بە هۆی ئەوە کە دۆست و دوژمن ئاگادار بکەنەوە کە ئەگەر بە هێرش و پەلامار گوندەکانیش بگیرێنەوە، ئیرادەی خەڵک و پێشمەرگە ناتوانن خەوشدار بکەن، لە سەریەک لە خۆبردوویی کادرو پێشمەرگەکانی دێموکرات و بە تایبەت کوڕەکانی گەرۆر و نەڵێن هەموو بەرنامە و پلانەکانی رژێمی وەک بلقی سەر ئاو لێکردوو و نەیان هێشت کە بە ئاسوودەیی و بێ خەم لە گەرۆر و نەڵێن دا شەو و ڕۆژ تێپەر بکەن. پێشمەرگەکانی گەرۆر و گۆمان و قەلاتاسیان ڕێژەیان بە رادەیەک زۆر بۆوە کە نامهەوێ ناوی یەکەیەکەی ئەو خۆشەویست و قارەمانانەی دێموکرات لێرەدا بنووسم و یا ئاماژە بە شەهیدەکانی ئەو ناوچەیە بکەم. تەنیا لێرەدا دەمهەوێ باس لە سەربازێکی وونی ڕێگای ڕزگاری کوردستان، تێکۆشەرێکی خۆشناوی ڕۆژە سەختەکانی خەبات، کادرێکی هەڵسوور و چالاکی کۆمیتە شارستانی ڕەبەت و هێزی

زمزیران بکەم و لەم کوورتە نووسینەدا ڕێز لە خۆی و ئەندامانی بنەماڵەکەی و بە تایبەت هاوسەری بە وەفایی و منداڵەکانی بگرم.

کاک جەعفەر قادری ناسراو بە جەعفەر گەرۆری، کوڕێکی باڵا کورت، بەڵام بە ئیمان و خۆراگر و بەرز وەک لووتکەی شاخەکانی فێرەگ و سپی‌ڕێز، ئەو پێشمەرگەیەکی گورج و گۆڵ و بە دەستەوە بووە، کاک جەعفەر وەک تازە لاوێک لە شۆڕشدا و لە هێزی مینەشەمی پێشوودا خزمەتی بەرچاوی کردووە، لە پێشمەرگایەتی سادە را تا پلەی کادری ناوچە، بەرپرسی تیمی تەشکیلاتی و هەئیەتی ئیجرایی کۆمیتە شارستانی بڕیوە و زۆر خاکی و خاکەرایی، تێکەڵ لەگەڵ پەل و دەستەکان کاری خۆی بە وریایی بەڕیوە بردووە.

کاک جەعفەر شارەزای‌یەکی باشی لە سەر ناوچە و گوند و ئاوایی‌یەکانی نەڵێن و گەورەکایەتی و سوێسنایەتی هەبوو، خەڵکێکی زۆری دەناسی و خەڵکی خۆشدەویست و خەڵکیش ڕێزیان لێدەگرت و وەک کادرێکی بە ئەزموون چاویان لێدەکرد و لە نێو ئاپۆرای خەڵکدا بە ئاسانی خۆی و هاوڕێیانی جێ دەکردەوە. ئەو کاتانەی بە هۆی بوونی پایەگای سوپا و بەسیج و جاشە بە زۆر چەکدار کراوەکان و هەندێک خۆفرۆشی دیکە ناوچەکە بە تەواوی میلیتاریزە کرا بوو، ئەوە کاک جەعفەر و تیمەکەی دڕیان بە شەوزەنگی دوژمن دەدا و خۆیان بە نێو ئاوایی و مووچە و مەزراکان دا دەکرد و دوای کارەکانیان خۆیان لە نێو ئەو خەڵکەدا حەشار دەدا، ئەوانەی شارەزای ئەو ناوچەیە بوون دەزانن کە کاک جەعفەر و شێرە پێشمەرگەکانی گەرۆر و گۆمان و قەڵاتاسیان و سێونە و سپیدارێ چۆنیان چۆک بە دوژمن دادابوو.

بە شارەزایی زۆری ئەو پۆلە پێشمەرگەیەی گەرۆر و ناوچەی نەڵێن، بە خۆشیەوە دوژمن نەیتوانی بە ئامانجەکانی خۆی بگات. ساڵانە چەندین جار بە زەبری چەکی دەستی پێشمەرگەکانی دێموکرات و بە تایبەت کوڕە زەبر وەشێنەکانی نەڵێن، هێزەکانی ڕژێم شکستیان دەخوارد و تووشی زەبوونی و سەرشۆڕی دەبوون. زۆرجار زانیاری‌یەکانی کاک جەعفەر و تیمەکەی دەبوونە هۆی ئەوە کە هێزی پێشمەرگە بە ڕێک و پێکی بتوانێ سەردانی گوندەکان بکات و هاتووچۆکانیان وا ڕێکبخەن کە تەنانەت جاشخانەکانیش نەتوانن پێش بە چوونی پێشمەرگەکان بۆ نێو گەرۆر و ئەو ئاواییانەی کە دەوری گەرۆریان دابوو بگرن.

پێشمەرگەکان لە ژێر ڕێنوێنی و زانیاری تیمەکەی کاک جەعفەر دا زۆر بە وریایی سەردانی ئاوایی‌یەکانی شێلمان،

مێرگەپیرکێ، گۆمان، قەڵاتاسیان، ئەشخەڵ، سێونە، سەرمێرگان، سپیدارێ و گەرۆر و تەنانەت گوندی نێزێ کە جاشخانەی گەورەی تێدا بوو، لەو لەولاتریش گوندەکانی نێوەژ، ئالاوان، سۆستانی سەرێ و خوارێ، بێبلێنگێ و گولەک و تا دەشتی گەنمان و لە پشتەوەرا ئاوایییەکانی مێرگی قورێ، خدرجبان، پانەسەر و شارستێن و کارگ و هەرمێ و بێنگوێن، گاگەش سەرێ و خوارێ، جانداران و چۆمەڵ و میریسێ و دەوراودەوری گەورکایەتی بە هەموو گوند و کانی و مووچە و مەزرا و کوێستان و هەوارەکانەوە بکەن و بگەڕێن و هەیبەتی پێشمەرگە لە نێو ئەو هەموو پایەگا و گوردان و هەنگ و تیپانەی کە بۆ شەڕی ئێران و عێراق لە پێش میراوێ و مووسالان و نەبیاوا مۆڵ درابوون بە بێ ترس نیشان بدەن و ئەوان تووشی زەبوونی بکەن.

هەموو ئەو گەڕان و هاتووچۆی پێشمەرگانە، زانیاری ورد و دەقیقی دەویست کە بە حەق کورەکانی نەڵێن هەر هەموویان، بە لێزانی و خەمخۆرییەوە زانیاریان دەدا بە پەل و دەستە و لک و هێز و کۆمیتە شارستان و بە شێوەی پارتیزانی لە نێو خڕو دۆڵ و دارو دەوەن و دەوروبەری چۆمی کەڵوێ کە گەورەترین بەربەست بوو بۆ پێشمەرگەکان، دەیان حاواندینەوە بە بێ ئەوەی دوژمن بتوانێ زەفەرمان پێ بەرێ.

کاک جەعفەر کوڕێکی مەند و لەسەرەخۆ، دەم بە خەندە، ئامادە و بە دەستەوە بوو، لە کاری تیمی و تەشکیلاتی دا شارەزایی چاکی هەبوو، ڕاستە پلەی نیزامی نەبوون، بەڵام زۆرجار بە هۆی ئەوە کە بەرپرسی تەشکیلاتی بووە، تیمی پێشمەرگەی بە سەرپەل و لکەوە ڕێنوێنی کردوون و جێگا و ڕێگای پێ نیشان داون، لە شوێنێک کە پێویست بووبێ، بێ سێ و دوو لێکردن چۆتە پێش، لە گرتنی چەندین مۆڵگەی ڕژێم دا چ وەک تیمی پشتیوان و چ وەک چاو ساخ ڕۆڵی خۆی گێراوە و لە کاتی تەنگانەش دا کەسێک بووە کە هەم توانیویەتی هاوکاری هێز و کۆمیتە شارستان بێ و هەمیش کارەکانی تیمی خۆی بە باشی ڕاپەڕێنێ.

تیمی تەشکیلاتی گۆڕ مووسا و دواتر کاڵەشین لە هێنان و بردنی تەقەمەنی، تیمی برینداری پێشمەرگە، ڕەدد کردنی هێزەکانی دیکەی پێشمەرگە، دابین کردنی خواردن و ئازووقەی پێشمەرگە، گەیاندنی شتوومەکی پێویست و دابین کردنی کەرەسەکانی دیکەی پێشمەرگەدا ڕۆڵی سەرەکیان گێراوە و توانیویانە لەم پەیوەندییەدا کاری گەورە گەورە بکەن و لە زۆر بواردا ئەو کارانەی بە کاک جەعفەر و تیمەکەی دەکران بە چەندین پێشمەرگەی دیکە نەدەکران و ئەوەش هەم دڵخۆشی بوو و هەمیش ڕاپەراندنی کارە قورسەکانی دیکە بوون.

کاک جەعفەر لە لای کادرو پێشمەرگە و خەڵک کەسێکی خۆشەویست بووە و هەنووکەش هەروا خۆشەویست و لەبەر دڵانە و هیوای باشترینەکانی لە ژیانی لە ژیانی دا بۆ بە ئاوات دەخوازم و لە ڕێگای ئەم کورتە نووسینەوە سوپاسی زەحمەتەکانی خۆی و هاوسەری ژیانی خەجیج خان و کچەکانی دەکەم کە لە هەموو قۆناخەکانی خەباتی کاک جەعفەردا پشت و پەنا و یار و یاریدەدەری بوون. سوپاس بۆ تێکرای کوڕەکانی گەرۆر و نەڵێن بە گشتی و بۆ کادرو پێشمەرگەکانی هێزی زەبروەشینی زمزیران کە هەمیشە بە خەمخۆرییەوە هەنگاویان بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی حیزبی هەڵێناوەتەوە.

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە پێشمەرگەی کوردستان بە گشتی و پێشمەرگەکانی دێموکرات و لە کاک جەعفەر و بنەماڵەکەی و هەموو پێشمەرگەکانی هێزی زمزیران لە هەر کوێیەک کە هەن پیرۆز بێ و هیوای سەربەرزی بۆ بنەماڵەی شەهیدان بە ئاوات دەخوازم، سڵاو لە خەڵکی گەرۆر و نەڵێن هەموو ئەوانەی پشتیوانی هێزی پێشمەرگە بوون و هەن.

سلاو لە خەڵکی کوردستان پشتیوانانی سەرەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بە تایبەت پێشمەرگەکانی دێموکرات.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٢ی دێسەمبەری ٢٠١٧

## بۆ سەدیقی دڵ پڕ لە ئەوینی ئازادی، کوڕە دەم بە خەندەکەی لیلانێ و کوڕەکانی لیلانێ




لە زستانێکی سارد و سەختی ساڵی ١٣٦١ ی هەتاوی بۆ کرینی چەند نانێکی گەرم و نەرم خۆم بە دووکانی نانەواخانەی بەردەم شەقامی پادگان کە تازە کاک خدر ڕەشیدی (لیلانێ) کردبوویەوە ، داکرد و گەرمای نانەواخانەکە و بۆنی گەرمی نانی تازە، ساردی و سەرمای دەرەوەی لەبیر بردمەوە. هاشەی پەرەمێز و ماتۆری نانەواخانەکە وای لە مشتەری و وەستا دەکرد کە هەندێک بە بەرزی قسە بکەی و یا داوای نان لە وەستاکارەکە بکەی.

لەو کات و ساتەدا تازە لاوێک لەبەردەم مێزی نانەواخانەکە، خەریکی بڵاو کردنی ئەو نانانە بوو کە وەستا خدر لە تەندوورەکەی دەر دێنا و هەڵیدەدانە سەر مێزەکە، بە دەنگی وەستا خدر کە بانگی کوڕە لاوەکەی کرد، زانیم کە ئەو کوڕە ناوی سەدیق و برای وەستا خدرییە. لە سەریەک سەدیقم ئاوا دیت و ناسی و ئیتر من دوای ماوەیەک سەدیقم لە نانەواخانەکە نەدیتەوە.

حەوتووی یەک دوو جار دەچووم بۆ نان کرین، نەک بۆ ماڵەوە ، بەڵکوو نان کرین بۆ خواردن لەگەڵ ڕەفیقان، لەگەڵ هاوتەمەنەکانم لە دووکانی محەممەدی عەبدولعەزیزی هەندێک پەنیرمان دەکری و بە نانە گەرمە تازەکە دەمانکردە بابۆڵە و بە پەلە خۆمان دەگەیاندە باشگا و یا ئەو شوێنەی کە قەرار بوو لەگەڵ دۆستان یەکتر بگرینەوە، تام و چێژی ئەو بابۆڵە پەنیرە ، هەنووکەش وەک تامێکی خۆش لە بن ددان هەر ماوە و بیری دەکەم. نازانم کە سەدیق وەک شاگردی کاکی کاری دەکرد یا هەر بۆ ماوەیەک هاتبوو بۆ سەردەشت، بەڵام ئەمن سەدیقم نەدیتەوە و نەمزانی ئەو کوڕە تازە لاوە چی لێهات و بۆ لەوێ نەمایەوە.

مانگ و ساڵ تێپەڕین و بووم بە پێشمەرگە و دوای ماوەیەک ، دەستەیەک کوڕی گەنج کە تازە لە فێرگەی سیاسی نیزامی (زانکۆ) گەڕابوونەوە درانە لکی یەکی شەهید محەممەد نستانی لە هێزی مینەشەم. زۆربەیان گەنج و بە یەک ئاشنا بوون و خەڵکی لیلانێ و گوندەکانی دەوروبەر بوون. دوای دابەش کردنیان کوڕێکی گەنج کە ناوی سەدیق بوو، بۆ درێژەی پێشمەرگایەتی درایە دەستەی شەهید خالید مەهابادی، (دیارە لەبەر ئەوە سەدیق پێش چوونە زانکۆ لە دەستەی شەهید خالید مەهابادی بوو ، دوای گەڕانەوەشی درایەوە بەو دەستەیە)، ئەو کات من و کاک حوسێن سەردەشتی کە تازە دوای برینداری لە نەخۆشخانە را گەڕابۆوە و لە پەلی فەرماندەیی را درابووین بە دەستەی شەهید خالید مەهابادی کە ئەو دەستەیە سێ فەرماندەی هەبوون حوسێن هەورازە سەردەستە، ئەحمەد مەکلاوەیی جێگر دەستە و قادر مەکلاوەیی سەرپەلی ئەو دەستەیە بوون و لەگەڵ پێشمەرگەکان زۆر نەرم و نیان و بە حەوسەلە بوون.

زۆری نەخایاند و ئەوجار زانیم کە سەدیق دوای ماوەیەک مانەوە لە لای کاکی و دایکی و بنەماڵەکەی لە پێش مندا ڕێگای پێشمەرگایەتی گرتۆتەبەر و بۆیە لە دووکان و لە سەردەشت دیار نەمابوو، هەڵبەت کاک سەدیق دواتر گووتی کە ئەو لە بانە خەریکی نانەوایی بووە و جارجار بۆ دیدار و یارمەتیکردن هاتۆتە لای کاکی و دایکی کە لە سەردەشت نانەوەخانەیان دانابوو.

لەگەڵ سەدیق بووینە هاوڕێ و لەو کاتەوە تاکوو ئێرە هەمیشە وەک برایەکی گەورە سێبەری بە سەر سەرمانەوە بووە و ئێستاش وەک جاران و بگرە زیاتریش دڵی بۆ ئازادی گەلەکەی لێدەدا.

کاک سەدیق لە پێشمەرگایەتی دا کوڕێکی هەڵسوور و گورج و گۆڵ و چاونەترس و پێشمەرگەیەکی هەڵمەتبەر و خۆنەویست بوو، لەگەڵ هاوڕێیانی بە جوانترین شێوە هەڵس و کەوتی دەکرد و زۆر بە نەزم و دیسیپلین و بە ئەخلاق بوو، قسەخۆش و ڕووخۆش، زۆربەی ساڵەکان بە یەکەوە هاوخەرج و هاوتیم بووین و کەرەسە پێویستەکانی پێشمەرگایەتیمان دابەش کردبوون، ئەو کەتری هەڵدەگرت و ئەمن قەند و چا، ئەو تائید و سابوونی هەڵدەگرت و حوسێن سەردەشتیش نان و پێخۆر و بەم شێوەیە شتەکانمان دابەش کردبوون. سەدیق لە شەڕەکانی ناوچەدا جێ دەستی بە تەواوی دیار بوون، نەترس و بوێر، ئازا و خۆراگر، هەڵۆئاسا بە دژی دوژمن هێرشی دەکرد و لە کاتی بەرگریش دا ئەوە پێشمەرگە و ئەستۆندەکێکی چەقیوی نێو سەنگەر بوو.

کاتێک وەک کادری بێسیم لە دەورە را گەڕایەوە لەگەڵ هاوڕێی زۆر خۆشەویستمان کاک عوسمان موڕادی کە ئەویش کادری بیسیم بوو، بەیەکەوە بوونە هاوتیم. من و کاک حوسێن سەردەشتی جارێکی دیکە دراینەوە بە پەلی فەرماندەیی، بە هۆی ئەوە کادری بێسیم دەبوو لەگەڵ کۆمیتە شارستان و پەلی فەرماندەیی بێ ئەوە دیسان بووینەوە هاوتیم و بە یەکەوە هەنگاوەکانمان ڕێک کردنەوە.

کاک سەدیق لە ساڵی ١٣٦٣ تا ساڵی ١٣٦٥ ی هەتاوی جیا لە ئەرکە پێسپێردراوەکانی پێشمەرگایەتی، کارێکی گەلێک قورسی دیکەشی لە سەر شان بوو، ئەویش کاری پووچەڵ کردنەوەی مین و تەقەمەنی‌یە جۆراوجۆرەکانی وەک بۆمبی دەستکردی دوژمن بوو، ئەو شارەزایی زۆری لە سەر مین، بۆمبی دەستکرد و تی‌ئێن‌تی و شتەکانی لەو جۆرە هەبوو و لە سەریەک دوژمن لە ترسی تەقینەوەی مین لە نێوان پایەگاکان دا ، لە کاتی دیاریکراو دا و دوای بە حیساب پاک کردنەوەی ڕیگاوبان ، هەندێک غیرەتیان وەبەر خۆیان دەدا و بە خەیاڵی خۆیان لە ژێر چاوەدێری توونددا هاتووچۆ بکەن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار ماشێنەکانیان لە تەپوتۆز و ئاگری ڕقی پێشمەرگەدا نووقم دەبوون.

کوڕێکی شارەزا، ئەهلی خوێندنەوە و نووسین، دەستگرەوە و دڵفراوان و خۆشەویستی نێو خەڵک و پێشمەرگە بوو، پێشمەرگەیەکی ماندوویی‌نەناس، شەڕکەرێکی لێزان، پارتیزانێکی شارەزا بە سەر تاکتیک و فەننی پارتیزانی دا، خەمخۆر و جێی باوەری کادرو پێشمەرگەکانی دێموکرات بوو و هەر ئەوەش وایکرد بوو کە هەستیارترین بەرپرسایەتی کە بەشی بێسیمی گشتی نێوان کۆمیتە شارستان و دەفتەری سیاسی بوو، بە کاک سەدیق بسپێردرێ.

لە شۆڕشدا زۆرجار ڕووداوی خۆش و ناخۆش ڕوو دەدەن و لەو حاڵەتەدا دەبێ هەمووومان پشت و پەنای ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکانی یەکتر بین. لە گەڵ کاک حوسێن سەردەشتی و کاک شێرکۆ ڕەسووڵزادە و ئەسعەد گامێشانی لە دەورەی کادری سیاسی بووین، ماوەیەک بوو لە کۆمیتەی ڕەبەت و هێزی زمزیران دابرابووین، بەداخەوە بە هۆی بێ لوتفی و بێ مەیلی‌یەک کە کۆمیتە شارستان و هێزی زمزیران دەرحەق بە کاک سەدیق یان کرد، سەدیقمان لێ هەڵبڕا ، بە کوردی فشاریان بۆ هێنا و ئەویش ڕێگای ناچاری هەڵبژارد.

لە هەموو ئەو ماوەیەشدا کاک سەدیق، هیچ کات لە داوای ڕەوای خۆی و لە هەستی پنگ خواردووی خۆی کە هەستی ئازادی و نیشتمانپەروەری بوو زەڕڕەیەک پاشەکشەی نەکرد و زۆرتر لە جاران کار و ئەرکەکانی خۆی لە ژێر

هێژموونی چەند هاورێی تێکۆشەردا وەک ئەندامێکی بە ئەمەگی حیزبی دێموکرات بەرێوە دەبرد. پاش ماوەیەک دیسان کاک سەدیق لە نێو کۆڕی هاورێیانی دا بە دونیایەک ئەزموونەوە درێژەی بە هاوخەباتی خۆی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا دایەوە و سەلماندی کە هیچ بەربەست و لەمپەرێک ناتوانێ پێش بە هەستی پنگ خواردووی خۆی کە ئازادی و نیشتمانپەروەرییە بگرێ.

کاک سەدیق کوڕی ڕۆژی تەنگانە، کوری رۆژە سەختەکانی خەبات و لە یەک وشەدا بە مانای خۆشەویستی، گەل و خاک و نیشتمان و پێشمەرگەی خۆشدەویستن و هەنووکەش ئەوانە بۆ کاک سەدیق داری بەرزی ئاواتەکاننی.

لەگەڵ کاک سەدیق و کوڕەکانی لیلانێ بە گشتی ، هەموو ئەو پێشمەرگە چاونەترسانەی گوندی لیلانێ و مەکلاوێ و نستانێ شەو و رۆژی پر لە بیرەوەری خۆش و ناخۆش و پڕ کارەسات و ڕووداومان تێپەر کردن، لە کاتی پشوودا لە بن هەر دار و دەوەنێک، لە ژێر سێبەری شاخ و ئەشکەوت دا، لە سەر کانی و ڕووبار و چۆم، لە بڵیندی و بەرزایی چیا سەرکەشەکانی ناوچەدا و لە هەموو وەرزەکانی ساڵ دا بە یەکەوە بووین، خۆمان بووین و چەکی شان و بیروباوەری پێشمەرگانەمان، بەو چەند شتە ، پشتی دوژمنمان لە عەرزێ دابوو، دوژمن بە چەکی قورس، بە هیزی زۆر، بە پووڵ و پارە و خۆفرۆشی گەلفرۆش، دەرەقەتی دەستە پێشمەرگەیەکی لیلانێ ، مکلاوێ ، گوڵێ ، نستانی هەردەم پێشەنگ و نواوێ و گۆمان و گەرۆر و قەلاتاسیان نەدەهات.

لە نێو ئەو پۆلە پێشمەرگەیەی دەستەکانی شەهید ڕەحمانە ڕەش، شەهیدانی بەلاو و شەهید خالید مەهابادی دا باس باسی پێشەنگی و بوێری بوو، کێبەرکێیەکی دۆستانە و هاورێیانە لە ئارا دابوو، دەستەکان شوێنی خەباتیان تا رادەیەک بۆ خۆیان دەستنیشان کرد بوو و هەر دەستەی هەوڵی دەدا کە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا لە سەر جادەکان و لە نێوان گوندەکان و مۆڵگەی سەر تەپۆلکەکان و بنکە و جاشخانەکان، زەبری قورس لە پەیکەری لەرزۆکی دوژمن بدەن و ئەوەش وایکرد بوو، حەوتووانە ئەو سێ دەستەیە کە لکی یەکی شەهید محەممەد نستانی لە هێزی مینەشەمیان پێک دێنا، چەند عەمەلیاتی قورس و گەورە بکەن، یا چەند هێرشی دوژمن پووچەڵ بکەنەوە و ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، دەنگی دلێری پێشمەرگە، باسی قارەمانییەتی ئەو لکە پێشمەرگەیە و زەبوونی دوژمن بە مووچە و مەزرا و گوند و شار دا بلاو بکاتەوە و موژدە و سرنج بگەیێنێتە گوێی خەلکی بە ئەمەگی کوردستان کە تامەزرۆیانی ئازادی و پشتیوانانی سەرەکی هێزی پێشمەرگە و دێموکرات بوون.

ئەو کێبەرکێیە تەنیا لە نێوان دەستەکان دا نەبوو، ئەو کات هێزی مینەشەم لە ٣ لک و هەر لکەی لە ٣ دەستە پێک هاتبوون و هەروەها پەلی فەرماندەییشی هەبوو، جیا لەوانە تیمی کادرەکانیش لەگەڵ لکەکان بوون و هەر ناوچەیەی تیمێکی کادری تایبەت بە خۆی هەبوو کە ئەوانیش لەو کێبەرکێیەدا بە دڵەوە بەشداریان دەکرد و زۆر پێداویستی جۆراوجۆریشیان بۆ دابین دەکردین.

یادی ئەو ڕۆژانە بەخێر و زۆرجار کە چاو لە ئاڵبۆمی وێنەکان دەکەم، وێرای ئەوە کە شانازی بەو ڕۆژانەوە دەکەم، لە هەمان کاتیش دا خەمێکی قوڵ بۆ شەهید بوونی ئەو هەموو کوڕ و کچە ئازا و بە جەرگ و نازدارانە، دام دەگرێ، هەر ئەو خەمە قورسەیە، دیسان من و لیلانەیی و مەکلاوەیەکان و گەرۆری و گۆمانییەکان و نستانی و ڕەبەتییەکان و بە گشتی هەموو لایەکمان هان دەدا کە وەک ژیلەمۆ و سکڵی بن ئاگردان جارێکی دیکە گڕ و تینی پێشوومان بۆ بگەڕێتەوە، ببینەوە ئاگر و مەشخەلی شۆڕش و بەڵێن نوێ بکەینەوە کە تاسەر هەروا درێژەدەری ڕێگای پڕ سەروەری شەهیدانی کوردستان بین و هەروا خەمخۆر و خزمەتکاری گەل و نیشتمان بین.

ڕۆژی ٢٦ ی سەرماوەز لە هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان و حیزبی دێموکرات و خەڵکی بە ئەمەگ و شۆڕشگێری کوردستان پیرۆز بێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠١٧

## وەفایەک بۆ کچان و ژنان و دایکانی نێو شۆڕش بە گشتی و بە تایبەتی لە ریزەکانی حدک دا




خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ رزگاری قۆناخی جۆراوجۆری بە خۆیەوە دیتووە و لە هەموو ئەو قۆناخانەشدا شۆرشگێران بە پێی توانای خۆیان لە مەیدانی نەبەرد و بەربەرەکانی دا بەشداریان کردووە و بەشێک لەوان بە سەخاوەتەوە گیانی پیرۆزیان پێشکەش بە نیشتمان کردووە و بوونە ئەستێرە و لەگەڵ ئەستێرەکانی ئاسمان بە سەر سەرمانەوە دەدرەوشێنەوە.

لە دێر زەمانەوە باسی خەبات و شۆڕش و پێشمەرگایەتی تەنیا لە توێژی پیاو دا پێناسە کراوە و لەو پەیوەندی‌یەدا غەدرێکی دیار و گەورە لە توێژی ژنان کراوە، هەموو ئەو شۆڕشانەی پێش کۆماری کوردستان، کەم و زۆر ئەو غەدرەیان پێوە دیار بووە و کەمتر و بە دەگمەن ناوی ژنان لە بەڵگەنامە مێژووی‌یەکان دا دەبیندرێ. دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دواتریش دامەزرانی کۆماری کوردستان، ژنان تا رادەیەک دێنە گۆڕەپانی خەبات و بە دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، ژنان راستەوخۆ دەبنە بەشێک لە خەباتگێرانی گەلی کورد و ئەوەش دەبێتە سەرەتایەک بۆ خەباتی نوێی ژنان. لەو کاتەوە تا ڕووخانی رژێمی پەهلەوی کەم و زۆر ژنان لە خەباتی نەتەوایەتی و نیشتمانی و نەهێنی دا بەشداریان کردووە.

دوای رووخانی رژێمی شا و ئاشکرابوونی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە دانانی بنکە و بارەگای تایبەت بە حیزب توێژی لاوان بریتی‌لە کچ و کوڕ ، توێژی ژنان و توێژی پیاوان لە هەموو جۆرە تەمەنێک دا بەشداریان کرد و ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە کە ڕەنگاوڕەنگی بە قەوارەی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دیار بێ.

سازماندەیی و ڕێکخستنی نوێی حیزب و درووستکردنەوەی ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان کە یادگاری کۆماری کوردستان بوون، مزگێنیدەری خۆشی بوون بۆ توێژەکانی لاوان و ژنان. بە دامەزراندنی بنکەی تایبەت بە ژنان و لاوان لە ژێر چەتر و سێبەری حیزبی دێموکرات دا لاوان و ژنان پۆل پۆل بەم دوو ڕێکخراوەیە و بە حیزبی دێموکراتەوە لکان و بە بوونیان وەک ئەندام لەم ڕێکخراوانە دا ڕەنگ و بۆن و بەرامێکی دیکەیان بە شۆڕشی نوێ بەخشی و ئەوەش نیشانەی گرینگی دان بوو بە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.

ژنان لە یەکەم چرکەساتەکانی دەستپێکی شەری سێ مانگەدا سەلماندیان کە دەتوانن شان بە شانی براکانیان لە ریزی پێشمەرگەکان دا خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەن و بوونە سیمبولی بە یەکەوە خەبات کردن. ژنان وەک تەواری بەرزەفڕی کوێستان لە شەقەی باڵیان دا و بەفڕینیان سەلماندیان کە دەتوانن لە ئاسمانی ساماڵی وڵات دا وەک هەڵۆکانی دیکە بفڕن و ببنە مەلی بەرزەفڕی وڵات و شادی و ئاشتی بە دیاری بۆ گەل بێنن، بە خۆشیەوە ئێستا ژنان بە گشتی دەستیان بە خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردەوە دیارە.

لەگەڵ چڕ بوونەوە و درێژ بوونەوەی شۆڕش، ژنانیش قۆناخەکانی شەری جبهەیی، پارتیزانی و مەیدانی و شۆڕاییدا تاقی کردەوە و لە هەموو ئەو قۆناخانەشدا زۆر سەربەرزانە و سەرکەوتووانە ئەرکە پێسپێردراوەکانی خۆیان بە جێگەیاند. ژنانی پێشمەرگە وەک برا پێشمەرگەکان، لە پەل و دەستە و لک و هێزەکان دا سازماندەیی کران، زۆرێک لە ژنان کاری قورسی دیکەیان وێرای ئەرکی پێشمەرگایەتی خۆیان وەئەستۆ گرت، بەشێکیان زۆر بە سەخاوەتەوە تەمەنی لاوەتی خۆیان قوربانی بووکی سووری ئازادی کرد و بوونە چرای شەوچرای نێو شۆڕش و ناویان بۆ هەمیشە لە مێژووی پڕ سەروەری خەباتی نەتەوایەتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان دا دەدرەوشێتەوە.

خەبات بۆ دەستەبەر کردنی ئازادی بە بێ دانی قوربانی هیچ کات ناتوانێ سەر بکەوێ و ئەو خەباتەش بە بێ بەشداری ژنان ناتەواوە و ناگاتە لووتکەی سەرکەوتن. بە هەست کردن بەو راستیە و بوونی ژنان لە سەفی شۆڕش و پێشمەرگایەتی دا دەتوانین بڵێین هەم خەبات ڕەنگینتر دەبێ و هەمیش ژنان هەست بە کەمی لە کۆمەڵگا دا ناکەن.

ژنانی نێو شۆڕش جیا لە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی، زۆرجاریش لە نێو ریزەکانی پێشمەرگە و حیزبیش دا

دەبوو خەبات لەگەڵ هەندێک کەمایەسی جۆراوجۆری وەک نەخوێندەوەیان لە رادەی رێبەری و دابەش کردنی بەرپرسایەتی و پێنەسپاردنی پلەی گەورەی نیزامی و متمانە پێنەکردن بۆ بەرێوەبەری جۆراوجۆر دا بکەن. ژنان لە هەندێک بواردا توانیان بە بەردەوامی و پێداگری خۆیان بە برا پێشمەرگەکانیان بسەلمێنن کە دەتوانن و بگرە لەوانیش زیاتر ئەو پۆست و بەرپرسایەتی و بەرێوەبەریانە بەرێوەبەرن، بە خۆشیەوە تا رادەیەکی بەرچاو ژنان لە هەموو بوارەکاندا درەوشانەوە و بە گەورەیی خۆیان نیشانیان دا کە دەتوانن لووتکە و بەرزایی بکەنە شوێنی خەباتی خۆیان.

لە کاتی خەباتی چەکداری و رۆژە سەختەکان دا ژنان و کچانی پێشمەرگە، لە شەڕەکان دا زۆر بوێرانە هەڵیان دەکوتایە سەر هێزی ڕەش و ئەهریمەنی سوپای پاسداران و بە چریکەو هاواری بەرزیان و بە بڕژی حیزبی دێموکرات، نەترە و زەندەقیان دەخستە دڵ و جەستەی لەرزۆکی جاش و بەسیج و پاسدار و هێرشکەران، کەمیش نین ئەو ژن و کچانەی کە لە کاتی هێرش و حەماسە دا سینگ و دڵی پڕ لە هیوایان بە گوللەی دوژمن پێکراوە و بە خوێنی ئاڵیان پرچ و سینگیان سوور بووە و بە کوڵی هاوڕێی پێشمەرگەوە ، شلک وەک ریحانەی بە بۆنی هەڵکەندراو دەگەیندرایە پشتی شەڕگە و لە نێو ئاخ و حەسرەت و ناڵەی دەستە خوشکەکانی پێشمەرگە و کوڕەکان دا بە خاکی نیشتمان دەسپێردرا، کەم نین ئەو کچ و ژنانەی کە بە گوللەی دوژمن بەشێک لە جەستەیان لە کار کەوتووە و کەم ئەندام بوون و ئێستاش بە دەم ئێش و ئازارەوە دەتلێنەوە، گۆرستانی شەهیدانی حیزب لە زۆربەی شوێنەکان، دایکانی ڕووسوور و سەربەرزی پێشمەرگەی لە ئامێزی خۆی گرتووە و گۆرستانەکان شاهیدی بۆ بەشداری بەرچاوی کچ و ژنان و دایکانی شۆرش دەدەن.

زۆرجار لە کاتی جەولە و لە کاتی هەڵسووران دا کچان و ژنانی پێشمەرگە وێرای هەندێک کێشەی تایبەت بە خۆیان و بە جەستەیان بەداخەوە دەکەوتنە بەر بێ لوتفی هەندێک پێشمەرگە و فەرماندەی نابەرپرس و لە کاتی بەجێمان و یا ناسازیەکانیان تەوس و پلاریان تێدەگیرا و ئەوانیش بە شەرم و ئەدەبەوە وەڵامی خۆیان دەدایەوە. چەندجار شاهید ئەوە بووم کە لە گوندەکان خەڵکی ئاوایی بە زمانی خۆماڵیانە بە کچ و ژنانی پێشمەرگەیان گوتوە کە ئێوە بۆ پێشمەرگە نابن و برۆن وەدوای ژیانی خۆتان بکەون و ماڵ و حاڵێک بۆ خۆتان پێکەوە بنێن، بەڵام تەوارەکانی کوردستان بە هەست و سۆز و ئەوینی ئازادی و یەکسانیخوازی بۆیان باسی ناعەداڵەتی لە کۆمەڵگا دا دەکرد و تێیان دەگەیاندن کە هەوڵ دان بۆ ئازادی ژن و پیاو ناناسێ و هەستی نەتەوایەتی خۆیان بۆ باس دەکردن. لە کاتی پشوو و لیباس شۆردن و مەلە کردن دا بەداخەوە کچ و ژنەکان دەبوو بە دوور لە چاوی

کوڕە پێشمەرگەکان ئەرکی پاک و خاوێنی خۆیان بەڕێوەبەرن و دوای ماوەیەک وەک دەستە گوڵی ڕازاوە و بە ڕەخت و تفەنگ و جل و بەرگی خاکی پێشمەرگانەوە سەفی پێشمەرگەکانیان سەد هێندە جوانتر و گەشاوەتر دەکرد و خۆیان بۆ ڕۆژێکی نوێی دیکە بۆ خەبات بۆ یەکسانی و ئازادی ئامادە دەکردەوە.

پێشمەرگایەتی ئەگەر میدالی سەرفەرازییە بۆ گەردنی ئەوانەی پێشمەرگایەتی دەکەن، لە هەمان کاتیش دا کارێکی گەلێک قورس و ئەستەمە و تاقەت و توانای زۆر و تەحەموول و سەبری ئەیوبی گەرەکە. کچان و ژنان و دایکانی نێو شۆڕش زۆر لە پیاوان بە تەحەموولتر و بە سەبرتر و بە بڕشتر بوون، ئەو کچ و ژنانەی کە وەک پێشمەرگە خەباتیان دەکرد، جیا لەوە کە لە دەستە و لک و هێزەکان و ڕێبەری حیزب دا خەباتیان دەکرد ، بەشێکیان بە سەخاوەت و دڵفراوانییەوە لە بنکە جۆراوجۆرەکانی وەک: ڕادیۆ، چاپەمەنی، بێسیم، کوردکاناڵ، نەخۆشخانە، فێرگە، کتێبخانە، پەزیرش، ئەمنییەت، کۆمسییۆنە جۆراوجۆرەکان، تەلەفوونخانەی گشتی، پرسگە، ئاسایشگا، سالۆنی گشتی، قوتابخانە، حیسابداری ، کۆڕی هونەری، ڕێکخراوەکانی ژنان ، لاوان ، منداڵان و خوێندکاران و بنکە و بارەگا جۆراوجۆرەکان و دەورەی پێشمەرگایەتی و کادری دەرمانی، سیاسی، فیلمهەڵگری، وێژەرەی، نووسین و وەرگێران دا خزمەتێکی یەکجار گەورە و درەوشاوەیان بە شۆڕش و بە هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان کردووە.

کەم نین ئەو ژنانەی کە هەموو تەمەنی لاوەتی خۆیان لە ریزی پێشمەرگایەتی دا تێپەر کردووە و ژیان و خۆشی و کامەرانی خۆیان تەرخانی خزمەت بە گەل و نیشتمان کردووە.

ئەو دایکانەی بە هۆی مێردەکانیان کە پێشمەرگە بوون، بە چەند منداڵی ورد و درشتەوە ڕێگای پڕ لە کەندولەندی پێشمەرگایەتیان هەڵبژارد و بوونە پاسەوانی پاراستنی کەیانی بنەماڵە و سەروەری مێردی پێشمەرگەیان و بۆ خۆیان وەک مۆمێک بۆ پەروەردەی منداڵەکانیان سووتان و بە کەمترین ئیمکاناتی ژیان جیا لە ئەرکی دایکایەتی، ئەرکی باوکایەتیشیان بۆ منداڵەکان لە سەر شان بووە، لە نەبوونی مێردەکانیان دا و لە کاتی تەنیایی دا هەموو ئەرکێکیان بە دڵ و بە گیان وەئەستۆ گرتووە و لە کاتی بۆمبارانی فرۆکەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکان، جیا لەوە کە دەبوو منداڵەکانیان بپارێزێن بەشێکیان زۆر بوێرانە لە سەنگەرەکان دا سەنگەریان دەگرت و دەبوونە هێزی بەرگری بۆ تێکشکاندنی هەر هێزێک کە بیهەوێ هێرش بکاتە سەر بنکە و بارەگا و ماڵەکانی پێشمەرگە.

زۆرێک لەو دایکانە لە چاوەروانی هاتنەوەی کوڕ و کچ و مێردی پێشمەرگەیان دا بە دڵەڕاوکەوەیەکی زۆرەوە بە دەم لایەلایە بۆ منداڵەکانیان شەو و ڕۆژیان کردۆتەوە و دواتریش هەرگیز چاویان بە خۆشەویستەکانیان و یا مێردی شەهیدیان، کە لە شەڕی قارەمانانەدا گیانیان بە نیشتمان بەخشیوە نەکەوتۆتەوە و لە دوای شەهید بوونی مێردەکانیان باری قورسی ژیان و پێشمەرگایەتیان بە عیزەتی نەفسی خۆیان تەحەموول کردووە و منداڵەکانیان بەوپەری دڵسۆزییەوە گەورە کردووە و هەنووکەش لە نێو ریزەکانی پێشمەرگەدا بە کەمترین ئیمکاناتی ژیانەوە ، بەڵام بە سەربڵیندی و عیزەتەوە درێژە بە پێشمەرگایەتی خۆیان دەدەن.

هەر کات ڕێم دەکەوێتە نیو گۆڤەندگێرانی دێموکرات لە قەڵای دێموکرات یا شوێنی ژیانیان لە کۆیە و شوێنەکانیتر، لە ئاست خۆڕاگری هەموو پێشمەرگەکان دا و زۆر تایبەتی لە ئاست ئەو کچ و ژن و دایکانەی کە ساڵانێکی دوور و درێژە بە پشوو درێژییەوە بە پەرچی سپی وەک بەفری تازە باریوی چیا، هەروا بە دڵگەرمی و بە بێ ئیمکاناتی درێژە بە خەبات دەدەن بە ڕێزەوە سەریان لە بەر نەوی دەکەم و دەستیان ماچ دەکەم و خۆمیان هەزارجار دەبەرم دەمرێنم و دەڵێم لێم بمبوورن کە وەک ئێوە نەمتوانی تا سەر لە خزمەت گەل و نیشتمان دابم و لەو پەیوەندییەدا خۆم بە قەرزداری ئەو هەموو گەورەیەی ئەو هەلۆ و تەوارە بەرزەفرانە دەزانم.

جیا لە ژنانی شۆڕش هەر لەم کورتە نووسینەدا سوپاسێکی گەرمی خەڵکی کوردستان و بە تایبەت کچ و ژنان و دایکان و پیرە دایەکان دەکەم ، کە لە هەموو کاتە سەخت و ناخۆشەکان دا یار و پشتیوانی کوڕ و کچە پێشمەرگەکانیان بوون و ئامێزی خوشکانە و دایکانەیان بۆ هەموو لایەکمان گرتبۆوە و ئێستاش هەروا بە حەسرەتی گەرانەوەی پێشمەرگەکانی کوردستانن.

***ژنە پێشمەرگە***

*هۆ پێشمەرگە جوانکیلەکە، حەزم دەکرد*
*کلاشینکۆفی دەستت بم ...*
*لە سەنگەرا هاودەمت بم،*
*کە دەبیتە بووکی ژیان*
*وەکو شێعرێ،*
*گوڵێکی سەر پەرچەمت بم!*

*کە کوردستان خەمی تۆ بێ ...*

*قوربانی خۆت و خەمت بم!*

*کە هەژاری ژەمی تۆ بێ،*

*تا ئازادی هاوژەمت بم!*

-------------------

**ڕۆژی ٢٦ ی سەرماوەز لە هەموو لایەک بە گشتی و بە تایبەتی لە کچ و ژنان و دایکانی نێو شۆڕش و دایکانی شەهید پیرۆز بێ و سەری ڕێز بۆ مندالی هەموو شەهیدانی کوردستان نەوی دەکەم.**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی دێسەمبەری ٢٠١٧**

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٨

---

## ڕێوڕەسمی جێژنی قوتابیانی کچ لە سەر گۆڕی خومەینی (گەیشتن بە تەمەنی بلوغی کچان)



جێژنی گەیشتن و پێگەیشتنی کچان لە ڕێوڕەسمی کۆنەپەرەستانەی بە ناو ئیسلامی دا یەکێک لە دزێوترین و ناحەزترین کارەکانی بەناو ئیسلامە کە جێژنی بۆ دەگرن، ئەم ڕێوڕەسمە یەکێک لە دواکەوتووترین جێژن و ڕێوڕەسمەکانە کە بۆ کچانی منداڵ، (کچانی ٩ ساڵ) تەمەن بەڕێوەی دەبەن. لە ڕوانگەی شەرعی و ئیسلامی‌یەوە ئەو منداڵە شلک و ناسکانە کە دونیای منداڵیان ئێستا تەواو نەکردووە، ئامادە دەکەن بۆ خۆشاردنەوە لە کوڕانی هاوتەمەنی خۆیان و دواتریش کشانەوەیان لە نێو کۆمەڵگا و ئامادەکردنیان بۆ خەوتن و جووت بوون، واتە دەستدرێژی سێکسی لە ژێر ناوی ڕێگەپێدراوی ئیسلام دا لەگەڵ نێرینەیەک کە زۆرجار نەک هاوتەمن نین، بەڵکوو بۆرە پیاوێکی دەستڕۆیشتوو و پوڵدار دەبێ!

ئەوەی جێگای سرنجە ئەوەیە کە ئەو جێژنە لە سەر گۆڕی خومەینی بەڕێوەدەبەن وەک ئەوەی کە مەرقەدێک بێ بۆ چاکە و ئاخوندەکان کردوویانەتە هاوشانی ئیمامان و پێغەمبەران. ئەوانەی ئەو کارە دەکەن لە ژێر ناوی ئیسلام و شەرع و حەدیس و ڕێنوێنی‌یەکانی هەندێک بەناو گەورە پیاوانی ئیسلام شەرعیەتیان بەو کارە داوە و دەیکەن، بۆ نموونە لە نووسینەکانی خومەینی دا لە کتێبی "رساله توضیح المسائل" باس لەوە کراوە کە کچانی تەمەن ٩ ساڵ حەڵاڵی ئەو کەسانەن کە دەتوانن نەفەقە و ژیانیان لە بنەماڵەدا بۆ دابین بکەن و دواتریش لە بڕگەیەکی دیکەدا

باس لەوە دەکا، کە ڕەگەزی مێینە تەنیا مافێک کە هەیەتی مافی منداڵبوون و پاکوخاوێنی نێوماڵ و منداڵەکانییەتی و ئەوە دەکەنە بەڵگە بۆ ئەوەی لە سەر گۆڕی ئەو ئیمامە خوێن تاڵە، خوێنی منداڵانی کچیش بە بۆرەپیاوان بڕێژن و یا کچەکان ئامادە بکەن و پێیان بڵێن کە دەتوانن مێرد بکەن و لە ئێستاوە جەستەی ئێوە بۆ ئەوە دەبێ دەستی تێوەربدرێ.

تەمەنی مێردکردن بۆ کچان بە پێی یاسای بنەڕەتی ئێران ۱۳ ساڵە، بەڵام هاوکات کاربەدەست و مەلاکانی ئێران حیلە شەرعێکیان وەک زیادکراوەیەک هێناوەتەوە، واتە "بڕیاری یەکلاکەرەوەی بنەماڵە بە سەر منداڵ دا" کە ڕێگەی خۆشکردووە بۆ بەشوودانی کچانی تەمەن ۹ ساڵ و دەڵێن مادام کەس و کار و باوکی رازییە، هیچ لە یاسای بنەڕەتی ئێران ناگۆڕێ و دەتواندرێ بەشوو بدرێ.

لە مێژ ساڵە لە ژێر ناوی ئیسلامدا باس لە تەمەنێک دەکرێ کە ئەو تەمەنە لە دونیا دا بە گشتی نەک هەر تەمەنی باڵغ بوون و ژن بوون نییە، بەڵکوو لە زۆربەی دونیای غەیرە ئیسلامی دا ئەو تەمەنە، تەمەنی یاری و کایە و بەیەکەوە بوون و ناسینی دەستی چەپ و راستی منداڵانی تەمەن خوار دە ساڵە بە کوڕ و کچەوە.

لە دونیای دەرەوە کە بە قسە و گوتاری بەشێک لە دەوڵەتە ئیسلامی و ئیسلامیيە توندڕەوەکان دونیای فەساد و دونیای بەرهەڵڵاییە، مافی منداڵان بە کچ و کوڕەوە لە کۆمەڵگادا پارێزراوە و هیچ یاسایەک ناتوانێ ڕێگە بۆ ئەوە خۆش بکات کە منداڵان و بە تایبەت کچان ببەنە شوێنێک و پێیان بڵێن کە کاتی شووکردن و گەورەبوونتە و لەم ساتەوە دایک و باوکت قسە لە سەر چارەنووسی تۆ دەکەن بۆ ئەوەی مێرد بە بۆرە پیاوێک بکەی و لە ئێستاوە دەبێ خزمەتی ئەو بۆرە پیاوە بکەی.

خۆ ئەگەر ئەو شووکردنە بۆ بۆرە پیاوێکیش نەبێ ، دیسان دایک و باوکان مافی ئەوەیان نییە کە کچەکەیان لەگەڵ کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی کە ۹ ساڵانیشە بە یەک بگەیێنن و ژیانی هاوبەشیان بۆ پێک بێنن، کەوایە بە دڵنیایی و بە بێشک و گومان و دوو دڵی لێکردن، لە هەموو بوارێکدا دونیای دەرەوە زۆر بە یاساتر و مەعقولتر و سەردەمیانەترە لە دونیای بەشێک لە دەوڵەتانی ئیسلامی و ئیسلامیيە توندرەوەکان کە نان بە سیغە کردنی کاتی ژنان و کچان و بێوەژنان بێ دەرتان و هەروەها بە بەشوودانی منداڵانی کچی تەمەن ۹ ساڵەوە دەخۆن.

منداڵ بە گشتی تا تەمەنیان نەگاتە نزیک ١٨ ساڵ، مافی زۆرێک لە بڕیارە سەرەکیەکانی یەکلاکەرەوەیان لە بنەماڵەدا هەر نییە و تا دەگەنە ئەو کاتەی کە منداڵەکان دەیانهەوێ باڵ بگرن و بۆ خۆیان بژین. تا گەیشتنی ئەو کاتە دایک و باوکەکان وەک باڵەندەیەک منداڵەکان لە ژێر باڵی خۆیان دەگرن و دەیانپارێزن، دیارە ئازادی ئەو وڵاتانە ڕێگای بەوەدا کە لە هەڵسوکەوت و لە یاری و کایە و خواردن و وەرزش و چوونەدەر و خوێندن و دۆستگرتن و چەندین بواری دیکەشدا منداڵان ئازاد بن، بەڵام ئەو ئازادیە نا کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ شوو کردن و کاری سێکسی و جووتبوون.

بەداخەوە لە وڵاتانی وەک ئێران و چەندین وڵاتی دیکە منداڵان قوربانیانی سەرەکین بۆ بە زۆر فێرکردنی کاری زۆرەملی، ناردنە سەرشەقام و بردنە سەر گۆڕی خومەینی بۆ جێژنی باڵغ بوون و بەشوودان و زۆر شتی دیکە. ئەگەر دینی ئیسلام دینی بەیەکەوە بوون و ئاشتی و بەرابەری و یەکسانیە، نابێ ئەم بەشە لەبیر بکەین کە غەدرێکی گەورە لە کچانی منداڵ بە ناوی باڵغ بوونەوە دەکرێ، لەم بەشەدا ئایینی ئیسلام بە پشت بەستن بەوە کە کچ و ژن نامەحرەمن، هەندێک بەناو زانای ئیسلامی بۆ خۆیان بە زۆر بە ناوی ئیسلام کچانی منداڵ دەدەن بە بۆرەپیاوێکی بەناو مەحرەم، کە ئەم بۆرە پیاوە هەموو کات ئەو کچە نازدار و مەعسوومە وەک بووکەڵە شووشەیەک لە سەر کۆش و ئامێزان دەگێڕێ و بە قەول ئی خۆیەتی و لەگەڵی مەحرەمە و خەڵات و براتی خۆیەتی لەبەر چاکەکانی کە لە سەر زەوی کردوونی، ئەوە بە دیاری خودایی بۆی هاتووە و لەو دونیاش چاوەڕوانی ٧٢ حۆری خوایی دەکا.
لە ئاست بە شوودانی کچانی تەمەن ٩ ساڵ دەتوانم بە دڵنیایەوە بڵێم کە یاسای ئەشکەوتیش بە نیسبەت ئەو یاسا خودساختەیە خاوێنتر و جوانتر و پاکترە.

لە کۆتاییش دا ئەو زاتەی بە عەبا و مێزەری ڕەشەوە وەک گورگی نێو مێگەل، لە پێش ئەو پەپولە باڵنەخشین و سپی پۆشانەوە ڕاوەستاوە سەید حەسەن خومەینیە کە لە توخم و تۆوی خومەینی دیکتاتۆر و خوێنرێژە، ئەوەش یادگاری خومەینی دیکتاتۆر و جینایەتکارە بۆ نەوەی داهاتووی ئێران.

تکایە لە نووسینی سوکایەتی بە باوەڕمەندان و بە ئایین و مەزهەب خۆببوێرن.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣١ی جانێوێری ٢٠١٨

# ئازیتا لوقمان، کچە ڕۆژهەڵاتی‌یە لێو بەخەندەکە و خەڵاتی یەکەمی کاناڵی پلیستانک تی‌ڤی



لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو دا زۆربەی کاتەکان گوێمان لە هەواڵی ناخۆش و کارەساتی جۆراوجۆر دەبوو و کەم و زۆر پەشێوی و نارەحەتی هەست و بیر و هزری زۆرێکمانی داگیر کردبوو.

لەم وەرزە پڕ کارەساتەدا کاناڵی پلیستانک تی‌ڤی Pelistank TV ڕیزە بەرنامەیەکی گۆرانی و کێبەرکێی بۆ منداڵان تەرخان کرد کە لە مێژووی تەلەفزیۆنە کوردی‌یەکان دا بێ‌وێنە بوو، یەکەم ئەوە کە منداڵانی هەر چوار پارچەی کوردستانی دابەشکراوی تێدا بەشدار بوون و دووهەم ئەوە کە هاندەر و دەستگری منداڵانی خوازیاری هونەری گۆرانی گوتن بوون.

بەر لە هەموو شتێک سوپاس بۆ بەڕێوەبەرانی کاناڵی پلیستانک تی‌ڤی کە زەحمەتی زۆریان بە منداڵەکانەوە کێشا و بە ژەنینی موسیقای جوان، گۆرانی و مەقام و حەیران و لاوکی کۆن و نوێی تێدا بە دەنگی مێرمنداڵانی خاوەن بەهرە بە چەندین زاراوە و تەنانەت زمانی نەتەوەکانی دیکەشی بڵاو کردەوە.

ئەوەی بۆ من جێگای سرنج بوو، باوەر بەخۆبوونی منداڵەکان و بەشدارنی بەهرەمەند بوو، کە جار لەگەڵ جار بوێرانەتر دەهاتنە قۆناخەکانی سەرتر، گەلێک دەنگی جوان و شاز و بلاوێنی دڵانمان گوێ لێبوو، هەستی جوان و ناسک و سیمای منداڵانە و خەندە و گریانەکانیان ئێمەیان بە گشتی لە دونیای شەڕ و کێشە و ڕووداو و کارەساتە

سرووشتی‌یەكان دوور دەكردەوە و بۆ ساتێك لە نێو دونیای جوانی هونەری گۆرانی لەگەڵ ئەو خونچە تازە پشكوتووانە كاتمان بەسەر دەبرد و لەگەڵ خەندەكانیان دڵخۆش دەبووین و لە گەڵ گریان و هەنیسك و خەمەكانیان ئێمەش خەمبار دەبووین.

لە هەموو ئەو ماوەیەدا شەوانی دووشەممە لە هەر شوێن و سوچێك بایەم ، بە پەلە خۆم دەگەیاندەوە نزیك تەلەفزیۆن و چاوەروان دەبووم تا بەرنامەكە دەست پێبكات و لەگەڵیان تا كۆتایی بمێنمەوە.

مەبەست لە نووسینی ئەم چەند دێرە باس لە كیژە نەشمیل و دڵناسكەكەی ڕۆژهەڵات، ئازیتای گوڵ و جوانە. هەروەك لە سەرەوە ئاماژەم پێداوە تامەزرۆی گوێگرتن و دەنگی بلاوێنی هەموو منداڵەكان بووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێكی سرووشتی‌یە كە دەبێ لە كێبەركێ دا ، ئەویش لە هونەری گۆرانی و موزیك دا كەسێك هەڵبژێری كە بە دەنگەكەی ئاوپڕژێنی دڵ و هەست و سۆزت بكات و ئەوەشم بە ڕێژەیەكی زۆر لە ئازیتا دا بەدی دەكرد.

ئازیتا موئمنی یەكێك لەو دەنگە شاز و پڕ هەستانە بوو كە لەگەڵ یەكەم گۆرانی‌یەكانی دا ئاشقی دەنگ و سیما و هەست و جووڵەكانی بووم و تا كۆتایی بە دڵەوە لەگەڵی دەچوومە پێش، گۆرانی‌یەكانی یەك لە یەك جوانتر و پڕ ماناتر و خۆشتر بوون، جووڵەی دەست و بزە و خەندەی سەر لێوی و دواتریش گریانی بە دەم گۆرانی بێریشانەوە لووتكەی جوانی و پێشكەش كردن بوو كە دڵنیام هەموو ئەو كەسانەی ئەو بەرنامەیان چاو پێكەوتووە ئاشقی دەنگی بلاوێن و چریكەی ئەو كچە جوانە ڕۆژهەڵاتی‌یە بوون.

ئازیتا لە هیچ پەیمانگایەكی هونەری تایبەت دەرسی موزیك و چڕینی گۆرانی نەخوێندوە، خۆڕسك و خودایی دەنگێكی چیایی و بەرز و دڵگیر و كراوەی هەیە، لە كاتی چڕینی گۆرانی‌یەكانی دا باوەڕی زۆری بە خۆ بوو، چاك درەوشایەوە و یەكێك لەو منداڵانە بوو كە تا قۆناخی ١٦ بە سەركەوتوویی هاتە قۆناخی كۆتایی، لە چەند بەرنامە، پێش كۆتایی ئازیتا دەنگی باشی نەهێنا بوو، كاتێك لە هێڵی سوور رایانگرت بوو، سیمایەكی مەعسووم و چاوێكی پڕ ئەسرینی هەر لە خاتوونی پێشكەشكار بوو، كاتێك گووتی بەداخەوە ئازیتا بە هۆی كەمی دەنگی بینەران نەیتوانیوە ئەم قۆناخە ببڕێ، ئازیتا دڵی داخورپا و نەیتوانی خۆی ڕابگرێ و بە دەستە نەرم وخرپنەكانی چاوە پڕ ئەسرینەكانی داپۆشین و هەموومانی تووشی خەمناكی و گریان كرد، سوپاس بۆ لیژنە كە نەیانهێشت ئەو دەنگە چیایی و بەرز و ناسكە بكەوێ و شانسی مانەوەیان بۆ پێكهێنا بۆ ئەوەی زیاتر

بدرەوشێتەوە، دوا بەدوای ئەو گریانە چەند جار لە ڕێگای کاک لوقمانی دلۆڤان، باوکی خانمە بچکۆلانە شەکرۆکەکەی ڕۆژهەلاتم ئاگادار کردەوە کە بە سەر هەست و جوڵەی خۆیدا زاڵ بێ و ئەو ئەگەر نەشتتوانێ بە هۆی کەمی دەنگەوە بگاتە قۆناخی کۆتایی و یەکەم، ئەوە بێشک تا ئێرەش نیشانی داوە کە یەکەمە و پێویست بەوە ناکا خۆی تووشی خەمۆکی و نائومێدی بکات و باشترین کار ئەوەیە کە ئەزموونی ئەم چەند گۆرانی و بەشداریکردنەی بکاتە وانەی کارەکانی داهاتووی و بە تایبەت لە هەڵە و کەم و کوڕییەکان دەرس وەربگرێ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا وەک ئەستێرە لە ئاسمانی هونەری دا زیاتر بدرەوشێتەوە.

لە هەموو ئەو ماوەیەدا بەردەوام لەگەڵ کاک لوقمان باوکی ئازیتا لە پەیوەندی دابووم، وێرای دەستخۆشی کردن لە ئازیتا و بنەماڵەکەیان، هاوکات تێبینی و پێشنیاری خۆمم بۆ دەنووسین و بۆم دەناردن، بەوە دڵخۆش بووم کە پەیامەکانم بە ئازیتای شەکرۆکە دەگەیشتن و جارجار لوقمانی هەموو کات پێشمەرگە چەند ڕەستەیەکی دەنووسین و دەیگووت ئەوە قسەکانی ئازیتان، لە سەریەک ئەوەی من دڵخۆش دەکا و ئەوەی پێی دڵخۆش بووم ئەوە بوو کە هەم بینەران و هەم لیژنە و هەمیش کاناڵی پلیستانک تیڤی ئەو دەرفەتە زێڕینەیان بۆ منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان پێک هێنا کە خۆیان و کارە هونەرییەکانیان ببیننەوە و ڕێچکەی هونەری خۆیان بۆ داهاتوو دیاری بکەن.

جیا لەو بەشە خاتوونە بچکۆلانە و خوێن شیرین و دەنگخۆشەکەی ڕۆژهەلات لە بنەماڵەیەکی پێشمەرگە و لە بنەماڵەیەکی ئازادیخوازی نێو ریزەکانی حدک و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتە کە بە هۆی بوونی باوکی پێشمەرگەی هیچ جۆر ئیمکاناتێکی هونەری کە بتوانێ یارمەتیدەری ئەو ئەستێرە گەشاوەیە بێ لە بەر دەست دانەبووە و تەنیا بە هیممەت و ئیرادەی برا و باوک و دایک و ئەندامانی بنەماڵەکەی گەیشتۆتە ئەو قۆناخە و ئەوەش نیشان دەدا کە ئازیتای دەنگ ئەفسووناوی چەندە خولیا و ئاشقی گۆرانی گوتنە و تەنانەت بێ ئیمکاناتی و نەبوونی سپۆنسەر و پشتیوانی ماڵییش ناتوانێ پێش بە هەنگاوە هونەرییەکانی بگرێ و بە گشتی وا دەرکەوت کە نە بێ ئیمکانات و نە بێ سپۆنسەر و نە بێ پشتیوانی ماڵیش بووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئیمان و ئیرادە و هیممەتی پێشمەرگانەی بنەماڵەی کاک لوقمان لە لایەک و هیممەتی هاوڕێ و دۆستان و لایەنگران و دڵخوازانی دەنگی گوڵە ئەستێرەکەی ئاسمانی هونەری گۆرانی منداڵان مافی خۆیان بە ئازیتای دلۆڤان و بێریڤان دا و ئەوەش ئەزموونێکی باشە بۆ ئازیتا و بۆ دەرەوشانەوەی زیاتری لە داهاتوو دا.

**لە سەریەک سوپاسی هەموو منداڵە بەشداربووەکان دەکەم و هیوادارم کە لە داهاتووی هونەری کوردستان دا هەموویان ساحەب ڕێچکە و قوتابخانەی خۆیان بن و هیوای بەختەوەری و تەمەن درێژیان بۆ بە ئاوات دەخوازم.**

**جێێ خۆیەتی سوپاسێکی گەرمی پێشکەشکاران و لێژنە و بەرێوەبەران بکەم، بە تایبەت بۆ ئەو هەموو حەوسەلە و پشوودرێژی و مشوورخۆری لیژنە لە ئاست ئەم پۆلە منداڵە چاوگەشە بەشداربووەی بەرنامەی کاناڵی پلیستانک تیڤی، لیژنە زۆر خەمخۆرانە و بە دڵێکی کراوە و فراوان و بە بێ ئەوەی ماندوو ببن کارەکانیان بەرێوە بردن و لە قسە و گوتار و هەڵسەنگاندنەکانیان دا باری دەروونی و تەمەنی منداڵەکانیان لەبەر چاو بوو و کارێکی وایان نەکرد کە بە قسەکانیان منداڵەکان دڵئێشاو و نائومێد بکەن، بەڵکوو بە پێچەوانە بە قسەکانیان و بە ڕێنوێنییەکانیان زیاتر منداڵەکانیان هان دەدا کە بەردەوام بن و باسی داهاتووی هونەری گەش و زێرینی ئەو منداڵانەیان دەکرد و هانایان دەدان کە درێژە بە کاری هونەری گۆرانی و موزیک بدەن.**

**هیوادارم کە لە داهاتوودا ئەم بەرنامەیە هەر درێژەی هەبێ و بێ کەم و کوریتر و جوانتر بەرێوە بچێ و ئەزموونی ئەم یەکەم جارە بکەن بە وانەی باشتر بەریوەبردن.**

**جوانترین پیرۆزبایی لە ئازیتا و بنەماڵەکەیان دەکەم و هیوادارم کە هەردەم ئاوا سەربەرز و سەرکەوتوو و شاد و دڵخۆش بن.**

**سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوێری ٢٠١٨**

## ناوی کەریم مەعرووفزادە هەروا بە بەرزی و لە لووتکەی چیا دا دەمێنێتەوە.

### کۆچی دوایی مامۆستای قوتابخانە و شاخەوانی بەناوبانگ کاک کەریم مەعروفزادە




**بە پێی هەواڵ ڕۆژی ٢ - ٠٣ - ٢٠١٨ لە کاتێک دا شاخەوانی بەناوبانگی کورد کاک کەریم مەعروفزادە لەگەڵ پۆلێک لە شاخەوانانی دیکەی هاوڕێی لە تاران لووتکەی "تۆچاڵ" یان دەبڕی بەداخەوە بە هۆی ڕاوەستانی دڵەوە گیانی لە دەست دا.**

**کاک کەریم مەعروفزادە لە ساڵی ١٣٤٦ ی هەتاوی لە شاری سەردەشت لە دایک بووە و قۆناخەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی بڕیوە و وێڕای خوێندن حەزی لە وەرزش و یاری بووە و هاوکاتیش دوای تەواو بوونی خوێندن وەک مامۆستای قوتابخانە لە شاری سەردەشت وانەی بە قوتابیان گوتوتەوە. ناوبراو مرۆڤێکی خۆشەویست و لەبەر دڵان بووە و یەکێک لە شاخەوانە ناودار و چالاکەکانی شاری سەردەشت بووە و دواتر بە هۆی شارەزایی و لێزانی و هەڵسووری لە وەرزشی شاخەوانی دا وەک سەرپەرەستی گروهی شاخەوانی سینا هەڵدەبژێردرێ. دوای ئەوە ناوی سینا دەگۆردرێ و دەبێتە گروپی شاخەوانی ڕێژین، دیسان کاک کەریم بە گوڕ و تینێکی دیکەوە قۆڵی هیممەت هەڵدەماڵێ.**

**کاک کەریم لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا وێڕای شاخەوانەکانی دیکە دەیان لووتکەی بەرزی کوردستان و ئێران و هەرێمی کوردستانیان بە بۆنەی جۆراجۆرەوە بە سەربەرزی بڕیوە. بە گشتی نەمر کەریم، خەڵکی لە هەموو چین و توێژەکان لەگەڵ سرووشت و دەنگی مەل و باڵندە، لەگەڵ هاژەی چەم و ڕووبار، لەگەڵ سەوزی و چڕوپڕی دارستان، لەگەڵ بەفر و باران و تەمومژ و ساو دا ئاشت کردەوە و وەک چالاکڤانێکی مەدەنی دەستی بە هەموو**

کارە گروهی‌یەکانی شاری سەردەشتەوە دیار بوو.

کاک کەریم وێڕای کاری مامۆستایەتی و وەرزش، هاوکات لە باری ژینگە پارێزی‌یەوە مرۆڤێکی چالاک و هەڵسوور بووە، گرووپی شاخەوانی سینا لە ڕێوڕەسمەکانی شەهیدانی شیمیابارانی هەڵەبجە و شاری سەردەشت و شیمیابارانی گوندی زەردەی کرماشان دا بەشداریان کردووە و چالاکی جۆراوجۆریان نواندوە و هاوکاتیش کاک کەریم بۆ کۆکردنەوە یارمەتی بە شەنگال و ڕووداوەکانی باشوور و بە تایبەت بە بەرکەوتووانی بوومەلەرزی ئەم دوایانەی کرماشان و ئیلام ڕۆڵی سەرەکی گێراوە. زۆرجار بە هاتنە سەر شەقام و کاری سیمبولیک توانیویانە کە کاری گەورە و خەڵک پەسەندانە بەرێوە بەرن.

شایانی باسە کە کاک کەریم هەستێکی نەتەوەیی و کوردپەروەرانەی هەبووە و لە زۆر بواردا خزمەتی جۆراوجۆری بە کورد و بە ناساندنی کورد لە ڕێگای کارەکەیەوە کردووە و ئەوەش کاک کەریمی لە نێو خەڵک و بە تایبەت دانیشتوانی شاری سەردەشت دا خۆشەویست کرد بوو، مخابن ئەمرۆ دوای ماوەیەک خزمەتی بەرچاو و ماوەیەک لووتکە بڕین و بە سەر چیا دا ڕۆیشتن و لە چیادا مانەوە، دڵی لە کار دەوەستێ و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێکردین و بە ڕۆیشتنی خۆی هەموو لایەکی خەفەتبار کرد.

لە ١٣ی مانگی ڕیبەندانی ئەمساڵدا و لە دوایین چالاکی خۆی و هاوڕێیانی شاخەوانی دا بۆ مەحکوومیەتی هێرشی تورکیە بۆ سەر عەفرین سەردانی چیاکانی سەرخیزان و سپی‌سەنگیان کرد و لەو بەرزایانەوە دەنگی پشتیوانی خۆیان گەیاندە عەفرین.

بەم بۆنەوە لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەرێزەکانی مەعروفزادە و ئەمینی و هەروەها گرووپی شاخەوانی و ژینگەپارێزی شاری سەردەشت و بە گشتی هەموو لایەک دەکەم.

زۆر بەداخەوە زوو بوو بۆ کۆچی کاک کەریم. خزمەتەکانی دیار و بەرچاو بوون و لە دڵی هەمووان دا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

رووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢ی مارچی ٢٠١٨

## لە پەراوێزی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان دا.

لە مێژووی پڕ لە ڕووداو و پڕ کارەساتی دەوروبەری خۆمان و جیهان دا، گەلێک ڕۆژ و بۆنەی جۆراوجۆر و تایبەتی هەن کە لێ وردبوونەوە و خوێندنەوە و ڕێزگرتنیان دەتوانێ ڕەنگدانەوەی تایبەت بە خۆی لە سەر کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردستان هەبێ. ڕێزگرتن لە بۆنەیەکی تایبەتی نە تەنیا زرووڕەتێکی مێژوویە، بەڵکوو یادکردنەوە و ڕێزگرتنی ئەو ڕووداوە و یا ئەو مێژووە، دەبێ ببێتە دەرفەتێک بە دژی دیکتاتۆری و هاوکاتیش ووزە ببەخشێ بە هەموو ئەو کەسانەی کە خەبات بە دژی زۆرداری و چەوسانەوە دەکەن.

یەکێک لەو ڕۆژە مێژوویانەی گەلانی جیهان ڕۆژی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنانە. ئەم ڕۆژە وێرای ئەوە کە باس لە خەباتی یەکسانیخوازی و ئازادی دەکات، لە هەمان کاتدا تێکۆشەران و ئازادیخوازن، وەبیر خەباتی لە پسان نەهاتووی ژنانی گەلانی دیکەی جیهان بۆ ئازادی، یەکسانی و وەدیهێنانی مافەکانی خۆیان دەخاتەوە. لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوو دا ژنان بە گشتی خەباتی خۆیان ئۆرگانیزە و بە ڕێکخراو کردووە و بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی خۆیان لە هەموو دەرفەتێک کەڵکیان وەرگرتووە. ئەمڕۆ ژنان بە ئاوڕدانەوە لە ژنانی پێشەنگی وەک کلارا زیتکین کە لە ساڵی ١٩١٠ی زائینی دا بۆ یەکەم جار خۆپێشاندانی بە دژی ناعەداڵەتی و نایەکسانی و نابەرابەری ڕێکخست، ئەوە خەباتی خۆیان چڕوپڕتر کردووە و بە بێ گوێدان بە هەڕەشە و ئازار و ئەزییەتی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر، خەباتی خۆیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، مەدەنی و مێدیایی دا بەو پەڕی لێهاتوویەوە بەرێوە دەبەن.

ئەگەر لە لایەک دەسەڵاتداران بوونە هۆ و بەربەستی گەشەی کاری و هاتنە مەیدانی زیاتری ژنان، ئەوە لە لایەکی دیکەشەوە کولتوری پیاوسالاری لە کۆمەڵگا دا بۆتە هۆکارێکی دیکەی گەشەی ژنان. لە سەریەک ئێستا ژنان بە ماف و ویستەکانی خۆیان ئاشنان و زۆرێک لە ژنان قۆڵی هیممەتیان هەڵماڵیوە بۆ ئەوەی زیاتر بدرەوشێنەوە و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا شان بە شانی پیاوان و بگرە زیاتریش لە مەیدانە جۆراوجۆرەکان دا دەدرەوشێنەوە.

هەموو ئەو کۆمەڵگا جیهانییانەی کە ئەمڕۆ وەک وڵاتانی پێشکەوتوو بە ئەژمار دێن، ئەوە بێ شک ڕۆڵ و نەخش و کاریگەری ژنانی بوێری کۆمەڵگایان تێدا ڕەنگ دەواتەوە، هەر کۆمەڵگایەک بیهەوێ ژن لە پەراوێز بخات بێشک

ئەو کۆمەڵگایە زۆربەی دەرگاکانی ئازادی و یەکسانی بە ڕووی خۆیدا داخستوون و ئەوەش هەم کۆمەڵگاکە وەدوا دەخا و هەمیش پێشێلی جاڕنامەی گشتی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە. ئەو کۆمەڵگایانەی کە ژن وەک ئامرازێک بۆ نێوماڵ و بۆ بنەماڵە چاو لێدەکەن بێ گومان ئەو کۆمەڵگایە، ناتوانێ باس لە ئازادی و لە یەکسانی نێوان ژن و پیاو بکات، ئەمرۆ مافەکان بۆ ژن و پیاو و بۆ دانیشتووانی کۆمەڵگا لە جاران زیاتر ڕوون و ئاشکران، هەر بۆیە ژنانی جیهان بە گشتی و ژنانی کوردستان قەبووڵی نابەرابەری و نایەکسانی ناکەن و چیدی خۆیان بە پاشکۆی کۆمەڵگا و پیاوان نازانن و هاوکاتیش خۆیان نەک پێ مرۆڤی دەرەجە دوو نییە بەڵکوو لە زۆر بواردا پێشەنگی کاری هەرەوەزی و کاری ڕێکخراوەیی و کاری مەدەنین.

ئەگەر لە هەندێک وڵاتی ئیسلامی و یەک لەوان ئێران بە هۆی ئایین و کولتور و بە هۆی دواکەوتوویی، پێش بە ڕەوتی بەرەو پێشچوونی ژنان گیراوە و نەیانهێشتووە بە ئارەزووی خۆیان لە کۆمەڵگا دا بە مەبەستی گەشە هەنگاو بەرەو پێش هەڵبێننەوە، ئەوە ژنانی بوێر و چاوکراوە بە هۆی بردنە سەری پلەی زانیاری خۆیان توانیویانە لە زۆر شوێن و لە زۆر بواردا خۆیان دەربخەن و سەرکەوتنەکانی خۆیان بە گوێی دەسەڵاتدارانی ئایینی ئێران بگەیێنن. ژنان لە ئێران و لە کوردستان دا زۆر سەردەمیانە خەبات بە دژی یاسا کۆن و داڕێژراوەکانی دەستی مرۆڤ و ئایین و کولتوری دواکەوتووانە دەکەن و لە مەیدانی کردەوەدا و لە هەموو دەرفەتەکان بە قازانجی خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە. هاتنە مەیدانی ژنان وەک مامۆستای قوتابخانە، شاعیر، نووسەر، ژەنیاری موزیک، گۆرانیبێژ، وێنەکێش، وەرزشکاری بە توانا، فیلم ساز، مێدیاکار، خوێندکاری سەرکەوتوو، ئەندازیار و دوکتور و جیا لەوانەش وەک ژنی بوێر و نەترس و سیاسیکار نیشانەی چوونە سەری پلەی زانیاری ژنان نیشان دەدا، ئەمرۆ ژنانی ڕۆشنیر و ڕووناکبیر بە هاتنە مەیدانیان ژنیان لە قوژبنی ماڵ هێناوەتە دەر و چیدی ژنان خۆیان وەک ئامرازی کاری بنەماڵە و ساحەب کار و دەسەڵاتداران نابینن.

ژنانی کورد ئەمرۆ زیاتر لە ڕابردوو هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن و شان بە شان پیاوی کورد لە زۆر بواردا هەوڵی بێوچان دەدا و وەک جاران تەنیا خۆی بە ملکی چواردیواری ماڵەوە نازانێ و لە کاتی تەنگانە و نەهامەتی دا وێڕای پیاوان بەرەو بازاری کار و بەرەو کاری سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی دەچێ و لەوەش زیاتر بە هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی و بەرگری لە خاکی نیشتمان زیاتر ڕێگا بۆ ئازادی نەوەی داهاتوو خۆشتر دەکات. ژنانی کورد ئەمرۆ پێشەنگی خەباتێکی بەرحەق و ڕەوای گەلەکەیانن و چیدی خۆیان بە کاری لاوەکی و تاقەت پڕوکێنی ڕابردووەوە خەریک ناکەن و زیاتر لە جاران هەوڵ بۆ خۆ ڕێکخستن و خۆ دەرخستن دەدەن و هەر

ئه‌وه‌ش بۆته‌ هۆی ئه‌وه‌ كه‌ ده‌سه‌ڵاتدارنی ئێران به‌ گرتن و راودونان و هه‌ڕه‌شه‌ كردن ژنان چاوترسێن بكه‌ن و له‌ گرتووخانه‌كانیش دا ئه‌وپه‌ری بێحورمه‌تی به‌ كه‌سایه‌تی و به‌ جه‌سته‌یانه‌وه‌ بكرێ.

ژنانی كورد له‌ پێناو وه‌ده‌ست هێنانی ئازادی و یه‌كسانی دا قوربانی زۆریان داوه‌، هه‌ر بۆیه‌ ئه‌مڕۆ به‌ خوێندنه‌وه‌یه‌كی دیكه‌ و به‌ شێوازێكی سه‌رده‌میانه‌ هاتوونه‌ مه‌یدان و هه‌وڵ ده‌ده‌ن كه‌ هه‌موو كه‌ند و كۆسپه‌كانی سه‌ر رێگای كار و خه‌باتیان ته‌خت بكه‌ن.

ده‌سه‌ڵاتدارانی زاڵ به‌ سه‌ر كوردستان دا هه‌میشه‌ هه‌وڵی سه‌ركوت كردنی گه‌لی كوردیان داوه‌ و له‌ ماوه‌ی سه‌ده‌ی ڕابردوو دا به‌ هه‌موو شێوه‌یه‌ك بۆ سه‌ركوتی نه‌ته‌وه‌ی كورد به‌ گشتی و ژنان به‌ تایبه‌تی له‌ هه‌موو ئامرازگه‌لێكی نائینسانی كه‌ڵكیان وه‌رگرتووه‌. گه‌لی كورد بۆ ئه‌وه‌ی كه‌یانی نه‌ته‌وه‌یی خۆی بپارێزی به‌ درووست كردنی حیزب و رێكخراوی سیاسی به‌ گژ ده‌سه‌ڵاتداران و دیكتاتۆرانی سه‌رده‌م دا چۆته‌وه‌ و نه‌یهێشتووه‌ كه‌ بیری ئازادیخوازی نه‌ته‌وه‌ی كورد له‌ بیر ژن و پیاو و لاو و گه‌نجی نیشتمان بچێته‌وه‌. حیزبی دێموكراتی كوردستان وه‌ك یه‌كه‌م حیزبی سیاسی به‌ درووست كردنی ڕێكخراوی یه‌كیه‌تیی ژنانی كوردستان ده‌رگای به‌ ڕووی ژنان دا كرده‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی خه‌باتی خۆیان له‌ چوارچێوه‌ی ڕێكخراوه‌یی دا به‌رێوه‌به‌رن و ئه‌وه‌ش بوو به‌ سه‌ر فه‌سڵێكی نوێ بۆ كۆكردنه‌وه‌ی هه‌موو ئه‌و ژنانه‌ی كه‌ ڕوانگه‌ و بیروبۆچوونی خۆیان له‌ چوارچێوه‌ی ئه‌و ڕێكخراوه‌یه‌ دا ده‌دیته‌وه‌. له‌ دوای درووست بوونی ڕێكخراوی یه‌كیه‌تیی ژنانی دێموكراتی كوردستان و خه‌باتی نه‌پساوه‌ی ئه‌و ڕێكخراوه‌یه‌ له‌ ته‌نیشت حیزبی دێموكراتی كوردستان دا به‌ خۆشیه‌وه‌ به‌ سه‌دان ژن و كچی ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان له‌و ڕێكخراوه‌یه‌دا خه‌باتیان به‌ دژی ناعه‌داڵه‌تی و نایه‌كسانی له‌ كۆمه‌ڵگا دا كردووه‌ و دواتریش له‌ ژێر هێژموونی ژنانی پێشه‌نگ دا چه‌كی پێشمه‌رگایه‌تیان له‌ شان كردووه‌.

ژنانی نێو ریزه‌كانی شۆڕش و به‌ تایبه‌ت له‌ نێو ریزه‌كانی حدك دا، له‌ هه‌موو بواره‌كانی پێشمه‌رگایه‌تی دا، له‌ سه‌نگه‌ری به‌رگری و هێرش ڕا بگره‌ تا كاری قورسی نه‌خۆشخانه‌، چاپه‌مه‌نی، ته‌له‌فونخانه‌، به‌رێوه‌به‌ری ئۆرگان، ڕادیۆ و ته‌له‌فزیۆن، ئه‌منییه‌ت و پاراستن دا ڕۆڵێكی دیار و به‌رچاویان گێراوه‌. ژنانی نێو شۆڕش به‌ هه‌وڵ و هیممه‌ت و ئیراده‌ی پته‌وی خۆیان قۆناخه‌كانی خه‌باتی شاخ و كه‌مپیان به‌ سه‌ربه‌رزی بڕیوه‌ و له‌ هه‌موو ئه‌و قۆناخانه‌ش دا به‌ لێزانی و لێبراوی خۆیان توانیویانه‌ پله‌كانی به‌رپرسایه‌تی یه‌ك به‌ دوای یه‌كدا ببڕن و ته‌نانه‌ت له‌ ڕاده‌ی سه‌ره‌وه‌دا و له‌ ڕێبه‌ری حیزبدا جێگا و پێگه‌ی خۆیان ببیننه‌وه‌.

هەر ڕێکخراوێکی سیاسی لە حاڵی خەبات و تێکۆشان و بەریوەبەری و دەسەلاتدا، ژنان وەک نیوەی کۆمەڵ لەبەرچاو نەگرێ، ئەوە بێشک ئەو ڕێکخراوەیە، ڕێکخراوەیەکی داخراوە و ناتوانێ ویست و داخوازی هەموو کۆمەڵگا وەدی بێنێ و لە هەمان کاتدا ناتوانێ ببێتە نوێنەری هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا، هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی خاوەن ئەزموون و خاوەن پێگەی سیاسی و کۆمەلایەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دا، لە بەشێک لە بەرنامە و ئامانجەکانی خۆی بۆ یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو دا و لە فەسڵی پێنجەم دا (پرنسیپ و ئەرکە گرینگەکانی کۆماری کوردستان) و لە ماددەی هەژدەهەم دا:

***یەکسانیی ژن و پیاو دا ئاماژە بەو خاڵانەی خوارەوە دەکا و بە پشت بەستن بە باوەری یەکسانی خاڵەکان ڕوون دەکاتەوە:***

١- حکوومەتی کۆماری کوردستان بە لەبەر چاوگرتنی بەندەکانی پەیمانی نێونەتەوەیی بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە هەلاواردنێک بە دژی ژنان، دابینکردنی یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە نێو خێزان و لە کۆمەڵ دا، و لە مەیدانی کار و دەسەلات و بە گشتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و ئابووریدا، بە ئەرکێکی گرینگی خۆی دادەنێ و بەرنامەی چڕوپڕ لەو پەیوەندییەدا دادەڕێژێ و بەڕێوەی دەبا.

٢- کەڵک وەرگرتن لە میکانیزمەکانی تەبعیزی موسبەت وەک سیستەمی کۆتا لە هەڵبژاردنی پارلەمانی دا و دیاریکردنی ڕێژەیەکی گونجاو لە پۆستە بەڕیوەبەرییەکان بۆ ژنان یەکێک لە ڕێگاکانی گەیشتن بەو ئامانجە دەبێ.

ئاماژە کردن بەو خاڵانە بۆ ئەوەیە کە ژنی کورد و ژنانی دانیشتووی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەتوانن بە پشت بەستن بەو خاڵانە، زیاتر لە بیری یەکسانیخوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان نزیک ببنەوە و هاوکات هەوڵ بۆ درووست کردنی ڕێکخراوەی مەدەنی و کاری هەروەزی بدەن و خۆیان لەگەڵ ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ڕێکبخەن و هەموو هەوڵەکان لە تاکەوە ببنە هەوڵی گشتی و بە لێک نزیکبوونە دەتوانین کاریگەری زیاترمان لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان و ڕەوتی مێژوو هەبێ.

لە کۆتایی دا هیوادارام کە هەموو ژنانی جیهان بە گشتی و ژنانی کوردستان بە تایبەتی بە ماف و ویستەکانی خۆیان بگەن و بە درووست کردنی کۆمەڵگایەکی یەکسان پێش بە هەموو نابەرابەری و نا عەداڵەتییەکانی

دیکتاتۆران و دەسەڵاتدارانی خۆسەپێن بگیرێ.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٩٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٨

## بۆ حوسێن حەسەنزادە (پێری لە شار و دوێنێ لە شاخ و ئەمڕۆش لە تاراوگە هەر بە یەکەوەین)



دونیای منداڵی بۆ هەموومان پڕە لە بیرەوەری و یادوارەی خۆش و ناخۆش، پڕە لە یەکتر ناسین و بە یەکەوە بوون، پڕە لە کایە و یاری و هەڵبەز دابەزین و هەڵات هەڵات، پڕە لە خەونی کەسک و سەوز و پڕە لە هیوا و ئاوات و ئارەزوو.

هیچ لەوە خۆشتر نییە کە بە منداڵی هاورێ و هاوکایە و هاوپۆل و هاودەنگی زیرەک و چوست و چالاکت هەبێ، ئەو دەورانە بۆ هەموومان بۆتە بیرەوەری و هەنووکەش کە گەورە بووین و بۆ خۆمان منداڵمان هەن، ئارەزووی منداڵ بوونەوە دەکەین و یادی بیرەوەرییەکانی سەردەمی مێرمنداڵی خۆمان دەکەینەوە.

لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە لەگەڵ حوسێن حەسەنزادە یەکتر دەناسین، ئەگەرچی لە تەمەن دا دوو ساڵ لە حوسێن

بە تەمەنتر بووم بەڵام لە تەمەنی ١٢ ساڵیەوە بە تەواوی وەک دوو مێرمنداڵ لە نزیکەوە لە ڕێگای باشگای وەرزشی و یاری خلیسکە و یارییە کوردەوارییەکانی دیکە کە لە شارەکەمان سەردەشت بەڕیوەدەچوون، یەکتر دەناسین و تا ڕادەیەکی زۆر لە هەڵس و کەوتی یەکتر شارەزا بووین و یەکترمان خۆش ویستووە و دواتریش بووینە هاورێ. بە خۆشیەوە زیاتر لە ٣٨ ساڵ دەبێ بە بێ ئەوەی هیچ گرێ و گۆڵێک لە نێوانمان دا هەبێ بە یەکەوە وەکوو دوو برا لە زۆربەی قۆناخە خۆش و ناخۆشەکانی دوای ڕاپەرینی شۆڕشی گەلانی ئێران بە یەکەوە بووین و هەنووکەش وەکوو دوو یار و هاورێی لێکدانەبڕاو لە خەم و خۆشی و شادییەکانی یەکتردا بەشدارین، پێرێ لە شار و دوێنێ لە شاخ و ئەمرۆش لە تاراوگە هەر بە یەکەوەین.

حوسێن حەسەنزادە ناسراو بە حوسێن سەردەشتی ٢٣ ی مانگی ٣ ی ٢٠١٨ دەبێتە ٥٠ ساڵ و ئەوەش دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی ئەو چەند دێرەی لە سەر بنووسم، هاورێی لە برا شیرینتر هەزارجار پیرۆز بێ و لە ئامیزت دەگرم و بەو هیوایە مۆمی ١٠٠ ساڵی دابگیرسێنی.

ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی لەگەڵ حوسێن بە یەکەوە لە سەردەشت چەند بیرەوەرییەکی خۆشمان هەم لە قوتابخانەی شەوانە و هەمیش لە کاتی لێخورینی ماتورسیکلێت و یارییەکانی دیکە دا هەیە و زۆرجار کە لە لای یەک دەبین وەردیان دەدەینەوە. ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی کاک حوسێن ڕێگای پیرۆزی پێشمەرگایەتی گرتە بەر و دواتریش من و کاک یوسف ڕەحمانی بە یەکەوە ڕێگای خەباتمان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەڵبژارد و لەگەڵ یەکەم ڕۆژی پێشمەرگایەتیدا جارێکی دیکە لەگەڵ کاک حوسێن حەسەنزادە کە لە حیزبدا بە حوسێن سەردەشتی نێوبانگی دەرکردبوو، یەکترمان گرتەوە، هەر لەو ڕۆژەوە لەگەڵ کاک حوسێن بووینەوە هاورێ و ئەوجار بە یەکەوە شەو و ڕۆژەکانی نێو شۆڕشمان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا تێپەر کردن.

کاک حوسێن ئەگەرچی بە تەمەن لە خۆم بچووکتر بوو، بەڵام کورێکی بە ئەزموون، خاوەن ڕەوانگەی تایبەت بە خۆی بوو، پێشمەرگەیەکی بە نەزم و دیسپلین، خوێن شیرین و لەبەردڵان بوو، بە یەکەوە لە دەستەی شەهید خالید مەهابادی لە لکی یەک سازمان درابووین، هەمیشە بە یەکەوە بووین، چاوم لە دەست و تفەنگ و بوێری کاک حوسێن بوو، کورێکی مەند و لەسەرەخۆ، هێمن و ڕاوەستاو و بە هەیبەت بوو، لە بەرامبەر نەیارانی دا چیایەکی راوەستاو بوو، لە کاتی شەڕ و بەربەرەکانی دا کورێکی هەڵمەتبەر و سەنگەرشکێن بوو، پارتیزان و جەنگاوەرێکی لێزان بوو، چاونەترس و بوێر و خۆراگر بوو، لەوانەش گرینگتر بە نەزم و ئەخلاق بوو، ئەخلاقی

شۆڕشگێری و خەڵکی بوونەکەی جوانترین سیمای حوسێنی هەردەم پێشمەرگە بوو، حوسێن کوڕی ڕۆژی تەنگانە و پێشمەرگەی هەموو وەرزەکانی ساڵ بوو، ڕەخت و تفەنگی حوسێن لە نێو پێشمەرگەکان دا جوان و ڕازاوە بوو، هەموو سیفاتێکی باشی پێشمەرگایەتی لە پەیکەری گەنجانەی حوسێن دا دیار بوو، لە سەریەک بۆ زۆرێک لە ئێمەمانان حوسێن مەزهەری جوانی و تیژرەوی و ماندوویینەناسی بوو. لە یەک ڕەستەدا مرۆڤێک لە جنسی ئاو و خاک ، مرۆڤێک نیانتر لە هەور و نەچەماوەتر لە پۆڵا بوو.

حوسێن لە ماوەی پێشمەرگایەتی دا لە شەڕە بە ناوبانگەکانی ناوچەی ڕەبەت و بانە و مەهاباد و بۆکان و سەقز و چەندین شەڕی ناوچەی سەردەشت و لە دەیان عەمەلیاتی گەورە و بچووکی ناوچەی ڕەبەت و گرتنی چەندین مۆڵگەدا بەشداری چالاکانەی کردووە و دەستی بە زۆربەی عەمەلیاتەکانەوە دیار بووە، کاک حوسێن سێ جار لە بەرەکانی شەڕدا بە توندی بریندار بووە، هەموو جارێک دوای سارێژ بوونەوەی بە پەلە و جاری واشبووە هەر بە برینەوە خۆی گەیاندۆتەوە ریزی پێشەوەی پێشمەرگەکان و لە جەولەکان دا بە دڵەوە بەشداری کردووە، ئێستاش ئەگەر چاو لە جەستەی حوسێن دەکەی چەندین شوێنی گولە و پریشکی خۆمپارەی بە لەشی‌یەوە دیارە و هەموو جارێکیش بە سەخاوەتەوە باس لە برینەکانی دەکا و دەڵێی هیچ کات بریندار نەبووە، بوێری و سەخاوەتی حوسێن لە پێشمەرگایەتی دا بۆ لێ فێربوون دەبێ.

لە ماوەی زیاتر لە ١٤ ساڵ پێشمەرگایەتی دا و ٣٥ ساڵ ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا حوسێن گەلێک قۆناخی سەخت و دژواری بە تایبەت لە ماوەی ١٤ ساڵ پێشمەرگایەتی دا تێپەر کردوون، گەرما و سەرمای کوێستانەکان، ڕۆیشتنی چەندین کاتژمێری لە ژێر لێزمەی باران و شڵێوەی بەفر و تەرزەدا، بێخەوی و مانەوە لە شوێنی ئاستەم و مەترسیدار دا، خۆ حەشاردان و چاوەروان مانەوە لە باخەکانی دەرەوەی شاری سەردەشت، باسکەدوو، قاوەخانەی خاڵ هەباس، باغی، شیواشان، بێزیلێ و شینوێی جێگای دڵداران و بێ ئیمکاناتی و نەبوونی لە پێشمەرگایەتی دا، پەرینەوە لە چۆم و ڕووباری خوڕێن و برینی بە دەیان لووتکە و چیای سەر بەتەمی وەکی قەندیل، مۆڵی چووک و گەورە، چەکوچ و سادر و مامەندە، بولفەت و دووپەزە، هۆمل و پیرەفات، لانک و گیارەنگ و جەنگی، فێرەگ و گۆڕمووسا، خاڵەباد و قوتکی کاکەڕەش، مەیدان ئەستەر و پانەسەر و دووسەر، برایم جەلال و گەردەنەی زمزیران، کیکی و کانی شیلان، کانی بەرخ و کانی کەچک و جنیبان، مەیدان چۆغە و کەپری، تەرخان و بەردە زەرد، مناڵە و تەرەغە، مەیدانان و کەلیخان، سوورکێو و گاکڕ و بە دەیان لووتکە و تەپۆلکە و کانی و سەرئاو و دەشت و پێدەشتەکانی ئەو ناوچانە بە هیممەت و لێبراوی خۆی بڕیوە و

ئارەقەی لێ ڕشتوون.

لە زۆربەی ئەو شوێن و بەرزایانە شەڕی دەستەویەخەی کردووە، چۆڕاوکەی خوێنی هاوڕێی شەهید و برینداری لە کاتی گوازتنەوە دا بە پشت و بەرۆکی دا هاتۆتە خوار، لە سەر تەرمی شەهید ئەژنۆی خەمی لە باوەش گرتووە و لە کاتی برینداری و زامداری هاورێی پێشمەرگەدا لە تەنیشتی ماوەتەوە و وەرەی بە پێشمەرگەی زامدار بەخشیوە، بەڵام هیچ یەک لەوانە نە برینداری و نە شەهید بوونی هاورێیان و نە شەڕ و لە کەمین کەوتن چۆکیان بە حوسێن دانەداوە و بەڵکوو، هەموو جارێک بە ورە و ئیمان و بەڵێنی نوێوە گەراوەتەوە سەفی یەکەمی هێرش و بەربەرەکانی.

کاک حوسێن چەندین دەورەی تایبەتی لە حیزبدا دیتوون، دەورەی سەرەتایی فێرگە، دەورەی کادری سیاسی، دەورەی فەرماندەیی و چەک و چۆڵی قورس، دەورەی کادر عالی و هەروەها لە چەندین بواریشدا دەرسی بە پێشمەرگەی هێز و کۆمیتە شارستان گوتوتەوە، لە کۆمیتە شارستانی ڕەبەت، بانە و سەردەشت دا خزمەتی کردووە، چەندین جار وەک ئەندامی کۆمیتە شارستان هەڵبژێردراوە و بۆتە ئەندامی هەئیەتی ئیجرایی، وەک کادری لک و کادری سیاسی و بەرپرسی تیمی تەشکیلاتی لە کۆمیتە شارستانەکانی ڕەبەت و بانە و سەردەشت دا خزمەتی بەرچاوی کردووە، کادرێکی خۆشناو و جێی متمانە و باوەری حیزب بووە و هەموو کات بە دڵەوە خزمەتی بە حیزبەکەی کردووە.

بە دەیان بیرەوەری خۆش و ناخۆشمان بە یەکەوە لە کاتی جەولەکان دا هەیە، بە یەکەوە سەرمان لە سەر ڕەختی تفەنگ داناوە و چاومان لە ئەستێرەکانی ئاسمانەوە بڕیوە، جلوبەرگ و کەوش و کەل و پەلەکانمان ئی یەکتر بوون، گیرفان و بوون و نەبوونمان یەک بوو، لە کۆمیتە شارستانی ڕەبەت و سەردەشت، لە هێزەکانی زمزیران و گیارەنگ دا، لە بنکەی تەقەمەنی گشتی سەر بە سکرتاریا لە دەفتەری سیاسی دا بە یەکەوە خزمەتمان کردووە، ئەوەندە لێک نزیک بووین کە هەموو کەس پێیان وابوو دوو برای دایک و باوکین و لە زۆربەی کاتەکان دا دوو کەسی لێک دانەبراو بووین، بۆ زۆربەی جەولە مەترسیدارەکان بە یەکەوە بووین، لە ژێر دار و دەوەنە چغورەکانی ناوچە، لە نێو گرە بەرد و هەڵۆڵە شاخ و ئەشکەوتدا، لە لووتکەی چیا و لە پێدەشتەکان دا، لە سەر خەرمان و مووچە و مەزرای خەڵکدا، لە تەنیشت کانی و ئەستێرە ئاو و باخەکان دا، لە کادێن و ژێرخانی ماڵەکان دا، لە دیواخان و ماڵە خۆشەکانی سەردەشت و گوندەکانی دەوربەردا، لە تاریکایی ئەنگوستە چاوی شەودا، لە نەخۆشی و

ساخی و برینداری دا، له سەنگەر و له کاتی هێرش دا، له زەماوەندی یەکتر و له کاتی کەوتن و هەستانەوه و زامداری دا هەر به یەکەوه بووین.

زۆربەی کاتەکان له مەقەر و بنکەدا به یەکەوه بووین، هەست و بیر و هزرمان هەر بۆ خەبات کردن بوو، ئەوەی بیرمان لێ نەدەکردەوه گیان و سەروەت و سامان بوو، له زۆربەی کاتەکان دا حوسێن گوڵی نێو مەجلیسی پێشمەرگەکان بوو، قسەخۆش، دەم به خەندە، ساف و بێگەرد و دڵپاک و لەوانەش گرینگتر هەموو لایەکی خۆشدەویستن و به گشتی هەموو لایەکیش حوسێنیان خۆشدەویست.

به هۆی قارەمانەتییەوه، سەرپەل و سەرلکەکان له کاتی سازماندەیی دا هەوڵیان دەدا له پەل و لکی خۆیان دا سازمانی بدەن، به هۆی وریایی و شارەزاییەوه، کادری کۆمیتەکان هەوڵیان دەدا له کۆمیتە ناوچەکانی ئەوان دا خزمەت بکا و لەگەڵ ئەوان بێ، به کورتی حوسێن لەگەڵ هەر دەستە و تیمێک بایە ورە و ئیمانی به هەمووان دەبەخشێ، حوسێن چ ئەو کاتانەی بەرپرسایەتی گەورەی هەبوو، چ ئەو کاتانەی پێشمەرگەی سادە بوو، خۆی به سەر هیچ کەس دا فەرز نەکرد، کوڕێکی بێ ئیدیعا و بێ غەش بوو، چاوەروانی گەورەی نەبوو، جیا له هەبوونی تفەنگ و ڕەخت و قومقومە و کۆڵەپشتی چاک و چەند کتێب و پەرتووکێک نەبێ، کۆڵە پشتییەکەی دەفتەرێکی بچووکی بیرەوەری و چەند بابۆڵە نان و چەند کولۆ قەند و مشتێ چای ئیشکی تێدا بوو، هەموو کات ئەوەی له کۆڵەپشتی حوسێن دابوو، دەبوو به ئی ئەو تیمەی که به یەکەوه هاو خەرج و هاومزڵ دەبوون و به سەخاوەتەوه لەگەڵی بەش دەکردین، ئەوەی بۆ حوسێن گرینگ بوو به یەکەوه حاوانەوه و به یەکەوه بوون بوو، گیرفانی لەگەڵ پێشمەرگەکان بەش دەکرد، هەر کات له سەردەشتەوه دیاری بۆ دەهات، دیارییەکانی له پەل و دەستەدا دابەش دەکرد، له سەفەر که دەهاتەوه دیاری پێشمەرگانەی بۆ دەستە و پەل دەهێنا و زۆرجار خەمی له هەمووان دەخوارد و له شادی و خەمی هەموو لایەک دا بەشدار بوو.

کاک حوسێن دوای هاتنە دەری و گیرسانەوەی له تاراوگە و له وڵاتی دانمارک جارێکی دیکە خەمی له بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان خواردووه و زۆر لێبڕاوانە وەک ئەندامێکی چالاکی حیزب خزمەت به گەل و نیشتمان دەکا و چەند دەورە وەک ئەندامی کۆمیتەی دانمارک و هەروەها بەرپرسی کۆمیتەی گشتی حدک له وڵاتی دانمارک خزمەتی کردووه و ئێستاش له کەسە دیارەکانی حیزبە له دەرەوەی وڵات و به تایبەت وڵاتی دانمارک.

لە سەرێک حوسێن کادر و فەرماندە و پێشمەرگەیەکی جێکەوتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، دوژمن حیسابی تایبەتی لە سەر دەکرد، بە دەیان جار دایک و باوکی ڕەحمەتی بە هۆی چالاکی و هەڵسووڕانی بێ سنووری حوسێن لە لایەن ئیتلاعاتی سوپاوە ڕەپێچەکی زیندان کراون و زۆرجاریش بە زۆرە ملی ڕەوانەی باشووری کوردستانیان کردوون بۆ ئەوەی حوسێن لە کار و ئەرکی پێشمەرگایەتی دڵسارد بکەنەوە. بە خۆشیەوە ڕەحمەتی مام برایم باوکی کاک حوسێن هەموو جارێک دەیگووت خۆزگە هەمیشە ئاوا دەرم بکەن، بە بێ ترس دێم و حوسێن و حەمەڕەسووڵ و پێشمەرگەکان لە ئامیز دەگرم، بەردەوام دەیگووت: کوڕی من، کوڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و تا تین و هێز و گوڕی هەبێ هەر دەبێ پێشمەرگەی دێموکرات و ئاو و خاکی نیشتمان بێ و بەوە دڵخۆشم کە هەمیشە بە یەکەوەن و بۆ یەکتر دەژین و بۆ یەکتر دەمرن.

ناکرێ باسی حوسێن بکەی ئاوڕێک لە هاوسەری ژیانی، نیشتمان خان و منداڵەکان نەدەیەوە، دوای پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی حوسێن لەگەڵ خاتوو نیشتمان کە ئامۆزای خۆی بوو، حوسێن دەبوو زیاتر بە ماڵ و منداڵەکانی ڕابگا، بەڵام حوسێن هەمان کوڕی جاران بوو، لە یەکەم مانگەکانی دوای زەماوەندی دا، حوسێن وێرای هەموومان پێ نایەوە ناوچە و لە جەولەکان دا بەشداری دەکردەوە، دوای ئەوەی کە منداڵیشیان پەیدا بوو، کاک حوسێن هەروا بەردەوام ئەرکەکانی خۆی بە جێ دەگەیاندن و منداڵەکانی لە لای هاوسەری ژیانی نیشتمان خان بە جێ دەهێشتن، بە خۆشیەوە خاتوو نیشتمان، وێرای ئەوە کە ئەرکی ماڵەوەشی بە جێ دەگەیاند، هاوکات جێگای حوسێنی وەک باوک بۆ منداڵەکان گرتبۆوە و ماڵە خنجیلانەکەی ماڵی هەموو کادر و پێشمەرگەکان بوو، لە سەرێک ماڵیان وەک بنکەیەک بوو بۆ هەموومان و زۆرجار ئەندامانی نێوخۆش ئەگەر ڕێیان لە باشووری کوردستان کەوتبا ئەوە ماڵی ئەوان دەبوو بە شوێنی حاوانەوەی نەهێنی ئەو ئەندامانە و ئەوەش نیشانی دەدا کە نیشتمان خان چەندە لە خەمی حوسێن و شۆڕش و حیزبی دێموکراتی کوردستان دابووە و هەیە، سوپاس بۆ نیشتمان خان.

لە کۆتایی دا وسێن گیان لە قسوری و کەم و کوری بابەتەکەم و کولی پێنووسەکەم ببوورە، وەک هەمیشە قەرزداری گەورەیی و لوتف و مەرحەمەتەکانی تۆی خۆشەویستم، ئەوەندەمان بە یەکەوە بیرەوەری هەن کە نازانم کامیان وەک بیرەوەری بنووسم، کامیان بکەمە نووسینێک کە هەوێنی هەموو بە یەکەوە بوونمان بێ، نازانم باسی خەندە و پێکەنینەکانت، باسی هەستان و دانیشتنەکانت، یاری و کایە جۆراوجۆرەکانت، گێرانەوەی بە سەرهات و لێدوانەکانت، باسی تیژڕەوی و خۆراگرییەکانت، بوێری و چاونەترسی و جەولەکانت و زۆر شتی دیکە کەو ەک فیلم لە بەرچاوم دێن و دەچن بکەم، بەڵام ئەوە دەزانم کە هەموو ئەوانەی نووسیوومن بە باوەڕەوە نووسیوومن و

ئەوانەش قەترەیەکن لە دەریایی بێ سنووری خزمەتە بەرچاوەکانی تۆی خۆشەویست و هیوادارم کە بتوانم لە داهاتوودا لەگەڵ چەند هاورێیەک لە کاتی درووست کردنی بەرنامەی ژیان و خەبات دا ئەگەر مەرگ مەودا بدات بە وردتر لە سەر ژیانی پڕ سەروەری تۆی خۆشەویست بدوێین.

جارێکی دیکە جێژنی لە دایکبوون و تەمەنی ٥٠ ساڵەت لێ پیرۆز بێ.

هاورێی ڕۆژە سەختەکان و تاراوگە و شارم، لە ئامێزت دەگرم و هەزارجار شانازی بە برایەتی و هاورێیەتی و بوونتەوە دەکەم و بمبوورە ئەگەر لە ڕۆژانێک دا بۆ چرکە ساتێکیش وام کرد بێ کە تۆ دڵگران بووبی. هەر سەربەرز و سەرکەوتوو بی وسین گیان!!

*ئێمە گیانێکین لە دوو جەستە دا*
*وەک شێعر و ئاواز لە یەک بەستەدا.*

حەمەرەسووڵ کەریمی

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٨




سڵاو و ڕێز بۆ بنەماڵەی بەرێز خۆشەویست هاوڕێ حەمەڕەسووڵ کەریمی




***کاتێک بە چاوی دڵ لە دەشتێکی بێ ئاو و قاقڕ و ئیشکارۆدا دەڕوانی، تەپۆلکەیەک بە هەندێک داری سەوزی ئەرخەوانی و بە چەند ئاڵا و ئارمی حیزبەوە سرنجت ڕادەکێشێ. ئەوانەی پێشتر ئەو شوێنەیان دیتوە زۆر باش لە بیریانە کە ئەو تەپۆلکەیەش هەروەک دەشتەکانی دەوروبەری زەرد و کەم ئاو و ئیشکارۆ بووە.***

***دوای ئەوە حیزبی دێموکرات لەم شوێنە بنکە و بارەگاکانی خۆی درووست کردن، دەبوو شوێنێکیش بۆ حەسانەوەی ئەو خۆشەویستانەی گیانیان لە پێناو ئازادی دا پێشکەش بە بارەگای گەل دەکەن دیاری بکەن. بێشک ئەم تەپۆلکەیە وەک بە نرخترین شوێن لە مێژووی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان دا کە ئامیزی بۆ ڕۆڵەکانی خۆی کردۆتەوە، بۆ هەتا هەتایە بە سەربەرزی دەمێنێتەوە.***

***کاتێک دەڕوانیە ئەو مەزارگە پیرۆزە، ئەو کات گەورەیی یەکە یەکەی ئەو کەسانەی گیانی خۆیان بەختی ئازادی و سەرفەرازی گەلەکەیان کردووە، باشتر بۆ دەردەکەوێ. ئەم گۆڕستانە لە منداڵی بچووکەوە تا مرۆڤی خۆنەویست و بە تەمەنی لەخۆ گرتووە، قەبرەکان و کێلەکان نیشان دەدەن کە ئەم شوێنە پیرۆزە، ژن و کچان و دایکانی دێموکرات، کوڕ و پیاوان و باوکانی بە ئەمەگی دڵ پڕ لە ئازادی، گەورە مامۆستایانی پێشڕەو و پێشەنگ و ئەندام و کادر و پێشمەرگە و ڕێبەرانی ئەم شۆڕشە خوێناویەی گەلەکەمانی لە حیزبی دێموکرات دا لە ئامێزی خۆیدا کۆکردۆتەوە و بە نەسیمی بای بەیانیان و ئێواران، ئاڵای شۆڕش و ئاڵای کوردستان لە سەر باڵای بە قەد چناری ئەو شەهیدانە دەشەکێتەوە.***

***حەمەڕەسووڵ کەریمی***

---

***ڕێکەوت: خاکەلێوەی ٢٧١٨ی کوردی - ئەپریلی ٢٠١٨ی زایینی***